# سەمەرقەند



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

ئەمین مەعلووف

# سەمەرقەند

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: ئەحمەدی مەلا



ناوی کتێب: سەمەرقەند - ڕۆمان
دانانی: ئەمین مەعلووف
وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. ئەحمەدی مەلا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٦١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، لوتفی عەبدولفەتاح
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

ouvrage publié avec le concours de centre
national du livre
samarcande, amin maalouf: traduit du françai
en kurde par Ahmed mala

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا

لە قوولایی ئەتلەنتیکدا کتێبێک هەیە، وا چیرۆکی ئەو کتێبەتان بۆ دەگێڕمەوە.
ڕەنگبێ کۆتاییەکەی پێبزانن، ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە باسیان لێوە کرد، بوونە بابەتی چەندین کتێبیش: کاتێ کە تیتانیک لە شەوی ١٤ لەسەر ١٥ی بانەمەڕی ساڵی ١٩١٢ لەناو ئاوی جیهانی نوێدا نوقم بوو، بەبایەخترین قوربانی کتێبێک بوو، دانسقەیەک لە چوارینەکانی عومەر خەیامی حەکیم و شاعیر و ئەستێرەناسی فارسی بوو.
کەم باسی ئەم نوقمبوونە دەکەم. خەڵکی دی بەکێشی دۆلار باسی ئەم کارەساتەیان کردووە و بەرێکوپێکیش ئامارەی تەرم و دوا قسەیان کردووە کە لە زاری قوربانییەکانەوە هاتبێتە دەرێ. ئەرێ ئەوە من نەبووم، واتە بنیامین ئۆ. لاساژ کە لە ئاسیای زێدییەوە ڕەگ هەڵکێشی کرد؟ لەناو یەکێ لە جانتاکانم نەبوو کە لە تیتانیک بارکران؟ کێ لە ڕەوتی هەزار ساڵەی خۆی پەکی خست، جگە لە فیز و لووتبەرزی ئەم سەدەیی ئێمە نەبێ؟
هەر لەوکاتەوە، جیهان گەوزایە ناو خوێن و تاریکییەوە و ئیتر ژیان قەد بەڕووما پێنەکەنی. وای پێویست کرد کە خۆم لە ئینسان دوورەپەرێز بگرم و تەنها گوێ بۆ یادگاری شل بکەم و نەوازشی هیوایەکی ساویلکەش بکەم، پێشبینییەکی وڕکن: سبەی دەیدۆزنەوە. لەناو سنووقێکی زێڕینی مەحکەم پارێزراو، هەروەکو خۆی لە ئاو دەردەکەوێ و بەسەلامەتی لە تاریکی ئۆقیانووس ڕزگاری دەبێت و چارەنووسی بەئۆدیسایەکی نوێ زەنگین دەبێت. ئیتر ئەنگووستەکان دەتوانن پەڕەکانی هەڵدەنەوە، بیکەنەوە و، خۆیان نغرۆکەنە نێوی؛ لەم پەراوێزەوە بۆ ئەو پەراوێز، چاوانی وریا دوای چیرۆکی بەسەرهاتەکەیا دەکەون و شاعیرەکەی دەدۆزنەوە و



چاویان بەهەوەڵێن بەیت و هەوەڵێن مەستبوون و هەوەڵێن موچڕک دەکەوێت. هەروەها تایەفەی حەشاشەکانیش. پاشان هەڵوێستەیەک دەکەن ئەوەی کە لەپێش چاویان دەیبینن بڕوای پێ ناکەن، تابلۆیەکە ڕەنگی لم و زومەڕەدی هەیە.
نە مێژووی پێوەیە نە ئیمزا، تەنها ئەم وشانە نەبێت، گەرموگوڕ یا لە ئەندێشە قوتاربوو: سەمەرقەند، هەرە جوانترین سیما کە هەرگیز لەوەو پێش گۆی زەمین بەهەتاوی نەناساندووە.

# شاعیران و عاشقان

## I

هەندێ جار لە سەمەرقەند، ئێواران، دوای ڕۆژێکی سست و خەمۆکی، هاوولاتیانی دەسبەتاڵ دێن و لەو بن بەستە دەخولێنەوە کە دەکەوێتە نێوان دوو مەیخانەوە کە لە نزیک بازاڕی بیبەر دایە، نەک بۆ ئەوەی بێن و تامی شەرابی میسکیی سۆغدیان بکەن، بەڵکو سەرنجی هاموشۆکەران بدەن و یا گێچەڵ لەگەڵ چەند مەستێک بنێنەوە. ئەو کات کابرای تووشبوو بەعەردا ڕادەکێشن و جوێنیش وەکو باران دەبارێتە سەری و حەواڵەی دۆزەخێکی دەکەن تا دونیا ماوە ئاگرەکەی ڕەنگی ئاڵی شەرابی هەڵخەڵەتێنەری بخاتەوە یاد.

ئا لە نێو ڕووداوی وادا کەشکۆڵی چوارینەکانی عومەر خەیام لە هاوینی ١٠٧٢دا لە دایک دەبێ. عومەر خەیام تەمەنی بیست و چوار ساڵە و دەمێکیش نییە لە سەمەرقەندە. ئەو ئێوارەیە ڕوو دەکاتە مەیخانەکە، یا ڕێککەوتی پیاسە دەیگەیەنێتە ئەو شوێنە؟ بست بەبست بەسەرکردنەوەی شارێکی نوێ لەززەتێکی تەڕ و پاراوی هەیە، چاوان دەکەونە سەر هەزارەها شوێنی دەست پێکەوتووی ئەو ڕۆژەی کە بەرەو تەواوبوون دەچێ: شەقامی کێڵگەی ڕێواس، مێردمنداڵێک تێی دەتەقێنێ، پێخواس لەناوەند شەقامە بەردڕێژەکە، سێوێکی لە عارەبانەکان دزیوە و توند گوشیوێتیە خۆیەوە؛ بازاڕی چەرچەف، لە ناوەوەی دوکانێکی بەرز، لەژێر گەرچکێک یاری زارهەڵدانە، دوو زار هەڵدراوە، جوێنێک، پێکەنینێکی تاساو؛ دینگەی دوکانی گوریس فرۆشان، بارگیرسوارێک لەتەنیشت حەوزێک ڕادەوەستێت، ئاوی فێنک ڕۆ دەکاتە نێو هەردوو لەپییەوە، پاشان دەچەمێتەوە، لچولێو دەرپەڕیو، هەر بەوە دەچێت کە تەوێڵی منداڵێکی نوستوو ماچ بکات؛ تێر ئاو دەخواتەوە، هەردوو ناولەپی تەڕی



دەساوێتە دەموچاوی، بەبن لێوەوە سوپاسێک دەکات، شووتییەکی ناو هەڵکۆڵراو هەڵدەگرێ و پڕی لە ئاو دەکات و بۆ بارگیرەکەی درێژی دەکات بۆ ئەوەی ئەویش ئاو بخواتەوە.

لە مەیدانی بازرگانانی دووکەڵ، ژنێکی سکپڕ تووشی خەیام دێت. پەچەکەی هەڵداوەتەوە، تەمەنی پانزە ساڵ دەبێ و نابێ. بێ ورتە، بێ بزەی لێوە منداڵکارەکەی، چنگێ بادەمی برژاوی تازە کراو دەخاتە چنگییەوە. ئەم کارە هاتوچۆکەران تووشی حەپەسان ناکات، ئەمە لە سەمەرقەند نەریتێکی کۆنە: کاتێک کە ژنێکی سکپڕ چاوی بەپیاوێکی غەریب دەکەوێ و دەچێتە دڵییەوە، دەبێ جورئەتی ئەوە بکات کە خواردنەکەی لەگەڵی دابەش بکات، ئیتر ئەو منداڵەی کە دەیبێ وەکو پیاوی غەریب قۆز دەردەچێت، هەمان قەد و باڵای دەبێت و خەتوخاڵیشی ڕێک بە هی نەجیبزادان دەکات.

عومەر لەسەرخۆ و بەشانازییەوە بادەمەکان دەجاوێ تا ژنەکەشی لە پێش چاو ون دەبێت هەر تەماشای دەکات.

کاتێک جاڕدەرێک دەگاتە تەنیشتی و داوای لێدەکات کە پێ هەڵگرێ. هەر خێرا خۆی لەناو حەشاماتێکی تێکەڵوپێکەڵ دەدۆزێتەوە. پیرەمێردێکی ئەندام درێژکۆڵە تەنها هەر هێسکوپلووسکی پێوە ماوە، لەسەر عەردەکە ڕاکشاوە، سەرقۆت، قژە سپی و پەرتوبڵاو و کەللەسەرێکی قاوەیی ڕەنگ؛ لەبەر ترس و تووڕەیی و هاوارەکەی بووەتە هەنسکدانێکی درێژ. بەچاو لەو کەسە دەپاڕێتەوە کە دەگاتە بەردەمی.

لە دەوری ئەم بەدبەختەش، بیست سی کەس، ڕیش داچەقاو و کوتەک ئامادەی تۆڵە و کەمێ دوورتریش، هەڵقەیەک لە تەماشاکەرانی دڵخۆش وەستاون. یەکێ لەوان، لە ڕوخساری تووش خەجاڵەت هاتووی خەیام ورد دەبێتەوە و بەزمانێک لەگەڵی دەدوێ کە پڕی لە نیایییە: «هیچ نییە، ئەمە جابیرە درێژە!» عومەر ڕادەچڵەکێ، موچڕکێکی شەرم تاکو گەرووی سەر دەکەوێ، دەکەوێتە چرپە: «جابیر، یاوەرەکەی ئەبوعەلی!»

ئەبوعەلی، نازناوێکی وا باو. بەڵام کاتێک کە خوێنەوارێک، جا چ لە

بوخارا بێت، یا لە قورتوبە، یا لە بەڵخ، یا ئەوەتا لە بەغدا بێت و ئا بەو ئیعتبار بۆ دانانە و ئاشنایەتییەوە لەفزی ئەم ناوە بکات، ئەوە ئەو کات هیچ هەڵەیەک قبوول ناکات: مەبەست لە ئەبوعەلی کوڕی سینایە، لە ڕۆژئاواش بەئەڤیسێن دەناسرێتەوە. عومەر نەیبینیبوو، یانزە ساڵ دوای کۆچی دوایی ئەو لە دایک ببوو، بەڵام زۆر بەتەبجیلەوە دەیڕوانییە ئەو مامۆستایەی کە لە سەرووی هەموو ئەو وەچەیەوە دایدەنێ، بەهەڵگری هەموو زانستی دەزانێ و هەروەها بەمورشیدێکی ئایینیشی دادەنێ.

خەیام جارێکی دیکەش دەکەوێتەوە چرپەچرپ: «جابیر، موریدە هەرە بەدڵەکەی ئەبوعەلی!». ئەگەر بێت و ئەمە یەکەمین جار بێت کە چاوی پێی بکەوێ، بەڵام شت نییە لە مەڕ چارەنووسی کڵۆڵی و نموونەیی ئەو پیاوەوە نەیزانێ. بەنیسبەت ئیبن سیناوە، هەر ئەویشە کە بتوانێ بەردەوامیی بداتە زانستی پزیشکسازی و میتافیزیکەکەی ئەو، زۆر بەئیعجابیشەوە گوێی لە ئەنجەتە پتەوەکانی ڕادەگرت و تەنها ڕەخنەشی لێ بگرتبایە، تەنها هەر ئەوەند بوو کە دەیگوت جابیر زۆر بەدەنگی بەرز و توندوتیژییەوە تەعبیر لە بیرکردنەوەکانی دەکات. ئەم دزێوییە وای لە جابیر کرد چەند جارێک بئاخنرێتە کونی بەندیخانە و چەند جارێکیش لەبەردەم جەماوەر فەلاقە بکرێت و دوافەلاقەش ئەوەی مەیدانە گەورەکەی سەمەرقەند بوو کە لە پێش چاوی هەموو خزم و ناسیاوەکانی سەد و پەنج قامچییان لێدا، قامچییەکەش لە ماسوولکەی گولک دروست کرابوو. ئەم شکستییەی قەد لەبیر نەکرد. دەبێ لە چ ساتەوەختێکدا بووبێت کە لە بوێرییەوە خلیسکابێتە نێو ئەم گومڕاییییەوە؟ بێگومان دوای مردنی ژنەکەی. دوا بەدوای ئەم مردنە ئیتر دەبینرا سیپاڵ لەبەر و عەوداڵ، لە ڕێیشتندا بەلادا دەهات و هاوار دەکا و کفر و جوێن هەڵدەڕێژێ. بەپێکەنین و چەپڵەلێدانەوە ڕەوە منداڵ و توواڵ دوای دەکەوتن و بەردی تیژیان تێ دەگرت و برینداریان دەکرد و پڕ چاوانیشی ئەسرین دەبوو.

وێڕای تەماشاکردنی ئەم دیمەنە، عومەر داڵغە و خەیاڵ دەیباتەوە: «ئەگەر ئاگاداری خۆم نەبم ڕۆژێک دادێ منیش وەکو ئەم سیپاڵەم لێ دێت». ترسی ڕاستەقینەی لە مەستبوون نییە، ئەوە دەزانی کە هەرگیز دەسبەرداری



نابێت، شەراب و ئەو، فێری ئەوە بوونە ڕێز لە یەکتر بگرن، هەرگیز یەکیان ئەوی تر نادا بەعەردا. ئەوەی ئەو سڵی لێ دەکاتەوە، ئەو حەشاماتەیە کە دیواری ڕێزلێهێنانی تیادا دەڕووخێنێ. بەدیمەنی ئەم پیاوە کەوتووە هەست دەکات کە هەڕەشە لەو دەکرێت، غەزوو دەکرێت، دەیەوێ ئاوڕداتەوە و دوورکەوێتەوە. بەڵام ئەوەش دەزانێ کە ناکرێ هاوڕێی ئیبن سیناش بۆ ئەو حەشاماتە بەجێ بهێڵێ. سێ هەنگاوی هێواش دەنێت، ڕێک، ئینسانی توندیش دەهێنێتە جۆش و بەدەنگێکی پتەو وێڕای جووڵەی دەسەڵات ئامێز، وتی:

– واز لەم کڵۆڵە بهێنن!

سەرکردەی گرووپەکە کە بەسەر جابیردا چەماوەوە قیت دەبێتەوە، لەبەردەم ئەم ناوبژیکەرە ڕەق ڕادەوەستێت. شوێن برینێکی قووڵ هەر لە گوێچکەی ڕاستییەوە تا چەناگەی کە بەناو ڕیشیا هاتبوو؛ ئا بەو لایە قوپاوە بەرەو لای خەیام وەردەچەرخێ و، هەروەکو ئەوەی حوکم دەرکات دەکەوێتە قسە:

– ئەم زەلامە مەستە، کافرە، فەیلەسووفە!

دوا وشەکەی بەجۆرێ فیشکاند هەر بەنەعلەت لێکردن دەچوو.

– فەیلەسووفێک چییە، ئێمە لە سەمەرقەند قبوولی نەکەین!

فسکەفسکی ڕازیبوون لەناو حەشامات بەرز بووەوە. بۆ ئەو حەشاماتە سیغەی فەیلەسووف کەسێک دەگرێتەوە کە زیاد لە پێویست خۆیان بەزانستە دونیەوییەکانی یۆنانەوە خەریک دەکەن، بەشێوەیەکی گشتیش ئەو زانستانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی ئایین و ئەدەبیاتن. سەرەڕای ئەوەی عومەر خەیام لاوە. بەڵام فەیلەسووفێکی ناودارە و نێچیرێکی چەورترە لەو جابیرە لەڕولاوازە.

بەدڵخۆشییەوە، دەموچاو شەقبووەکە عومەری نەناسی، چونکە پشتی لەو بوو و جارێکی دیش نووشتابووەوە سەر پیرەمێردەکە، پیرەمێردی دەم لە گۆ چوو، پرچی دەگرێت، دوو سێ جاران سەری ڕادەوەشێنێ، وەکو ئەوەی بیەوێ بیکێشێتەوە نزیک دیوارەکەیا و پاشان لەپڕێکدا بەرەڵای

دەکات. هەرچەندە دڵرەق بوو، بەڵام پێدەچوو زاڵ بێت بەسەر کردەوەکانی و، پێشی دەچوو سەرەڕای ئەوەی بڕیاری دابوو کە جابیر بەرەو هەلاکەت بەرێ، بەڵکو بگاتە ئاستی پیاوکوشتنیش. خەیام ئەم کاتەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بچێتە ناوبژییەوە.

– واز لەم پیرەمێردە بهێنە، ئەم بێوەپیاوە و نەخۆشە و دێوانەیە، ئەی نابینی توانای ئەوەشی نییە کە لێوی بجووڵێنێتەوە؟

سەرکردەی گرووپەکە لەپڕێکدا بەرزدەبێتەوە و بەرەوڕووی خەیام دەچێت، پەنجەی بۆ درێژ دەکات تاکو بەتەواوی نووکی پەنجەی لە ڕیشی نزیک دەبێتەوە:

– وای پێ دەچێ باش بیناسی، ئەی خۆت کێی؟ خەڵکی سەمەرقەند نیت! کەسێک نییە لەم شارە بتناسێت!

عومەر دەستی ئەوی تر بەهێواشییەوە لا دەدات. بۆ ئەوەی دەمیان لەیەک سپی نەبێتەوە و نەبێتە ئەنجەتی دەمەقاڵەی نێوانیان. پیاوەکە هەنگاوێک دەکشێتەوە، بەڵام سوورە:

– غەریب، ناوت چییە؟

خەیام دوودڵە لە وەڵامدانەوە و لە هەلێک دەگەڕێت، چاوانی بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕێ و پەڵەهەورێک دەبینێ مانگەکە دادەپۆشێ. بێدەنگییەک، هەناسەدانێک. لەنێو ڕامان خۆ فەرامۆش بکەی و یەک بەیەک ناوی ئەستێرەکان ببەی و لە حەشامات دوورکەویتەوە.

حەشامات دەورەی داوە و چەند دەستێکیشی بەری دەکەوێ و خۆی دەگرێ.

– ناوم عومەرە، کوڕی برایمی نیشاپوورییم. ئەی تۆ، تۆ کێی؟

پرسیارێکی شێکلییە و بەس، ئەگینا پیاوەکە نیازی نییە وەڵامی بداتەوە. ئەو لە شاری خۆیەتی و، هەر ئەویشە دەبێ پرسیار بکات. درەنگتر، عومەر نازناوی ئەو کابرایە دەزانێ و بەقوتابییە دەموچاو شەقبووەکە دەناسرێتەوە. کوتەک بەدەست و ئیستیشهادێ لەسەر زار، سبەینێ سەمەرقەند دەهێنێتە لەرزە. تا ئێستا کاریگەری و تاسیری ئەو



کۆمەڵە لاوانە کە دەوریان داوە بڕ ناکات، زۆر بەسەرنجەوە تەماشای جووڵە و گوێ بۆ قسەکانی ڕادەهێڵن. لەپڕێکدا لە چاوانییەوە پزیسکێ دەزێ. ئاوڕێک لە هاوڕێکانی دەداتەوە. پاشان بەسیمایەکی سەرکەوتووانەوە سەیری حەشامات دەکات و دەقیژێنێ:

– توخوا ئاخر چۆن دەبێ عومەر نەناسمەوە، عومەری کوڕی برایمی نیشاپووری؟ عومەر، ئەستێرەی هەموو خوراسان، بلیمەتی هەموو وڵاتی فارس و هەردوو دیوی عێراق و میری هەموو فەیلەسوفان!

بەرەو پێشەوە، بەتەواوی دەچەمێتەوە و پەنجەکانی هەردوو دەستیشی لە ئاستی مێزەرەکەی فڕەفڕیانە و بەم جۆرە سەرنجی هەموو ئەو وێڵ و عەودالانە ڕادەکێشێ کە لەو دەورە کۆبوونەوە و هەموو دەدەنە قاقای پێکەنین.

– ئاخر چۆن دەبێت خاوەنی ئەم چوارینەیە نەناسمەوە کە پڕی لە تەقوا و خواناسییە:

هاتیت و گۆزەت شکاندم خودا
ڕێی لەزەتت لێگرتم خودا
لەسەر ئەم خاکە شەرابت ڕشتم
لێم ببوورە، ئەرێ تۆ مەست نیت خودا؟

خەیام گوێی گرتووە و ڕاڕا و تووڕە. ئەم ئیسارە نانەوەیە ڕێ بۆ تاوانێک خۆش دەکات. بەبێ ئەوەی وەخت لە کیس بدات، بەدەنگێکی بەرز و ڕوون وەڵام دەداتەوە و بۆ ئەوەی کەسێک نەمێنێ لەناو حەشاماتەکە بەهەڵخەڵەتاوی بمێنێتەوە:

– ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە گوێم لەم چوارینە بێت، هەی غەریب. بەڵام گوێ لەم چوارینەیە بگرە کە ئەمەیان خۆم نووسیومە:

هەر هیچ، هیچ نازانن و نایانەوێ هیچیش بزانن
دەبینی چۆن ئەم جاهیلانە سەروەری دونیا دەکەن
ئەگەریش یەکێ نەبیت لێیان بەکافرت دادەنێن
ملی ڕێگای خۆت بگرە خەیام، دە وازیان لێ بهێنە

بێگومان عومەر بەهەڵەداچوو کاتێک کە هێمایەکی قێزلێهاتنەوەی ئاڕاستەی نەیارەکانی خۆی کرد لەو کاتەی کە لەفزی «دەبینی چۆن»ی کرد. دەست درێژ دەکرێت و کراسەکەی دەگرن و خەریکە بیدڕن. هاوسەنگی تێکدەچێ. پشتی بەئەژنۆیەک دەکەوێ، پاشان دەکەوێتە سەر کاشییەک. لەژێر پێی حەشامات پلیشایەوە، ورە بەرنادات و تەلاش دەدات، گوێ بەوە نادات کە جلوبەرگەکەی زیواڵ زیواڵ دەبن و تەنها تیتۆل بەلەشیوە بمینێ، خۆی تەسلیمی حاڵەتی لە هۆش خۆچوونی قوربانییەکی تێکشکێنراو دەکات، هەست بەهیچ ناکات، گوێی لە هیچ نابێت و خۆی لە ناوخۆی گرمۆڵە داوە، شورەی ڕووتوقووت و دەروازەی داخراو.

لەوەش ڕادەمێنێ کە دە چەک لەدەست دێن و ڕێ لەو قوربانییە دەگرن. لەسەر کڵاوە لبادییەکەیانیش نیشانەیەکی سەوزی کاڵ کە «ئەحداث»ی لەسەر نووسراوە، واتە جەندرمەی شاری سەمەرقەندن. کاتێک کە دەیانبینن، شەڕکەران لە خەیام دوور دەکەونەوە؛ بەڵام بۆ ئەوەی ئەنجەت بۆ ئەم هەڵوێستەیان بدۆزنەوە، دەستیان بەهاوارکرد و حەشاماتەکەیان بەشایەد دادەنا:

– سیمیاناسە! سیمیاناسە!

بۆ حوکمڕانان، فەیلەسووفبوون تاوان نییە، بەڵکو ئەوەی کە مومارەسەی سیمیا دەکات، سزای مەرگی دەبێت.

– سیمیاناسە! ئەم بێگانەیە سیمیاناسە!

سەرۆکی دەورییەکە نەیویست زیاتری لەسەر بڕوات.

– ئەگەر بێت و ئەم کابرایە لە هەقیقەتدا سیمیاناس بێت، ئەوە سەرۆکی قازییان، مەبەست لە ئەبوتایەرە کە توانای ئەوەی هەیە کە ئەم مەسەلەیە بگرێتە دەست.

ئا لەم کاتەدا، کەس جابیرە درێژی لەبیر نەمابوو. بەخشە بەرەو نزیکترین مەیخانە خۆی دزییەوە و پەیمانی بەخۆی دا کە ئیتر هەڵوێستی وا سەرچڵانە لە دەرەوە نەکات. عومەر بەبێ یارمەتی کەسێک توانای ئەوەی دەبێ هەڵسێتەوە سەرپێ. ڕێک و ڕاست دەڕوات، بەبێدەنگ؛



هەیبەتی وەکو عەبایەکی شەرم جلوبەرگە هەلاهەلاکەی و ڕوخسارە لە خوێن گەوزاوەکەی دەشارێتەوە. لە پێشەوەش، جەندرمەکان مەشخەڵ لە دەست، ڕێگا دەکەنەوە. دوا بەدوایانەوە، نەیاران و حەشاماتی دەسبەتاڵ.

عومەر نە سەیریان دەکات، نە گوێی لێیانە. بۆ ئەو جادە چۆڵوهۆڵە، زەمینیش بەبێ چرپە، ئاسمانیش بەبێ هەور و سەمەرقەندیش جێیەکە بۆ خەونبینین، تەنها هەریەک دوو ڕۆژیشە لێرەیە.

دوای سێ هەفتە و بەبێ هیچ پشوودانێک گەیشتە سەمەرقەند، هەروەکو چۆن ڕێبوارانی زەمانی زوو پێشنیاریان کردبوو، هەروا دەقاودەقیش شوێن پێیانی هەڵگرت. لە ئامۆژگارییەکانیاندا وتبوویان، سەرکەوە سەر هەیوانی کوهاندیز، کە لەسەر قەڵا کۆنەکەیە، بەفەراحی چاو گڕ دە، تەنها هەر ئاو و سەوزایی دەبینی، مێرغوزار و سەروو دەبینی لە شێوەی گۆلک و فیل و وشتری زل و پڵنگیش لە کاتی هەڵپەدانن کە بڵیمەتترین دەستی باخچەوان قەڵەمی کردوون. ڕاستە، لە ناوەوەی شوورەکان، لە دەروازەکەی دێرەکەوە، بەدەستی ڕۆژئاوا تا دەروازەکەی چین، عومەر تەنها چاوی بەباخچەی چڕ و جۆگەلەی وریا دەکەوت. پاشان، لەملاو ئەولا منارەیەکی بەخشتی سوورەوەکراو بەحەوایا بەرز دەبووەوە و سپێتی دیواری کەپریشی بەرچاو دەکەوت. لە گوێی دەریاچەیەکیش، کە بەشۆڕەبی دەور درابوو، ژنێکی ڕووت قژی دابووە بەر بایەکی سووتێنەر.

ئایا ئەمە دیمەنی بەهەشت نییە کە لە نیگارەکانی هونەرمەندێکی نەناسراو ناچێت، کە دواتر بەیازی چوارینەکانی خەیامی پێ دەڕازاندرایەوە؟ ئایا هەر هەمان دیمەن نین کە عومەر لە خەیاڵیا بوو، کە کاتێک بەرەو گەڕەکی ئەسفیزاری دەبەن کە جێی ئیقامەتی ئەبوتایەر بوو، مەبەست لە قازی قوزاتی سەمەرقەندە؟ بێوچان ئەمەشی لەبەرخۆی دەوتەوە: «قەد قینم لەم شارە نابێتەوە. با ئەو ژنەی دەم گۆلەکەش سەرابێ بێ. با واقیعیش تەنها ڕوخساری شەقبووی قووتابییەکەی هەبێت. با ئەم شەوە فێنکەش دوا شەوم بێت».

## II

بەهۆی ڕووناکی شەمدانە دوورەکانی دیوەخانە فراوانەکەی قازی، پێستی خەیام ڕەنگی عاجی وەردەگرت. هەر کە هاتە ژوورەوە، دوو پاسەوانی کامڵ، لەولا و ئەولا، پیلیان گرت، بەوە دەچوو کە زیندانییەکی ترسناک بێت. ئا بەم شێوەیە، لە نزیک دەرگاکە چاوەڕوانی دەکرد.

لە ژووری دیوەخانەکەش، قازی هەستی بەبوونی نەکرد، خەریکی چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی دیکەیە، لەگەڵ شکاتکار قسە دەکات و حەق دەداتە یەکیان و ئەنجەتی ئەوی تریان ڕەت دەکاتەوە. پێدەچێ دەمەقاڵەی کۆنی نێوان دوو هاوسێ بێت، کینەی کۆنە و بووژاوەتەوە و بۆتە قیلوقال لەنێوانیاندا. ئەبوتایەر تەواو هەستی بەجاڕسبوون کرد، فرمانی دایە سەرۆکی هەردوو خێزان، کە هەر ئێستا و لەبەردەمیا یەکتر لە باوەش بگرن و ئاشت ببنەوە، وەک ئەوەی کە هیچ ناکۆکییەک لەنێوانیاندا ڕووی نەدابێ. یەکیان هەنگاوێک هاتە پێشەوە، ئەوی تریشیان، چوارشانەیەکی تەوێڵ تەنگ، دوڕدونگ. تا هێزی تیایە قازی دەکێشێتە بناگوێیا و هەموو دانیشتوان دەهێنێتە لەرزە. چوارشانەکە قەدەرێک لەو پیاوە خڕە ورد دەبێتەوە، تووڕە و ڕاڕا، دەبوو دەنگ هەڵبڕێ بۆ ئەوەی دەنگەکەی ببیسترێ و پاشان سەر شۆڕ دەکات و ناولەپ دەساوێتە سەر ڕوومەت و ملی بۆ ئەمری واقیع شۆڕ دەکات.

دوای ڕوخسەتیان دەداتێ، ئەبوتایەر بەئیشارەت بەجەندرمەکان دەڵێ نزیک ببنەوە. ئەوانیش بەسەرهاتەکە دەگێڕنەوە و وەڵامی چەند پرسیارێک دەدەنەوە، بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن شەرحی ئەوە بۆ قازی بکەن، بۆچی بواریان داوە کە کۆمەڵی وا لەناو بازاڕدا دروست بێت. پاشان نۆرەی دەموچاو شەقبووەکەیە پاکانە بۆ خۆی دەکات. لەبەردەم قازی دەچەمێتەوە، پێدەچێ ماوەیەکی زۆر بێت بیناسێ و دەست بەمەنۆلۆگێکی گەرموگوڕ بکات. ئەبوتایەریش زۆر بەوردی گوێی بۆ ڕاگرتووە و بەبێ ئەوەی پەی بەهەستی بەرن. پاشان، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی گونجاو بیر دەکاتەوە و ئەمر دەردەکات:



– بەو خەڵکە بڵێن با بڵاوەی لێ بکەن. با هەر کەسەی کورتترین ڕێگا بگرێ و بگەڕێتەوە ماڵی خۆی و ڕووی دەمی دەکاتە نەیاران – ئێوەش هەر هەموو بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان! تا سبەینێ هیچ بڕیارێک دەرناکرێ. تاوانبار ئەمشەو لێرە دەمێنێتەوە و پاسەوانەکانم پاسەوانی دەکەن و کەسی دیکە نا.

دەموچاو شەقبووەکە سەری لەوە سوڕما کەوا بەخێرایی ڕوخسەتیان دایێ، سەرەتا نارەزایی لەسەر ڕوخساری دەخوێندرێتەوە پاشان پەشیمان دەبێتەوە. بەئاگادارییەوە، چمکی کراسەکەی هەڵدەگرێ و بەنووشتاوییەوە دەکشێتەوە.

کاتێک عومەر دەبینێ بەرامبەری، تەنها شایەدیش پیاوانی جێی متمانە و بڕوای خۆیەتی و ئەبوتایەر ئەم ڕستە تەلیسماوییەی بەخێرهاتنە دەڵێ:

– شەرەفە بۆ من ئا لەم شوێنەدا، پێشوازی لە عومەر خەیامی نیشاپووری بکەم.

قازی نە گەرموگوڕە نە قۆشمەئامێزە. هیچ دیاردەیەکی ئینفعالاتی بەسەر ڕووەوە نییە. بەنەبرەیەکی بێلایەنەوە، دەنگێکی یەک ئاست، مێزەرێکی لالەیی، برژانگ تێکەڵاو، ڕیشێکی ماش و برنج و سمێڵ تاشراو، خاوەن ڕوانینێکی پڕ لە سەرنجی بێ ژمارە.

ئەم پێشوازییە مولتەبیسە بەقەد ئەوەی کەوا بۆ سەعاتێک دەچێ عومەر بەو جلە شڕوپڕەیەوە ڕاوەستاوە، تەماشا دەکرێت و فسکەفسک دەکرێت و لەبن لێوەوەش پێی پێدەکەنرێت.

دوای چەند دەقەیەک کە زۆر ژیرانە هەڵبژێررا، ئەبوتایەر هەڵدەداتەوە:

– تۆ کابرایەکی نەناسراو نیت لە سەمەرقەند. سەرەڕای ئەوەی کە لاوی، زانیارت نموونەیین و بەسەرهاتەکانت لە قوتابخانەکاندا باس دەکرێن. ئەوە ڕاست نییە کە لە ئیسفەهاندا حەوت جاران کتێبێکی گەورەی ئیبن سینات خوێندۆتەوە و کە گەڕاویتەوە نیشاپووریش حەرف بەحەرف هەموویت لەبەر وتۆتەوە؟

کاتێ گوێی لەم بەسەرهاتە ڕاستەی دەبێ، خەیام هەست بەشانازی دەکات، بەڵام دوودڵییەکەی هێشتا نەڕەویوەتەوە. ناوهێنانی ئیبن سینا لە دەمی قازییەکی سەر بەمەزهەبی شافیعی جێی دڵنیایی نییە؛ لەلایەکی تریشەوە، تاکو ئێستا فەرمووی دانیشتنی لێ نەکراوە. ئەبوتایەر درێژە بەقسەکەی دەدات:

– تەنها بەسەرهات و ڕیوایەت نین کە دەماودەم دەگێڕدرێنەوە، چوارینەی سەیر و عەجایبیشت دەدرێتە پاڵ.

قسەکان پێوروان، کەس تاونبار ناکەن و پاکانەش بۆ کەس ناکەن، تەنها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پرسیار دەکەن. عومەر وای لێکدایەوە کە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم بێ دەنگییە بقرتێنێ:

– ئەو چوارینەیەی کە ئەو دەموچاو شەقبووە وتی، ئەوە هی من نییە.

بەپشتی دەست، قازی ئەم ناڕەزاییـیە ڕەت دەکاتەوە. بۆ یەکەمین جارە کە نەبرەکەی توندوتیژە:

– چ گرینگییەکی هەیە کە ئەم چوارینەیە هی تۆ بێت و ئەوی دیکەشیان هی تۆ نەبێت. قسەی ناڕەوا و کفری وایان پێ ڕاگەیاندووم کە هەر بەوتنەوەی بەقەدەر ئەوەی کە نووسیوێتێ هەست بەگوناە دەکەم. هەوڵی ئەوە نادەم کە ئیعتیراف بکەی، هەوڵی ئەوەش نادەم کە سزات دەرهەق دەربچێت. تاوانبار کردنت بەسیمیاناس، وشەن لەم گوێیەوە دەچنە ژوورەوە و لەو گوێیەوە دەردەچن. ئێمە تەنهاین، ئێمە هەردووک دوو ئەهلی مەعریفەین، من دەمەوێ لە حەقیقەت بگەم.

عومەر هەست بەدڵنیایی ناکات و لەوە دەترسێ کە فاقی بۆ بنێنەوە و دوودڵە لە وەڵامدانەوە. خۆی دەبینێ چۆن جەلادەکەی تێکی دەشکێنێ و دەیخەسێنێ و لە خاچ دەدرێ. ئەبوتایەر دەنگی بەرزدەکاتەوە و وەک بڵێی هاوار دەکات:

– عومەر، کوڕی براهیمی چادرچی ئیسفەهان، دەتوانێ برادەرێک بناسێتەوە؟

لەم ڕستەیەی کە لەهجەیەکی سەریحی هەبوو، وەکو قامچی خەیامی



دادەپڵۆسی. «ناسینەوەی برادەرێک؟» وای بۆ دەچێ کە پرسیارەکەی قازی جێی مەترسییە و لە ڕووی قازی ورد دەبێتەوە، سەرنجی درزی لێوی دەدات، لە لەرینەوەی ڕیشی. وردە وردە سیقە پەیدا دەکات. ڕوخساری خاو دەبێتەوە. قازی ئیشارەتێک دەکات و پاسەوانەکان بەری دەدەن و بەبێ ئەوەی داوای ئەوەی لێ کرابێت کە دابنیشێت، دەچێت دادەنیشێت. قازی بزەیەکی سادە دەیگرێ، بەڵام هەر یەکسەر دەست بەپرسیار دەکاتەوە:

– ئایا تۆ ئەو کافرەی کە خەڵکی باست دەکات؟

ئەمە لە پرسیارێک زیاترە، بەڵکو هاواری تەنگانەیەکە کە شکست بەخەیام نادات:

– دوودڵم لە جۆشوخرۆش و کەفوکوڵی خواپەرستان، بەڵام هەرگیز یەکم بەدوو نەزانیوە.

– قەد بیرت لێی کردۆتەوە؟

– هەرگیز، خودا شایەدە.

– ئەمە بۆ من بەسە بڕوا دەکەم بۆ کردەگاریش ئەمە بەس بێت. بەڵام نەک بۆ عەوام. لە قسەکانت دەپشکنن، لە وردترین جووڵەت ورد دەبنەوە، هەروەها لە هی منیش، بەڵکو لە هی میرانیش. قەد گوێت لەم قسەیە نەبووە کە دەڵێ: «هەندێ جار دەچمە مزگەوت، چونکە سێبەری چاکی لێیە بۆ خەوتن».

– تەنها ئینسانێک دەتوانێ لەبەر سێبەری مزگەوتاندا چاوی بچێتە خەو کە لەگەڵ خودای خۆیدا لە ئاشتیدا بێت.

سەرەڕای لچ خوارکردنە پڕ گومانەکەی ئەبوتایەر، عومەر گڕ دەیگرێ و گران دەفرۆشێ:

– من لەو کەسانە نیم کە ئیمان و باوەڕی، تەنها توندوتیژیی حوکمدان بێت، من لەو کەسانە نیم کە نوێژکردنەکانی، تەنها پشت چەمانەوە بێت و بەس. شێوەی نوێژکردنی من؟ لە گوڵێک ورد دەبمەوە، ئەستێران دەژمێرم، سەرم سوڕدەمێنێ لە جوانیی مەخلوق، لە کەمالی نیزامەکەی، لە ئینسان ورد دەبمەوە کە جوانترین شاکاری خودایە، لە مێشکی ورد دەبمەوە کە

تینووی مەعریفەتە، لە دڵی ورد دەبمەوە کە تینووی عیشق و خۆشەویستییە، لە هەستی، لە هەموو هەستەکانی ورد دەبمەوە چ وریا یا پڕ.

چاوانی ڕاماو، قازی هەڵدەستێ و دەچێت لە تەنیشتی خەیامەوە دادەنیشێ و دەستێکی باوکانە دەخاتە سەر شانی. پاسەوانەکان لەنێوان خۆیانا بەواق وڕماوییەوە تەماشای یەکتر دەکەن.

– گوێ بگرە ئەی هاوڕێی لاو، خودای تەعالا بەهاترین دیاری داوتەتێ کە بدرێتە بەنی ئادەم، زیرەکیی، هونەری قسەکردن و تەندروستی، جوانیی، ئارەزووی شت فێربوون، لەزەتبردن لە وجوود، ئیعجابت بۆ ئینسان و، گومانیش دەکەم کە تا لە ئاخ و هەناسەی ژیانیش تێدەگەی. هیوادارم کە خودا لە حیکمەتیش بێ بەشی نەکردبێتیت، حیکمەتی بێ دەنگبوون کە بەبێ ئەو ناکرێت ئەوانی دی بپارێزرێت و نرخی بەهایان بزانرێت.

– ئایا دەبێ چاوەڕوانی پیریی بکەم بۆ ئەوەی بتوانم تەعبیر لە بیرکردنەوەکانم بکەم؟

– تاکو ئەو ڕۆژەی کە تۆ بتوانی تەعبیر لەو هەموو شتانە بکەیت کە بیری لێ دەکەیتەوە، ئەوە دەبێ وەچەکانی دوای وەچەکانت هەموو پیر بووبێتن. ئێمە لە سەردەمێکی نهێنی و ترس دەژین، دەبێ تۆ دوو ڕوخسار شک بەریت، یەکێکیان نیشانی عەوامی بدەیت و ئەوی تریشیان نیشانی خۆت و خودای خۆتی بدەی. ئەگەر دەتەوێ چاوان و گوێ و زمانت بپارێزی، دەبێ ئەوە فەرامۆش بکەیت کە چاو و گوێ و زمانت هەن.

قازی بێدەنگ دەبێت، بێدەنگییەکەی هیشک، بێدەنگییەک نییە کە بانگەوازی وشەی دیکە بکەن، بەڵکو بێدەنگییەکە شکایەت دەکات و فەزا داگیر دەکات. عومەر چاوەڕوانە، تەماشای عەرد دەکات، چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە قازی ئەو وشانەی کە لەناو مێشکیا فشار دەخۆنەوە، هەڵبژێرێت.

بەڵام ئەبوتایەر بەقووڵیی هەناسە هەڵدەکێشێت و بەئاماژەیەک،



ئەمرێکی هیشک دەداتە پیاوەکانی. دەچنە دەرەوە. هەرکە دەرگاکەیان داخست، قازی بەرەو سووچێکی دیوەخانەکە دەڕوات، چمکی بەڕە هەڵواسراوەکە هەڵدەداتەوە، پاشان قەپاغی سنووقێکی شامی، لە دار دروستکراو دەردەهێنێ و کتێبێکی تیا دەردەهێنێ و بەشێوەیەکی زۆر ڕەسمی دەیداتە دەستی عومەرەوە. ڕاستە نەرم و نیان بووەوە و زەردەخەنەیەکی باوکانەشی لەسەر لێوە.

بەڵام ئەم کتێبە، هەر هەمان ئەو کتێبەیە کە خۆم، بنیامین ئۆ، لە ساڵ کە ڕۆژێکیان دەستم بەریکەوت. بڕوا دەکەم بەدەست لێدان هەر هەمان هەستت دەبێ. چەرمێکی ئەستوور، زبر، بەرگەکەی لە شێوەی کلکی تاوس هەڵکۆڵرابوو، قەراغەکانی کاغەزی ناڕێکبوون، خورابوون. بەڵام کاتێ کە خەیام ئا لەو شەوە هاوینەی کە هەرگیز لە یاد ناچێت، کتێبەکە دەکاتەوە، تەنها بەرەو ڕووی دوو سەد و پەنجا و شەش لاپەڕەی بەتاڵ دەبێتەوە، نەشیعری تێدایە، نەنیگار، نەلێکدانەوەش لە حاشییەکانیدا هەبوون، نەنەخشاندرابووش.

بۆ ئەوەی ئینفیعالی خۆی بشارێتەوە، ئەبوتایەر نەبرەی فرۆشیارێکی وەرگرت:

– ئەمە کاغەزی چینییە، چاکترین کاغەزی بازاڕەکانی سەمەرقەندە. بەڕادانی خۆم، جوولەکەیەکی گەڕەکی ماتورید دروستی کردووە، ئەمە شێوەیەکی گەلێ ئەنتیکە، سەد لە سەد لە دارتووی سپی گرتراوەتەوە. دەستی لێدە، هەر دەڵێی ئاوریشمە.

دوای ئەوەی قورگی پاک دەکاتەوە، دەست بەشەرحکردن دەکات:

– برایەکی لە خۆ بە دە ساڵ گەورەترم هەبوو، کاتێ کە ئەمری خوای کرد تەمەنی تۆی هەبوو. لە بەڵخ شاربەدەر کرا، چونکە شیعرێکی نووسی بوو، حوکمدارانی ئەو سەردەمە بەدڵیان نەبوو. بەوە تاوانبار کرا کە ئەم شیعرە گەرای بیدعەی تێدایە، نازانم ئایا ڕاست بوو یا نەء، بەڵام قینم لە براکەم هەڵسا چونکە ژیانی خۆی لەبەر شیعرێک خستە مەترسییەوە، شیعرۆکەیەک بوو بەئاستەم لە چوارینەیەک درێژتر بوو.

لێوی تەتەڵە دەکات و دەتاسێ:

ئەم کتێبە هەڵگرە. هەر جارێک دێڕە شیعرێک لە زیهنتدا شیکل وەردەگرێت، بەبێ دوودڵیی هەڵیگرە و تاکو لەسەر ئەم لاپەڕە نهێنی پارێزانە دەینووسیتەوە. کاتێکیش دەیاننووسیتەوە، بیر لە ئەبوتایەر بکەوە.

بەم هێماکردن و بەم قسانە، ئایا قازی ئەوەی دەزانی کە یارمەتی لە دایکبوونی یەکێ لە نهێنییەکانی هەموو مێژووی ئەدەبیات خۆش دەکا؟ دەبوایە سەرتاپای مرۆڤایەتی هەشت سەدە چاوەڕوان بوایە بۆ ئەوەی چاویان بەنایابترین شیعری عومەر خەیام بکەوێت، هەشت سەدە چاوەڕوان بوایە بۆ ئەوەی چوارینەکانی بەرەسەنترین شیعری هەموو سەردەمەکان بچوێندرێت، پێش ئەوەی چارەنووسە سەیرەکەی کەشکۆڵی سەمەرقەندیش بدرکێندرێت؟



III

ئەو شەوە بێ سوود، عومەر دەیویست لە کۆشکەکە وەنەوزێک بدات، خانوویەک بوو لەسەر گردێکی ڕووتەن دروست کرابوو کە کەوتبووە ناوەند باخچە و باغاتەکەی ئەبوتایەرەوە. لە نزیک ئەوەوە، لەسەر مێزێکی نزم، پەڕەمووچێک و مەرەکەبدانێک، چرایەکی کوژاوە و کتێبە سپیەکەشی لەسەر لاپەڕەی یەک کراوەتەوە.

بەیانی زوو، خەونێک: نۆکەرێکی شەنگ، لەسەر سینییەک گندۆرەی قاشکراوی بۆ دەهێنێ، جلوبەرگی نوێی و مەندیلێکی ئاوریشمی زەندانیش. پەیامێکیش هەر بەچرپە لەبن گوێی ڕاگەیەندرا:

– مامۆستا لە دوای نوێژی بەیان چاوەڕوانت دەکات.

دیوەخان سیخناخە، هەر لە سکاڵاکەر و سواڵکەر و حاشیە و ئاشنایان، بەکورتی میوانی لە هەموو تەرحێ تێدایە، یەکێ لەوانیش قوتابییە دەموچاو شەقبووەکەیە؛ بێگومان گوێی لە هەوڵەکە بووە و خێرا هاتووە. هەر کاتێک عومەر لە دەرگاکە دێتە ژوورەوە، دەنگی قازی ئاڕاستەی ئەو دەکرێ، تەماشاکردن و فسکە فسک:

– یاخوا ئیمام عومەری خەیام بەخێر بێت، کەسێک نییە لەمەڕ زانیاری حەدیسەوە شان لە شانی ئەو بدات و مەرجەعێکە کەس ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە و دەنگێکە کەس ناتوانێ بەرپەرچی بداتەوە.

یەک لە دوای یەک هەموو میوانەکان هەڵدەستنە سەر پێ و بەنەوازش دەچەمێنەوە و ستایشی دەکەن و لە شوێن خۆیان دادەنیشنەوە. لە پڕێکدا، عومەر چاوی بەدەموچاو شەقبووەکە دەکەوێ، پێدەچێ لە قوژبنێکدا وەختە بتاسێ، خۆی دالّدە داوە و بەلام ڕوو گرژییەک بەئاستەم گاڵتەجاڕی پێوە دیارە، لەسەر ڕوخساری دەخوێندرێتەوە.

بەشێوەیەکی گەلێ ڕەسمی، ئەبوتایەر داوا لە عومەر دەکات کە بێت و لەلای ڕاستی دانیشێ، بەم جۆرە وا دەکات ئەوانەی کە لە تەنیشتی دان، کەمێ بکشێنەوە. پاشان دەست دەکات بەقسە:

– مێوانه مەزنەکەمان دوێنێ ئێواره تووشی گێچەڵێک بووه. ئەوێک که له وڵاتی خوراسان و فارس و مازەندەراندا شەرەفمەنده، ئەوێک که هەموو شاران حەز دەکەن له خزمەتیدا بن و لەنێو شوورەکانی بیگرنه خۆ، ئەوێک هەموو میرانی دونیا حەز دەکەن ببێته میوانیان، دوێنێ ئێواره له شەقامەکانی سەمەرقەندا سەغڵەتیان کردووه!

دەنگی نارەزایی لەملاو ئەولا بەرز دەبێتەوه و پاشان دەبێته گاڵەگاڵ و، قازیش بوار دەدات که کەمێ پەرەبسێنێ تاکو بەپەنجه ئیشارەتێک دەکات و کپییەک و جارێکی دی هەڵدەداتەوه:

– لەمەش زیاتر، وەخت بوو لەناو شارا ببێته هەڵڵایەک. ببێته پاشەگەردانییەک، تەنها ڕۆژێک پێش هاتنی ناسر خان، حاکمی دڵسۆزمان، خۆری مەملەکەت؛ خوا یار بێت، قەوله هەر ئەم سەرلەبەیانییەوه بگاته بوخارا! ناتوانم بیر لەوه بکەمەوه، دەبوایه خۆمان له چ تەنگانەیەک ببینایەتەوه ئەگەر بهاتبایه حەشامات بڵاوەیان لێ نەکردبایه. ئەگینا با پێتان بڵێم، ئێستا دەبوایه چەندین سەر بەسەر چەندین ملەوه لار بوونایەتەوه!

وچانێک دەدات بۆ ئەوەی هەناسەیەک بدات، تاکو کاریگەری قسەکانی بڵاوبنەوه، بەتایبەت بۆ ئەوەی ترس ڕۆ بچنه قوژبنی دڵانەوه.

– زۆر بەدڵخۆشییەوه، یەکێ له قوتابییه کۆنەکانم لێرەیه و ئەو میوانه ئازیزەکەمانی ناسییەوه و ئەو هات و پێی ڕاگەیاندم.

بەپەنجه، ئیشارەت بۆ قوتابییه دەموچاو شەقبووەکه دەکات و داوای لێدەکات که هەڵستێ:

– ئەرێ چۆن ئیمام عومەرت ناسییەوه؟

له جیاتی وەڵام، چەند برگەیەکی بەسەر و جێی له دەمەوه هەڵوەری.

– بەرزتر! مامەپیره گوێی لێت نییه! قازی بەهاوارکردنەوه پەنجه بۆ ڕیش سپییەک درێژ دەکات که لەلای چەپییەوه دانیشتووه.

– میوانه خۆشەویستەکەمانم لەبەر ڕەوانی زمانی ناسییەوه، بەزەحمەت دەموچاو شەقبووەکه ئەم وشانەی له زار دەردەچێت، هەواڵی شناسنامەیم



کرد، پێش ئەوەی بیهێنمه خزمەت جەنابتان.

– زۆر چاکت کرد، ئەگەر بهاتبایه هەراوهەڵاکه پەرەی بسەندبایه، ئەوه خۆ خوێنیش دەڕژا. کەواته وەره و له تەنیشت میوانەکەمان دانیشه، تۆ موستەحەقی ئەمەی.

کاتێک که دەموچاو شەقبووەکه نزیک دەبێتەوه، هەست دەکرێت که بەنادڵییەوه ملکەچی خۆی نیشان دەدات و ئەبوتایەریش دەچرپێنێته بنا گوێی عومەرا:

– ئەگەر نەشبێته هاوڕێت، ئەوه جارێکی دی ناتوانێ لەناو بازاڕ شەڕت پێ بفرۆشێ.

بەدەنگی بەرز جارێکی دیکه دەکەوێتەوه قسه:

– دەتوانم هیوای ئەوه بخوازم که ئیتر خواجه عومەر، سەرەڕای گشت ئەو بەسەرهاتەی که تووشی هات، یادگاری گەلێ ناخۆشی لەمەڕ سەمەرقەندەوه بۆ نامێنێتەوه؟

– بەنیسبەت منەوه، ئەوەی دوێنێ ئێواره ڕووی دا، هەر هەمووم فەرامۆش کرد. کاتێکیش، له داهاتوودا، بیر لەم شاره دەکەمەوه، ئەوه بیر له وێنەی دیکه دەکەمەوه، بەتایبەت وێنەی پیاوێکی بلیمەت. مەبەستم ئەبوتایەر نییه. جوانترین ستایش که ئاراستەی قازییەک دەکرێ، پیاهەڵدانی خەسڵەته چاکەکانی نییه، بەڵکو تەماشای چاکیی ڕەعییەتەکەی دەبێ بکرێ. چونکه ئەو ڕۆژەی که پێم نایه ئەم خاکەوه، هێسترەکەم بەزەحمەت بەدوا قەدپاڵەکانا سەردەکەوت که بەرەو دەروازەی کیش دەچوو، منیش هەر هەنده پێم نابووه سەر زەوی، پیاوێکم تووش هات.

– «بەخێر بێیته ئەم شاره، کەسوکار و ناسیاوت هەن، پێی وتم؟

– نەخێر، وەڵامم دایەوه، هەر بەبێ وەستان، لەوه دەترسام که پیاوخراپ و قۆڵبڕێک بێت، هەر بەلایەن کەم سواڵکەرێ، فزوولییەک بێت. بەڵام پیاوەکه هاتەوه قسه:

– میوانی نەجیبزاده، لەم زۆر تەکلیفەم سڵ مەکەوه. ئەمه ئەمری

ماموستاکەمە، فرمانی ئەوە کە من لێرە بم، لە پێشوازی هەموو ڕێبواران بم کە ڕوودەکەنە ئەم شارە، بۆ ئەوەی میوانداری و خزمەتی پێشکەش بکەم.

«کابراکە پێدەچوو یەکێکی موتەوازیع بێت بەڵام جلوبەرگی خاوێنی لەبەرا بوو و هەروەها ئسلوبی ڕێزیشی ڕێزلێنانیشی دەزانی. دوای کەوتم. چەند هەنگاوێک دوورتر، منی بەدەروازەیەکی گەورەدا ڕەت کرد، بەدالآنی گومەتدار ڕەت بووین و گەیشتینە حەوشەی کاروانسەرایەک و لە ناوەند حەوشەکەش بیرێکی لێ بوو، خەڵک و وڵاغی لە دەورا بوو، بەدەوری حەوشەکەدا، دوو نهۆم، هەموو ژوور بوون بۆ میوانان. پیاوەکە پێی وتم»:

– تاکو ئارەزووت لێیە دەتوانی لێرە بمێنیتەوە، چ شەوێک، چ وەرزێک، ڕایەخ و خواردنت دەبێ، هەروەها ئەڵفیش بۆ هێسترەکەت.

«کاتێکیش پێم وت ئایا دەبێ کرێیەکەی چەند بێت، بەناحەزییەوە وەڵامی دامەوە».

– تۆ میوانی ماموستای.

– باشە ئەو خانەخۆیە بەخشندەیە لە کوێیە بچم سوپاسی بکەم؟

– ئەوە بۆ حەوت ساڵ دەچێ ماموستا ئەمری خوای کردووە و هەندێ پارەی بۆ بەجێهێشتووم و پێویستە لەسەرم کە هەر هەمووی بەسەر ئەو ڕێبوارانە خەرج بکەم کە ڕوو دەکەنە سەمەرقەند.

– باشە ناوی ماموستاکەت چییە، هەر بەلایەن کەم بەڵکو باسی چاکەکانی بکەم؟

– تەنها خوای تەعالا موستەحەقی ستایشە، سوپاسی ئەو بکە، ئەو دەزانی ئەم سوپاسە لە کوێیەوە دەگاتە ئەو.

ئا بەو جۆرە و، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک میوانی ئەو پیاوە بووم. دەردەچووم و دەگەڕامەوە، هەمیشە خواردن و چێشتی هەمەچەشنە و بەلەززەتی دانرابوو و لە خۆڵەمێش زیاتر بەتەنگی وڵاغەکەمەوە دەهاتن.

عومەر سەیری ئەوانەی کرد کە لەوێ بوون و لە کاردانەوەیەک دەگەڕا. بەڵام چیرۆکەکەی ئەو بەهیچ جۆرێ لێوێکی دەزواند و پرسیارێکی لەنێو چاوان نەبووژاندەوە. قازی هەستی بەڕاڕایی عومەر کرد و کەوتە



شەرحکردن بۆی:

– لە وڵاتی موسڵمانان‌دا، شارانی زۆر هەن کە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە میوان دۆست و خزمەتگوزارن، بەڵام هەر بەتەنها خەڵکی سەمەرقەند شایانی ئەم ناوونیشانەن. بەپێی زانیاری من، قەت نەبووە ڕێبوارێک لە بری نانخواردن و خەوتن، پارەی خەرج کردبێت، چەندین خێزان دەناسم کە خۆیان خستۆتە ژێر قەرز و قوڵەی زۆرەوە بۆ ئەوەی فریای ڕێبواران و موحتاجانەوە بچن. بەڵام، هەرگیزا و هەرگیز گوێت لێیان نابێت کە شانازی بەخۆیانەوە بکەن و یا فشەی بەسەرەوە بکەن. ئەو هەموو حەوزەی کە لە هەموو سووچێکی شارا چاوت پێی کەوت، هەمیشە لە ئاوی فێنک پڕ دەکرێت بۆ ئەوەی ڕێبواران تینووی خۆیانیان پێ بشکێنن، نزیکەی دوو هەزار حەوز هەن لەم شارە، یا لە کەرپووچ دروست کراون یا ئەوەتا لە فەخفووری دروست کراون و هەمووشی لەلایەن خەڵکی سەمەرقەندەوە دیاری کراون؛ تەنها کەسێکیش نادۆزیتەوە کە ناوی خۆی لەسەر کاشییەک هەڵکۆڵیبێ بۆ ئەوەی سەرنجی هیتران بۆ خۆی ڕابکێشێ؟

– ڕاستە، لە هیچ شوێنێکی دونیا خەڵکی وا بەخشندەم بەرچاو نەکەوتووە. ڕوخسەتی ئەوەم دەدەنێ کە پرسیارێک بکەم کە حەوانەوەی لەبەر بڕیوم؟

قازی دەکەوێتە قسە:

– دەزانم دەتەوێ لە بارەی چییەوە پرسیار بکەی: چۆن دەبێ ئەم خەڵکە فەزیلەتی میوانداری لە بەرزترین پلە دادەنێن و دەکرێ بەوەش تاوانباربکرێن کە توندوتیژییان دەرهەق بەڕێبوارێکی وەکو تۆ دەربڕیوە؟

– یا دەرهەق بەپیرەمێردێکی بەسەزمانی وەکو جابیرە درێژ؟

– من وەڵامت دەدەمەوە، ئەویش تەنها بەیەک وشە وەڵام دەدرێتەوە: ترس. هەموو کردەوەیەکی توندوتیژ بەچەی ترسە. ئیمانمان لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقە دراوە، لەلایەن کەراماتەکانی بەحرێنەوە، لەلایەن دوانزە ئیمامییەکانی قومەوە، خۆیان بۆ تۆڵە مەڵاس داوە، لەلایەن ئەو حەفتاودوو تایەفەوە، لەلایەن ڕۆمییەکانی قوستەنتینییەوە، لەلایەن

خوانەناسانی هەمـوو دونیـاوە، بەتایبـەت لەلایـەن حەوت ئیمامییەکانی میسرەوە کە یاوەرەکانی خزاونەتە ناو دڵی بەغداشەوە، بەڵکو گەیشتوونەتە شاری سەمەرقەند. قەد شارانی ئیسلامەتیت لەیاد نەچێت، مەبەست مەکە و مەدینە و ئیسفەهان و بەغدا و شام و بوخارا و مارڤە و قاهیرە و سەمەرقەندە: تەنها مێرگن، هەر کە فەرامۆشت کردن دەبنەوە بەبیابان. هەمیشە هەڕەشەی با و تۆزێکی لماوییان لەسەرە!

لە پەنجەرەکەی دەستی چەپەوە، قازی بەچاوی پسپۆرانە خۆری هەڵسەنگاند. خۆرهەڵات.

قازی وتی:

– کاتی ئەوەیە کە بچینە بەرەوپیری حوکمرانی خۆمان.

بەهەردوو ناولەپ تەپەیەک دەکات.

– با شتێکمان بۆ ڕێ ئامادە بکەن!

بووەتە خوو بۆی، قازی بۆ ڕێگا مێوژ لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ، ئەوانەی لە نزیکەوە دەیناسن، ئەوانیش لاسایی دەکەنەوە. بۆیە، سینییەکەی زلی مسینی بۆ دەهێنن، لەسەر سینییەکەش گردۆکەیەک لەو مێوژە سوورە خۆشەی لەسەرە، هەر کەسەی چەند چنگێک دەپەستێتە بەرکییەوە. کاتێکیش نۆرە دەگاتە قوتابییە دەموچاو شەقبووەکە، چنگێک هەڵدەگرێت ئاراستەی خەیامی دەکات و لەگەڵ ئەم وشانەش:

– دەزانم تۆ حەزت دەکرد کە ئەم مێوژانە ببوونایەتە شەراب و پێشکەشتم بکردبان.

هەرچەندە بەدەنگی زۆر بەرز قسەی نەدەکرد، بەڵام هەروەکو سیحرێ، هەموو ئەوانەی ئەوێ بێ دەنگبوون، نەفەسیان لە خۆیان بڕی، گوێیان قوڵاغ کرد، لە لێوی عومەر وردبوونەوە. ئەویش ئا ئەمەی وت:

– کاتێک شەراب دەخورێتەوە، زۆر بەوردی بیر لە ساقی و هاودەم و ئەهلی زەوق دەکرێتەوە.

دەنگی دەموچاو شەقبووەکە هەراشتر دەبێت:

– بەنیسبەت منەوە، یەک قەترەش ناخۆمەوە، دەمەوێ لە بەهەشت



شوێنێکم بۆ خۆ دەسگیر بێت. وا دیارە حەز ناکەیت پێکەوە بین.

– ئایا تەواوی دونیا دەبنە یاوەری زانا حەکیمەکان؟ نەخێر، سوپاس، خودا پەیمانی شتی دیکەی پێ داوین.

گفتوگۆ لێرە کۆتایی هات، قازی بانگی عومەری کرد و ئەویش پێی هەڵگرت بۆ ئەوەی بۆ لای بچێ.

– پێویستە وڵاغەکەت لە تەنیشتی ئەوەی منەوە بێت، بۆ ئەوەی ئینتیباعەکەی دوێنێ ئێوارە بەتەواوی لای خەڵکی شار بسڕێتەوە.

لەناو حەشاماتەکەی کە لە دەوری کۆشکەکەی قازی کۆبووبوونەوە، عومەر وای هەست کرد کە چاوی بەو کەسە دەکەوێ کە چنگێ بادەمی دایێ، خۆی لەبەر سێبەری دار هەرمێیەکە شاردۆتەوە. هێواشی کردەوە، بەچاو بەدویا دەگەڕا. بەڵام ئەبوتایەر ئەزیەتی دەدات:

– خێرا، مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێ چیت بەسەر دێت، ئەگەر بێت و خان پێش ئێمە بگاتە جێ.

## IV

– هەر لە بەرەبەیانی زەمانەوە، فالّچییان ئەوەیان ڕاگەیاندووە و بەدرۆش نەخراونەتەوە: چوار شار هەن لەژێر نیشانەی یاخیبووندا هاتوونەتە دونیاوە، سەمەرقەند و مەککە و شام و پالێرمە! ئەگەر بەزەبری هێز نەبووبێت، بەزەبری شمشێر نەبووبێت، قەد نەچوونەتە ژێر باری حوکمداران و مومکین نەبووە ڕێی ڕاستیان گرتبێ. بەزەبری شمشێر، پێغەمبەر فیز و لووتبەرزیی خەڵکی مەککەی شکاند، هەروەها دەبێ بەزەبری شمشێر فیز و لووتبەرزی خەڵکی سەمەرقەند بشکێنم!

گەورەی هەموو ئۆزبەگیستان، بەڕاوەستاوی بەرامبەر بەتەختەکەی[1] ئاماژە دەکات، تەختێکی زلی مسین، گوڵێنک و پەڕپەڕە بەملاو ئەولایەوە چۆڕەیان دێت؛ دەنگی ئاشنا و میوانەکانی هێناوەتە لەرزە، چاو گڕ دەدات، بۆ قوربانییەک، لەنێو ئامادەبووان دەگەڕێت، لە چرپەی لێوێک دەگەڕێت، لە تەماشاکردنێکی نابەدڵ، لە یەکێ دەگەڕێ غایەنەتییەکی کۆنی بخاتەوە یاد. بەڵام، هەر بەغەریزە، هەر کەسە و لە پشتی ئەوی تر خۆی حەشار داوە، تەنها شانێکی، لاملێکی، نیمچەشانێکی دەرکەوتووە، چاوەڕێی ئەوە دەکەن گەردەلوولەکە خامۆش بێتەوە.

لەبەرئەوەی نێچیرێکی بۆ چڕنووکەکانی نەدۆزییەوە، ناسرخان پڕ بەچنگ پەڕپەڕی کراسەکانی دەگرت و یەک لە دوای یەک، بەتووڕەییەوە فڕێی دەدایە بەردەمیان و حەشاماتیش لە خوارەوە دەزیڕێنێ، شێوەزمانەکەی تورکیی مەغۆلیی ناوچەی کاشغەرە و دەنگ دەداتەوە و، دەنک دەنک جوێنیش وەکو تەزبێح دەکەونە خوارەوە. بەپێی دابونەریتیش، حوکمداران چەند کراسێک، یەک لەسەر ئەوی ترەوە دەکەنە بەر، هەندێ جار دەگاتە حەوت کراسی بەدەست چنراو یەک لەدوای ئەوی تر دادەماڵرێت و دەخرێتە سەر شانی ئەو کەسەی کە ئەو شەرەفەی بەردەکەوێ. بەڵام بەو شێوەیەی

(١) تەخت بەمانا کۆنەکەی بەکارهاتووە. بۆ نموونە: تەختی پاشایان، تەختی جەمشید، هەروەکو چۆن پایتەختیش هەر لەو وشەیەوە پەیدابووە. (وەرگێڕ).



کە ناسرخان نیشانی داین، پێدەچوو نیازی نەبێت سوپاسی کەس بکات و ئەو شەرەفەش بداتە کەس.

هەروەکو هەموو زیارەتەکانی حوکمداران، ئیمڕۆ لە سەمەرقەند دەبێ ببێتە جەژن و ئاهەنگ، بەڵام کەیف و سەفا هەر لە سەرەتای سەرەتاوە کوژایەوە. دوای ئەوەی بەسەر ڕێگا بەرد ڕێژەکانا سەرکەوت کە دەگەیشتەوە سەر ڕووباری سیاب، خان بەدەروازەی بوخارایا کە دەکەوتە باکووری شارەوە، ڕەسمییانە خۆی کرد بەشارا. پڕ ڕوخساری بزە بوو، چاوە بچووکەکانی پێدەچوو زیاتر بەقوولاییا چووبێتن و لۆچی دەوری چاوانیشی زیاتر بووبێتن و ڕوومەتەکانی لەبەر تیشکی هەتاوی عەمبەری، چرووسکەیان دەهات. پاشان لەپڕێکدا، میزاجی تێکچوو. لەو دووسەد پیاوە ماقووڵە نزیک بووەوە کە لە دەوری ئەبوتایەر کۆبووبوونەوە و لەو کۆمەڵە خەڵکە نزیک بووەوە کە عومەر خەیام یەکێک بوو لێیان، تەماشاکردنێکی ورد، بێزارکەر، تەماشاکردنێکی گوماناوی دەچوو. بەوە دەچوو چاوی نەکەوتبێتە سەر ئەو کەسەی کە لێی دەگەڕا، لەپڕێکدا ئەسپەکەی توند جڵەوکرد و بەتوندی ڕەشمەکەی ڕاکێشا و لەبەرخۆیەوە کەوتە گاڵەگاڵ و کەسیش لێی تێنەدەگەیشت. قیت لەسەر جوانووە ڕەشەکەی، بێ زەردەخەنە، وەڵامی هیچ لەو هوتافاتانەی نەدەدایەوە کە لەلایەن گشت ئەو شارستانیانەوە بەرزدەبووەوە کە هەر لە شیرەی شەبەقەوە هاتوونە پێشوازی و بەخێرهاتنی لێ بکەن؛ هەندێکیان بەرەوڕووی با عەریزەکەی ڕادەوەشاند کە عەریزەنووسەکان ئامادەیان کردبوو. بێ سوود. کەسێک جورئەتی ئەوەی نەکرد عەریزەکەی خۆی بداتێ، بەڵکو دایانە دەرگاوانەکەی، ئەویش جار ناجارێ دەنووشتایەوە و کاغەزەکانی وەرگرت و هەمیشەش لەسەر لێویشی یەک دوو وشە کە بۆنی وشکە بەڵێنێکی لێوە دەهات.

چوار سوار پێشی کەوتبوون و بەیداغی بۆری بنەماڵەکەیان بەرز کردبووەوە و کوێلەیەکی شانوپیل ڕووتیش، پیادە، سەیوانێکی زلی هەڵگرتبوو، خان تێپەڕی و بەبێ ئەوەی لە شاڕێیەکاندا لابدات کە دار تووی گێڕوگەواڵ لەملاو ئەولایانا ڕوابوون و خۆی لە دوکان دوورەپەرێز

گرت و بەقەراغ جۆگەلە ئاوەکانا ڕەت بوو کە زەرعاتەکانی ئاریکیسیان ئاو دەدا، نەوەستا تاکو گەیشتە گەڕەکی ئاسفیزار. ئا لەوێ کۆشکێکی کاتییان بۆ تەیار کردبوو، هەر تەنها دوو شەقاو لە شوێنی ئیقامەتی ئەبوتایەرەوە دوور بوو. جاران، حاکمرانەکان، هەر لەناو قەڵا دەمانەوە، بەڵام شەڕوشۆڕەکانی ئەم دواییە، قەڵایان کردە ویرانەخاکێک و بەس، ناچاربوون بەو شێوەیە بەجێی بهێڵن. لەوە بەدواوە ئیتر بووە پاسگای تورکان و هەندێ جاریش خێوەتی تیا هەڵدەدەن.

لەبەرئەوەی هەست بەمیزاج تێکچوویی حاکم کرا، عومەر دوودڵ بوو کە بچێتە کۆشک و بەخێرهاتنی لێ بکات، بەڵام قازی ناچاری کرد کە بچێت، بێگومان بەو نیازەی کە تەشریف هێنانی ئەم هاوڕێیە گەورەیە ڕێگا بۆ خافڵاندنێکی تەندروست خۆش دەکات. لە ڕێگا، ئەبوتایەر ئەوەی بەئەرک زانی کە دەبێ هەندێ شت بۆ خەیام ڕوون کاتەوە: پیاوە ئایینییەکانی شار بڕیاریان داوە کە ئەم ئاهەنگی پێشوازیکردنە بشێوێنن، ڕەخنەی ئەوە لە خان دەگرن کە ئاگری بەردایە مزگەوتی گەورەی بوخارا کە نەیاران چەک لە دەست سەنگەری خۆیانیان تیا لێدابوو.

حاکم باسی ئەوەی دەکرد:

– شەڕێکی نەبڕاوە لەنێوان حاکم و پیاوانی ئایین هەڵگیرساوە، هەندێ جار شەڕێکی ڕاستییە و خوێناوییە و زۆرجاریش کپ و ژێرزەمینییە.

بەڵکو ئەوەش دەوترێت کە زانا ئایینییەکان پەیوەندییان لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی ناڕەزا کردووە و هەڵسوکەوتی میریان بۆ ڕوون کردۆتەوە. وەکو دەوترێت، باوباپیرانی ئەم میرانە، نانیان لەگەڵ لەشکر دەخوارد و هیچ فرسەتێکیان لە دەست نەدەدا بۆ ئەوەی هەمیشە ئەوە بخەنەوە یادی لەشکرەکانیان کە دەسەڵاتی ئەوان بەجوامێری و ئازایەتی جەنگاوەرانی میللەتەوە بەندە. بەڵام، نەوە پاش نەوە، خانی تورکانیش تووشی هەمان کەیف و هەوەسی ناقۆڵایی پاشاکانی فارس هاتن. ئیتر خۆیان بەنیمچە خودایەک دەزانی و تا دەهاتیش بەحاشیەی ئاڵۆز و تیکچرژاو دەور دەدران کە ئەفسەرەکانیان لەمە حاڵی نەدەبوون و بەڵکو جۆرە ئیهانەیەکیش بوو



بۆیان، بۆیە، هەندێک لەو ئەفسەرانە زمانیان کرایەوە و و کەوتنە ئاخاوتن لەگەڵ پیاوە ئایینییەکان. دڵخۆشبوون بەوەی کە گوێیان لێیان دەگرت کە چۆن بەلچ خواری باسی ناسر دەکەن و بەوە تاوانباریان دەکرد کە لە ڕێگای ئیسلام لای داوە. بۆ ئەوەی ئەفسەرەکان بتوقێنێ، میر زۆر بەتوندییەوە بەرهەڵستی پیاوانی ئایینی دەدایەوە. سەرەڕای ئەوەی کە باوکی خواناسێک بوو، ئەی کاتێ کە دەسەڵاتی گرتەدەست، سەری چەندین عەمامەلەسەری نەپەڕاند؟

ئەبوتایەر لەو ساڵەدا، مەبەست لە ساڵی ١٠٧٢، یەکێ بوو لەو پیاوە ئایینییە دەگمەنانەی کە پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ میرا هەبوو، زۆرجار دەچێتە قەڵای بوخارا و سەری لێ دەدات و هەر کاتێکیش سەر لە سەمەرقەند بدات ئەوە پێشوازییەکی زۆر ڕەسمیشی دەکات. گەلێ لە پیاوانی ئایینی بەلاچاوێکەوە سەیری ئەم هەڵوێستە خاوەیان دەکرد، بەڵام زۆربەی زۆری خەڵکیش بوونی یەکێکی وایان لەنێوان خۆیان و میردا، بەسوودمەند دەزانی.

جارێکی دیش، بڵیمەتانە، قازی ڕۆڵی ئاشتکەرەوە دەبینێ و خۆی لەوە دوورەپەرێز دەگرێت کە بەرپەرچی ناسر بداتەوە و کاتێکیش زەوقی دێتەوە سەربار، بەڵکو بیهێنێتەوە سەر وەزعی سروشتی. چاوەڕوانە، ساتە ناخۆش و سەختەکان تێدەپەڕن و خان دێتەوە سەر تەختەکەی و بەجوانیش ئەوەی بینی چۆن بەسەر بالیفێکی نەرمۆنۆڵ پاڵی دایەوە، جارێکی دی زۆر بەکارامەیی کاروبارەکان دەگەڕێنەوە ژێر دەست، عومەر زۆر بەئاسانی هەستی پێدەکات. قازی ئیشارەتێک دەکات و دەرگاوان کوێلەیەکی لاو دەهێنێ و دەچێ هەموو ئەو کراسانەی کە لە عەردەکە وەکو تەرمی دوای جەنگێک پەرتوبڵاو بووبوونەوە، گرت دەکاتەوە. لە پڕێکدا، پێدەچوو هەوا سووکتر بێت و بەدزی شان و پیل بادەدەن، هەندێکیش دەیوێرا بچرپێنێتە بناگوێی ئەو کەسەی کە لە تەنیشتییەوە بوو.

قازی بەرەو ناوەندی ژوورەکە دەچێت کە تەواو بەتاڵ بوو، بەرامبەر بەمیر ڕادەوەستێت و سەر دەنووشتێنێتەوە و ورتەش لە دەمییەوە دەرنایەت. دوای چەند دەقەیەکی بێدەنگی، کاتێک کە ناسر دەست دەکات

بەقسەکردن، چوست دیارە، بەڵام ڕەنگی جارِسیشی پێوە دیارە: «بڕۆ بەهەموو زانایانی ئایینی ئەم شارە بڵێ، سبەی لەگەڵ شەبەقا ئامادە بن و بێن لەبەردەم پێم بچەمێنەوە؛ کەسیش بۆی نییە قوتاری بێ، چونکە بستێ خاک نییە لەژێر چنگی کەفوکوڵی من ڕزگاری بێت»، هەموو دەزانن کە ڕەشەبا کۆتایی هات و چارەسەرێکیش لەبەر چاوە، هەر هەندە بەسە کە پیاوانی ئایینی موسلیح بن بۆ ئەوەی میریش دەست لە سزادان هەڵگرێت.

بۆ ڕۆژی دوایی، کاتێکیش عومەر لەگەڵ قازیا بەرەو بیلات دەچێ، ئەتمۆسفێر بەتەواوی گۆڕاوە. ناسر لەسەر تەختەکەی دانیشتووە، لە ڕاستیدا جۆرە قەنەفە – دۆشەکێکی بەرز بوو، بەفەرشێکی ڕەنگ تێریش داپۆشرابوو، لە تەنیشتیشییەوە، کۆیلەیەک سینییەکی بەدەستەوەیە پڕی لە پەڕی گوڵی چۆڕاوەی ناو شەکراو بوو. خان دانەیەکی لێ هەڵدەگرێ و لەسەر زمانی دایدەنێ و وازی لێ دەهێنێ کە لە بنمیچی مەڵاشووی بتوێتەوە، پێش ئەمەش بەخاو و خلیچییەوە دەست بۆ کۆیلەیەکی دیکە درێژ دەکات کە گوڵاو دەپرژێنێتە سەر پەنجەکانی و ئەویش دەیساوێتە دەموچاوی. ئەم کەش و ئاووهەوایە، بیست بەڵکو سی جاران دووبارە دەبێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە وەفدەکان کۆدەبوونەوە. ئەو وەفدانە کە نوێنەرایەتی گەڕەکەکانی وەکو ئەسفیزا و پانجخین و زەگریماش و ماتورید و، هەروەها کۆمەڵەی نەقابەی ناو بازاڕ و کۆمەڵەی پیشەییەکان و وەفدی قازانچییەکان و هی ئەوانەی کاغەز دروست دەکەن و ئەوانەی کرمی ئاوریشم بەخێو دەکەن و بارکێشانی ئاو و، هەروەها وەفدی میللەتانی پارێزراویشی لێبوو، وەکو وەفدی جوولەکە و زەردەشتی و نەستوورییەکان.

هەموو بەماچکردنی عەرد دەست پێدەکەن و پاشان هەڵدەستنەوە و کرنۆشێکی درێژی بۆ دەبەن تا ئەوکاتەی کە میر ڕوخسەتی ئەوەیان دەداتێ کە هەڵسنەوە. ئنجا زمانحاڵی وەفدەکە چەند ڕستەیەک دەڵێت و هەر بەپاشەکشە دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی؛ لە ڕاستیدا، پێش ئەوەی بەتەواوی دیوان جێ بهێڵرێت، پشتکردن لە حاکم یەساغ بوو. شتێکی سەیر و سەمەرە. ئایا ئەم ڕەفتارە لەلایەن حاکمێکەوە سەپێندرا کە



حورمەتی خۆی گەلێ بەلاوە گرینگ بووە؟ یا لەلایەن میوانێکی زۆر سڵکەرەوە؟

پاشان پیاوانی ئایین دێن، زۆر بەترس و فزوولییەتەوە چاوەڕوانیان دەکرێت. خۆیان لە بیست کەس زیاتر دەدا.

ئەبوتایەر هەستی بەهیچ زەحمەتییەک نەکرد تاکو بۆ ئەم هاتنە ئیقناعیان بکات. دوای ئەوەی زۆر بەبەربڵاوی ناڕەزایی خۆیان دەربڕی، مانەوەش لەم وەزعەدا گەڕانە بەدوای شەهیدبوون، کەسیش ئا ئەمەی گەرەک نەبوو.

ئا ئەوەتا لەبەردەم تەخت دان، وەکو پێویست بکات دەچەمێنەوە، هەر کەسە و بەگوێرەی تەمەن و بەگوێرەی لەهجە و شێوەزمانەکەی چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە میر ئیشارەتیان بداتێ بۆ ئەوەی ڕاست بنەوە. بەڵام ئیشارەت دواکەوت. دە دەقە تێدەپەڕێت. بیست دەقە. هەرە گەنج تیایانە توانای ئەوەی نییە بەردەوام بەم پشت کوڕییەوە ڕاوەستێت. بەڵام چار چییە؟ بەبێ ئەمری میریش ڕاستبوونەوە، مانای بەرپەرچدانەوە دەگرێتەوە. یەک لەدوای ئەوی ترەوە، لەسەر چۆک دادەنیشن، سەرەڕای ئەوەی کردارێکی پڕ لە ڕێز و حورمەتییە. بەڵام کەمتر ئازاربەخشە. تەنها دوای ئەوەی دوا جومگە کەوتە سەر عەرد، میر ئیشارەتیان دەداتێ کە هەڵسنەوە و بەبێ ورتە بکشێنەوە. کەس ئەم هەڵسوکەوتەی بەغەریب لێک نەدایەوە، ئەمە نرخە دەبێ بدرێتەوە، ئەمە دەچێتە خانەی دەستوورەکانی مەملەکەتەوە.

پاشان ئەفسەرە تورکەکان و پیاوماقووڵانی لێ نزیک دەبنەوە، هەروەها چەند دەهقانێک و چەند دەرەبەگێکی زۆرداری گوندەکانی دەوروبەر؛ هەر کەس بەگوێرەی مەقامی کۆمەڵایەتی خۆی، دەست دەکات بەماچکردنی قاچ و قۆڵ و شانوپیل و دەستی میر. پاشان شاعیرێک دێتە پێشەوە، دەست بەخوێندنەوەی پیاهەڵدانێکی زەق دەکات، هەر خێرا میر بەتەواوی لێی بێزار دەبێت. هەر بەئیشارەتێک ڕای گرت و هێمایەک بۆ دەرگاوان دەکات کە بچەمێتەوە و بۆ ئەوەی گوێ بۆ فرمانەکەی ڕابگرێت:

– گەورەمان ئەوە بە شاعیران ڕادەگەیەنێ، بەتایبەت ئەوانەی کە لێرە ئامادەن، چونکە جەنابی زۆر وەڕسە لە دووبارەکردنەوەی هەمان بابەت؛ نایەوێ چیتر نە بەشێر بچوێنرێ، نە بەهەڵۆ نە بەهەتاو. ئەوانەی لەم وەسفانە زیاتر شتیان پێ نییە، فەرموون بابچنە دەرەوە.



V

دوا بەدوای بانگەوازەکەی دەرگاوان، چرپەچرپ و فسکەفسک دەستی پێکرد، لەنێو ئەو بیست شاعیرەی کە هەر کەسە و چاوەڕوانی نۆرەی خۆی دەکرد، بووە هەرا و غەڵبەغەڵبێ، هەندێکیان پێش ئەوەی بەیەکجاری خۆیان بزرکەن، دوو هەنگاو بەرەو دواوە دەکشانەوە. تەنها ژنێک نەبێت بەهەنگاوی پتەو هاتە پێشەوە. لە تەماشاکردنی عومەر پرسیار دەخوێندرێتەوە و قازیش دەچرپێنێتە بناگوێی:

– ژنە شاعیری بوخارایە، خەڵکی بەجیهان ناوی دەبەن. جیهان، فراوانی دونیا دەگەیەنێ. تازە بێوەژن و چیرۆکی عیشقی زۆری بەسەر زارەوەیە.

لەسەر نەبرەیەکی پشتگوێخستن ئەمەی وت، بەڵام ئارەزووی عومەر تا دەهات چروسکەی دەهات و تەماشاکردنەکانی ڕێک و ڕاست ئاڕاستەی ئەو بوون. جیهان هەندەی نەبرد پەچەکەی لەسەر ڕوو هەڵماڵی و لێوە بۆیاغنەکراوەکانی دەرکەتن! شیعرێکی ناسک دەخوێنێتەوە و شتێکی سەرنج ڕاکێشیش، بەهیچ جۆرێ ناوی خانی نەهێنا. نەخێر، بەڵام زۆر بەوردی ستایشی ڕووباری سوغدی تیا کردبوو کە خێروبەرەکەتی دەڕژێنە شاری سەمەرقەند و بوخارا و پاشان بەرەو بیابانەکان سەری خۆی هەڵدەگرێ و زەریایەک نییە شایانی ئەوە بێت ئاوەکەی بخواتەوە.

– زۆر جوانت وت، خۆزگە پڕ زارت لە زێڕ دەبوو، ئا بەم جۆرە و وەکو عادەت، ناسر ئەمەی پێ وت.

ژنە شاعیر چەمایەوە سەر سینییەکی گەورە کە پڕی دراوی زێڕ بوو و یەک بەیەک هەڵی دەگرت و دەیخستە زارییەوە و لە کاتێک یاریدەدەرێکیش بەدەنگی بەرز یەک بەیەک دەیژماردن.

کاتێک جیهان نزرگەیەک قووت دەدات، وەخت بوو بتاسێ، هەموو حاشیەکە، تەنانەت میریش دەدەنە قاقا. دەرگاوان فرمان دەدات کە ژنە شاعیر بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی و چل و شەش دراویش ژمێردرا.

تەنها خەیام پێناکەنێ. زەق، تەماشای جیهان دەکات، گوێ لە

هەستەکانی دەگرێ تاکو بزانێ چی لەمەڕ جیهانەوە دەڵێن؛ شیعرەکەی هەندە بێگەرد بوو و زمانی هەندە پاراو و ڕەوت بوێر و ئا ئەوەتاش تا قورگیشیان پڕ لە زێڕ کرد، ئا بەم جۆرە پاداشتە ئیهانەیان کرد. پێش ئەوەی پەچەکەی داداتەوە، جارێکی دیش، بەرزتر هەڵیماڵی و ئازادانە تەماشایەکی عومەری کرد و ئەویش ئەو نیگایەی قبوولکرد و هەڵی مژی و دەیویست لە ناخیدا ڕایگرێ. چەند ساتێک بوو کە حەشامات لێی بێخەبەر بوون و بۆ عاشقانیش ئەم ساتە دەبێتە ئەبەدییەت. خەیام لە ناخی خۆیدا دەڵی، زەمەن دوو سیمای هەیە، دوو دووریی هەیە، درێژیی کە لەسەر ئیقاعی هەتاوە بەندە و ئەستوورییش لەسەر ئیقاعی عیشق بەندە.

ئەم چرکەساتانەی موفەرەک بوون بۆ هەموو، بەڵام قازی ڕایگرت؛ بەقامک چەند ترپەیەکی لەسەر بازووی عومەردا و ئاوڕ دەداتەوە. زۆر درەنگە، ژنەکە ڕۆیشت و ئێستاش لە پەچەیەک زیاتر هیچ شتی دیکەی نییە.

ئەبوتایەر دەیەوێ هاوڕێیەکەی پێشکەشی خان بکات و لە سیغەیەک دەگەڕێت:

– گەورەترین زانای خوراسان، چەند ڕۆژێکە لەژێر سایەی جەنابی عالیت دایە، بۆ ئەو گیاوگۆڵ نهێنییان نییە و ئەستێرەکانیش بێ ئەفسوونن.

بەڕێککەوت نەبوو کە قازی لەناو ئەو هەموو زانستانەی کە عومەر بەتەواوی تیایانا زانابوو تەنها باسی پزیشکسازی و ئەستێرەناسی بۆ خان بکات، چونکە ئەم دوو زانستە هەمیشە جێی بایەخی میران بوون، یەکەمیان بۆ ئەوەی هەمیشە لەشساغی و تەمەن درێژییان بداتێ و دووەمیشیان بۆ ئەوەی بتوانن سامانەکانیانی پێ بپارێزن. میر دڵخۆشی خۆی نیشان دا و وەک دەوترێت موشەرەف بوو. بەڵام، لەبەرئەوەی میزاجی ئەوەی نەبوو کە بابەتێکی زانستانە بکاتەوە و پێدەچوو لە نیازی میوانەکەش بەهەڵە تێگەیشتبێ، بۆیە هەمان سیغەی دووبارە کردەوە:



– خۆزگە پڕ زارت لە زێڕ دەبوو!

عومەر تووشی حیرەت هات، هەست بەشانازی دەکات و خۆی دەگرێت، ئەبوتایەر هەستی بەمە کرد و تووشی ڕاڕایی هات. لەوە دەترسا کە ڕەتکردنەوەیەک لەلایەن عومەرەوە هەستی میری بریندار کردبێت، بۆیە تەماشایەکی قورسی و درێژی هاوڕێیەکەی کرد و ناولەپ دەخاتە سەر شانی و دەیەوێ دووری خاتەوە. بێ سوودە. خەیام بڕیاری خۆی داوە:

– بەلوتفی جەنابتان، بەڕۆژووم و ناتوانم هیچ بخەمە زارمەوە.

– بەڵام، ئەگەر بەهەڵەیا نەچووبێتم، ئەوە بۆ سێ هەفتە دەچێت کە مانگی ڕەمەزان تەواو بووە!

– مانگی ڕەمەزان لە سەفەری بەینی نیشاپوور و سەمەرقەند بووم، پەیمانم دابوو کە پاش سەفەرەکە، ڕۆژووەکانم بگرمەوە.

قازی ترسێک دای دەگرێ، ئامادەبووان دەپەشۆکێن، ڕوخساری میریش ناخوێندرێتەوە. دەیەوێ چەند پرسیارێک ئاراستەی ئەبوتایەر بکات:

– تۆ شارەزای بنج و بنەوانەکانی ئایینیت، پێمان بڵێ ئایا زێڕ بخرێتە زارەوە و پاشانیش دەرکرێ، خواجە عومەر ڕۆژووەکەی پێ دەشکێ؟

قازی نەبرەیەکی زۆر بێ لایەن وەردەگرێت:

– ئەگەر حەرفییەن سەیری مەسەلەکە بکەین، هەرچییەک بچێتە زارەوە ڕۆژووی پێ دەشکێنرێت. ئەی ئەگەر هات و بەهەڵە دراوێک قووت درا.

ناسر ئەم ئەنجەتە قبووڵ دەکات بەڵام کافیش نییە، پرسیار لە عومەر دەکات:

– ئایا هۆی ڕاستەقینەت دامێ؟

خەیام سەرەتا نازانی چی بڵێت، پاشان دەڵێ:

– نەخێر ئەمە تاقە هۆ نییە.

– قسە بکە، هیچ ترسێکت لە من نەبێ، خان وەڵامی دەداتەوە.

عومەر بەم دێڕانە وەڵام دەداتەوە:

ڕووم کردۆتە تۆ، ئایا لەبەر هەژارییە؟
گەر ئارەزوو سادە بێت کەس هەژار نییە.

گەر بتوانی ئینسانی ڕاست و ئازاد شەرەفمەندبکەی
لە شەرەف زیاتر، هیچی ترم داوا نییە

– دەک خودا ماڵت وێران کات خەیام! لەبەرخۆیەوە ئەبوتایەر ئەمەی وت.

بیر لە هیچ ناکاتەوە، بەڵام ترس ڕاستەقینەیە. هێشتا لە گوێیدا زایەڵەی تووڕەییەکی نزیک دەزرینگێتەوە، زۆر دڵنیا نییە کە ئەمجارەیان ولاغەکە جڵەو بکات. خان بێدەنگ و ڕەق ڕاوەستاو، پێدەچوو لەنێو بڕیاردەرکردنێکی بێ سەروبن گیری خواردبێ؛ ئەوانەی لێوەی نزیکن چاوەڕوانی وشەیەک دەکەن کە لە دەمییەوە وەکو فرمانێک دەرچێت، هەندێک لە حاشییە دەیانەوێ پێش ئەوەی گوێیان لە شتێک بێت، دەرچنە دەرەوە.

عومەر ئەو شڵەژانە گشتییەی بەهەل زانی بۆ ئەوەی بەدوای جیهانا چاوێ گڕ بدات؛ پشتی بەکۆڵەگەیەکەوە داوە و دەموچاوی نغرۆ کردۆتە ناو هەردوو لەپییەوە. ئایا لەبەر عومەرە وا تووشی ئەم لەرزینە هاتووە؟

پاشان خان هەڵدەستێ. ڕێک و ڕاست بەرەو عومەر هەنگاو دەنێ، دەیگرێتە باوەش، دەستی دەگرێت و دەکەوێتە پیاسەکردن لە گەڵی.

«گەورەی هەموو ئوزبەگیستان، هەروەکو مێژووناسان دەیگێڕنەوە، هەندە ڕێز و تەقدیری لە عومەر خەیام گرتووە، بردۆتی لە تەنیشتی خۆی لەسەر تەخت داینیشاندووە».

وا بوویتە هاوڕێی خان، کاتێک لە کۆشک دەردەچن، ئەبوتایەر ئەم ڕستەیە دەڵێت.

دڵخۆشییەکەی هێندەی ڕاڕاییەکەی دەبوو، گەرووی هیشک کردبوو، بەڵام خەیام بەفێنکی وەڵام دەداتەوە:

– ئایا ئەو پەندەت لەبیر چۆتەوە کە دەڵێ: «نە زەریا هاوسێ دەناسێ، نە میرانیش هاوڕێ»؟

– تف لەو دەرگایە مەکە کە دەکرێتەوە، من وای بۆ دەچم کە چارەنووسی پیشەی تۆ لە بیلاتدایە!



– ژیانی بیلات بۆ من نەکراوە؛ خەونی سەرەکی من ئەوەیە کە ڕۆژێکیان لە دەزگای ڕوانگایەک و گوڵجارێکم هەبێت، دیوانانەش سەیری ئاسمان بکەم، بادەیەکم لە دەست و ژنێکی جوانیشم لە تەنیشت.

– جوان هەروەکو ئەو ژنە شاعیرە؟ ئەبوتایەر بەپێکەنین و تەوزەوە ئەمە دەڵێت.

عومەر تەنها هەر ئەوی لە خەیاڵایا، بەڵام بێدەنگ دەبێت، لەوە دەترسێ کە بچووکترین وشەی لەدەم دەربچێ و بەرەو هەلاکەتی بەرێت. قازی هەست بەسووکایەتی دەکات، بۆیە نەبرە و بابەتەکە دەگۆڕێت:

– داوای خزمەتێکت لێ دەکەم!

– خزمەت هەر لەمنەوەیە، فەرموو!

با وا بێت! زوو ئەبوتایەر قایل دەبێت. داوای شتێکی بەرابەر دەکەم.

گەیشتنە بەر دەروازەکەی کۆشک؛ داوای ئەوەی لێ دەکات کە پەرە بەم گفتوگۆیە لە دەور سفرەیەکی ڕازاوە بدەن.

– بیرم لە پرۆژەی کتێبێک کردۆتەوە بۆ تۆ. با هەندێک چوارینەکان بخەینە لاوە. بەنیسبەت منەوە. چێژ و تامەزرۆی تەواوی بلیمەتیی تەنها لە پزیشکسازی و ئەستێرەناسی و ماتماتیک و فیزیک و میتافیزیکە. ئایا بەهەڵەدا چوومە ئەگەر بڵێم لە ئیبن سینا بەدواوە لە تۆ شارەزاترمان لەم مەیدانانە نییە؟

خەیام هیچ نالێ. ئەبوتایەر درێژە بەقسەکانی دەدات:

– ئا لەو بوارانەی مەعریفەتدا چاوەڕوانی دوا کتێب لە تۆ دەکرێ و ئەو کتێبەش پێشکەشی منی بکەیت.

– بڕوا ناکەم لەم بوارانە دوا کتێب هەبێت و، هەر بۆیەش تاکو ئێستا تەنها وەختی خۆم بەخوێندنەوە سەرف کردووە و ویستوومە زیاتر شت فێربم و خۆم هیچ نەنووسم.

– خۆت ڕوونکەرەوە!

– با وای دابنێین کە ئەوانەی پێشوو، چ یۆنانییەکان و چ هیندییەکان و چ موسڵمانان پێش من لەو بوارانە گەلێ شتیان نووسیوە. ئەگەر بێت

ئەوانەی ئەوان دووبارە بکەمەوە، کارەکانی من دەبنە بەرهەمێکی سادە؛ ئەگەریش بێت و ڕەتیان بدەمەوە، هەروەکو ئەم کارە بۆتە پیشەی من، ئەوە دوای منیش هی تران دێن و بەرپەرچی من دەدەنەوە و من ڕەت دەکەنەوە. چ شتێک لە نووسینی گشت ئەو زانایانە دەمێنێتەوە؟ تەنها لەمەڕ پێشووانەوە خراپە دەمێنێتەوە. گشت ئەو وێرانکارییانەمان دێنەوە یاد کە لەمەڕ بیردۆزەی ئەوانی پێشووانەوە نووسیویانە، بەڵام ئەوانەی ئەوانیش، بێ سێ و دوو، ئەوانەی دوای ئەوان دێن دەیڕووخێنن. ئا ئەمەیە یاسای زانست؛ شیعر ئەم یاسانەیە ناناسێ، قەد ڕەتی شیعری پێش خۆی ناکاتەوە و قەتیش رەتی ئەو شیعرانە ناکاتەوە کە دوای ئەو دێن و هەموو چاخەکان بەئارامی تەی دەکات. هەر لەبەر هەمان هۆیە کە چوارینە دەنووسم. دەزانی چ شتێک لە زانستدا سەرنجم ڕادەکێشێ؟ چونکە هەرە باڵاترین شیعری تیا بەدی دەکەم: لە ماتماتیکدا نەشوەی گێژبوون بەرامبەر بەژمارە، لە ئەستێرەناسی؛ چرپە تەلیسماوییەکانی گەردوون. بەڵام توخوا پرسیارم لەمەڕ حەقیقەتەوە لێ مەکە!

تەنها چەند خولەکێک بێدەنگ بوو و کەوتەوە قسە:

– بەدەوروبەری شاری سەمەرقەندا پیاسەم دەکرد و چەند کەلاوەیەکم بینی کە لە هەندێ شوێن نووسینی لەسەر بوو، کەسێک نییە ئیمڕۆ لە توانایدا بێت شفرەی کات و لە خۆمم پرسی: دەبێ ئەمە پاشماوەی چ شارێک بێت؟ ئەوە هەر باسی ئینسانەکان هەر مەکە، کورتخایەنترین مەخلووقن، بەڵام شارستانییەکەیان چی بەسەر هات؟ چ مەملەکەتێ تا سەر مایەوە، چ زانستێ، چ یاسایەک، یا چ حەقیقەتێک؟ هیچ. زۆر باشم کرد کە لەو کەلاوانە دەستم بەپشکنین کرد، تەنها وێنەیەکی هەڵکۆڵراوم لەسەر کەرتە گۆزەیەک بینی و بەشی تابلۆیەکیشم لەسەر دیوارێک بینی. شیعرە نابووتەکانی منیش دوای هەزار ساڵ وایان بەسەر دێت، دەبنە کەرتە گۆزەی شکاو و شتی پارچەبوو و پاشماوەی دونیایەک کە بۆ هەتا هەتا ئاوابوون. ئەوەی لە شارێک دەمێنێتەوە، تەنها تەماشاکردنی ئازادی شاعیرێکی نیمچە مەستە.

– لێت تێدەگەم، ئەبوتایەر بەمنگەمنگییەکەوە پێی دەڵێ، تاڕادەیەکیش



لەنێو ئەم بابەتانە تووشی گومڕایی هاتبوو. سەرەڕای ئەمەش ناتەوێ ئەو شیعرانەی کە بۆنی شەرابی لێوە دێ، پێشکەشی قازییەکی شافیعی بکەیت!

لە واقیعدا، عومەر ویستی خۆی بەئاشتبووەوە پیشان بدات و، هەروەها گەلێ خاترجەم بوو؛ تووڕەیییەکەی کەمێ هێور بووەوە. دوای چەند مانگێک دەست دەکات بەنووسینەوەی کتێبێکی زۆر جیدی کە سەبارەت بەهاوکێشەکانی شەش پاڵوو بوو. لەو لێکۆڵینەوەیەی کە بابەتێکی ئەلجەبر بوو، دەیویست لەمەڕ نادیارەوە بدوێ، لەم باسەدا، خەیام تێرمێکی عەرەبی بەکاردەهێنێ، ئەویش «شیٔ» کە مانای شت دێت، لە کتێبە زانستییە ئیسپانییەکان بە (Xay) دەنووسرا و وردە وردە ئیتر دەبێتە (X) کە ئیتر دەبێتە سەمبۆلێکی جیهانی بۆ ئەوەی تەعبیر لە نادیار بکات.

ئەم کتێبە لە سەمەرقەند کۆتایی پێهێنا و پێشکەشی پارێزەرەکەی دەکات: «ئێمە بووینەتە قوربانی سەردەمێک کە زانایان جێی بڕوا نین و کەمیشیان توانای ئەوەیان هەیە کە بەتەواوی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان بکەن...» ئەو کەمە زانیارەیەی کە زانایان هەیانە، ئەویش لە پێناوی دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانە و بۆ ئەو ئامانجەش تەرخان دەکرێت... تووشی بێ هیوایی و شکستی هاتبووم کە ئینسانێک بدۆزمەوە لە هەمان کاتدا گرینگی بەزانست بدات و گرینگی بەشتەکانی دونیا و شێلگیرانەش خۆی بەڕەگەزی ئینسانەوە خەریک بکات، تا ئەو کاتەی کە خودا بەمیهرەبانی خۆی قازیلقوزاتی پێ ناساندم، ئیمام ئەبوتایەر، لەژێر چاودێری ئەودا، مۆڵەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە خۆم بەم لێکۆڵینەوەیە خەریک بکەم».

کاتێکیش ئەو شەوە خەیام بەرەو کۆشکەکەی دەگەڕێتەوە، کە ئیتر دەبێتە ماڵی ئەو، ئەوەی لەبیر دەچێت کە چرایەک لەگەڵ خۆی بەرێت، چونکە لە دڵی خۆیدا وتی ئیتر گەلێ درەنگە و نە بۆ خوێندنەوە دەشێ نە بۆ نووسین. بەڵام لەو ڕێگایەدا چرایەکی ئەوتۆ دانەگیرسابوو، مانگێکی لەرزۆکی کۆتایی مانگی شەوالیش وا بەئەسمانەوەیە. هەر کاتێک کە لە ڤێلاکەی قازی دوور کەوتەوە، ئیتر بەناو ئەنگوستە چاوا، بەشەلم کوێرم

ڕێگای دەبڕی، لە جارێک زیاتر ساتمەی کرد، خۆی بەدەوەنەکانەوە دەگرت، لە پڕێکدا چلە شۆڕەبییەک زبر خۆی دەکشێنێتە تەختی ناوچەوانییەوە.

گەیشتبووە ژوورەکەی یا نەء، دەنگێک، سووکە گلەییەک:

– وام دەزانی زووتر دەگەڕێیتەوە.

ئەرێ لەبەر ئەوە نییە کە بیری زۆری لەو ژنە کردەوە، بۆیە وا گوێی لە دەنگی دەبێت؟ بەرامبەر بەدەرگاکەی کە هەر بەئاستەم داخرابوو، لە تارماییەک دەگەڕا. بێ سوود، تەنها گوێی لە دەنگێک دەبێت، دەنگێکە دەبیستریّ بەڵام لێڵە.

– هەر بێدەنگی، ناتەوێ بڕوا بکەیت کە ژنێک جورئەتی ئەوەی کردووە خۆی بکات بەژوورەکەتا. لە بیلاتدا، چاومان بەیەک کەوت، چرووسکاییەک بەنێوانمانا تێپەڕی، بەڵام خان و قازی و تەواوی حاشیە لەوێ بوون و تەماشاکردنەکەی تۆ ون بوو. وەکو چەندین پیاوی دیکە، بڕیاری ئەوەت دا کە ڕانەوەستیت. جورئەتی وا لە پێناوی چی، بەچی دەچێ لە پێناوی ژنێکدا خۆت بدەیتە بەر توانج و پلاری میر، چ لە بێوەژنێک دەکەی کە تەنها زمانێکی لووس و سومعەیەکی زڕاوی هەبێت؟

عومەر هەستی کرد کە هێزێکی غەیبی بەستوویەتییەوە، نە توانای ئەوەی هەیە لە شوێنەکەی بجوولێتەوە، نە لێویشی بیدوێنێ.

– هیچ نالێیت، جیهان بەلەهجەیەکی گاڵتەجاڕانە پێی دەڵێت، بەڵام نەرم ونیان. قەیناکە، بەتەنها لەگەڵ خۆم قسە دەکەم، خۆ هەر خۆمیش دەسپێشخەریم کرد و هەتا ئێرە هاتم. کاتێ کە کۆشکی بیلاتت جێهێشت، سۆراغتم کرد، پێیان وتم لە کوێ دەژێی و منیش پێیانم ڕاگەیاند کە ئەمشەو لە ماڵ ئامۆزاکەم دەنووم، ئامۆزاکەم شووی بەزەنگینێکی سەمەرقەند کردووە.

شێوەیەکی ئاساییە کاتێک لەگەڵ حاشیەی بیلات سەفەر دەکەم، ئەوە لە حەرەمدا دەمێنمەوە، چەند دۆستەخوشکێکم هەن، حەز بەدۆستایەتیم دەکەن. تامەزرۆی ئەوەیان هەیە کە گوێ بۆ حیکایەتەکانم ڕاگرن، من بەڕەقیبی خۆیان نازانن، ئەوەش دەزانن کە نیازی ئەوەم نییە ببمە ژنی



خان. دەمتوانی ئیغرای بکەم، بەڵام هەندە موعاشەرەی هاوسەرانی پاشایانم کردووە، بۆیە چارەنووسی وا بەهیچ جۆرێ ختووکەم نادات، بۆ من، ژیان گەلێ لە پیاوان گرینگترە! بەڵام، با ژنی یەکێکیش بم یا ژنی کەس بم، میر هەمیشە ئەوەم لێ داوا دەکات کە لە دیوەخاندا لە بەرامبەری ڕابوەستم و خۆمی بۆ دەرخەم و شیعری بۆ بخوێنمەوە و پێبکەنم. ئەگەر نیازی ئەوەی هەبێت بمخوازێ، ئەوە ئەو کات لە کونی ژوورم دەپەستێ.

بەزەحمەتی لە بەنجبوونەکەی دەهاتەوە سەر هۆش، عومەر لەو هەموو قسانەی جیهان لە هیچی نەگەیشت و کاتێکیش بڕیار دەدات کە یەکەم وشە لە زاریەوە دەربهێنێ، وەک بڵێی لەگەڵ خۆیا قسە بکات یا لەگەڵ تارماییەک بکەوێتە دوو:

– جار ناجارێ، لە کاتی هەرزەکاریمدا، بەڵکو درەنگتریش، تووشی زەردەخەنەیەک یا تووشی نیگایەک هاتووم. ئەویش خەونم پێوە بینیوە و ئەو تەماشا کردنە بووەتە ڕاستی و بووەتە گۆشت و ئێسقان، بووەتە ژن، لەنێو تاریکاییدا وەکو ڕووناکییەکی کوێرکەر دەرکەوتووە. لە پڕێکدا، لەنێو تاریکایی ئەو شەوەدا، لەم کۆشکە غەیبییە، لەم شارە غەیبییە، ئەوا لەبەردەممی، ژنێکی جوان، ژنە شاعیرێک خۆیم پێشکەش دەکات.

پێدەکەنێ.

– پێشکەش، بە چ دەزانی؟ هێشتا دەستت پێم نەکەوتووە، هێشتا نەمت بینیوە و هەرگیزیش نامبینی، چونکە پێش ئەوە هەتاو ڕاوم بکات بۆی دەردەچم.

لەنێو تاریکییەکی هەمیشە چڕ، ورشەیەکی درێژی لێک خزینی ئاوریشم و عەتر. عومەر هەناسەی خۆی گرتووە، پێستەکەی وریایە. وەکو قوتابییەکی ساویلکە ناتوانێ داوای ئەوەی لێ نەکات:

– بەپەچەوە هاتووی؟

– لە شەو زیاتر پەچەی دیکەم نییە.

## VI

ژنێک و پیاوێک، لەلاوە، بەخەیاڵی هونەرمەندێکی نەناسراوا هات و وێنەیانی کرد، هەردوو ڕاکشاو، ئاوێزانی یەکتر بوونە و دیواری کۆشکەکەی سڕی بووەوە بۆ ئەوەی دۆشەکێکی گیاییان بۆ ڕاخات کە بەگوڵەباغ ڕازاندرابێتەوە و جۆگەلەیەکی زیوینیش بەتەنیشتیانا خوڕەی بێت. جیهانیش بەدوو مەمکی خڕپنی ژنە خوداوەندەکانی هیندییەوە و عومەریش بەدەستێ نەوازش لەگەڵ قژی دەکات و لە دەستەکەی دیکەشی بادەیەک.

هەموو ڕۆژێک لە کۆشکەکەدا، چاویان بەیەک دەکەوت و خۆیان لە یەکتر دوورەپەرێز ڕادەگرت لە ترسی ئەوەی نەبێتە داوێک بۆیان. هەموو ئێوارەیەک، خێرا بەرەو کۆشکەکەی دەچوو بۆ ئەوەی چاوەڕوانی مەحبووبەکەی بکات. قەدەر چەند شەوێک ژوانی بۆ ڕێکخستن؟ ئەمەش پەیوەندی بەمیرەوە هەبوو، کاتێ میر سەفەرێکی دێتە ڕێ، جیهان دەبێ دوای کەوێت. عادەتی نییە پێش وەخت پرۆژەی سەفەرەکانی بەیان بکات. سبەینانێک سواری ماینەکەی دەبوو، ڕەوەندی کوڕی ڕەوەند، ڕێگاکانی بوخارا و کیش و پەنجیکانتی دەگرتە بەر و هەموو حاشیەش بەپەلەقاژە تاکو دەیگەیشتنێ. عومەر و جیهان زەندەقیان لەم ساتانە دەچوو، هەر ڕامووسانێک تامی ماڵئاوایی پێوەیە و هەر لە ئامێزگرتنێک ڕاکردنێکی بەهەڵپەی لە دواوەیە.

شەوێک لە شەوان، یەکێ لە شەوە هەرە قورسەکانی هاوین، کاتێک کە خەیام دەچێتە هەیوانی کۆشکەکە و بێ وچان چاوەڕوانی بکات، وا هەست دەکات، زۆر لە نزیکەوە گوێی لە پێکەنینی پاسەوانەکانی قازی دەبێت و دڵی دەکەوێتە غایەلەوە. بێ هۆ، چونکە جیهان دێت و دڵی دەداتەوە پێی دەڵێ کە کەسێک درکی بەهاتنی نەکردووە. دوای ماچی یەکەم، ماچێکی زۆر خێرا، ماچێکی دیکەش دوا بەدوادا هات، ئا بەم جۆرە کۆتایی بەڕۆژ دەهێنن و پاشانیش شەو دەست پێدەکاتەوە.

– دەبێ چەند عاشقی وەکو ئێمە لەم شارەدا بگەنە ژوانی یەکتر؟



جیهان بەچرپە، عفریتانە ئەمەی پێ وت، عومەریش زانایانە کڵاوەکەی شەوانی ڕێکدەخات، پڕ گوپی هەوا دەکات و دەنگی فش دەکاتەوە.

– با لە نزیکەوە تەماشای شتەکان بکەین: ئەگەر ئەو ژنانە بخەینە لاوە، مەبەستم ئەوانەیە کە هەست بەبێزاریی دەکەن، ئەو کۆیلانەی گوێڕایەڵ و ئیتاعەتکەرن، کچانی جادە کە چ خۆیان دەفرۆشن چ خۆیان بەکرێ دەدەن، کچە عازەبانی کە ئاهی حەسرەت هەڵدەکێشن، چەند ژنی دیکە دەمێنێتەوە، چەند عاشقی تر دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بگەنە ژوانی ئەو پیاوانەی کە بەڕاستی هەڵیان بژاردووە؟ وەکو پێدەچێ، چەندێ پیاو هەن لە تەنیشت ئەو ژنانەوە دەنوون کە خۆشیان دەوێن، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە خۆیان دەدەنە دەستی ئەو پیاوانەوە، چونکە هیچی تریان لە دەست نایەت؟ کێ دەزانێ، ڕەنگبێ لە سەمەرقەند تەنها دوو عاشق هەبن و بەس. ڕەنگیشە پرسیاری ئەوە بکەیت، بۆچی من و تۆ؟ چونکە خودا ئێمەی وەکو عاشق هەڵبژاردووە وەکو چۆن گوڵی ژەهراویشی هەڵبژاردووە.

خەیام پێدەکەنێ و فرمێسک چۆڕەی دەهات بەسەر ڕوومەتەکانیا.

– با بچینە ژوورەوە و دەرگا لە ڕووی خۆمانا داخەین، با گوێیان لە بەختەوەری ئێمە نەبێت.

دوای چەند نەوازشێک، جیهان هەڵدەستێتەوە سەرپێ، نیوە داپۆشراو دۆستەکەی بەئاسپایی دوور دەخاتەوە.

– دەبێ نهێنییەکت لە لا بدرکێنم، لە ژنە گەورەکەی خانم بیست. دەزانی بۆچی خان لە سەمەرقەندە؟

عومەر ڕایدەگرێت، بەقسەوقسەلۆکی حەرێم بڕوا ناکات.

– نهێنی میران سوودم پێ ناگەیەنن، گوێی ئەو کەسە دەسووتێنێ کە گوێی بۆ قوڵاغ دەکات.

– دە تۆ گوێم لێ گرە، ئەم نهێنییە ئێمەش دەگرێتەوە، چونکە بۆی هەیە ژیانمان سەرەنگوون کات. ناسرخان هاتۆتە سەمەرقەند بۆ ئەوەی قەڵا و سەنگەرەکان بپشکنێ. کۆتایی هاوین، هەر دوا بەدوای گرە، لەشکری سەلجۆقییەکان هێرش دەهێنن.

خەیام سەلجوقییەکان دەناسێ و زاکیرەی منداڵی داگیرکردووە. پێش ئەوەی ئاسیای ئیسلامی داگیرکەن، زێدی ئەویان داگیرکرد و تاکو ئەوەش مابێت، هەمیشە **ترسەگەورەکەیان** لە بیر ناچێتەوە.

دە ساڵ پێش ئەوەی عومەر لە دایک بێت ڕووی دا، خەڵکی نیشاپوور سبەینانێک لە خەو هەڵدەستن، شارەکەیان بەتەواوی لەلایەن لەشکری تورکانەوە گەمارۆ درابوو. دوو براش سەرکردەی لەشکرەکە بوون، توغرول بەگی «باز» و چاغری بەگی «باشووکە» بوون، هەردووک کوڕی میکایلی کوڕی سەلجوق بوون، ئەویش ئەو کات ئاغای عەشیرەتێکی ڕەوەندی نەناسراو بوو، تازە بەتازە ببوونە ئیسلام. پەیکێک دەگاتە ئەشرافەکانی شار: «وەکو دەوترێت کە پیاوانتان شانازی بەخۆوە دەکەن و ئاوێکی فێنکیش بەکارێزەکانتانەوە تێدەپەڕێ. ئەگەر بێت و بەرەو ڕوومان بینەوە و بەرگری بکەن، ئەوە ورگی کارێزەکانتان هەڵدەدەینەوە و پیاوانتانیش سەرونگوم دەکەین.»

فسفس پاڵەوانیی لە کاتی گەمارۆداندا زیاد دەکات. بەڵام ئەشرافەکانی نیشاپوور بەپەلە خۆیان دا بەدەستەوە، پەیمانی ئەوەیان دانێ کە دەست لە کەس نادرێت، دەست بۆ ماڵ و موڵکی خەڵکی و خانووبەرە و باغ و بێستان و کەناڵ و کارێزەکانیان درێژ ناکرێت، بەڵام پەیمانی داگیرکەر بە چی دەچێ؟ هەرکە لەشکر هاتنە ناو شارەوە، چاغری پیاوەکانی بەرەڵا کردە ناو بازاڕ و خیابەناکانەوە. توغرول قایل نەبوو، وتی لەبەر خاتری مانگی ڕەمەزان نابێ شاری موسڵمانان لەم مانگەدا بەغارەت بەرین. ئەنجەتەکەی شوێنی خۆی کردەوە، بەڵام چاغری نایەوێ چەک دانێت. بەوە ڕازی بوو کە چاوەڕوانی بکات تاکو ئەهالی عەفوویان لەسەر نامینێ.

کاتێک خەڵکی شار بینیان کە دیدەنگای دوو براکە لەمەڕ ئەم ململانێیەدا، لە یەکتر جیایان دەکاتەوە و کاتێکیش ئەوەیان زانی کە لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە ئیتر ڕاوەڕووت و دەست درێژکردن بۆ نامووس و کوشتار دەست پێدەکات، ئیتر بوو بەترسێکی گەورە. دوکانەکان بەتاڵ کران، پیاوانیش بێدەنگ، لەبەردەم ژنان و کچانیان لە بێدەسەڵاتی دەستیان بەگریان دەکرد. چی بکەین و بە چ ڕێگایەکیشا هەڵێین؟



داگیرکەران لە هەموو لایەکەوە، جەنگاوەران بەسوار ئەسپی گوڵێنگدارەوە لە بازاڕی چوارگۆشە گەورەکە و لە گەڕەکەکان و لە گوندەکانی دەوروبەری شار و دەوروبەری دەروازە سووتاوەکە سمکۆڵیان دەدا و هەمیشەش سەرخۆش بوون و لە بارمتەیەک دەگەڕان، کە دەست درێژکردنێک، ئەم تەتەرە جڵەوترازاوانە ڕشانەوەیان خستە گوند و دێهاتەکانەوە.

ئایا بەشێوەیەکی سرووشتی خەڵکی حەزی بەوە نەدەکرد کە مانگی ڕەمەزان کۆتایی بێت و جەژن دەست پێ بکات؟ ئەم ساڵە، خەڵکی حەزیان دەکرد کە مانگی ڕەمەزان هەرگیز کۆتایی نەیێت و جەژنی ڕەمەزانیش قەد نەیێت کاتێکیش چاویان بەمانگی نوێ کەوت، کەس بیری لە خۆشی و شادی نەکردەوە، کەس بیری لەوە نەکردەوە بەرخێک سەربڕێت، هەموو شار هەستیان دەکرد بوونەتە بەرخێکی دابەستی و چەورە بۆ ئەم قوربانییە.

ڕۆژی پێش جەژن، واتە شەوی نیاز کە هەموو نیازێک تیایا دێتەدی، هەزاران خێزان بەماڵ و منداڵەوە ڕوویان کردبووە مزگەوتەکان، ڕوویان کردبووە مەزار و مەرقەدەکان، ڕوویان کردبووە کەلاوەکان، شەوی گیاندان و فرمێسک و نوێژ دابەستن بوو.

لە قەلاش، لەم کاتەدا، دەمەقاڵەیەک دەکەوێتە نێوان ئەو دوو برا سەلجوقییەوە. چاغری دەیشیراند و دەیوت ئەوە بۆ چەند مانگێک دەچێت کە پیاوەکانی مووچەیان وەرنەگرتووە، ئەگەریش ئێستا وا هاتوونەتە مەیدانەوە، تەنها لەبەر ئەوەیە کە بەڵێنمان دانێ کە بەکەیفی خۆیان بکەونە ناو ئەو شارە زەنگینەوە و دەست بەفەرهوود بکەن و ئێستاش گەیشتوونەتە ڕادەی ئەوەی کە یاخی ببن و چاغریش لەمە زیاتر ناتوانێ جڵەویان بگرێت.

توغرول بەزمانێکی دیکە قسەی دەکرد:

– ئێمە هێشتا لە سەرەتای غەزو داین، شارانی زۆرمان لە پێشن، ئیسفەهان و شیراز و ڕەی و تەبریز و چەندین شاری ترمان لە پێشە! ئەگەر دوای تەسلیمبوون نیشاپوور تالان کەین، دوای ئەو هەموو پەیمانە، شاری دیکە دەرگامان لێ ناکاتەوە، شوێن پێی لاواز نامینێ.

– چۆن ئەو هەمـوو شـارانەی کـە تۆ خـەونی پێـوە دەبینی پێـمـان داگـیـر دەکرێ ئەگەر بێت و لەشکرەکەمان لە ناوچێت و پیاوەکانمان دەسبەردارمان بن؟ وا هەرە دڵسۆز و بەوەفایان سکاڵا و هەڕەشە دەکات.

لە دەوری هەردوو براکـە، یاریدەدەران و ڕیش سپـیـانی عـەشـیـرەت بوو، هەر هەمـوو بەیەک دەنگ، قسـەکانی چاغـریان تەسـدیق دەکرد. بۆیە ورەی هاتەبەر و هەڵسایە سەرپێ، بڕیار دەدات و کۆتایی بەگفتوگۆ دەهێنێ:

– گـەلێ قسـەمان کرد، دەڕۆم بەپیاوانم دەڵێم کە با دەست بەیەغـماکردن بکەن. ئەگـەر تۆ دەتەوێ بـا لەشکرەکـەی تۆ لەلات بمێننەوە و هەرکـەسـە لەشکری خۆی.

توغـرول وەڵامی نەدایەوە، جوولەیەکی نەکرد، لەنێـوان دوو هەڵبـژاردنی سەختدا بوو. لەپڕێکدا، وەکو فیشـەکە شێتە بازێکی دا و خـەنجـەرێکی گرتە دەستەوە.

چاغـریش خـەنجـەرەکـەی لە کـیف دەرهێنا. کـەس نەیدەزانی ئایا بچنە ناوێژییەوە یا هەروەکـو عـادەت واز لەم دوو برا سـەلجـۆقـیـیـە بهـێنن و، با گرفتەکانیان لەناو خوێندا چارەسەر بکەن. کاتێک توغـرول دەستی بەقسە کرد:

– برا، نامـەوێ بەزۆر گـوێڕایەڵیم بکەیت، ناشـمـەوێ ڕێ لە پیـاوانت بگرم. بەڵام ئەگەر بێت و بەرەڵای شاریان بکەی، ئا ئەم خەنجەرە ئەکێشمە دڵم.

کـاتێک ئەمەی وت، نووکی خـەنجـەرەکەی ئاڕاسـتـەی سینگی کردبوو و هەردوو مسـتیشی لە دەسکەکەی گیر کردبوو. براکەی کەمێ ڕاڕایی نواند، بەرەوڕووی چوو، پەیمانی ئەوەی دایێ کـە جـارێکی دیکە لە بەرەوڕووی هەڵنەستێتەوە. نیشاپوور ڕزگاری بوو، بەڵام هەرگیزا و هەرگیز لە ترسە گەورەکانی مانگی ڕەمەزان ڕزگاری نەبوو.



## VII

– ئا بەم جـۆرە خـەیام باسی ئەم سـەرکـردە سـەلجـۆقـیـیـانەی دەکـرد، ڕاووڕووتکەری نەخوێندەوار و سەرکردەی ڕۆشنفیکربوون، توانای ئەوەیان هەبوو ناهەمـوارترین کـار بکەن و بڵندترین ڕەفـتـاریش بنوێنن. بەتایبەت توغـرول بەگیان، خەسڵەتی دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی هەبوو. تەمەنم تەنها سێ ساڵ بوو کە ئیسفەهانی گرت و دە ساڵانیش بووم کە بەغدای غەزوو کرد، خۆی وەکو پارێزەری خەلیفە ناساند و وای کرد کە ناونیشانی سوڵتانی پێ ببەخشن، پاشای سەرتاپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە تەمەنی حەفتا ساڵیشدا، کچی ئەمیری موئمینینی خواست.

عـومەر ئەمەی بەئیعـجابەوە وت، ڕەنگبێ کەمۆکەیەکیش بەهەیبەتەوە، بەڵام جـیـهـان بەشـێـوەیەکی زۆر بێ شـەرمـانە دایە تریقـەی پێکەنین. عومەریش سەیری دەکرد، ڕوخسار گرژ، هەست بریندار بوو، لەم پێکەنینە کتوپڕە تێنەگەیشت؛ داوای لێبوردن دەکات و خۆی بۆ ڕوون دەکاتەوە:

– کاتێک باسی ئەو ژنهێنانەت کرد، بیرم لەو شتە کردەوە کە لە حەرێم بۆیان گێڕامەوە.

عـومەر زۆر بەناتەواوی بەسەرهاتی ئەو چیرۆکـەی دێتـەوە یاد کە وشە بەوشە جیهان بۆی گێڕایەوە.

کـاتێک داواکـەی توغـرول دەگـاتە خـەلیـفە کـە داوای سـەیدەی کـردبوو، خەلیفە ڕەنگی تێک چووبوو. پەیکبەری سوڵتان هەر بەئاستەم بیلاتی جێ هێشتبوو، خەلیفە وتبووی:

– ئەم تورکە، دەمێک نییە خێوەتی جێ هێشتووە! ئەم تورکە کە باوانی هەر دوێنێ بوو، نـازانم بەرامــبـــەر بە چ بـتێ دەچەمـــێـنەوە و لەســەر بەیداغەکانیشیان وێنەی لموزی بەرازیان دەکێشا! چۆن جورئەتی ئەوە دەکەن کە داوای کچی ئەمیری موئمینین بەئەسڵ و نەسەب بکات؟

ئەگەر بێت و هەمـوو ئازای لەشە مـەزنەکەی کەوتبێتنە لەرزین، چونکە دەیزانی نـاتوانی ئەم داوایە ڕەت کـاتەوە. دوای چەندین مـانگی دوودڵی و دوو نامـەش بۆ هێنانەوە یاد، گـەیشـتـە ئەوەی کـە سیـاغـەی وەڵامـێک

بدۆزێتەوە. یەکێ لە موستەشارە ڕیشسپییەکانی گەیاندنی نامەکەی کەوتبووە ئەستۆ، چوو بۆ شاری ڕەی کە تاکو ئێستاش کەلاوە و پاشماوەکانی ئەم شارە لە دەوروبەری تارانەوە دیارن. شوێنی نیشتەجێبوونی توغرول بوو.

سەرەتا وەزیر ئیستیقبالی پەیکبەرەکەی خەلیفەی کرد کە بەم وشانە پێشوازی لێ کردبوو:

– سوڵتان هەراسانی لێ گرتووم و بێ تاقەتی کردووم، گەلێ دڵخۆشم بەوەی کە هاتی و جوابت لێ گێڕاینەوە.

– با گوێت لە وەڵامەکە بێت، هەندەش دڵخۆشکەر نییە: ئەمیری موئمینین داوای لێبوردنتان لێ دەکات، توانای ئەوەی نییە کە ئەم داوایە جێبەجێ بکات.

بەم هەواڵە وەزیر زۆر تێک نەچوو و هەر خەریکی تەزبێحاتی خۆشی بوو.

– ئەوها، پێی دەڵێ: ئەم دالانە دەبڕی و دەرگایەکی گەورەت دێتە ڕێ، لەوێ، بڕۆ بەسەرڕۆکی هەموو وڵاتی عێراق و وڵاتی فارس و خوراسان و ئازربایجان و ئەوەی کە بەنووکی شمشێر، لە پێناوی دینی هەق ئاسیای داگیرکرد، ئەوەی کە پارێزەری خەلافەتی عەباسی دەکات، دەبڕۆ دەی، پێی بڵێ: «نەخێر، خەلیفە کچی خۆیت ناداتێ!» زۆرباشە، ئەوە پاسەوانە و دەتباتە لای جەنابی.

پاسەوانی ناوبراو ئامادەبوو و تەتەریش هەڵسا و دوای کەوت، لەم کاتەدا، وەزیر بەگاڵتەوە وتی:

– بڕوا دەکەم وەکو کابرایەکی دونیادیدە، قەرزوقۆڵەی خۆت داوەتەوە، ماڵ و سەروەتیشت بەسەر کوڕەکانتا دابەش کردووە و کچانیشت داونەتە شوو!

تەتەر دەگەڕێتەوە و دادەنیشێ هەست بەشەکەتیی دەکات.

– باشە چ ڕاوێژکارییەکم دەکەی؟

– خەلیفە هیچ ڕێگایەکی دیکەی پێ نیشان نەدای، هیچ



ڕێککەوتنێکی دیکەتان لەبەردەمدا نییە؟

– پێی وتم ئەگەر هیچ چارەسەری دیکە نەمێنێ بۆ ئەوەی خۆمان لەم داواکردنە بدزینەوە، ئەوە پێشنیاری سێ سەد هەزار دیناری زێڕیان بەدیاری، لەجیاتی دەدەینێ.

– ئا بەم شێوەیە دەست پێ بکەی چاکترە. بەڵام بڕوا ناکەم کە ئەمە بڕیارێکی ماقووڵ بێت، دوای ئەوەی کە سوڵتان ئەم هەموو شتەی بۆ خەلیفە کرد، دوای ئەوەی هێنایەوە شارەکەی کە پێشتر شیعەکان شاربەدەریان کردبوو، دوای ئەوەی عەرد و سەروسامانە قەپێندارەکانی بۆ گەڕاندەوە، داوای پاداشتێک بکات. دەتوانین بگەینە هەمان ئەنجام بەبێ ئەوەی هەستی توغرول بەگ بریندار بکەین. تۆ پێی بڵێ کە خەلیفە داوایەکەت قبووڵ دەکات و منیش لەلای خۆمەوە ئەم موناسەبەتە گونجاوە دەقۆزمەوە کە سوڵتان هەست بەلەخۆ ڕازیبوون دەکات و ئەوەی پێشنیار دەکەم کە لەهەمان کاتیشدا کە دیارییەکی واش لە گۆڕێ دایە کە بەرابەری ئەم داواکردنەیە.

ئەوەی وترا کرا. سوڵتان زۆر بەجۆش و خرۆشەوە، کاروانێکی زۆر گرینگی تەیار دا، هەر لە وەزیر و چەند میرێک و دەیان ئەفسەر و ئەشراف و پیرەژنی خزمی دۆست و هەزاران کۆیلە و پاسەوان، بۆ ئەوەی بچن لە بەغداوە دیارییە بەهاکان لەگەڵ خۆیانا بهێنن کە لە کافوور و ڕێحانە و دێباجە و پڕ لە باولیش بەردی نایاب و هەروەها سێ سەد هەزار پارچە زێڕەکەشی لەگەڵ.

خەلیفە بواری قسەکردنی دا بەئەندامە گرینگەکانی وەفدەکە، لە گەڵیشیانا زۆر بەڕێز و، حورمەتەوە قسەی کرد و پاشانیش دوو بەدوو لەگەڵ وەزیری سوڵتانا کەوتە قسەکردن و بەبێ پێچ و پەنا پێی وت کە ئەم ژنهێنانە بەدڵی ئەو نییە و، ئەگەریش زۆریش پێی لەسەر داگرن ئەوە ئامادەم کە بەغدا بەجێ بهێڵم.

– باشە ئەگەر ئەمە هەڵوێستی ئەمیری موئمینین بێت، ئەی باشە ئەم ڕێککەوتنە، مەبەستم ئەم دیارییە لە پای چی؟

– نەمدەتوانی بەیەک وشە وەڵامتان بدەمەوە. بەهیوای ئەوە بووم کە سوڵتان لەم هەڵوێستەی من تێدەگات و بۆی نییە داوای ئەم قوربانییەم لێ بکات. دەتوانم بەتۆی بڵێم، سوڵتانان نەبووە، چ سوڵتانە فارسەکان، چ تورکەکان، مومکین نەبووە داوای شتێکی وایان لە خەلیفە کردبێت. دەبێ شەرەف و نامووسم بپارێزم!

– چەند مانگێک دەبێ، هەستم بەوە کردووە کە پێدەچێ وەڵامەکە نەء بێت، هەوڵی ئەوەشم دا کە سوڵتان بۆ ئەم نەئە ئامادە بکەم، بۆیم روون کردەوە کە پێش ئەو، کەسی دیکە جورئەتی ئەوەی نەکردووە داوای کچی خەلیفە بکات و ئەمە ناچێتە ناو دابونەرێتەوە و، بۆ خەڵکیش دەبێتە شتێکی سەیر. هەرگیز ناتوانم وەڵامەکەیت وەکو خۆی بۆ بگێڕمەوە، چونکە جورئەت ناکەم.

– مەترسە، قسە بکە!

– داوای عەفوو لە ئەمیری موئمینین دەکەم، نابێت وشەی وا قەد لە زارمەوە دەربێن.

خەلیفە وچانی لێ هەڵگیرا.

– قسە بکە، داوات لێ دەکەم کە هیچ نەشاریتەوە...

– سەرەتا سوڵتان دەستی بەجوێندانم کرد، بەوە تاوانباری کردم کە دژ بە ئەو لایەنگیریی ئەمیری موئمینین دەکەم... هەڕەشەی ئەوەشی لێ کردم کە حەپسم دەکات...

بەئەنقەست وەزیر دەستی بەدەم تەتەڵەکردن کرد.

– با بگەڕێینەوە سەر بابەت، توغرول بەگ چی وت؟

– سوڵتان دەستی بەهاوار کرد: «ئەم عەباسییانە چ عەشیرەتێکی سەیرن! باب و باپیرانییان نیوەی دونیایان داگیرکرد، نازدارترین شاریان ئاوەدان کردەوە و دە سەیریان کە ئیمرۆ! دەست بەسەر ئیمپراتۆرەتەکەیانا دەگرم و دەنگ ناکەن. پایتەختیان داگیر دەکەم، بەکەیف و سەفاوە زێڕ و گەوهەرم بەسەرا دەبارێنن و ئەمیری موئمینینیش پێم دەڵێ: «هەچ شارێ کە خودا داومێتی دەیبەخشمە تۆ، هەموو ئەو خوانانەی کە بەیعەتیان



داومەتێ، تەسلیمی تۆی دەکەم.» تکام لێ دەکات کە کۆشک و بالاخانەکانی، خودی خۆشی، حەریمەکەشی بخەمە ژێر چاودێری خۆمەوە. بەڵام ئێستا کە داوای کچەکەی لێ دەکەم، هەڵدەشاخێ و دەیەوێ شەرەف و نامووسی خۆی بپارێزێ. لینگی پاکیزەیەک، تەنها ئەم ناوچەیە ماوە کە ئامادە بێت شەڕی بۆ بکات؟»

خەلیفە تەنگەنەفەس بوو، قسەی بۆ نەدەکرا، وەزیریش ئەمەی بەهەل زانی بۆ ئەوەی کۆتایی بەنامەکەی بهێنێ.

– سوڵتان لەسەری رۆیشت: «برۆ پێی بڵێ، وەکو چۆن ئیمپراتۆرییەتەکەم داگیرکرد، وەکو چۆن بەغدام زەوت کرد، هەر ئەوهاش ئەم کچە زەوت دەکەم!»

## VIII

جیـهـان بە وردی و بەلەزەتێکی گـوناهئـامـێـزەوە دەیگـێـڕێتـەوە، باسی شکستیی ژنهێنانی پیاوە گەورەکانی ئەم دونیایەی دەکرد و ئیتر عومەر توانجی لێ ناگـرێت و بەحـەزەوە لە وردترین جـوولـەی ورد دەبێـتـەوە. کاتێکیش گاڵتەی پێدەکات، هەڕەشەی ئەوەی لێدەکات کە بێدەنگ بێت و تکای لێدەکات و نەوازشی لەگـەڵ بکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت هەر چەندەش دەزانێ چۆن ئەم حیکایەتە کۆتایی دێت.

ئەمیری موئمینین ملکەچی ئەوە دەبێت کە بڵێ «باشە» و شکستێکی مەزنیش ڕۆحی داگیر دەکات. هەرکە توغرول وەڵامەکەی پێدەگات، ئیتر ڕێگای بەغدا دەگرێتەبەر، پێشی ئەوەشی بگاتە شار، خێرا وەزیرەکەی بۆ تاقیب دەنێرێ و دەیەوێ بەخێراترین کات ئەوە بزانێ بۆ ئامادەکردنی شاییەکە چی بڕیار دراوە و چۆنیش کارەکان مەیسەر دەبن.

کاتێکیش دەگاتە کۆشکی خەلافەت، تەتەر زۆر بەوردەکارییەوە ئەوەیان پێی وت کە عەقدی مارەبییەکە دەکرێ ئیمزا بکرێت، بەڵام کۆبوونەوەی بووک و زاوا کارێکی مومکین نییە، «چونکە ئەوەی گرینگە شەرەفی یەکگرتنە، نەک پێکگەیشتن».

وەزیر وەخت بوو بتاسێ، بەڵام بەسەر خۆیا زاڵ بوو.

– دەیوت، من توغرول بەگ بناسم، بەبێ هیچ گومانێک، پێکگەیشتن بۆ ئەو قەد کارێکی لاوەکی نییە.

لە ڕاستیدا، بۆ ئەوەی پێ لەسەر حەز و ئارەزووە گڕگرتووەکانی داگرێت، سوڵتان هیچ دوودڵیی نەکرد لەوەی کە لەشکرەکەی لەسەر پێ ڕاگرێت و بەغدا گەمارۆ بدات و، هەروەها کۆشکی خەلافەتیش ئابڵوقە بدات. خەلیفە شەڕی نەکرد و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە «پێکگەیشتن» ئەنجام درا. شازادە لەسەر دۆشەکێکی زێڕ کەفت کراو و توغرول بەگیش هاتە ژوورەوە و لەبەردەمی عەردەکەی ماچ کرد و هەروەکو مێژوونووسان دەیگێڕنەوە «پاشانیش چووە خزمەتی بەبێ ئەوەی پەچەکەی لەسەر ڕوخساری هەڵماڵێ و بەبێ درکاندنی وشەیەکیش، هەر بەبێ ئەوەی خۆی



بەوجوودی ئەوەوە بخافڵێنێ». ئیتر هەموو ڕۆژێک دەهات بیبینێ، بەدیاری گرانبەهاوە، هەموو ڕۆژێ دەچووە خزمەتی، بەڵام ڕۆژێک چییە، نەیهێشت چاوی بەڕوخساری بکەوێت. لەگەڵ هەر دەرچوونێکیدا، دوای هەر «پێکگەیشتنێک»، دەیەها کەس چاوەڕوانیان دەکرد، چونکە کەیف خۆش و هەموو داواکارییەکانی قبووڵ دەکرد و بەبێ حسێبیش دیاری دەبەخشییەوە.

لەم ژنهێنانەی ئینحیتاتە و لووتبەرزییە، مناڵێکی لێ نەنێنرایەوە. توغرول شەش مانگ درەنگتر کۆچی دوایی کرد. نەزۆکێکی ئاشکرا دوو ژنی پێشووی تەڵاق دابوو، بەخەتاباری دادەنان، بەڵام خەتا هی ئەو بوو. دوای چەندین ژنهێنان، چ ژنی ئازاد چ کەنیزە، بەڵام دەبوایە مەسەلەکە ئاشکرا بێت: ئەگەر خەتا هەبێت ئەوە خۆی خەتابارە. فاڵچی و حەکیم و شامانی(١) کۆکردەوە، دەرمانیان بۆ نووسی ئەویش ئەوەبوو کە لەژێر تریفەی مانگی چواردەدا، دەبێ گۆشتە بڕاوەکانی دەوری کێری مناڵێکی تازە خەتەنە بوو، فڕ دات. بێ سوودبوو. ناچار ملی بۆ ئەمری واقیع شل کرد. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم عـیـللەتە هەیبەتی لەناو خزم و کەسوکاردا نەزڕێنێ، خۆی بەوە ناوبانگ کرد کە کەڵێکە هەرگیز تێر ناخوات، بۆیە بۆ کورتترین سەفەر حەرەمێکی زیاد لە پێویست پڕی لە ژن و جارییە دەدایە دوای خۆی. باسی توانایی ئەو بووبووە بابەتێک دەبوایە باس کرێ، شتی دەگمەنیش نەبوو کە ئەفسەر یا ڕێبوارە بێگانەکان کە دەهاتنە سەردان، تووشی حەپەسان دەهاتن لەمەڕ بەسەرهاتەکانی، بەزیادەوە باسی وزە و توانای شەوانیان دەکرد و داوای ئەلیکسیر و ڕاچێتەیان لێی دەکرد.

کەواتە سەییدە بەبێوەژن دەمێنێتەوە. دۆشەکە زێڕکەفتەکەی بەبەتاڵی مایەوە، بیری لەوە نەکردەوە کە خەمی بۆ بخوات. لەوە ترسناکتر، بەتاڵی

(١) وشەیەکی ئۆراڵ – ئالتاییکە. مەبەست لە پیاوی ئایینی هۆز و میللەتانی سێبیریا و مەنغۆلەکانە؛ خەسڵەتی کەش و تقووسی تایبەتی هەیە کە لەگەڵ سروشتدا پەیوەندی دەبەستێ و بڕوای بەڕووحانییەت هەیە لە سروشتدا. (وەرگێڕ)

دەسەڵات بوو، ئیمپراتۆرییەت دەمێک نییە لە دایک بووە، ئەگەر چیش بەسەلجۆق، بەم ناوە نەناسراوەی باب و باپیرانەوە ناوزەد کرا، کە توغرول دامەزرێنەری ڕاستەقینەی بوو. لەناوچوونی ئەو و لێ بەجێ نەمانی منالێک، ئایا هەموو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی نغرۆی پاشاگەردانی ناکات؟ لەشکر لە برا و برازا و ئامۆزا پێکهاتبوون. تورکان نەمافی گەورەیی دەزانن یا یاسای جێگرتنەوە.

هەر زوو، پیاوێک خۆی دەسەپێنێ: ئەلپ ئەرسەلان، کوڕی چاغرییە. لە چەند مانگێکدا، خۆی بەسەر ئەندامانی عەشیرەتدا فەرز دەکات، قەسابخانەیەک بۆ هەندێکیان دەنێتەوە و هەندێکیشیان بەزەبری پارە دەکڕێ و بەیعەتی بۆ دەدەن. هەندە نابات لەبەر چاوی ڕەعیەتەکەی بەدەسەڵاتدار دەبینرێ، بەهێز و پتەو و عادیل. بەڵام لەناو نەیارەکانییەوە فسکەفسک پەیدابوو و دووی دەکەوت: کاتێک نەزۆکییان دەدایە پاڵ تۆغرول، خەسڵەتی حەشەرییان دەدایە ئەلپ ئەرسەلان، باوکی نۆ منالّ، ڕێککەوتی دابونەرێت و پڕوپاگەندەش وێنەی پیاوێکیان بۆ دەکێشا کە ڕەگەزی دیکە زۆر سەرنجی ڕانەدەکێشا. دوژمنانیش بە «ئاریلە» ناوزەدیان دەکرد و حاشییەکەشی زۆر ئاگاداری ئەوە بوون کە قسە و گفتوگۆکانیان بکەوێتە بەرگوێی ڕەعیەیەکی بێزارکەرەوە. ئا ئەم ناو زڕانە، ڕاست یا درۆ، دەبێتە هۆی لەناوچوونی و زۆر زووش دەسبەرداری دەسەڵاتەکەی بوو کە زۆر بەهەیبەتەوە دەستی پێکرد و پێدەچوو زۆریش بخایەنێ.

جیهان و عومەر هێشتا ئەمەیان نەدەزانی. لەو کاتەی کە هەردووک لەناو باخچەکەی ئەبوتایەر خەریکی قسەکردن بوون، ئەلپ ئەرسەلان سی و هەشتساڵ بوو تەمەنی، پیاوی هەرە بەتوانا لەسەر گۆی زەمین. ئیمپراتۆرەکەی لە کابوولەوە دەستی پێدەکرد تاکو حەوزی سپی، هەر خۆی و بەس خاوەن دەسەڵاتە و خاوەن لەشکرێکی گوێڕایەڵ، وەزیرێکیشی هەیە بلیمەتترین پیاوی دەوڵەتی ئەو سەردەمەیە، نیزامولمولکە ناوی. بەتایبەت، ئەلپ ئەرسەلان، لەو کاتەدا، گوندی مالازگەردی ئەناتۆلی داگیر



دەکات و لەشکری بیزەنتە تێکوپەکان دەدات و بازیلۆش[٢] یەخسیر دەکرێت. لە منارەی هەموو مزگەوتیشانەوە، بەسەرهات و سەرکەوتنەکانی هەڵدەشاخن، باسی ئەوە دەکەن چۆن لە گەرمەی شەڕدا، کفنێکی سپی دەکاتە بەر و بەعەتر و گوڵاو خۆی بۆنخۆش دەکات و، چۆنیش بەدەستی خۆی گرێیەک لە کلکی ئەسپەکەی دەدات و چۆنیش لە دەوری خێوەتی ئەو رووسانەی کە بۆ ئیستیتلاع لەلایەن بیزەنتییەکانەوە بانگ کرابوون دەحەپەسێنێ و، چۆنیش لووتیان دەبڕێ و، هەروەها چۆنیش بازیلۆی یەخسیریش بەرەڵا دەکات.

بێگومان ئەمە بۆ موسڵمانان کاتێکی گرینگە، بەڵام بۆ سەمەرقەند دەبێتە بابەتێکی پڕ لە گێچەڵ. ئەلپ ئەرسەلان هەمیشە چاوی لێبوو و لە ڕابردووشدا هەمیشە ویستبووی دەستی بەسەر بگرێت، تەنها ململانێی لەگەڵ بیزەنتە ناچاری کرد کە هودنە بکات و ببێتە ڕێککەوتنێکیش کە لەسەر بناغەی ژن بەژن لەنێو ئەو دوو بنەماڵەیە جێگیر بێت: تەرکێن خاتوون، خوشکی ناسر بدرێتە مەلیکشاە، نۆبەرەکەی سوڵتان و خانیش خۆی کچی ئەلپ ئەرسەلان بخوازێ.

بەڵام کەسێک لەمەڕ ئەم ڕێککەوتنامە ساویلکە نییە. لەو کاتەوەی کە گوێی لە سەرکەوتنی خەزوورەکەی بوو بەسەر فەلەکانا، سەرۆکی سەمەرقەند ترسی گرتنی شارەکەی لەسەر نیشتووە، بەهەڵەدا نەچووە و ڕووداوەکان بەخێرایی تێدەپەڕن.

دووسەد هەزار فورسانی سەلجۆقی ئامادەن لە «ڕووبار»ەکە بپەڕنەوە، مەبەست لەو ڕووبارەیە کە بەجەیحوون ناوی دەبەن و پێشینەییەکانیش بەئۆکسووس ناویان دەبرد و پاشانیش دەبێتە ئەموو داریا. پێویستی بەبیست ڕۆژ بوو بۆ ئەوەی دوا سەرباز بەسەر پردێکدا بپەڕێتەوە کە بەقایەغی پێکەوە بەستراو، دروست کرابوو.

(٢) سەرەتا، واتە لە سەردەمی هیلینیدا، لە سەردەمی ئەلەکسەندەری مەزنەوە، ئەمە نازناوی پاشایانی فارس و حوکمدارانی ڕۆژهەڵات بوو، پاشان دەدرێتە پاڵ بەئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان لە سەردەمی بیزەنتە دەوترا. (وەرگێڕ)

دیوەخانەکەی سەمەرقەند هەمیشە ئاوەدانە و پڕی لە خەڵکە، بەڵام بێدەنگن، هەر بەماڵی تازییەبارێک دەچێ.

خانیش پێدەچێ ئەزموون و تاقیکردنەوەکان فێری حیکمەتیان کردبێت، نە تووڕە دەبێت، نەدەنگیشی بەرز دەکاتەوە. حاشیەیش هەموو مات. خاوەن شکۆ دڵیانی دەدایەوە. ئەم هێمنییە ڕاڕای دەکردن، هەستیان دەکرد ملیان بۆ ئەمری واقیع کەچ کردووە، قازی ڕووخا و، خەونیشی بەسەلامەتی خەڵکەکەوە دەبینی. هەڵهاتن، خەیانەتکردن، چاوەڕوانکردن یا نوێژکردن و پاڕانەوە؟

دووجار لە ڕۆژێکدا، خان هەڵدەستێ مەوکیبێکیش لە خزم و کەس پێکهاتبوو دوای دەکەوت، قازی دەچوو لایەکی شوورای شارەکەی دەپشکنی و سەربازەکان و ناکەسبەچەکان هوتافیان بۆ لێ دەدات. لە یەکێ لەو جەولانەی، چەند گەنجێکی شارستان ویستیان لە ناسر نزیک ببنەوە. پاسەوانەکان نەیان هێشت زۆر لێی نزیک ببنەوە، هاواریان دەکرد کە ئامادەی ئەوەن کە لەتەنیشت لەشکرەوە بچنە جەنگەوە و ئامادەی ئەوەن کە خۆیان لە پێناوی شار و خان و بنەماڵەکە بدەنە کوشت. خان ئەم دەسپێشخەرییەی زۆر بەشێلگیرییەوە نەگرت، خان تووڕە دەبێت و کۆتایی بەجەولەکەی دەهێنێ و دەگەڕێتەوە و فرمانیش دەداتە پاسەوانەکەی کە بەبێ سێ و دووکردن بڵاوەیان پێ بکەن.

کاتێکیش دەگەڕێتەوە کۆشک، گلەیی لە ئەفسەرەکانی دەکات:

– کاتێک کە باپیرەم، ڕەبی خودا هەمیشە بیرەوەرییە حەکیمەکانیمان بۆ بپارێزێ، ویستی شاری بەلْخ داگیرکات، دانیشتوان بەبێ ئاگاداری سەرکردەکەیان چەکیان گرتە دەست و سەربازێکی زۆریان لێ کوشتین و لەشکرەکەیان ناچارکردین کە بکشێینەوە. ئینجا باپیرەم نامەیەکی بۆ محەمەد، سەرکردەی بەلْخ نووسی، نامەیەکی پڕ لە گلەیی و ڕەخنە بوو: «ئامادەم کە لەشکرەکانمان بەرەو ڕووی یەکتر ببنەوە، خوداش سەرکەوتن دەداتە ئەو لەشکرەی کە دەیەوێ، بەڵام بۆ کوێ بڕۆین کاتێک کە عەوام خۆیان تێکەڵی ئەم شەڕە دەکەن؟» محەمەد هەقی دا بەباپیرەم، سزای



دانیشتوانی دا، چەک هەڵگرتنی لێ قەدەغەکردن، لەبری ئەو وێرانکارییەی کە دووچاری هاتن، زێڕی بۆ هەڵڕشتن. ئەمەش هەروەک بۆ دانیشتوانی بەلْخ ڕاستە، بۆ دانیشتوانی سەمەرقەندیش هەر ڕاست بوو، سروشتی خۆبەدەستەوە نەدانیان هەیە و منیش ئەوەم پێ باشە کە لەجیاتی ئەوەی منەتی دانیشتوان هەڵگرم، بەتەنها و بەبێ چەک بەرەو ڕووی ئەلپ ئەرسەلان ببمەوە.

هەموو ئەفسەرەکان لایەنگیرییان کرد، بەڵێنی ئەوەیان دایە هەموو کەفوکوڵێکی میللەت خامۆش بکەنەوە و پەیمان و بەیعەتیان لەگەڵی نوێ کردەوە و بەڵێنی ئەوەشیان دایێ کە هەروەکو دڕندەی بریندار هەڵمەت بەرن. ئەمەش تەنها قسە نین. لەشکری ئوزبەگیستان لە لەشکری سەلجۆقییەکان بێ بەها و نرخ کەمتر نییە. ئەلپ ئەرسەلان تەرازووی تەنها بەژمارە و بەتەمەن بەلادا دەشکایەوە. مەبەستی لە لەشکرەکەی خۆی نەبوو، بەڵکو هی بنەماڵەکەی بوو. خان بەر وەچەی دووەمە، هێشتا جۆشوخرۆشی دامەزرێنەر لە کەللەی هێشتا بەتاوە. ناسر پێنجەمین کەسی بنەماڵەکەیەتی، زیاتر تموحی ئەوەی هەیە کە لەزەت لەو دەسکەوتانە ببینێ تا لە دەستی دات.

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە پڕ هەیەجانە، خەیام ویستی خۆی لە شار دوورەپەرێز ڕاگرێت. بێ گومان، ناتوانی هەروا بمێنێتەوە، جار ناجارێ، سەرێکی لە بیلات دەدا و یا دەچوو سەردانی قازی دەکرد و نەیدەویست وا خۆی پیشان بدات کە لەم زرووفە ناسکەدا پشتیان لێدەکات. بەڵام زۆربەی کاتەکانی لە کۆشکەکەی دەمایەوە و خۆی بەکارەکانییەوە خەریک دەکرد و، یا نووشتابووە سەر کتێبە نهێنییەکەی و زۆر بەگەرموگوڕییەوە خەریکی پڕکردنەوەی بوو، هەروەکو ئەوەی جەنگ بۆ ئەو تەنها لە ڕێگەی حیکمەتێکی ڕووتەوە وجوودی هەبێت.

تەنها جیهان بەواقیعی دراماتیکی دەوروبەر دەیبەستەوە، هەموو ئێوارەیەک جیهان دەنگوباسی بەرەی بۆ دەهێنێ، قسەوقسەلۆکی کۆشک و، بەبێ هیچ گرینگی پێدانێکی لە ڕادەبەدەر گوێی بۆ ڕادەگرت.

لە مەیدانیش، هێرشبردنەکەی ئەلپ ئەرسەلان بەسستی نزیک دەبێتەوە. سست و قورسی لەشکرێکی زەبەلاح، زەبت و ڕەبتێکی شاش، نەخۆشی، زەلکاو. بەرگریی کردنیش، هەندێ جار خوێناوییە. هەندێ جار، بەتایبەتی پیاوێک ژیانی لە سوڵتان تاڵ دەکرد، بۆ نموونە سەرکردەی قەڵایەکە زۆر لە ڕووبارەکەوە دوور نەبوو. لەشکرەکە دەتوانی ڕێی پێ بگۆڕێ و ڕێگای خۆی بکاتەوە، بەڵام پشتەوەی زۆر جێی بڕوا نەبوو و سەرلێشێوانیش تا دەهاتیش زیادی دەکرد و لە کاتی تەنگانەشدا، پێدەچوو کشانەوەش زۆرجێی مەترسی بێت. کەواتە پێویستە کۆتایی بەم شەڕە بهێندرێت، دە ڕۆژیش دەبێ ئەلپ ئەرسەلان بڕیاری دەرکردووە و شاڵاو بردن لە زیادی دایە.

لە سەمەرقەند زۆر بەوردی ئاگاداری دەنگوباسی مەیدانی جەنگن. هەرسێ ڕۆژ جارێک، کۆترێک دەنیشێتەوە کە بەرگریکەران بەرەڵایان کردووە. لە نامەکاندا هەرگیز باسی یارمەتی نەکراوە و باسی کەمی ئازووقە و کەمیی جەنگاوەران نەکراوە و تەنها باسی دوژمن دەکرێ کە لە فەتارەتدایە و پڕوپاگەندەی ئافاتیش بڵاوبۆتەوە. هەر لە چاو ترووکانێکدا. سەرکردەیەکی مەیدان، یوسف ناوێک، خەڵکی خەوارزمە، دەبێتە یەکێ لە پاڵەوانەکانی ئۆزبەگیستان.

وەختی ئەوەش هات کە ئەو چنگە بەرگریکەرانە تێکشکان و تەمەڵی قەڵاش شاڵاوی بۆ هێنرا بەسەر شوورەکانیشدا ئاودیوبوون. یوسفیش تاکو پێش ئەوەی بریندار بکرێت و بەیەخسیر بگیرێ هەر دەجەنگا. دەیبەنە پێش سوڵتان و ئەویش فزوولییە و دەیەوێ بزانێ ئەمە کێیە هەندە دەردی داوەتێ. پیاوێکی کورتەبنەی هیشک، قژ بژ، سەرقیت، دوو کەتەش لەملاو ئەولا بازوویان گرتووە. ئەلپ ئەرسەلانیش، چوارمەشق لەسەر کەژاوەیەکی لە دار دروستکراو و بەبالیفی زۆریش دەوردراو لێی دانیشتووە. ئەم دوو پیاوە قەدەرێک بەتەحەداوە سەیری یەکتر دەکەن، پاشان سەرکەوتوو دێتە دوو:

– چوار سنگ لە عەرد بچەقێنن و بیبەستنەوە و هەر چوار پەلی ڕاکێشن!



یوسف هەر لە نووکی پێوە تا تەوقی سەر بەتەوزەوە تەماشای دەکات و هاوار دەکات:

– ئا بەم جۆرە مامەڵەی یەکێ دەکرێ کە وەک پیاو جەنگا؟

ئەلپ ئەرسەلان وەڵامی نەدایەوە و ڕووی خۆی وەرگێڕا. زیندانییەکەش بانگی کرد:

– تۆ، هەی ئاریلە، لەگەڵ تۆمە!

سوڵتان ڕادەچڵەکێ، هەروەکو ئەوەی دووپشکێک پێوەی دابێ!

دەست بۆ تیروکەوانەکەی دەبات کە هەر لە نزیکییەوە دانرابوو، تیرێکی دەخاتە نێو کەوان، پێش ئەوەی بیهاوێژێ، ئەمر دەکاتە پاسەوانەکانی کە زیندانییەکە بەرەڵاکەن. چونکە ناتوانێ تیر بهاوێژێتە یەکێک کە بەسترابێتەوە، لەوە دەترسێ کە تیرەکەی بەر یەکێ لە سەربازەکانی بکەوێت. لە هەموو بارێکدا، لە هیچ ناترسێ، قەد تیری ئەو سەروبەری نەکردووە.

ئایا ئەمە لەبەر هەڵچوون و تووڕەبوونێکی زۆر و پەلەکردن و شڵەژان بوو کە ترسی ئەوەی لەسەر بنیشێ کە لەو مەسافە کورتەوە تیرەکە بهاوێژێت؟ ڕەنگبێ ئەوەش ڕوبدات کە تیرەکە بەر یوسف نەکەوێت و سوڵتان کاتی ئەوەی بۆ ڕێک نەکەوێت کە تیرێکی دیکە بخاتە نێو کەوانەکەیەوە و زیندانییەکە هەڵمەتی بۆ بەرێت. ئەلپ ئەرسەلانیش توانای ئەوەی نابێت ئەگەر بێت و هەروا لەسەر کەژاوەکەی بەدانیشتوویی بمێنێتەوە و دەیەوێ بێتە خوارەوە و پێی لە سەرینێک گیر دەبێت و ساتمە دەکات و بەردەبێتەوە. یوسف هەڵمەتی بۆ دەبات و ئەو چەقۆیە دەگرێتە دەست کە لە ژێر جلوبەرگەکەی شاردبوویەوە. پێش ئەوەی یەکێ لە پشتەوە گورزێکی لێدات، ئەوەی بۆ هەڵدەکەوێ کە چەقۆیەک بکێشێتە قەبرغەیا. سەربازەکانیش هەڵمەتیان بردە سەر جەستە هەلاهەلاکەی. بەڵام لەسەر لێوانیشی بزەیەکی گاڵتەئامێزانە کە مەرگ هیشکی کردبوو، دیاربوو. تۆڵەی خۆی کردەوە، سوڵتانیش بەدەم ئەو برینەوە، جارێکی دی هەڵنەسایەوە.

لە ڕاستیدا، ئەلپ ئەرسەلانیش بەدەم گیاندانەوە، چوار ڕۆژی دیکە ژیا. گیاندانی لەسەرخۆ و ڕامانێکی تاڵ و پڕ زووخاو. مێژوونووسانی ئەو دەمە، قسەکانیمان بۆ نەقڵ دەکەن: «ئەو ڕۆژە، لە پشکنینی لەشکرەکەم دابووم، هەستم کرد کە زەمین لەژێر پێیان دەلەرێتەوە و بەخۆم وت: «منی گەورەی دونیا! کێ دەتوانێ خۆی لە قەرەم بدات؟» بۆ فیز و سینگ هەڵکێشانم، خوا کەساسترین کەسی بۆ ناردم کە کۆتایی بەژیانم بهێنێ. خودا پیاوێکی بەزیوی بۆ ناردم، بەندییەک بوو، تاوانبارێک بوو بەرەو سزای خۆی دەچوو، بەڵام دەرکەوت کە ئەو لە من بەتواناترە و ئەو دەستی خۆی وەشاند و لەسەر تەختی بەردامەوە و ژیانی لە دەست دام.»

ئایا ڕۆژی دوای ئەم کارەساتە عومەر خەیام ئەم چوارینەیەی لە کتێبەکەی تۆمار نەکردبێت:

کات ناکاتێک پیاوێک لەم دونیایە ڕاست دەبێتەوە،
ماڵ و سامانی هەڵدەڕێژێ و بانگەشەی ئەوەش دەکات: هەر من و بەس!
شکۆمەندییەکەی تەمەنی خەونێکی زڕاوی هەیە،
مەرگیش ئامادە و بانگەشەی ئەوە دەکات: هەر من و بەس!



## IX

لەناو سەمەرقەندی لە ئاهەنگدا، ژنێک جورئەتی ئەوە دەکات بگریێ: هاوسەری خانی سەرفرازە، هەر ئەمە نا، بەڵکو کچی سوڵتانی خەنجەر لێدراویشە. ڕاستە، مێردەکەی سەرەخۆشیی لێ کرد و داوای لە حەرێمەکەی کرد تازیە دانێن و خەساوێکیشی دایە بەر قامچی، چونکە زیاد لە پێویست دڵخۆشی خۆی نیشان دابوو. بەڵام لەکاتی گەڕانەوەی بۆ دیوەخان، سێ و دووی لەوە نەکرد کە ئەوە دووبارە بکاتەوە کە «خودا دوعا و نزر و پاڕانەوەی خەڵکی سەمەرقەندی قبووڵ کرد».

دەشتوانین ئەوە بڵێین کە دانیشتوانی ئەو سەردەمە هیچ هۆیەکیان نەبوو بۆ ئەوەی حوکمڕانێکی تورکیان بەدڵ بێت و یەکێکی دیکەیانیش بەدڵ نەبێت. لەوە دەپاڕانەوە و دەترسان کە حوکمڕانێک بەحوکمڕانێکی دی بگۆڕدرێت و قەسابخانە بنێتەوە و زووخاو بەخەڵک بڕێژێ و ڕاوڕووت و تاڵان دەست پێ بکاتەوە. بۆ ئەمەش وای پێویست دەکرد کە حوکمڕان هەموو سنوورێک پەی کات و دانیشتوانیش بەوە ناچار بکات کە باجێکی زیاد لە توانایان لێ بسەنێ و زەقنەبووتیان دەرخوارد بدات، تاکو گەیشتنە ئەو حاڵەتەی کە ئارەزوویان دەکرد یەکێکی دی بێت و بیبەزێنێ. سەبارەت بەناسر هەمان حاڵەت نەبوو. ڕاستە لە هەموو میران چاکتر نەبوو، بەڵام لە هەمووشیان خراپتر نەبوو، لەگەڵی ڕاهاتبوون و لە خودای مەزنیش دەپاڕانەوە کە سنوورێک بۆ تەفریتەکانی دانێت.

کەواتە لە سەمەرقەند ئاهەنگ بۆ ئەوە ساز دەکەن کە خوا لە دەرد و بەڵای جەنگ بیان پارێزێت. لە مەیدانە گەورەکەی ڕاسەلتاک هاوار و دوکەڵ بەرز دەبێتەوە. لەبن هەموو دیوارێک فرۆشیارەکان شتومەک و کاڵای خۆیان داناوە. لەژێر هەموو چرای دارتەلێ، ژنە گۆرانیبێژێک گۆرانی دەڵێت و یەکێکیش عود دەژەنێ. هەزارەها بازنەی تەماشاکەر لە دەوری حیکایەتخوان و فاڵچی و ئەوانە مار هەڵدەپەڕێنن، دروست دەبن و هەڵدەوەشێنەوە. بەناوەندی مەیدانەکەش، لەسەر سەکۆیەکی شلۆقی بەپەلە دروستکراو، شایەرە میللییەکان بەبالای سەمەرقەندی بێ هاوشان و

سەمەرقەندی خۆڕاگر هەڵدەشاخن و شیعر دەهۆننەوە. حوکمی بینەرانیش کتوپڕە. ئەستێرەیەک دەدرەوشێتەوە و یەکێکی دی ئاوا دەبێت. لە هەموو لایەکیشەوە، بەدار و چیلکە ئاگر کراوەتەوە. مانگی خەزەڵوەرە. شەوان هیشک و ساردن. لە کۆشکیشدا، گۆزەی شەراب زوو بەتاڵ دەبن، هوورد و خاش دەبن، خانیش لە نەشوەی مەستییدایە، بەگاڵەگاڵە و سەرکەوتوو خۆی دەنوێنێ.

ڕۆژی دوایی لە مزگەوتی گەورە نوێژ بۆ «غایب» دەبەستن و پاشان خەڵکی دێن و لە بۆ مردنی خەزوورەکەی سەرەخۆشیی لێ دەکەن. هەر هەمان ئەو خەڵکەبوون کە ڕۆژی پێشتر هاتبوون و پیرۆزباییان بۆ سەرکەوتنەکەی لێ کردبوو، ئیمڕۆ پرسەدارە، هاتوون بەشداری ئەم ئازارەی خان بکەن. قازی چەند ئایەتێکی بەم موناسەبەتەوە خوێندەوە و داوای لە عومەریش کرد کە ئەویش ئایەتێک بخوێنێتەوە و لەبن گوێشی ئەمەی وت:

– سەرت سوڕتەمینێ، واقیع هەروەکو ئینسان دوو ڕوخساری هەیە.

بۆ هەمان ئێوارەش، ناسرخان بانگی ئەبوتایەر دەکات و داوای ئەوەی لێ دەکات کە لەگەڵ ئەو وەفدەیا بڕوات بۆ ئەوەی ڕێز و تەقدیری شاری سەمەرقەند بگەیەننە سوڵتانی خوالێخۆشبوو. ڕاستە عومەر و سەدوبیست کەسی دیکەش لەم سەفەرەدایە.

شوێنی فاتیحەش کۆنە ئۆردووگایەکی لەشکری سەلجۆقییە کە ڕێک دەکەوێتە سەررووی ڕووبارەکەوە. هەزارەها دەوار و خێوەت هەڵدراون، هەر بەشارێکی ڕاستەقینەی خێرا دروستکرا و دەچێت کە تیایا نوێنەرە ئەشرافەکانی ئۆزبەگیستان بەوریاییەوە لەگەڵ ئەو جەنگاوەرە کۆچەرە قژ درێژ و هۆنراوانە کۆبوونەتەوە؛ هاتوون پەیمانی عەشیرەت نوێ بکەنەوە. مەلیکشا حەڤدە ساڵانە، لەش زل و دەموچاو منداڵانە، خۆی پەستاوەتە نێو پاڵتۆیەکی کەرەکۆڵانەوە، تەختەکەشی لەسەر سەکۆیەکە و دانیشتووە، بەهەردوو چاویشی ئەلپ ئەرسەلانی باوکی بینی چۆن کەوتە خوارەوە. وەزیری گەورە، پیاوە گەورەکەی ئیمپراتۆرییەت، چەند هەنگاوێک لەوەوە



نزیکە و ڕاوەستاوە، تەمەنی پەنجا ساڵە و مەلیکشا لەبەر ڕێز و تەقدیرێکی زۆر، بە «باوکە» ناوی دەبات و ئەوانی دی، هەموو بەنیزامولمولک بانگی دەکەن. هەرگیز نازناوی وا، جگە لەو شایانی کەسێکی دی نەبووە. هەرجارە و میوانێکی دیاریی لێی نزیک دەبێتەوە، سوڵتانی لاو بەچاو داوای پێشنیار لە وەزیر دەکات، ئەویش زۆر بەنهێنییەوە پێی دەڵێ ئایا پێویستە زۆر مێواندار خۆی نیشان دات یا سڵکەرەوە، یا ئەوەتا هێمن بێت یا زۆر بەتەنگەوەچوو بێت یا ئیهمالکەر.

وەفدەکەی سەمەرقەند بەتەواوی هاتبوون و لەبەردەم مەلیکشا چەمانەوە، ئەویش سەرێکی بۆ لەقاندن و پاشانیش چەند ئەشرافێک لە وەفدەکە جیا دەبنەوە و بەرەو ڕووی نیزام دەچن. وەزیر ساردیی دەنوێنێ، یاریدەدەرەکانی لە دەوریدا بەهەڵپەن، بەڵام بەبێ هیچ کاریگەرییەک، سەیریان دەکات و گوێیان لێ دەگرێت. نابێ خەیاڵی ئەوە بکرێت کە گەورەی کۆشکێکی پڕ قڕەقڕە. ئەم حزوورە زیاد لە پێویستەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە بەبەنێکی نادیار پەتی قەرەقۆزەکەی بەدەستەوەیە، بەکەیفی خۆی هەرچۆنێکی بوێ بای دەدات. شتێکی دەگمەن نییە کە لەگەڵ میوانێک سەعاتێک دانیشێ و تەنها هەر گوێش لە بەخێرهاتن و خوداحافیزیی ببێت. بێدەنگییەکەی زۆر نموونەییە. چونکە سەردان لە پێناوی ئەوە نییە کە قسەی لەگەڵ بکرێت، سەرلێدانی لە پێناوی بەیعەت نوێکردنەوەیە، بۆ ڕەواندنەوەی گومان و بیرچوونەوەیە.

دوانزە وەفدەکەی سەمەرقەند بەوە خۆشحاڵ دەبن ئەگەر پێیان بکرێت خۆیان لەو کەسە نزیک بکەنەوە کە ڕەشمەی ئیمپراتۆرییەتی بەدەستەوەیە و کاریگەریی خۆیان جێبهێڵن. عومەر ڕێک لە دواوەی قازییەوە ڕاوەستاوە، ئەبوتایەر چەند وشەیەک لە دەمییەوە تەتەڵەی کرد. نیزام سەری بۆ لەقاند، دەستی لەناو دەستی بۆ چەند چرکەیەک هێشتەوە، قازی بەم ڕێزلێگرتنە دڵخۆش بوو. کاتێک نۆرەی عومەریش هات، وەزیر تا ئاستی گوێی دەچەمێتەوە و دەچرپێنێتە بناگوێی:

– ساڵی ئایندە، هەروەکو ئیمڕۆ لە ئیسفەهان بە، پێکڕا دوو بەدوو قسان دەکەین.

خەیام گومانی دەکرد کە گوێی لە شتێک بووبێ، هەستی دەکرد کە شتێک لە زیهنیدا شەپۆلی دا. سام لەم شەخسییەتە دەکات، ئەم ڕەسمییاتە زیاد لە پێویست سەرنجی ڕادەکێشێ، ئەم هەراوهاوارە مەستی دەکات، قیژە و گریانی ژنان کەڕی دەکەن؛ بڕوا بەهەستەکانی ناکات، دەیەوێ دڵنیا بێت، گوێی لە شتێکی وردبێت، بەڵام حەشامات پاڵی پێوە دەنێت، وەزیر سەیری لایەکی دیکە دەکات و بەبێدەنگی سەر دەلەقێنێتەوە.

لە ڕێگای گەڕانەوە، خەیام هەمیشە کاوێژی ئەو بەسەرهاتە لە مێشکی دەکاتەوە. ئایا وەزیر تەنها مەبەستی ئەو بوو، ئایا بەیەکێکی دیکەی تێنەگەیشتبێ، باشە بۆچی پەیمانێکی وای لەگەڵ بەست، دوای ساڵێکی دیکە! جا چ بەگوێرەی کات چ بەگوێرەی مەسافەوە هەر دوورە؟

بڕیاری ئەوە دەدات کە لەگەڵ قازی باسی بکات. چونکە قازی ڕێک لە پێشەوەی ئەو بوو، دەکرێ گوێی لە وشەیەک، هەستی بەشتێک، یا مەزنەی شتێکی کردبێ. ئەبوتایەر، بیژبیانە، وازی لێدەهێنێ بۆ ئەوەی بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕێتەوە:

– تێبینی ئەوەم کرد کە وەزیر شتێکی چرپاندە بناگوێت؛ گوێم لە هیچ نەبوو، بەڵام لەوە دڵنیات دەکەم بەیەکێکی دیکەی نەچواندووی. ئایا ئەو هەمووو یاریدەدەرانەت نەبینی کە دەوریان دابوو؟ ئەوانە ئیشیان ئەوەیە کە سەبارەت بەهەر وەفدێکی دیاریکراو، ئاگاداری و زانیاری تەواوی بدەنێ، ناو و ناونیشانی ئەوانەی پێدەڵێن کە بەرەو ڕووی ئەو دەچن. ناوی تۆیان لێ پرسیم، لەوە دڵنیابوون کە خەیامی نیشاپووری تۆی، زانا و ئەستێرەناس، هیچ هەڵەیەک لەمەڕ شناسنامەی تۆدا نەکەوتە ئاراوە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر تاقە هەڵەیەک لە نیزامولمولکەوە بەدی بکرێت، ئەوەیە کە ئافراندن بەکردەیەکی چاک لە قەڵەم دەدات.

ڕێگا تەخت و بەردەڵانە. بەدەستی ڕاست، لە دووڕا، زنجیرە چیایەک بەدەردەکەون زنجیرە چیایەکی سەرکەش، ئیتر زنجیرە چیایەکانی پامیریش دیارن. خەیام و ئەبوتایەر، بەتەنیشت یەکەوە سواری وڵاغەکانیان بوون و



جار ناجارێ قەبرغەی وڵاغەکانیان لە یەک دەسوی.

– دەبێ چی لێم بوێت؟

– بۆ ئەوەی بزانی مەسەلە چییە، دەبێ ساڵێک چاوەڕوان بیت. لە ئێستاشەوە تا ئەو کات، ئامۆژگاری ئەوەت دەکەم خۆت نەگلێنیتە نێو گومان و وەسوەسەوە، ئەم چاوەڕوانییە زۆر دەخایەنێ، خۆت بەهیلاکەت نەدەی. بەتایبەت لای کەس ئەمە نەدرکێنی!

– ئایا سروشتی زۆربلێیم هەیە؟

ئەم قسەیە نەبرەی گلەیی پێوەبوو. قازی جلەو بەرنادات:

– دەمەوێ ڕێک و ڕەوان ئەمەت پێ بڵێم: هیچ بەو ژنە نەڵێی!

دەبێ عومەر لەمەوپێش گومانی کردبێ. سەردانەکانی جیهان ناکرێ ئەوها دووپات بینەوە و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت:

– هەر لە پێکگەیشتنی یەکەمتانەوە، پاسەوانەکان هاتن و بۆیان گێڕامەوە. چیرۆکێکی ئالۆزم دۆزییەوە بۆ ئەوەی پاکانە بۆ ئەم سەردانانە بکەم، ئەوەم داواکرد کە نە هەست بەبینینی ئەو بکرێت نە بەیانیانی زووش بێن هەڵتسێن. دڵت خەتەرە نەکات و دەشمەوێ ئەوە بزانیت، ئەو کۆشکە ماڵی خۆتە، دەمەوێ ئەمە بۆ ئێستا و داهاتووش بزانی. بەڵام دەمەوێ لە بارەی ئەو ژنەوە یەک دوو شتت پێ بڵێم.

عومەر هەستی بەپەشۆکان کرد. بەهیچ شێوەیەک ئەوەی بەدڵ نەبوو کە هاوڕێیەکەی بڵێ «ئەو ژنە» و ئامادەی ئەوەش نییە مەوزووع بێتە سەر عیشقەکانی ئەو. هەر چەندە هیچی بەقازی نەوت، بەڵام لەسەر ڕوخساری گرژییەک دەرکەوت.

– دەزانم ئەم قسانە تووڕەت دەکەن، بەڵام تا دوا وشە هەرچییەک بەپێویست بزانم پێتی بڵێم، ئەوە پێتی دەڵێم، ئەگەر برادەرییە تەمەن کورتەکەمان مافی ئەوەم نەدەنێ، خۆ تەمەن و وەزیفەکەم ئەم مافەم پێ ڕەوا دەبینن. کاتێک بۆ جاری یەکەم، ئەم ژنەت لە کۆشکەکە بینی، بەئارەزووەوە تەماشات کرد. گەنج و جوانە، ڕەنگبێ حەزت لە شیعرەکانیشی کردبێت، بوێرییەکەی خوێنتی هێنابێتە کەفوکوڵ. بەڵام

بەرامبەر بەزێڕەکە، هەڵوێستەکانت جودا بوون. پڕ قوڕگی لەو شتە کرد کە تۆ قێزت لێی دەبێتەوە. وەکو شاعیری بیلات هەڵسوکەوتی دەکرد و تۆش وەکو حەکیم ڕەفتارت دەکرد. پاشانیش ئەم شتانەت پێی وت؟

وەڵام نەخێرە، هەرچەندە عومەر هیچ ناڵێت، ئەبوتایەر زۆر بەباشی گوێی لێ بوو. درێژە بەقسەکانی دەدات:

– زۆرجار، لە سەرەتای پەیوەندییەکدا، خۆمان لە پرسیاری ناسک دەدزینەوە، نەبادا ئەو کۆشکە ناسکە بڕووخێنین کە دەمێک نییە، بەهەزار بگرە و بەردە دروستمان کردووە، بەڵام بەنیسبەت منەوە ئەوەی تۆ لەو ژنە جودا دەکاتەوە گەلێ ترسناکە، بەڵکو جەوهەرییە. وەکو یەک تەماشای ژیان ناکەن.

– ژنێکە، ڕاستتر بێوەژنێکە. هەوڵی ئەوە دەدات، بەبێ خۆبەستنەوە بەکەسێک، ڕزقی خۆی پەیدا بکات، ئەوەی جێی ڕێزی منە، ئەو بوێرییەیە. ئایا دەکرێ ڕەخنەی ئەوەی لێ بگیرێ کە زێڕ لە بری شیعرەکانی هەڵدەبژێرێت کە ئەوانیش هەر هەمان بەهایان هەیە؟

– قازی هەڵدەداتەوە، تێدەگەم، بەوە دڵخۆش بوو کە برادەرەکەی بەرەو ئەم بابەتە ڕاکێشا. بەڵام لەسەر ئەوە لەگەڵما تەبایت کە ئەم ژنە ناتوانێ لە دەرەوەی بیلات ژیان بەرێتە سەر؟

– ڕەنگە.

– بەوەش ڕازیت کە بەنیسبەت تۆوە ژیانی جێی قێز لێبوونەوەیە، جێی تەحەمول نییە، ناشتوانێ لە پێویست زیاتر یەک دەقە زیاتری تیا بمێنێتەوە؟

بێدەنگییەکی سەغڵەتکەر. ئەبوتایەر بەشتێک کۆتایی هێنا و خاڵی خستە سەر حەرفەکان :

– پێم وتی دەبێ چ شتێک لە هاوڕێی خۆتەوە ببیستی. لەمە بەدواوە، قەد باسی ئەم مەوزووعەت لەگەڵا ناکەمەوە، مەگەر خۆت دەسپێشخەریی بکەیت.



## X

کاتێک دەگەنەوە سەمەرقەند، سەرماوسۆڵە و هەڵبەزودابەزی وڵاغەکان و ناخۆشی کەوتنە نێوان، شەکەت و ماندووی کردبوون. هەر خێرا، عومەر بەبێ ئەوەی شیوی ئێوارە بخوات، دەگەڕێتەوە کۆشکەکەی. لە ماوەی ئەم سەفەرەدا، عومەر سێ چوارینەی نووسیبوو و دەست دەکات بەدەنگی بەرز دە جار، بیست جار، دەیانخوێنێتەوە، وشەیەک لەجیاتی وشەیەکی دی دادەنێ، شێوەی تەرکیبێ دەگۆڕێ و ئیتر لە کەشکۆڵە نهێنییەکەی تۆماری دەکات.

لە پڕێکدا، زووتر لە عادەتی، جیهان دەگاتە کۆشک، خۆی خزاندە نێو دەرگا کراوەکەوە، بەبێ چرپە شاڵە خورییەکەی سەر شانی فڕێ دەدات. لە پشتەوە، بەسەر نووکی پەنجەی دەڕوات. عومەر سەرقاڵە، بازووە ڕووتەکانی لە دەوری ملی گیر دەکات و ڕوومەتی دەخاتە سەر ڕوومەتی و پرچە بۆندارەکەشی بەسەر چاوی عومەرا شۆڕ دەبنەوە.

دەبێ عومەر بەمە زۆر دڵی خۆش بێت – ئایا عاشقێک لەم توندڕەوییە ناسکەنۆڵە زیاتر چی گەرەکە؟ پێویست ناکات ئەویش، هەر دوای تێپەڕبوونی ئەم چەند ساتەی پێکگەیشتنە، بەبازووی ناو قەد و کەمەری بگرێ و بیگوشێ، بەقەد هەموو ئازاری دوورکەوتنەوە باوەشی پێدا بکات و بەگەرمی ژوان شاد بێتەوە؟ بەڵام عومەر بەم هاتنە ژوورەوە کتوپڕە تووشی شڵەژان دەبێت. کتێبەکەی هێشتا بەکراوەیی لەبەردەمێتی، پێویست وابوو بیشارێتەوە. یەکەم شت کە بیری لێ بکاتەوە، ئەوە بوو کە ئاوا بێت، هەر چەندە زوو لەم بڕیارە پەشیمان بووەوە و هەر چەندە ئەم ڕاڕاییە هەر تەنها ساتێکی خایاند، جیهان هەستی بەشەپۆلی ئەم ساردییە کرد، هەندە نابات لە هۆیەکەی تێدەگات. بەچاوێکی پڕ لە سڵکردنەوەوە، وەکو چۆن تەماشای کتێبەکە دەکات.

– ببوورە! وچانم لێ هەڵگیرابوو، دەمویست بەزووترین کات بتبینم، نەمزانی هاتنی من وا سەغڵەتت دەکات.

بێدەنگییەکی قورس لە یەکتر جودایان دەکاتەوە و خەیام خێرا دەیپچرێ.

– ئا ئەم کتێبەیە، توخوا وا نییە؟ ڕاستە نیازم نەبوو نیشانتی بدەم. هەمیشە لێتم دەشاردەوە. چونکە ئەو کەسەی کە پێشکەشی کردم بەڵێنی دامێ کە نیشانی کەسی نەدەم.

کتێبەکەی بۆ درێژ دەکات. ئەویش بۆ چەند ساتێک لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، زۆر بەبێ موبالاتی چاو دەخشێنێتە سەر ئەو چەند لاپەڕانەی کە ڕەش کراونەتەوە و لەنێو دەیان لاپەڕەی سپی بەملاو ئەولایە پەرتوبڵاو بوونەتەوە، جیهان کتێبەکەی دەداتەوە و لچێکیش بەئاشکرا خوار دەکاتەوە.

– ئەی بۆچی پیشانم دەدەی؟ خۆ داواشم لێ نەکردی. ناتوانم بشخوێنمەوە. ئەو شتانەی کە دەشیزانم، هەر بەگوێگرتن لە هیترانەوە فێری بوومە.

بەمە عومەر تووشی واق وڕمان نایەت. لەو سەردەمە شاعیرانی چاک هەبوون نەخوێندەوار؛ بێ گومان ئەمەش تێکڕایی ژنانی دەگرتەوە.

– باشە چ شتێکی نهێنی لە دووتوێی ئەم کتێبە دایە، سیاغەی ئەلشیمی تێدایە؟

– ئەو شیعرانەی تێدایە کە هەندێ جار دەیاننووسم.

– شیعری یاساغن و باسی بیدعەت دەکەن؟ شیعری ڕووخێنەرن؟

بەچاوێکی پڕ لە گومانەوە سەیری دەکات، بەڵام بەپێکەنینێ دەیشارێتەوە:

– نەخێر، دەتەوێ چ بڵێی؟ ئایا بیچمی مۆمارەچیم هەیە؟ ئەمانە تەنها چوارینەن، لەسەر شەراب و جوانی ژیان و بێ مانایی ژیان نووسراون.

– تۆ و چوارینە؟

پێکەنینێکی گوماناوی لێ بەرزدەبێتەوە، کەمێکیش بەتەوزەوە. چوارینە سەر بەژەنرێکی ئەدەبی سووکەڵەن و تەنانەت بەنابووتیش دەدرێنە قەڵەم، شایانی شاعیرانی گەڕەکە هەژارەکانن. خۆ ئەگەریش زانایەکی وەکو عومەر، جار ناجارێ بۆ کات بەسەربردن، کردنی گوناهێکی بچووک، یا هەر بۆ زەوق، ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەم بەتەنگهاتنەوەیە و بەم



شێلگیرییەوە بیەوێ لە کتێبێکدا تۆماری بکات بەنهێنییەکی زۆریش گەمارۆ درابێت، ئەوە شتێکی دیکەیە و بۆیە ژنە شاعیرێک دەخاتە نێو دوودڵیی و سەرسووڕمانەوە، ئەوێک کە پابەندی دەستووره بەلاغییەکان بێت. پێدەچێ عومەر هەست بەشەرم بکات و جیهان پرسیاری دیکەی لێ دەکات:

– ئەرێ چەند دێڕێکم بۆ دەخوێنیتەوە؟

خەیام لەمە زیاتر نایەوێ لە سەری بڕوات.

– کاتێک کە هەستم کرد ئامادەن بۆ خوێندنەوە، هەر هەموویت بۆ دەخوێنمەوە.

ئەویش وڕکی لەسەر ناگرێت، ئیتر هەندەش پرسیاری لێ ناکات، بەڵام بەبێ زۆر لە خۆکردن و بەنەبرەیەکی گاڵتەجاڕییەوە ئەمەی پێ دەڵێت:

– دوای ئەوەی ئەم کتێبە پڕ دەکەیتەوە، نەخەڵەتیی پێشکەشی ناسرخانی بکەیت، زۆر ئیعتیباری بۆ شاعیرانی چوارینە نییە و ئیتر قەد داوەتی ئەوەشت ناکات بچیت و لەسەر تەخت لەگەڵی دانیشی.

– نیازی ئەوەم نییە کە ئەم کتێبە پێشکەشی کەسێک بکەم، بیریش لەوە ناکەمەوە کە قازانجم پێ بگەیەنێ، من تمووحی شاعیرانی بیلاتم نییە.

– جیهان هەستی بریندارکرد و ئەویش تۆڵەی خۆی کردەوە. لەنێو ئەو بێدەنگییەی کە هەردووکیانی خستبووە نێو هەگبەکەیەوە، هەریەکە و لە خۆی دەپرسی، ئایا زۆر دوور نەڕۆیشتوون و کاتی ئەوەش نەهاتووە کە لەم دۆخە شڕە خۆیان ڕزگارکەن. ئا لەم کاتەدا، خەیام گلەیی زیاتری لە قازی بوو وەک لە جیهان. لەوە پەشیمانە کە بواری ئەوەی داییێ کە قسە بکات و لە خۆشی دەپرسێ ئایا ئەم هەموو قسانە بەشێوەیەکی یەکجارەکی پەیوەندی خۆی لەگەڵ جیهاندا لەق نەکردبێت. تاکو ئیمڕۆ لەناو بەرائەت و خۆ خافلاندندا ژیانیان دەبردەسەر، هەردووک ئارەزووی ئەوەیان هەبوو کە قەد باسی شتێک نەکەن کە ببێتە هۆی جیابوونەوەیان. خەیام بیر لەوە دەکاتەوە «ئایا قازی حەقیقەتی پێ نیشان دام، یا دەرگای بەختیاری لێ

داخستم؟»

– عومەر تۆ گۆڕایت، نازانم چۆن، بەڵام لە شێوەی تەماشاکردن و شێوەی قسەکردنت، بەنەبرەیەکیش قسەم لەگەڵ دەکەی ناتوانم بتناسمەوە. وەکو ئەوەی کە گومانم لێ بکەی کە شتێکی خراپم لێ بوەشێتەوە و لە شتێکی دیاریکراویش گلەییم لێ بکەیت. لێت تێناگەم، بەڵام هەر لە چاوترووکاندنێکدا تووشی غەمگینی هاتم.

عومەر هەوڵ دەدات بۆ لای خۆی ڕایکێشێتەوە، جیهان زۆر بەتوندییەوە خۆی لە دەستی ڕادەپسکێنێ.

– ناکرێ بەم جۆرە سەرلەنوێ دڵنیام بکەیتەوە! جەستە دەتوانێ وشە دەربڕێ، بەڵام ناتوانێ جێگۆڕکێیان پێ بکات یا بەدرۆیان بخاتەوە. چ ڕووی داوە، پێم بڵێ؟

– جیهان! چ دەڵێی با تاکو سبەینێ هیچ نەڵێین!

– سبەینێ، لێرە نیم، هەر بەرەبەیان خان سەمەرقەند جێدەهێڵێ.

– بۆ کوێ دەڕۆن؟

– چوزانم بۆ کیش و بوخارا و تێرمێز دەڕوات. هەموو دامودەستە دوای دەکەوێت، منیش لەگەڵیانا دەچم.

– ناتوانێ لە سەمەرقەند لە ماڵی ئامۆزاکەت بیت؟

– ئەگەر تەنها بۆ هۆ دۆزینەوە بێت! شوێنی تایبەتی خۆمم لە کۆشکدا هەیە. بەقەدەر دە پیاوان لە پێناوی بەدەستهێنانی ئەم جێگایە جەنگاوم. ئیمڕۆش نایگۆڕمەوە. بۆ ئەوەی لەم باخچەیەی ئەبوتایەر خەنیم بکەی.

عومەریش، لە ڕاستیدا، بەبێ بیرکردنەوە، وتی:

– پەیوەندی بەخەنیبوونەوە نییە. ئەی ناتەوێ لەگەڵ مندا ژیان ببەیتە سەر؟

– ژیان بردنەسەر لەگەڵ تۆ؟ چ شتێک هەیە لەنێوانماندا تا بیبەینە سەر!

ئەمەی بەبێ تووڕەبوون وت. ئەمە تەنها سەرنجدانێک بوو، بەدەر نەبوو لە جۆرە نازێکیش، بەڵام، کاتێک ڕوخسارە ترس لێنیشتووەکەی عومەر دەبینێ، تکای لێ دەکات کە لێی ببورێ و دەداتە پرمەی گریان.



– دەمزانی دەبێ ئەم ئێوارەیە بگریم، بەڵام نەک بەم فرمێسکانەی کە هەر لە زووخاو دەکەن؛ دەشمزانی کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە یەکتر جودا دەبینەوە، بەڵام نەک بەم وشانە و بەم تەماشاکردنانەوە. نامەوێ یادگاری ئەم دوو چاوە نەناسراوە هەڵگرم کە هی جوانترین بەسەرهاتی عیشقی ژیانمە. عومەر، بۆ دواجار، تەماشام کە! بێتەوە یادت، من مەعشووقەی تۆم، خۆشت ویستم و خۆشم ویستی. خۆ ئێستا دەمناسیتەوە؟

خەیام بەناسکی دەستێک دەخاتە ملی. ئاهێک هەڵدەکێشێ:

– بەڵێ، خۆزگە دەمانتوانی، هەریەکە و خۆی بەباشی ڕوون بکردبایەتەوە، دەشزانم ئەوکات، ئەم گێچەڵە ناهەموارەمان چارەسەر دەکرد، بەڵام کات بناقاقای گرتووین، پێویستە داهاتوومان لەم چەند ساتەوەختە تێکچرژاوانە قوتارکەین.

ئەویش هەست بەدڵۆپە فرمێسکێک دەکات کە بەسەر ڕوومەتیا زەنگوڵە دەبەستێت. دەیەوێ ئەم فرمێسکە بشارێتەوە، بەڵام جیهان کێوییانە باوەشی پێدا دەکات و ڕوومەتی دەنووسێنێتە قەد ڕوومەتی.

– دەتوانی شیعرەکانتم لێ بشاریتەوە، بەڵام فرمێسکت بۆ ناشارێتەوە. دەمەوێ بیبینم، دەستی لێدەم و ئاوێتەی ئەوانەی خۆمی بکەم، دەمەوێ ڕێچکەکانی لەسەر ڕوومەتم بپارێزم، دەمەوێ تامە سوێرەکانی بەلێوم تام کەم.

وەکو پێدەچێ، بیانەوێ خۆیان بتاسێنن، خۆیان لەناو بدەن و خۆیان دابدرن. دەستەکانیان بەگژ یەکتردا دەچن، جلوبەرگەکانیان بەملاو ئەولادا بڵاودەبنەوە. شەوێکی نموونەییییە بۆ عیشق، شەوێکە دوو لەش کە فرمێسکی گرین، ئاگریان تێبەردەدات. ئاگر بڵاودەبێتەوە، تاکو دوو تخووبی لەزەت، پێست تێکەڵ بەپێست دەبێت. لەسەر مێزەکەش، لمی ناو کۆمۆڵەکە دادەچۆڕێ، ئاگرەکە هێور دەبێتەوە، خامۆش دەبێت و زەردەخەنەیەکیش قەتیس ماوە و دوا دەکەوێت. ماوەیەکی زۆر هەناسە دەدەن. عومەر دەچرپێنێتە بناگوێی ئەو یا هی ئەو قەدەرەی کە تەحدایان

کرد:

– شەڕە دەنووک ئێستا دەست پێدەکات.

جیهان دەیگرێتە باوەش و چاوانی داخراون.

– مەهێڵە تاکو سپێدە بخەوم!

بۆ ڕۆژی دوایی دوو دێڕی تر لە کەشکۆڵەکە زیادی کردبوو. بەدەسخەتێکی لەرزاو و دوودڵ و ئەشکەنجەدراو:

خەیام، چەندێ تەنها بووی لە تەنیشت یارا!

وا ئەویش کۆچی کرد، لەودا خۆت داڵدە دە.



## XI

کاشان، مێرگێکە خانووەکانی نزمن، لە قەراغ بیابانی نمەک، دەکەوێتە سەر ڕێگای ئاوریشمەوە. لەوێ قافڵەکان کرۆشکە دەدەن و دەحەسێنەوە، پێش ئەوەی بەتەنیشت زنجیرە چیاکانی کارگاس کوە: چیای سیسرکە، بگرن، شوێن پێی ئەو ڕێگرانەیە کە لە قەراغ شاری ئیسفەهان خەریکی جەردەیین.

خانووەکانی کاشان بەگڵ دروستکراون. ڕێبواران زۆر بەزەحمەت چاویان بەدیواری باقوبریق دەکەوێت، بەزەحمەت خانوویەک دەبینرێت ڕازاندرابێتەوە. بەڵکو هەر لە هەمان شاریش جوانترین خشت و کەرپووچیش دروست دەکرێت کە بەپارچە شووشە و زێڕ دەنەخشرێن و هەزارەها مزگەوت و کۆشک و قوتابخانەی شارانی وەکو بەغدا و سەمەرقەندی پێ دەڕازێندرێتەوە. ناوی کاشیش هەر لەو شارەوە پەیدابووە کە لە سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بەناوبانگە، یا ئەوەتا کاشانی بەزمانی فارسی ناوی فەخفووریبەکە، وەک چۆن بەئینگلیزی چینی پێ دەوترێت.

لە دەرەوەی شاریش، کاروانسەرایەک لەبەر سێبەرەکانی دارخورما دروست کراوە. شوورەیەکی لاکێشەیی و بورجی بچووکیش بۆ پاسەوانی و حەوشەیەکیش لە دەرەوە بۆ وڵاغ و شتومەک تەرخان کراوە و حەوشەیەکیش لە ژوورەوە، دەوروبەریشی هەمووی هۆدەن. عومەر دەیەوێ ژوورێک بەکرێ بگرێ، بەڵام خاوەن خانەکە داوای لێبووردنی لێ دەکات: ئەو شەوە ژووری بەتاڵیان نییە، بازرگانە دەوڵەمەندەکانی ئیسفەهان بەکوڕ و کۆیلەوە هاتوون. بۆ سەلماندنی ئەمەش، هیچ پێویست ناکات چاو بەتۆمارگەکەدا بخشێنرێت. شوێنەکە پڕ لە غەڵبەغەڵبی بازرگانان و وڵاغە جوان ڕازاندراوەکانیانە. سەرەڕای ئەوەی کە سەرەتای زستانیشە، عومەر دەیویست لە دەرەوە بخەوێ، بەڵام ناوبانگی دووپشکی کاشان لە کاشییەکانی کەمتر نییە.

– بەڕاستی سووچێک نییە حەسیرەکەمی تا بەیانی تیا ڕاخەم؟

خاوەن خان دەست دەکات بەخوراندنی لاجانگی. دونیا تاریکە و ناشبێ ژوورێک نەداتە موسڵمانێک:

– ژوورێک هەیە بەر سووچ کەوتووە، قوتابییەکی تێدایە، برۆ پێی بڵێ بەڵکو لەگەڵ خۆی جێگات دەکاتەوە.

هەردووک دەڕۆن و دەرگا داخراوە. خاوەن خانەکە بەبێ لە دەرگادان دەیکاتەوە، مۆمێک پرتەپرت دەکات و کتێبێک خێرا دادەخرێت.

– ئەم ڕێبوارە نەجیبە، سێ مانگی ڕەبەقە سەمەرقەندی جێهێشتووە و بیرم کردووە بەڵکو بتوانی لای خۆت جێی بکەیتەوە.

ئەگەر بێت و ئەم لاوە ئەم داواکردنەشی بەدڵ نەبووبێت، بەڵام نەیویست دەری بخات و زۆر بەئەدەب خۆی نیشان دا، بەڵام بەبێ هیچ گەرموگوڕییەک.

خەیام دەچێتە ژوورەوە، سڵاو دەکات و هەر بۆ ئاگاداریی نازناوی خۆی دەشارێتەوە:

– عومەری نیشاپووری.

پزیسکێکی چڕ، بەڵام کورتخایەن لە چاوانی قوتابییەکە دەردەکەوێت. ئەویش خۆی پێشکەش دەکات:

– حەسەن، کوڕی عەلی سەباح، خەڵکی قومم و لەرەی قوتابیم و لە ڕێگام بەرەو ئیسفەهان.

ئەم ناوهێنانە یەک لە دوای یەکانە، خەیام کەمێ سەغڵەت دەکات. ئەمە جۆرە بانگەشەیەکە بۆ ئەوەی، ئەویش زیاتر لەمەڕ خۆیەوە شت بڵێت، چ کارەیە و بە چ نیازێکەوە ئەم سەفەرە دەکات. هیچ هۆیەک نادۆزێتەوە و خۆی لێی دەدزێتەوە. بێدەنگ دەبێت، لەسەرخۆ دادەنیشێ و پاڵ بەدیوارەکەوە دەدات و لەو قوتابییە باریکەلە و لاوازە و خەت گۆشەیییە کورتەبالا ڕەشتاڵەیە ورد دەبێتەوە. ڕیشی حەوت ڕۆژەی هێشتووەتەوە، عەمامەیەکی ڕەشی توند بەستراوی لەسەرە و چاوە ئەبڵەقەکانیشی ڕاڕاییی دەبەخشن.

قوتابییەکە بەزەردەخەنەوە جاڕسی دەکات:



– کاتێک عومەرە ناومان، دەبێ لە ناوچەی کاشان زۆر ئاگادار و وریا بین.

خەیام زۆر خۆی بەواقوڕماو پیشان دەدات. هەر چەندەش زۆرباش لە مەبەستەکەی تێگەیشت. عومەر ناوی دووەم خەلیفەی ڕاشدیە، عومەری خەلیفە جێی قینی شیعەکانە، چونکە ململانێیەکی زۆری لەگەڵ دامەزرێنەرەکەیان هەبوو، مەبەست لە ئیمامی عەلییە. بەڵێ، هەرچەندە زۆربەی دانیشتوانی فارس سوننین و لایەنگری مەزهەبی شیعەش لە چەند هەوارێکدا زۆرن، بەتایبەت لە شارانی وەکو قوم و کاشان، زۆر بەکارامەییش، هەموو ساڵێک تەقلیدە سەرنج ڕاکێشەکان، پشتاوپشت مومارەسە دەکەن؛ لە ڕێگای کەرنەڤالێکی گاڵتەئامێزەوە باسی شەهیدبوونی ئیمام عومەر دەکەن. بەم بۆنەیەوە ژنان سووروسپیاو لەخۆ دەدەن و نوقڵ و شەکرۆکە و بادەمی برژاو ئامادە دەکەن و منالان لەسەر بانەکان کۆدەبنەوە و ئاو دەڕژێننە سەر هاتوچۆکەران و بەدڵخۆشییەوە هاوار دەکەن: «خوا عومەر بەنەعلەت کات!» بووکەشووشەیەک لە شێوەی خەلیفە دروست دەکەن و تەزبێحێکیشی بەدەستەوەیە کە دەنکەکانی دەنکە قشپلن و بەگۆرانی وتنەوە بەگەڕەکەکانا گڕی دەدەن: «لەوەتەی کە ناوت عومەرە، شوێنت ئاگری جەحەندەمە، تۆی سەرۆکی گوناهباران، تۆی زاڵم و جێی قینی هەمووان !» پینەدۆزانی شاری قوم و کاشان بەوە ڕاهاتوون کە لەسەر پاژنەی ئەو پێڵاوانەی کە دروستی دەکەن، ناوی «عومەر» بنووسن، قاترەوان ناوی قاترەکانیان عومەر دەنێن و هەروا بۆ سوعبەت و لە خۆڕاییی بانگی دەکەن و ڕاوچیانیش کاتێک تەنها تیرێکیان پێ دەمینێ و بەچرپە و لەبن لێوەوە دەڵێن: «ئەمەش ڕێک و ڕاست بۆ دڵی عومەر!»

حەسەن بەچەند وشەیەکی لێڵ باسی ئەم پراتیکانەی کرد و نەیویست زۆر بەتوندی بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە، بەڵام عومەر بەمیهرەوە تەماشای کرد و بەنەبرەیەکی جاڕسانەوە دەڵێ:

– ڕێگا لەبەر ناوم ناگۆڕم و، ناویشم لەبەر ڕێگا ناگۆڕم.

بێدەنگییەکی زۆر خۆی یخ دەکات و چاوان لە یەکتر هەڵدێن. عومەر

پێڵاوەکانی دادەکەنێ و دەیەوێ بخەوێ. حەسەن هەڵدەداتەوە:

– هیوادارم بەباسکردنی ئەم عاداتانە هەستتم بریندار نەکردبێت، ویستم تەنها ئەوەت پێ بڵێم کە کاتێک ناوی خۆت لەم هەوارە دەبەیت دەبێ ئاگادار بیت. بەهەڵە لە نیازم نەگەیت. لەکاتی منداڵیمدا، لە شاری قوم، منیش بەشداری ئەو ئاهەنگانەم کردووە، بەڵام هەر لە سەرەتای هەرزەکاریمەوە، بەچاوێکی دیکەوە سەیری ئەو دابونەریتانەم کردووە و لەوە تێگەیشتم کە تەتەروفکردن شایانی ئینسانی زانا نییە. نە هاوجووتیش لەگەڵ حەدیسەکانی پێغەمبەر دەوەستێت. ئەمەش بەو مانایەی کە کاتێک لە سەمەرقەند یا لە شارانی دیکە، بەرامبەر بەمزگەوتێکی کە بەکاشی دەستکردی کرێکارە شیعەکانی کاشان ڕازاندرابێتەوە و لە هەمان کاتیشدا لە منارەی هەمان مزگەوتان، واعیزان بانگەواز دژ بە «بەو شیعە نەعلەت بووانەی ئەتباعی عەلی» بانگەشە دەکەن، خۆ ئەمەش لەگەڵ حەدیسەکانی پێغەمبەر هاوجووت ناوەستن.

عومەر بەئاستەم خۆی بەرز دەکاتەوە:

– ئا ئەمە قسەی پیاوێکی عاقڵە.

– وەکو چۆن دەتوانم ژیر و عاقڵ بم، دەشتوانم شێتیش بنوێنم. دەتوانم خۆشەویست ببم و جێی قینیش بم. بەڵام چۆن دەتوانم نەرم و نیان بم لەگەڵ یەکێک کە ژوورەکەمی لەگەڵدا دابەش دەکەم و لە هەمان کاتیش نایەوێ خۆیم بەتەواوی پێشکەش کات؟

– من تەنها هەر ناوی خۆم درکاند، ئەوەتا شتی ناقۆڵام پێوە دەلکێنی، ئەی ئەگەر بێت و شناسنامەی تەواوی خۆمت بۆ بەیان بکەم، ئەو کات دەبێ چی بڵێیی؟

– ڕەنگبێ هیچ نەڵێم. دەکرێ قینمان لە عومەری خەلیفە بێتەوە، تەقدیرێکی زۆریشمان بۆ عومەری ئەندازەناس و عومەری جەبرناس و عومەری ئەستێرەناس و عومەری فەیلەسووف هەبێت.

خەیام هەڵدەستێتە سەرپێ، حەسەن سەرکەوتوو دیارە:

– بۆ وا دەزانی هەر تەنها بەناو خەڵک دەناسرێتەوە؟ هەر بەتەماشاکردن



دەناسرێنەوە، بەڕەوت و بەهەیبەت دەناسرێنەوە و هەر بەنەبرە دەربڕینەوە دەناسرێنەوە. هەرکە هاتیتە ژوورەوە، زوو زانیم کە تۆ ئەهلی مەعریفەتی، ئەهلی شەرەفیت و، لە هەمان کاتیشدا بەرابەری شەرەفمەندی قینت لە یەکێکیش دەبێتەوە کە توانای ئەوەی نەبێت پرسیاری ڕێگای خۆی بکات. هەرکە ناوی خۆتت وت، تێگەیشتم: من تەنها هەر یەک عومەر نیشاپووری دەناسم.

– ئەگەریش هەوڵی ئەوەت دابێ کە کاریگەریت هەبێت، دان بەوە دادەنێم کە لەمەیان سەرکەوتی. کەواتە پێم بڵێ تۆ کێیی؟

ناوی خۆمتم پێ وتی، بەڵام هیچ شتێک تیایا نەبزوا. من حەسەن سەباحی قومیم. فیز بەسەر هیچەوە لێ نادەم، تەنها ئەوە نەبێت کە لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا، هەموو کتێبەکانی زانستی ئایینی و فەلسەفی و مێژوو و ئەستێرەناسیم خوێندۆتەوە.

– مومکین نییە بوترێت هەموو، زانست هەندە قووڵە، دەبێ هەموو ڕۆژێک خەریکی بیت و شتی نوێی لێوە فێر بیت!

– تاقیم بکەرەوە!

هەروا بۆ گەمە، عومەر چەند پرسیارێکی لەمەڕ ئەفلاتوون و ئیۆکلید و پۆرفیر و پتلۆمێ و لەمەڕ پزیشکسازیی دیۆسکۆرید و هی گالین و هی ڕازی و ئیبن سینا و پاشانیش لەمەڕ شەریعەتەوە هەندێ پرسیاری لێ دەکات. وەڵامی قوتابییەکە هەمیشە تەواو و ورد و ڕاستن و ڕەخنە قبووڵ ناکەن. کاتێکیش بەرەبەیان نزیک دەبێتەوە، کەسیان خەویان لێ نەکەوتبوو و هەستیان بەوەش نەکردبوو کە چۆن کات وا بەخێرایی تێپەڕی. حەسەن هەست بەدڵخۆشییەکی ڕاستەقینە دەکات. عومەر تووشی سەرسووڕمان هات و ناشتوانێ ئەمەش بشارێتەوە:

– هەرگیز تووشی کەسێکی دیکە نەهاتووم هەندە شتی لێوە فێر بووبێتم. دەتەوێ لەم هەموو زانیارییە کەڵەکەبووانە چ بکەیت؟

حەسەن بەگومانەوە تەماشای دەکات، وەکو یەکێ کە پەی بردبێتە نێو ڕازەکانی ڕۆحی، بەڵام هێمن دەبێتەوە و سەری دادەخات:

– دەمەوێ سەرێک لە نیزامولمولک بدەم، بەڵکو لای ئەو کارێکم دەست دەکەوێت.

خەیام هەندە بەم شەخسییەتە ئەفسووناوی بوو، ویستی ئەوەی بۆ ڕوون کاتەوە کە ئەویش لە ڕێگایە بەرەو کۆشکی وەزیری گەورە. بەڵام لە دوا چرکەدا، بەخۆی دەچێتەوە، پەڵە گومانێکیش هەر ماوە، هەرچەندە تەنکە، بەڵام نەڕەویوەتەوە.

دوو ڕۆژی دیکە، کاتێک هەردووک لە هەمان کاروانی بازرگانیدا دەبن، لە تەنیشت یەکترەوە ڕەوت دەکەن، هەر لەبەر، نایابترین لاپەڕە بۆ یەکتر دەخوێننەوە، ئەو لاپەڕانەی کە زۆر بەدڵیانە، جا چ هی نووسەرانی فارسزمان بن یا نووسەرانی عارەبزمان. هەندێ جاریش گفتوگۆیەک دادەمەزرێ و خێراش کۆتایی پێدێت. کاتێک حەسەن بەیەقینەوە قسە دەکات، ئەوە دەنگ هەڵدەبڕێت. بانگەشەی «حەقیقەتە بەڵگەنەویستەکان» دەکات، کاتێک ئەمە بەنیسبەت عومەرەوە دەکرێ بیێتە جێی گومان و لەمەڕ زۆر ڕاوە حوکمەکانی دوا دەخات و زۆر بەشێنەییش نەزانینی خۆی ئاشکرا دەکات. بێ وچان وشەی وەک «دەتەوێ چ بڵێم، ئەم شتانە نهێنین و پەردەیان لەسەرە، ئێمەش، من و تۆ لەم دیوی پەردەکەین، کاتێکیش پەردەکە دەکەوێ، ئێمە ئیتر لێرە نابین».

حەفتەیەک ڕێگا و گەیشتنە ئیسفەهان.



## XII

ئیمڕۆ فارسەکان دەڵێن *ئیسفەهان نیسفی جیهان*[1]! ئەم عیبارەتە زۆر دوای خەیام هاتۆتە کایەوە، بەڵام هەر لە ساڵی ١٠٧٤ەوە بۆ پیاهەڵدانی ئەم شارە وشەگەلێکی وەکو: «بەردەکانی، قورقوشمەکانی، هەنگەکانی و گوڵی زەعفەران» و «ئاووهەوای هەند سازگارە، هەند تەندروستە، گەنمی عەمبارەکان تێکچوون نازانن چییە» ڕاستە ئەم شارە لە بەرزایی پێنج هەزار پێ دایە. بەڵام ئیسفەهان شەست کاروانسەرا دەگرێتە خۆی، دووسەد بانق و شوێنی پارەگۆڕینەوە و تا چاویش بڕ بکات دوکان و بازاڕ دەبینرێت. فەرش و قوماش و کلیل و قفڵەکانی دەگەنە ئەوپەڕی دونیا. هەزاران تەرحە گوڵ تیایا دەپشکوێ. دەوڵەمەندیی ئەو شوێنە نموونەییە. ئەم شارە هەرە قەرەباڵغەی وڵاتی فارسە، هەر کێیەک بەدوای دەسەڵات و سامان و مەعریفەت بکەوێت، دەبێ ڕوو لەم شارە بکات.

دەڵێم «ئەم شارە»، بەڵام مەبەستیشم شار نییە. تاکو ئێستاش چیرۆکی ئەم ڕێبوارە لاوە دەگێڕنەوە کە خەڵکی ڕەی بوو، گوایە زۆر بەپەلە بووە بۆ عەجایبەکانی ئیسفەهان ببینی، پێش ئەوەی بگەنە ئیسفەهان بەڕۆژێک، لە قافڵەکەی جیا دەبێتەوە و سمکۆڵ دەداتە ئەسپەکەی و بەتەنها تێی دەتەقێنێ. دوای چەند سەعاتێک خۆی لە قەراغی ڕووباری زایەندە دەدۆزێتەوە، مەبەست لەو ڕووبارەیە کە زیندەگی دەبەخشێ؛ بەقەراغیا دەڕوات و دەگاتە شوورەیەک کە لە گڵ دروست کرابوو. بۆ ئەو گەورەیی دەوروبەری ئەو شارە شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام زۆر لە شاری ڕەی بچووکتر بوو. گەیشتە بەر دەروازەکەی، پرسیاری لە پاسەوانەکان کرد.

– ئەمە شاری (جای)یە، پێیان وت.

بێزی نەهات بچێتە ژوورەوە، بەدەوریا ئەسپەکەی تاو دا و ڕێگای ڕۆژئاوای گرت. وڵاغەکەی شەکەت و ماندوو بوو، تووشی هەناسەبڕکێ ببوو، بەڵام بەتوندیش نەقیزەی لێ دەدات. زۆری نەبرد، بەهەناسەبڕکێ

(١) لە تێکستە فەرەنسییەکەش ئەم عیبارەتە بەفارسییە. (وەرگێڕ).

گەیشتە بەر دەروازەی شارێکی دیکە، لەوەی پێشوو گەورەتر بوو، بەڵام بەئاستەم خۆی لە قەرەی ڕەی دەدا. پرسیار لە ڕێبوارێکی پیرەمێرد دەکات و دەڵێ:

– ئەمە شاری یەهودییەیە، واتە شاری جوولەکان.

– کەواتە دەبێ جوولەکەیەکی زۆری لێ بێت؟

– بەڵێ. چەند کەسێک دەبن، بەڵام زۆربەی زۆری دانیشتوان وەکو من و تۆ موسڵمانن. پێی دەڵێن یەهوودییە، چونکە وەکو دەڵێن نەبوخوزنەسری پاشا دروستی کردووە و ئەویش جوولەکەی لە قودسەوە بۆ گوازتۆتەوە؛ هەشە دەڵێن، یەکێ لە پاشایانی فارس جوولەکەیەک دەهێنێ، هەڵبەتە ئەمەش پێش ئیسلامەتی ڕووی داوە. خودا هەر بۆ خۆی حەقیقەتی ئێرە پێدەزانێ!

کەواتە دەبێ ڕێبوارە لاوەکەمان بگەڕێتەوە و بەناچاریش دەبێ ملی ڕێگاکەی بگرێ، با ئەسپەکەشی لەژێر هەردوو ڕانی شەلوپەت بێت و هەرەس بێنێ، پیرەمێردەکە دەیخاتەوە یادی:

– کوڕی خۆم، بۆ بەتەمای بچیتە کوێ؟

– بچمە ئیسفەهان!

پیرەمێرد دەداتە قاقای پێکەنین.

– قەد پێیان نەوتووی کە ئیسفەهان وجوودی نییە؟

– چۆن، چۆن. باشە گەورەترین و جوانترین شاری هەموو وڵاتی فارس نییە؛ لە زەمانی خۆشی پایتەختی مەزنی ئارتابان نەبووە، شوێنی پارسەکان، لە هەموو کتێبەکاندا باسی گەورەیی و مەزنیی ئەم شارە نەکراوە؟

– نازانم لە کتێبان چ باسە، بەڵام من خۆم لێرە لە دایک بوومە و تەمەنم حەفتا ساڵە و تەنها هەر بێگانەکان باسی ئیسفەهان دەکەن، من خۆم قەد نەمبینیوە.

هەر بەئاستەم زیادڕەوی کرد. بۆ سەردەمێکی زۆر ناوی ئیسفەهان ئاماژەی بۆ شارێک نەدەکرد، بەڵکو هەر ناوی مێرگێک بوو، لەملاو



ئەولای دوو شاری جیاواز دروستکران، هەریەکەیان دووریی سەعاتە ڕێییەکی هەبوو، ئەویش مەبەست لە جای و یەهوودییەیە. دەبێ چاوەڕوانی سەدەی حەڤدەم بکەین، بۆ ئەوەی ئەم دوو شارە و گوندەکانی دەوروپشتی لە یەک بدەن و ببنە شاری ئیسفەهان. لە زەمانی خەیامدا، ئیسفەهان وجوودی نەبووە، بەڵام شووشەیەک دروست کرابوو، درێژییەکەی سێ فەرسەخ دەبوو، واتە چەند هەزار میلێک، بۆ ئەوە دروست کرابوو کە پارێزگاری مێرگەکان بکات و بەس.

عومەر و حەسەن ئێوارە درەنگ گەیشتنە جێ. لە کاروانسەرایەک، لە شاری جای، نزیک دەروازەی تیراه شوێنی خەوتنیان دەسکەوت. ئا لەوێ ڕادەکشێن و کاتی ئەوەشیان نەبوو دوو سێ قسەش بەیەکەوە بکەن، سەر دەنێنە سەر سەرین و بەجووتە دەست بەپرخە دەکەن.

بۆ ڕۆژی دوایی، خەیام دەچێتە سەردانی وەزیری گەورە. مەیدانی سەرافەکان، ڕێبوار و بازرگانی ڕەگەزی جیاواز، یۆنانی و چینی، لە دەوری دراو کێشەکان کۆبوونەتەوە کە تەرازوویان بەدەستەوەیە، دینارێکی کرمان و نیشاپوور و ئشبیلییە دەکرێن، بۆنی تەکەی دیلهی دەکەن، بەدەست عەیاری دیرهەمی بوخارا دەکەن یا لچ بەرامبەر بە نۆ میسمایەکی قوستەنتینییە خوار دەکەن کە ئەودەمە زۆر نەبوو بەتەواوی نرخەکەی شکابوو.

لە دەرگای دیوەخانەکەوە، شوێنی حکومەت و شوێنی ئیقامەتی ڕەسمی نیزامولمولک زۆر دوور نییە. برا نۆبەکان سێ جار لە ڕۆژێکدا، کەرەنا بەشەرەفی وەزیری گەورە لێدەدەن. جگە لەم ڕەسمییاتە، هەموو کەسێ بۆی هەیە بچێتە دیوەخان، هەژارترین کەس، تاکو بێوەژنێکیش بۆی هەیە سەر لە دیوەخان بدات و گونگەڵی ئەوە بکات بچێتە دیوەخانێکی گەورە و فراوان و لە پیاوە هەرە بەهێزەکەی ئیمپراتۆرییەتیش نزیک ببێتەوە و سکاڵای خۆی بۆ دەربڕێ و دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ. تەنها لەوێ پاسەوان و دەرگاوان بەدەوری وەزیرا حەلقەیان بەستووە و پرسیار لەم دەکەن و بێزارکەر دوور دەخەنەوە.

عومەر لە پێش دەرگاکە هەڵوێستەیەکی کرد. لە دیوەخانەکە ورد دەبێتەوە، سەیری دیوارە ڕووتەکانی کرد و سەرنجی سێ قات فەرشەکەی قەد دیواری دا. بەئاماژەیەکی ڕاڕا، سڵاو لە میوانان دەکات، حەشاماتێکی تێکەڵوپێکەڵ، بەڵام گرتبوون و دەوریان لە وەزیر داوە کە لەگەڵ ئەفسەرێکی تورک قسە دەکات. بەتیلی چاو، نیزام هەستی بەهاتنی میوانە نوێیەکەی کرد، زەردەخەنەکی ئاشنایانەی بۆ دەکات و فەرمووی دانیشتنی لێدەکات. پێنج دەقە نابات، دێتە لای و ئەملاو ئەولای ماچ دەکات و ماچێکی نێوچەوانیشی دەکات.

– چاوەڕێم دەکردی و دەشمزانی لە کاتی خۆیدا دێیت، گەلێ شتم هەیە پێتی بڵێم.

دەستی دەگرێت و بەرەو ژوورێکی بچووکی لاتەریکی دەبات. لە تەنیشت یەک، لەسەر بالیفێکی گەورەی لە چەرم دروستبوو، دانیشتن.

– هەندێ لە قسەکانم وات لێدەکەن سەرت سووڕبمێنێ، بەڵام لە کۆتاییدا، لەوە پەشیمان نابیتەوە کە هاتی و داوەتەکەمت قبووڵ کرد.

– ئایا کەسێک هەیە دوای ئەوەی سەری لە نیزامولمولک دابێت و پەشیمان بووبێتەوە!

– ئەمە ڕووی داوە، بەزەردەخەنەیەکی تاڵەوە وەزیر ئەمە دەچرپێنێ. هەندێکم تاکو هەوران بەرزکردەوە و هەندێکیشم هەندەی تر هێنایە خوارەوە، ڕۆژ نییە ژین و مەرگم لە چنگدا نەبێت، خودا ئاگاداری نییەتەکانمە، هەر ئەویشە سەرچاوەی دەسەڵات، دەسەڵاتی باڵای خستە چنگی خەلیفە عارەبەکانەوە و پاشان دایە دەست تورکانەوە و ئەوا ئێستاش لە دەست خزمەتکارێکی تۆیە، وەزیرێکی فارسە. داوا دەکەم لە هیتران کە ڕێز لەم دەسەڵاتە بگرن؛ لە تۆش، خواجە عومەر، داوای ئەوەت لێ دەکەم کە ڕێز لە خەونەکانم بگری. بەڵێ، لەسەر ئەم خاکە پانوبەرینەی کەوا لەژێر دەستمە، خەون بەوەوە دەبینم کە دەوڵەتێکی هەرە مەزن و هەرە ئاوەدان و هەرە جێگیر بنیات بنێم، هەروەها لە هەموو وڵاتانی دیکە بەپۆلیس دەوردرابێت. خەون بەئیمپراتۆرییەتێکەوە دەبینم کە هەر



هەرێمێکی، هەر شارێکی، لەلایەن حاکمێکی عادیلەوە حوکمڕان بکرێت، لە خوا بترسێ و بەپیری هەموو سکاڵای هەرە لاوازترین کەسەوە بچێت. خەون بەدەوڵەتێکەوە دەبینم کە تیایا گورگ و بەرخ پێکڕا، بەهێمنی، لەیەک جۆگەلە ئاو بخۆنەوە. بەڵام تەنها بەخەون بینین ڕازی نابم، دەبێ دروستی بکەم. سبەینێ پیاسەیەک بەشارا بکە، دەبینی لە هەموو گەڕەکێکی ئیسفەهان، کۆمەڵە کرێکار خەریکی هەڵقەندنن، خەریکی بیناکردنن و خەڵکی خاوەن پیشەی جیاواز مەشغوولن و دێن و دەچن. لە هەموو لایەکیشەوە، شوێنی حەسانەوە و مزگەوت و کاروانسەرا و قەڵا و کۆشکی حکومەت دەبینی. لە ئێستا بەدواوە هەموو شارێکی گەورە، دەبێتە خاوەن قوتابخانەی خۆی و ناوی منیشی لێ دەنێن «مەدرەسەی نیزامییە». ئەوەی بەغدا، کراوەتەوە، بەدەستی خۆم نەخشەم کێشا و شوێنەکەیم دیاری کرد و مەنهەجی قوتابیانم دیاری کرد و باشترین مامۆستام بۆ هێنان و هەر قوتابییەکیش خەرج و زەماڵەی خۆی هەیە. ئەم ئیمپراتۆرییەتە، وەکو خۆت دەیبینی، شوێنی بیناسازییەک فراوانە، فراوان دەبێ و گەشە دەکات و ئەمە چەرخێکی موبارەکە و لە خواش دەپاڕێمەوە کە عومرمان باقی کات.

خزمەتکارێکی سەروپرچ ماشوبرنج دێتە ژوورەوە. دەنوشتێتەوە و سینییەکەی مسی نەخشکراوی بەدەستەوەیە کە دوو پەرداخ شەربەتی گوڵاوی تەزیوی لە سەرە. عومەر یەکێکیان وەردەگرێت و هاڵاوێکی فێنکی لێوە هەڵدەستێ؛ لێوی پێیا دەنێ و حەز دەکات بەهێواشی بیخواتەوە. نیزام ئەوەی خۆی بەجارێک فڕ دەکات:

– هاتنت بۆ ئێرە زۆر دڵی خۆش کردووم و شەرەفمەندیشم دەکات!

خەیام دەیەوێ وەڵامی ئەم گەرموگوڕییە برادەرانە بداتەوە، نیزام بەهێمایەک ڕێگای لێ دەگرێت:

– بڕوا مەکە کە بمەوێ پێتاهەڵشاخێم. من هەندە توانا و دەسەڵات شک دەبەم کە تەنها حەمد و ستایشی خودام بەس بێت. خۆ دەبینی خواجە عومەر، با خاکی ئیمپراتۆرت گەورە و فراوان بێت، با دانیشتوانی زۆر و

زەبەن بێت، با دەوڵەمەند و بەسامان بێت، بەڵام هەمیشە پێویستی بەپیاوە. لە زاهیردا، مەخلووقێکی زۆر هەن و شوێنیش بەر ناکەوێ و حەشاماتیش هەمیشە کۆبووەوە! بەڵام، کاتێک لە لەشکرەکەم ڕادەمێنم، یا لە کاتی نوێژکردندا لە مزگەوتێک ورد دەبمەوە، لە بازاڕی یا لە دیوەخانەکەم و پرسیار لە خۆ دەکەم: ئایا چاوەڕوانی حیکمەت دەکەم لەم ئینسانانە، چاوەڕوانی مەعریفەتیان لێدەکەم، چاوەڕوانی وەفایان لێدەکەم. چاوەڕوانی دڵسۆزییان لێدەکەم، کاتێک ئەم بەهایانە دەژمێرم، ئایا ئەوە نابینم کە حەشامات کاڵ دەبێتەوە و پاشانیش دەتوێتەوە و هیچم لەبەردەم نامێنێ؟ خۆم بەتەنها دەبینمەوە، خواجە عومەر، بێ هیوا بەتەنها دەمێنمەوە. دیوەخانەکەم، کۆشکەکەشم بەتاڵ و حەتاڵ. ئەم شارە و ئیمپراتۆرە چۆڵ دەبن. هەمیشە ئینتیباعی ئەوەم هەیە کە دەستم لە پشتەوە چەپڵە لێدەدات. چۆن بەوە ڕازی دەبم پیاوی وەکو لە سەمەرقەندەوە بۆ ئێرە بانگ بکەم و بێتە ئێرە، من خۆم ئامادەم بەپێ بچمە سەمەرقەند لەگەڵ خۆما بیهێنم.

عومەر بەژێر لێوەوە «لا سامح الله»یەکی نزمی وت، بەڵام وەزیر هەر بەردەوامە.

– ئا ئەمەیە خەونم و هەر ئەمەشە مەشغولی کردووم. دەتوانم چەندین شەوان و ڕۆژانی دیکە قسەت بۆ بکەم، بەڵام دەمەوێ گوێم لە تۆ بێت. دەمەوێ زوو ئەوە بزانم ئایا ئەم خەونە هیچ پەیوەندییەکی بەتۆوە هەیە و ئایا ئامادەی ئەوە هەیت کە لە تەنیشتی منەوە بیت.

– ئەم پرۆژانەت زۆر مەزنن و بۆ منیش هەڵبەت جێی شەرەفە!

– داوای چ دەکەی بۆ ئەوەی یارمەتیم بدەیت؟ بەبێ سێ و دوو، وەکو من چۆن پێم وتی، ئەوها تۆش پێم بڵێ. هەرچییەکت دەوێ، دەسگیرت دەبێ. لە هیچ سڵ نەکەیتەوە، دەقەیەک چییە، مەیەڵە ئەم دەسبڵاوییە شێتییەمت لە دەست چێت!

پێدەکەنێ. خەیام بزەیەکی کاڵ لەسەر لێوی دەزێ، بزەی یەکێکی پەشۆکاوە.



– من هیچ شتێکی دیکەم ناوێ تەنها ئەوە نەبێت کە بتوانم کارە موتەوازیعەکانم ڕاپەڕێنم و بەبێ ئەوەی موحتاج بم. شتێک هەبێ بیخۆم و شوێنێکیش هەبێ تیای بخەوم و شتێکیش هەبێ بیکەمە بەر، چڵێسی من ئەمە تەجاوز ناکات.

– بۆ ماڵ، جوانترین کۆشکت لە شاری ئیسفەهان پێشکەش دەکەم. خۆم لەکاتی دروستکردنی ئەم کۆشکە، ئەم بڕیارەم داوە. دەبێتە هی خۆت، بەباغ و باغچەوە، بەفەرش و خزمەتکار و کارەکەرەوە. بۆ خەرجی خۆتیش مووچەیەکت بۆ دەبڕمەوە کە دە هەزار دیناری سوڵتانی بێت. تاکو لە ژیانیش ماوم، لە سەرەتای هەموو ساڵێک بتدەنێ. ئایا کافییە؟

– سەر و زیادمە، نازانم چی لەو هەموو پارەیە بکەم.

خەیام ڕاستگۆیە، بەڵام نیزام تووڕەبوونی پێوە دیارە.

– دوای ئەوەی هەرچی کتێبێکت ویست بیکڕیت و کڕیت، پڕ گۆزەکانت لە شەراب کە و مەحبووبەکانشت بەزێڕ و خشڵ بڕازێنەوە و یارمەتی موحتاجان بدە و خەرجی قافڵەی حاجییان بگرە ئەستۆ و مزگەوتێکیش هەر بەناوی خۆتەوە دروست بکە!

عومەر لەوە تێگەیشت کە ئەم لەخۆبووردییە زۆر نەچووە دڵی وەزیرەوە و بەئازایەتییەوە دەڵێ:

– هەمیشە ئارەزووی ئەوەم دەکرد کە «ڕوانگایەک دامەزرێنم و سێکستایەکی[۲] گەورە بەبەرد دروست بکەم و ئەستەرلۆبێک و چەندین ئامێری دیکەشم هەبێت، دەمەوێ درێژایی تەواوی ساڵی هەتاوی بپێوم.

– خوا یاربێت! هەر لە هەفتەی داهاتووەوە، پارەی بۆ سەرف دەکرێت، خۆت شوێنەکەی دیاری دەکەیت و ئەم ڕوانگەیە لە چەند مانگێکدا تەواو دەبێت. هیچی دیکەت ناوێ، پێم بڵێ، شتێکی دیکە دڵت خۆش ناکات؟

– بەخودا هیچی ترم ناوێ، بەخشندەییت غەرقم دەکات و گەلێ دڵخۆشم.

(۲) ئامێرێکە بۆ ئەستێرەناسی بەکار دەهێنرێت؛ لە سەرووی ئاسۆوە گۆشەی ئەستێرەیەک دەپێوێ. (وەرگێڕ)

– ئەی من دەتوانم داوایەکت لێ بکەم؟

– دوای ئەوەی ئەم هەموو شتەم بۆ دەڕەخسێنی، بەختیارییە بۆ من کە بتوانم سوپاسێکی زۆرت بکەم.

نیزام سەر لە تکاکردن دەرناکات.

– بەنهێنیپارێزت دەبینم، زۆر بلێ نیت، بەحەکیم و ڕاست و بەیەک چاو تەماشای دونیا دەکەی و توانای ئەوەت هەیە چاکە لە خراپە جودا بکەیتەوە و جێی باوەڕی منی: دەمەوێ شتێکی وا بخەمە ژێر دەستەوە کە ناسکترین شت بێت.

عومەر چاوەڕوانی شتێکی زۆر ناقۆڵا دەکات و لە ڕاستیشدا شتێکی ناقۆڵایە.

– ناوونیشانی ساحێب خەبەرت دەدەمێ.

– ساحیب خەبەر، سەرۆکی سیخوڕان؟

– سەرۆکی زانیارییەکانی ئیمپراتۆرییەت. پەلە مەکە و ئەمە مانای ئەوە نییە کە خەبەر لە خەڵکی باش بدەیت و خۆ بخزێنێتە ماڵی موسڵمانان، بەڵام ئاگاداری هێمنی هەموو خەڵکی بین. لە دەوڵەتدا، بچووکترین ناڕەوایی، بچووکترین دەسپیسی دەبێ بگەیندرێتە لای حوکمڕان و بەشێوەیەکی نموونەیش کەسی تاوانبار بدرێتە دەست عەدالەت. چۆن بزانین کە فلانە قازی، فیسارە حاکم، لە فلانە ناوچە خەریکی گیرفان پڕکردن نییە؟ ئەوانەی کە غەدریان لێ دەکرێ، هەمیشە ناوێرن شکایەت بکەن!

– دەبێ ئەوەش بزانرێت کە پیاوانی ئاسایش لەلایەن قازی و حاکم و میرەکانەوە نەکڕێن و نەبنە شەریکی ئەوان!

– ڕۆڵی تۆ. ڕۆڵی ساحێب خەبەر لە هەقیقەتدا ئەمەیە، دەبێ پیاوانی وا بدۆزیتەوە کە قەد نەتوانن بکڕدرێن.

– باشە ئەگەر پیاوی وا هەبن، باشتر نییە کە هەر ئەوان ببنە قازی و حاکم!

– سەرنجێکی سادە و ساوێلکەیە، بەڵام بۆ نیزام بەگاڵتەجاڕی دەکرد.



تەحەمولی نامینێ و هەڵدەستێتە سەرپێ:

– حەز لە ئەنجەت هێنانەوە ناکەم. پێم وتی چیت پێشکەش دەکەم و چیت لێ داوا دەکەم. بڕۆ بیر لە پێشنیارەکەم بکەوە، بەباشی باش و خراپی هەڵسەنگێنە و سبەینێ وەرەوە و وەڵامێکت پێ بێت.

## XIII

خەیام ئەو ڕۆژە نەیدەتوانی نەبیر بکاتەوە نە شت بنرخێنێ و نەهەڵیسەنگێنێ. دیوەخان جێدەهێڵێ و خۆی دەکاتە کوچە هەرە تەسکەکانی بازاڕا و بەنێو حەشامات و ئاژەڵاندا، بەژێر دینگە مەڕمەڕ ئاساکاندا، بەناو تۆز و غوباری بەهاراتدا، ڕێی خۆی دەکاتەوە، تا پێش دەکەوێت، کوچەکان تەسکتر دەبنەوە و حەشامات پێدەچێ بەهێواشی بێن و بچن، غەڵبەغەڵبی بەچرپە، بازرگان و کڕیار ئەکتەری دەمامک لەسەرن، بەدەم خەونەوە سەما دەکەن. عومەریش هەروەکو کوێر ڕێ دەکات، هەندێ جار بەڕاستدا خۆی وەردەچەرخێنێ و هەندێ جاریش بەلای چەپ، لەوە دەترسێ بەربێتەوە یا ببوورێتەوە، لەپڕێکدا خۆی لە مەیدانیکی بچووک دەبینێتەوە کە غەرقی ڕووناکییە، باخچەیەکی ڕاستەقینە لە ناوجەرگەی جەنگەڵێک دایە. هەتاوی زۆر گەرم دەیسووتێنێ؛ سەر بەرزدەکاتەوە و هەناسە هەڵدەکێشێ. چی تووشی هاتووە؟ بەهەشتێکیان پێشکەش کردووە بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکات، چۆن بڵێ بەڵێ و چۆن بڵێ نەء، بە چ ڕوویەکەوە سەر لە وەزیر بداتەوە و بەچ ڕوویەکیشەوە شار بەجێبهێڵێ؟

بەدەستی ڕاست، دەرگای خەراباتێک نیوە کراوەیە. پاڵی پێوەدەنێ، چەند پەیژەیەک دادەبەزێ، خۆی لە هۆڵێکی میچ نزم دەبینێتەوە، زۆر ڕووناک نەبوو. عەردەکەی گڵێکی کزرە، تەختەکان شلۆق و پلۆقن و مێزەکانیش ڕەنگیان کاڵ بۆتەوە. داوای شەرابێکی هیشکی[٣] قوم دەکات. شەرابەکەی لە شەربەیەکی درز بردوو بۆ دەهێنن. بەچاوچوقانەوە قەدەرێک بۆنی دەکات.

تەمەنی پیرۆزی لاویم تێدەپەڕێ،
بۆ فەرامۆشکردن پەنا دەمە بەر مەی.
ئایا تاڵە ئەم شەرابە؟ ئا ئەوها پێم خۆشە،
تامی ژیانمی هەیە، تامی ئەم تاڵییە.

(٣) مەبەست لە شەرابێکە کە تامی کەمێ تاڵ بێت. (وەرگێڕ)



لەپڕێکدا شتێکی بەبیرا دێت. بێ گومان پێویستی دەکرد کە خۆ بخزێنێتە ئەم مەیخانە پیسەوە بۆ ئەوەی ئەم فیکرەیەی بەخەیاڵا بێت، لێرە چاوەڕوانی دەکرد، لەسەر ئەم مێزە، سێیەم قومی لە بادەی چوارەم دا. پارەکەی دا و بەخشیشێکی بەخشندەشی لەسەر مێزەکە جێهێشت و بۆی دەردەچێ. شەو ڕاشکاوە، مەیدانیش چۆڵوهۆڵ، هەر کوچەیەکیش بەدەروازەیەکی قورس کۆتایی دەهات، ئەمە بۆ ئاسایش دانرابوو، عومەر دەبێ پێچ بخواتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە کاروانسەراکەی.

کاتێکیش بەسەر نووکی پێ دەگەڕێتەوە ژوورەکەی، حەسەن خەوتووە و ڕوخسار توندوتیژ و ئەشکەنجەدراو. عومەر دەمێک لێی ڕادەمێنێ. هەزاران پرسیار بەدڵیا خەتەرە دەکەن و بەبێ وەڵامدانەوەیان دەیەوێ لە بیریان بکات. بڕیاری دا و پەشیمان بوونەوەی بۆ نییە.

کتێبەکان ئەفسانەیەک دەگێڕنەوە. ئەفسانە باسی سێ هاوڕێی فارس دەکات کە هەریەکە و بەشێوەی خۆی، دەروازەی یەکەم هەزار ساڵەمان بۆ دەخاتە سەرپشت: عومەر خەیام کە سەرنجی دونیای دەدا، نیزامولمولک کە حوکمی دونیای دەکرد و حەسەن سەباحیش کە تیرۆری لە دونیا نایەوە. وەکو دەڵێن هەرسێکیان پێکڕا لە نیشاپوور قوتابی بوون. ئەمەیان ڕاست نییە، نیزام سی ساڵ لە عومەر گەورەتر بوو و حەسەنیش لە ڕەی قوتابی بووە و ڕەنگیشە لە قومیش، لە زێدەکەی خۆشی دەرسی خوێندبێ، بەڵام لە نیشاپوور نەیخوێندووە.

ئایا لە کەشکۆڵەکەی سەمەرقەند باس لەم ڕاستییەوە دەکات؟ ئەم مێژووە لە پەراوێزەکەی نووسرابوو، ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەم سێ پیاوە، یەکەم جار لە ئیسفەهان چاویان بەیەک دەکەوێت، لە دیوەخانی وەزیری گەورە، ئەویش بەدەسپێشخەری خەیام، قوتابییە کوێرەکەی قەدەر.

نیزام بەتەنها لە ژوورێکی بچووک لە کۆشکەکەدا دانیشتبوو، کاغەزێکی زۆریش لە دەوروبەریدا بوو. هەرکە ڕوخساری عومەری لە چوارچێوەی دەرگاکەوە بینی، لەوە تێگەیشت کە عومەر وەڵامێکی نێگەتیڤی پێیە.

– کەواتە، پڕۆژەکانی منت بەلاوە گرینگ نییە.

خەیام بەغەمگینییەوە. بەڵام سوورە لەسەر وەڵامەکەی:

– خەونەکانت مەزنن و هیوادارم لە تەحقیق بن، بەڵام بەشداربوونی من هەروەکو ئەوەی کە تۆ پێشنیاری دەکەی ڕەنگە وانەبن. لەنێوان نهێنی و ئەوانەی کە نهێنی کەشف دەکەن، من للیەنگریی ئەوانە دەکەم کە نهێنی خۆیان دەپارێزن. هەر یەکەم عەمیل بێت و گفتوگۆی یەکێکم بۆ بهێنێ، پێی دەڵێم بێدەنگ بێت و پێی ڕادەگەیەنم کە ئەم مەسەلەیە نەپەیوەندی بەئەوەوە هەیە نەپەیوەندیشی بەمنەوە هەیە و نایەڵم جارێکی دیکەش پێ بنێتە ماڵەکەم. فزوولییەتی من بۆ خەڵک و بۆ شتانی دی، لە ڕێیەکی دییەوە تەعبیری لێ دەکەم.

– ڕێز لە بڕیارەکەت دەگرم، بڕواش دەکەم کە بێ سوود نییە بۆ ئیمپراتۆرییەت کە ئینسانی وەکو تۆ خۆیان تەنها بۆ کاری زانستییەوە تەرخان بکەن. بێگومان، هەر ئەو هەموو پەیمانانەی کە پێم دای، وەکو زێڕی ساڵانە، وەکو خانووبەرە، وەکو ڕوانگاە هەر هەموو هی خۆتن و لە پەیمانەکانم پەشیمان نابمەوە. دەمویست لە نزیکەوە بەشداری تەحقیقکردنی خەونەکانمت بکەی، بەوە ڕازی دەبم کە مێژوونووسان ئەوە بۆ داهاتوو بنووسن: عومەر خەیام لە زەمانی نیزامولمولکدا ژیا و شەرەفمەند کرا و لە دەستی ناگەهانیش دوورخرابووەوە و توانیشی بەوەزیری گەورە بڵێ نەخێر، بەبێ ئەوەی گێچەڵی بۆ دروست بکەن.

– نازانم ئایا ڕۆژێک دەتوانم سوپاسی ئەم دڵنەرمی و میهرەبانییەت بدەمەوە.

عومەر بێدەنگ بوو. کەمێ ڕاڕا دیارە پێش ئەوەی درێژە بەقسەکانی بدات:

– ئەگەر بێت پیاوێکت پێشکەش بکەم کە دەمێک نییە ناسیومە، ڕەنگبێ بتوانم ئەم ڕەفزەی خۆمم لە بیر بچێتەوە. پیاوێکی زۆر زیرەکیشە، زانیارییەکانی بێ پایانن و بلیمەتییەکەشی بێ سنوورە، هەستیش دەکەم وەزیفەی ساحێب خەبەر پڕ بەپێستی یەکێکی وەکو ئەو دەبێت و زۆریشی



بەدڵ دەبێت. پێی ڕاگەیاندم کە لە ڕەی یەوە بۆ ئیسفەهان بەو نیازەوە هاتووە کە کارێکی پێ ڕاسپێرن.

– تمووحی زۆرە، نیزام بەچرپەوە دەڵێ. چارەنووسی من لای ئەوە. کاتێک ئینسانێک شایانی ئەوەیە بڕوای پێ بکرێ، بەڵام تمووحی کەمە و خۆی لە دەسەڵات دوورەپەرێز دەگرێت و کاتێکیش یەکێکم بۆ دەردەکەوێ کە زۆر بەهەڵپەیە و یەکەم وەزیفەی بدەمێ، خێرا دەیقۆزێتەوە، ئەوا ئەم پەلە پەلییەم زۆر ناچێتە دڵەوە.

بەجاڕس دێتە پێش چاو و تووشی ئەمری واقیع هاتووە.

– ئەو کەسەی کە باسی دەکەی ناوی چییە؟

– حەسەن، کوڕی عەلی سەباحە. دەبێ ئەوەشت پێ ڕابگەیەنم کە لە شاری قوم لە دایکبووە.

– شیعەیە، لە ئیمامییەکانە؟ ئەمەیان گرینگ نییە. هەرچەندە من دژ بەهەموو بیدعە و هەموو لادانێکم. هەندێ لە هەرە باشترین یاریدەدەرەکانیشم سەر بەعەلین، چاکترین سەربازم ئەرمەنین و ئەمین سندووقەکانیشم جوولەکەن و ئەمەش وای لێ نەکردووم کە جێی بڕوای من نەبن و لە ژێر چاودێری مندا نەبن. تەنها زۆر ئاگاداری ئیسماعیلییەکانم. هیوادارم هاوڕێیەکەت سەر بەو تایەفەیە نەبێت؟

– نازانم. بەڵام حەسەنم لەگەڵ خۆما هێناوە. لە دەرەوە چاوەڕوانە. بەڕوخسەتت، دەڕۆم بانگی دەکەم، پرسیار لە خۆی بکەی چاکترە.

عومەر بۆ چەند ساتێک ون دەبێت. لەگەڵ هاوڕێیەکەی دەگەڕێتەوە و پێدەچێ بەهیچ شێوەیەک سامی لەسەر نەنیشتبێ. بەڵام خەیام، ئەو، لەژێر ڕیشەکەیەوە هەست بەگرژبوون و لێدانی دوو دەمار دەکات.

– حەسەن سەباحت پێشکەش دەکەم، هەرگیز هەندە عیلم و زانیاری لە ژێر عەمامەیەکی هەندە توند بەستراو جێی نەبۆتەوە.

نیزام بزەیەک دەیگرێ.

– ئا ئەوەتا، قەد هەندە بەعیلم دەور نەدراوم. ئەی نەیان وتووە ئەو میرەی کە بەزانا دەور درابێت، هەرە چاکترین میرە؟

– ئەوەش دەوترێت کە ئەو زانایەی کە موعاشەرەی میران دەکات، خراپترین زانایە.

پێکەنینێکی هەراش لە یەکتر نزیکیان دەکاتەوە، سەریح بەڵام کورت. نیزام برۆ گرژ دەکات، دەیەوێ بەزووترین کات خۆی لەو پێشەکییە بدزێتەوە کە پێش هەموو ئاخاوتنێکی فارسان دەکەوێت، دەیەوێ ڕاست و ڕەوان هەر چییەکی لە مێشک دایە، ڕێک و ڕاست بەحەسەنی بڵێ. بەڵام، شتێکی سەرسوڕێنەر، هەرکە یەکەم وشە وترا، عومەر هەست دەکات بەشداریی شتێک دەکات، بۆیە خێرا خۆی دەدزێتەوە.

ئا بەم شێوەیە، خێرا حەسەن سەباح دەبێتە یەکێ لە یاریدەدەرەکانی وەزیری گەورە. زوو توانی، تەونێکی چڕ و پانوپۆڕ دامەزرێنێ، هەر لە بازرگانی درۆزنەوە بگرە بۆ دەروێش و حاجییان، لە هەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەتی سەلجۆقیدا بڵاوبوونەوە، ماڵێک نەبوو، وەقفێک نەبوو لە بازاڕ بتوانێ خۆی لە گوێگران بشارێتەوە. موامەرە، پڕۆپاگەندە، هەمووی وشە بەوشە نەقڵ دەکرا و بەشێوەیەکی نهێنی یا نموونەیی هەڵدەوەشرایەوە. سەرەتا، نیزام زۆر دڵی خۆشە، پەتی ئەم ماشینە زل و زەبەلاحەی بەدەستەوەیە. لە پێش مەلیکشادا، شانازیی پێوە دەکات، سوڵتانیش زۆر موحافیزە. ئەرێ باوکی نەبوو کە ڕای گەیاندبوو کە دژ بەسیاسەتی لەم جۆرە بێت؟ پێی وتبوو «کاتێک لە هەموو سووچێکی وڵات سیخوڕێکت دەبێ، هاوڕێیە ڕاستەقینەکانت خۆیان ناپارێزن، چونکە ئەوە دەزانن کە دڵسۆزی تۆن. بەڵام غایەنەکان هەمیشە لەسەرپێ و ئاگادارن. دەیانەوێ دەمی سیخوڕەکان تێرکەن و گیرفانیان پڕکەن. هەندە نابات، ئیتر زانیاریت بەپێچەوانەوە پێدەگات، دژ بەهاوڕێ ڕاستەقینەکانت قسە دەکرێ و لایەنگیریی دوژمنانت دەکرێ. چونکە ئیتر قسە، باش بێت یا خراپ، هەروەکو تیر وایە، کاتێک زۆری لێ دەوەشێنین، یەک دوو دوانەی هەر دەگاتە نیشانە. جا ئەو کات دڵت لە هاوڕێیانت دەگوشرێ و نەیاران لە تەنیشتی خۆت دادەنێی و ئیتر چ شتێک لە توانات دەمینێتەوە؟»

دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ کە لە حەریمە تایبەتییەکەی خۆی، دەمامک لە ڕووی ئافرەتێکی ژەهراوی هەڵدرێتەوە بۆ ئەوەی ئیتر سوڵتان گومان لە



سوودبەخشیی سەرۆکی سیخوڕان نەکات؛ هەر لە زەرفی بیست و چوار سەعات دەیکاتە یەکێ لە هەرە نزیکەکانی خۆی. بەڵام نیزام ئەم نزیکبوونەوە و هاوڕێتییەی نێوان حەسەن و مەلیکشای هەرس ناکات. ئەم دووانە هێشتا لاون، هەندێ جار هەردووک لە پێش چاوی پیرە وەزیر گاڵتەوگەپ دەکەن، بەتایبەت ڕۆژانی هەینی، کە بەشۆلێن دەناسرێتەوە، سفرەی تەقلیدی سوڵتان دەڕازاندرێتەوە کە خەڵکانی نزیکی خۆی داوەت دەکات.

بەشی یەکەمی ئەم داوەت و ئاهەنگە تا بڵێی ڕەسمییە. نیزام بەدەستی ڕاستی مەلیکشاوە دادەنیشێت. بەزانا و میرزا دەور دەدرێن، باسوخواسی هەموو شتێک دەکرێت، هەر لە بەراوردکردنی شمشێری هیندوستانییەوە بۆ هی یەمەنی تا دەگاتە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەریستۆ. ئەم جۆرە یاری و قۆشمانە قەدەرێک سەرنجی سوڵتان ڕادەکێشن، پاشان بیری پەرتوبڵاو دەبێتەوە و ئیتر خەیاڵی لەسەر شتێکی دیاریکراو ناگیرسێتەوە. وەزیر لەوە تێدەگات کە دەبێ ئەوێ جێبهێڵێت، میوانە ماقووڵەکان دوای دەکەون. مۆسیقاژەن و سەماکەران دێنە ژوورێ، گۆزەی شەراب بەرناکەوێ، دەخورێتەوە، زۆر یا کەم، لەسەر ڕیتمی زەوقی میر، کەیف و سەفا تاکو بەرەبەیان درێژە دەخایەنێ. لەنێوان دوو ڕەبابە ژەنین، عود و تار دەژەنن، گۆرانیبێژان لەسەر بابەتی هەڵبژاردەی خۆیان، شیعر هەڵدەبەستن: نیزامولمولک. سوڵتان توانای ئەوەی نییە دەسبەرداری وەزیرە بەتواناکەی بێت، سوڵتان بەپێکەنین تۆڵەی خۆی دەسەنێتەوە. هەر هەندە بەسە کە سەرنجی ئەوە بدرێت کە بە چ کەفوکوڵییەکی مناڵانەوە چەپڵە لێدەدات و مەزەنەی ئەوە دەکات کە ڕۆژێک دادێت دارکاری «باوکی» بکات.

حەسەن توانای ئەوەی هەبوو کە چۆن سوڵتان هان بدات و هەمان هەستی ئەو نیشان بدات. نیزام بەچییەوە هەڵدەشاخێ، بەحیکمەت و عەقڵییەوە و بەزانین و مەعریفەتییەوە؟ حەسەن زۆر بەکارامەییەوە باس لە حیکمەت و مەعریفەتی نیزام دەکات. ئایا باس لەو توانایە دەکات کە چۆن بتوانێ بەرگری لە تەخت و ئیمپراتۆرییەت بکات؟ حەسەن لە ماوەیەکی کەمدا توانای خۆی بۆ سەلماند. باسی دڵسۆزی خۆی بۆ کرد؟ ئایا شت لەوە

ئاسانتر هەیە کە باسی دڵسۆزی بکرێت، قەتیش هەندە جوان و ڕێکوپێکیش نییە، ئەگەر بێت و لە دەمی درۆزنێکەوە دەربێت.

لە هەموو شتێک زیاتر، حەسەن توانای ئەوەی هەیە کە قرچۆکی و دەستگرتووی خۆی بترنجێنێتە ناو مێشکی مەلیکشاوە. بێ وچان باسی دەسبڵاوی وەزیری بۆ دەکات، دەیەوێ سەرنجی کراس و کەوا نوێیەکانی بدات، ئەوانی خۆی و هی دامودەستەکەی. نیزام حەزی لە دەسەڵات و کەشخەیییە، بەڵام حەسەن تەنها هەر حەزی لە دەسەڵاتە، هیچی دیکە. لەمەودوا، دەتوانێ خۆی بەزاهیدی دەسەڵاتداریی نیشان بدات.

کاتێک حەسەن هەست بەوە دەکات کە مەلیکشا بەتەواوی تەسلیم بووە و پێگەیشتووە بۆ ئەوەی شمشێرەکەی خۆی ڕاوەشێنێ، ئەودەمە ڕووداوێک خەڵق دەکات. ڕۆژی شەممەیە، بەسەرهاتەکەی لە ساڵۆنی تەخت ڕوو دەدات. نوێژی نیوەڕۆ سوڵتان لە خەو هەڵدەستێ و سەرئێشەیەکی بێزارکەر هەراسانی لێ هەڵگرتووە. میزاجێکی تا بڵێی دوڕدۆنگی هەیە، چونکە ئەوەی بیست کە شەست هەزار دیناری زێڕ بەخشراوەتە پاسەوانە ئەرمەنییەکانی وەزیر. کەس گومان لەوە ناکات کە ئەم زانیارییانە لە ڕێگای حەسەن و شەبەکەکەیەوە گەیشتوونەتە مەلیکشا. نیزام زۆر بەشێنەیی بۆی شەرح دەکات و دەڵێ بۆ ئەوەی لەشکر هەڵنەگەڕێتەوە، پێویستە تێریان بکەین، بەڵکو دایان بەستێن، بۆ ئەوەی ڕێگا لە بچووکترین یاخیبوون بگرین، ئەوکات دەبێ دە ئەوەندە زیاتر پارە خەرج بکەین. بەڵام بەفرێدانی ئەم هەموو باوشە زێڕ و ئاڵتوونە، مەلیکشا وەڵام دەداتەوە، ئەوکات توانای ئەوەمان نابێت کە مووچەیان بۆ خەرج بکەین. جا ئەوکات یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەی ڕاستەقینە دەست پێدەکات. حکومەتی چاک ئەوە نییە کە بتوانێ زێڕەکانی بۆ کاتی تەنگانە هەڵگرێت؟

یەکێ لە دوانزە کوڕانەی نیزام لەوێ بوون، بەهەلی زانی کە موداخەلە بکات:

– لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەتی، عومەریان بەوە تاوانبار دەکرد



کە گوایە هەموو ئەو زێڕ و سامانەی کە لە غەزووەکاندا دەسگیریان ببوو، دەبەخشییەوە و ئەویش لە وەڵامدا پێی دەوتن: «ئەم زێڕە خوای تەعالا پێی نەبەخشیوین؟ ئەگەر ئێوە بڕواتان وایە کە لە توانای خودادا نییە کە ئیتر زێڕی دیکەمان پێ ببەخشێ، ئەوە ڕاستە هیچی لێ سەرف ناکەن. بەڵام من ئیمانم بەبەخشندەیی بێ کۆتایی خوا هەیە و هەمووشی بەسەر موسڵمانان دەبەخشرێتەوە و یەک دانەشی ناچێتە قاسەوە».

بەڵام مەلیکشا نیازی نییە دوای ئەم نموونەیە بکەوێت و زیاتر نموونەکەی حەسەنی بەدڵە و قەناعەتی پێیەتی؛ فرمان دەدات:

– داوا دەکەم کە لیستێکم بۆ بکەن و زۆر بەوردی هەر چ سامانێک دەچێتە خەزێنەوە و هەرچییەکیش لە خەزێنەوە دەردەچێت تیایا تۆمارکرێت. کەی چاوم بەم لیستە دەکەوێت؟

نیزام هەست بەشڵەژان دەکات.

– دەتوانم ئەو لیستەت عەرزکەم، بەڵام کاتم دەوێ.

– چەندێ کاتت دەوێ خەواجە؟

نەیوت ئەتا، بەڵکو وتی خەواجە ناوونیشانێکی پڕ لە ڕێز و حورمەتەوە، بەڵام لەم سیاقەدا پێدەچێ زیاتر تەعبیر لە نابەدڵییەک بکات، بەپێشەکی شکستییەک بچوێندرێت.

نیزام بەشڵەژاوییەوە خۆی ڕوون دەکاتەوە:

– پێویستە بۆ هەر ناوچەیەک قاسیدێک بنێرین و بۆ ئەوە ئەم حیسابە زۆرەمان بۆ بکات. لە سایەی خواوە مەملەکەتێکی گەورە و فراوانمان هەیە، زەحمەتە ئەم کارە لە دوو ساڵ کەمتر ئەنجام بدرێت.

بەڵام حەسەن بەنەبرەیەکی ڕەخنەگرانەوە دێتە زمان:

– بەڵێنی ئەوەتان دەدەمێ ئەگەر بێت و گەورەمان هەموو وەسیلەیەکم بۆ ئاسان بکات و فرمانی ئەوە بدات کە هەموو کاغەز و ئیزبارەکانی دیوان ئامادە کرێن و بمدرێتێ، ئەوە لە ماوەی چوار مانگی ڕەبەقدا، لیستێکی کۆمپلێتی هەموو حیسابەکانی دەخەمە پێش دەستی بەڕێزتان.

وەزیر دەیەوێ وەڵام بداتەوە، بەڵام مەلیکشا هەڵساوەتە سەر پێ. خێرا

و بەهەنگاوی هەراش، بەرەو دەرگای دەرەوە دەچێت و ئەمەش دەڵێت:

زۆر چاکە، حەسەن لە دیوان دەمێنێتەوە. هەموو کاتیبەکان لەژێر دەستی دەبن. کەسی تر خۆی ناقوڵتێنێتە کاروبارییەوە. دوای چل ڕۆژی دیکە، یەکتر دەبینینەوە.



## XIV

هەندەی نەبرد هەموو ئیمپراتۆرییەت کەوتە شڵەژانەوە، کاروباری ئیداری تووشی ئیفلیجبوون هات، باسی جوولەی لەشکر و باسی شەڕی ناوخۆ دەکرێت. وەکو دەڵێن، نیزام هەندێ گەڕەکی شاری ئیسفەهانی چەکدار کردووە. شتومەک و کاڵای بازاڕ شاردرانەوە. دەروازەی هەندێ بازاڕ، بەتایبەت بازاڕی زێڕنگران، هەر لە دەمەو عەسرەوە خڕ دادەخرێن. لە دەوروبەری دیوەخانیش جموجۆڵ و بگرەوبەردە زۆر پتەوە. وەزیری گەورە مەکتەبەکانی بۆ حەسەن چۆڵ کرد، بەڵام شوێنی ئیقامەتی وا بەپاڵییەوە و تەنها باخچەیەک لێیان جودا دەکاتەوە کە بۆتە بارەگای گشتی نەیارەکەی. بەڵام ئەم باخچەیە بووەتە ئۆردووگایەکی ئاشکرا، پاسەوانە تایبەتییەکانی نیزام بەتووڕەییەوە هاتوچۆی تیا دەکەن و بەتەواوی پڕ چەک و تفاقن.

هیچ کەسێک هەندەی عومەر تووشی سەغڵەتی نەهاتووە. دەیەوێ خۆی تێکەڵ بکات و وەزع هێورکاتەوە و بچێتە ناوبژییەوە و چارسەرێک بۆ ئەم دوو نەیارە بدۆزێتەوە. بەڵام، ئەگەر بێت و نیزام ئیستقبالی بکات، بێگومان باسی ئەم «دیارییە ژەهراوییەی» بۆ دەکات. بەڵام بەنیسبەت حەسەنیشەوە، خۆی لە ژوورەوە حەپس کردووە و خەریکی پشکنینی ئیزبارە و کاغەزە و دەبێ ڕاپۆرتەکەی بنووسێ و پێشکەشی سوڵتانی بکات. تەنها شەوان نەبێت، دەچێتە دیوان و لەسەر مافوور پاڵ دەکەوێت و بەچنگێ لە پیاوانی نزیک دەور دراوە.

سێ ڕۆژ پێش مێژووە دیاریکراوەکە، خەیام دەیەوێ جارێکی دیکە هەوڵ بدات و چارەسەرێک بدۆزێتەوە. دەچێتە لای حەسەن، هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئەوەی چاوی پێی بکەوێت، بەڵام پێی ڕادەگەیەنن کە سەعاتێکی تر بگەڕێتەوە، ساحێب خەبەر لەگەڵ خەزنەدارەکان کۆبوونەوەی هەیە. عومەر هەوڵی ئەوە دەدات پیاسەیەکی دەرەوە بکات. لە دەروازەکە نزیک دەبێتەوە و خەسێنراوێکی سوڵتان، بەجلوبەرگێکی سوورەوە قسەی ئاڕاستە دەکات و دەڵێ:

– ئەگەر خواجە ئارەزووی هەیە دوام کەوێت با بفەرمووێ!

دوای ئەوە ئەم پیاوە عومەری دایە دوای خۆی و بەکۆڵانی ژێرزەمینی زیگزاگ و بەپەیژە دەیباتە خوارەوە، دەگەنە باخچەیەک هەرگیز گومانی لە بوونی ئەم باخچەیەی نەکردبوو. تاوسی بەرەڵا کلکیان فش کردۆتەوە و دار زەردەلوو گوڵی گرتووە و حەوزێکیش خورەی دێت، لە پشتی حەوزەکەوە دەگەنە دەرگایەک بەسەدەف نەخشراوە. خەسێنراوەکە دەیکاتەوە. داوا لە عومەر دەکات پێشی کەوێت.

ژوورێکی گەورەیە و دیوارەکانی بەدێباجە داپۆشراون، دوورتر تاقێکی کەوانەیی بەبەرەیەک داپۆشراوە. دەجوولێتەوە و وجوودی کەسێ ئاشکرا دەکات. هێشتا خەیام بەتەواوی نەچووبووە ژوورەوە، گوێی لە دەنگێکی کپی داخستنی دەرگاکەی پشتییەوەی دەبێ. دەقەیەکی دیکە چاوەڕوانی، دڵەڕاوکێ، پاشان گوێمان لە دەنگی ژنێک دەبێت. نایناسێتەوە، وای بۆ چوو کە گوێی لە دیالێکتێکی تورکی دەبێت. بەڵام دەنگەکە نزمە، خێرا گوێی لە چەند وشەیەک دەبێت وەکو گابەرد بن، سێڵاو هێنابێتی. لە واتای گفتوگۆکە ناگات، دەیەوێ ڕایگرێ، داوای لێ دەکات کە بەفارسی یا بەعارەبی قسە بکات، ئەگینا با بەهێواشی قسە بکات، بەڵام ناتوانێ بەئیسراحەت لەگەڵ یەکێ قسە بکات کە لە پشتی بەرەوە بێت. ناچار، چاوەڕێ دەکات تاکو قسەکەی تەواو دەکات. لەپڕێکدا، دەنگێکی دیکە دوا بەدوای ئەویترەوە دێت:

– مامۆستاژن، تەرکەن خاتوون، خێزانی سوڵتان بۆ ئەم هاتنەت سوپاست دەکات.

ئەمجارەیان بەفارسی، ئەم دەنگەش ئەگەر لە ناوەند بازاڕیش بێت، لەناو غەڵبەغەڵبی مامەڵەکردن و سەودا بێت، خەیام دەیناسێتەوە. هاوار دەکات، بەڵام خێرا هاوارەکەی هێور دەبێتەوە و چرپە چرپێکی دڵخۆش و شەکایەتکار:

– جیهان!

جیهان چمکی بەرەکە لادەداتەوە و پەچەکەی هەڵدەماڵێ و بزەیەک دەکات، بەڵام بەهێمای پەنجە پێی دەڵێ مەیە پێشەوە. دەڵێ:



– ژنە سوڵتان، زۆر مەشغوولی ئەو ململانێیەیە کە لە دیوەخان هەڵگیرساوە. ئەم بێزارییە گەشە دەکات و خوێنیش دەڕێژرێ. زۆر کاری لە سوڵتان کردووە و هەمیشە تووڕەیە و حەریمیش لەبەر نەڕەی تووڕەبوونی ئەو دەنگ دەداتەوە. نابێت ئەم بارودۆخە هەروا بێت. ژنە سوڵتان دەزانێ تۆ بەردەوام خەریکی هەردوو لا ئاشت کەیتەوە و هیوادارە لەم کارە سەرکەویت و پێشی دەچێ چارەسەر لەژێر دەستا نەبێت.

خەیام بەسەر لەقاندن تەبایی خۆی نیشان دا. جیهان بەردەوامە:

– تەرکەن خاتوون وای بۆ دەچێت و ئاواتەخوازە کە مادامەکی وەزعەکە وایە، ئەم دووە جیا بکرێنەوە و وەزیر بەرنە لای پیاوێکی باش کە توانای ئەوەی هەبێت بیحەجمێنێ. مێردەکەشی، سوڵتانی مەزنمان، وەکو ئەو بۆی دەچێ، پێویستە لەو دەسیسەچییانە دوورخرێتەوە، ئەو تەنها پێویستی بەئینسانی حەکیم و ژیر هەیە، پیاوێک توانای هەڵسەنگاندنی عاقڵانەی هەبێت و هەروەها موستەشارێکی مەعلانیش بێت. چونکە سوڵتان، تۆ لە پایەکەی بەرز دادەنێ و بەچاوێکی بەرزەوە تەماشات دەکات، دەیەوێ ئەوە پێشنیاری سوڵتان بکات کە تۆ بەوەزیری گەورە تەعین کات، ئەم دەسنیشانکردنە ئارامی لە بیلات دەنێتەوە، هەرچەندە، پێش ئەوەی ئەم پێشنیارە بکرێت، دەیەوێ بزانێ ئایا تۆ خۆت بەمە ڕازیت.

عومەر پێویستی بەهەندێ کات هەبوو بۆ ئەوەی بزانێ ئایا ڕاستە ئەو شتەی کە دەیبیستێ، بۆیە هاوار دەکات:

– توخوا جیهان، دەتەوێ لە دەستم بدەی؟ من دەبینی سەرکردایەتی لەشکری مەملەکەت بکەم، میر یەخسیر بکەم و یاخیبوونێک بەداپڵۆسێن کپ بکەمەوە؟ توخوا وازم لێ بهێنە و بمدەرە دەستی چارەنووسی خۆمەوە!

– گوێ بگرە عومەر. دەزانم تۆ ئارەزووی ئەوەت نییە شت بگریتە دەست، دەزانم ڕۆڵی تۆ تەنها ئەوەیە لێرە بیت. بڕیار و ڕاپەڕاندن هیتران دەیبەن بەرێوە!

– بەواتایەکی دیکە، تۆ دەبیتە وەزیری ڕاستەقینە و مامۆستاژنیش دەبێتە سوڵتان، ئا ئەمەیە، وانییە، ئا لەمە ناگەڕێیت؟

– بۆچی ئەمەت پێ ناخۆشە؟ شەرەفمەند دەبیت، بەبێ ئەوەی دەردەسەریت تووش بێت، لەمە زیاتر چت دەوێ؟
تەرکەن خاتوون دەیەوێ کەمێ وردتر قسە بکات. جیهانیش تەرجەمەی دەکات:
– مامۆستاژن دەڵێت: لەبەرئەوەی ئینسانی وەکو تۆ خۆیان لە سیاسەت دوور دەگرن، بۆیە حوکمڕانی خراپمان هەیە. لەو بڕوایە دایە کە تۆ هەموو سیفاتێکت تێدایە بۆ ئەوەی ببیتە چاکترین وەزیر.
– پێی بڵێ، کە ئەو سیفاتانەی کە پێویستن بۆ ئەوەی حوکمڕانی پێ بکەیت، ئەو سیفاتانە نین کە ئینسان بەرەو دەسەڵات ڕادەکێشێ. بۆ ئەوەی بەباشی حوکمڕانی بکەیت، پێویستە خۆ فەرامۆش بکەیت، تەنها بیر لە هیتران بکەیتەوە، بەتایبەت بیر لە هەژاران بکەیتەوە؛ بۆ ئەوەی دەستت لە دەسەڵات گیرکەیت، دەبێ چلێسترین کەس بیت، تەنها بیر لە خۆت بکەیتەوە، ئامادەی ئەوەشت تیا بێت کە نزیکترین کەس پان کەیتەوە. منیش ئامادە نیم کەس تووشی تەفروتوونا بکەم!
تا ئەم لەحزەیە، پرۆژەی ئەو دوو ژنە چەقیان بەست. عومەر ڕازی نییە داواکانیان قبووڵ کات. هیچ سوودێکیشی نەدەبوو، چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی نیزام و حەسەن شتێکی حەتمی بوو.
ئەو ڕۆژە، ڕۆژی گوێگرتن بەگۆرەپانێکی زۆرانبازی گا دەچوو، بەڵام هێمن، ئەو پانزە کەسەی کە لەوێ دانیشتبوون بەبێ دەنگ سەرنجی یەکتریان دەدا. مەلیکشا، عادەتەن زۆر هەراشانە قسە دەکات، ئەمجارەیان زۆر بەبێ دەنگی لەگەڵ دەرگاوانەکە قسەی دەکرد و بەدوو پەنجەش خەریکی بادانی نووکی سمێڵی بوو. جارناجارێکیش، جورئەتی ئەوەی دەکرد کە سەیری ئەو دوو زۆرانبازە بکات. حەسەن بەپێوە وەستاوە، کراسێکی ڕەشی هەڵگەچراوی لەبەرە و عەمامەیەکی ڕەشی لەسەرە، ڕیشیشی زیاتر بەربووەتەوە و دەموچاویشی قوپاوە و پڕ چاوانیشی گڕ و ئامادەیە سەیری چاوە سوورەوە بووە ئێشکگرەکانی نیزام بکات. لە پشتیشییەوە سکرتێرێک باوەشی کاغەزی پێیە کە بەچەرمێکی ئەستوور



بەستراونەتەوە.
وەزیری گەورە، چەندین ساڵە خاوەن ئیمتیاز بوو، ئێستا کز دیارە. کەواکەی بۆرە و ڕیشیشی سپی هەڵگەڕاوە و تەوێڵیشی چرچولۆچ، تەنها چاوانی نەبێت کە زیت و وریا دیارن و چرووسکانەوەشیان پێوە دیارە. لە کوڕەکانی دووانیان لەوێن و لەسەر ڕوخساریشیان قین و ڕووبەڕووبوونەوە دەخوێندرێتەوە.
لە نزیک سوڵتانیشەوە، عومەر دانیشتووە، غەمگین و ڕووگرژ دیارە. لە مێشکیدا قسەی چاکی ئاشتکەرەوە ئامادە دەکات و بێگومان هەرگیز کاتی بۆ ڕانەخسێن کە بیدرکێنێ.
مەلیکشا داوا دەکات:
– بۆ ئیمرۆ وەعدیان داینێ کە ڕاپۆرتێکی وردمان لەمەڕ «بەیتی ماڵ»ەوە بۆ ئامادە بکرێت، ئایا ئامادەیە؟
حەسەن دەنووشتێتەوە.
– پەیمان بەجێ هێنرا و ڕاپۆرتیش ئامادەیە.
ئاوڕ لە سکرتێرەکەی دەداتەوە و لێی نزیک دەبێتەوە و بەپەلە قەیتانە چەرمەکە لە کاغەزەکان دادەماڵێ و بۆی درێژ دەکات. سەباح دەست دەکات بەخوێندنەوە. لاپەڕە هەوەڵینەکان تەنها پەیوەندییان بەسیاغەی دابونەریتەوە هەبوو، مەبەست سوپاسنامە و ستایشی ئایینی و ئیستیشهادی حەکیمانە و ڕستەی ڕەوانبێژانەی زۆر جوان چنراون، بەڵام دانیشتوان چاوەڕوانی شتی دیکە دەکەن، دێتە سەری:
– توانیم بەوردی حیسابەکان بکەم، هەر ناوچەیەک چەند سامانی ناردۆتە خەزێنەی سوڵتان، هەڵبەتە هی هەموو شارە گەورەکان. غەنیمەکانیشم هەڵسەنگاندووە کە لە جەنگی دژ بەدوژمنان بەدەستمان هێناوە و ئەو سامانە چۆن خەرج کراون، ئێستا بۆتانی عەرز دەکەم...
زۆر بەئاشکرا، قورگی پاک دەکاتەوە، ئەو لاپەڕانەی کە خوێندییەوە دەیداتەوە دەستی سکرتێرەکەی و ئەوانەی دیکەش دەگرێتەوە دەست. درزێک دەکەوێتە لێوی و پاشان نامێنێ. بێدەنگی. لاپەڕەیەک

هەڵدەداتەوە و تەماشای ئەوەی دیکە دەکات. بەئاماژەیەکی زۆر توورەوە ڕێکی دەخاتەوە. بێدەنگیی بەردەوامە.

سوڵتان وچانی بەبەرەوە نەماوە، کەمێ دەشڵەژێ:

– چ ڕووی داوە؟ چاوەڕێتین.

– گەورەم، ئەوانەی دیکە نادۆزمەوە. کاغەزەکانم بەجوانی ڕێکخستبوو، ڕەنگبێ کەوتبێتن، دەیاندۆزمەوە.

زۆر بەسەرنجدانەوە لێیان دەگەڕێ. نیزام ئەم هەلە دەقۆزێتەوە و بەنەبرەیەکی زۆر میهرەبان قسە دەکات:

– بزرکردنی کاغەزێک شتێکی ئاساییە و تووشی هەموو کەسێک دێت، نابێ لەم هاوڕێ لاوە بگرن. لەجیاتی ئەوەی چاوەڕوانی بکەین، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ڕاپۆرتەکانی دیکە بخوێنرێتەوە.

– ڕاست دەکەی ئەتا[٤]، با ئەوانەی داهاتوو بخوێندرینەوە.

هەموو هەستیان بەوە کرد کە جارێکی دیکەش، سوڵتان بە «باوک» ناوی وەزیری برد. ئایا ئەمە ئەوە دەگرێتەوە کە سوڵتان جارێکی دیکە بەئیعتبارەوە تەماشای دەکات؟ ئەمە لە کاتێکدا حەسەن لەنێو کاغەزەکانیدا وێڵ بووە و وەزیر دەیەوێ زیاتر سوود لەم هەلە وەرگرێت:

– با ئەم کاغەزە بزربووانە بخەینە لاوە. لەجیاتی ئەوەی سوڵتان چاوەڕێ بکات، ئەوە بەباش دەزانم کە حەسەنی برامان با حیساباتی چەند شارێکی گرینگی چەند ناوچەیەکمان بۆ بخوێنێتەوە.

خێرا سوڵتان موافەقەتی ئەو ڕایە دەکات. نیزام هەڵدەداتەوە:

– بۆ نموونە، با شاری نیشاپوور وەرگرین، زێدی عومەر خەیام کە خۆشی ئامادەیە. دەکرێ ئەوە بزانین کە ئەم شارە چەندێ سامانی ناردۆتە خەزێنە؟

حەسەن وەڵام دەداتەوە:

– هەر ئێستا، دەیەوێ جڵەو بگرێتەوە دەست.

بەدەستێکی پسپۆڕانە، دەرزەنە کاغەزەکانی شەق دەکات و، ویستی لاپەڕەی سی و چوار دەربهێنێ کە هەموو حیساباتی شاری نیشاپووری

(٤) «ئەتا» وشەیەکی تورکییە بەواتای «باوک» دێت (وەرگێڕ).



تێدابوو. بێ سوود.

دەڵێ:

– لاپەڕەکەی تێدا نییە، ئەویش ون بووە... لێیان دزیوم... کاغەزەکانیان لێ بزر کردووم...

نیزام هەڵسایە سەرپێ. لە مەلیکشا نزیک دەبێتەوە و دەچرپێنێتە بناگوێیەوە:

– ئەگەر بێت و گەورەمان بڕوای بەخزمەتکارە هەرە بەتواناکان نییە، ئەوانەی کە سەختیی شتەکان پێدەزانن و سنووری ئیمکان و مەحاڵیش لە یەکتر جودا دەکەنەوە، خۆ ئەوە خۆی بەرامبەر بەشێتێک و دەجاڵێک و نەزانێک دەبینێتەوە و بەم شێوە بەلاوە دەخرێ و بەچاوێکی سووکیشەوە تەماشا دەکرێ.

مەلیکشا بۆ یەک دەقەش گومان لەوە ناکات کە موامەرەیەکی تەواویان لێکردووە. هەروەکو مێژوونووسانیش بۆمانی دەگێڕنەوە، نیزامولمولک سکرتێرەکەی حەسەنی بەرتیل خوارکرد و ئەمری ئەوەشی دەداتێ کە هەندێ کاغەزی لێ بشارێتەوە و جێگۆڕکێش بە هەندێکیان بکات؛ بەم جۆرە هەموو هەوڵ و شەونخوونی نەیارەکەی پووچ کردەوە. حەسەنیش ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە موامەرەی لێکراوە و دانیشتوانیش ڕێی قسەی لێ دەگرن و سوڵتانیش، هەستی بەشکستیی کرد، چونکە کردیانە گەمەی خۆیان و لەمەش زیاتر سەرنجی ئەوەی دا کە گشت ئەو هەوڵانەی کە بۆ لابردنی وەزیرەکەی دای بەفیڕۆچوون و هەموو خەتاکانیشی هاوێشتە سەر ئەستۆی حەسەن. ئەمریش دەداتە پاسەوانەکان کە پیلی بگرن و بڕیاری ئەوە دەردەکات کە سزای مردنی بەسەرا بسەپێنن.

بۆ یەکەم جار عومەر دەیەوێ دەست بەقسە بکات:

– بەهیوای ئەوەی گەورەمان میهرەبان و دڵ گەورە بێت. ڕەنگە حەسەن سەباح تووشی هەڵە بووبێت، ڕەنگیشە بووبێتە قوربانی حیماس و کەفوکوڵ، بۆ ئەم لادانانە پێویستە لەم ئیشە دوورخرێتەوە، بەڵام دەرهەق بەتۆ، بەخەتای گەورە تاوانبار ناکرێت.

– کەواتە هەردوو چاوی دەربهێنن! قورقوشم ئامادە بکەن و ئاسن داغ کەن.

حەسەن فزرە ناکات، عومەر جارێکی دیکە دێتەوە قسە. نایەوێ نە چاوی حەسەن دەربهێنن نە بیشیکوژن، چونکە خۆی ئەم ئیشەی بۆ دۆزییەوە.

عومەر دەپارێتەوە:

– گەورەم، ئەشکەنجەی لاوێکی وا مەدە کە ئیتر نەتوانێ نە بەنووسین نە بەخوێندنەوە ئەم گوناهەی لە بیربچێتەوە.

مەلیکشا دەڵێ:

– لەبەر خاتری تۆ، خواجە عومەر، لە هەمووان حەکیمتر و لە هەمووان پاکژتر، وا جارێکی دیکەش لە بڕیاری خۆم دێمە خوارەوە. حەسەن سەباح سزای ئەوەی دەدرێتێ کە دەرکرێ و با نەفی ناوچەیەکی دوور بکرێت و تا ماوە با لەوێ ژیان بەرێتە سەر. جارێکی دیکەش بۆی نییە پێ بنێتە خاکی مەملەکەتەوە.

بەڵام پیاوەکەی قوم جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە، ئەمجارەیان بۆ ئەوەی بەتوندی تۆڵەی خۆی بکاتەوە.



**کتێبی دووەم**

# بەهەشتی حەشاشەکان

*بەهەشت و دۆزەخ لە تۆدان*

عومەر خەیام

## XV

حەوت ساڵ تێپەڕی، حەوت ساڵی بەختیاری بۆ خەیام و بۆ مەملەکەت، دوا ساڵەکانی ئاشتی بوون.

لەژێر بنمیچێکی بەدارمێو تێکچڕژاو، مێزێک ڕازاندراوەتەوە و سوراحی مل درێژی لەسەر داندراوە کە باشترین شەرابی شیرازی تێدایە، جۆرە شەرابێکە کەمۆکەیەک تامی میسکی هەیە؛ سەدان بادە لەو ئاهەنگە دەگەڕێ، ئێوارانی مانگی پووشپەڕ ئا بەم جۆرە لە هەیوانەکەی عومەر ژیان دەچێتەسەر. بەشتی سووک دەست پێکرا، سەرەتا بانگی شەراب دەکرێ، میوە، پاشان مەزەی هەمەجۆر، برنجی تایبەتی و بەهێی مەحشی کراو.

بایەکی سووک لە چیا زەردەوە، بەناو مێرغوزارەکانەوە هەڵدەکات. جیهان عودێکی بەدەستەوەیە، ژێیەک دەگرێ، پاشان یەکێکی دی. لەسەرخۆ، مۆسیقا دەست پێدەکات، هاوڕێیەتی لەگەڵ با دەکات. عومەر بادەکەی هەڵدەگرێ و بەقووڵی بۆنی دەکات. جیهان سەرنجی دەداتێ. لەسەر مێزەکە گەورەترین میوەی عونناب هەڵدەگرێ، لە هەمووان سوورتر، لە هەمووان لووستر و دەیداتە پیاوەکەی، بەگوێرەی زمانەوانی میوەش، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە «هەر ئێستا ماچێکم دەوێ». بۆ لای عومەر دەنووشتێتەوە و لێویان لە یەک دەدات و دوور دەکەونەوە و جارێکی دیکەش لە یەکتر دەخشێن و جیا دەبنەوە و یەک دەگرنەوە. پەنجەکانیان تێکدەئاڵێن، کارەکەرێک دێت، خێرا دەست لە یەکتر دوور دەکەونەوە و هەرکەسە و بادەی خۆی دەگرێتەوە دەست. جیهان بەبزەوە دەچرپێنێ:

– ئەگەر حەوت ژیانم هەبوایە، یەکێکیانم لەوە خەرج دەکرد کە هەموو ئێوارەیەک بێم و لەم هەیوانە دانیشم و لەسەر ئەم قەنەفەیە خاوەدا شەراب بخۆمەوە، قامکەکانم بخەمە نێو ئەم بادانەوە و بەختیاری لەناو ڕەتابەتدا بۆنی میسک وەرگرێت.

عومەر وەڵام دەداتەوە:

– ژیانێک یا دووان، هەروەکو ئەمەی ئێستا ڕادەبوێرم، پاڵکەوتوو لەم هەیوانە و دەستم بەناو قژتدا گڕ بدەم.

ئەم دووە بەیەکەوەن و جوداوازن. نۆ ساڵە عاشقی یەکترن، چوار ساڵە ژن و مێردن و خەونەکانیان لەژێر هەمان میچ هەڵناکەن. جیهان کات هەڵدەلووشێ و عومەریش لەسەرخۆ فڕی دەکات. جیهان دەیەوێ دەست بەسەر دونیایا بگرێت، گوێی ژنە سوڵتانی هەیە و ژنە سوڵتانیش گوێی سوڵتانی هەیە. بەڕۆژ لە حەرەمی شاهنشاییە، سەری لەو هەموو پەیامە سوڕدەمینێ کە دێن و دەچن، قسە و خواس و پڕوپاگەندەی ساڵۆنی ژنان و پەیمانی زێڕنگران و هەروەها بۆنی ژەهریش دەکات. هەڵدەچێ و تووڕە دەبێ و گڕی تێبەر دەبێ. ئێوارەش خۆی دەداتە دەستی بەختیاریی عیشقەوە. بەنیسبەت عومەرەوە ژیان جیاوازە، لەززەتی زانستە و زانیاری لەززەتە. درەنگ لە خەو هەڵدەستێ و بەسکی بەتاڵ «بادەی تەقلیدییەکەی بەیانییان» دەخواتەوە و دەچێتە سەر مێزی ئیشکردن، دەنووسێ و حیساب دەکا و هێڵ و فیگەر دەکێشێ، جارێکی دیش دەست بەنووسین دەکاتەوە و چەند دێڕە شیعرێکیش لە کەشکۆڵە نهێنییەکەی تۆمار دەکات.

شەوانیش، دەچێتە ڕوانگاکەی کە لەسەر تەپۆلکەیەکی نزیک ماڵەکەی دروست کراوە. تەنها باخچەیەک لەو بەینەوە، ئیتر خۆی لەنێو ئامێرە هەرە ئازیزەکانی دەبینێتەوە کە بەمیهرەبانییەوە دەستیان لێ دەدات و چەوریان دەکا و دەیانسڕێتەوە. زۆرجار لەگەڵ میوانی ئەستێرەناس دایە. سێ ساڵی یەکەم لە ڕەوانگاکەی ئیسفەهان بردییەسەر، ئەو سەرپەرشتی دروستکردنەکەی کرد، کەرەسەکانی بەڕادان دا، بەتایبەت، ساڵنامەیەکی نوێی هێنایە کایەوە کە ئاهەنگی کردنەوەکەی کەوتە یەکەم ڕۆژی



فاڤاردینی ساڵی ٤٥٨ کە ڕێکەوتی ٢١ خاکەلێو ١٠٧٩ە. بۆچی فارسێک هەیە ئەوەی لە بیر بچێ کە ئەو ساڵە بەهۆی حیسابە نوێیەکەی خەیامەوە، جەژنی نەورۆزی پیرۆز تووشی جێگۆڕکێ هات، سەرەتای ساڵی نوێ دەبوایە بکەوێتە ناوەڕاستی بورجی ماسییەوە، بەڵام کەوتە یەکەم هەتاوی بورجی بەرانەوە و ئا لەو کاتەشەوە مانگی ئێرانی تێکەڵی ئەستێرە دەبن و بەم جۆرەش فاڤاردین دەبێتە مانگی بەران و ئیسفەندیش دەکەوێتە بەر بورجی ماسییەوە؟ لە پووشپەڕی ١٠٨١ەوە، ئیتر دانیشتوانی ئیسفەهان و هەموو ئیمپراتۆرییەت بەگوێرەی ساڵنامەی نوێ بەڕێوە دەچێ؛ لە ساڵی سێیەم دان. ئەم ساڵنامەیە بەشێکلێکی ڕەسمی بەساڵنامەی سوڵتان دەناسرێتەوە، بەڵام لە شەقام و خیابانەکاندا، بەڵکو لە هەندێ بەڵگەنامەی ڕەسمیشدا، بەکورتی دەنووسرێ و دەوترێ «ساڵ بەگوێرەی ساڵنامەکەی عومەر خەیام». کێ هەیە وەکو ئەو، لە ژیانی خۆیدا ئەو هەموو بەختیارییەی بینیبێ؟ واتە، لە تەمەنی سی و سێ ساڵاندا، شەخسییەتێکی ناودار و بەڕێزە. بێگومان خەڵکانێک سڵی لێ دەکەنەوە بەڵام ئەوە نازانن کە عومەر دوژمنی توندوتیژی و زۆردارییە.

ئەم گلییە لە جیهان ناکات؟ وردەکارییەک، بەڵام وردەکارییەکی زۆر گرینگ: هیچ کامیان منداڵیان ناوێ. جیهان بڕیاری تەواوی خۆی داوە، نایەوێ خۆی بەمنداڵێک بارقورس کات. خەیامیش قسە نەستەقەکەی ئەبوعەلا دووپات دەکاتەوە، شاعیرێکی سوریایە کە زۆر ستایشی دەکات، مەعەری لەو ڕووەوە دەڵێ: «ئازار دەچێژم بەخەتای ئەو کەسەی منی هێنایە بوون، کەسی دیکە ئازاری خەتای من ناچێژێ.»

با بەهەڵە لەم هەڵوێستەی خەیام تێنەگەین، خەیام ئینسانێکی دژ بەڕەچەڵەکی ئینسان نییە. مەگەر ئەو نییە کە دەڵێ: «کاتێک ئازار دەتداتە عەردا، کاتێک هیوای ئەوە دەخوازی کە شەوێکی ئەبەدی بەسەر وجوودا ڕابشکێ، بیر لە چیمەن بکەوە کە دوای باران بریقەی دێ، بیر لە خەوهەڵسانی منداڵێ بکەرەوە.» ئەگەر ڕەتی ئەوە دەداتەوە کە منداڵیان بێ، چونکە بەنیسبەت خەیامەوە هەڵگرتنی وجوود قورسە. ئایا «بەخیتارە ئەو کەسەی قەت نەهاتە دونیا»، هەمیشە دووبارەی ناکاتەوە.

لێرەوە دەبینن، هەرکەسە و هۆی تایبەتی خۆی هەیە و هیچیش پێک ناچن. هەڵوێستی جیهان ئەنجامی تمووحێکی زیاد لە پێویستە، ئەوەی عومەریش جۆرە تەرکی دونیا کردنێکە، بەڵام کاتێک دەبینی ژن و پیاوێک خاوەن هەڵوێستێکی یەکگرتووی وا بن کە گشت ژن و پیاوانی وڵاتی فارس مەحکووم کات، ئەو کات قسەوقسەلۆکی جیا جیا لەمەڕ نەزۆکی یەکێکیان تەشەنە دەکات و بەبێ ئەوەی هەوڵی وەڵامدانەوە بدەن، ئا بەو شێوەیە، لەو ڕووەوە ئاڵۆزکارییەکی بێ سەروبن دەهۆنرێتەوە.

بەڵام ئاڵۆزکارییەکە، ئەویش سنووری خۆی هەیە. زۆرجار جیهان دەچێتە لای عومەر بۆ چنینی بەهاترین ڕای پیاوێکی کە تەماحی دونیای نییە، بەڵام زۆر بەدەگمەن، خەمی ئەوەی هەیە لە بارەی چالاکییەکانی خۆی شتێک لای عومەر بدرکێنێ. چ سوودێکی هەیە بووژاندنەوەی ململانێیە بێ کۆتاییەکان؟ ڕاستە، خەیام زۆر لە بیلاتەوە دوور نییە. ئەگەر بێت و زۆرجار خۆی لە دەمەتەقێ و قسەوقسەلۆک هەڵدێت و خۆی دەشارێتەوە، بەتایبەت ئەوەی کە لەنێوان پزیشکان و ئەستێرەناسانی بیلات دایە، بەڵام مومکین نییە خۆی لە هەندێ ئەرک بدزێتەوە: چوونەسەر سفرەی هەینییان و سەردانی چەند میرێکی نەساغ، بەتایبەت مانگنامەی زۆدیاک بۆ مەلیکشا بخوێنێتەوە، چونکە سوڵتان وەکو هەموو کەسێکی دیکە پێویستە ئیستیشارەی تەقویمەکەی عومەر بکات بۆ ئەوەی بزانێت دەبێ ئیمڕۆ چ بکات و چ نەکات. «ڕۆژی پێنجەم، ئەستێرەیەک لێت ڕادەمێنێ، لە کۆشک دوور مەکەوە. ڕۆژی حەوتەم بەهیچ جۆرێ نەدەرمان بخۆرەوە نەخوێنیش بدە. ڕۆژی دەیەم، مێزەرەکەت بەهەڵاودیوی بپێچەوە. ڕۆژی سیانزەم، لە هیچ ژنێکت نزیک مەبەرەوە...» هەرگیزاو هەرگیز سوڵتان بەتۆزقاڵێکی لەم فرمانانە دوور نەدەکەوتەوە. نیزامیش، هەموو سەرەمانگێ تەقویمەکەی لە عومەر وەردەگرت و زۆر بەچڵێسییەوە دەیخوێندەوە و وشە بەوشە تەتبیقی دەکرد. وردە وردە، خەڵکی دیش ئەم ئیمتیازەیان بەردەکەوت، دەرگاوان و قازییە گەورەکەی ئیسفەهان و خەزنەدارەکان، چەند میرێکی لەشکر، چەند بازرگانێکی بەموڵک و ماڵ، ئەمەش بۆ عومەر کارێکی زۆری دروست دەکرد، بەتایبەت دە شەوی پێش



هەمـــوو مـــانگێک. خـــەڵکیش گـــەلێ بەتامـــەزرۆوە چاوەڕوانی ئەم لێکدانەوەیان دەکرد! هەرە زەنگینەکان بۆ لێکدانەوە دەچوونە لای عومەر و ئەوانەشی کە پارەی زۆریان نەبوایە، دەچوونە لای ئەستێرەناسێکی تر کە شـــوورەتی کـــەمـــتـــری هەبێت، یا ئەوەتا هەر بەلایەن کـــەم بۆ بڕیاردان و ڕاپەڕاندنی کـــارێکی دیاریکراو، دەچوونە لای مـــەلایەک، ئەویش چاوی دەچووقـاند و قـورعـانەکـەی دەکـردەوە و پەنجـەی دەخـسـتـە سـەر یەکێ لە سوورەتەکـان و ئیـتـر سـوورەتەکـەی بۆ دەخـوێندەوە و بۆ ئەوەی وەڵامی بۆ گرفتەکانی چنگ کەوێت. هەندێ ژنی هەژار و دەستکورتیش، لەبەر ئەوەی زۆر بەپەلە لە مـەڕ کـێـشـەیەکی دیارکـراوەوە بڕیارێک بدەن، ئەوە بەپەلە دەچوونە مـەیدانی گشـتـیی و گـوێیـان لە ڕسـتـەی یەکـەمی هەر کـەسێک ببوایە، ئەوە ئیتر بەجۆرێک لێکیان دەدایەوە کە گوایە لە غەیبەوە هاتووە.

ئەو ئێوارەیە جیهان بەعومەر دەڵێ:

– ئیمڕۆ تەرکەن خاتوون پێی وتم ئایا تەقویمەکەی مانگی تیر ئامادەیە؟

عومەر تەماشای خاڵێکی دوور دەکات:

– هەر ئەمشەو بۆی ئامادە دەکەم. ئاسمان سافە و ئەستێرەیەکیش خۆی ناشارێتەوە، کاتی ئەوە هاتووە کە بچمە ڕوانگاە.

خـۆی ئامـادە دەکـات بۆ ئەوەی بڕوات، بەبێ پەلەکـردن، لەو کـاتەدا کارەکەرێک دێت و هەواڵێکی پێیە:

– دەروێشێک وا لە دەرگایە و بۆ ئیمشەو داوای میواندرێتی دەکات.

عومەر پێی دەڵێ:

– بیهێنە ژوورەوە. ژوورەکەی ژێر پەیژەکانی بۆ ئامادە بکە و پێشی بڵێ با لەگەڵ ئێمە نان بخوا.

کاتێک میوانە بیانییەکە دێتە ژوورێ، جیهان دەموچاوی دادەپۆشێ بۆ ئەوەی بەخێرهاتنی لێکات، بەڵام کارەکەر بەتەنیا دەگەڕێتەوە.

– ئەوەی بەباش زانی کە هەر لە ژوورەکـەی بمێنێـتـەوە بۆ ئەوەی نوێژ و ستایشی خۆی بکات و ئەم پەیامەی دامێ:

عـومەر خوێندییەوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و وەکو ئۆتاماتیک هەڵسایە

سەرپێ. جیهان تووشی ڕاڕایی دێت:

– ئەم پیاوە کێیە؟

– ئێستا دەگەڕێمەوە.

نامەکەی لەتوێپەت کرد، بەگورگەلۆقە دەچێتە ژوورە بچووکەکە و دەرگای لە دووی خۆی دادەخات. چەند ساتێکی چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێ. ئەملاو ئەولای ماچکردن و پاشانیش گلەییەک:

– بۆچی هاتووی بۆ ئیسفەهان؟ هەموو پیاوانی نیزامولمولک گلەییت لێ دەکەن.

– هاتووم ئەمەت پێ ڕابگەیەنم.

عومەر لێی ورد دەبێتەوە. دەیەوێ لەوە دڵنیا بن کە ئەویتر هۆشی بەسەرخۆیەوە، بەڵام حەسەن پێدەکەنێ، هەر هەمان ئەو پێکەنینە بێدەنگەی کە کاتی خۆی خەیام لە کاروانسەراکەی کاشان گوێی لێ بوو.

– دڵ لەدڵ مەدە، تۆ دوا کەسی کە هەوڵی ئەوە دەدەم کە وەرت گێڕمە سەر مەزهەبەکەی خۆم، بەڵام پێویستم بەشوێنێک هەیە داڵدەم بدات. کێ هەیە لە عومەر خەیام زیاتر بتوانێ خەڵکی بپارێزێ، هاوخوانی سوڵتان و هاوڕێی وەزیری گەورە؟

– قینیان زیاتر لە تۆ دەبێتەوە تا لە هاوڕێتیان بۆ من. بەخێربێیت بۆ ماڵی من، بەڵام ئەگەر بەوە بزانن کە تۆ لێرەی، قەد بڕوا ناکەی کە هاوڕێیەتی من بتوانێ ڕزگارت بکات.

– سبەی ئێرە بەجێ دەهێڵم.

عومەر هەست بەگومان دەکات:

– هاتوویت تۆڵەی خۆت بکەیتەوە؟

بەڵام ئەویتر هەست دەکات کە کەرامەتی بریندار دەکرێ.

– هەوڵ نادەم تۆڵە بۆ کەسێکی وەکو خۆم بکەمەوە، هیوادارم کە دەسەڵاتی تورک تێکبشکێنم.

عومەر سەرنجی هاوڕێیەکەی دەدات: عەمامە ڕەشەی پێ دادەکەنێ و عەمامەیەکی دیکەی سپی خاڵخاڵی لم ڕەنگی دەداتێ و جلوبەرگێکی



لەبەرە لە خوری درژ دروستکراوە و لە هەموو لایەکیشەوە خوراوە.

– وا دەتبینم کە زۆر لە خۆت دڵنیایت! لەبەردەمم زەلامێکی لێقەوماو و ڕاونراو دەبینم کە لەم ماڵ و ئەو ماڵ خۆی دەشارێتەوە نەزانێ لە کوێ خۆی بشارێتەوە و شتومەکەکانی خەرجێک و عەمامەیەکە و دەتەوێ دەرەقەتی مەملەکەتێک بێیت کە لە ڕۆژهەڵاتی شامەوە دەست پێدەکات تا هێرات!

– تۆ باسی شتێک دەکەی کە هەیە و منیش باسی شتێک دەکەم کە دەبێ. بەرامبەر بەدەسەڵاتی سەلجوقییەکان، دەعوەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات، بەوردی ڕێکخراوە و دەسەڵاتدار و ترسناکە. زەمینی ژێر سوڵتان و وەزیران دەهێنێتە لەرزە. هەندە لەمێژ نییە، من و تۆ لە دایک بووین، کاتی خۆی ئیسفەهان بەدەستی بنەماڵەیەکەوە فارسی و شیعەوە بوو کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەلیفەی بەغدا فەرز دەکرد. ئیمڕۆش، فارسەکان تەنها کۆیلەی تورکانن و هاوڕێییەکەی تۆش، نیزامولمولک، لە هەموو کۆیلەکان ملکەچترە. چۆن دەتوانی ئەوە بسەلمێنی کە ئەو شتەی ڕاست بوو بۆ دوێنێ، سبەینێ دەچێتە عەقڵی کەسەوە؟

– حەسەن، کات وەکو خۆی نەماوە، تورکان هێزیان هەیە و فارسەکانیش بەزین. هەندێک، وەکو نیزام موساوەمە لەگەڵ سەرکەوتووان دەکات و هەندێکی دیکەش وەکو من پەنا دەباتە بەر کتێب و خۆی تیایا داڵدەدات.

– هەندێکیش بەردەوامن لە خەبات. ئیمڕۆ تەنها یەک دووانێکن، سبەی دەبنە هەزار، دەبنە لەشکرێکی گەورە و بەبڕوا و کەسیش نەتوانێ چۆکیان پێدا دادات. من پەیامبەرێکی ئەم دەعوە نوێیەم، بێ وچان بەم سەر و ئەو سەری وڵاتا دێم و دەچم، هێزی من قەناعەت پێهێنانە و بۆ ئەمەش تەنها پەنا بەخوا دەبەستم، بەتەمای خوای گەورە، دەسەڵاتی فاسید لە ڕەگوڕیشەوە هەڵدەتەکێنم. عومەر، بەتۆ دەڵێم، بەو کەسەی ڕۆژێکیان ژیانی قوتار کردم: دەبێ ڕووداوی وا لە دونیا ڕوو بدەن کە کەم کەس لە واتاکەی تێبگات. تۆ تێدەگەی، تۆ دەزانی چ ڕوو دەدات، دەزانی ئەو کەسە کێیە کە زەمین دەلەرزێنێ و چۆنیش ئەم شاڵاوە کپ دەبێتەوە.

– نامەوێ قەناعەتت پێ لەق بکەم و ئەم کەفوکوڵەت هێورکەمەوە،

بەڵام دێتەوە یادم کە لە بیلاتی مەلیکشا بینیتم چۆن لەگەڵ نیزامولمولک کەوتبوویتە دەمەتەقێیەوە و لایەنگیریی تورکانت دەکرد.

– چاو بکەرەوە، من ئەو کەسە بوودەڵەیە نیم کە باسی دەکەی.

– من باسی هیچ ناکەم، تەنها باسی نەشازییەک دەکەم.

– ئەمە پەیوەندی بەنەزانینی تۆوە هەیە سەبارەت بەڕابردووی منەوە. گلەیی ئەوەت لێ ناکەم کە تۆ حوکم بەسەر شتی دەرەکییەوە دەدەیت، بەڵام ئەگەر بەسەرهاتی ڕاستەقینەی خۆمت بۆ باس بکەم، ئەوکات بەچاوێکی ترەوە تەماشام دەکەیت. من لە خێزانێکی شیعەی تەقلیدییەوە هاتووم. هەمیشە ئەوەیان بۆ باسکردووین کە ئیسماعیلییەکان ئەهلی بیدعەتن. تا ئەو کاتەی تووشی موبەشیرێک هاتم و گەلێ قسەی بۆ کردم و بڕوا پێشینەکەمی لەق کرد. کاتێکیش لە ترسی ئەوەی خۆمی بۆ شل کەم، بڕیاری ئەوەم دا کە ئیتر نەیدوێنم و نەخۆش کەوتم. تووشی نەخۆشییەکی هەند سەخت هاتم، هەستم کرد کە ئیتر دوا ساتەکانی ژیانم دەژیم. ئیشارەتێکی بینی، ئیشارەتی خوای تەعالا بوو و نزرێکم کرد، بەخۆم وت ئەگەر چاک ببمەوە خۆم وەردەگێڕمە سەر مەزەبی ئیسماعیلییەکان. هەر هەندەی نەبرد، لەپڕێکدا چاک بوومەوە. کەسێک لە خێزانەکەم بڕوایان نەدەکرد وا بەخێرایی چاک ببمەوە.

«بەڵێ، قەولم دا و سوێندم خوارد، لە ماوەی دوو ساڵ پەیامێکیان پێ سپاردم: بچمە لای نیزامولمولک و خۆم بخزێنمە بیلاتەوە و بۆ ئەوەی پارێزگاری برا ئیسماعیلییەکانم بکەم و بەڵکو لە کێشە و گرفتەکانیان ڕزگاریان دەبێ. ئیتر ڕەیم جێهێشت و ڕووم کردە ئیسفەهان و لە کاروانسەرایەک لە شاری کاشان حەسامەوە. بەتەنها لە ژوورێکی بچووک ژیام و لە خۆم دەپرسی دەبێ چۆن بتوانم بگەمە وەزیری گەورە، ئیتر دەرگام لێ کرایەوە. کێ بوو هاتە ژوورەوە؟ خەیام بوو، خەیامی مەزن، خودا ناردبووی بۆ ئەوەی لە جێبەجێکردنی پەیامەکەم یارمەتیم بدات.

عومەر سەری سوڕدەمینێ.

– کاتێ کە نیزامولمولک لێی پرسیم ئایا تۆ ئیسماعیلیت و منیش لە



وەڵامدا پێیم وت بڕوا ناکەم!

– تۆ درۆت نەکرد، تۆ نەتدەزانی. ئێستا دەزانی.

ڕادەوەستێت.

خواردنت پێشکەش نەکردم؟

عومەر دەرگای کردەوە و بانگی کارەکەرەکەی کرد کە خواردنی بۆ بهێنێ و دەستی بەپرسیارکردن کردەوە:

– کەواتە ئەوە حەوت ساڵە بەسیپاڵی دەروێشانە عەودالّیی دەکەی؟

– گەلێ گەڕام. کاتێک کە ئیسفەهانم جێهیشت، پیاوانی نیزامولمولک دوام کەوتن و ویستیان بمکوژن. توانیم خۆمیان لە قوم لێ بشارمەوە و برادەرانم دالّدەیان دام و پاشان ڕێگای ڕەیم گرتەبەر و چوومە ڕەی، ئیسماعیلییەکم تووش هات و داوای لێکردم کە بچمە میسر و بچمە قوتابخانەی موژدەرانەوە کە ئەویش کاتی خۆی قوتابی بووە لەوێ. بام دایەوە بەرەو ئازربایجان و لەوێوە بۆ شام. بیرم لەوە کردبووەوە بەڕێگای ناوەوە خۆم بگەینمە قاهیرە، بەڵام لە لێوارەکانی ئورشەلیم لە نێوان تورکان و مەغرببییەکاندا شەڕ هەڵگیرسابوو، ئیتر ناچاربووم بگەڕێمەوە و لە ڕێگای کەنارەکانی حەوزی ناوەڕاستەوە، چوومە بەیرووت و تیر و ئاکر، ئیتر لەوێ، پاپۆڕێکم دەستکەوت. کاتێک گەیشتمە ئەسکەندەرییە، وەکو میرێکی نەجیبزادە پێشوازیان لێکردم، بەسەرۆکایەتی ئەبوداوود، سەرۆکی باڵای موژدەدەران، کۆمیتەیەک بۆ پێشوازی چاوەڕێیان دەکردم.

کارەکەرەکە دێتە ژوورەوە. چەند قاپێک لەسەر فەرشەکە دادەنێ. حەسەن دەست بەدوعا و پاڕانەوە دەکات، هەرکە کارەکەر چووە دەرەوە، ئەویش ئیتر واز لە ستایشەکانی دەهێنێ.

– دوو ساڵ لە قاهیرە مامەوە. دەیان قوتابی لە قوتابخانەی موبەشیرەکان دەیانخوێند، بەڵام تەنها چەند کەسێکیان لێ هەڵبژاردین بۆ ئەوەی لە دەرەوەی خاکی فاتیمییەکان چالاکی بنوێنین.

نایەوێ لەمە زیاتر بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە. لە گەلێ سەرچاوەی دیکەوە، ئەوە دەزانین کە دەرزەکان لە دوو شوێنی جیاواز دەوترانەوە:

ئوسولی عەقیدە، لەلایەن زانا ئایینییەکانی ئەزهەر سەرپەرشتی دەکرا و وەسیلەکانی بڵاوکردنەوە، لەنێو شوورەکانی کۆشکی خەلافەت ڕێک دەخرا، هەر سەرکردەی موژدەدەرەکان خۆی، شەخسییەتێکی بەناوبانگی بیلاتی فاتیمییەکان بوو مەنهەجی قەناعەت پێهێنان و هونەری بەکارهێنانی ئەنجەت و ئاڕاستەکردنی ئاخاوتن بۆ عەقڵ و بۆ دڵی دەوتەوە. هەر ئەویش خۆی، کۆدە نهێنییەکانی پێ لەبەر دەکردن کە یارمەتی دەدان کە یەکتری پێ بناسنەوە. لە کۆتایی هەر هەڵقەیەکیشدا، هەر قوتابییەک دەهات و لەبەردەم سەرۆکی موبەشیرەکان دەنووشتایەوە و ئەویش بەڵگەنامەیەکی هەڵدەگرت و دەیخستە سەر سەری کە ئیمزای ئیمامی پێوەبوو. دوا بەدوای ئەم هەڵقەیە، هەڵقەیەکی دیکە دەبەسترا، کورتتر، ئەمەیان بۆ ژنان تەرخان کرابوو.

– هەموو ئەو زانیارییانەی کە پێویستم پێی بوو لە میسر بەدەستم هێنان.

خەیام هەڵدەداتەوە:

– ئەی تۆ جارێکیان پێت نەوتم کە لە تەمەنی حەڤدەساڵی، هەموو شتێک فێربووم؟

– تاکو تەمەنی حەڤدە ساڵی مەعریفەتم کۆ دەکردەوە، پاشان فێری ئەوەبووم کە بڕواهێنانم دەسگیر بێت. لە قاهیرەش فێری ئەوەبووم کە خۆم وەرگێڕمە سەر مەزەبی دیکە.

– چی بەو کەسانە دەڵێی کە نیازتە وەریانگێڕیتە سەر مەزەبەکەت؟

– پێیان دەڵێم ئیمان و باوەڕ بەبێ مورشیدێک هیچ واتایەکی نییە. کاتێ ئێمە: «لا ئیلاهە ئیللەڵا» دەدرکێنین، هەر دوا بەدوای ئەوەی دەڵێین: «موحەمەد ڕەسولوڵا»یە باشە بۆچی؟ چونکە بەبێ ئەوەی باس لەو سەرچاوەیەوە نەکرێ کە لێوەی هاتووە، نەفیکردنی هەموو خواکانی دیکە و تەسدیقی خودا بەتەنها هیچ مانایەکی نابێت؛ واتە دەبێ ناوی ئەو کەسەش بهێنین کە ئەم حەقیقەتەی پێ ڕاگەیاندووین. ئەم کەسەش، ئەم پەیامبەرەش، دەمێکە کۆچی دوایی کردووە، چۆن دەتوانین ئەوە بزانین کە



ئایا بەڕاستی ژیاوە و لەویشەوە ئەم شەهادەتەمان بۆ ماوەتەوە؟ منێک کە ئەریستۆ و ئەفلاتوونم خوێندۆتەوە، پێویستم بەبەڵگە هەیە.

– چ بەڵگەیەک؟ بەڵام ئایا توخوا لەم مەیدانە بەڵگە وجوودی هەیە؟

– بۆ ئێوەی سوننی، بێگومان هیچ بەڵگەیەکتان نییە. ئێوە وا بیر دەکەنەوە کە موحەمەد مرد و بەبێ ئەوەی هیچ لە دوای خۆی جێگر و خەلیفەی دیاری کردبێت و موسڵمانانی هەروا جێهێشتووە و ئەوانیش خۆیان داوەتە دەستی هەرە بەهێزتر و هەرە فێڵبازتر بۆ ئەوەی حوکمڕانییان بکات. ئەمە هیچ مانایەکی نییە. ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە پێغەمبەری خودا خەلیفەیەکی لە دوای خۆی جێهێشتووە، یەکێک کە هەڵگری ئەم نهێنییە: ئەویش ئیمام عەلییە، زاوا و ئامۆزایەتی و بەڵکو وەکو برایەتی. عەلیش خەلیفەیەکی دیکەی دەسنیشان کردووە. ئەم سیلسیلەی ئیمامەتییە شەرعییە ئا بەم جۆرە بەردەوامیی هەیە و لە دەمی ئەوانەوە بەڵگەی پەیامی موحەمەد و وجوودی خوامان پێ ڕاگەیەندراوە.

– باشە دوای ئەوەی ئەو هەموو شتە دەڵێی نازانم ئێوەی شیعەکانی دیکە چ جیاوازییەکتان هەیە؟

– جیاوازی بیروباوەڕی من و بیروباوەڕی دایک و باوکم گەلێ جیاوازی هەیە. هەمیشە ئەوەیان پێ وتووم کە دەبێ ئارام بەخۆوە بگرین و دەرد و ئازاری دوژمنان بچێژین تا ئەو کاتەی ئیمامی غایب سەر هەڵدەدا، ئیتر ئەو پاداشتی موسڵمانە ڕاستەقینەکان دەداتەوە و حوکمی عەدل و ئاسایشیش بەرقەرار دەبێت. قەناعەتی شەخسی خۆم، دەبێ هەر لە ئێستاوە بکەوینە خۆ و خەبات بکەین، زەمینەی هاتن و سەرهەڵدانی ئیمام خۆش بکەین. من یەکێکم لەوانەی کە دەسپێشخەریی دەکەن، یەکێکم لەوانەی زەمین پان دەکەمەوە بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ پێشوازیکردنی ئیمامی زەمان. لەوە بەگومانی کە پێغەمبەر باسی منی کردووە؟

– باسی تۆ. حەسەن کوڕی عەلی سەباح، حەسەنی خەڵکی قوم؟

– ئەی نەیفەرمووە: «کابرایەک دێت خەڵکی قومە، بانگەشەی خەڵکی

دەکات بۆ ئەوەی دوای ڕێگای ڕاست کەون، خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆ دەبێتەوە، هەروەکو ئاسنی ڕم وان، نە با نە ڕەشەبا ناتوانێ پەرتوبڵاوەیان پێ بکات، قەد بێزار نابن لە شەڕکردن، قەد بێ هێز و لاواز نابن و پاڵپشتیشیان هەر خودایە».

– ئەم حەدیسەم نەبینییەوە. هەر چەندە هەموو حەدیسە سەحیحەکانیشم خوێندۆتەوە.

– جا ئەوە مەبەستی تۆیە؟

– هەندە نابات بڕوا دەهێنی.



# XVI

کابرای چاو ئەبڵەق، ڕێگای ژیانێکی عەودالّی گرتەوەبەر. مویەشیرێکە ماندووبوون نازانێ چییە، هەموو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامەتی تەی دەکات، هەر لە بەڵخەوە بۆ مەرڤە و هەر لە کاشغەرەوە تا سەمەرقەند. بگاتە هەر شوێنێکیش، وەعز دەدا و ئەنجەت دەهێنێتەوە و خەڵکی ڕێک دەخا و دەیانهێنێتە سەر مەزەبی ئیسماعیلییەکان. شار و شارۆچکەیەکیش جێ ناهێڵێ بەبێ ئەوەی، نوێنەرێکی تیا دەسنیشان نەکات کە بەبازنەیەک چ بە موریدانی شیعە، بەتایبەت ئەو شیعانەی کە ئیتر تەحەمولی ئەوە ناکەن هەر چاوەڕوان بن و بناڵێنن، چ ئەو سونییە عارەب و فارسانەی کە هەست بەزوڵم و زۆرداری تورکان دەکەن، چ ئەو لاوە بەجۆشانەی کە بەتامەزرۆوە لە دووی بیروباوەڕێ دەگەڕێن کە توندوتیژ بێت. لەشکرەکەی حەسەن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هەراشبوون دایە. بە «باتینی» ناوزەد دەکرێن، واتە نهێنیپارێزەکان، بەئەهلی بیدعەش ناودەبرێن بەخوانەناسیش باس دەکرێن. زانا ئایینییەکان لەعنەت لە دوای لەعنەتیان بۆ دەنێرن: «ماڵوێرانن ئەو کەسانەی دەچنە پاڵیانەوە، ماڵوێرانن ئەو کەسانەی لە هەمان سفرەی ئەوان دادەنیشن، ماڵوێرانن ئەو کەسانەی ژنیان لێ دەخوازن، ژنیان دەدەنێ، خوێن ڕژتنیان وەکو ئاودانی باغ و باغچە حەڵاڵە».

نەبرەکان بەرز دەبنەوە، توندوتیژییەکان زۆر لە ناواخنی وشەکاندا ئۆقرە ناگرن. لە شاری ساڤادا، خوتبە خوێنی مزگەوتێ ناوی چەند کەسێک دەهێنێ کە لەکاتی نوێژ دابەستندا، خۆیان لاتەریک دەگرن و بەجیا نوێژ دەکەن. بانگی جەندرمە دەکات بۆ ئەوەی سزایان دات. هەژدە لەوانە گیران. چەند ماوەیەک دوای ئەمە؛ خوتبە خوێن بەر خەنجەر درا. نیزامولمولک فرمانی ئەوە دەدات کە سزایەکی نموونەیی بدرێن، چونکە دارتاشێکی ئیسماعیلی بەپیاوکوژ تاوانبار کرا، ئەشکەنجە درا و، لە خاچیان دا و جەستەکەیان بەکووچەی بازاڕەکانا گڕ دا.

مێژوونووسێ وای بۆ دەچێت: «ئەم خوتبەخوێنە یەکەم قوربانی دەستی ئیسماعیلییەکان بوو و ئەو دارتاشەش بوو بەیەکەمین شەهید»، بۆ زیاتر

ئاگاداریش، سەرکەوتنی یەکەمینیان نزیک شاری کاین بەدەست هێنا، دەکەوێتە باشووری نیشاپوورەوە. کاروانێک لە کرمانەوە کەوتووبووە ڕێ، لە شەش سەد بازرگانی حاجی پێکهاتبوو، هەروا بارێکی گرینگیان لە توتیا پێ بوو. نیوە ڕۆژێک لە کاینەوە دوور بوو، چەند چەکدارێکی دەمامکدار ڕێیان لێ دەگرن. ڕیشسپی قافڵەکە وای لێکدایەوە کە دەبێ ڕێگربن، شتی زۆر بینی بوو، ویستی لەگەڵیانا باسی ئەوە بکات کە پارەیان بداتێ. بەڵام ئەمانە ڕێگر نەبوون. هەموو ڕێبوارەکانیان بەرەو گوندێکی سەنگەردراو ڕاپێچی و چەند ڕۆژێکی تیا مانەوە و سوێندیان دەدرێ بۆ ئەوەی خۆیان تەقلیدی مەزهەبی ئیسماعیلی بکەن. هەندێکیان قبووڵ دەکەن و هەندێکیان بەرەڵا دەکەن و قەسابخانەیەکیش بۆ زۆربەی زۆریان دەنرێتەوە.

بەڵام، هەندە نابات گرتنی ئەم قافڵەیە دەبێتە بەسەرهاتێکی زۆر بچووک بەگوێرەی ئەو توانا زل و زەبەلاحەی کە دەکەوێتە گەڕ و تەشەنە دەکات. شەڕ و کوشتار بەرامبەر بە شەڕ و کوشتار، شار نییە، ناوچە نییە، ڕێگا نییە خۆی لەم کارەساتە بپارێزێ، ئیتر «ئاشتی سەلجۆقییەکان» ورد ورد دەڕاکێ.

ئا لەم کاتەوە، بوحرانە بەناوبانگەکەی شاری سەمەرقەند دەست پێدەکات. (وەکو مێژوونووسێک زۆر بەقەتعی دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: «ئەبوتایەری قازی بەرپەڵەکی هەموو بەسەرهاتەکان دەزانێ». نەخێر، شتەکان هەروا ئاسان نەبوون).

ڕاستە عەسرانێکی مانگی سەرماوەرز، پیرە پارێزەری خەیام بەجوێن و نەعلەتەوە لەپڕێکدا بەژن و بوزگوڕەوە دەگاتە ئیسفەهان. هەرکە لە دەروازەکەی تیراه ئاودیو دەبێت، هەر خێرا بەرەو لای هاوڕێیەکەی دەیبەن و لەلای خۆی دەیگیرسێنێتەوە، عومەریش بەمە دڵخۆشە کە لە کۆتاییدا توانی بەو شێوەیە سوپاسی هەموو چاکەکانی بداتەوە. وشەی ڕێزلێنان و بەخێرهاتن و تێروتەسەلی دووپات بوونەوە. ئەبوتایەر دەپرسێ و هەردوو چاوانیشی قەتیسی فرمێسکن:



– پێویستە زوو بەزوو خۆم بگەیەنمە نیزامولمولک و قسەی لەگەڵ بکەم.

خەیام قەت قازی لەم بارودۆخە نەبینی بوو. دەیەوێ دڵی بداتەوە:

– هەر ئیمشەو دەچین چاومان بەوەزیر دەکەوێ. هەندە ترسناکە وەزع؟

– دەبوایە سەمەرقەند جێبهێڵم، هەڵبێم.

لە توانایدا نییە قسە بکات، وەختە بتاسێ. پیر بووە، پێستی ڕەونەقی جارانی نەماوە، هەموو ڕیشی سپی بووە و تەنها برۆ تێکچڕژاوە دەرپەڕیوەکانی نەبێ، ڕەش دەچنەوە. عومەر چەند ڕستەیەک دەڵێ بۆ ئەوەی دڵی قازی بداتەوە. قازی دەست بەقسە دەکات و کەمێ مێزەرەکەی چاک دەکات و دەڵێ:

– ئایا ئەو قوتابییەت دێتەوە یاد کە دەموچاو شەقبووەکە ناویان دەبرد؟

– چۆن ئەو کەسەم لە بیر دەچێتەوە کە مردنی خۆمی پێ نیشان دام!

– ئەوەت دێتەوە یاد کە بەگژ هەموو کەسێکدا دەچوو کە هەر بۆنێکی بیدعەی لێوە بهاتبایە؟ ئا ئەوە سێ ساڵ دەبێت خۆی داوەتە پاڵ ئیسماعیلییەکان، ئێستاش هەر بەهەمان کەفوکوڵی جارانەوە، چۆن بەرگری لە ئیمانی ڕاستەقینە دەکرد، ئا بەو شێوە بەرگری لە ئیسماعیلییەکان دەکات. سەدان، بەڵکو هەزاران کەس دوای کەوتوون. مورشیدە لە خیابەنەکان و یاسای خۆی بەسەر بازرگانەکانا دەسەپێنێ. چەند جارێک سەرم لە خان دا. خۆ ناسرخانت دەناسی، لەپڕێکدا تووڕە دەبوو و زووش هێور دەبووەوە، یا زۆر لە پێویست توندوتیژ بوو یا ئەوەتا بەخشندە بوو، ئەمری خوای کرد و لە نوێژ و تاعەتدا دوعای خێری بۆ دەکەم. دەسەڵات ئیمڕۆ لە چنگی برازاکەیەتی، ئەحمەد ناوێکە، لاوێکی کۆسەیە، بێ بڕیارە و ناشزانرێت چۆن بیردەکاتەوە، منیش نازانم چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەم. چەند جارێک، نارەزایی خۆمم لای دەربڕی و باسی مەسەلەی موامەرە بیدعەییەکانم بۆ کرد و، هەروەها باسی ترسناکیی وەزعەکەیم بۆ کرد، تەنها بەیەک گوێی خافڵاو بەبێزارییەوە گوێی لێ دەگرتم. هەستم کرد کە نایەوێ شتێک بکات، سەرۆکی میلیشیاکان و چەند فرمانبەرێکم کۆکردەوە و ئەوانەی کە جێی بڕوا بوون و

ڕایانم گەیاند کە دەبێ چاودێری کۆبوونەوەی ئیسماعیلییەکان بکەن. سێ پیاوی جێی بڕوا، بەنۆرە، جێی پێی قوتابییە دەموچاو شەقبووەکەیان هەڵدەگرت. ئامانجی من ئەوەبوو کە ڕاپۆرتێکی ورد دەربارەی چالاکییەکانی پێشکەشی خانی بکەم بۆ ئەوەی چاوی بکرێتەوە. تا ئەو ڕۆژەی کە پیاوانم پێیان وتم کە سەرۆکی بیدعەییەکان وا لە سەمەرقەندە.

– حەسەن سەباح؟

– شەخسییەن. پیاوانم لەمسەر و ئەوسەری شەقامی ئەبداک، لە گەڕەکی غاتفەر، چاودێری کۆبوونەوەی ئیسماعیلییەکانیان دەکرد. کاتێکیش سەباح دەرهات، جلوبەرگی سۆفیانی لەبەربوو، هەڵپەیان کردە سەری، گونیەیەکیان خستە سەری و بۆیان هێنام. هەر خێرا، ڕەوانەی کۆشکم کرد، بەیەخسیرکردنی، شانازیم بەخۆوە دەکرد. کاتێکیش سەباح دەگاتە لای ئەو، فرمان دەدا دەستی بکەنەوە و بەتەنها جێیان بهێڵن. زۆرم پێ وت و زۆر باسی مەترسی ئەمانەم بۆی کرد، باسی گشت ئەو خەتایانەم بۆ کرد کە تاوانباریان دەکات، هیچی نەکرد. دەیویست، هەروەکو دەی وت، قەناعەتی پێ بهێنێ و بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست. چاوپێکەوتنەکە درێژەی کێشا. جارناجارێ، یەکێ لە ئاشناکانی دەرگاکەی لادەدات، ئەم دووانە هەر دەمەتەقێیان بوو. بۆ بەیانی شەبەق، هەردووکیان بەتەنیشت یەکەوە بینی، نوێژ دەکەن و هەمان وێرد و ستایشیشیان بەژێر لێوەوەیە. موستەشارەکان، پاڵیان بەیەکەوە دەنا بۆ ئەوەی بزانن چ خەبەرە.

دوای ئەوەی ئەبوتایەر پیاڵەیەک شەربەتی ئۆرژیای خواردەوە، دەستی بەسوپاس و ستایشکردنی خودا کرد:

– دەبوایە ئەوە ئاشکرا کرێت کە گەورەی سەمەرقەند، حاکمی ئۆزبەگیستان، میرات هەڵگری بنەماڵەی خانەڕەشەکان، چووە پاڵی بیدعەیییەکانەوە.

بێگومان خۆی لەم ئاشکراکردنە دوورەپەرێز گرت، هەمیشە خۆی



بەگرێداوی ئیمانی ڕاستەقینە دادەنا، بەڵام هیچ شتێک ئیتر لەوانەی پێشوو نەدەچوون. موستەشارە ئیسماعیلییەکان جێی موستەشارەکانی میرییان گرتەوە. سەرکردەی میلیشیاکان، ئەوانەی سەباحیان دەسگیرکرد، بەئەشکەنجەی جۆراوجۆر، یەک لە دوای ئەویتر کوژران. پاسەوانە تایبەتەکەی خۆمیش، یەکێ لە پیاوانی قوتابییە دەموچاو شەقبووەکە جێگای گرتەوە. چ شتێکم لەبەردەم مابووەوە؟ لەگەڵ یەکەمین قافڵەی حاجیاندا سەری خۆم هەڵنەگرم و بێم و ئەم بارودۆخە بۆ ئەو کەسانە باس کەم کە شمشێری ئیسلامیان بەدەستەوەیە، نیزامولمولک و مەلیکشا.

هەر بۆ هەمان ئێوارە، خەیام ئەبوتایەر دەباتە لای وەزیر. لای ئەو جێیان دەهێڵێ بۆ ئەوەی بەدووقۆڵە دانیشن. نیزام زۆر بەوردی گوێی بۆ میوانەکەی ڕاگرتووە، سەفەرەکەی تەعبیری لە شڵەژان و ناخۆشییەک دەکرد. کاتێک قازی بێدەنگ دەبێت، ئەویش دەست بەقسە دەکات:

– دەزانی سەبەبکاری ڕاستەقینەی ئەم هەموو بەدبەختییەی سەمەرقەند و سەبەبکاری ئەم هەموو بەدبەختییە کێیە؟ ئا ئەو پیاوەیە کە تۆ تاکو ئێرەت هینا!

– عومەر خەیام؟

– ئەی دەبێ کێی تر بێت؟ خواجە عومەر کاتی خۆی شەفاعەتی بۆ حەسەن کرد و ئا لەو ڕۆژەی دەمتوانی بیکوژم. نەیهێشت بیکوژین. ئایا دەتوانێ ئیمڕۆ کوشتنی ئێمەی پێ قەدەغە بکات؟

– قازی نازانێ چی بڵێ؟

نیزام ئەو پرسیارەی لێ دەکات. ئەبوتایەر، فیکرەی ئامادەی پێیە، زۆر لەسەرخۆ، بەشێوەیەکی ڕەسمیانە دێتە قسە:

– کاتی ئەوە هاتووە کە بەیداغی سەلجۆقییەکان لەسەر شاری سەمەرقەند بشەکێتەوە.

ڕوخساری وەزیر دەگەشێتەوە پاشان خەمۆک هەڵدەگەڕێ.

– قسەکانت دەبێ بەئاڵتوون بکێشرێن. گەلێ لەمێژە، بەردەوام ئەمە بۆ سوڵتان دووبارە دەکەمەوە کە مەملەکەت دەبێ بگاتە ئۆزبەگیستان،

شارانی وەکو سەمەرقەند و بوخارا نابێ لە دەرەوەی حوکمڕانی ئێمەدا بن. بێ سوود، مەلیکشا نایەوێ گوێ بۆ ئەم قسانە شل کات.

– تەنانەت لەشکری خان لاواز بووە و میرەکان دەمێکە مووچەیان وەرنەگرتووە و قەڵا و سەنگەرەکانیش لە بێ خزمەتی بوونەتە وێرانە.

– ئێمە ئەمە دەزانین.

– مەلیکشا لەوە دەترسێ، دەترسێ وەکو باوکی لێ بەسەر بێت، ئەلب ئەرسەلانی باوکی، ئەگەر بێت و لە ڕووبارەکە بپەڕێتەوە؟

– بە هیچ شێوەیەک.

ئیتر قازی پرسیاری دیکە ناکات و چاوەڕوانی وەڵام دانەوەیە.

نیزام دەڵێ:

– سوڵتان نە لە ڕووبارەکە دەترسێ، نە لە لەشکری دوژمنیش. ئەو تەنها لە ژنێک دەترسێ!

– لە تەرکین خاتوون؟

– سوێندی خواردووە ئەگەر بێت و مەلیکشا لە ڕووبارەکە بپەڕێتەوە، ئیتر ئەوەی لێ قەدەغە دەکات کە بچێتە ژێر هەمان لێفەوە و حەریمەکەشی لێ بکاتە جەهەننەم. ناشبێ ئەوەمان لەیاد بچێت کە سەمەرقەند شاری ئەوە. ناسر خان باوکی بوو. ئەحمەد خانیش برازایەتی. ئۆزبەگیستانیش موڵکی بنەماڵەکەیانە. ئەگەر بێت و ئەو مەملەکەتەی کە بەبازووی بابوباپیرانی دروست بووە، تووشی ڕووخان بێت، ئەوە تورکەن خاتوون، لەنێو ژنەکانی کۆشک، شوێنی خۆی لە دەست دەدات و ئەو هەلەشی لە دەست دەچێت کە کوڕەکەی خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکات کە جێگای مەلیکشا بگرێتەوە.

– بەڵام کوڕەکەی تەنها دوو ساڵە تەمەنی!

– ڕاستە، تاکو لاو و مناڵ بێت، ئەوە ئەو کات دەبێ دایکی خەبات بکات بۆ ئەوەی دواڕۆژی بۆ مسۆگەر کات.

قازی دەگاتە ئەو ئەنجامە و دەڵێ:

– وەکو ئەوەی من تێگەیشتووبێتم، سوڵتان بەوە ڕازی نابێت کە قەد



سەمەرقەند بکاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

– ئەمەم نەوت، بەڵام پێویستە ڕای لەمەڕ ئەم مەسەلەیەوە بگۆڕدرێت. ئاسانیش نییە کە چەک و تفاقی لە تەرکەن خاتوون چاکترمان دەسکەوێت کە هێزی قەناعەت شک بیات.

قازی سوور هەڵگەڕا. بزەیەکی بەئەدەبانە دەکات، بەبێ ئەوەی مەوزووعەکە بەلایەکی دیکەدا وەرچەرخێ.

– ئایا ئەو شتەی کە لای تۆ دەیڵێیم، هەر هەمان شتیش لای سوڵتان دووبارە نەکەمەوە، ئایا ئەوە بەس نییە کە بەسوڵتان ڕابگەینم کە موامەرەی شوومی حەسەن سەباح لە ئارادایە؟

زۆر بەهیشکی نیزام وەڵام دەداتەوە:

– نەخێر.

مێشکی زۆر قاڵە بۆ ئەوەی بیر لە ئەنجەت هێنانەوە بکاتەوە. خەریکی دروستکردنی پلانێکە. میوانەکەی چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە خۆی تەحدید کات.

وەزیر بەدەسەڵاتەوە وەڵام دەداتەوە:

– گوێ بگرە. سبەینێ بڕۆ بۆ حەریمی سوڵتان و هەوڵ بدە چاوت بەسەرۆکی خەسێنراوان بکەوێت. پێی بڵێ کە تۆ لە سەمەرقەندەوە دێی و هەواڵی کەسوکاری تەرکین خاتوونت پێیە و دەتەوێ چاوت پێی بکەوێ. مەبەست لە قازی شارەکەیەتی، یەکێ لە خزمەتکارەکانی بنەماڵەکەیە، مومکین نییە، پێشەوازیت لێ دەکات.

قازیش هێشتا سەری بەتەواوی بۆ نەلەقاندبوو، نیزام بەردەوامیی دەداتە قسەکەی:

– کە دەگەیتە ژووری بەڕەکان، باسی کەساسی و پەژموردەیی شاری سەمەرقەندی بۆ بکە، باسی ئەوە بکە کە چۆن بەدەستی بیدعەییەکاندا دەناڵێنێ، بەڵام باسی ئەوە نەکەیت کە ئەحمەد خۆی تەقلیدی مەزەبی ئیسماعیلییەکان کردووە. بەپێچەوانەوە، خۆت لەو باسە نزیک بکەوە کە حەسەن سەباح چاوی لە تەختەکەی بڕیبەوە و ژیانی لە هەلاکەت دایە و

مەگەر تەنها خودا بتوانێ ڕزگاری کات. ئەوەشی پێ بڵێ کە تۆ هاتووی چاوت بەمن بکەوێت و کە نەمتوانی زۆر بەباشی گوێت لێ بگرم و تەنانەت باسی ئەوەش بکە کە ویستوومە قەناعەتت پێ بهێنم کە چاوت بەسوڵتان نەکەوێت.

بۆ ڕۆژی دوایی، سیناریۆکە، وەکو چۆن پیلان کرا، بەبێ هیچ تەگەرەیەک جێبەجێ بوو. لەو کاتەی کە تەرکەن خاتوون ئەوەی گرتە ئەستۆ کە قەناعەت بەسوڵتان بهێنێ کە ڕزگارکردنی خانی سەمەرقەند پێویستە، نیزامولمولک خۆی وا پیشان دەدات کە ڕەتی ئەم جەنگە دەداتەوە، لە هەمان کاتیشدا زۆر بەگەرموگوڕی خۆیان تەیار دەدا. لە ڕێگای ئەم جەنگەوە، نیزام لەوە نەدەگەڕا کە ئوزبەگیستان بخاتە ژێر ڕکێفییەوە، لەوەش کەمتر کە سەمەرقەند داگیر بکات، بەڵکو دەیویست ناو و شۆرەتی پێشێلکراوی دەستی ئیسماعیلییەکان بگەڕێنێتەوە. لێرەوە پێویستی بەسەرکەوتنێکی بێ خەوش و ئاشکرا بوو بۆ ئەوەی دەنگ بداتەوە. چەندین ساڵە، سیخوڕەکانی سوێندی بۆ دەخۆن کە شوێنی حەسەن دیاری کراوە و دەست بەسەرگرتنی جێی گومان نییە، بەڵام ئەم یاخیبووە ناگیرێت و لەپڕێکیشدا لەشکر و پیاوەکانی لە پێش چاو ون دەبن. کەواتە نیزام لە هەلێک دەگەڕێت کە لەشکرەکانیان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە. سەمەرقەند خاکێکی چاوەڕوان نەکراوە.

لە بەهاری ١٠٨٩دا، لەشکرێک کە لە دووسەد هەزار کەس پێکهاتبوو کەوتە ڕێ، بەفیل و کەرەسەی ئابڵۆقەدان. چ گرینگییەکیان هەیە، پێش ئەوەشی لەشکر خۆی تەیار دات، درۆ و پروپاگەندەی زۆر بڵاوبوونەوە، وەکو هەموو لەشکرێکی دیکە ئامانجی خۆی دەهێنێتە دی. سەرەتا بوخارا گیرا، بەبێ هیچ بەرگرییەک، پاشان بەرەو سەمەرقەند دەڕوات. دەگاتە بەر دەروازەکەی شار، مەلیکشا لە نامەیەکی زۆر غەمگین، بەئەحمەد خان ڕادەگەیەنێ، کەوا هاتووە لەژێر باری بیدعەییەکان ڕزگاری کات. خانیش وەڵامێکی ساردی بۆ ڕەوان دەکات: «داوای هیچ لە برای گەورەی خۆم نەکردبوو». مەلیکشا سەرسوڕمانی خۆی لەلای نیزام دەردەبڕێ، ئەویش بەهیچ گەرموگوڕییەک دەڵێ: «خان لە هاتوچۆدا ئازاد نییە، وەکو ئەوەی



کە وجوودی نەبێت دەبێ هەڵسوکەوت کەیت.» لە هەموو حاڵەتێکدا، لەشکر نابێ بکشێتەوە، میرەکان چاوەڕوانی غەنیمەی خۆیان دەکەن، نابێت بەدەست بەتاڵی بگەڕێنەوە.

هەر لە ڕۆژانی یەکەمەوە، بەیارمەتی پاسەوانێکی خاینەوە، یارمەتی ئابڵوقەدەرانی دا کە زەفەر بەشارەکەدا بەرن. لە ڕۆژئاوا، نزیک دەرگای دێرەکە، سەنگەری خۆیان لێدەدەن. بەرگریکەرانیش، بەرەو بازاڕی باشوور دەکشێنەوە، لە دەوری دەروازەی کیش گرت دەبنەوە. بەشێک لە دانیشتوان لایەنگیری لەشکری سوڵتان دەکەن، ئازووقەی بۆ دابین دەکەن، ورەی بەرز دەکەنەوە، بەشێکی دیکەی دانیشتوانیش دەچنە پاڵ ئەحمەد خانەوە، هەر کەسە و بەگوێرەی بیروباوەڕی خۆی. بەدرێژایی دوو هەفتە، شەڕێکی جەرگبڕ لە ئارادایە، هیچ کاتێکیش گومان لەوە ناکرێ کە بتوانن بەتەواوی بچنە شارەوە. خان لە گەڕەکی گومەتەکان، لە ماڵی یەکێ لە برادەرەکانی خۆی داڵدە دابوو، هەندە نابات بەزیندانی دەگیرێ و هەموو ئیسماعیلییەکانیشی لەگەڵدا، تەنها حەسەن نەبێت، بەکەناڵێکی ژێر زەمینییەوە توانی هەڵبێ.

ڕاستە نیزام سەرکەوت، لەبەر ئەوەی گەمەی بەسوڵتان و ژنە سوڵتان کرد، بەتەواوی پەیوەندی خۆی لەگەڵ بیلاتدا ژەهراوی کرد. ئەگەر بێت و مەلیکشا لەوە پەشیمان نەبێت کە بەناوبانگترین شاری ئۆزبەگیستانی داگیرکرد، بەڵام موعاناتی ئەوەی هەیە کە گەمەی پێ کرا. ئەمەش دەگاتە ئەو ئاستەی کە دژ بەرێکخستنی ئاهەنگێک ڕادەوەستێت. ئەویش هەروەکو نەرێت. ئاهەنگ بۆ سەرکەوتنی لەشکر ئامادە دەکرا. «قرچۆکییە!» نیزام ئەمەی زۆر بەناحەزییەوە دەردەبڕی.

ئەوەی پەیوەندی بەحەسەن سەباحیشەوە هەبوو، ئەوە دەرزێکی زۆر چاکی لەمەڕ بەزینی خۆیەوە وەردەگرێت. لەجیاتی ئەوەی بچێت میرەکانی وەرگێڕێتە سەر مەزەبی ئیسماعیلی، دەچێت سەرسەختترین ئامێری جەنگ دادەمەزرێنێ کە لەوەو پێش ئینسانییەت ئامێری وای قەد نەبینیبوو: کۆمەڵەی حەشاشەکان.

## XVII

هەڵەمووت. قەڵایەکە لەسەر گابەردێک کە بەرزیی شەش هەزار پێیە، دیمەنی چیای ڕووتەڵەی هەیە و دەریاچەی فەرامۆشکراو و قەراغ چیای هیشک، گەوەی باریک. گەورەترین لەشکر ناتوانێ پێیدا سەرکەوێ، گەر سەرباز لە دوای سەرباز نەبێت. زەبەلاحترین مەنجەنیقیش ناتوانێ زەفەر بەدیوارەکانیا بەرێت.

ڕووباری شا – ڕوود بە «دێوانە ڕووبار» ناوزەد کراوە، بەنێو چیایەکانیدا تێدەپەڕێ و بەهارانیش، دوای توانەوەی بەفری ئەلبوز، تەشەنە دەکات و بەخێرایی هاژەی دێت و لەگەڵ خۆیا بەرد و دار ڕادەماڵێ. چ بەدبەختییەکە بۆ ئەو کەسەی لێی نزیک بێتەوە، چ بەدبەختییەکە بۆ ئەو لەشکرەی کە جورئەت دەکات لە قەراغیا خێوەت هەڵدا!

لە ڕووبارەکە و لە دەریاچەکانەوە هەموو ئێوارەیەک مژێکی ئەستووری لۆکەیی، بەرز دەبێتەوە و بەقەد شاخەکەیا هەڵدەگژێ پاشان بەنیمچە گێژبوونەوە ئۆقرە دەگرێت. بۆ ئەوانەی کە لەو بەرزە نیشتەجێن، کۆشکەکەی هەڵەمووت بەدوورگەیەک دەچووێنن کە لە ناوەندی ئۆقیانووسێکی هەور دایە. ئەگەر لە خواریشەوە تێی بڕوانی، ئەوە تەنها لە خانووی ئەجندە دەکات.

بەدیالێکتی ناوچەکە، هەڵەمووت بەواتای «دەرزی هەڵۆ» دێت. دەگێڕنەوە و دەڵێن، میرێک بۆ کۆنترۆڵکردنی چیاکانی دەوروبەر، ویستی قەڵایەک دروست بکات و بەو بۆنەیەوەش هەڵۆیەکی ماڵیی بەرەڵا کرد. دوای ئەوەی ئەم هەڵۆیە بەئاسمانا خولایەوە و لەسەر گابەردێکدا نیشتەوە. میریش تێگەیشت کە چاکترین شت ئەوەیە کە دیراسەی شوێنەکە بکرێت.

حەسەن سەباحیش لاسایی هەڵۆکەی کردەوە. هەموو وڵاتی فارسی تەی کرد، لە دووی شوێنێک دەگەڕا کە تیایا موریدەکانی کۆبکاتەوە و فێریان بکات و ڕێکیان بخات. دوای شکستییەکەی سەمەرقەند، لەوە تێگەیشت



کە داگیرکردنی شارێکی گەورە فیکرەیەکی نابووتە و ڕووبەڕووبوونەوەش لەگەڵ لەشکری سەلجوقی، تەنها لە بەرژەوەندی ئەوان دایە. کەواتە پێویستیی بەشتێکی دیکە هەبوو، بستە زەمینێکی نێو شاخ و داخ، کە گرتن و تەیکردنی مومکین نەبێت و هەر لەوێوەش بەرەو هەموو گۆشەیەکی دونیا، گەشە بەچالاکییەکانی بدات.

لەو کاتەی کە ئاڵا داماڵراوەکانی ئۆزبەگیستان، لەسەر شەقامەکانی ئیسفەهان دەشەکانەوە، حەسەن گەیشتبووە دەوروبەری هەڵەمووت. ئەم شوێنە بۆ ئەو بەئیشارەتێکی یەزدانی لێکدایەوە. کاتێک کە هەر لە دوورەوە چاوی پێی کەوت، لەوە تێگەیشت کە دەبێ ئا لەوێ بێت و بەس، ئا لەوێ کۆتایی بەعەودالییەکەی دەهێنێ و ئا لەوێش شاهەنشاکەی خۆی دادەمەزرێنێ. ئەو کات هەڵەمووت گوندێک بوو شوورەبەست لەنێو چەندین گوندی دیکە کە تیایا چەند سەربازێک و بەخاووخێزانەوە دەژیان، چەند کاسبکارێک و چەند جووتیارێک و موختارێکیش کە نیزامولمولک دیاری کردبوو و دەرەبەگێکیش بەناوی مەهدی عەلەوی کە تەنها خۆی بەئاودێر و رنینەوەی گوێز و ترێ و هەنارەوە خەریک دەکرد، موختاری ئەوێ بوو. هەراوزەنای مەملەکەت خەونی لێ نازڕێنێ.

سەرەتا حەسەن چەند هەڤاڵێکی نارد، ڕۆڵەی ناوچەکە بوون، خۆیان تێکەڵی پاسەوانەکان کرد و وەعزیان بۆیان دەدا و وەریانیان دەگێڕا. دوای چەند مانگێک، توانیان هەواڵ بدەنە مورشید و ئەوەی پێ ڕابگەیێنن کە زەمینە ئامادەیە و دەتوانێ بێت. حەسەن دەڕوات، وەکو هەموو جارێک خۆی لە خەرقەی سۆفییان دەپێچێتەوە. دەگەڕێ و دەپشکنێ و تاقیب دەکات. موختار میوانداریی پیاوی خواناس دەکات. پێی دەڵێ حەزی لە چییە و بەچی دڵی خۆش دەبێت.

حەسەنیش وەڵام دەداتەوە:

– پێویستم بەقەڵایەک هەیە. ئەویش لە دڵی خۆی دەڵێ، ئەم دەروێشە ڕۆحی نوکتەی هەیە. بەڵام میوانەکە بزە نایگرێ.

– من هاتووم دەست بەسەر ئەم شوێنەدا بگرم، هەموو پاسەوانەکان

بوونەتە پیاوی من!

دەبێ ئەوە بوترێ کە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە، نەجێی باوەڕە و، شتێکی زۆر غەریبیشە. ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە سەیری کتێبی مێژوونووسانی ئەو سەردەمەیان کردووە، بەتایبەت ئەو چیرۆکانەی کە تایبەت بەئیسماعیلییەکان نووسرابێتن، بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابن کە هەڵنەخەڵەتاندرابێتن، ئەوە ئەو کتێبانەیان دووبارە دەخوێندەوە.

با دیمەنەکە بهێنینە پێش چاوی خۆمان.

لە کۆتایی سەدەی یانزە داین، وردتر، لە ١٠٩٠/٩/٦ داین. حەسەن سەباحی بلیمەت، دامەزرێنەری کۆمەڵەی حەشاشەکان کە خەریکە دەست بەسەر قەڵاکەدا بگرێ و ئیتر بۆ ماوەی ١٦٦ ساڵ دەبێتە بارەگای ئەم تایفەیەی کە لە مێژوو بەتوندوتیژترین تایفە دەژمێردرێت. بەڵام وا بەچوار مەشقی بەرامبەر بەموختار دانیشتووە و بەبێ ئەوەی دەنگ بەرزکاتەوە، دەڵێ:

– من هاتووم دەست بەسەر هەڵەمووتدا بگرم.

ئەوی تریش لە وەڵامدا:

– ئەم قەڵایە سوڵتان داومێتێ. بۆ ئەمەش نرخەکەیم داوە!

– چەندێ؟

– سێ هەزار دراوی زێڕ!

حەسەن سەباح کاغەزێک دەگرێتە دەست و دەنووسێ: «تکایە سێ هەزار دراوی زێڕ بدەنە مەهدی عەلەوی، نرخی قەڵای هەڵەمووتە. خودامان کافییە، هەر ئەوە پارێزەری گەورەمان.» بەسەر ڕوخساری موختارەوە دوودڵی دەخوێندرێتەوە، بیری نەدەکردەوە کە ئیمزای کابرایەکی گونییە لەبەر نرخی ئەو پارەیەی هەبێ. بەڵام، کاتێ گەیشتە دامغان، لەکاتی خۆی توانی سێ هەزار دراوە زێڕەکەی وەرگرێت.



**XVIII**

کاتێکیش دەنگوباسی گرتنی هەڵەمووت دەگاتە ئیسفەهان، هەرایەکی هەندە نانێتەوە. شار زیاتر گرینگی بەململانێیەکەی نێوان نیزام و کۆشک دەدات کە گەیشتبووە ترۆپکی. تورکەن خاتوون لەو شاڵاوەی کە وەزیر بردییە سەر کەسوکارەکەیا خۆش نەبوو. داواش لە مەلیکشا دەکات کە وەزیرە زۆر بەتواناکەی تیرۆ بکات. دەیوت، دوای مردنی باوکی، سوڵتان جێگرێکی هەیە و لەمەش شتێکی ئاسایی تر نییە، ئەو کات تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو؛ ئیمڕۆ تەمەنی سی و پێنج ساڵە، پیاوێکی کامڵە، خۆ هەتا هەتاش نابێ کاروباری وڵات لەژێر دەستی ئەتاکەی بێت:

کاتی ئەوە هاتووە کە ئەوەی پێ بوترێت کە مەلیکشا گەورەی مەملەکەتە! کێشەکەی سەمەرقەند ئەوەی نەسەلماند کە نیزام لەوە نەدەگەڕا کە دەسەڵات و توانای خۆی بسەپێنێ و سەرۆکی خۆی هەڵخەڵەتێنێ و لەپێش هەموو دونیاش وەکو منالێک مامەڵەی لەگەڵ بکات؟

ئەگەر بێت و مەلیکشا دوودڵە لەوەی کە یەکەم هەنگاو لەم ڕووەوە هەڵنێ، ئەوە ڕووداوێک ناچاری دەکات. نیزام کوڕەزایەکی دەکاتە حاکمی شاری مەرڤە، هەرزەکار و تمووحی زۆرە، زیاد لە پێویستیش بەتوانا و دەسەڵاتی باپیریەوە دەنازێ، ئەوەی بەخۆی شک برد کە لەبەردەم خەڵکییەوە لە میرێکی پیرەمێردی تورک بدات. ئەویش بەگریان و فوغانەوە هات شکایەت لای مەلیکشا تووڕە دەبێ و لە کۆبوونەوەیەکدا، ئەم پەیامە دەنووسرێت و بۆ نیزام دەنێردرێت: «ئەگەر تۆ خۆت بەیاریدەدەری من دەزانیت، پێویستە گوێڕایەڵی من بیت و، ئەوەش لە خزمەکانت قەدەغە بکەیت کە گێچەڵ بەپیاوانی من بکەن؛ ئەگەریش خۆت لە قەرەی من دەدەی و خۆت بەشەریکی دەسەڵاتم دەزانی، بڕیار دەردەکەم کە حوکمی خۆی هەبێت.»

وێڕای پەیامەکە، وەفدێکی باڵاش کە لە پیاوانی ماقووڵ پێکهاتبوون سەفەر دەکەن و نیزامیش وەڵام دەداتەوە: «بەسوڵتان بڵێن، ئەی ئەوەی لە

بیرچۆتەوە ک تاکو ئێستا من شەریکی بووم و بەبێ منیش نەیدەتوانی توانای خۆی سەقامگیرکات! ئایا ئەوەی لەبیر چووەوە کە دوا بەدوای مردنی باوکی، من کاروباری دەوڵەتم بەڕێوە دەبرد و هەر منیش بووم ئەوانی ترم دوورخستەوە کە بەتەمای دەسەڵات گرتنە دەست بوون و هەموو یاخیبووانم هێنایە چۆک؟ بەهۆی منەوە کە تا ئەوپەڕی دونیا ڕێز و حورمەتی دەگیرێ؟ بڕۆن پێی بڵێن بەڵێ تازە کاسە و کەوچکمان یەکە!»

نامەبەرەکان تووشی حەپەسان هاتن. چۆن دەبێت پیاوێکی وەک نیزامولمولک ئا بەم جۆرە قسە ئاڕاستەی سوڵتان بکات، ئا بەم قسانە نەگبەتی بۆ خۆی دەنێتەوە و گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێ؟ ئایا لووتبەرزییەکەی گەیشتوونەتە ئاستی شێتبوون؟

ئا لەو ڕۆژانەدا، تەنها هەر پیاوێک دەیتوانی بەوردی ڕاڤەی ئەم بڕیارە بکات، ئەویش خەیام بوو. چەند هەفتەیەکە، نیزام بەدەست ئازارێکی کوشندەوە دەتلایەوە، شەوان خەوی لە چاو دەتۆرێنێ و بەڕۆژیش لەبەر ئازار ناتوانێ تەرکیز بکاتە سەر کاروبارەکانی. دوای ئەوەی عومەر فەحسی کرد، پرسیاری لێکرد و دەستی لێدا، ئەوەی بۆ ڕوون بووەوە کە دومەڵێک لە ڕیشاڵەکانی دایە و نایەڵی زۆریش بژێ.

شەوێکی گەلێ سەخت بوو کە دەبوایە خەیام ئەم حەقیقەتە بەهاوڕێیەکەی بڵێ.

– چەند ڕۆژی دیکە ژیانم بەبەرەوە ماوە؟

– چەند مانگێک.

– هەروا ئازار دەکێشم؟

– دەتوانم دەرمانێکت بۆ بنووسم کە لە تلیاک دەردەهێنرێت، دەتوانێ ئازارەکەت لەناو ببات، بەڵام کەمێ گێژت دەکات و توانای ئیشکردنت نامێنێ؟

– ئیتر توانای نووسینم نامێنێ؟

– توانای ئەوەشت نامێنێ کە درێژە بەگفتوگۆکانت بدەی.

– مادام، ئازارم پێ باشترە.



لە نێوان پرسیارێک و وەڵامێکدا، بێدەنگییەکی درێژ باڵی دەکێشا. لەنێو ئازارچێشتن، بەردەوامییان دا بەقسەکردن.

– خەیام، تۆ ترسی ئەو دونیات هەیە؟

– ترس لە چی؟ ئەو سەر دنیا یا عەدەمە یا میهرەبانییە.

– باشە ئەو هەموو خراپانەی کە کردم؟

– با خەتاکانت گەلێ گەورە بن، ڕەحمەتی خودا گەلێ گەورەترە.

نیزام کەمێ هەستی بەئارامیی کرد.

– باشەشم کردووە، مزگەوت و قوتابخانەم دروست کرد و دژی بیدعەییەکان شەڕم کرد.

لەبەرئەوەی خەیام ڕەتی نەدەدایەوە،، بەردەوامیی دا بەقسەکانی:

– سەد ساڵی دیکە، هەزار ساڵی دیکە، دێمەوە بیری کەس؟

– ئاخر چۆن چۆنی بزانین؟

دوای ئەوە نیزام بەجۆرە ڕقەبەرایەتییەوە، سەرنجێکی وردی دایە، دەستی بەقسە کردەوە:

– ئەرێ ئەوە تۆ نییت کە جارێکیان وتووتە: «ژیان هەرچەشنی گڕ وایە. گلێپەیە و ڕێبواران فەرامۆشی دەکەن، سوتماکە و با پەرتوبڵاوی دەکاتەوە، یەکێکیش ژیا.» باوەڕت وایە چارەنووسی نیزامولمولکیش هەر وایە؟

ڕاوەستا. عومەریش هیچ نالێ.

– حەسەن سەباحی هاوڕێت، ئەمسەر و ئەوسەری وڵات دەکات و جاڕی ئەوە لێدەدات کە من خزمەتکارێکی نابووتی تورکانم. توخوا دەبێ سبەینێ، ئەمەم لە دواوە بوترێ؟ من دەبمە عەیب و عاری ڕەچەڵەکی ئارییان؟ ئەوەیان لە بیر دەچێ کە بۆ ماوەی سی ساڵ ڕقەبەرایەتی سوڵتانم کرد و توانا و دەسەڵاتی خۆمم فەرز کرد؟ چ شتێکم پێ دەکرا، دوای ئەوەی لەشکرەکەیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا؟ ئەرێ خۆ تۆ هیچ نالێیی.

هەستت دەکرد کە لەوێ نییە.

– حەفتا و چوار ساڵ، حەفتا و چوار ساڵی ڕەبەق وا بەپێش چاوما تێدەپەڕن. چەندین شکستیی و چەندین پەشیمانیی و چەندین شتی دیکە

که حەزم دەکرد بەشێوەیەکی دیکە بژیامایە.

چاوانی بەنیوە کراوەیی و لێوەکانی گرژ ببوون:

– مالۆیران خەیام! ئەمە هەمووی خەتای تۆ بوو کە حەسەن سەباح ئەم هەموو خراپییە دەکات.

عومەر ویستی وەڵام دەداتەوە: «لەنێو تۆ و حەسەن شتی هاوبەش زۆرن! ئەگەر بێت و مەسەلەیەک تووشی ئیغرات بکات، جا دروستکردنی ئیمپراتۆرییەتێک بێت یا زەمینە خۆشکردن بێت بۆ سەرهەڵدانی ئیمام. بەنیسبەت منەوە هەموو کێشەیەک کە ئینسانی تیا بکوژرێت، ئیغرام ناکات. لە پێش چاوم دزێو و نابووت و بوودەڵە دەبێت، با کێشەیەکی ڕاستیش بووبێت. هیچ کێشەیەکیش ڕاست نییە ئەگەر بێت و پەیمانی لەگەڵ مەرگدا هەبێت.» ئارەزووی ئەوەی دەکرد هاوار بکات، بەڵام جڵەوی خۆی گرت، بێدەنگ بوو، بڕیاری ئەوەی دا کە واز لە هاوڕێیەکەی بهێنێ و بەئەسپایی بەرەو چارەنووسی خۆی شۆڕبێتەوە.

سەرەڕای ئەو شەوە سامناکە، نیزام بەناچاری خۆی تەسلیمی واقیع کرد. خۆی بەوە ڕاهێنا کە ئیتر بێ وجوودە. بەڵام، هەندەی نەبرد، خۆی لە کاروباری دەوڵەت دەدزییەوە، بڕیاری ئەوەی دا کە ئیتر خۆی بەنووسینەوەی کتێبێک خەریک بکات کە لەژێر ناوونیشانی سیاسەتنامە دەناسرێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکە لە مەڕ کێشەی حوکمڕانیی و کتێبێکی بەهادار و سەرنجڕاکێشە، گرینگی بۆ ڕۆژهەڵاتی دونیای ئیسلامەتی، وەکو میرەکەی ماچیاڤێل وایە بۆ ڕۆژئاواییییەکان. بەڵام جیاوازییەکی گەورەش لەو نێوەندە هەیە: میر کتێبی یەکێکە لە کاروباری سیاسەت تووشی شکستی دەبێ و لە ڕووی دەسەڵاتیشەوە تووشی حیرمان هاتووە، کەچی سیاسەتنامە بەرهەمێکی دەگمەنە لە ئەزموونی یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئیمپراتۆرییەتێک.

ئا بەم شێوەیە، لەو کاتەی کە حەسەن سەباح دەمێک نەبوو ئەو قەڵا سەختەکەی داگیر کردبوو کە خەونی پێوە دەبینی، پیاوە بەهێزەکەی مەملەکەت تەنها خەون بەوەوە دەبینی کە شوێنێکی لەناو مێژوودا دەسگیر



بێت. وشەی ڕاستی زیاتر بەدڵە وەک لە وشە بۆ موجامەلەکردن، ئامادەشە تا دوا هەناسە تەحەدای سوڵتان بکات. هەروەکو بڵێی کە ئارەزووی لە مردنێکی ئیستیعرازییە، مردنێک بەباڵای خۆی بپێورێ.

دەسگیری دەبێ.

کاتێک وەفدەکە دەگەڕێنەوە و نامەکەی نیزام بەمەلیکشا ڕادەگەیەنن، مەلیکشا بەهیچ شێوەیەک ئەو وشانە ناچنە عەقڵییەوە بڕوا ناکات.

– بەڕاست، وتی شەرێکی منە و هاوشانی منە؟

دوای ئەوەی وەفدەکە هەموویان بەحەسرەتەوە دووپاتیان کردەوە، سوڵتان شێت و هار دەبێت. دەیەوێ قازووقی تێببڕن، بەزیندوویی گۆشتی لێ بکەنەوە، لەسەر تەختەدارەکانی قەڵاش لە خاچ درێ. پاشان بەرەو لای تورکەن خاتوون ڕادەکات و بۆ ئەوەی ڕای بگەیەنێ کە نیزامولمولک لە هەموو وەزیفەیەک دوورخاتەوە و مەرگی دەخوازێ. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، چۆن و بە چ شێوەیەک ئەم کارە دەکرێ بەبێ ئەوەی لەناو چەند کەرتێکی لەشکر نەبێتە پاشاگەردانی، چونکە دڵسۆز و لایەنگری زۆری هەیە. بەڵام تورکەن خاتوون و جیهان فیکرەی خۆیان هەیە: لەبەرئەوەی حەسەنیش مەرگی نیزامولمولکی گەرەکە، بۆچی ڕێگای بۆ خۆش نەکرێ و هەموو هەوڵێکیش بدرێ کە مەلیکشا لە گومان دوور خرێتەوە؟

کەواتە لەژێر چاودێری دڵسۆزێکی سوڵتان، بەتالیۆنێک دەنێرنە هەڵەمووت. بۆ ئەوەی گومان نەکرێ، لە شیکلی دەرەکیدا گەمارۆی قەڵای ئیسماعیلییەکان بدرێ؛ لە حەقیقەتیشدا، جۆرە موفاوەزاتێک لە ئارادایە. پیلانەکەی بەوردی دیراسەت کرا: سوڵتان وا دەکات کە نیزام بێتە نەهاوەند، شارێکە دەکەوێتە نێوان ئیسفەهان و هەڵەمووتەوە، لەوێندەرێ حەشاشەکان کۆتایی بەئەوی تری بهێنن.

دەقەکانی ئەو سەردەمە دەگێڕنەوە کە حەسەن سەباح پیاوەکانی کۆدەکاتەوە و ئەمەیان پێ دەڵێ: «کێ لە ئێوە ئامادەیە وڵات لە نیزامولمولکی پیاوخراپ پاک کاتەوە؟» ، ئارانی ناوێک، لە هەقیقەتدا نازناوێک بوو، دەست دەخاتە سەر سینگی کە ئیشارەتی ڕازیبوونە و

گەورەی هەڵەمووتیش ئەو کارەی پێ دەسپێرێ و پێی دەڵێ: «کوشتنی ئەو شەیتانە بەسەرەتای بەختەوەری دەژمێردرێ.»

لەو کاتەشدا، نیزام لەماڵە و دەرگای لە دووی خۆی داخستووە. دوای ئەوەی بەم شکستییەیان زانی، ئەوانەی هاموشۆی دیوەخانەکەیان دەکرد، ئیتر نەدەهاتنە کنی، تەنها خەیام و چەند ئەفسەرێکی پاسەوانەکانی نیزامییە نەبێت، کەسی تر توخنی دیوەخانی نەدەکەوت. هەموو کاتەکەی بەنووسین دەبردەسەر. بەجۆشوخرۆشەوە دەنووسێ و هەندێ جاریش داوا لە عومەر دەکات بۆی بخوێنێتەوە.

لەکاتی چاو پیاخشانی نووسینەکەشی، خەیام هەندێ جار بزەیەک دەیگرێ و هەندێ جاریش ڕووگرژییەک. وەکو هەموو پیاوێکی گرینگ و گەورە، نیزام لە ئێوارەی تەمەنیدا، نەیتوانی ئەوە لە خۆ قەدەغە بکات، تیرەکان نەکاتە نێو کەوانەوە و تەسفییەی چەند حیسابێکیش نەکات. بۆ نموونە لەگەڵ تورکەن خاتووندا. ناوونیشانی فەسلی چل و سێیەم بوو کە نووسیبووی: «ئەو ژنانەی کە لەژێر پەچەکانەوە دەژین. (نیزام دەنووسێ) لە زەمانێکی زوودا، ژنی پاشایەک جڵەوەی هەموو کاروبارێکی بەدەستەوە بوو، لە ئاژاوە و پاشاگەردانی شتی دیکەی لێوە نەهاتە بەرهەم. لەمە زیاتر شتی دیکە ناڵێم، چونکە هەرکەسە و بۆی هەیە لەسەردەمی دیکەدا، هەست بەڕووداوی هاوچەشن بکات.» ئەوەش دەڵێ: «بۆ ئەوەی پرۆژەیەک سەرگرێ، پێویستە پێچەوانەی ڕای ژنان وەرگیرێت.»

شەش فەسڵەکەی دیکەش بۆ ئیسماعیلییەکان تەرخان کرابوو؛ ئا بەم جۆرە کۆتایی پێ دەهێنا: «باسی ئەو تایەفەیم کرد بۆ ئەوەی وریا بن... قسەکانی منتان بێتەوە یاد کاتێک ئەو کافرانە کەسانێک فڕێ دەدەنە عەدەمەوە کە سوڵتان خۆشی دەویستن و، هەروەها پیاوە مەزنەکانی دەوڵەتیش نامێنن کاتێک کە دەهۆڵەکانیان لە هەموو جێگایەک دەنگ دەداتەوە و ئامانجەکانیشیان یەکئالا دەبنەوە. لەناو ئەو پاشاگەردانییەی کە ڕوودەدات، با میریش باش بزانێ ئەوەی من دەیڵێم ڕاستە. دوعام وایە کە خودای گەورە سوڵتان و مەملەکەتمان بۆ بپارێزێ!»



ئەو ڕۆژەی کە سوڵتان تەتەرێک دەنێرێت و داوای لێدەکات کە سەفەرێکی بەغدایان لە پێشە و داوەتی ئەم سەفەرەی دەکات؛ یەک لەحزە چییە، گومان لەوە ناکات چ شتێک چاوەڕێی دەکات. بانگی خەیام دەکات بۆ ئەوەی دوعاخوازی لێ بکات.

عومەریش پێی دەڵێ:

– بەم نەخۆشییەوە نابێت سەفەری وا دووررودرێژ بکەیت.

– بەم نەخۆشییەوە، هیچ شتێک گرینگ نییە و ڕێگاوبانیش نامکوژێ.

ئەوەی عومەر دەیزانێ تەنها ئەوەیە کە ڕای بگەیەنێ. نیزام پێش ئەوەی بچێ لەبەردەم ئەو کەسە بچەمێتەوە کە تاوانباری کردووە، ئەملاو ئەولای خەیام ماچ دەکات و بەگەرمی دەیگرێتە باوەش. زۆر نەجیبانە، زۆر بێ ئاگایانەش، سوڵتان و وەزیر هەردووک گەمەیان لەگەڵ مەرگ دەکرد.

لەوکاتەی کە لە ڕێگان بەرەو ئازارگاکە، مەلیکشا پرسیار لە «باوکە» دەکات:

– بەتەمای ئەوەی چەندەی تر بژیی؟

نیزامیش بەبێ هیچ دوودڵییەک وەڵام دەداتەوە:

– زۆری دیکە، گەلێ زۆری دیکە.

سوڵتان هەست بەشڵەژان دەکات:

– چەند بەفیزیەوە لەگەڵم دەدوێی، قەیناکە لەگەڵ من، ئەی بەرامبەر خودا! چۆن دەتوانی شتی وا بسەپێنی، چاکترە بڵێی «ئین شائەڵڵا»، عومر تەنها بەدەست ئەوە!

– دەزانی بۆچی ئا بەم جۆرە قسان دەکەم، چونکە دوێنێ شەو خەونێکم بینی. پێغەمبەرم لە خەودا بینی، دروودی خوای لێ بێت! پێیم وت کەینێ دەمرم، وەڵامێکی زۆر ئۆخژنبەخشی دامێ.

مەلیکشا ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ:

– چ بوو وەڵامەکە؟

– پێغەمبەر فەرمووی: «تۆ کۆڵەگەیەکی ئیسلامی، چاکەت بۆ کەسانی دەوروپشتت هەبوو، وجوودی تۆ نرخ و بەهای بۆ موسڵمانان هەبوو و

ئیمتیازی ئەوەت دەدەمێ کە مردنی خۆت هەڵبژێری.» منیش لە وەڵامدا وتم: «خوا بمپارێزێ، چ کەسێک دەتوانی ڕۆژی مەرگی خۆی هەڵبژێرێ! هەمیشە زیاترمان دەوێ، ئەگەر بێت و ڕۆژەکەشی دیاری بکەم، با هەرە دوورترین ڕۆژیش بێت، هەر ڕۆژێک پێش ئەو ڕۆژە و ئیتر لە دڵەڕاوکێدا دەژیم، با مانگێک بێت یا سەد ساڵ، لە ترسا هەڵدەلەرزم. تەنها تکای ئەوەت لێ دەکەم، ئەی پێغەمبەری خۆشەویست کە مەرگی سوڵتان مەلیکشا نەبینم. چونکە بەچاوی خۆم بینیم چۆن گەورە بوو، گوێم لەوەش بوو کە بە «باوکە» بانگی دەکردم، حەز ناکەم بەمردنی ئەو شکستبار و ئازار بکێشم. پێغەمبەریش فەرمووی، باشە، تۆ چل ڕۆژ درەنگتر دوای سوڵتان دەمریت.»

مەلیکشا ڕەنگی هەڵبزرکا، دەلەرزی، هەروەکو ئەوەی خیانەتی لێ کرابێت، نیزام بزە دەیگرێ:

– دەبینی، هیچ فیز و لووتبەرزی نانوێنم، سوورم لەوەی کە زۆر بژیم.

ئایا سوڵتان لەو ساتەدا لە کوشتنی وەزیر پەشیمان بووبێتەوە؟ ئەوەی زۆر بەخەیاڵا نەهات. چونکە، ئەگەر بێت و گێڕانەوەی ئەم خەونە وەکو ڕەمز بەکاری هێنابێت، ئەوە نیزام زۆر سەرسەختانە خۆی ئامادە کردبوو. ڕۆژی پێش سەفەرەکەی، هەموو ئەفسەرە پاسەوانەکانی کۆکردەوە و دەست لەسەر قورعان، هەموو سوێندیان خوارد، ئەگەر بێت و بکوژرێ، ئەوە یەک دانە دوژمنیش نابێ بەسەلامەتی دەرچێ!



## XIX

لەناو ئیمپراتۆرییەتی سەلجۆقیدا، لەو زەمانەی کە لەسەرتاپای جیهاندا، هاوشانی لە توانا و دەسەڵاتدا نەبوو، بەڵام ژنێک جورئەتی ئەوەی کرد، بەدەستی بەتاڵ، دەسەڵات بگرێتە دەست. لە پشت پەردەوە دادەنیشت و لەشکری لەمسەر ئاسیاوە بۆ ئەوسەر ئاسیا دەنارد، پاشای ناو دەنا و وەزیری دەسنیشان دەکرد، هەروەها بەفرمانی ئەو والی و قازیشی دیاری دەکر، نامەی بۆ خەلیفە دەنارد و وەفدیشی ناردە لای گەورەی هەڵەمووت. کاتێکیش میرەکان ناڕەزایی خۆیان دەربڕیایە، لەبەرئەوەی فرمانی داوەتە لەشکر، ئا بەم شێوەیە وەڵامی دەدانەوە: «لە وڵاتی ئێمەدا، پیاوان دەچنە جەنگ، بەڵام ژنان دوژمنان دیاری دەکەن.»

لە حەرەمی سوڵتاندا بە«ژنە چینییە»یەکە ناوزەد دەکرا. لە سەمەرقەند لە دایک بوو، لە خێزانێک کە بەڕەچەڵەک کاشغەری بوون و هەروەکو ناسرخانی براگەورەی، لە ڕوخساریدا، هەست بەخوێن تێکەڵیی نەدەکرا، نەخەت و خاڵی عارەبە سامییەکانی پێوە دیاربوو، نەخەت و خاڵی فارسە ئارییەکان.

لە هەموو ژنانی مەلیکشا گەورەتر بوو. کاتێک شووی پێکرد، مەلیکشا تەمەنی تەنها نۆ ساڵ دەبوو و ئەویش پانزە ساڵێک دەبوو. زۆر لەسەرخۆی، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە پێ بگا. خۆی ساوییە گەندەمووە تازە دەرچووەکانی ڕیشی، سەری لە یەکەم ئۆخژنی لەزەتی جەستە سوڕما، کاتێ بینی ئەندامەکانی هەراش دەبن، دەمارەکانی دەپەلمێن، گۆشتنێک هەر خێرا دەستەمۆی کرد. هەمیشە هەر ئەو تاقە ژن بوو، نازی هەڵدەگرت، ڕێزی دەگرت، سەرەڕای هەموو شتێ گوێی لێ دەگرت. بەگوێی دەکرا. ئێوارانیش، دوای ئەوەی مەلیکشا، لە ڕاوەشێرێ، یا لە جەولەیەک، یا لە ململانێیەکی خوێناوی، یا لە کۆبوونەوەیەکی پڕ قڕەقڕی میران، یا لە هەمووی سەختتر کاتێک لەگەڵ نیزامدا هەندێ کاری بکردبایە، کاتێک بگەڕابایەتەوە، ئەوە لە باوەشی تورکەن هەستی بەئارامی دەکرد. ئاوریشمە تەنکەکەی سەر ڕوخساری هەڵدەدایەوە و دەهات خۆی دەنووساندە

لەشییەوە، گەمەی لەگەڵی دەکرد، سوورهەڵدەگەڕا، باسی بەسەرهات و جاڕسییەکانی خۆی بۆی دەکرد. چینییەکەش، کێویە گەرمەکەی دەگرتە خۆ، دایدەپۆشێ و وەکو پاڵەوانیش لەنێو لۆچەکانی لەشی داڵدەی دەدات و قەدەرێک وا دەیهێشتەوە و بەخۆیا دەیگوشێ، تەنها بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیگرێتەوە باوەش، بۆ چەند لەحزەیەک وازی لێ دەهێنا. بەهەموو بارستایی خۆیەوە، وەک غازییەکی تووشی هەناسەبڕکێ بوو خۆی یخ دەکرد، بەزیو و جادوو لێکراو، هەر تورکەن خاتوون دەیزانێ چۆن تاکو قووڵایی لەزەت ڕاپێچی کات.

پاشان، بەهێواشی، پەنجە وردەکانی بەسەر برۆکانی دادەهێنا، بەسەر برژانگەکانی، بەسەر لێوی، بەسەر گۆشتە نەرمەکەی گوێی، بەسەر خەتی گەردنی تەڕبوویدا؛ کێوییە یخ بووەکە دەستی بەپرخەپرخ دەکرد، تەمەڵ و تەوەزل، وەکو پشیلەی تێر بزە دەیگرت. ئا ئەوها وشەکانی تورکەن دەڕژانە قووڵایی ڕۆحییەوە، باسی ئەوی بۆ دەکرد، باسی خۆی بۆ دەکرد، باسی منداڵەکانی بۆ دەکرد، نوکتەی بۆ دەگێڕایەوە، شیعری بۆ دەخوێنییەوە، چیرۆکی پڕ لە حیکمەت و دەرزی بۆ دەگێڕایەوە؛ بەهیچ جۆرێک لە باخەڵی تورکەن هەستی بەبێزاریی نەدەکرد و قەولی ئەوەشی دەدایێ هەموو ئێوارەیەک لەگەڵ ئەو بیباتەسەر. بەشێوازی خۆی، میزاج گۆڕ، دڕندانە، منالانە، ئاژەڵانە، خۆشی دەوێ و تا دواهەناسەش هەر خۆشی دەوێ. تورکەن خاتوون ئەمە دەزانێ و دەشیزانێ کە هیچ شتێکی لێ ڕەت ناکاتەوە، بۆ شالاوبردن هەر ئەو لەحزەکان دیاری دەکات، جا چ شالاو بەرنە سەر ناوچەیەک، چ شالاو بەرنە سەر جارییەکان. لە هەموو مەملەکەتدا، لە نیزام بترازێ نەیاری تری نەبوو، لەساڵی ١٠٩٢دا خەریکە چۆکی پێ دادات.

ئایا ژنە چینییەکە دڵخۆشە؟ ئێستا دەبێ چۆن بێت؟ لەو ڕۆژەوەی کە تەنهایە، یا ئەوەتا لەگەڵ جیهان دایە، نهێنی پارێزەرەکەی، دەگرێ و فرمێسکی دایکانە دەڕێژێ، فرمێسکی ژنەسوڵتان، نەعلەت لەم چارەنووسە ناڕەوایە دەکات و کەسێکیش نییە گلەیی لێ بکات. مەلیکشا کوڕە گەورەکەی بەمیرات هەڵگر هەڵبژارد، لە هەموو سەفەرەکانا و لە



هەموو ئاهەنگە ڕەسمییەکانا ئامادە دەبوو. باوکی زۆری شانازی پێوە دەکرد و لەگەڵ خۆی گڕی دەدا، هەموو ناوچەکانی پێ دەناساند، باسی ئەو ڕۆژەی بۆ دەکرد کە دەسەڵات دەگرێتە دەست. پێی دەوت: «هەرگیز سوڵتانێک مەملەکەتێکی هەندە گەورەی بۆ کوڕی خۆی جێ نەهێشتووە!» لەو زەمانەدا، ڕاستە، تورکەن خاتوون زۆر دڵخۆش بوو، هیچ ئازارێک توانای نەبوو زەردەخەنەی لێ بشێوێنێ.

هەندەی نەبرد میرات هەڵگر مرد. تایەکی کتوپڕی بێ بەزەیی و هەڵتەکێنەر. سەرەڕای ئەوەی کە پزیشکان داو و دەرمانیان بۆ نووسی، خوێنیان لێ وەرگرت، دوو شەوی نەبرد کوژایەوە. وتیان گوایە چاونەفسی لێدراوە، ڕەنگیشە ژەهرخواردیان کردبێ. شەوی دواتر، خاتوون دووەم کوڕی لەجیاتی دانا، عنوانی زۆر سوپاسمەندی دا بەکوڕە نۆ ساڵەکەی، بەڵام لە سەردەمێکی پڕ لە عەنعەناتدا دەژین: «شاهی شاهان، کۆڵەگەی دەوڵەت، پارێزەری میر و موسڵمانان»...

لەعنەت و چاوپیسیی، کوڕەکەی دیش، جێگری دووەمیش هەندەی نەبرد کۆچی دوایی کرد. ئەویش هەروەکو براکەی، زۆر بەکتوپڕی دونیای جێهێشت. ئەویش تووشی تایەک هات هەمووی تووشی گومان کرد.

ژنە چینییەکە دوا کوڕی مابووەوە، داوای لە سوڵتان کرد کە وەک خەلیفە دەسنیشان بکرێت. ئەمجارەیان کاروبار هەروا ئاسان نەبوو، کوڕەکەی تەمەنی تەنها ساڵ و نیوێک بوو و مەلیکشا سێ کوڕی دیکەی هەبوو، هەر هەموویان لەو بەتەمەنتربوون. دووانیانی لە کوێلەیەک ببوو، بەڵام گەورەکەیان کە ناوی بەرکیارووک بوو، کوڕی ئامۆزای خۆی بوو. بە چ ئەنجەتێک لاوەخرێت؟ کێ لەو میرە زیاتر مافی هەیە، دووجارانیش سەلجۆقییە، شایانی ئەوەی هەیە بەجێگیر دابنرێت؟ ئا ئەمە ڕای نیزام بوو. ئەوێک کە دەیویست ئارامیی بخاتە نێو شەڕ و ناخۆشی نێو تورکانەوە، ئەوێک کە هەمیشە دەیویست و دوودڵیی دەنواند لەوەی کە یاسای خەلافەتی بنەماڵەکە سەقامگیرکات و داوای ئەوەی دەکرد کە وێڕای چاکترین بەڵگە و ئەنجەت کوڕە گەورەکەی دەسنیشان بکرێت. بێ سوود بوو. مەلیکشا جورئەتی ئەوەی نەکرد کە دژایەتی تەرکەن بکات.

لەبەرئەوەش کە نەیتوانی کوڕەکەی ئەو هەڵبژێرێ، کەسی تری هەڵنەبژارد. ئەوەی بەباش زانی کە هەروەکو باووباپیرانی کەس لە دووی خۆی هەڵنەبژێرێ.

تورکەن ڕازی نییە، بەوە ڕازی نابێت ئەگەر بێت و ژیانی بنەچەی مسۆگەر نەکرێت. دەشکرێ بوترێت کە ئەو لە هەموو خەڵکی زیاتر حەزی بەشکستیی نیزام دەکرد، ببووە تەگەرە لە پێش تموحەکانی. ئامادە بوو هەموو شتێک بکات لە پێناوی ئەوەی تووشی چارەنووسی خۆی بێت، داونانەوە و هەڕەشە لێکردن، ڕۆژ بەڕۆژ ئاگاداری دانووساندنەکان بوو کە لەگەڵ حەشاشەکان دەکرا. سوڵتان و وەزیریشی تا ڕێی بەغدا بەڕێ کرد. لەسەرپێ بوو بۆ دەرپەڕاندن.

ئەمە دوا ژەمی نیزامە، خەریکی فتارکردنە، دەیەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانە. پیاوە ماقووڵەکان و دامودەستە و میرەکانی لەشکر، بەشێوەیەکی نائاسایی هەموو بەرامبەر بەو مانگە پیرۆزە زوهد دەنوێنن. سفرە لەژێر یورت[1]ێکی زەبەلاح ڕازاندراوەتەوە. چەند خزمەتکارێک مەشخەڵیان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی میوانەکان بتوانن خواردنەکانیان هەڵبژێرن. لەسەر سینییە زیوینییەکان، چاکترین پارچە گۆشتی وشتر و بەرخ دانراوە، قەڵەوترین ڕانە کەو و شەست دەستی برسیش درێژ دەکرێن و لە پارچە گۆشت و شلە دەگەڕێن. کاتێکیش پارچە گۆشتێکی بەلەزەتمان چنگ دەکەوێ، بۆ حورمەت پێشکەشی هاوسێیەکەی تەنیشتمانی دەکەین.

نیزام کەم دەخوات. ئەو ئێوارەیە، لە هەموو ڕۆژان زیاتر ئازاری هەیە، ئاگر لە سینگی بەربووە، وەکو بڵێی هەناوی لەژێر دەستی دێوێکی نەبینراو بناڵێنێ. زۆر لە خۆی دەکات بۆ ئەوەی خۆی ڕێک ڕاگرێ. مەلیکشا لە تەنیشتییەوەیەتی، هەرچییەک کە هاوسێیەکەی پێشکەشی دەکات خرمەی لێ هەڵدەستێنێ. هەندێ جاریش هەوڵی ئەوە دەدات بەلاچاوێک سەیری وەزیرەکەی بکات، دەبێ ئەوە بزانێ کە وەزیر ترسی لەسەر نیشتووە. لەپڕێکدا، سوڵتان دەستی بۆ سینییەک درێژ دەکات کە هەنجیری ڕەشی

(١) بەڕەشماڵی مەغولان دەوترێت کە لە مووی بزن دروست دەکرێت. (وەرگێڕ)



تێدابوو، گەورەترین هەنجیر هەڵدەگرێ و پێشکەشی نیزامی دەکات، ئەویش بەڕێزەوە وەری دەگرێت و دەست دەکات بەخواردنی، دەبێ ئەو هەنجیرە چ تامێکی هەبووبێت کاتێک سێ جاران مەحکوم کرابێتن، جارێکیان لەلایەن خوداوە، جاری دووەمیش لەلایەن سوڵتانەوە و جاری سێیەمیش لەلایەن حەشاشەکانەوە؟

فتاریش کۆتایی هات و شەو بەتەواوی ڕاشکا. مەلیکشا وەک نەقیزەی لێدرابێت هەڵدەستێت، پەلەیەتی بگاتە ژنە چینییەکەی بۆ ئەوەی ڕوو گرژییەکەی نیزامی بۆ باس کات. نیزام ئەنیشکی دەچەقێنێتە سەر مێزەکە، پاشان زۆر بەزەحمەت خۆی پێ ڕاست دەکرێتەوە. خێوەتی حەریمەکانی دوورنین، ئەگینا ئامۆزا بەسالاچووەکەی شتێکی هەندە بەدەگمەنی بۆ ئامادە دەکرد هەموو ئازارەکەی هێور دەکردەوە. هەر سەد هەنگاوێک دەبوو. لە دەوروبەریشی، لە خێوەتە شاهانەکانەوە هەراوزەنای هەمیشەیی بەرز دەبووەوە. سەرباز و خزمەتکار و بازرگانی دێوەرە. هەندێ جار پێکەنینی تاساوی کەنیزەیەک. پێدەچێ ڕێگا دوورودرێژ بێت و ئەویش تەنهایە. عادەتەن، چەپکێ جارییە دەوری دەدا، بەڵام کێ هەیە حەز بکات تیرۆ بکرێت؟ دەرۆزەکەران هەڵاتن، چ شتێک لە پیرەمێردێکی کەنفتی وا هەڵدەکڕێنرێت؟

بەڵام یەکێک نزیک دەبێتەوە، کابرایەکی جەوامێر، قاپووتێکی شڕی لەبەر دایە. بەژێر لێوەوە هەندێ دوعا و ستایشی خودا دەکات. نیزام کیسە پارەکەی دەردەهێنێ و سێ پارچە زێڕی تیا دەردەهێنێ و دەیداتێ. دەبێ پاداشتێکی چاکی ئەو نەناسیاوە بدرێتەوە کە ڕوو دەکاتە ئەو.

ترووسکاییەک، ترووسکایی گوێزانێک، هەموو شتێک زۆر بەخێرایی کۆتایی هات. هەر بەئاستەم نیزام دەستەکەی بینی بجوولێتەوە، خەنجەرەکە جلەکەی کون دەکات و ختم دەبێتە لەشی، نووکی خەنجەرەکەش لە قەبرغەیەوە دەردەچێ. هاواریشی نەکرد. هەر تەنها جوولەیەکی پڕ لە واق وڕمان و دوا هەناسەش بۆ ئەوەی هەندێ هەوا هەڵمژێ. کاتێک بەردەبێتەوە، ڕەنگبێ ئەو ترووسکاییەی بەهێواشی بینیبێت. ئەو بازووەیەی کە بەرزدەبێتەوە و شۆڕ دەبێتەوە و ئەو دانە جیڕبووەوەی کە

دەڵێ: «بگرە ئەم دیارییەی کە لە هەڵەمووتەوە بۆت هاتووە!»

هاوار بەرز بووەوە. پیاوکوژ هەڵات، خیوەت بەخیوەت دوای کەوتن و گرتیان. هەر خێرا، سەریان لێکردەوە، پاشان هەر بەپێ خواسی ڕایان کێشت و پاشانیش فڕێیان دایە ناو ئاگرەوە.

ئیتر ئەو ساڵانەی کە دێن، چەندین تەتەری هەڵەمووت بەهەمان شێوە دەمرن، بەڵام لەگەڵ جیاوازییەک، ئەویش ئەوەیە کە ئیتر هەڵنایەن. حەسەن فێری دەکردن: «نابێ تەنها بەوە ڕازی بین کە دوژمنانمان بکوژین، ئێمە پیاوکوژ نین، بەڵکو ئێمە کاریگەرین، دەبێ بۆ عیبرەت، بەرامبەر بەجەماوەر ئەو کەسانە لەناو بدەین. بەکوشتنی کەسێک، سەد هەزار کەسی پێ بتۆقێنین. هەروەها، نابێت بەکوشتن و تۆقاندن ڕازی بین، پێویستە ئەوەش فێربین کە بمرین، چونکە ئەگەر بەکوشتنی کەسێک ورەی دوژمن بڕۆخێنین لەوەی کە بەکارێکی وا هەڵنەستێ زیانمان لێ دات، ئەوە بە مردنی یەکێک لە ئێمەش ئیعجابی جەماوەر دەقۆزینەوە. ئیتر خەڵکی دیکە دێنە ڕیزمانەوە. مردن لە کوشتن گەلێک گرینگترە. دەکوژین بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆمان بکەین، بەڵام دەمرین بۆ ئەوەی لایەنگر پەیدا بکەین و غەزووی زێتر بکەین. غەزووکردن ئامانجە، بەرگری لە خۆکردنیش تەنها وەسیلەیەکە.»

بۆ زیاتر تۆقاندن، کوشتار لە شوێنی تایبەتی هەڵدەبژێرن، ئەویش لە مزگەوتەکانا، لە ڕۆژانی هەینیدا، لە پێش نوێژی جەماعەتدا، بەرامبەر بەخەڵکە کۆبووەوەکە دەدرێ. قوربانی، جا وەزیر بێت یا میر یا مەلایەکی گەورە بێت، عادەتەن بەپاسەوانی زۆر دەور دراوە. حەشامات کە ئەمەی دەبینی واقی وڕ دەما، ملکەچ و موعجیب. ئەوەی لە هەڵەمووتیشەوە نێردراوە، ئامادەیە، لە شوێنێکە و خۆی زۆر بەباشی پێچاوەتەوە و خۆی لە شوێنێک مەڵاس داوە. بۆ نموونە ڕەنگبێ یەکێک بێت لە پاسەوانەکان. لەو کاتەی کە هەموو کۆبوونەتەوە، شمشێری خۆی دەوەشێنێ. قوربانییەکە بەردەبێتەوە و جەلادەکە ناجوولێتەوە، ڕستەیەکی پێ لەبەر کراوە و بەهاوارەوە دووبارەی دەکاتەوە، بزەیەکی تەحداکردن دەیگرێ و چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە پاسەوانە تووشی هەیەجان هاتووەکان پەلاماری بدەن و



حەشاماتە تۆقیوەکەش هەلاهەلای بکەن. پەیامەکە گەیشت؛ ئەوەی دیکە کە بۆ کوشتن دەسنیشان دەکرا، بەرامبەر بەهەڵەمووت خۆی شلتر دەنواند و لەنێو ئامادەبووانیش، دە، بیست، بەڵکو چل کەس خۆیان وەردەگێڕنە سەر مەزەبی ئیسماعیلییەکان.

زۆرجار ئەوە دەوترا، دوای ئەوەی دیمەنی لەو شێوەیە دەبینرا، کە پیاوانی حەسەن سەباح بەنگیان دەرخوارد دراوە. ئەی چۆن تەفسیری ئەوە بکرێت کەوا بەزەردەخەنەوە بەرەوڕووی مەرگ دەبوونەوە؟ ئەو تێزە قبووڵ دەکرێت کە دەبێ لەژێر کاریگەری حەشیشەدا بەم کارانە هەڵسابێتن. مارکۆ پۆلۆ لە ڕۆژئاوا ئەم فیکرەیەی بڵاوکردەوە، دوژمنەکانیان لە جیهانی ئیسلامی هەندێ جار ناویان بەحەشاشی ون ناو دەبرد، بەواتای حەشیشە کێشەکان، بۆ ئەوەی بەچاوێکی سووکیشەوە تەماشا بکرێن، هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان، وشەی (assassin)[٢]یان دەدایە پاڵ حەشاشەکان، کە لە زۆربەی زمانە ئەورووپییەکان بەمانای پیاوکوژ دێت. لە ئەفسانەی حەشاشەکان سامناکتر نییە.

حەقیقەتیش شتێکی دیکەیە. بەگوێرەی ئەو دەقانەی کە لە هەڵەمووتەوە گەیشتوونەتە دەستمان، حەسەن حەزی دەکرد کە ناوی موریدەکانی بەئەساسیون بەرێت، واتە ئەوانەی کە دڵسۆزی ئەساسن، واتە بناغەی ئیمانن و ئەم وشەیە بەهەڵە گەیشتە دەست ڕێبوارە بیانییەکان و کەوا هەست کرا کە گومانی ئەوەی لێ دەکرێ کە لە حەشیشەوە هاتبێ.

خۆ ڕاستە سەباح زۆر عەودالی گیاوگۆڵ بوو، زۆر بەباشی دەیانی ناسی، دەیزانی کامیان وەکو هەتوان بەکاردێن و کامیان ئازار خامۆش دەکەنەوە و کامیان وزە و ئاگاداریی دەبەخشن. چەندین گیاوگۆڵی شین دەکرد و موریدەکانی پێ چاک دەکردەوە و شرووبی لێ دەگرتەوە و میزاجی نەخۆشی پێ دەبووژاندەوە. چەند ڕاچێتێکی دەناسین کە مێشک پێ چالاک دەکرێت و توانای مورید زیاد دەکات لە خوێندن و موتاڵاکردن. هەنگوین و ناوکی

(٢) وشەیەکی فەرەنسییە بەمانای پیاوکوژ دێت، هەروەها لە زمانی ئیسپانیش (asesino) و بەئینگلیزیش دیسانەوە (assassin)ە. (وەرگێڕ)

گوێزی هاڕدراو لەگەڵ کوزبور[٣] تێکەڵ دەکرێت.

باش لەوە تێدەگەین کە ئەمە دەرمانێکی سووکە. سەرەڕای تەقلیدێکی ئیغرابەخش و قایم، دەبێ زۆر بەباشی ئەوە ڕوون بکرێتەوە: حەشاشەکان هیچ درۆگێگیان[٤] نەدەناسی، جگە لە ئیمانێک کە لەقبوون نازانێ چییە. هەمیشە و بێ وچان ئەوە دووپات کراوەتەوە کە لەو کۆمەڵەیەدا، سەختترین دەرزی تیا وتراوەتەوە، کاریگەرترین دیسیپلینی هەبووە و بەوردیش کاروبار لە نێوان ئەندامانا دابەش کراوە.

لە سەرووی سەری هەرەمەکەوە حەسەن خۆی بوو، واتە مورشیدی گەورە، ڕاوێژکەری بالا، خاوەن هەموو ئەسرارەکان بەموبەشیر – پروپاگەندەچی دەور دەدرا، بە داعی ناودەبران، سیانیان یاریدەدەرن، یەکێکیان لێپرسراوی وڵاتی فارسی ڕۆژهەڵات و خوراسان و کۆهستان و ئۆزبەگیستان و ئەوەی دیکەش لێپرسراوی وڵاتی فارسی ڕۆژئاوا و عێراقە و سێیەمیشیان، لێپرسراوی وڵاتی شامە. لە خواری ئەوانیشەوە، هەڤاڵ هەن کە ڕەفیقیان پێ دەڵێن، بەکادیری بزووتنەوەکە دەناسرێنەوە. لەبەرئەوەی لەو ڕووەوە دەرزیان پێدراوە، توانای ئەوەیان هەیە سەرۆکایەتی قەلاتێک بکەن و لە ئاستی شارێکیش لێپرسراوییەتی ڕێکخراو بکەن یا هی ناوچەیەک بەگشتی. هەرە بەتواناشیان ڕۆژێک دێ دەبێتە موبەشیر.

لەوان بەرەو خوارتر «لاصق»یان پێ دەڵێن، بەواتای ئەوەی ئەمانە نووساونەتە ڕێکخراوەکەوە. ئەمانە خواناسەکانی بنکەن بۆ ئەوە دانەنراون کە دەرزێکی وا فێربن، نە بۆ ئەوەش دانراون کە ئەکسیۆنێ بنوێنن. لە شوانەکانی دەوروبەری هەڵەمووت و ژن و پیرەمێرد پێکهاتوون.

پاشان «موجیبە»کان دێن، ئەوانەی زوو وەڵام دەدەنەوە، واتە دەروێشە نوێیەکانن. دەرزی یەکەم فێر دەبن و بەپێی تواناشیان، یا ئەوەتا دەیانکەنە

(٣) بەفەرەنسییەکەی (**Coriandre**)ی پێ دەوترێت و بەعارەبیش (کُزْبُرة)ی پێ دەوترێت کە گیایەکە میوەی مرد دەکرێت و ڕۆنی تایبەتی لێ دەردەهێنرێت. (وەرگێڕ)

(٤) مخدرات. (وەرگێڕ)



قوتابی بۆ ئەوەی ببنە یاوەر، یا ئەوەتە دەچنە پاڵ ڕەشە موسڵمانەکانەوە، یا ئەوەتا، دەبنە ئەو ڕەمزی هێز و توانای ڕاستەقینەی حەسەن سەباح: توێژی «فیداییەکانن» ئەوانەی کە ئامادەن گیانی خۆیان ببەخشن. مورشیدی گەورە لەنێو موریدەکان هەڵیان دەبژێرن، خاوەن ئیمانێکی بتەون و توانای زۆریان هەیە و پۆڵاینن، بەڵام خوێنەواریان کەمە. هەرگیز کەسێک بەرەو قوربانی نانێرن ئەگەر بێت و توانای ئەوەی تیا بێت کە ببێتە یاوەر.

مەشق پێدانی فیداییەکان کارێکە زۆر وریایی دەبێ تیا بنوێنرێت، بۆ ئەمە حەسەن بەئارەزوو و عەشق و وردبینییەوە بەم کارە هەڵدەستێ. فێری ئەوەیان دەکا چۆن خەنجەرەکانیان بشارنەوە و چۆنیش لە چاوچوقانێکا دەری بهێنن و بیچەقێننە دڵی ئەو کەسەی دیاری دەکرێت، یا گەردنێکی پێ لێکەنەوە کاتێک بەوەش دەزانرێت کە سینەی ئەو کەسەی کە نیشانەکراوە بەبەروانکەی سیمدار داپۆشراوە، خۆڕاهێنان بەهەڵدانی کۆتری حاقوو کە سەفەری درێژیان پێ دەکرێت، شفرە لەبەرکردن، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی خێرا و نهێنی لەگەڵ هەڵەمووتدا؛ یا فێری دیالێکت بوون، لەهجەی ناوچەیەکی دیاریکراو، چۆن فێری ئەوە بن خۆ بخزێننە نێوەندێکی بیانیی سەختەوە، خۆ تێکەڵکردن لەگەڵیان و توانەوە لە ناویان، بەمانگ و هەفتە، هەموو شتێک کە گومان ڕادەکێشی بەنجی لێ دەدرێت، تاکو بۆ هەڵسان بەکارەکە هەلی تەواو دەدۆزرێتەوە، فێری ئەوە دەبن چۆن دوای نێچیر بکەون، زۆر بەوردی هەموو هەڵسوکەوتێک دیراسەت بکرێت، هەڵبژاردنی جلوبەرگ، ڕەفتار، کاتی دەرچوون و هەندێ جاریش کاتێ کە پەیوەندی بەشەخسییەتێکی گرینگەوە هەبێت و پاسەوانی زۆری لە دەور بێت، هەوڵی ئەوە بدرێت کە خۆ بخزێننە ڕیزییەوە و بۆ ئەوەی لێی نزیک ببێتەوە، خۆ لە کەسوکار و خزمەکانییەوە نزیک بکرێتەوە. دەگێڕنەوە و دەڵێن بۆ ئەوەی چەند کەسێک بکوژن، دوو فیدایی بۆ ماوەی دوو مانگ لە دێرێکدا دەژین تا وا دەزانرێت کە ڕاهیبن. ئەمە توانا لە ڕادەبەدەری خۆگۆڕین و خۆشاردنەوە و خۆگونجاندنە، هەرگیز مومکین نییە لەژێر کاریگەری حەشیشەدا ئەنجام بدرێت! لە هەمووشی گرینگتر، مورید

پێویستە ئیمانی تەواوی دەسگیر بێت بۆ ئەوەی بەرەورووی مەرگ بێتەوە، ئیمانهێنان بە بەهەشت کە شەهیدبوون دەهێنێ کاتێک حەشامەت پەلاماری دەدەن و ڕۆحی دەردەهێنن.

کەسێک نییە ڕەتی ئەوە بداتەوە کە حەسەن سەباح توانی ماشینێکی گەلێ کوشندە لەسەرتاپای مێژوودا دروست بکات. بەرامبەر بەم ماشینەش، لە کۆتایی ئەو سەدە خوێناوییە، یەکێکی دیکە دروست ببوو، ئەمەیان بەنیزامییە ناو دەبرا، بۆ دڵسۆزانی وەزیری کوژراو ئامادەکرابوو، ئەویش لەسەر ڕێبازی جوداواز، تۆی مەرگی دەوەشاند، ڕەنگبێ زۆر وردتر بیری لێ کرابێتەوە، ڕاستە وەکو ئەوی تر ئیستیعرازی نەبوو، بەڵام وێرانە نانەوەکانی لەوی تر کەمتر نەبوون.



## XX

ئا لەو کاتەی کە ڕەشە خەڵکەکە پەلاماری حەشاشەکەیان دا، پێنج ئەفسەر لە دەوری تەرمە گەرمەکەی نیزام دەستیان کرد بەگریان و ڕۆ ڕۆ و، پێنج دەستی ڕاست درێژکران، پێنج دەم لە یەک کاتدا هاتنە زمان: بەئارامی بنوو، ئەی گەورە، نابی دوژمنێکیشت بەساغی ببینێ!»

بەکێ دەست پێ بکرێت؟ لیستەکە درێژە و ئامۆژگارییەکانی نیزامیش ڕوونن. ئەم پێنج ئەفسەرە پێویستیان بەڕاوەرگرتنی یەکتر نییە. بەئاسپایی ناوێک بەژێر لێوەوە دەدرکێنن. دەستەکان جارێکی دیکە درێژ دەکرێن و ئەژنۆیان لە خاک دەچەقێنن. هەموو پێکرا تەرمەکە هەڵدەگرن، نەخۆشیی لاوازی کردووە، بەڵام مەرگ قورسی کردووە، بەپرسە تاکو بارەگاکەی دەیبەن. ژنان کۆبوونەتەوە بۆ لاوانەوە و بەبینینی تەرمەکە دەست بەفیزاح دەکرێت و یەکێ لە ئەفسەرەکانیش بەتووڕەییەوە دەڵێ: «پێش ئەوەی تۆڵەی لێکرێتەوە مەگریێن!» سڵەمینەوە و گریان ڕاوەستا و هەر هەموویان سەیری ئەفسەرەکەیان کرد. بەدوورکەوتنەوەی جارێکی دیکە دەستیان بەشیوەنی خۆیان کردەوە.

سوڵتان گەیشتە ئەوێ. کاتێک گوێی لە یەکەم قیژە بوو، لە باوەشی تورکەن بوو. خەسێنراوێک بۆ هەواڵهێنان ڕۆیشت و بەلەرزینەوە گەڕایەوە: «نیزامولمولک بوو گەورەم! پیاوکوژێک پەلاماری دا! عومری بەخشییە جەنابتان!» سوڵتان و ژنە سوڵتان سەیری یەکتریان کرد و پاشان مەلیکشا هەڵسایە سەرپێ. خۆی لەنێو پاڵتۆی مەغوولان پێچییەوە، بەرامبەر بەئاوێنەی ژنەکەی، یەک دوو پەلاپیتکەی لە دەموچاوی دا و خێرا بەرەو تەرمی خوالێخۆشبوو غاری دا، وەکو ئەوەی ئاگای لە هیچ نەبێ.

ژنان ڕێگایان بۆ کردەوە بۆ ئەوەی بگاتە سەر مەیتی ئەتاکەی. دەنووشتێتەوە، دوعایەک دەخوێنێ، چەند ڕستەیەکی تەقلیدی وت و گەڕایەوە لای تورکەن خاتوون بۆ ئەوەی بەئاشکرا تەعبیر لە دڵخۆشییەکەی بکات.

مەلیکشا چ ڕەفتارێکی سەیری نواند. هەموو وایان دەزانی کە دوا

بەدوای مردنی موستەشارەکەی ئیتر خۆی دەست بەکاروباری مەملەکەت دادەگرێ. هیچ. گەلێ بەوە دڵخۆشە کە لەو کەسە ڕزگاری بوو کە ڕێگای لە کەفوکوڵی تامەزرۆیەکانی دەگرت، تەنها ئەوە دەکرێ بوترێت کە ئیتر سوڵتان بۆ خۆی ڕادەبوێرێ. هەر خێرا هەموو کۆبوونەوەکان لەغو کرانەوە، هەموو پێشوازییەکی باڵیۆز، ئیتر سوڵتان بەو ڕۆژگارە خەریکی ڕاوە و شەوانیش بەخواردنەوە دەیباتە سەر.

لە هەمووشی ترسناکتر کاتێک دەگاتە بەغدا، یەکێ دەنێرێ بۆ ئەوەی بەخەلیفە ڕابگەیەنن: «نیازمە ئەم شارە بکەمە پایتەختی زستانەم، ئەمیری موئمینین دەبێماڵەکەی بار بکات و شوێنێکی دیکە بدۆزێتەوە.» جێگری پێغەمبەر کە باووباپیرانی سێ سەدە و نیوە لە بەغدا دەژین و داوا دەکات تەنها مانگێک مۆڵەتی بدەنێ بۆ ئەوەی کاروباری خۆی تەرتیب کات.

تورکەن لەم سووکایەتییە تووشی ڕاڕایی دێت، ئەم ڕەفتارە لە حوکمڕانێکی سی و حەوت ساڵە ناوەشێتەوە کە سەرکردەی نیوەی دونیا دەکات، بەڵام مەلیکشاکەی هەر وایە و وازی لێ دێنێ بەترانیی خۆی مومارەسە بکات و بواری دەداتێ بۆ ئەوەی ڕەگی دەسەڵاتی خۆی بچەقێنێ. میر و ئەشرافان ڕوودەکەنە ئەو و پیاوە نزیکەکانی ئەو جێی پیاوە دڵسۆزەکانی نیزام دەگرنەوە. موافەقەتی سوڵتان لەنێوان پیاسەیەک یا مەستییەک وەردەگیرێت.

لە ١٨ سەرماوەرزی ساڵی ١٠٩٢دا مەلیکشا لە باکووری بەغدا، لەناو دەوەن و زەڵکاوەکاندا، خەریکی ڕاوە کەری کێوییە. لە دوانزە تیر، تەنها یەکێکی سەری کرد، یاوەرەکانی گۆرانی دەڵێن و بەباڵای سوڵتانا هەڵدەشاخن، کەسێکیان تیا نییە بۆ تیرهاوێشتن شان لە شانی ئەو بدەن. هەندە ڕێیان کرد، برسێتی تەنگی پێ هەڵچنی، ئیتر دەست بەجوێن و هەڕەشەکردن دەکات. خزمەتکارەکان بەهەڵپە لە دەوری کۆدەبنەوە. دە کەس دبەن کە خەریکی کەوڵکردنی ئاژەڵەکەن و لە شیشی دەدەن و هەندە نابات ئاژەڵە کێوییەکە لەسەر ئاگرە و لەناو ئەو مێرگە دەیبرژێنن. پارچە گۆشتی لە هەموو زلتر و چەورتر دەبەنە خزمەت سەردار و، ئەویش بەهەردوو دەست



دەیگرێ بەلەزەتەوە قەپاڵی لێ دەدات و لەگەڵ عارەقێکی زۆر تایبەت دەیخوات. جار ناجارێکیش، تورشیاتی بەسەرا دەخرمێنێ کە زۆر حەزی لێ دەکرد، چێشت لێنەرەکەی هەمیشە بەدواوەیەتی و یەکێ لە کەرەسەکانیش گۆزەیە تورشیاتە بۆ ئەوەی قەد لێی نەبڕێت.

هەر لە ناکاوێکدا، هەموو هەناوی دەتوزێتەوە. مەلیکشا لەبەر ژان دەنەڕێنێ و یاوەرەکانی هەڵدەلەرزن. بەتووڕەبوونەوە، بادەکەی دەستی توڕ هەڵدەدا و دەست بەهێڵنجدان دەکات، هەموو خواردنەکەی دەهێنێتەوە. لەبەر ئازار دەچەمێتەوە و دەڕشێتەوە و دەست بەوڕێنەکردن دەکات و دەبوورێتەوە. دەیان لە پیاوان و سەرباز و خزمەتکار بەدەوریا دێن و دەچن و لە ترسا هەموو ئەبڵەق بوون و بەگومانەوە سەیری یەکتر دەکەن. هەرگیزیش نازانرێ، چ دەستێ بوو زەهری هاوێشتە عارەقەکەیەوە. ڕەنگیشە کرابێتە سرکەی تورشیاتەکە. یا لە گۆشتی نێچیرەکەدا بووبێ؟ بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ حیساب کرا: سی و پێنج ڕۆژی ڕەبەق دوای کوژرانی نیزام ئەمە ڕووی دا. نیزام وتبووی «چل ڕۆژ نابات». تۆڵەکەران وریان.

تورکەن خاتوون لەنێو خێوەتی شاهەنشاییە و تەنها سەعاتێک لە درامەکەوە دوور بوو. سوڵتانی بۆ دەبەن، بێ ئاگا، بەڵام هێشتا زیندووە. هەوڵی ئەوە دەدات هەموو فزوولییەکانی ئەو دەوروبەرە دەرکات، تەنها خۆی و جیهان و سێ لە پیاوە دڵسۆزەکانی دەمێننەوە، هەروەها پزیشکێکی بیلات کە دەستی مەلیکشای بەدەستەوەیە.

ژنە چینییەکە دەڵێ:

– گەورەی خۆم دەتوانێ هەڵسێ؟

– ترپەترپی دەمار کزتر دەبێ، خودا فووی لە مۆمەکە کرد، وا پرتەپرت دەکات و خەریکە بەیەکجاری دەکوژێتەوە؛ تەنها دوعاکردنمان لە دەست دەمێنێ.

– ئەگەر ئەمە بێت ئیرادەی خوای گەورە، دە گوێ بگرن بزانن چی دەڵێم. ئەمە نەبرەی تازە بێوەژنێک نەبوو، بەڵکو هی خانمی مەملەکەت بوو.

– تەنها هەر ئەوانەی کە وا لەژێر ئەم خێوەتەن دەبێ ئەوە بزانن کە

سوڵتان لە ناومان نییە. هەموو ئەوە دووبارە بکەنەوە کە وردە وردە چاک دەبێتەوە و پێویستی بەئیسراحەت هەیە و کەسیش ناتوانێ ئێستا چاوی پێ بکەوێ.

چ مەلحەمەیەکی خوێناوی و کورتخایەن بوو، ئەوەی تورکەن خاتوون. پێش ئەوەی دڵی مەلیکشا بەیەکجارەکی لە لێدان بکەوێت، ئەمری کرد و ئەو چەند کەسە دڵسۆزەی دەوروپشتی کە بەیعەت بدەنە سوڵتان مەحموود کە ئەوکات تەمەنی هەر چوار ساڵ و نیوێک دەبوو. پاشان پەیامێکی بۆ خەلیفە نارد و مردنی مێردەکەی پێ ڕاگەیاند و داوای ئەوەی لێ کرد کە هەڵبژاردنی کوڕەکەی تەسدیق کات و نابێ بەهیچ جۆرێ دڵی ئەمیری موئمینین لە پایتەخت غایەلە بکات و ناوی لە هەموو خوتبەیەکدا بەرز دەکرێتەوە و ستایشی بۆ دەکرێت.

کاتێک دامودەستەی ژنە سوڵتان بەڕێوەیە بەرەو ئیسفەهان، مەلیکشا چەند ڕۆژێک دەبێ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ژنە چینییەکە هەواڵەکە لە لەشکر دەشارێتەوە. تەرمەکە لەسەر گالێسکەیەکە و شەش ئەسپ ڕایدەکێشێ و ڕەشماڵێکیشی بەسەرا دراوە. بەڵام ژیانی هاوسەریی هەتاهەتایی نییە، ئەگەر بێت و جەستەیەک بۆنخۆش نەکرێت ناتوانێ لەنێو ئەو زیندەوەرانە درێژە بەبوونی خۆی بدات بەبێ ئەوەی تێک نەچێ و بۆگەن نەبێت. تورکەن ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ و ویستی لە تەرمەکەی خۆ ڕزگارکەن. ئا بەم جۆرە مەلیکشا، «سوڵتانی خۆشەویست و شاهنشاهی مەزن، پادشاهیی ڕۆژئاوا و کۆڵەگەی ئیسلام و موسڵمانان و شانازی پێوەکەری دونیا و باوکی هەموو غەزووەکان و پاڵپشتی خودا و خەلیفە» بەشەو ناشترا، بەدزییەوە، لە قەراغ ڕێگایەک، ئیتر کەسێک نەیتوانی گڵکۆکەی بدۆزێتەوە. «هەروەکو مێژوونووسان دەبێژن، هەرگیز نەبیستراوە کە سەردارێکی هەندە بەتوانا و دەسەڵات بمرێت و کەسێکیش نەبێت لەسەر تەرمەکەی بگریێ و دوعایەکی لەسەر بخوێنێ.»

هەندەی نەبرد نەمانی سوڵتان ئاشکرابوو، بەڵام تورکەن بەچاکی خۆی ڕوون کردەوە: غەمی یەکەمی ئەوەبوو کە هەواڵەکە لە دوژمنەکانی بشارێتەوە، لە کاتێکدا کە لەشکر و دامودەستە لە پایتەختەوە دووربوون.



لە واقیعدا، ژنە چینییەکە پێویستی بەهەندە کات هەبوو بۆ ئەوەی کوڕەکەی خۆی لەسەر تەخت جێگیر کات و خۆی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست.

مێژوونووسانی ئەو دەمە بەهەڵەیا نەچووبوون. لەجیاتی ئەوەی باسی لەشکری مەملەکەت بکەن، باسی «لەشکرەکانی تورکەن خاتوون»یان دەکرد. بۆ ئەوەی باسی ئیسفەهانیش بکەن، دەیان وت پایتەختی خاتوون. کاتێکیش بهاتایە سەر سوڵتانە - منداڵەکە، ئەوە هەر بەتەواوی فەرامۆش دەکرا و دەیان وت «فەرزەندەکەی ژنە چینییەکە».

بەڵام بەرامبەر بەژنە سوڵتان، ئەفسەرەکانی نیزامییە قوت دەبوونەوە. لەسەر لیستەکەیان، تورکەن خاتوون دووەم ناو بوو، هەر دوا بەدوای مەلیکشاهەوە دەهات. کوڕە گەورەکەی نیزامیش، بارکیارووک کە تەمەنی یانزە ساڵ دەبوو، لایەنگیریی خۆیانانی بۆ ئاشکرا دەکەن. بەدەوریا دەهاتن و دەچوون و ئامۆژگاری دەکرد و بۆ خەباتیش ئامادەیان دەکرد. یەکەم ململانێی بەقازانجی ئەوان کۆتایی هات، ژنە سوڵتان دەبێ لە شاری ئیسفەهان کرۆشکە بدات و هەندەش نابات شارەکە لە چوارلاوە گەمارۆ دەدرێت. بەڵام تورکەن لەو ژنانە نییە کە خۆی بەبەزیو بزانێ، بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆشی بکات ئامادەیە کە پەنابەرێتە بەر فێڵ و داو کە پاشان دەنگ دەدەنەوە.

بۆ نموونە نامەیەکی زۆر بۆ والی گەلێ ناوچە دەنێرێت کە بەم شێوەیە دەستی پێ دەکرد: «من بێوەژنم، منداڵێکی بچووکم لەسەر شانە و، پێویستی بەباوکێکە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێبەری هەنگاوەکانی، بۆ ئەوەی مەملەکەت بەناوی خۆیەوە بەڕێوەبەرێت. کێ هەیە زیاتر لە تۆ بتوانێ ئەم ڕۆڵە ببینێ؟ بەخێراترین کات بەخۆت و لەشکرەکەتەوە وەرە، ئیسفەهان پاک بکەرەوە و سەرکەوتووانەش دێیتە ژوورەوە و ئینجا شووت پێدەکەم و هەموو دەسەڵاتیش دەکەوێتە ژێر دەستی تۆوە». پیلانەکە بەجێیە، میرەکان بەهەڵپە هەر لە ئازربایجان و شامەوە دەچن؛ خۆ ئەگەریش نەتوانن شارەکە ڕزگار بکەن، ئەوە بۆ چەند مانگێک پشوو دەدەنە خاتوون.

تورکەن پەیوەندی لەگەڵ حەسەن سەباحیش دەبەستێ. «پەیمانی ئەوەم نەدایتێ کە سەری نیزامولمولکت پێشکەش دەکەم؟ ئیمڕۆ هەر هەموو پایتەختەکەم پێشکەشی تۆ بێت، هەر هەموو ئیسفەهانت دەدەمێ. دەزانم پیاوێکی زۆرت هەیە لەم شارە دەژین، باشە بۆچی بەدزییەوە ئیش دەکەن؟ پێیان بڵێ با خۆیان ئاشکراکەن، زێڕ و چەک و تفاقیان دەدەمێ، با بەئاشکرا وەعز و ئیرشادی خۆیان بکەن.» لە ڕاستیدا، دوای چەندین ساڵی داپڵۆسین، سەدان ئیسماعیلیی خۆیان ئاشکرا دەکەن. زۆر کەس خۆیان وەردەگێڕنە سەر مەزەبەکەیان. لە چەند گەڕەکێکیشدا، لەسەر حیسابی ژنە سوڵتان، میلیشیای خۆیان پێک دەهێنن.

بەڵام، دوا تەڵەکەی تورکەن خاتوون ڕەنگبێ هەر لە هەمووی زیاتر بلیمەتیی پێوە دیاربێ و لە هەمووشی بەجورئەتتر بێت، ئەمەبوو: ڕۆژێکیان چەند میرێکی دامودەستەکەی دەچنە لای بارکیارووکی و پێی دەڵێن کە ئیتر دەسبەرداری خاتوون دەبن و لەشکرەکەیان ئامادەی ئەوەن کە یاخی ببن و ئەگەر ئامادەی ئەوەی هەبێت لەگەڵیانا بچێت و موفاجەئە بچنە شارەوە و ئەوکات ئیشارەت دەدەنە لەشکر کە یاخیبوون بەرپا بکەن: ئەو کات تورکەن و کوڕەکەی دەکوژرێت و ئەویش بەڕای گشتی لەسەر تەخت دادەنرێت. لە ساڵی ١٠٩٤ داین، بارکیارووک سیانزە ساڵێک دەبێت و ئەم پێشنیارەش ختووکەی دەدا. گرتنی شارێک هەر وا بەسەڵتی، لە کاتێکدا میرەکان ئەوا ساڵێک دەبێ کە شاریان گەمارۆ داوە و بەبێ ئەوەی بتوانن بچنە شارەوە! بەهیچ جۆرێک دوودڵیی پیشان نادات. شەوی داهاتوو، بەبێ ئاگاداری دامودەستەکەی، خۆی لە خێوەتەکەی دەدزێتەوە، لەگەڵ تەتەرەکانی تورکەن دەچنە بەر دەرگای کاهاب، هەروەکو سیحری لێ کرابێت، دەرگا لە خۆڕا دەکرێتەوە. ئا ئەوەتا، بەهەنگاوی پتەو ڕەوت دەکات و بەپاسەوانی بەکەیف و زەوق دەور دراوە، واش دەزانێ ئەم کەیف و زەوقە پەیوەندی بەسەرکەوتنەکەی ئەوەوە هەیە. کاتێکیش پیاوان بەدەنگی بەرز پێدەکەنن، ئەوە فرمانیان دەداتێ کە بێدەنگ بن و ئەوانیش قڕوقەپ لێی بێدەنگ دەبن، بەڵام هەندە نابات دەدەنەوە قاقای پێکەنین.

مەخابن! کاتێکیش بەوە دەزانێ کە ئەم کەیف و سەفایە هەروا بەخۆڕایی



نەکراوە و کاریش لەکارترازاوە، دەیگرن و دەست و پێی دەبەستنەوە و دەمی دەگرن و چاوبەستی دەکەن و بۆ ئەوە لەگەڵ ئەو قافڵە قۆشمەچییانە بیبەنە بەر دەرگای حەرەمەکە. سەرۆکی خەسێنراوان هاتەوە ئاگا، بەڕاکردن چوو تورکەن ئاگادارکاتەوە. دەبێ تورکەن بڕیار بدات چی لە نەیاری کوڕەکەی بکرێت، بخنکێنرێت، چاوی دەربهێنرێت. خەسێنراوەکە لەناو داڵانە نیمچە تاریکەکە دایە، ئەو ئەفسەرانەی کە بۆیان نەبوو پەی بەرنە ناوچەی قەدەغەکراو، تووشی پیرەژنێکی خزمەتکار دێن و دەڵێ: هەندە نییە ئەوە کەشف کرا کە تورکەن خاتوون لەسەر ڕایەخەکەی کوژراوە و بالیفێکی زلیان خستۆتە سەر دەمی و بالیفەکەش لە گۆڕێ فڕێ دراوە. خەسێنراوێکی بازوو ئەستووریش خۆی دەربازکرد؛ خزمەتکارەکە ئەوەی دێتەوە یاد کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بەفرمانی نیزامولمولک هاتبووە حەرەمەوە.

**XXI**

لایەنگیرانی تورکەن لە دوو فاقەیەکی نامۆ دان: خاتوونەکەیان کوژرا، بەڵام سەرۆکی نەیارەکەیان قۆڵبەست کردووە و لەژێر بەزەیی ئەوان دایە و پایتەختەکەیان گەمارۆ دراوە، ئەو کەسەی کە گەمارۆشی داوە زیندانی ئەوانە. چی لێ بکرێت؟ جیهانیش جێگای تورکەنی گرتەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری سوڵتانە منداڵەکە بکات و هەموو مەسەلەکەش دەچێتە پێش ئەو بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدات. تاکو ئەم لەحزەیەش جیهان خاوەن زیهنێکی خەلاق بوو، بەڵام مردنی خاتوون وەک ئەوە وابوو کە زەمین لەژێر پێیدا تووشی بوومەلەرزە هاتبێ. ڕووبکەنە کوێ و ئامۆژگاری لە کێ وەربگرن، لە عومەر زیاتر!

کاتێکیش عومەر دێت، جیهان لە ساڵۆنەکەی تورکەن دانیشتووە، لە دامێنی پەردە قرمزییەکە، سەری شۆڕ کردۆتە خوارەوە، قژی ئاڵۆزکاو و شانە نەکراو کە بەسەر شانیا هاتۆتە خوارێ. سوڵتانەکەش لە تەنیشتی ئەو دانیشتووە، ئاوریشمی لەبەرە و عەمامەیەکیشی لەسەرە. ڕەق لەسەر بالیفەکەی دانیشتووە؛ دەموچاو سوور و قنچکی دەرکردووە، چاوی نیمچەکراوە و پێدەچێ وەڕس بووبێت.

عومەر لە جیهان نزیک دەبێتەوە. بەهێواشی دەستی گرت و ناولەپی ساوییە دەموچاوی. بەچرپەش پێی وت:

– پێیان ڕاگەیاندم کە تورکەن خاتوون. باشت کرد بانگت کردم بۆ ئەوەی بێمە لات.

لەکاتێکدا نەوازش لەگەڵ قژی دەکات، جیهان دەستی لا دەدات.

– بانگم نەکردی بۆ ئەوەی دڵم بدەیتەوە. بەڵکو دڵی مەسەلەیەکی گرینگ بدەیتەوە.

عومەر هەنگاوێک دەکشێتە دواوە قۆڵ لەسەر قۆڵ و گوێ دەگرێت.

– بارکیارووک کەوتۆتە تەڵەوە، لە کۆشکدا زیندانە، دامودەستەش دوو ڕێیان لە پێش دایە. هەندێک دەڵێن دەبێ بکوژرێت، بەتایبەت ئەوانەی



کە تەڵەکەیان بۆ ناوەتەوە، دەیانەوێ لەوە دڵنیابن کە نەچنە پێشی بۆ ئەوە دان بەکارەکەیان بهێنن. هەندێکی تریش دەیانەوێ لە گەڵی بگەنە چارەسەرێک و بیگەیەننە سەرتەخت و خاوی بکەنەوە و بەڵکو هەموو ئەم بەسەرهات و شکستییەی لەیاد دەچێت. هەندێکی دیکەش هەن، ئەوان دەیانەوێ بەبارمتە بیهێڵنەوە و بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانەی کە شاریان گەمارۆ داوە دانووساندنی پێ بکەن. ڕای تۆ چییە و چ ئامۆژگارییەکمان دەکەی؟

– توخوا هەر بۆ ئەمە بانگت کردم و لە کتێبەکانت جیاکردمەوە؟

جیهان هەڵدەستێ و بەتووڕەبییەوە:

– پێدەچێ ئەم کێشەیە گەلێ گرینگ نەبێت بەلاتەوە؟ بەڵام ژیانی منی پێوەبەندە. چارەنووسی هەزاران کەسیشی پێوە گرێ دراوە، چارەنووسی شار و چارەنووسی مەملەکەت بەندە ئا بەم کێشەیەوە. تۆش، عومەر خەیام، ناتەوێ بۆ ساتێکیش چییە ئیزعاج کرێی!

– بەڵێ ڕاستە، نامەوێ، بۆ ساتێکیش چییە ئیزعاج کرێم!

ویستی بەرەو دەرگاکە وەرچەرخێ و پێش ئەوەی بیکاتەوە، گەڕایەوە لای جیهان:

– هەمیشە هەر دوای تاوان بانگ دەکرێم. دەتەوێ ئێستاکە چی بەهاوڕێکانت بڵێم؟ ئەگەر ئامۆژگاری ئەوەیان بکەم کە هەرزەکارەکە بەرەڵاکەن، چۆن گەرانتی ئەوەیان بدەمێ کە سبەینێ تۆڵەی خۆی لێیان ناکاتەوە و سەریان ناپەڕێنێ؟ ئەگەریش بڵێم، بەزیندان لای خۆتان ڕایگرن و وەکو بارمتە بەکاری بهێنن، یا ئەوەتا بیکوژن، ئەوە خۆ دەبمە شەریکی ئەوان. توخوا جیهان، لەم هەموو کێشەیە وازم لێ بهێنە، تۆش خۆت لەم کێشەیە دوورخەرەوە.

بەمیهرەبانییەوە قەدەرێک تێی ڕادەمینێ:

– زارۆڵەیەکی سوڵتان جێگای زارۆڵەیەکی دیکە دەگرێتەوە، وەزیرێک وەزیرێکی دیکە ڕاو دەنێ، توخوا جیهان، چۆن دەتوانی جوانترین تەمەنی خۆت لەنێو ئەم کولانەی دڕندانە بەریتە سەر؟ وازیان لێ بهێنە با سەری

یەکتری لێ کەنەوە. ئایا بەمە هەتاو ڕووناکی کەمتر دەبێت و شەرابیش تامی تاڵتر دەبێ؟

– دەنگت نزم کەوە، عومەر، زەندەقی منداڵەکە دەبەیت. لە ژوورەکانی تەنیشتیشەوە گوێ قوڵاغ دەکەن.

عومەر بەورکەوە:

– ئەی بانگت نەکردووم بۆ ئەوەی گوێ لە ئامۆژگارییەکانم بگری؟ باشە، هەر ئێستا بەبێ پێچوپەنا پێت دەڵێم: ئەم ساڵۆنە جێ بهێڵە، لەم کۆشکە دەرچۆ دەرەوە و سەیری دواوەی خۆت مەکە، مەشڵێ ماڵئاوا، بوخچەکانت مەپێچەوە، دەستت بدەرە دەستم و با بگەڕێینەوە ماڵی خۆمان، تۆ شیعر بهۆنەوە و منیش سەرنجی ئەستێرەکان دەدەم. هەموو ئێوارەیەکیش وەرە و بەڕووتی خۆ بساوە لەشی منەوە و شەرابی میسکداریش گۆرانیمان بۆ دەچڕێ و دونیا لەبەردەممان دەسڕێتەوە و بەبێ ئەوەی بیبینین بەناویا تێدەپەڕین، بەبێ ئەوەی گوێمان لێی بێت، نەخوێنی دونیا نەقوڕی دونیا بەپاژنەکانمانەوە نالکێ.

جیهان چاوانی لێڵ هەڵدەگەڕێن.

– ئەگەر بمتوانیایە بگەڕێمەوە نێو ئەو جیهانە پڕ بەرائەتە، بڕوا دەکەی دوودڵیم دەنواند؟ بەڵام زۆر درەنگە و گەلێک لەنێو ئەم ژیانە ماومەتەوە. ئەگەر سبەینێ پیاوانی نیزامولمولک شاری ئیسفەهان بگرن، ناوی من لەسەر لیستەکەیان ڕەش ناکەنەوە، لەمەیان گومانم نییە.

– من چاکترین هاوڕێی نیزام بووم، دەتپارێزم، ناتوانن بێنە ماڵی من و ژنەکەم بڕفێنن.

– عومەر چاوت بکەرەوە، تۆ نایناسیت، ئەوانە تەنها هەر بیر لە تۆڵە دەکەنەوە. هەر دوێنێ بوو ڕەخنەی ئەوەیان لێ دەگرتی کە تۆ حەسەن سەباحت قوتارکرد؛ سبەینێش، ڕەخنەی ئەوەت لێ دەگرن کە جیهانت شاردۆتەوە و، ئەوە من و تۆ پێکڕا دەکوژن.

– باشە، قەیناکە، خۆ بەیەکەوە دەبین، لە ماڵی خۆمان دەبین و خۆ ئەگەریش قەدەری من ئەوە بێت کە لەگەڵ تۆ بمرم قەیناکە گوێی نادەمێ.



جیهان هەڵدەستێتە سەرپێ.

– بۆ من قەی دەکا! من وا لەناو ئەم کۆشکەم، بەلەشکر دەور دراوم، لە شاری خۆم دەژیم، لە ئێستاش بەدواوە شار شاری خۆمە، ئامادەم تا دوا تنووک خوێنم خەباتی بۆ بکەم و ئەگەریش مردم، ئەوە وەکو شاژنێک دەمرم.

– باشە دەزانی شاژنان چۆن دەمرن؟ زەهرخواردوو دەکرێن، دەخنکێندرێن! یا لە خەوتندا! لە سیمای دەرەکیدا، ناتوانین خۆ لە کەساسیی ئینسان بدزینەوە.

بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی سەیری یەکتر دەکەن. جیهان نزیک دەبێتەوە، ماچی ئاگرین لەسەر لێوەکانی عومەر بەجێ دەهێڵێ و بۆ ماوەیەک لە ئامێزیی ئۆقرە دەگرێت. بەڵام عومەر خۆی ڕادەپسکێنێ، ئەم ماڵئاواییە لە سەرووی تەحەمولی ئەوەوەیە.

عومەر بۆ دواجار تکای لێ دەکات:

– ئەگەر کەمترین بەها و نرخ بۆ عیشقەکەمان دادەنێی، وەرە لە گەڵم، جیهان، سفرە لە هەیوان ڕازاندراوەتەوە، کزرە بایەکیش لە گردە زەردەوە دێت، دوو سەعاتی دیکە هەر دووک مەستین و پاشان دەچین لێی دەنووین. بەخزمەتکارەکانیش دەڵێم تاکو ئیسفەهان سەرۆکی خۆی هەڵدەبژێرێ، با ئاگادارمان نەکەنەوە.

## XXII

لەو ئێوارەیەدا، بای ئیسفەهان بۆنوبەرامی کەسکی زەردەلوو دەهێنێ. بەڵام ئای کە خەیابانەکان خامۆشن! خەیام دەیەوێ خۆی لە ڕوانگاکە داڵدە بدات. عادەتەن، هەر هەندە بەسە بچێتە ژوورەوە و چاو بەئاسمانا گڕ بدات و پەنجە لەسەر کاسە پلەییەکانی چاوێلکە ئاسمانییەکەی دانێت، بۆ ئەوەی هەموو غەمەکانی بەبادا بدات. بەڵام ئەمجارەیان نا. ئەستێرەکان بێدەنگن، مۆسیقایەک بەرز نابێتەوە، چرپەیەک هەڵناسێ، نهێنییەک نادرکێنرێت. عومەر نایەوێ ماندوو و جاڕسیان بکات، دەبێ بۆ ئەم بێدەنگییە هۆی تایبەتییان هەبێت. ناچار دەگەڕێتەوە بەرەو ماڵ لەسەرخۆ هەنگاو دەنێ، زەلێکی بەدەستەوەیە کە هەندێ جار ڕایدەوەشێنێ، بەسەر تۆپەڵە گیای چڕبووەوە یا چڵەدارێکی یاخیبوو.

ئێستاش وا لەسەر ڕایەخەکەی پاڵکەوتووە، چرا کوژاوەتەوە؛ بازووی بەدەوری جیهانێکی خەیاڵی دەگوشێ، چاوانی لەبەر ئەسرین و شەراب سوور هەڵگەڕاون. لەلای دەستی چەپی، شەربەیەک و پەرداخێکی مسین کە جارناجارێ بەدەستێکی ماندوو پڕی شەراب دەکات و غەرقی ڕامان و شکست، ملی پێوە دەنێ. لێوەکانی لەگەڵیدا هاتوونەتە دوو، لەگەڵ جیهان، لەگەڵ نیزام. بەتایبەتی لەگەڵ خودا. لەو زیاتر کێ هەبێت بتوانێ ئەم گەردوون لە یەکترازاوە جارێکی دیکە پێکەوە گرێ داتەوە؟

بەرەبەیان، ماندوو، سەر قورس، ئینجا عومەر دەتوانێ چاو بنێتە خەو. چەند سەعات خەو چووە چاوی؟ دەنگی پێی ڕێبوارێ لە خەو هەڵی دەستێنێ، هەتاو بەرزە و تیشکەکەی لە درزی پەردەکەوە دێتە ژوورێ و بەبازوو چاوی لەو ڕووناکییە دەپارێزێ. لەنێو چوارچێوەکەی دەرگاکەوە ئەو کەسە دەبینێ کە بەو غەڵبەغەڵبەوە هەڵیساند. پیاوێکی زل، جووتێ سمێڵ. بەپەلاپیتکە و بەبزووتنەوەیەکی دایکانە لە دەسکی شمشێرەکەی دەدات. مێزەرێکی سەوزی توند بەستراوی لەسەرە، دەچرووسکێتەوە. بەسەر شانیشیا عەبایەکی مەخمەلی کورتی شۆڕ کردووەتەوە و وەکو ئەفسەرەکانی نیزامییە.



خەیام بەباوێشکێکەوە پرسیاری لێ دەکات:

– ئەوە کێیە؟ کێش بواری دایتێ وا خەوم لێ تێکدەی؟

– باشە گەورەم قەد منی لەگەڵ نیزامولمولک نەبینیوە؟ پاسەوانی شەخسی ئەو بووم، وەکو سێبەری وا بووم. بەڤارتانی ئەرمەنی بانگیان دەکردم.

هاتەوە یادی عومەر، بەڵام ئەمەش قەد کافی نییە بۆ دڵنیاییەکی تەواو. هەست دەکات بەنێک قورگی بەهەموو هەناوییەوە گرێ داوە. ئەگەر ترسیشی لەسەر نیشتبێ ئەوە نایەوێ بەهیچ جۆرێک پێیەوە دیاربێت.

– دەڵێی، پاسەوان و سێبەری شەخشی خۆی؟ کەواتە تۆ دەبوو پارێزگاری لێ بکەی کە دەستی ئەو پیاوکوژەی پێ نەگات؟

– فرمانی دابوومێ خۆم دوورەپەرێز ڕاگرم. هەموو دەزانن کە مردنێکی وای دەویست. دەمتوانی پیاوکوژەکە بکوژم، بەڵام یەکێکی دیکەمان لێ قوت دەبووەوە. من چیم تاکو بتوانم ببمە ناوبژیکەری نێوان ئەو و چارەنووس؟

– ئەی باشە چیت لێم دەوێ؟

– دوێنێ شەو، لەشکرەکانمان توانییان بچنە شاری ئیسفەهانەوە. پاسەوانەکان هاتنە ڕیزمانەوە. سوڵتان بارکیارووکیش ڕزگار کرا. ئیتر لە ئیمڕۆ بەدواوە ئەو خاوەنی شارەکەیە.

خەیام هەڵسابووە سەرپێ.

– جیهان!

هاوار و پرسیارێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ. ڤارتان هیچ ناڵێ. سیمای ڕاڕای هاوتەبا نییە لەگەڵ هەیبەتە جەنگاوەرییەکەی. عومەر هەست دەکات کە لە چاوانییەوە ئیعترافێکی ناقۆڵا دەخوێنێتەوە. ئەفسەرەکە دەست بەفسکەفسک دەکات:

– ویستم ڕزگاری بکەم، چەندیش شانازیم بەخۆوە دەکرد ئەگەر بهاتبایە خێزانەکەتم بەدەستی خۆم بهێنایەتە خزمەتی جەنابت! بەڵام درەنگ فریاکەوتم. هەموو ئەوانەی کە لە کۆشک بوون، هەموو بەدەستی

سەربازەکان کوژران.

عومەر بەرەو ئەفسەرەکە چوو، بەهەموو هێزی مەچەکی گرت، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێ بای بدات.

– تەنها بۆ ئەوە هاتووی ئەمەم پێ بڵێی!

ئەوی دیکە هەمیشە دەستی لەسەر دەسکی شمشێرەکەیەتی. بەڵام شمشێرەکەی ڕانەکێشا. بەدەنگێکی ڕەتیب قسە دەکات.

– بۆ گەلێ شتی دیکەش هاتووم. ئەفسەرەکانی نیزامییە بڕیاریان دا دەبێ تۆش بمریت. وەکو دەوترێت، کاتێک شێرێک بریندار دەکرێت، کوشتنی چاکترە. منیان ناردووە بۆ ئەوەی بتکوژم.

لەپڕێکدا خەیام هێمن دەبێتەوە. لە دواهەناسەدا پێویستە دڵ بڵند خۆت نیشان بدەیت. چەندین حەکیم ژیانی خۆیان لەوەدا خەرج کرد بۆ ئەوەی بگەنە ترۆپکی هەلومەرجی ئینسانییەت! بەرگری لە ژیانی خۆی ناکات. بەڵکو زۆر بەپێچەوانەوە، لە هەر لەحزەیەکدا، هەست بەڕەوینەوەی ترس دەکات، زیاتر بیر لە جیهان دەکاتەوە، گومانیش لەوە ناکات کە ئەویش دڵ بڵندانە خۆی نواندووە.

– هەرگیز لەوانە خۆش نابم کە ژنەکەمیان کوشتووە، تا ماوم بەدوژمنیان دەزانم، لە هەموو ژیانیشمدا خەون بەوەوە دەبینم کە ڕۆژێک ئەوانیش تێی بچن! زۆر لەسەر هەقی ئەگەر بتەوێ لەناوم بەریت!

– گەورەم، ئەمە بڕیاری من نییە. پێنج ئەفسەر بووین بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە دەرکەین، ئەوان، هەر چوار ئەفسەرەکەی دیکە ڕایان وابوو بکوژرێیت، تەنها من لەگەڵ ئەم ڕایەدا نەبووم و بەرپەرچم دانەوە!

– بەهەڵەدا چوویتە! هاوڕێیەکانت ژیرترن.

– گەلێ جار تۆم لەگەڵ نیزامولمولکدا بینیوە، وەکو باوک و کوڕ قسەتان پێکەوە دەکرد، سەرەڕای ڕەفتاری خێزانەکەت، بەردەوام هەر خۆشتی دەویست. ئەگەریش ئێستا لەناومان بوایە، ئەوە تاوانبار نەدەکرای. لەبەر خاتری تۆ لە جیهانیش خۆش دەبوو.

خەیام لە ڕوخساری ئەفسەرەکە ورد دەبێتەوە و هەروەکو تازە بەتازە



هەست بەوجوودی بکات.

– باشە ئەگەر تۆ ڕات لەسەر کوشتنی من نەدەبوو، ئەی باشە بۆچی ناردووتیانە بۆ ئەوەی بمکوژیت؟

– من خۆم هەڵبژارد. چونکە ئەوانی دیکە دەیانکوشتی. من نیازم وایە دەستت لێ نەدەم. ئەگینا وا نەدەکەوتمە گفتوگۆوە لەگەڵت؟

– باشە کە گەڕایتەوە چ بەهاوڕێیەکانت دەڵێی؟

– باسی هیچ شتێکیان بۆ ناکەم. بەجێیان دەهێڵم. هەنگاوەکانم دوای هەنگاوەکانت دەکەون.

– وا بەهێمنییەوە دەیڵێی وەک بڵێی دەمێکە ئەم بڕیارەت دابێ.

– ڕاستە، لە هەقیقەتیشدا وایە. هەر وا لەپڕێکدا ئەم فیکرەیەم بەمێشکدا نەهات. من لە یەکێ لە خزمەتکارە هەرە دڵسۆزەکانی نیزامولمولک بووم، بڕوام هەبوو ئەگەر خودا ئارەزووی لێ بوایە، ئەوا ئێستا لە پێناوی ئەودا لەژێر گڵ دەبووم. ماوەیەکی گەلێ زۆریشە بڕیاری ئەوەم دابوو کە ئەگەر ڕۆژێکیان نیزامولمولکی گەورەم لەناوبچێت، ئەوە ئیتر نە خزمەتی کوڕی دەکەم نە خزمەتی جێگرەکەی، ئەم شمشێرەش فڕێ دەدەم و شمشێر هەڵگرتن نەبێتە پیشەی من. بارودۆخی کوشتنەکەی ناچارم دەکات کە بۆ دواجار لە خزمەتی دابم، کوشتنی مەلیکشا دڵڕەقی کردم، پەشیمان نیم: خیانەتی لە باوکی کرد، خیانەتی لەو کەسە کرد کە بەخێوی کردبوو و گەیاندییە لوتکە؛ کەواتە موستەحەقی ئەوەبوو بمرێت. پێویستی دەکرد کە بیکوژم، بەڵام ئەم کارە نامکاتە پیاوکوژ. قەد مومکین نییە ژنێک بکوژم. کاتێکیش هەڤاڵەکانم خەیامیان بۆ دیاری کردم بۆ ئەوەی بیکوژم، ئیتر لەوە تێگەیشتم کە کاتی ئەوە هاتووە کە ئێرە جێبهێڵم، ژیانم بگۆڕم، یا ئەوەتا تەرکی دونیا بکەم، یا ئەوەتا ببمە شایەرێکی عەوداڵ. ئەگەر دەتەوێ گەورەم، هەندێ لە کەلوپەلەکانت گرد بکەرەوە و با بەزووترین کات ئەم شارە جێبهێڵین.

– باشە بۆ کوێ بڕۆین؟

– بۆ هەر کوێیەک دەتەوێ، من دوات دەکەوم و دەبمە موریدی تۆ و ئەم

شمشێرەش پارێزگاریت لێ دەکات. با ئەم پاشاگەردانییە کۆتایی بێت ئینجا دەگەڕێینەوە.

لەو کاتەی کە ئەفسەرەکە خەریکی ئامادەکردنی وڵاغەکان بوو، عومەر بەپەلە، کەشکۆڵ و کەرەسەی نووسین و مەتارەیەک و کیسەیەکی لێواولێوی زێڕی ئامادە کرد. بەلێرەواری مێرگەکانی ئیسفەهاندا تێدەپەڕن، تا دەگەنە شارۆچکەی ماربین، بەدەستی ڕۆژئاواوە، سەرەڕای ئەوەی سەربازێکی زۆریش لەو ناوەبوو، کەس دەخلی نەکردن. تەنها وشەیەکی ڤارتان بەس بوو بۆ ئەوەی دەرگاکان بکرێنەوە و پاسەوانەکانیش بەڕێزەوە خۆیان لابدەن. ئەم موجامەلەکردنە غایەلە دەخاتە دڵی عومەرەوە، بەڵام نایەوێ لەم ڕووەوە پرسیار لە یاوەرەکەی بکات. تاکو ئێستا ئەوەی لە دەستی عومەر دێت، تەنها ئەوەیە کە سیقەی پێ بکات و بەس.

تەنها هەر سەعاتێک دەبێت و نابێت کە بەڕێگەوەن، ڕەشەخەڵکێکی زۆر ڕژانەماڵی عومەر و هەموویان تاڵان کرد و ئاگریشیان لە خانووەکەی بەردا. دوای نیوەڕۆ، ڕوانگاکە تێکومەکان درا. هەر لە هەمان کاتیشدا، تەرمە خامۆشەکەی جیهانیش لە قەراغ شوورای باخچەکەش ناشترا.

هیچ کێلێکیش بۆ مێژوو ئەوەی دەسنیشان نەکرد کە گڵکۆکەی جیهان لە کوێ بوو.

ئەمە قسەیەکی نەستەقە کە کەشکۆڵەکەی سەمەرقەند بۆمانی دەگێڕێتەوە:

«سێ هاوڕێ لەسەر دەشتاییە بەرزەکانی وڵاتی فارس پیاسەیەکیان دەکرد. پڵینگێکیان بەرەو ڕوو دێت، تاکو خەیاڵ بۆی بچێت دڕندە بوو.

بۆ ماوەیەکی درێژ، پڵنگەکە لەو سێ پیاوە ورد دەبێتەوە و پاشان بەرەو ڕوویان غار دەدات.

یەکەمیان لە هەموویان بەتەمەنتر دەبێ، لە هەموویان دەوڵەمەندتر و لە هەمووشیان بەتواناتر دەبێ. هاوار دەکا: «من گەورەی ئەم شوێنەم، هەرگیز بوار نادەمە ئاژەڵێک ئەو خاکە تێکوپێک بدات.» دوو تانجی پێ بوو، بەرەلای دەکاتە سەر پڵنگەکە، توانیان گازی لێ بگرن، بەڵام هەندەی تر



هاربوو، تێیان بەربوو و پاشانیش خۆی فڕێ دایە سەر خاوەنەکە و هەلاهەلای کرد.

ئا ئەمەبوو چارەنووسی نیزامولمولک.

دووەمیان دەڵێ: «من زانام، هەموو کەسێک ڕێزم لێ دەگرێ، بۆچی چارەنووسی من بکەوێتە نێوان پڵنگ و تانجیانەوە؟ پشتی لێکردن و هەڵات و چاوەڕێی ئەم ململانێیەی نەکرد. ئا لەو کاتەوە، لەم ئەشکەوتەوە بۆ ئەو ئەشکەوت و لەو کەلاوەوە بۆ ئەو کەلاوەیە، هەستیشی دەکرد کە ئەو پڵنگە وا لەناو خەرجەکەی دایە.

ئا ئەمە بوو چارەنووسی عومەر خەیام.

سێیەمیان پیاوێکی ئیماندار دەبێ. بەناو لەپ کراوەیی، بەرەو ڕووی پڵنگەکە دەچێت، بەدەسەڵاتەوە سەیری دەکات و بەزمانێکی پاراویشەوە پێی دەڵێ»: بەخێر بێیتە ئەم خاکە. هاوڕێیەکانم لە من دەوڵەمەندتر بوون، تۆ ڕووتت کردنەوە، شانازییان بەخۆوە دەکرد، تۆ ملکەچیانت کرد.» ئاژەڵەکە گوێڕایەڵ، ئیغرا بوو و دەستەمۆکرا. بەسەریا زاڵ بوو و توانیشی کەویی بکات. لەو ڕۆژەوە، پڵنگ چییە توانای ئەوەی نییە خۆی لێ نزیک بکاتەوە و، پیاوانیش خۆیان لێی دوور دەگرن.»

کەشکۆڵەکە ئەوها کۆتایی پێ دەهێنێ: «کاتێکیش زەمان، زەمانی شۆڕش و ئینقلاباتە، کەس ناتوانێ ڕێگەی لێ بگرێت، کەس ناتوانی لە دەستی هەڵبێت، چەند کەسێک خزمەتی دەکەن. لە هەموو کەسێکیش چاکتر، حەسەن سەباح توانی دڕندەیی جیهان دەستەمۆ بکات. هەموو دەوروبەری خۆشی تۆقاند، بۆ خۆشی، لە قوڵەی هەڵەمووتدا، پانتاییەکی چکۆلانەشی بۆ هێمنی خۆی دابین کرد.»

هەندەی نەبردبوو حەسەن سەباح قەڵاکەی داگیر کردبوو، دەستی بەئیش کرد و بۆ ئەوەی جێگایەکی چوارچێوە ڕێژکراو بۆ خۆی دابین بکات. سەرەتا ویستی هەموو ئیحتیمالێکی پەی بردن بەو شوێنە نەهێڵێ، دوژمن نەتوانی زەفەری پێ ببات. بیناسازی قەڵاکە زۆر بەبلیمەتی دروست کرابوو و شوێنێکی نموونەیی بوو، ئەویش دەستی کرد بەپڕکردنەوەی هەموو ئەو

درزانەی کە لە بۆی هەبوو لە گردەکانی دەوروبەرەوە بچنە ناو قەڵاکەوە.

بەڵام ئەم قایمکردنە بۆ حەسەن بەس نەبوو. خۆ ئەگەر پەی بردنە قەڵا شتێکی مەحاڵ بێت، ئەوانەی هەڵەمووت گەمارۆ دەدەن، دەتوانن ئاو و ئازووقەی لێ ببڕن. هەر بەو شێوەیەشە کە زۆرجار قەڵا چۆکی داوە. لەم ڕووەوە هەڵەمووت زوو زەفەری پێ دەبرێت، چونکە ئیحتیاتێکی ئاوی خواردنەوەی زۆر کەمی هەیە. کەواتە مورشیدی گەورە دەبێ چارەسەر بدۆزێتەوە. لەجیاتی ئەوەی ئاو لە ڕووبارەکانی دەوروپشت بگوازێتەوە، هەر لە چیاکەدا حەوزێکی گەورەی دروست کرد بۆ ئەوەی لە کارێز و جۆگەلەکانەوە، ئاوی باران و ئاوی تواوەی بەفری تیا کۆبێتەوە. کاتێکیش ئیمڕۆ سەر لە پاشماوەی ئەو قەڵایە دەدەین، بەئیعجابەوە سەیری ئەو ژوورە دەکەین کە حەسەنی تیا ژیاوە، «حەوزە موجیزە»، بەقەد ئەوەی لێ دەردەهێنرا، هەندەش ئاوی تیا دەڕژا و قەتیش لە لێواری حەوزەکەوە ئاو سەری نەدەکرد.

بۆ ئازووقەش، مورشیدی گەورە و بیرێکی قووڵی هەڵکۆڵیبوو، ڕۆن و سرکە و هەنگوینی تیا هەڵدەگیرا؛ هەروەها میوەی هیشک کراوە و هەندەیان تێ دەئاخنی بۆ ئەوەی ئەگەر هات و قەڵا تەواو گەمارۆ درا، بتوانن بۆ ماوەی ساڵێک تەحەمول بکەن. ساڵێک بۆ ئەو سەردەمە زۆربوو، بۆ ئەوەی ئەوانەی گەمارۆی شوێنێک دەدەن بتوانن ساڵێک چاوەڕێ بکەن. بەتایبەتی لەو ناوچە شاخاوییەی کە زستانی هیشک و برینگە.

ئا بەم جۆرە، حەسەن قەڵغانێکی پتەوی هەیە؛ چەک و تفاقی موتلەقی هەیە بۆ بەرگری لەخۆکردن. وێڕای ئەو پیاوکوژە دڵسۆزانە، کەواتە حەسەن، چەک و تفاقی شاڵاوبردنی موتڵەقیشی لەژێر دەست دایە. چۆن دەکرێ چۆک بەکەسێک بهێنین لەکاتێکدا، ئامادەی ئەوە بێت بمرێت؟ گشت خۆپاراستنێک لەسەر بناغەی ڕەوینەوە بەندە، شەخسییاتە گرینگەکان، وەکو دەزانین، بەپاسەوانی زۆر و زەبەلاح و تۆقێنەر دەور دەدرێن، بۆ ئەوەی زەندەقی هەموو کەسێک ببەن کە تەمای دەستدرێژییەکی هەبێت. بەڵام ئەی ئەگەر هات و ئەوەی بەتەمای دەستدرێژیکردن بێت ترسی لە مردن



نەبێ؟ ئەی ئەگەر وای لێک دایەوە کە شەهیدبوون ڕێگایەکی قەدبڕە بەرەو بەهەشت؟ ئەی ئەگەر هات و هەمیشە وشەکانی مورشیدیشی لەسەر زاربێت کە دەیوت: «ئێوە بۆ ئەم دونیایە دروست نەکراون، ئێوە بۆ ئەو سەر دونیا دروست کراون. ئایا ماسییەک ترسی ئەوەی هەیە فڕێ درێتە زەریاوە؟» ئەی ئەگەریش، پیاوکوژ توانی خۆی بخزێنێتە نێو بەرەی قوربانییەوە، ئەو کات، هیچ شتێک ناکرێت. «دەسەڵاتی من لە هی سوڵتان کەمترە، بەڵام من زیاتر دەتوانم ئەزیەتت بدەم وەک ئەو»، ڕۆژێکیان حەسەن بۆ والی ناوچەیەک ئەمەی نووسیبوو.

ئا بەم شێوەیە حەسەن سەباح، لەناو قەڵاکەیدا ئامێری جەنگیی موتەکامیلی دروست کرد کە لە دەرەوەی خەیاڵدا بوو و حەسەن قەتاوقەتیش قەڵای جێ نەهێشت؛ مێژوونووسان ئەوە دەڵێن کە لە دوا سی ساڵی ژیانیدا، تەنها دوو جاران ماڵەکەی جێهێشتووە، ئەو دووجارەش بۆ ئەوەی سەر خانووەکەی کەوێت! لە سبەینێوە بۆ ئێوارە بەچوارمەشقی لەسەر حەسیرەکەی دادەنیشت. حەسیرەکەش لەبەر دانیشتن سوابوو و بەڵام نەیدەویست بیگۆڕێ یا بیدوورنەوە، دەرزی دەدا و دەینووسی و پیاوکوژانی بەدوای دوژمنانی بەرەڵا دەکرد. ڕۆژێ پێنج کەڕەتیش، هەر لەسەر هەمان حەسیر، لەگەڵ میوانەکانا نوێژی دادەبەست.

بۆ ئەوانەی کە هەرگیز ڕێیان نەکەوتبێتە هەڵەمووت و چاویان بەپاشماوەی نەکەوتبێ، بێ سوود نییە ئەگەر بێت و هەندێ وردەکاری لەم ڕووەوە تۆمار بکەین؛ ئەویش ئەوەیە کە ئەم شوێنە هەرگیز هەندە ناوبانگی لە مێژوو دەرنەدەکرد ئەگەر بهاتبایە تاقە خەسلەتی تەنها هەر ئەوە بوایە کە گرتنی سەختە، بەڵکو لەبەرئەوەش بوو کە لەسەر لووتکە بەردینەکەی، دەشتاییەکی پانوبەرین هەبوو کە بەئاسانی شارێکی لەسەری دروست دەکرا، یان هەر بەلایەن کەم گوندێکی گەورەی لەسەر دروست دەکرا. لە زەمانی حەشاشەکاندا، لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە تونێلێکی تەسکەوە کە بەقەڵا نزمەکە تێدەپەڕی و ئیتر ڕچەی تێکەڵاو و، خانوو لەگەڵ دروستکراو کە لە سایەی شوورەکەدا دەگەیشتیتە مەیدانەکە، تاقە شوێنی کۆبوونەوە بوو بۆ کۆمەڵەکە، ئینجا دەگەیشتیتە قەڵا بەرزەکە. ئەمیش بەشووشەیەک دەچوو

لەسەر قەبرغە دانرابێت، ڕۆژهەڵاتی ئەستوور و تا بەرەو ڕۆژئاواش بچووێتایە باریکۆکە دەبووەوە. گەرووەکەش دەربەندێک بوو زۆر بەمەحکەمی پاسەوانی دەکرا. خانووەکەی حەسەنیش لە کۆتاییییەکەی بوو. تەنها پەنجەرەیەکی هەبوو، ئەویش دەیڕوانییە دۆڵە هەزار بەهەزارەکە. قەڵایەک بوو لەناو قەڵا.

بەهۆی ئەو کوشتارە سەیرئامێزانەی کە ئەو فرمانی بۆ دەردەکرد، بەهۆی ئەو هەموو ئەفسانانەی کە لەمەڕ ئەوەوە ڕێسرا، لە بارەی تایەفە و کۆشکەکەیەوە، مورشیدی گەورەی حەشاشەکان، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرتاپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تۆقاندبوو. لە هەر شارێکی وڵاتی موسڵماناندا ئەشرافی گەورە لەناوچوون، خاچپەرستان دوو تا سێ پیاوی گەورەیان بوو بەقوربانی. بەڵام هەر زۆر خێرا ئەوە لە یاد دەکەین کە سەرەتا لە هەڵەمووت تۆقاندن سەقامگیر بوو.

چ دەسەڵاتێک لە خەسڵەتی سەربازسازی بوودەڵەترە؟ مورشیدی مەزن ویستی هەموو ساتێ مورێدەکانی یاساڕێژکات. هەموو ئامێرێکی مۆسیقای قەدەغە کرد، بچووکترین شمشاڵی بەرامبەر بەجەماوەری بەزۆر کۆبووەوە دەشکاند و فڕێی دەدایە ناو ئاگرەوە و گوناهبارێشیان داغ دەکرد و پێش ئەوەی لە کۆمەڵەکە تێرۆ بکرێت، بەتێروتەسەلیش جەلدەیان لێ دەدرا. لە خواردنەوەی هەموو جۆرە خواردنەوەیەک کە ئەلکۆلی تێدابێت قەدەغە دەکرا. ڕۆژێکیان حەسەن کوڕەکەی خۆی بەمەستی چاوی پێ دەکەوێ، سزای مردنی بەسەرا دەرکرد، لە کۆبوونەوەی گشتیدا، سەرەڕای پاڕانەوەی دایکی، بۆ ڕۆژی دوایی، لەگەڵ شەبەقدا، کوشتیان. بوو بەنموونە. لەو ڕۆژە بەدواوە کەسێک جورئەتی ئەوەی نەکرد تەنها قومێکیش بخواتەوە.

حوکمی قەزای لە هەڵەمووتدا بەکتوپڕی بەڕێ دەخرا. دەگێڕنەوە و دەڵێن ڕۆژێکیان تاوانێک لە قەڵا دەکرێت. شایەدێک کوڕی دووەمی حەسەن تاوانبار دەکات. بەبێ ئەوەی لە ڕووداوەکە بکۆڵنەوە، حەسەن سەری دوا کوڕی لێ دەکاتەوە. چەند ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە، تاوانبارە ڕاستەقینەکە دانی بەگوناهەکەی خۆی نا و ئەویشیان دەسبەجێ کوشت.



مێژوونووسانی مورشیدی گەورە باسی ئەوەش دەکەن کە بەکوشتنی کوڕەکانی خۆی، بێ لایەنی خۆی بۆ کۆمەڵەکەی ئاشکرا دەکات و دەیان وت کە بەم سزا نموونەییییانە، بۆ فەزیلەت و ئەخلاق هەڵەمووت بوو بەناوچەیەکی ئارام. ئەوەی زۆر ڕێشی تێدەچێ، لە ڕێگای چەند سەرچاوەیەکەوە کە دەڵێن بۆ ڕۆژی دوایی، تاقە ژنەکەی و کچەکانی دژی حەسەن وەستان و حەسەنیش فرمانی دا کە قەڵابەدەر بکرێن و بەجێگرەکانی ڕاگەیاند کە دەبێ ئەوانیش ئا بەم جۆرە ڕەفتار بکەن بۆ ئەوەی کاریگەریی ژنان حوکمی ڕاست نەشێوێنێ.

خۆی لە دەرەوەی جیهان ببینێ و دەوروپشتی خۆی چۆڵ کات، دەوروپشتی خۆی بەشووورای بەردین قایمکات و دەوروبەری بەترس بتەنێ، ڕەنگە ئا ئەمە بووبێ خەونە پووچەکەی حەسەن سەباح.

بەڵام وردە وردە ئەم چۆڵەوانییە هەراسانی لێ دەبڕی. پاشا هەرە بەدەسەڵاتەکان ئینسانی شێتێ یا هاودەمی دڵخۆشێن بۆ سوورکردنەوەی ئەو توندوتیژییەی کە لە دەوریان کۆبۆتەوە. چاو ئەبڵەقەکە، بێ ئامان تەنهایە، چواردەوری دیوارە، حەپسی ماڵی خۆیەتی و لەناو خۆیدا داخراوە. کەسێک نییە لەگەڵی قسە بکات، تەنها بەرەعییەتی خاووخلیچ و خزمەتکاری لاڵ و مورێدی بەنج لێدراو دەوردراوە.

لەو هەموو کەسەی کە ناسینی، تەنها لەگەڵ یەک کەسدا دەیتوانی قسە بکات، وەکو لەنێوان دوو هاوڕێدا، یا بەلایەن کەم لەنێوان دوو ئینساندا. ئەویش خەیام بوو. بۆیە نامەیەکی بۆ نووسی. نامەیەک بوو کە تیایا بێ هیوایی خۆی لەژێر لووتبەرزییەکی قەبە ئاشکرا دەکرد، نووسیبووی:

«لەجیاتی ئەوەی وەکو هەڵاتوویەک بژیت، بۆچی نایەی بۆ هەڵەمووت؟ منیش وەکو تۆ تووشی ڕاونان هاتم و وا ئێستا من ئەوانی دیکە ڕاو دەنێم. لێرە لە ئاماندا دەژیت، خزمەت دەکرێی، هەموو میرانی دونیا ناتوانن دەست لە یەک تاڵەمووی پرچت بدەن. کتێبخانەیەکی زۆر گەورەم دروست کردووە، هەرە دەگمەنترین کتێبی تیا دەدۆزیتەوە و ئیتر بەکەیفی خۆت، دەتوانی بنووسی و بخوێنیتەوە. لێرە هەست بەئارامیی دەکەیت.»

## XXIII

له ڕاستیشدا، لەو ڕۆژەوەی کە خەیام ئیسفەهانی جێ هێشتووە، وەک هەڵاتوو و له پاینی کۆمەڵ دەژیت. کاتێکیش سەر له بەغدا دەدات، بەئەمری خەلیفە ئەوەی لێ قەدەغە دەکرێت کە لەگەڵ جەماوەری کۆبووەوە قسە بکات و یا ئەوەتا بوار بەموعجیبینی بدرێت کە بەلێشاوەوە دێن و پاڵەپەستۆیانە لە پێش دەرگاکەی بۆ ئەوەی سەری لێ بدەن. کاتێکیش دەچێتە حەج، ناحەزەکانی بەیەک دەم هاوار دەکەن: «حەجی ڕواڵەتە!» لە گەڕانەوەشیدا، بەبەسرایەوە تێدەپەڕێت، کوڕی قازی دەچێتە لای و زۆر بەئەدەبەوە پێی دەڵێ مانەوەی لە شارەکە کورت کاتەوە.

ئا لەو سەردەمەدا، چارەنووسی قەد هەندە موحریج نەبووە. کەس گومان لە بلیمەتی و زانایی ناکاتەوە؛ بچێتە هەر لایەک، خەڵکێکی خوێندەواری زۆر لە دەوری کۆ دەبێتەوە. پرسیاری لەمەڕ ئەستێرەناسی و ئەلجەبر و پزیشکسازی و، بەڵکو لە بارەی کێشەی ئاینیشەوە لێ دەکرێت. زۆر بەڕامانەوە گوێی لێ دەگرن. هەمیشەش چەند ڕۆژێک دوای گەیشتنی، یا چەند هەفتەیەک، مۆئامەرەییێکی بۆ دەچێنرێت و درۆودەلەسەی زۆری بۆ هەڵدەبەستن. بەکافر و ئەهلی بیدعەی لە قەڵەم دەدەن، برادەریی لەگەڵ حەسەنی دەهێننەوە یاد، هەندێ جاریش بەسیمابازیی تاوانباری دەکەن کە لەوەو پێش لە سەمەرقەند دەنگی دابووەوە، خەڵکی دەم شڕ و دەم هاریش دەنێرنە کۆبوونەوەکانی بۆ ئەوەی قسەی پێ تێک دەن و ئەوانەی کە ئامادەن خانەخوێی بۆ بکەن، هەڕەشەی سزایان لێ دەکرێت. بەشێوەیەکی ئاسایی، زۆر لەسەر شت ناڕوات. هەر کە هەستی بەوە کرد کە ئەتمۆسفێر قورس و بەبارستاییە، خۆی بەنەساغ دەردەکەوێنێ، بۆ ئەوەی بەرەو ڕووی جەماوەرەکەی نەبێتەوە. هەندەش نابات، شار بەجێ دەهێڵێ. سەری خۆی بەرەو قۆناغێکی دیکە هەڵدەگرێت. ئەو قۆناغە نوێیەش، ئەویش کورتە و ئەویش پڕی لە ڕێککەوتە.

بەنەعلەت دەکرێ و تا سنووری پەرستنیش ڕێزی لێ دەگیرێ، جگە لە ڤۆترانی هاوڕێی، هەمیشە لە خانوویەک دەگەڕێ، لە سایەی کەسێک



دەگەڕێ، لە پالپشتێک دەگەڕێ. چونکە ئەو مووچەیەی کە نیزام بۆی بڕیبووەوە، لە دوای مردنی، یەک فلسی نەدراوەتێ، ناچار سەر لە میران و والیان بدات و هەموو مانگێک بەختیان لەژێر ڕووناکی ئەستێرەناسی بۆ بخوێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەمیشە هەر لە پێداویستی دایە، بەڵام دەزانێ چۆن بەبێ سەرشۆڕی خەرجی خۆی پەیداکات.

دەگێڕنەوە و دەڵێن وەزیرێک سەری لەوە سوڕدەمینێ کە گوێی لە عومەر دەبێت کە داوای پێنج هەزار دیناری زێڕی لێ دەکات و ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئەرێ ئەوە دەزانی کە ئەو پارەیە مووچەی منیش نییە؟

خەیامیش خێرا دێتە وەڵام:

– زۆر شتێکی ئاساییە.

– باشە لەبەر چی؟

– چونکە لە هەموو سەردەمێکدا، زانای وەکو من، بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن. بەڵام دەکرێ هەموو ساڵێک پێنج سەد وەزیری وەکو تۆ دیاری بکرێت.

مێژوونووسان ئەوە تەسدیق دەکەن کە وەزیرەکە دەداتە قاقای پێکەنین و هەموو داواکارییەکەی خەیام جێبەجێ دەکات و مەدەنییانە دان بەو لێکچوونە بەفیزەی دەنێت.

لەو سەردەمە عومەر دەنووسێ: «سوڵتان نییە لە من شادتر بێت، دەرۆزەکەریش لە من غەمبارتر».

ساڵ دێت و دەڕوا. دەکەوینە ساڵی ١١١٤ و لە شاری مەرڤە دەبینرێت، مەرڤەی کۆنە پایتەختی خوراسان، هەمیشە ناوبانگی بەخەز و ئەو دە کتێبخانەیە دەرکردبوو کە دەمێکیشە لە دەرەوەی هەموو ڕۆڵێکی سیاسییە. بۆ ئەوەی درەوشانەوە ببەخشێتە بیلاتە تەڵخەکەی، والی ناوچەکە دەیەوێ شەخسییاتی بەشورەتی ئەو سەردەمە لە دەور خۆ کۆکاتەوە. دەشزانێ چۆن خەیامی مەزن بەلای خۆیا ڕابکێشێ: پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە ڕوانگایەک هەروەکو ئەوەی ئیسفەهانی بۆ دروست

بکات. عومەر تەمەنی شەست و شەشساڵە و تەنها خەونیش بەمەوە دەبینێ، بەحەزێکی هەرزەکارانەوە پرۆژەکە قبووڵ دەکات. هەندە نابات، دیواری ئەم خانووبەرەیە، بەسەر گردێک، لە گەڕەکی باب سەنجان، لە ناوەند سونبول و دارتووی سپی بەرز دەبێتەوە.

بۆ ماوەی دوو ساڵان، عومەر بەختیارە و زۆر بەگەرمی کار دەکات؛ وەک دەڵێن، تاقیکردنەوەی لەمەڕ پێشبینی کەشەوە دەکات، زانیارییەکانی لە بارەی ئاسمانەوە یارمەتی دەدات کە بتوانێ، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژی یەک لە دوای یەک، پێشبینی گۆڕانی کەش بکات. هەروەها لە بارەی ماتماتیکیشەوە، گەشە بەبیردۆزە پێشڕەوییەکانی دەدات؛ دەبێ چاوەڕوانی سەدەی نۆزدەم بکەین بۆ ئەوەی زانا و باسکارە ئەوروپییەکان دان بەبلیمەتیی پێش وەختی خەیام بنێن کە گەشەی بەئەندازەی نا – ئوقلیدی داوە. هەروەها چوارینە دەنووسێ و زۆریش پێدەچێ کە لەژێر کاریگەری جۆرەها ترێ و ڕەزی شاری مەرەڤە ئەنجامی دابێت.

بەرامبەر بەم هەموو کارەش، ئاشکرایە دەبێ لایەکی دیکەی ئەم تەرازووە دەسنیشان بکرێت. عومەر پێویستە، لە هەموو کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی کۆشک ئامادە بێت و لە هەموو جەژنێکیشدا دەبێ لە دیوەخان ئامادە بێت و ئامادەی ئەوەش بێت کە دوو قسە بکات و ئیستیشهادێ بهێنێتەوە و دوو دێڕ شیعر بخوێنێتەوە. ئەم موناسەبەتانە زۆر ماندووی دەکات. لەوە زیاتر کە هەست دەکات کە بەرگی ورچێکی زانای لەبەرە، هەست بەوەش دەکات کە ئەم کاتە بەنرخەی خۆی بەزایە دەدات، چاکتر نییە تەنها هەر خەریکی کاری خۆی بێت، جگە لەوەی کە ترسی ئەوەشی هەیە کە تووشی خەڵکانێکی زۆر نابووت بێت.

هەروەکو لە یەکێ لە ڕۆژانی مانگی ڕەشەمە، بوو بەدەمەتەقێی لەگەڵ یەکێ لە ناحەزەکانی کە چوارینەیەکی زەمانی لاوی بەرگوێ کەوتبوو و کردبوویە دەمەقاڵە لەگەڵی. ئەو ڕۆژەش، دیوەخان لەبەر خوێنەواری مێژەر لەسەر جمەی دەهات، والی شاگەشکەیە و بەئارەزووشەوە تەماشای دانیشتوان دەکات.



کاتێک عومەر دەگاتە ئەوێ، گفتوگۆ گەرمە و لەسەر مەسەلەیەکی ئایینیی چەقی بەستووە کە بابەتێکی گەلێ باوی ئەو سەردەمە بوو: «ئایا دەکرا گەردوون لەمە چاکتر دروست بکرابایە؟» ئەوانەی کە بە «ئا» وەڵام دەدەنەوە بەگوناهباریان دادەنێن، چونکە لەم وەڵامە ئەوە دەخوێندرێتەوە کە خودا زۆر بەوردی شاکارەکەی دروست نەکردووە.

ئەوانەشی کە بە «نا» وەڵام دەدەنەوە، ئەوانیش دیسانەوە هەر بەگوناهباریان دادەنێن، چونکە بەم «نا»یە ئەوە لێک دەدرێتەوە کە خودا لە توانایدا نییە شتێکی لەمە چاکتر دروست بکات.

زۆر بەتوندییەوە دەمەتەقێ دەکرێ، بەدەست و پەنجە ئاماژە دەکرێت. خەیام تەنها، بەدزییەوە خەریکی ئەوەیە سەرنجی جووڵانەوەی دەست و تەعبیرەکانی دەموچاو بدات. بەڵام یەکێ لەوانەی کە خەریکی قسەکردن دەبێت، ستایشی عومەر دەکات و بەباڵای زانیارییەکانیا هەڵدەشاخێ و داوای ئەوەی لێ دەکات لەم ڕووەوە ڕای خۆی دەرخات. عومەر قورگی پاک دەکاتەوە. هێشتا هەر هیچی نەوتبوو و برگەیەکیشی لە زارەوە دەرنەچوو بوو، قازییە گەورەکەی شاری مەرەڤە کە قەد حەزی بەوە نەکردووە کە نە یەکێکی وەکو خەیام، نە ئەوانەشی کە لە دەور کۆ دەبنەوە، لە شارەکەی دابنیشن، لە جێگاکەی خۆی قووت دەبێتەوە و پەنجەی تاوانباری بۆ خەیام درێژ دەکات و دەڵێ:

– نەمدەزانی کە خوانەناسێک دەتوانێ لەمەڕ عەقیدەی ئێمەوە ڕای خۆی دەربڕێ!

عومەر بزەیەک بەبێزارییەوە دەکات و دووودڵیش دیارە.

– کێ ڕوخسەتی ئەوەی داویتێ کە بەخوانەناسم بدەیتە قەڵەم؟ بەلایەن کەم چاوەڕێی ئەوە بکە کە گوێم لێ بگری!

– پێویستیم بەوە نییە گوێت لێ بگرم. ئایا ئەم چوارینەیە هی تۆ نییە کە دەڵێ: «ئەگەر تۆ سزای خراپە بەخراپە دەدەیتەوە، جیاوازی من و تۆ دەبێ چ بێت؟» ئەوەی وشەی وا بدرکێنێ، ئەرێ بەخوانەناس ناژمێردرێ؟

عومەر شان هەڵدەتەکێنێ.

– ئەگەر بڕوام بەوجوودی خودا نەبوایە، ئەو قسەم ئاڕاستەی نەدەکرد!

قازی بەتەوزەوە:

– قسە، ئا بەم جۆرە؟

– تەنها لەگەڵ سوڵتان و قازیاندا پێویستە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قسە بکرێت. لەگەڵ خالیقدا پێویست بەم عەنعەناتە ناکات. خودا مەزنە. چ پێویستێکی بەو هەیبەتە بچووکە و بەم پشت چەماندنەوەی ئێمە هەیە. منی وەکو کائینێک دروست کردووە کە بیر دەکاتەوە، کەواتە بیر دەکەمەوە و بەرهەمی ئەو بیرکردنەوەشە دەبێتە قسە و ئاڕاستەی ئەوی دەکەم.

ئامادەبووان هەموو ئەشهەدوبیللایانە و قازیش بەژێر لێوەوە و بەهەڕەشە کردنەوە دەگەڕێتەوە شوێنەکەی. دوای ئەوەی والی دەست بەپێکەنین دەکات، هەست بەڕاڕایییەک دەکات، گومانی ئەوە دەکات کە ڕەنگ بێ لە هەندێ گەڕەکدا، گێچەڵ پەیدا بێت. ڕوو گرژ دەبێت، ئامادەبووانیش یەک لە دوای یەک داوای ڕوخسەت دەکەن.

کاتێک عومەر لەگەڵ ڤارتان دەگەڕێتەوە ماڵ، دەست بەجوێن دەکات و نەعلەتی ئەو ژیانە تاڵە و تووڕەهاتی کۆشک دەکات و پەیمان دەدات کە بەزووترین کات دەبێ مەرەڤە جێ بهێڵێ؛ موریدەکەی زۆر شڵەژانی پێوە دیار نییە، ئەمە حەوتەمین جارە کە مامۆستاکەی سوێند دەخوات کە مەرەڤە بەجێ بهێڵێ؛ بۆ ڕۆژی دوایی خاوبۆتەوە و دەست بەلێکۆڵینەوەکانی دەکات و هەندەش نابات دڵی دەدرێتەوە.

ئەو ئێوارەیە کە دەگەڕێتەوە ژوورەکەی، دەست بەنووسینی ئەم چوارینەیە دەکات کە بەم جۆرە کۆتایی دێت:

عەمامەکەت بەبادەیەک بگۆڕەوە

بەبێ پەشیمانیش کڵاوێکی خوری لەسەر کە!

پاشان کەشکۆڵەکەی لە هەمان شوێن دەشارێتەوە: لەنێوان ڕایەخ و دیوارێک. دوای ئەوەی لە خەو هەڵدەستێ، دەیەوێ چوارینەکەی بخوێنێتەوە، هەست دەکات وشەیەک لە جێگای خۆی دانەنراوە. دەستی دەگەڕێ و کتێبەکەی بەر دەست دەکەوێت. کاتێک کە دەیکاتەوە نامەکەی



حەسەن سەباح دەبینێ کە لە کاتی خەودا خزێنراوەتە نێو کەشکۆڵەکەی.

دوای چەند ساتێکی دیکە، عومەر دەسوخەتەکەی دەناسێتەوە و وا چل ساڵێکیش دەبێ کە ئەم ئیمزایە کەوتەوە نێوانیان: «هاوڕێییەکەی کە لە کاروانسەراکەی کاشان ناسی.» لە کاتی خوێندنەوەدا نەیتوانی نەداتە قاقی پێکەنین، ڤارتان، لە ژوورەکەی تەنیشت، هەندە نییە لە خەو هەڵساوە، دێت و بزانێ چ شتێک وا مامۆستاکەی هەندە خەنی کردووە دوای ڕۆژێکی هەند پڕ لە ڕاڕایی.

– داوەتێکی زۆر بەخشندە کراوین: شوێنی خەوتنمان بەخۆڕاییە و تا دوارۆژی ژیانمانیش مسۆگەرە.

– لەلایەن چ میرێکەوە؟

– ئەوەی هەڵەمووت.

ڤارتان ڕادەچەڵەکێ. هەست بەگوناهباری دەکات.

– چۆن ئەم نامەیە گەیشتە ئێرە؟ پێش خەوتن سەیری هەموو کون و کەلەبەرێکم کرد و هەموو دەرگاکانم داخست!

– گوێی مەدەرێ. تەنها سوڵتان و خەلیفە دەسبەرداری ئەوە بوون کە پاسەوانیی خۆیان نەکەن. کاتێک حەسەن بیەوێ پەیامێکت بۆ بنێری یا ئەوەتا خەنجەرێک بکاتە ورگتا، ئەوە هەر پێت دەگات، ئینجا با دەرگاکەت واز و کراوە بێت یا قفڵ درابێت.

موریدەکە سمێڵی لە نامەکە نزیک دەکاتەوە و پڕ بەهەناسەی بۆنی دەکات، پاشان دەیخوێنێتەوە و دەیخوێنێتەوە. دەگاتە ئەنجامێک و دەڵێ:

– ڕەنگە ئەم شەیتانە بەهەڵە نەچووبێت. تەنها هەر لە هەڵەمووت ژیانت لە ئاسایشێکی تەواودا دەبێت. خۆ حەسەنیش کۆنترین هاوڕێتە.

– تا ئەم لەحزەیەش، کۆنترین هاوڕێم نوێترین شەرابی مەرڤەیە!

بەحەزێکی منداڵانەوە، عومەر نامەکە دەدڕێنێت و دەیکاتە هەزار پارچە و فڕێی دەداتە ئاسمان؛ کاتێکیش دەیبینێ دەخولێنەوە و دەکەونە خوارەوە و ئینجا دەست بەقسە دەکاتەوە:

– چ شتێکی هاوبەش لەنێوان من و ئەو ئینسانە هەیە؟ من شەراب

دەپەرستم و ئەویش مەرگ دەپەرستێ. من نووسیومە: «ئەگەر لە توانات دایە عیشق بکەی، هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر بەچی دەچێت؟» حەسەن داوا لە یاوەرەکانی دەکات کە خۆشەویستی و مۆسیقا و شیعر و شەراب و هەتاو فەرامۆش بکەن. بەقێزەوە سەیری جوانترین شت دەکاتەوە کە لە دونیادا هەیە و جورئەتی ئەوەش دەکات ناوی خودا بهێنێ. جورئەتی ئەوە دەکات پەیمانی بەهەشت ڕابگەیەنێ! بڕوام پێ بکە، ئەگەر بێت و قەڵاکەی دەرگایەک بێت بەرەو بەهەشت، من دەسبەرداری بەهەشت دەبم! هەرگیز پێ ناخەمە ئەو ئەشکەوتەی کە پڕی لە زاهیدی درۆزنانەیە!

ڤارتان دادەنیشێ و زۆر بەتوندییەوە ملی دەخورێنێ، پێش ئەوەی بەنەبرەیەکی شڵەژاو دەست بەقسە بکات:

– مادامەکی ئەمە وەڵامەکەتە، دەبا منیش پەردە لەسەر نهێنییەکەم هەڵدەمەوە. قەد لە خۆت نەپرسی ئەوە چۆن بوو کاتێک لە ئیسفەهانمان هەڵاتین، سەربازەکان هەر بەئەنقەست چاوپۆشییان لێکردین؟

– بەڵێ، هەمیشە ئەم پرسیارە ختووکەی دەدام. بەڵام لەبەرئەوەی چەند ساڵێکە پێکەوەین، تەنها دڵسۆزی و وەفا و لەخۆبوردن و میهرەبانیم لێت بینیوە، نەمویست ئەم مەسەلە کۆنە بووژێنمەوە.

– لەو ڕۆژەدا، ئەفسەرەکانی نیزامییە دەیانزانی کە من دێم و ڕزگارت دەکەم و پێکەوە هەڵدێین. ئەمە بەشێک بوو لەو پیلانەی کە خەیاڵم دەکرد.

پێش ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر قسەکەی، بۆ مامۆستاکەی و بۆ خۆی سەر و بادەی لە شەرابی ئاڵ لێواولێو دەکات.

– ئەوە نازانی کە لەو لیستەی کە بەدەستی نیزامولمولک خۆی پڕ کرایەوە، یەکێک مایەوە کە هەرگیز دەستمان پێی نەگەیشت، ئەویش سەباح حەسەن بوو. ئایا ئەو تاوانباری ژمارە یەک نەبوو؟ پیلانەکەی من ئاسان بوو: هەڵاتن لەگەڵ تۆ، بەو هیوایەی کە لە هەڵەموت داوای داڵدە بکەیت. لەگەڵت دەچووم و داوای ئەوەشم لێت دەکرد کە کەشفی ناوونیشانم نەکەیت و هەلێکم هەرچنگ دەکەوت بۆ ئەوەی هەموو



موسڵمانان و هەر هەموو جیهان لەو شەیتانە قوتارکەم. بەڵام تۆ وڕکت گرت و بەڵێنت دا کە تا ماوی پێ نەخەیتە نێو ئەم قەڵا تاریک و تنووکە.

– بەڵام سەرەڕای ئەمەش، هەمیشە هەر لەگەڵم مایتەوە.

– سەرەتا وام هەست دەکرد کە پێویستە وچان بگرم، کاتێک دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لە پانزە شار، یەک لە دوای یەک دەردەکرێیت، ناچاری ڕێگای هەڵەموت دەگریتەبەر و داوای پەناهەندەیی لەو دەکەیت. پاشان، ساڵ هات و ساڵ چوو، خووم پێتەوە گرت و هاوڕێیەکانم بەچوار قورنەی ئەم مەملەکەتەیا پەرتوبڵاو بوونەوە و بڕیارەکەم کزبووەوە. دەبینی، ئەمە بۆ دووەم جارە کە عومەر خەیام ژیانی حەسەن سەباح ڕزگار دەکات.

– زۆر غەمگین مەبە، ڕەنگبێ ژیانی تۆم قوتار کردبێ.

– ڕاستە، ئینسانی وا، لەو قەڵایە، ەنگە زۆر بەباشی خۆی قایم کردبێ.

ڤارتان ناتوانێ غەمگینییەکەی بشارێتەوە و خەیامیش پێی ڕادەبوێرێ.

– ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، ئەگەر بهاتبایە پیلانەکەی خۆتم بۆ باس بکردبایە، ئەوە دەتم بردە هەڵەموت.

موریدەکە ڕاپەڕی.

– بەڕاستتە؟

– نەخێر. دانیشەوە! ئەمەم وت تەنها بۆ ئەوەی پەشیمانیت زیادکەم. سەرەڕای ئەو هەموو خەتایەی کە حەسەن کردی، ئەگەر ئێستاش بیبینم کە کەوتۆتە ڕووباری مورغابەوە، دەستی بۆ درێژ دەکەم و دەری دەهێنم.

– منیش تا هێزم تیایە سەری نوقم دەکەمە ژێر ئاوەکەوە! بەڵام، ئەم هەڵسوکەوتەت دەمحەوێنێتەوە. چونکە تۆ قسەی وا و کردەوەی وات لێ دەوەشێتەوە، هەر بۆیەشە بڕیارم دا کە بەیاوەریی تۆ بمێنمەوە. ئا لەمیانە پەشیمان نیم.

– خەیام هاوڕێیەکەی زۆر بەتوندی دەگرێتە باوەش.

– دڵخۆشم کە هەموو گومانێکم بەرامبەر بەتۆ بەتەواوی ڕەوییەوە. من پیرەمێردێکم ئێستا و پێویستیم بەوەیە بزانم کێ لە دەوروبەرم دایە، پێویستیم بەئینسانێکی بەوەفایە. هەر لەبەر خاتری ئەم کەشکۆڵە. ئەمە

بەهاترین شتە کە لە دونیادا هەمە. بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی جیهان بێتەوە، حەسەن سەباح پێویستی بەوە بوو هەڵەمووت دروست بکا، منیش ئەم کۆشکە بچووکەم لە کاغەز دروست کرد، بەڵام ئیدیعای ئەوە دەکەم لە هەڵەمووتەکەی حەسەن زیاتر دەژێت. ئا ئەمە گرەوی منە، هەر ئەمەشە کە شانازیی پێوە دەکەم لە هەڵەمووتەکەی حەسەن زیاتر دەژێت. ئا ئەمە گرەوی منە، هەر ئەمەشە کە شانازی پێوە دەکەم. تەنها ترسیش شک بەرم ئەوەیە کە دەترسم لە دوای مردنم، ئەم کەشکۆڵە بکەوێتە دەست خەڵکانی سووک و چرووک و ناپاکەوە.

بەبزووتنەوەیەکی کەمێ ڕەسمییەوە، عومەر کەشکۆڵە نهێنییەکە بۆ ڤاتران درێژ دەکات:

– بیکەرەوە، چونکە تۆ دەبیتە پاسەوانی ئەم کتێبە.

موریدەکە هەست بەجۆشوخرۆش دەکات.

– کەسی دیکە هەبوو پێش من ئەم شەرەفەی بەرکەوتبێ؟

– دوو کەس. یەکەمیان جیهان بوو، دوای دەمەتەقێیەک لە سەمەرقەند. دووەمیشیان حەسەن بوو، کاتێک هەر دووک لە ئیسفەهان لە یەک ژوور دەژیاین.

– تا ئەو ڕادەیە جێی باوەڕت بوو؟

– ڕاستت دەوێ، نەخێر. بەڵام من هەمیشە ئارەزووی ئەوەم دەکرد کە بنووسم و ئەویش هەستی بەبوونی ئەم کەشکۆڵە کرد. منیش ئەوەم بەباش زانی کە پێشانی بدەم، چونکە ئەوەم دەزانی کە ڕۆژێکیان بەدزی منیشەوە بێت هەر سەیری دەکات. هەروەها هەستیشم دەکرد کە یەکێکە دەتوانێ نهێنی بپارێزێ.

– ڕاستە، دەتوانێ نهێنی بپارێزێت، بەڵام بۆ ئەوەی دژ بەخۆتی بەکار بهێنێتەوە.

ئیتر لەمە بەدواوە، کەشکۆڵەکە شەوان لە ژوورەکەی ڤاتران دەباتەسەر. گوێی لە کەمترین چرپە بێت، پیرە ئەفسەرەکە هەڵدەستێتە سەرپێ و شمشێرەکەی ڕادەکێشێ و گوێ قولاغ؛ هەموو ژوورەکان دەپشکنێ و



دەردەچێتە دەرەوە و خولێک بەدەوری باخچەکەدا دەخوات. ئەویش هەمیشە بەئاسانی خەو ناچێتە چاوی، فانۆزێک دادەگیرسێنێ و دەست دەکات بەخوێندنەوەی چوارینەکان و دەیەوێ ئەزبەری کات، پاشان لە مێشکیدا دووبارە و دووبارەی دەکاتەوە و تاکو دەلالاتە هەرە قووڵەکانی بقۆزێتەوە. هەروەها هەوڵی ئەوەش دەدا کە بزانێ مورشیدەکەی لە چ بارودۆخێکدا نووسیویێتی.

دوای چەند شەوێکی پڕ لە گینگل و خەو زڕان، ڤاتران فیکرەیەکی دێ بەخەیاڵا و پاشانیش بەعومەر دەڵێ و ئەویش زۆر بەدڵی دەبێ: لە پەراوێزی کەشکۆڵەکەدا، چیرۆکی چوارینەکان بنووسێتەوە و، بەم دەستوورەش خەیام باسی منداڵی خۆی لە نیشاپوور دەکات و زەمانی لاوێتی لە سەمەرقەند و ناوبانگ دەرکردنیشی لە شاری ئیسفەهان و پەیوەندییەکانی: چ لەگەڵ ئەبوتایەر چ لەگەڵ جیهان و حەسەن و چ لەگەڵ نیزام و هی ترانیش. لەژێر چاودێری خەیامدا، هەندێ جاریش بۆی دەوت و ئەو دەینووسییەوە، لاپەڕە هەوەڵینەکانی ژیاننامەی تیا نووسرا. ڤاتران خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان دەکات، دە، هەندێ جار پانزە، تەنها یەک ڕستە دەنووسێتەوە و سەرەتا لەسەر لاپەڕەی جیا، پاشان بەخەتێکی خۆش و گۆشەیی، باریک و جوان نووسراو، لە کەشکۆڵەکە دەینووسێتەوە.

ڕۆژێکیان، لەپڕێکدا و زۆر بەتوندوتیژی لە ناوەندی ڕستەیەکدا ڕادەوەستێت.

عومەر ئەو بەیانییە زوو لەخەو هەڵسابوو. بانگی ڤاتران دەکات و ئەویش وەڵام ناداتەوە. شەوێکی دیکەش تێدەپەڕێ و عومەر باوکانە بەخۆی دەڵێ، هەر خەریکی نووسینە. بانگی ناکات و دەڵێ با بحەسێتەوە، بادەیەک بۆ خۆی تێدەکات، سەرەتا تەنها هەر قومێک و خێرا هەڵی دەدا، پاشان بادەیەک پڕ دەکات و لەگەڵ خۆی هەڵی دەگرێ و دەچێ بۆ ئەوەی لە باخچەکە پیاسەیەک بکات. خولێک دەدات، دڵخۆشە بەوەی کە فوو لەو ئاونگانە دەکات کە بەقەد گوڵەباغەکانەوەن و پاشان دەچێت هەندێ تووی سپی لێدەکاتەوە و لەنێو دوو قومدا، دانەیەک دەکاتە دەمییەوە و دەیتەقێنێتە قەد مەلاشوویەوە.

کاتێکیش بیر لەوە دەکات کە بگەڕێتەوە، سەعاتێک هەروا بەخێرایی تێپەڕیبوو. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ڤاتران لە خەو هەڵسێ. بانگی ناکات، ڕاستەوخۆ بەرەو ژوورەکەی دەچێت. دەیبینێ لە ژوورەکە لەسەر عەرد ڕاکشاوە، گەرووی لە خوێنێکی ڕەش گەوزاوە، دەمی واز و چاوکراوە و وەک بلێی لە کاتی هاوارکردندا ڕەق بووبێتەوە.

لەسەر مێزەکەش، لەنێوان چراکە و مەرەکەبدانەکەش، خەنجەری تاوانەکە چەقیوەتە ناوجەرگەی کاغەزێکی هەڵگەچراو و عومەریش قەراغەکەی لادەبات و ئەمە دەخوێنێتەوە:

«کەشکۆڵەکەت پێش تۆ ڕێگای هەڵەمووتی گرتەبەر».



## XXIV

عومەر خەیام هەر بەهەمان دڵ بلێندیی و هەر بەهەمان ڕاشکاویی و بەهەمان غەمبارییەکی بەشەرمەوە بەسەر موریدەکەیا گریا، هەروەکو چۆن بەسەر هاوڕێی دیکەشدا گریاوە. «هەمان شەرابمان دەخواردەوە، بەڵام ئەوان دوو یا سێ جار لەگەڵم مەست بوون.» سەرەڕای ئەمەش بۆچی دەبێ نەفی بکرێت؟ ونبوونی کەشکۆڵەکە بۆ ماوەیەکی گەلێک زۆر ئازاری دا. خۆ دەیتوانی سەرلەنوێ بیاننووسێتەوە؛ هەموو وردەکارییەکانیشی دێتەوە یاد. وەک پێدەچێ، ئەو ئەمەی نەویستبێ؛ لە هەموو حاڵەتێکدا، هیچ ئاسەواری نووسینەوەی کەشکۆڵەکە بەدی ناکرێ. پێشدەچێ کە خەیام دەرسێکی گەلێک گرینگی لە ونبوونی کەشکۆڵەکەی وەرگرتبێ: هەرگیز لەمەودوا هەندە بەتەنگی دواڕۆژەوە نایەت، نە بەتەنگی دواڕۆژی خۆی، نە بەتەنگی دواڕۆژی شیعرەکانی.

چەند ڕۆژێکی دی مەرەڤە جێ دەهێڵێ. نەک بەرەو هەڵەمووت – قەد جارێکیش بەخەیاڵیا نایەت کە ڕووبکاتە هەڵەمووت! – بەڵکو دەیەوێ بگەڕێتەوە زێدی خۆی. بەخۆی دەڵێ «کاتی ئەوە هاتووە کە سنوور بۆ ئەو عەودالْییەم دانێم، نیشاپوور شوێنی یەکەمم بوو، بەیاسای ژیانیش ئایا جێی خۆی نییە کە ببێتە دوا شوێنیشم؟» ئیتر ئا لەوێ دوا ژیانی دەباتە سەر، لەناو کەسوکارەکانی، خوشکێکی لە خۆ بچووکتر، زاوایەکی بەتەنگەوە هاتوو، چەند خوشکەزایەک، بەتایبەت یەکێکیان جێی میهری پاییزانەی دەگرێتەوە. لە تەنیشت کتێب؛ نانووسێت، بەڵام بەبێ ماندووبوون کتێبی مامۆستاکانی دەخوێنێتەوە.

ڕۆژێکیان هەروەکو عادەتی لێ هاتبوو، لە ژوورەکەی دانیشتووە و کتێبی «چارەسەری» ئیبن سینای لەسەر کۆشە، فەسلێک دەکاتەوە لەژێر ناوونیشانی «یەک و کۆ»[1]، عومەر هەست بەئازارێکی کوشندە دەکات.

(١) ئەگەر تەرجەمەی عارەبی بکرێت، ڕەنگبێ مەبەست لە کتێبی «الشفاە» بێت و «یەک و کۆ»ش، «الواحد والاضعاف» بگرێتەوە. (وەرگێڕ)

چوکڵی دانپاکەرەوەکەی کە لە زێڕ بوو، بەدەستەوە بوو و دەیخاتە نێوان پەڕەکانەوە بۆ ئەوەی شوێنی لاپەڕەکەی پێ دیاری بکات و کتێبەکە دادەخات و بانگی کەسوکارەکانی دەکات بۆ ئەوەی وەسییەکەی تۆمار بکەن. پاشان دەست بەدوعایەک دەکات کە کۆتاییەکەی بەم شێوەییە بوو: «خودایە خۆ دەزانی بەقەد ئەوەی توانام شک دەبرد، هەوڵم دا بتبینم. لێم ببوورە ئەگەر بێت تاقە ڕێگام بەرەو تۆ ناسین، تەنها مەعریفەم بووبێت!»

ئیتر چاوی نەکردەوە. لە ٤ بەفرانباری ١١٣١دا دونیای جێهێشت. لە تەمەنی هەشتا و چوار ساڵەدا بوو، لە ١٨ پووشپەڕی ١٠٤٨دا لەگەڵ بەرەبەیانا لە دایک بوو. زانینی مێژووی تەواوی لە دایکبوونی کەسێک ئا لەو سەردەمە مێژووە دوورە، شتێکی دەگمەنە. بەڵام خەیام لەمەڕ زانیاری ئەستێرەناسییەوە لێکۆڵینەوەی چێ دەکرد. زۆر ڕێی تێدەچێ کە لەمەڕ ئەستێرەی زۆدیاکەوە[2] پرسیاری لە دایکی کردبێ، جووتە ئابیدەی چەرخە[3] بۆ ئەوەی شوێنی هەتاویش دیاری بکرێت، ئەوە بەهۆی ئەستێرەی عەتارەد و موشتەریش بۆ دیاریکردنی ئەو سەعاتەی هاتنە دنیایەوەیەتی، دیاری کرد. ئا بەم جۆرە، بەهۆی ئەستێرەناسییەوە توانی بەم دیققەتەوە مێژووی لە دایکبوونی بداتە بەیهاکی مێژوونووس.

یەکێکی دیکە لە هاوچەرخەکانی، ئەویش نیزامی عەرووزییە دەگێڕێتەوە: «عومەر خەیامم بیست ساڵ پێش مردنی ناسی، ئەو کات لە شاری بەلخ بوو. لە ماڵی یەکێ لە ئەشرافەکان بوو کە دەکەوتە شەقامی بازرگانی کوێلەوە و لەبەر ئەوەی زۆر بەناوبانگ بوو، وەکو سێبەری خۆی دوای دەکەوتم بۆ ئەوەی وشە بەوشە هەرچییەک بڵێ بینووسمەوە. ڕۆژێکیان گوێم لێ بوو دەیوت: «گۆڕەکەم لە جێگایەک دەبێ کە هەموو بەهارێک بای باکوور گوڵی بەسەرا دەبارێنێ.» ئەو کات ئەم قسانەم بەماقووڵ نەدەبینی؛ هەرچەندە دەمزانی کە کابرایەکی وەکو ئەو هەر وا

(٢) مەبەست لە پلەی زۆدیاکە کە لە ئاسۆوە بەرز دەبێتەوە، لە کاتی لە دایکبوونی کەسێکدا. (وەرگێڕ)

(٣) مەبەست لە «الجوزاء»ە (وەرگێڕ)



لەخۆڕاییییەوە قسان ناکات.»

شایەدی ئەم قسانە بەردەوامی بەقسەکانی دەدات و دەڵێ: «چوار ساڵ دوای مردنی عومەر خەیام بەنیشاپوورا تێپەڕیم. لەبەرئەوەی هەروەکو چۆن بۆ هەموو زانایەک ڕێز و تەقدیرمان دەبێت، ئەوها ڕێز و تەقدیرێکی زۆرمان بۆ عومەر خەیام هەبوو و، ڕۆژێک چووم بۆ زیارەتی گۆڕەکەی. شارەزایەک بەرەو گۆڕستانەکە بردمی. لە کاتی چوونە ژوورەوەدا، بەدەستی چەپ بامدایەوە، گۆڕەکەیم بینی پشتی دابووە باخچەیەک. لقی دار هەرمێ و دارهەڵووژە بەسەر گۆڕەکەدا شۆڕ ببوونەوە و گوڵێکی زۆریان گرتبوو و لەبەر پەڕە گوڵی پەخشراو و هەروەکو فەرش، گۆڕەکە دیار نەبوو.»

دڵۆپە ئاوێکە و دەکەوێ، لەناو زەریایا ون دەبێ،
دەنکە لمێکە و لەنێو خاکا دەتوێتەوە.
چ مانایەکی هەیە، ئەم هاتن و چوونە؟
پێشوولەیەکە دێتە دونیا و ون دەبێ[4].

عومەر خەیام بەهەڵەدا چووبوو. چونکە، زۆر لە ڕێبوارێکی سادەوە دوور بوو، وجوودی تازە بەتازە دەست پێدەکات. بەلایەن کەم بەنیسبەت چوارینەکانییەوە. بەڵام ئایا ئەمە هیوای شاعیر نەبوو کە نەمریی ببەخشێتە شیعرەکانی و جورئەتی ئەوەی نەدەکرد کە بۆ خۆی بیخوازێ؟

ئەوانەی کە خاوەن ئەو ئیمتیازە جگەربڕە بوون کە دەیانتوانی بچنە هەڵەمووت و سەر لە حەسەن سەباح بدەن، خێرا چاویان بەسێبەری کتێبێک دەکەوت کە لە تاقێکی شیشە ڕاکراو دانرابوو. کەس نەیدەزانی چییە، کەس نەیدەوێرا لەم ڕووەوە پرسیار لە مورشیدی گەورە بکات، هەست دەکرا بێگومان دەبێ هۆی تایبەتی خۆی هەبێ و لە کتێبخانە

(٤) هەژاریش بەم جۆرە تەرجەمەی کردووە:

بارانە دڵۆپێکی ڕژا دەریاوە
خۆڵێکە گەڕ و خولیە لەبەردەم باوە
ئەم هاتنی ناو ژیان و چوونەت چۆنە؟
مێشوولەیەک و تۆزێ گەڕا و گەڕیاوە.

گەورەکە دانەنرێت و تەنانەت کتێبی وای لێ بوو کە باسی حەقیقەتە لە وەسف بەدەرەکانی لە دوو توێدا گرتبوو.

پاش ئەوەی حەسەن لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا دەمرێ، جێگرەکەی کە هەر خۆشی دەسنیشانی کردبوو، جێی دەگرێتەوە، نەیوێرا لە ژوورەکەی ئەو دانیشێ و بەبێ ئەوەی باسی ئەوەش بکرێت کە ڕۆژێکیان جورئەتی ئەوەی کردبێت کە دەست بۆ تاقە شیشەڕاکە درێژ بکات، گەلێ دوای ئەوەی دامەزرێنەر کۆچی دوایی دەکات، دانیشتوانی هەڵەمووت زەندەقیان دەچوو کاتێک سەیری ئەو چوار دیوارەیان دەکرد کە حەسەنی گرتبووە خۆ؛ هەر توخنی ئەو گەرەکەش نەدەکەوتن، لە ترسی ئەوەی نەبادا چاویان بەسێبەرەکەی بکەوێت. ژیانی ئەو تایەفەیە هەر لەژێر سایەی ئەو یاسایانەدا پەیڕەوی دەکرا کە مورشید دایڕشتبوو؛ زوهدێکی لە ڕادەبەدەر بوو لە ژیانی موریدەکان. هیچ مومارەسە نەکرا، لەززەت چییە نەچێژرا و بەرامبەر بەجیهانی دەرەوەش توندوتیژیی زۆر و کوشتاری زۆر کە لەوەپێش نەکرابوو، تەنها بۆ ئەوەی ئەوە بەخەڵک بڵێین کە بە لەناوچوونی مورشید، چۆک بەموریدەکاندا ناهێنێت.

ئایا بەدڵێکی کراوەوە، ئەم موریدانە ئەم حەقیقەتەیان وەردەگرت؟ تا دەهات کەمتر دەبوونەوە. هەندێ جار فسکە فسک پەیدا دەبوو. بەڵام نەک بەنیسبەت بەساڵاچووەکانەوە، ئەوانەی لە کاتی ژیانی حەسەنا هاتبوونە پاڵ کۆمەڵە و ئەوانەی کە هەمیشە بەیادگاری ئەو ساڵانەوە دەژیان کە توندوتیژییەکی زۆریان لە هەوارەکانی خۆیان نواندووە و وا دەزانن کە جەڵەوشۆڕکردن، وا دەکات کە زوو کاریان لێ بکرێت. بەڵام ئەم بەساڵاچووانە ڕۆژ بەڕۆژ کەمتر دەبوون و ئیتر دانیشتوانی قەڵا لە کوڕ و کوڕەزا پێک دەهاتن. ئەوانیش هەر لە بێشکەوە فێری ژیانێکی سەخت و پڕ مشەقەتیان دەکرد و ناچاریان دەکردن کە ڕێز لە ڕێ و دەستوور و فەرمایشەکانی حەسەن بگرن؛ هەروەکو ئەوەی باسی کتێبی پیرۆزیان بۆ بکەن. بەڵام تا دەهات تیایانا کەسانی یاخیبوو سەری هەڵدەدا و ژیانێکی ئاسایی تیایانا چەکەرەی دەکرد.

ڕۆژێکیان چەند کەسێک جورئەتی ئەوەیان کرد کە بپرسن بۆچی دەبێ



ناچاریان بکەن کە ژیانی لاوانیان لەو دێرە - سەربازگایە بەرنەسەر کە خۆشیی چییە تێیدا نییە. داپڵۆسینێکی هەندە توندوتیژ سەپێنرابووە سەریان کە خۆیان لەوە دەپاراست کە بچووکترین ڕادەربڕین کە هاوتەبا نەبێت لەگەڵ ئەوەی ئەوان. لەناو خەڵکی، بێگومان، چونکە کۆبوونەوەکانی لە ماڵەکاندا بەوپەڕی نهێنی دەبەسترا. لاوە هەڵخەڵەتاوەکان لە لایەن ژنانەوە هان دەدران، بەتایبەتی ئەوانەی کە کوڕ یا برا و یا مێردەکانیان بەنهێنی بۆ حەملە نارد و هەرگیز نەگەڕابوونەوە.

لەم ئاووهەوا قورس و تەنگ و بێ مەنفەسە، یەکێک خۆی بەزمانحاڵ هەڵبژارد. لەوە زیاتر کەسی دیکە نەیدەوێرا کاری وا بکات: کوڕەزای ئەو کەسە بوو کە حەسەن خۆی بەجێگیر هەڵی بژاردبوو؛ داوا لەویش کرابوو کە دوا بەدوای مردنی باوکی ببێتە چوارەم مورشیدی گەورەی تایەفەکە.

ئەو لە هەموو ئەوانەی پێش ئەو جێگریان کردبوو، بەختی زیاتر بوو: چونکە لە دوای دامەزرێنەر لە دایک ببوو، بۆیە ژیانی ژێر تیرۆری بەچاوی خۆی نەبینیبوو، زۆر فزوولییانە تەماشای خانووەکەی دەکرد، بێگومان بەکەمێ ترسەوە، بەڵام بەبێ ئەو حەزە کوشندەیەی کە هیتران گیرۆدەی دەبوون.

تەمەنی هەڤدە ساڵان دەبێت، جارێکیان دەچێتە ژوورە قەدەغەکراوەکە و بەدەوریا دەخولێتەوە و دەگاتە حەوزە سیحراوییەکە و پەنجەی دەخاتە ناو ئاوە تەزیوەکەی و پاشان بەرامبەر بەتاقەکە ڕادەوەستێ، ئەو تاقەی کە کەشکۆڵەکەی تیابوو. وەخت بوو بیکاتەوە، بەڵام بەخۆیدا چووەوە و هەنگاوێک چووە دواوە و پاشان کشایە دواوە. بۆ ئەو سەرلێدانە نەیویست زیاتر خۆی بەشتەوە خەریک بکات.

کاتێک ئەم جێگرە بەکووچەکانی هەڵەمووتدا، بەڕاماوی پیاسەی دەکرد، خەڵکی دەهاتنە سەر ڕێگای و بەبێ ئەوەی زۆریش لێی نزیک ببنەوە؛ ڕستەی سەیروسەمەرەیان بۆ بەپیاهەڵدانیا دەوت. ئەویش، دیسانەوە هەر ناوی حەسەن بوو، بەڵام کاتێ لە خەڵک نزیک دەبووەوە بەناوێکی ترەوە بانگیان دەکرد: «قوتارکەر! ئەو کەسەی لە مێژە چاوەڕوان دەکرێت!» تەنها

له یەک شت دەترسان: کە پیرە پاسەوانەکەی حەشاشەکان ڕێگای لێ بگرێت بۆ ئەوەی ببێتە جێگر، چونکە ئاگاداری هەست و بۆچوونەکانی بوو و ڕۆژێکیشیان گوێی لێ بوو کە ناڕەزایی خۆی لەمەڕ ئەو ئاووهەوا قورسە دەربڕیبوو کە تایەفەکەی تیایا دەژیا. لە واقیعدا، باوکی نەیدەهێشت قسە بکات، بەڵکو بەوەش تاوانباری دەکرد کە گوایە خوانەناسە و خەیانەت لە ڕاوبۆچوونەکانی دامەزرێنەر دەکات. ئەوەشی لە بارەوە دەڵێن کە دووسەد و پەنجا لە پارتیزانەکانی کوشت و دووسەد و پەنجای دیکەی ناچار کرد کە تەرمی هاوڕێکانیان تاکو بناری چیایەکە بەپشت هەڵگرن. بەڵام لەبەرئەوەی تۆزقاڵێ بەزەیی باوکانەی تێدابوو، مورشیدە گەورەکە نەیدەوێرا تەقلیدی حەسەن سەباح بکاتەوە، ئەویش بەکوشتنی منداڵ ناوبانگی دەرکردبوو.

بەڵام کاتێک کە لە ساڵی ١١٦٢دا باوکی دەمرێ، کوڕە یاخییەکە، بەبێ هیچ زەحمەتییەک جێی دەگرێتەوە. بۆ یەکەمین جار، زۆر لە مێژەوە، دڵخۆشیی لە کووچە و کۆڵانەکانی هەڵەمووتدا هەستی پێ کرا.

بەڵام ئایا بەڕاستی پەیوەندی بەقوتارکەرەوە هەیە؟ موریدەکان لە خۆیان دەپرسی. ئایا ئەمە ئەو کەسەیە کە کۆتایی بەژان و خەفەتمان بهێنێ؟ ئەو هیچی نەدەوت. سەرقاڵ بەکۆڵانەکانی هەڵەمووتدا پیاسەی دەکرد یا لەژێر چاودێری ناسیخێک کە خەڵکی کرمان بوو، بۆ ماوەی زۆر لە کتێبخانەکە دەمایەوە.

ڕۆژێکیان بینیان بەهەنگاوی گورج و پتەو بەرەو خانووە کۆنەکەی ماڵی حەسەن سەباح دەڕوات. بەگوڕ پاڵ بەدەرگاکەوە دەنێ و بەرەو تاقەکە دەڕوات و بەهەردوو دەست، بەهێزێکی زۆرەوە شیشەکان هەڵدەتەکێنێ و لم و خۆڵێکی زۆر دەکەونە خوارەوە. کەشکۆڵەکە خەیام دەگرێت و دەری دەهێنێ و چەند پلاپیتکەیەکی نارێک لە بەرگەکەی دەدا و دەیخاتە ژێر هەنگڵی و دەردەچێ.

دەرگا لە ڕووی خۆی دادەخات و دەست دەکات بەخوێندنەوە و دووبارە خوێندنەوەی کەشکۆڵەکە و هەمیشەش بیری لێ دەکاتەوە. ئەم خوێندنەوە و



ڕامانە هەفتەیەک دەخایەنێ، پاشان فرمان دەردەکات و داوا دەکات کە هەموو دانیشتوان لە مەیدانەکە کۆ ببنەوە، چونکە تەنها هەر ئەو گۆڕەپانە جێی ئەو هەموو خەڵکەی تیا دەبووەوە.

ئەو ڕۆژەش کەوتە ٨ی خەرمانانی ساڵی ١١٦٤ەوە، هەتاوی هەڵەمووت لەسەر تەوقی سەر و لە دەموچاویی خەڵکی دەدات، بەڵام کەسێک نەیویست خۆی بدزێتەوە. بەلای ڕۆژهەڵاتەوە، سەکۆیەک بەتەختە دروست کرابوو، لە هەر گۆشەش بەیداغێکی گەورە بەرزکرابووەوە: یەکێکیان سوور و دووەمیان سەوز و سێیەمیان زەرد و چوارەمیان سپی بوو. هەموو تەماشای ئەو لایەنەیان دەکرد.

لە پڕێکدا، پەیدابوو. جلوبەرگێکی سپی لەبەرە کە چاوی دەبرد، لە پشتیشییەوە ژنەکەیتی و گەنج و خەنجیلانەیە و دەموچاو ڕووت و تەماشای عەرد دەکات و، لەبەر شەرم ڕوومەتەکانی ئاڵ هەڵگەڕابوون. پێدەچوو دوا گومان ڕەوببێتەوە، بۆیە لەناو خەڵکەکەوە بەبێ ترس کەوتنە چرپەچرپ: «خۆیەتی، قوتارکەرەکەیە!»

بەهەنگاوی دلێرانە، بەسەر پەیژەی سەکۆکەدا سەرکەوت بەدەست ئاماژەیەکی فراوانی کرد بۆ ئەوەی سڵاویان لێ کات و داواشیان لێ کات ئەو چرپە چرپە ڕاگرن. پێش ئەوەی دەست بەخوتبەکەی بکات، کە سەیرترین خوتبە بوو لە سەرتاپای جیهان، دەڵێ:

– بۆ هەموو دانیشتوانی جیهان، ئەجندە و مرۆڤ و فریشتە! ئیمامی زەمان دەتانخاتە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە و لە هەموو گوناهەکانیشتان خۆش دەبێت، چ گوناهی ڕابردوو بێت چ گوناهی داهاتوو.

«ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنێ کە یاسای پیرۆز لەغوو کرا، چونکە زەنگی ئاخرزەمان لێدرا. خودا ئەو یاسایەی سەپاندە سەرتان بۆ ئەوەی بەهەشتتان بکاتە پاداشت. لە ئیمرۆ بەدواوە، بەهەشت هی خۆتانە. کەواتە لە ئیمرۆ بەدواوە لەژێر ڕکێفی یاسا قوتارتان بوو.

هەموو قەدەغەیەک جایزە و هەموو ئەرکێک قەدەغەیە!

قوتارکەر بەردەوامە:

«هەر پێنج فەرزەی نوێژ قەدەغەیە. چونکە ئێمە لە بەهەشت داین و لە پەیوەندییەکی بەردەوامین لەگەڵ خالیق، ئیتر پێویست ناکات لە کاتی تایبەت ڕووی دەممان بکەینە ئەو؛ ئەوانەشی بەردەوام دەبن لە بەجێهێنانی ئەم پێنج فەرزە، ئەوە چونکە ئیمانی تەواویان بەڕۆژی ئاخیرەت نییە».

بۆ نموونە، شەراب بەگوێرەی قورئان خواردنەوەیەکی ئەهلی بەهەشتە. لە ئیمرۆ بەدواوە خواردنەوەی جایزە؛ ئەوەی نەیخواتەوە دیارە ئیمانی تەواو نییە.

«هەروەکو مێژوونوسێکی فارس دەیگێڕێتەوە، دوا بەدوای ئەوەی ئەم خوتبەیە، خەڵکەکە دەستیان بەلێدانی قیسارە کرد و شمشاڵیان دەژەنی و شەرابیان لە دامێنی سەکۆیەکە دەخواردەوە.»

کاردانەوەیەکی بێ سنوور، هەروەکو تەتەروفەکەی حەسەن سەباح، ئەمانیش بەپێچەوانەوە و بەناوی یاسای خوداوە هەموو شتێکیان دەکرد. هەندە نابات، جێگرەکانی قوتارکەر ئەم کەفوکوڵییە تەبشیرییە هێور دەکەنەوە و ئیتر هەڵەمووت بیرای ببڕ نابێتەوە بەو کانییەی کە بەئارەزووی مورشیدی گەورە شەهیدی لێ هەڵقوڵێ، بەڵکو ئیتر لەمەولاوە ژیان بەهێمنی تێدەپەڕێ و ئەو زنجیرە کوشتارانەی کە هەموو شارانی وڵاتی ئیسلامی هێنابووە زەلزەلە، تووشی وەستان دێت. ئەم تایەفە ڕادیکاڵەی کە ئیسماعیلییەکانیان پێ دەوترا، دەبێتە کۆمەڵەیەکی گەلێ موتەسامیح و نموونەییش.

بەواقیعیش، دوای ئەوەی قوتارکەر ئەم هەواڵە خۆشەی بۆ ئەهالی هەڵەمووت و ئەو دەوروبەرەی ڕاگەیاند و هەندەشی نەبرد وەفدی بەرەو لقی ئەم کۆمەڵەیە، چ لە ئاسیا، چ لە میسر نارد و وێڕای بەڵگەنامەش کە بەدەستی خۆی ئیمزای کردبوون. داواشی لە هەمووان کرد کە ڕۆژی ڕزگاری بکرێتە جەژن و بەگوێرەی ڕۆژمێری ئەلەکسەندەری یۆنانییەوە و سێیەمیشیان هی «عەللامەی هەردوو جیهان بوو، عومەر خەیامی نیشاپووری».

قوتارکەر بەهەموو هەڵەمووتی ڕاگەیاند کە کەشکۆڵەکەی سەمەرقەند،



وەکو کتێبێکی مەزن و پڕ لە حیکمەت دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هونەرمەندانیان ڕاسپارد کە بیرازێننەوە: نەققاش و هونەرمەندانی میناتور و سنووقێکی بچووکیش، زێڕکەفت کراو و بەردی نایابی تیا ختم کراویان بۆ تەرخان کرد بۆ ئەوەی تیای هەڵگیرێت. کەسێک مافی ئەوەی نەبوو کە بینووسێتەوە، بەڵام هەمیشە لەسەر مێزێکی نزم کە لە داری ئورز دروست کرابوو و لە ساڵۆنەکەی ژوورەوە دادەنرا کە کاربەدەستی کتێبخانە تیایا ئیشیان دەکرد. لە ژێر چاودێرییەکی تەواودا، هەندێ کەسی خاوەن ئیمتیاز دەهاتن و دەیانخوێندەوە.

تا ئەو کاتە، تەنها چەند چوارینەیەکی خەیام ناسرابوو، کە لە کاتی لاویی هەرزەییەکەیدا هۆنیبوویەوە، هی تر لەبەرکرا و وترایەوە و دووپات کرایەوە و هەندێکیش بەهەڵەوپەڵەی زۆرەوە، تووشی گۆڕانکاریی هاتن. هەر لەو کاتەشدا، غەریبترین دیاردە بڵاوبووەوە: هەر جارێک و شاعیرێک چوارینەیەکی بهۆنیبایەوە و کێشەی بۆ دروست بکردبایە، ئەوە دەیدایە پاڵ عومەر، سەدان چوارینەی دیکە و تێکەڵی چوارینەکانی خەیام بوون، ئیتر مومکین نەبوو بەبێ پەنابردنە بەر نوسخە ئەسلییەکە، چوارینەی درۆزنە لە هی ڕاستەقینە جودا بکرێنەوە.

ئایا بەپێی داواکاری قوتارکەر بوو کە کاربەدەستانی کتێبخانەکەی هەڵەمووت، لە باوکەوە بۆ کوڕ مێژووی ئەم کەشکۆڵەیان لەبەر دەکرد، تا ئەو شوێنەی کە ڤارتان جێی هێشت؟ بەلایەن ئەمە تاقە سەرچاوەیە کە زانیاریمان لەمەڕ کاریگەریی خەیام بەسەر تایەفەی حەشاشەکان و چۆنیەتی دۆنادۆنیشان دەداتێ. پەیوەندی ڕووداوەکان، کورتن بەڵام بێ هاوتان، بەم شێوەیە نزیکەی سەدەیەک بەردەوام دەبن، تا سەرهەڵدانی توندوتیژییەکی دیکە. ئەویش غەزووی مەغۆلەکانە.

شەپۆلی یەکەم، بەسەرکردایەتی جەنگیزخان خۆی بوو، بێگومان، بەگەورەترین ئافەت لەسەرتاپای مێژووی ڕۆژهەڵات دەناسرێتەوە. شاری جوان و ناودار وێران دەکرێن، دانیشتوانەکەی قڕ دەکرێن، وەکو پەکین و بوخارا و سەمەرقەند و لەگەڵ ئەهالیشدا مامەڵەی ئاژەڵ دەکرێ، ژنە گەنجەکانیان بەخەڵاتی سەرکەوتن دەدرانە ئەفسەرەکان و هونەرمەندانیان

بەدیل دەگرتن، ئەوانی دیکە ڕەشبکوژ دەکرێن، ئەو کەمایەتییەی لێ بترازێ کە لەژێر سێبەری قازییە گەورەکەی ئەوکات کۆبوونەوە کە هەر خێرا چوونە ژێر ویلای جەنگیزخانەوە.

سەرەڕای ئەو ئاخرزەمانە، وەک بڵێی سەمەرقەند بەخت یاری بووبێت، چونکە لە سەردەمی تەیموور لەنگ، جارێکی دیکە لەنێو خۆڵەمێشی خۆی دەبووژێتەوە و دەبێتەوە پایتەختی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی. بەپێچەوانەی شارانی دیکەوە کە ئیتر ببڕای ببڕ هەڵناسنەوە و بەتایبەت ئەو سێ شارەی وڵاتی خوراسان کە لە زەمانی خۆیدا هەموو چالاکییە ڕۆشنبیرییە جیهانییەکانی گرتبووەخۆ: مەرەڤە و بەڵخ و نیشاپوور. دەکرێ ڕەییشی بدرێتە پاڵ، کە بەبێشکەی پزیشکسازی ڕۆژهەڵات دەناسرێتەوە، وای لێ دێت ناوەکەشیمان لەبیر دەچێتەوە، دەبێ چەندین سەدە چاوەڕوان بین بۆ ئەوەی لە قەبرغەیەوە شاری تاران لە دایک بێت.

ئەمە دووەم غەزوە کە هەڵەمووت دووچاری دێت. لەوەی پێشتر خوێناویتر نییە، بەڵام وەختێکی زیاتر دەخایەنێ. چۆن دڵمان بەتیرۆری هاوچەرخانی خۆمان نەسووتێ، کاتێک کە لەشکری مەغۆلان لە چەند مانگێکدا گەیشتنە بەغدا و شام و کراکۆڤی و پۆلۆنیا و گەیشتنە ناوچەی زێتچوونی وڵاتی چین و وێرانیان کرد!

قەڵای حەشاشەکان بڕیاری تەسلیمبوونی دا، ئەو قەڵایەی بۆ ماوەی سەد و شەست و شەش ساڵ بەرگری لە خۆی کرد دژ بەداگیرکەرانی هەمەچەشن جەنگا! میر هۆلاکۆ، کوڕەزای جەنگیزخان سەری لە قەڵا دا و سەری لەو بیناسازییە سوڕدەمێنێ؛ وەکو ئەفسانەیەکیش دەیگێڕنەوە، هەندێ ئازووقەی دۆزییەوە کە هەر لە زەمانی حەسەن سەباحەوە هەڵگیرابوون.

دوای ئەوەی لەگەڵ یاریدەدەرەکانی هەموو کون و کەلەبەرێکی پشکنی، بڕیاری دا بەسەربازەکانی کە هەر هەمووی بڕووخێنن و بەردی بەسەر دارەوە نەهێڵن. بەکتێبخانەکەشەوە. بەڵام، پێش ئەوەی ئاگری تێبەردا، فرمانی دایە مێژوونووسێکی لاو کە تەمەنی سی ساڵێک دەبوو، جوڤاینی ناوێک بوو، کە سەر لە کتێبخانەکە بدات. ئەم مێژوونووسە بەئەمری هۆلاکۆ،



خەریکی نووسینەوەی «مێژووی داگیرکەرانی دونیا» بوو، کە تاکو ئیمڕۆش بۆ ئەوەی شارەزایی لەمەڕ غەزووی مەغۆلەوە ئاگادار بین، وەکو سەرچاوەیەکی دەگمەن دەناسرێتەوە. ئەو توانی بچێتە ئەو شوێنە ئەفسووناوییەی کە بەدەیان هەزار دەسنووسی تیا هەڵگیرابوو، لوول دراوە یا ڕێک خراوە، لە دەرەوەش ئەفسەرێکی مەغۆلی بەخۆی و گالێسکەیەکی دوو پاچکەیی چاوەڕوانی دەکرد. ئەوەی لەناو ئەو گالێسکەیە جێی بێتەوە ئەوە لە سووتان قوتار دەبێت. ئەمەش نەپەیوەندی بەخوێندنەوەی دەقەکانەوە هەبوو، نە بەناونیشانەکانییەوە.

جوڤاینی سونییەکی موتەحەمیس بوو، بەخۆی وت دەبێ ئەرکی یەکەمی من ئەوە بێ کتێبی خودا لە سووتان ڕزگار بکەم. هەر بەپەلە کەوتە خڕکردنەوەی قورئانەکان و هەر بەبەرگە ئەستوورەکانیان دەناسرانەوە و هەمووشی لە یەک شوێن دانرابوون. بیست قورئانێک دەبوو. بەسێ سەفەر هەمووی بۆ گالێسکەکە گوازتەوە و گالێسکەکەش هەر لەخۆیەوە پڕ بوو. ئەی باشە ئێستا چی تر هەڵبژێرێ؟ بەرەو ڕووی دیوارێک ڕۆیشت، لە ڕەفەکەش چەند بەرگێ کتێبی بینی کە جوان ڕیزکرابوون و چاوی بەکتێبەکانی حەسەن سەباح کەوت کە لە ماوەی ئەو سی ساڵەی کە لە خەڵوەتدا بوو، نووسیبوونی. ویستی تەنها دانەیەکی لێ قوتارکات، ئۆتۆبیۆگرافییەکە بۆ ئەوەی چەند بڕگەیەکی لێ دەربهێنێ بۆ نووسینەوەی ئەو کتێبەی کە لەژێر دەستی دایە. کتێبێکی دیکەی مێژوویی دیتەوە، پێدەچوو تازە نووسرابێت، کە باسی مێژووی هەڵەمووت و بەوردیش باسی ژیانی قوتارکەر دەکات. بەپەلە ویستی ئەمەیان لە فەوتان ڕزگار کات، چونکە بەسەرهاتی ئەم تایەفەیە، بەتایبەت هی ئەو سەردەمە لە ئیسماعیلییەکان زیاتر کەسی دیکە نەیدەزانی.

ئەم مێژوونووسە ئایا گوێی لە کەشکۆڵەکەی سەمەرقەند بووە؟ پێ ناچێ. ئەگەر گوێی لێ بوایە لە دوای دەگەڕا، ئەی ئەگەر بیدۆزیایەوە، ئایا قوتاری دەکرد؟ نازانین. باسی ئەوە دەکرێت کە چاوی بەچەندین کتێب دەکەوێت کە لە بارەی زانیاری باتینییەوە بوون و دەست بەخوێندنەوەیان دەکات و کاتی لەبیر دەچێتەوە. ئەفسەرە مەغۆلییەکە دێت و بەچەند

برگەیەک دەیخاتەوە یادی، لەشی بەبەرگێکی پوڵایین داپۆشرابوو، تەپڵە ئاسنینەیەکیشی لە سەر کە لە پشتەوەش هەموو ملی دەپاراست و وەکو قژ لەپشتەوە شۆڕ ببووەوە. مەشخەڵێکیشی بەدەستەوەبوو. بۆ ئەوەی ئەوە پیشان بدات کە بەلەزە، دەمی ئاگرەکە لە پەڕە و کاغەزی لوولدراوەی غوبار لەسەر نیشتوو نزیک دەکاتەوە. مێژوونووسەکە زیاتر لەسەری نەڕۆیشت، چەند کتێبێکی گرتە دەست و هەندێکی کردە ژێر هەنگڵ و بەبێ ئەوەی خۆی بەهەڵبژاردنەوە خەریک بکات و کاتێکیش کتێبی «نهێنی ئەزەلی ئەستێرەکان و ژمارەکانی» لە دەست بەربووەوە، نەنووشتایەوە بۆ ئەوەی هەڵی گرێتەوە.

ئا بەم شێوەیە، کتێبخانەکەی هەڵەمووت. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ سووتا بێ ژمارەش فەوتان و هەمووشی نوسخەی ئەسڵی بوون. وەکو باس دەکرا، کە گوایە لەو کتێبانە نهێنی وای تێدابوو کە لە هەموو جیهاندا شتی وا نەنووسرابوو.

بۆ ماوەیەکی زۆر وا دەزانرا کە کەشکۆڵەکەی سەمەرقەندیش یەکێ بوو لەو کتێبانەی هەڵەمووت کە بوونە زووخاڵ.



**کتێبی سێیەم**

# کۆتایی هەزارە

*لەخەو هەڵسە، بۆ نووستن ئەبەدییەتمان هەیە!*

عومەر خەیام

## XXV

تاکو ئێرە، زۆر کەم لە بارەی خۆمەوە قسەم کرد، زۆر بەوردی دەمویست باسی کەشکۆڵەکەی سەمەرقەند بکەم و بزانین چ شتێک لە بارەی خەیامەوە دەردەخات، لە بارەی ئەو کەسانەی کە ناسیی، ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە تووشی هات. ئەوەی ماوەتەوە، ئەوەیە چۆن ئەو کتێبەی کە لە سەردەمی مەغۆلەکاندا ون بوو و جارێکی دیش لە ناوجەرگەی ئەم سەردەمەی ئێمەوە سەری هەڵدایەوە، لە ڕێگای چ موغامەرەیەکەوە توانیم دەستی بەسەرا بگرم. دەبا لەوێوە دەستی پێ بکەین و بزانین چ ڕێکەوتێک سەیربوونی ئەو کتێبەی پێ ناساندم.

پێشتر ناوی خۆمتانم پێ وتبوو، من ناوم بنیامین ئۆ. لەساژە. سەرەڕای ئەوەی ئەم ناوە نەبرەیەکی فەرەنسی پێوەیە، ئەویش میراتی باووباپیرانمە کە لە سەدەی لویسی چواردە بەرەو ئەمەریکا کۆچییان کرد و من خۆم هاووڵاتییەکی ئەمەریکیم و لە ئاناپۆلی، لە مریلاندا لە دایک بوومە کە کەوتۆتە بەندەری چیساپیکەوە، جێگایەکی موتەوازوعە و کەوتۆتە سەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسی. پەیوەندی من لەگەڵ فەرەنسا، تەنها بەوەوە بەند نییە کە باووباپیرانی دێرینەم خەڵکی ئەو وڵاتە بوونە، باوکم هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو پەیوەندییە نوێ کاتەوە. هەمیشە لەمەڕ ڕەچەڵەکییەوە سووکە هاجسێکی هەبوو. لە دەفتەری قوتابخانەی ئەمەی نووسیبوو: «ئەرێ دەبێ (شەجەرەی نەسەبم) لەبەر ئەوە نەبڕابێتەوە بۆ ئەوەی قایەغی سەرهەڵگرتنی پێ دروست کرێت!». دەستی بەخوێندنی فەرەنسی کرد و

پاشانیش زۆر بەجۆشوخرۆشەوە، ئۆقیانووسی ئەتلەسی بەپێچەوانەی میلی کات بڕی.

چاک یا خراپ، ئەو ساڵەی کە هەڵی بژارد، بوو بەساڵی حەجکردنی. بەسواری پاپۆری سکۆتیا، نیویۆرکی لە ٩ی گەلاوێژی ١٨٧٩ جێهێشت و و لە ١٨ی هەمان مانگیش گەیشتە شێربورگ و بۆ ١٩، ئێوارەکەی لە پاریس بوو - شەڕ لە سەعات دوانزەی نیوەڕۆ ئیعلان کرابوو -. کشانەوە، پاشاگەردانی، داگیرکردن، برسێتی و کۆموونە، کوشتار، لە هەموو ژیانیدا، باوکم لە ساڵێکی وا جەنجاڵ نەژیا و لە هەموو ژیانیشی و بەجوانترین یادگاریش دەژمێردرێت. بۆچی ئەمە نەوترێت؟ دڵخۆشییەکی چەوتە کاتێک خۆت لەناو شارێکی گەمارۆدراودا دەدۆزیتەوە، هەموو ڕێگرەکان هەڵدەوەرێن کاتێک گونییە خۆڵ لە شەقام و کۆڵانەکاندا بەرزدەبنەوە، ژن و پیاوان کامەرانیی هۆزە سەرەتاییەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە. چەندین جار، لە ئاناپۆلی، لە دەوری قەلەموونی جەژن، دایک و باوکم زۆر بەکەیفەوە، باسی ئەو کەرتە خەرتوومەیان دەکرد کە لە ئێوارەی جەژنی سەری ساڵی پاریسی لێیان نابوو کە لای ڕووس، گۆشتفرۆشێکی ئینگلیزی شەقامی ئۆسمان بوو، نیو کیلۆیان بەچل فرەنک کڕیبوو!

هەندە نەبوو خۆیان بۆ شایی ئامادە کردبوو، دەبوایە ساڵی داهاتوو ژن بگوازنەوە و جەنگی بەسەرا هات و ئەو سەرچۆپییەکەی گرت. «هەرکە گەیشتمە پاریس، وەکو باوکم دێتەوە یادی، کردبوومە عادەت، هەموو بەیانیان دەچوومە قاوەخانەی ڕیشو لە شەقامی ئیتالیان. بەخۆم و باوەشێ ڕۆژنامەوە، لو تام، لو گولوا، لو فیگارۆ، لاپرێس[١]، لەسەر ئەسکەمبیلێک دادەنیشتم و دێڕ بەدێڕ دەستم بەخوێندنەوەیان دەکرد، لەناو دەفتەرە بچووکەکەشم، بەدزییەوە ئەو وشانەم دەنووسییەوە کە ماناکانیانم نەدەزانی وەکو **(guêtre)** یا **(moblot)**، بۆ ئەوەی کە گەڕامەوە میوانخانەکە، لە پاسەوانەکە بپرسم کە عەللامەیەک بوو هەر بۆ خۆی.

(١) ناوی ئەم ڕۆژنامانە بەزمانی فەرەنسی:

**Le Temps, Gaulaois, Le Figaro, La Presse.**



(بۆ ڕۆژی سێیەم، پیاوێکی سمێڵ ماشوبرنج هات و لەسەر ئەسکەمبیلەکەی تەنیشتم دانیشت. ئەویش باوەشە ڕۆژنامەی خۆی پێ بوو، بەڵام هەر زوو وازی لێ هێنا بۆ ئەوەی سەرنجی من بدات و پرسیارێکیشی لەسەر لێوان بوو، خۆی پێ نەگیرا، بەدەنگێکی کەرخ بانگی کردم، دەستێکیشی نابووە سەر گۆچانەکەی و نووکەکەشی بەشێوەیەکی عەسەبی لەسەر مەڕمەڕە تەڕەکە ختم دەکرد. دەیویست ئەوە بزانێت کە ئەو لاوە لەشساغە، بۆچی و هۆی چییە وا نەچۆتە بەرەی جەنگ و بۆ ئەوەی بەرگری لە نیشتمان بکات، بەنەبرەیەکی بەرێزەوە، هەرچەندە گومانی پێوە دیار بوو بەلاچاوێکیش سەیری دەفتەرەکەی دەکرد و ئەوەشی بینی کە چۆن لە چاوچووقاندنێکەوە هەندێ شتم تیا نووسی. پێویستم بەوە نەبوو کە ئەنجەت بدۆزمەوە و شێوەزمانەکەم بەس بوو بۆ ئەوەی بەرگریم لێ بکات. کابراکە زۆر دلێرانە داوای لێبووردنی لێ کردم و فەرمووی لێ کردم بۆ ئەوەی بچمە سەر مێزەکەی ئەو و دەستی کرد بەباسکردنی لافایەت و بەنیامین فرامنکلین و تۆکڤیل و پیار لانفان، پێش ئەوەی باسی ئەو بابەتەم بۆ بکات کە لە ڕۆژنامەکان خەریکی خوێندنەوەی بووم، مەبەست لە بابەتی جەنگە «ئەم جەنگە بەنیسبەت لەشکرەکەمانەوە تەنها پیاسەکردنێکە تاکو بەرلین و بەس».)

باوکم ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە ڕەتی بداتەوە. ئەگەر بێت و لەمەڕ هێز و توانای فەرەنسییەکان و پرووسییەکانی نەدەزانی، بەڵام بەشداری جەنگی ڕزگاری کردبوو و، هەروەها لە بارەگای ئەتلانتاش بریندار کرابوو. ئەوەشی وت کە «دەتوانم شەهادەتی ئەوە بدەم کە هیچ جەنگێک پیاسەکردن نییە. بەڵام زاکیرەی نەتەوەکان کورتبڕە و بارووتیش گەلێ مەستکەرە، نەمویست بکەومە دەمەتەقێوە لەگەڵی. کاتی گفتوگۆکردن نەبوو و ئەو کابرایەش داوای ڕادانی لێ نەکردبووم. جار ناجارێکش «توخوا وا نییە» یەکی دووبارە دەکردەوە و بەبێ ئەوەی مەبەستی پرسیارکردن بێت و منیش لەجیاتی بەڵێ، شانم بۆی هەڵدەتەکاند.

(کابرایەکی دڵگیربوو. ئیتر لەوە بەدواوە، هەموو سبەینانێک یەکتریمان دەبینییەوە. هەمیشەش هەر کەم دوو بووم، خۆی بەبەختیار دەزانی کە

ئەمریکییەک زۆر بەجەختەوە وەکو ئەو بیردەکاتەوە. دوای چوارەم مۆنۆلۆگ، هەمیشە هەر بەو حیماسەوە، ئەم پیاوە ماقوولە، بۆ نانی نیوەڕوان داوەتی کردم؛ هەندە سووربوو لەسەر ئەوەی چاوەڕوانی ڕازیی بوونی من بکات، بانگی عارەبانچییەکی کرد. دەبێ دان بەوەشا بنێم کە قەد پەشیمانی ئەو داوەتە نەبووم. ناوی شارڵ – ئوبێر دو لوسای بوو، لە کۆشکێکی تایبەتی لە شەقامی پواسۆنییەر دەژیا. ژنەکەی مردبوو، هەردوو کوڕەکەی سەرباز بوون. کچەکەشی بوو بەدایکی تۆ.)

تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، باوکیشم دە ساڵ لەو گەورەتر بوو. قەدەرێک بەبێدەنگی، لەنێو ئاووهەوایەکی نیشتمانپەروەرانەوە، لە یەکتر ورد دەبوونەوە. لە ٧ی خەرمانان بەدواوە، دوای سێ بەزینی یەک لەدوای یەک، ئەوە ئاشکرا بوو کە جەنگ دەدۆڕێنن و نیشتمان هەڕەشەی لێ دەکرێ و ئیتر باپیریشم بەوشەی کەم، شتی دەردەبڕی. کچەکەی و ئەو کوڕەی کە دەبێتە زاوای، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە خەمۆکییەکەی هێورکەنەوە و لەمەوە زۆر بەهاوشانی یەک دەچوون. ئیتر تەنها تەماشا کردنێک بەس بوو بۆ ئەوەی بەیەکتر بڵێن ئێستا نۆرەی کێیانە بۆ ئەوەی دڵی باپیرە بدەنەوە و بەحیکمەتی چ ئەنجەتێکیش.

(بۆ یەکەم جار، لە ساڵۆنە گەورەکە، بەتەنها یەکتریمان بینی، بەبێدەنگییەک، کە لە بێدەنگی گۆڕستانان دەچوو، دەستی پێکرد. پاشان دایانە تریقەی پێکەنین. هەردووک کەشفی ئەوەمان کرد، کە چەندین جار، لەسەر مێز بۆ نانخواردن دانیشتووین، قەد بۆمان نەلوابوو پێکەوە قسان بکەین. پێکەنینێکی فێنک بوو، دوو لایەنی بوو، زوو لێی بووینەوە، چونکە ئەگەر بهاتبایە درێژەمان پێی بدابایە، دەبووە شتێکی ناشرین. دەبوایە من وشەی یەکەم بدرکێنم. دایکت کتێبێکی نووساندبووە قەد سینەی، لێیم پرسی کە خەریکی خوێندنەوەی چییە.)

ئا لەوکاتەدا بوو کە عومەر خەیام هاتە ژیانمەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە بواری دامێ کە بێمە ژیانەوە. دایکم دەمێک نەبوو، چوارینەکانی خەیامی چنگ کەوتبوو، لە فارسییەوە ژ.ب. نیکۆلا، کاتێ وەکو وەرگێڕی باڵیۆزی فەرەنسا، لە وڵاتی فارس کارگێڕ بوو، تەرجەمەی کردبوو. لە ساڵی



١٨٦٧ لە چاپخانەی ئیمپریال چاپ کرابوو. لەناو کەلوپەلەکانی باوکیشم کتێبی (The Rubáiyat of Omar Khayyám) تیابوو، لە تەرجەمەی ئێدوار ڤیتزژێرالد، چاپی ساڵی ١٨٦٨.

(شادومانی دایکت لەوەی من زیاتر نەشارایەوە. گومانی ئەوەمان نەدەکرد کە ئیتر لەمەولاوە، جۆگەلەی ژیانمان دەڕژێنە یەکترییەوە، هیچ کاتێکیش بیرمان لەوە نەکردەوە کە ئەمە ڕێکەوتێکی لاوەکی بێت لەمەڕ خوێندنەوەی کتێبێکەوە. لە لەحزەیەکدا، عومەر وەکو کلیلی چارەنووسی لێهات بۆمان، کەواتە فەرامۆشکردنی دەبێتە گوناهێک. بێگومان، هیچمان لەمەڕ ئەو شتەوە نەوت کە ناوەوەی دەورووژاندین، قسەوباسەکان هەمووی لە دەور شیعرەکانا دەخولانەوە. دایکت ئەوەی پێ وتم کە ناپلیۆنی ٣، شەخسییەن فرمانی چاپکردنی ئەم کتێبەی داوە.)

ئا لەوکاتەدا، ئەوروپا تازە بەتازە خەیامی کەشف کردبوو. ئەوەش ڕاستە چەند پسپۆڕێک لەوەو پێشتر باسیان کردبوو، ئەلجەبرەکەی لە پاریس لە ساڵی ١٨٥١ چاپ کرا، چەند لێکۆڵینەوەیەکیش لە گۆڤارە تایبەتەکاندا دەرکەوتبوون. بەڵام ڕۆژئاواییەکان نەیان دەناسی و لە ڕۆژهەڵاتیش، چ شتێک لەپاش خەیام مابووەوە؟ ناوێک و دوو سێ ئەفسانە و چەند چوارینەیەکی سروشت نادیار و تەمومژێکیش لە دەوری ئەستێرەناسێکی بەناوبانگ.

کاتێکیش، لە ساڵی ١٨٥٩ شاعیرێکی نەناسراوی بەریتانی ڤیتزژێرالد ناوێک بڕیاری چاپکردنی حەفتاوپێنج چوارینە دەدات، کەسێک ئاوڕی لێ ناداتەوە. تەنها دووسەد و پەنجا نوسخەی لێ چاپ کرا، وەرگێڕەکە چەند ژمارەیەکی دا بەبرادەرانی خۆی ئەوانەی دیکەش لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکەی بێرنار کوارتیش، تەپوتۆزی لەسەر دەنیشت. (Poor old Omer)، ڤیتز ژێرالد، بۆ مامۆستای زمانی فارسییەکەی خۆی دەنووسێ: ئەم عومەرە پیرەمێردە وا دیارە سەرنجی کەس ڕاناکێشێت. لە ماوەی دوو ساڵ، دەزگای بڵاوکردنەوە بڕیاری ئەوە دەدات کە ستۆکەکە هەڕاج کرێت و سەرەتا نرخی پێنج شیلینگی بۆ دانا، (the rubaiyat) نرخەکەی داشکانرا و بوو بەیەک پینی، واتە شەست جار کەمتر. بەم

نرخەش کەس نەیدەویست. تاکو ئەو کاتەی کە دوو ڕەخنەگری ئەدەبی کەشفیان کرد، خوێندیانەوە. زۆر ئیعجابیان نواند. بۆ ڕۆژی دوایی گەڕانەوە. شەش نوسخەی تریان کڕی و بۆ ئەوەی بەدەوروبەریان ببەشنەوە. خاوەن دەزگاکە هەستی کرد کە بەهای کتێبەکە لە بەرزبوونەوە دایە، نرخەکەیان بەرزکردەوە و ئیتر بەدوو پەنس دەیفرۆشت.

دەبێ ئەوەش بڵێیم کە لە دوا سەفەرەکەم بۆ ئینگلتەرا، هەر لای کوارتیش خۆی، دەبوایە چوارسەد پاوەندی ئیستەرلینی بدەم بۆ ئەوە دوا کتێبی چاپی یەکەمم دەسگیر بێت!

بەڵام لە شاری لەندەن زۆر بەخێرایی ناوبانگی پەیدا نەکرد. دەبوایە بگاتە پاریس و مسیۆ نیکۆلا تەرجەمەکەی خۆی بڵاوبکاتەوە و تیۆفیل گۆتییە و لەسەر ڕووپەلی مۆنیتۆر ئونیڤێرسێل، لەژێر ناونیشانی «ئایا چوارینەکانی خەیامتان خوێندۆتەوە؟» بابەتێک بنووسی و بەتەواوی دەنگ بداتەوە. سڵاو لەو «ئازادیی تەواوی ئەو زیهنە بکات کە ئازاترین موفەکیری هاوچەرخ، بەئاستەم دەتوانی شان لەشانی بدات» کە ئەرنیست ڕێنان بیئازیزێنێ: «ڕەنگ بێ خەیام کابرایەکی یەکجار غەریب بێت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین و بزانین کە بلیمەتیی ئازایانەی فارسەکان لەنێو تەنگبەستی دۆگماتیسمی ئیسلامی چی لێهات»، بۆ ئەوەش کە لە دونیای ئەنگلۆ - ساکسۆنیش، یەکێکی وەکو ڤیتز ژێرالد و ( Poor old Omar)ەکەی لە بێدەنگی ڕزگاری بێت. ئینجا هاتنەوە هۆشێکی کۆمپلێت ڕووی دا. هەندەی نەبرد، هەموو وێنەی ڕۆژهەڵات لە دەوری تاقە ناوی خەیام کۆبووەوە و تەرجەمە دوای تەرجەمە دەکەوێتە بازاڕەوە و لە ئینگلتەرا دەزگای چاپەمەنیش دەکەونە گوڕ و لە چەندین شاری ئەمەریکاش، کۆمەڵەی «عومەری» دادەمەزرێن.

با ئەوەش دووپات بکەینەوە، کە لە ساڵی ١٨٧٠دا سەرەتای ناوبانگی خەیام بوو، هەموو ڕۆژێکیش بازنەی موعجیبینی عومەر لە زیادبووندا بوو، بەڵام هێشتا نێوەندی ڕۆشنبیرەکانی تەی نەکردبوو. ئەم خوێندنەوە دوو قوڵییەی دایک و باوکم وای لێکردن کە لە یەکتریش نزیک ببنەوە و بەجووتە هەوڵی ئەوە بدەن لە واتاکانی چوارینەکانی عومەرەوە قسان



بکەن: ئایا ئەو شەراب و خەراباتەی کە خەیام باسی لێوە دەکات، هەر وەکو نیکۆلا جەختی لەسەر دەکرد، ڕەمزی تەسەوفن؟ یا ئەوەتا، بەپێچەوانەوە، تەعبیر لە ژیانێکی پڕ لە هەوەس و، بگرە مەبەست لە ژیانێکی بەرەڵا دەکات، هەروەکو فیتززێرالد و ئەرنیست ڕێنان دەیاننووسی؟ گفتوگۆی ئەم بابەتە لەسەر لێویان تامێکی نوێی هەبوو. کاتێک باوکم باسی عومەری دەکرد، دەستی بەقژە بۆندارەکەی تاقە یارەکەی خۆیا دەهێنا، دایکم سوور هەڵدەگەڕا و لەنێوان خوێندنەوەی دوو چوارینەدا، یەکتریان ڕادەمووسی. ئەو ڕۆژەی کە بیریان لەوەش کردەوە کە شایی بکەین، پەیمانیان بەیەکتر دا کە یەکەم کوڕیان بوو ناوی بنێن عومەر.

لە ناوەندی ساڵی ١٨٩٠دا، سەدان کەس ناوی کوڕیان نابوو عومەر؛ کاتێکیش من لە ١ی خاکەلێوی **١٨٧٣** لە دایک بووم، هێشتا ئەم ناوە باو نەبوو. نەشیان ویست ناوێکی وا غەریبم پێوە بنووسێنن، کردیانە ناوی دووەمم، دەمتوانیش لە قوتابخانە لەژێر پیتی (**O.**)دا بیشارمەوە، برادەرەکانیشم هەر وایان دەزانی کە ڕەنگبێ، ئولیڤیە، ئوسوالد، ئۆسبۆرن یا ئۆرڤیل بێت، درۆشم لەگەڵ کەس نەدەکرد.

ئەو میراتەی کە بەم شێوەیە پێم گەیشت نەیتوانی فزوولییەتم بەرامبەر بەو خزمە دوورە تیا نەبووژێنێتەوە. لە پانزە ساڵیمدا، هەرچییەک لەمەڕ ئەوەوە نووسرابوو، خوێندمەوە. پڕۆژەیەکی لە بارەی ئەدەبیاتی فارسی بەرچاوگرت و بیریشم لەوە کردەوە کە سەفەرێکی وڵاتی فارس بکەم. بەڵام دوای ماوەیەک، قۆناغی پڕ لە کەفوکوڵ دامرکایەوە. بەڵێ، بەبڕوای هەموو ڕەخنەگران، شیعرەکانی فیتززێرالد، لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا، بەشاکار دەژمێردرێت، بەڵام پەیوەندییەکی زۆر لاوەکی بەوەی خەیامەوە هەیە. ئەوەی پەیوەندیشی بەچوارینەوە هەبێت، هەندێ لە نووسەران هەن باسی هەزار چوارینە دەکەن، نیکۆلاش لە چوارسەد چوارینە زیاتری تەرجەمە کرد و پسپۆرانیش دەڵێن تەنها سەد دانەیەک بە «چوارینەی سەحیح» دەژمێردرێن. عەللامەی ڕۆژهەڵاتی واش هەن، کە دەڵێن مومکین نییە تەنها چوارینەیەک عومەر خەیام بەتەواوی بناسرێتەوە و بەبێ گومان و

بەتەواوی بدرێتە پاڵ ئەو.

وا لێک دەدرایەوە کە ئەگەر کتێبێک ئەسڵی وجوودی هەبووایە ئەوە یارمەتی دەداین کە بەتەواوی چوارینەی راست لە هی چەوت جیا بکەینەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی وا نەبوو کە ئەوە بسەلمێنێ و کەشکۆڵێکی وا وجوودی هەبێت.

لە کۆتاییشدا، ئیتر ڕووم لەو کەسایەتییە و لەو شاکارە وەرگێڕا و لەوەش تێگەیشتم کە «O»ی ناوەکەی منیش، پاشماوەی هەرزەیی دایک و باوکمە. تاکو ڕۆژێکیان، ڕێککەوتێک، جارێکی دیکە دەمگەڕێنێتەوە سەر عیشقە هەوەڵینەکەم و جارێکی تر و زۆر بەجەختەوە، شوێن پێی خەیامم هەڵدەگرم.



## XXVI

لە کۆتایی هاوینیی ساڵی ١٨٩٥ بوو کە بەکەشتی بەرەوکێشوەرە کۆنەکە کەوتمەڕێ. باپیرەم دەمێک نەبوو ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوونی سازکردووە و ئیتر بەرەو حەفتاوپێنج ساڵ بەرەو ژوور هەڵدەکشێ و نامەی بۆ نووسیم و، هەروەها دایکیشم نامەی جەرگبڕی بۆ بەڕێ دەکردم. باپیرەم دەیویست پێش مردنی، هەرچۆنێک بێ بۆ جارێکیش بێت چاوی پێم بکەوێت. زۆر بەهەڵپە و هەموو خوێندنێکم خستە لاوە و لەسەر پاپۆڕەکە خۆم بۆ ڕۆڵی ئەوە ڕادەهێنا کە بەسەر قەرەوێڵەکەیا بنووشتێمەوە و دەستە سارد هەڵگەڕاوەکانی بەگەرمییەوە بگرم و گوێم بۆ دوا داواکارییەکانی هەڵخەم.

گشت ئەم هەموو شتانە زۆر بێ سوود بوون. باپیرەم لە شێربورگ چاوەڕێی دەکردم. وا هەست دەکەم لە بەندەری کالینی بینیم، لە گۆچانەکەی قیتتر بوو، سمێڵی بۆندار کردبوو و بەزەوق دیاربوو، کاتێک ژنان بەبەردەمیا تێپەڕینایە، دەستی بۆ شەپقەکەی دەبرد. کاتێکیش چووینە چێشتخانەی ئەمیرۆتێ، بازووی زۆر بەتوندیی گووشیم و بەنواندنەوە. «هاوڕێم، لاوێک تیاما زیندووبۆتەوە و پێویستیی بەهاوڕێییەکە.»

بەهەڵەدا چووم کە وشەکانیم بەجەختەوە وەرنەگرت، گەڕانەکانمان بەچایەخانە و بارەکاندا، شیکلی گێژەلووکەی وەرگرت. هێشتا بەتەواوی لای بریێان یا فۆیۆ یا لای پێر لاتویل، نانی ئێوارەمان تەواو نەکردبوو، دەبوایە خێرا خۆمان بگەیننە سیگال کە ئیۆگینی بوفێیان دەنواند، بچینە میرلتۆن کە ئەریستید بروانت سەما دەکا، یا بچینە سکالا کە ئیڤێت گیلبێر گۆرانییەکانی لێ ڤیەرژ و لو فۆتوس و فیاکر دەچڕێ. دوو برا بووین، سمێڵ سپی و سمێڵ بۆر، هەمان قیافە و هەمان شەپقە و، ژنانیش سەرەتا سەیری ئەویان دەکرد. بەهەڵپچڕاندنی هەر بوتڵە شەمپانیایەکیش، سەیری جوولەکانیم دەکرد، تەنها بۆ جارێکیش یەک هەڵە چییە نەمبینی. چرکەیەکی نەدەبرد قیت دەبووەوە و لە منیش خێراتر ڕەوتی دەکرد، گۆچانەکەی دەستیشی تەنها هەر بۆ زەوق بەدەستەوە دەگرت دەیویست لە

دوا خەزانی عومری، دوا گوڵەباغەکان لێکاتەوە. دڵخۆشیشم بەوەی کە باپیرەم نەوەد و سێ ساڵ ژیا. حەڤدە ساڵی دیکە، لاوێکی نوێیە.

ئێوارەیەکیان بردمییە گۆڕەپانی مادلێن و بۆ ئەوەی لە چێشتخانەی دوران نانی ئێوارە بخۆین. لە باڵێکی چێشتخانەکە، لە دەوری چەند مێزێکدا، گرووپی ئەکتەر و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار کۆبووبوونەوە و باپیرەم بەدەنگێک کە ئاشکرا گوێت لێ دەبوو، یەک بەیەک ناوی هەموویانی پێ وتم. لە ناوەندی ئەم ئاهەنگەدا، ئەسکەمبیلێک بەتاڵ بوو، بەڵام هەندەی نەبرد کابرایەک هات و زوو زانیم کە ئەو ئەسکەمبیلە بەتاڵە بۆ ئەو نەندراوە. هەر خێرا دەوریان دا، نەوازشیان دەکرد، هەرچییەکی دەوت جێگای ئیعجاب بوو، گەر پێویستیش بوایە ئەوە پێدەکەنین. باپیرەم هەڵسا و ئیشارەتی بۆ کردم تا دوای کەوم.

– وەرە، با ئامۆزا هینریت پێشکەش کەم!

ئەمەی وت و تا مێزەکەی ئەو دامییە دوای خۆیەوە.

پێش ئەوەی بەلای منا وەرچەرخێ، ئەم دوو ئامۆزایە باوەشیان لە یەکتر دا .

– کوڕەزا ئەمەریکییەکەم. گەلێ حەزی دەکرد کە بتبینێ!

بەئاسانی نەم دەتوانی ئەم موفاجەئەیە بشارمەوە. پێش ئەوەی دەمیش بکاتەوە، بەگومانەوە ئەو کابرایەی سەیری کردم:

– دوای پیاسەکردنەکەم بەتریسکیل[٢]، با ئێوارەی یەکشەممە بێت سەرم لێ دات.

کاتێک گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم ئینجا لەوە تێگەیشتم کە لەگەڵ کێ قسەم دەکرد. باپیرەم دەیویست بەهەر شێوەیەک بێت پێم بناسێنێ، زۆرجار، بەشانازییەکی عەشایەری قەڵس، باسی ئەوی دەکرد.

(٢) پێش ئەوەی پاسکیل دروست بکرێت، تریسکیل هەبوو، جیاوازی نێوانیشیان: یەکەمیان دوو پاچکەی هەیە و دووەمیشیان سێ پاچکە. (وەرگێڕ).



ڕاستە ئەم ئامۆزایە، لە دیوی ئێمە، لە دیوی ئەتڵەسی، زۆر کەم ناسراوە، بەڵام لە فەرەنسا، لە سارا بێرنار زیاتر ناوبانگی هەیە، مەبەست لە ڤیکتۆر - هینری دو ڕۆشفۆر - لوسای بوو، لەناو دیموکراتخوازەکانیشدا بەهینری ڕۆشفۆر دەناسرایەوە، مارکیزە و، لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە کۆموونییەکان، کۆنە پەرلەمەنتار و کۆنە وەزیر و کۆنە زیندانیی بوو. لەلایەن ڤەرساییەکانەوە، دوور دەخرێتەوە بۆ نوڤێل – کالادۆنی، لە ساڵی ١٨٧٤دا، بەشێوەیەک، دوور لە خەیاڵی ئینسان، لە زیندان هەڵدێت، هەموو هاوچەرخانی تووشی حەپەسان دەکات و ئیدوار مانێ تابلۆیەک دەکات، ناوی هەڵاتنی ڕۆشفۆر لێ دەنێت، لە ساڵی ١٨٨٩ جارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە تاراوگە، چونکە لەگەڵ ژەنەراڵ بولانژێ، موئامەرەیان دژ بەکۆمارییەکان سازکردبوو و ئیتر هەر لە لەندەنەوە ڕۆژنامە کاریگەرەکەی کە بەئەنتراسیژان دەناسرایەوە، دەردەکرد. لە ڕەشەمەی ١٨٩٥دا عەفووی عامی بەردەکەوێ و لەلایەن دووسەد هەزار پاریسییەوە، بەتامەزرۆیەکی زۆرەوە پێشوازی لێ کرا. ئوتوچیان و نانەواکان و شۆڕشگێرانی چەپ و ڕاست، ئیدیالیست و دێماگۆک، هەموو هاتبوون؛ ئاڵای سەد مەسەلەی دژ بەیەکیان هەڵگرتبوو. ئەم هەموو شتانەم دەزانی، بەڵام شتە جەوهەرییەکەم نەدەزانی.

لەو ڕۆژەی کە دیاری کرا، چوومە کۆشکە تایبەتییەکەی کە دەکەوتە شەقامی پیرگۆلێسەوە، ئەو کات بەهیچ جۆرێک نەمدەتوانی خەیاڵی ئەوە بکەم ئەو سەرلێدانەم بۆ یەکێ لە ئامۆزا خۆشەویستەکانی باپیرەم دەرگام بەسەر دونیای ڕۆژهەڵات بۆ دەخاتە سەرپشت.

بەم جۆرە دەستی بەقسەکردن کرد:

– کەواتە تۆی کوڕی ژەنڤیەڤی نازەنین، تۆ بووی کە ناویان لێ نای عومەر؟

– بەڵێ، بنیامین عومەر.

– دەزانی بەمناڵیی تۆم خستۆتە باوەش؟

هەلومەرج وای پێویست کرد بە«تۆ»[٣] لەگەڵم بدوێ، بەڵام ئەم بەکارهێنانە یەک سایدی وەرگرت.

– ڕاستە دایکم باسی هەڵاتنی ئێوەی بۆ کردووم و گەیشتیتە بەندەری سان فرانسیسکۆ و پاشانیش بەشەمەندەفەر خۆتان گەیاندە لای ڕۆژهەڵات. ئێمەش ئەو کات لە نیویۆرک بووین و هاتینە وێسگەی شەمەندەفەر، بۆ ئەوەی پێشوازیتان لێ بکەین. من ئەو کات تەمەنم دوو ساڵان بوو.

– زۆر بەچاکی دێتەوە یادم. باسی تۆ و خەیام و وڵاتی فارسمان کرد و من پێشبینی ئەوەشم کرد کە ڕۆژێکیان دەبێتە ڕۆژهەڵاتناسێکی مەزن.

ڕوو گرژییەکم پێ نیشان دا تا ئەوەی بۆ دەرخەم کە ئەم خووەم خستۆتە لاوە و ئێستا گرینگی بەشتی دیکە دەدەم، ئێستا نیازی ئەوەم هەیە لە بواری ئابووریدا بخوێنم و بەهیوای ئەوەشم ڕۆژێکیان بتوانم پەرە بەپرۆژەکەی باوکم بدەم، ئەویش لە بواری دروستکردنی پاپۆر و ئامێری دەریاسازییە. کاتێ خەونی خۆمم بۆ ئاشکرا کرد، زۆر بەڕوونی شکستیی بەڕوخسارییەوە دەرکەوت و ڕۆشفۆر دەستی کرد بەبەرگریکردن و شتەکانی تێکەڵ دەکرد لە نێوان نامە فارسییەکانی مونتێسکیۆ و بابەتە بەناوبانگەکەی کە لەژێر ناوونیشانی «چۆن دەکرێ ببینە فارسی؟» و موغامەرەکانی ماری پتی کە لەلایەن شاهی فارسەوە پێشوازی لێ کرا و خۆی بەباڵیۆزی لویسی چواردە دانا، بەسەرهاتی یەکێ لە ئامۆزاکانی ژان ژاک ڕۆسۆ بوو کە بەوەستای سەعات، ژیانی لە ئیسفەهان کۆتایی پێ هێنا. منیش تەنها هەر بەنیوەگوێ، سەرنجم دەدایێ. زیاتر سەرنجی زلیی سەری و هەنیە دەرپۆقیوەکەی کە لە سەرییەوە گژێ قژی زبر و لوول دەرهاتبووم دەدا. زۆر بەجۆشەوە قسەی دەکرد، بەبێ ئەوەی پفی قسەکانی بدات، بەبێ ئاماژەی دەستوپل. چونکە دەکرێ خەیاڵی ئەوە بکرێ، کە ئەو

(٣) لە زمانی فەرەنسی بەکارهێنانی ڕاناوی «ئێوە» زۆر بەکار دەهێنرێت. هەندێک جاریش لەبەر ڕێز و فاکتەری تەمەن، دەکرێ یەکێک «ئێوە» بەکاربهێنێ و ئەوی تریش «تۆ». (وەرگێڕ).



شەخسییەتە، بەتایبەتی کاتێک گوتارە ئاگرینەکانی خوێندبێتەوە، دەبێ چۆن دەست و بازوو ڕاوەشێنێ.

ڕۆشفۆر ئەوەشی بەجەختەوە وت:

– عاشقی وڵاتی فارسم هەرچەندەش پێم نەخستۆتە ئەو هەوارە. من ڕۆحی یەکێکی موسافیرم نییە. ئەگەر نەفی و وڵاتبەدەر نەکرابوومایە، بڕوا ناکەم قەد فەرەنسام جێهێشتایە. بەڵام ژیان دەگۆڕێ و ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە بنی دونیاش ڕوودەن، کارمان تێدەکەن. ئەگەر ئیمڕۆ، تەمەنم بیست ساڵێک بوایە، نەک شەست، ئەوە موغامەرەیەک بەرەو ڕۆژهەڵات هانی دەدام. بەتایبەتیش ئەگەر ناوم عومەر بوایە!

هەستم دەکرد کە ناچارم لەوەی ئەنجەت بۆ ئەوە بهێنمەوە بۆچی گرینگیم بۆ خەیام نەماوە. بۆ ئەمەش، باسی ئەوەم بۆ کرد کە گومانێکی زۆر لە دەوری چوارینەکانی هەن و دیوانێکی واش نییە کە بتوانین تەحقیق لەو ڕووەوە بکەین. تا دەهات، من قسەم بۆ دەکرد، ئەو لە چاوانییەوە تیشکێکی زۆر چڕ، داچۆڕاو و بەڵام من لێی تێ نەدەگەیشتم، دەردەهات، لەو شتانەی کە من باسم بۆی دەکرد، هیچیان شایانی ئەوە نەبوون کە تووشی ئەم ورووژاندنە بێت. حەزم دەکرد تێبگەم، چونکە هەرەسانم لەبەر گیرا، قسەکانم کورت کردەوە و لە پڕێکیشدا بێدەنگ بووم. ڕۆشفۆر بەگەرمییەوە پرسیاری لێ کردم:

– ئەی ئەگەر بێت و دەسنووسێک وجوودی هەبێت، ئەوکات سوودمەندیت بۆ عومەر خەیام دەبووژێتەوە؟

– بێگومان.

– ئەی ئەگەر بێت و پێت بڵێم کە بەچاوی خۆم دەسنووسێکی عومەر خەیامم هەر لێرە، لە پاریس بینیوە و پەڕەکانیشم هەڵداوەتەوە؟

## XXVII

ئەگەر بێت و بڵێین ئەم کەشفە، ژیانمی لە پڕێکدا قلْپ و دیو کرد، شتێکی ڕاست نییە. بڕوا ناکەم ڕەتفیعلێکی وام هەبووبێت کە ڕۆشفۆر چاوەڕوانی کردبێت. تووشی موفاجەئەبوون و پرسیار لەخۆکردن هاتم، بەڵێ. بەڵام دیسانەوە هەر گومانم دەکرد. بڕوای من بەو پیاوە بێ سنوور نەبوو. چۆن بکرێ ئەوە بزانین کە ئەو دەسنووسەی ئەو پەڕەکانی هەڵدەداتەوە، کەشکۆڵە ڕاستەقینەکەی خەیام بێت؟ فارسی نەدەزانی و دەکرێ لەم ڕووەوە تووشی چەواشەبوون هاتبێت. دەبێ چ هۆیەکی غەریب هەبێت کە کەشکۆڵی وا لە پاریس دۆزرابێتەوە و بەبێ ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسێک چاوی پێی کەوتبێت و ئاماژەی بۆ کردبێت؟ منیش لای خۆمەوە «جێی بڕوا نییە»یەکی زۆر ئەدەبم لە زار دەرچوو، بەڵام لە دڵەوە بوو، چونکە لە هەمان کات حیماسی ئەو و گومانی من دەبووژایەوە. چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە بڕوای پێ بکەم.

درێژەی بەقسەکانی دا:

– بەختم هەبوو کە ئینسانێکی زۆر بلیمەت بناسم، ئا لەو کەسانە بوو کە دەیویست بەنێو مێژوودا تێپەڕێ و بەئیرادەیەکی زۆریشەوە دەیویست کە جێ پەنجەی خۆی جێبهێڵێ. سوڵتانی تورک لێی دەترسا و مامە حەمەیی بۆ دەکرد و، هەرکە شای فارسیش گوێی لە ناوی دەبوو ڕادەچەڵەکی. سەرەڕای ئەوەی کە نەوەی پێغەمبەر بوو، لە ئیستەنبول دەرکرا، چونکە لە کۆنفرانسێکی گشتیدا، بەرامبەر بەمەلای گەورە، وتبووی کە پیشەی فەیلەسووف بۆ ئینسانییەت وەکو پیشەی پێغەمبەر وایە، ناوی جەمالەدین بوو، دەیناسی؟

چ بڵێم لەوە زیاتر کە نایناسم.

– کاتێک میسر دژی ئینگلیزەکان دەستی بەشەڕ کرد، بانگی ئەو پیاوەیان کرد. هەموو خوێنەوارانی دۆڵی نیل، فەزلی فێربوون دەگەڕێننەوە بۆ ئەو و بە«مامۆستا»ش بانگی دەکەن و زۆر ڕێزی لێ دەگرن. هەرچەندە، خەڵکی میسر نەبوو، تەنها بۆ ماوەیەکی کەم لەو وڵاتە مایەوە. نەفی



هیندوستان کرا، لەوێش توانی جموجۆڵێکی فیکری دروست بکات. لەژێر کاریگەری ئەو، ڕۆژنامە دەرکرا، کۆمەڵەی زۆریش دامەزرا. یاریدەدەری پاشا ڕەوییەوە، جەمالەدینیان لەوێش دەرپەڕاند، ئینجا ئەورووپای هەڵبژارد و لە لەندەن دانیشت، پاشان لە پاریس نیشتەجێ بوو و لە پاریس دەستی کرد بەچالاکییە هەمەچەشنەکانی.

(زۆر بەڕێکوپێکی بابەتی بۆ ئنتراسیژەن دەنووسی و زۆرجاریش دەمانبینی. شاگردەکانی خۆی پێ ناساندم، لە موسڵمانی هیندوستان و جوولەکەی میسر و مارۆنی سوریایی پێکهاتبوون. وا هەست دەکەم من هاوڕێیەکی نزیکی فەرەنسی ئەو بووم، بەڵام تاقە هاوڕێی نەبووم. ئێرنیست ڕێنان و ژۆرژ کلێمانسۆش دەیانناسی و لە ئینگلتەراش خەڵکی وەکو لۆرد سالبسوری و ڕاندۆلف چەرچل و ویلفرید بلونتیش دەیانناسی. پێش ئەوەی ڤیکتۆر هیگۆش کۆچی دوایی بکات، چاوی پێکەوتبوو.

(ئەم بەیانیەش، خەریکی پیاچوونەوەی چەند سەرنجێک دەربارەی ئەو بووم، نیازمە بیترنجێنمە ناو یاداشتەکانمەوە. ڕۆشفۆر دەستی بۆ چەکمەجەکە برد و هەندێ کاغەزی دەرهێنا و بەخەتێکی ورد لەسەری نووسرابوو و دەستی بەخوێندنەوەی کرد: «نەفی کراوێکیان پێ ناساندم کە لە هەموو وڵاتی موسڵمانانداا بەناوبانگە، جەلالەدینی چاکساز و شۆڕشگێر، کابرایەکە کەللەی لە هی پێغەمبەران دەچێت. چاوە جوانەکانی ڕەشن، پڕی لە میهرەبانیی و ئاگرە، ڕیشێکی قاوەیی زۆر تێری هەیە کە تا سەر سینەی شۆڕبووەوە و کە هەیبەتێکی زۆر دەگمەنی پێ بەخشیبوو. بەو کەسانە دەچوو کە کار بکەنە سەر حەشامات. کەم تا زۆر فەرەنسی تێدەگەیشت و بەزەحمەتی قسەی پێ دەکرد، بەڵام زیرەکییە دەگمەنەکەی هەمیشە لەسەرپێ بوو بۆ ئەوەی بەسەر جەهلی لەمەڕ زمانی ئێمەوە زاڵ بێت لەژێر ڕواڵەتە هێمن و حەواوەکەی، چالاکییەکی زۆر و زەبەنی هەبوو. زۆر خێرا ئاشنای یەکتر بووین، چونکە بەغەریزە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەم هەیە و هەموو ئازادیخوازەکان سەرنجم ڕادەکێشن... کاغەزەکانی هەڵگرتەوە و دەستی کردەوە بەقسەکردن:

– جەمالەدین ژوورێکی لە دوا نهۆمی میوانخانەیەک بەکرێ گرتبوو کە

دەکەوتە شەقامی سێزەوە، نزیک مادلێن. ئەو شوێنە موتەوازیعە بەس بوو بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکەی تیا دەربهێنێ و بەهەگبەش دەگەیشتە هیندوستان و عەرەبوستان. تەنها جارێکیان سەرم لە قەلەندەرخانەکەی دا، گەلێ فزوولی بووم بۆ ئەوەی بزانم بەچی دەچێت. جەلالەدینم بۆ نانی ئێوارە بۆ چێشتخانەی دوران داوەت کرد و پەیمانیشم دایێ کە دەچم هەڵی دەگرم. یەکسەر بەرەو ژوورەکەی سەرکەوتم. نەتدەزانی چۆن لەناو ژوورەکەیا هەنگاو بنێیت، هەندە ڕۆژنامە و هەندە کتێب پەرتوبڵاو بووبووەوە، لەسەر دۆشکەکەش کتێب دانرابوو و لە هەندێ شوێن تا بنمیچی ژوورەکە کتێب ڕیز کرابوو. بۆنی سیگار دەهات، پیاوی دەخنکاند.

سەرەڕای ئیعجابی زۆری بۆ ئەو شەخسییەتە، ئەم دوا ڕستەیەی بەلچ خوارکردنێکەوە وت کە هەستت دەکرد کە قێز دەکاتەوە، هانی ئەوەی دام کە هەر خێرا، سیگارەکەی خۆم بکوژێنمەوە، هاڤانێکی[٤] کەشخە بوو، هەندە نەبوو دامگیرساندبوو. ڕۆشفۆر بەزەردەخەنەیەک، سوپاسی کردم و دەستی کردەوە بەقسە:

– دوای ئەوەی داوای لێبوردنی لێکردم لەوەی کە ماڵەکەی شیاوی ئەوە نییە کە یەکێکی وەکو ئەو سەری لێ بدات، ئەو ڕۆژە جەمالەدین چەند کتێبێکی پێ نیشان دام کە ببووەوە هۆگری. بەشیکلێکی تایبەت ئەوەی خەیام و بەمیانتوری نازداریش ڕازاندرابووەوە. پێشی وتم کە ئەو کتێبە بەکەشکۆڵی سەمەرقەند مەشهوورە و گشت ئەو چوارینانەی تێدایە کە خەیام بەدەسوخەتی خۆی نووسیوێتی و لە پەراوێزەکانیشدا، مێژوو و بەسەرهاتی شاعیری تێدا تۆمارکراوە. بەتایبەت باسی ئەوەی بۆ کردم کە چۆن و بە چ ڕێگایەک ئەو کەشکۆڵەی کەوتۆتە دەست.

– **Good Lord!**

ئەم بانگەشە بەمیهرە ئینگلیزییەم پێکەنینێکی سەرفرازانەی بەخشییە هینری ئامۆزام، بەڵگەی ئەوەشی دایێ کە گومانە بەستەڵەکەکەم توایەوە و کە ئیتر ببڕای ببڕ گوێ قوڵاغ دەبم بۆ هەرچییەک دەڵێ. بەپەلە ویستی

---

(٤) مەبەست لە سیگاری شاری هاڤانای پایتەختی کوبایە. (وەرگێڕ).



زیاتر شتم پێ بڵێ.

– بێگومان زۆر بەدڵڕەقانە درێژەی بەقسەکانی دا، هەموو ئەو قسانەم لەیاد نەماوە کە جەمالەدین پێی وتم. ئەو ئێوارەیە بەتایبەت باسی سوودانمان کرد. ئیتر چاوم بەکەشکۆڵەکە نەکەوتەوە. دەتوانم شەهادەتی ئەوە بدەم کە ئەو کەشکۆڵە وجوودی هەبووە و بەڵام لەوە دەترسم کە ئیمڕۆ بزر بووبێت. گشت ئەو شتانەی کە هاوڕێیەکەم شکی دەبرد، یا سووتان یا دڕان یا پەرتوبڵاوبوونەوە.

– کەشکۆڵەکەی عومەر خەیامیش؟

بۆ هەموو وەڵامێکیش، ڕۆشفۆر بەشێوەیەک لچی خوار دەکردەوە، ورەی دەڕووخاندم. پێش ئەوەی بەعیشقەوە دەست بەڕاڤەکردن بکات، پەنای دەبردە بەر ئەو سەرنجانەی کە لەناو کاغەزەکان نووسیبووی:

– کاتێک کە شاە لە ساڵی ١٨٨٩ دێتە ئەوروپا. پێشنیاری ئەوە بۆ جەمالەدین دەکات کە بگەڕێتەوە وڵاتی فارس و «چۆن هەموو ژیانی لەناو ئەم گاورانە دەباتەسەر» و بەڵێنی ئەوەشی دابووێ کە وەزیفەیەکی بەرزی دەداتێ. دوورخراوەکە، مەرجی خۆی عەرز کرد: دەستوور دابین بکرێت و هەڵبژاردنیش ڕێک بخرێت و یەکسانیش بۆ هەمووان بەرامبەر بەیاسا ئیعلان بکرێت «هەروەکو لە وڵاتە شارستانییەکاندا» و دوا مەرجیش، گشت موساوەمەیەکی بێ سنووریش لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا هەیە دەبێ لەغو بکرێتەوە. دەبێ ئەوەش بوترێت کە بارودۆخی وڵاتی فارس، چەندین ساڵ دەبێت بۆتە جێی سەرنج و گەمەی کاریکاتۆریستەکانمان: ڕووسەکان کە تا ئێستا مۆنۆپۆلی دروستکردنی ڕێگاوبانیان بەدەستەوەیە، ئێستا کاروباری مەشق پێکردنی لەشکریشیان بۆ بڕایەوە. لیوایەکیان لە کۆزاکەکان دامەزراندووە، لە هەموو لەشکری فارسی چەک و تفاقیان زیاترە، ڕاستەوخۆش لەلایەن قۆماندانی قەیسەرەوە بەڕێوەدەبرێن؛ بەرامبەر بەمەش ئینگلیزەکان پارووە نانێکی چەوریان چنگ کەوتبوو، چونکە کان و دارستانەکانیان بەدەستەوە بوو و، هەروەهاش سیستەمی بانقیش هەر بەدەستی ئەوانەوە بوو؛ نەمساوییەکانیش، کاروباری پۆست، بەتەواوی کەوتبووە ژێر دەستی ئەوانەوە. داوای لە شا کرد کە مەلەکییەتی موتڵەق

لەغو بکرێتەوە و دەستی بێگانەش لە کاروباری وڵات بەڕێوەبردن کورت بکرێتەوە؛ جەمالەدین دەیزانی ئەم داواکارییانەی ڕەت دەکرێتەوە. بەڵام، وەکو موفاجەیەکی گەورە، شا هەموو داواکارییەکانی قبووڵ دەکات و پەیمانی ئەوەی دەداتێ کە هەواڵ بدرێت بۆ ئەوەی وڵات ڕێچەی نوێخوازی بگرێتەبەر.

(کەواتە، جەمالەدین گەڕایەوە بۆ وڵاتی فارس و لە دەوروبەری حاکمڕەوا دانیشت، بەڵکو لەمەش زیاتر، شا دەرگای زریقوباقی حەرێمی بۆ کردەوە و ژنەکانی پێ ناساند. بەڵام چاکسازییەکان بەهەڵواسراوی مانەوە. ئەی دەستوور؟ پیاوانی ئایینی، شایان ئاگادار کردەوە کە ئەمە دژ بەیاسای خودایە. ئەی هەڵبژاردن؟ دامودەستەکەشی ئاگاداریان کردەوە کە ئەگەر بێت و دەسەڵاتی موتڵەقی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە، وەکو لویسی شانزەی بەسەر دێ. ئەی موساوەمەکردن لەگەڵ بێگانە؟ ئەو ئیستسماراتانەی کە تا ئێستا هەن، لەغو کردنەوەیان مومکین نییە، شا هەمیشە بەدوای پارەیا غار دەدات، دەیەوێ لەگەڵ کۆمپانیای دیکە پەیوەندی دروست بکات: پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئینگلیزی بەست، بۆ مەبلەغێکی پووچ کە تەنها پانزە هەزار پاوەندی ئیستەرلینی بوو، خۆشەکردنی تووتنی ئەم وڵاتەی بخرێتە ژێر دەستیانەوە. نەک تەنها بۆ ناردنە دەرەوەی، بەڵکوو بۆ خەرجی ناوەوەش. ئەمە لە وڵاتێکدا، کە هەموو پیاوێک، هەموو ژنێک یا مێردمنداڵێک خوویەکی زۆریان داوەتە لەزەتی جگەرەکێشان یا نێرگیلەکێشان، بازرگانیی تووتن قازانجێکی زۆری دەسگیر دەبێت.

(پێش ئەوەی هەواڵی دەسبەرداریکردن لە بازرگانی تووتن لە تاران بڵاوبێتەوە، بڵاوکراوەی پڕ لە داشۆڕی بەنهێنی بەخشرایەوە و ئامۆژگاریی شا کرا کە لە بڕیارەکەی پەشیمان بێتەوە. بەڵکو نوسخەیەکیش فڕێ درابووە ژووری خەوتنی شاوە کە خێرا گومان لە جەمالەدین کرا. دوودڵ و خەمگین، جەمالەدینی موسلیح بڕیاری ئەوەی دا کە یاخیبوونێکی ئاسایشانە ڕێکخات. ئەمە عادەتێک بوو کە لە وڵاتی فارس پەیڕەوی دەکرا: کاتێک یەکێک ترسی گرتنی هەبوایە، خۆی دەخزاندە کۆنە مەزارێکی دەوروبەری تاران و ئیتر خەڵکی سەری لێ دەدەن و سکاڵا و



شکایەتی خۆیان بۆ بەیان دەکەن. کەسێک ناتوانێ لە موحەجەرەکانی نزیک بێتەوە و توخنی کەوێ. جەمالەدین ئا ئەوهای کرد، بەم شێوەیە جموجۆڵێکی مەزنی خستە ناو جەماوەرەوە. لە هەموو سووچێکی وڵاتی فارسەوە. بەلێشاو خەڵک دەهاتن بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرن.

(شا تووڕە بوو و فرمانی ئەوەی دەرکرد کە جێ لەق کرێت. وەکو دەڵێن شا زۆر دوودڵ بوو لەم غایەنەتییە، بەڵام یەکێ لە وەزیرەکانی، هەرچەندە پەروەردەی ئەوروپاش بوو، قەناعەتی پێ هێنا کە جەمالەدین مافی ئەوەی نییە لە مەزار بمێنێتەوە، چونکە ئەو فەیلەسووفە و کافرێکی ڕووتە. سەربازی چەک لە دەست ڕۆچوونە مەزارەکە و گەمارۆی مەزاریان دا و زەندەقی زیارەتکەرانیان برد و یەخەی جەمالەدینیان گرت و هەرچییەکی پێ بوو لێیان ساند و بەنیوە ڕووتی ڕایان کێشا و تاکو سنووریش نەوەستان.

(ئا لەو ڕۆژەوە، کەشکۆڵەکەی خەیام لەژێر پۆستاڵی جەندرمەی شادا ون بوو.

بەبێ وەستان، ڕۆشفۆر هەڵسا و پشتی بەدیوارەکەیا نا، دەستی خستە سەر و بەشێوەیەک ڕاوەستا کە میهری پێوە دیاربوو.

– جەمالەدین زیندوو بوو بەڵام نەخۆش، بەتایبەت هەستی بەعەیب و شوورەیی دەکرد کە ئەو هەموو زیارەتکەرانە. بەو ڕۆژگارە دەهاتن گوێی لێ بگرن، کاتێکیش بەوجۆرە پەلکێشیان کرد، کەسێک نارەزاییی خۆی دەرنەبڕی. کۆمەڵێ دەرسی لێوە هەڵهێنجا: ئەوێک کە هەموو ژیانی لەوەدا بردە سەر کە پەردە لە تاریکئامێزیی هەندێ ئایین هەڵبداتەوە، ئەوێک چ لە میسر، چ لە فەرەنسا چ لە تورکیا، سەری لە بارەگای فەرماسۆنەکان دەدا، ئێستاش دوا قەڵغانی کۆنە مەزارێکە بۆ ئەوەی دژ بە شا بەکاری بهێنێ. هەرچی چۆنێکیش بێت ئەنجامەکانی.

نامەیەکی درێژی بۆ گەورە پیاوانی ئایینیی وڵاتی فارس نارد، داوای لێکردن کە دەسەڵاتی خۆیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ڕێگا لە شا بگیرێ کە هەندە ماڵی موسڵمانان بەتاڵان بەرێت. ئیتر ئەوی دیکە خۆت لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامەکاندا خوێندوونتەوە.

باش دێتەوە یادم کە ڕۆژنامە ئەمەریکییەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە یەکێ لە قوتبە هەرە گەورەکانی مەزەبی شیعە، فەتوایەکی بڵاوکردەوە و کە تیایا وتبووی: «هەرکەسێک جگەرە بکێشی، ئەوە مانای ئەوەیە کە خۆی لە ئیمامی زەمان یاخی دەکات، ڕەببی بەزووترین کات بۆمانی ڕەوان کات» ، ئیتر هەر دوا بەدوای ئەم داواکارییە، ئیتر تەنها کەسێکیش دەستی بۆ جغارە درێژ نەدەکرد. نێرگەلەکان، یا شکێنران یا کۆکرانەوە و تووتنفرۆشان دوکانەکانیان داخست. لەنێو ژنانی شاشدا، ئەو قەدەغەکردنە بەتەواوی پەیڕەوی دەکرا. شا شێت و هاربوو. گەورە پیاوانی ئایینیی بەوە تاوانبارکرد کە هەست بەلێپرسراوی ناکەن «چونکە بەتەنگی ئەنجامەکانی ئەم قەدەغەکردنەوە نایەن کە چ کاریگەرییەک بەسەر تەندروستی موسڵمانانەوە جێ دەهێڵێ» . بەڵام ئەم توخن نەکەوتنە تەشەنەی کرد، خۆپیشاندانی زل و زەبەلاحیشی بۆ پیادە کرا، لە تاران و تەورێز و ئیسفەهان. ئیتر قۆنتەراتەکە لەغو کرایەوە.

ڕۆشفۆر بەردەوامیی دا بەقسەکانی:

– لەو کاتەدا، جەمالەدین سواری پاپۆر بوو و بەرەو ئینگلتەرا سەفەری دەکرد. لەوێ چاوم پێی کەوت و بەدووقۆڵییەوە زۆر باسوخواسمان کرد؛ هەستم کرد وەزعی لە حەیران دایە و هەمیشە «دەبێ شا بڕووخێنرێت»ی دووبارە دەکردەوە. پیاوێکی بریندار بوو، دڵشکاو و تەنها بیری لەوە دەکردەوە کە تۆڵەی خۆی بسێنێتەوە. هەندەی دیکەش شا، دەیویست حەوانەوەی لێ هەڵگرێ و بۆیە نامەیەکی بۆ لۆرد سالیسبوری نووسی کە وتبووی: «ئێمە کابرایەکمان ولاتبەدەر کرد چونکە دژی بەرژەوەندیی ئینگلتەرایە و لە کوێش داوای پەناهەندێتی دەکات؟ لە لەندەن؟» بەشێوەیەکی ڕەسمی وەڵامی شایان دایەوە کە بەریتانیای عوزما، وڵاتێکی ئازادە و هیچ یاسایەکیش ناتوانێ ئەوە قەدەغە بکات کە ئینسانێک نەتوانێ تەعبیر لە خۆی بکات. بەشێوەیەکی شەخسیش، پەیمانی ئەوەیان دایێ کە لە ڕێگای شەرعی دەگەڕێن بۆ ئەوەی چالاکی جەمالەدین تەسک بکەنەوە و داوای ئەوەشی لێ کرا کە ئیقامەتەکەی کورت کاتەوە. ئەمەش وای لێکرد بەرەو ئەستەنبووڵ سەری خۆی هەڵگرێ و مەرگێکی



ڕاستەقینەی لە ڕۆحی پەنگی خواردبووەوە.

– ئێستا لە ئەستەمبووڵە؟

– بەڵێ. وەکو پێیان وتم لەناو خەمۆکییەکی تەواودا دەژیت. سوڵتان خانوویەکی زۆر جوانی پێ بەخشیوە کە دەتوانێ برادەر و موریدەکانی سەری لێدەن، بەڵام ناتوانێ وڵات جێبهێڵێ و لەژێر چاودێرییەکی تەواویش دایە.

## XXVIII

حەپسخانەیەکی گەورەی دەرگا والایە: کۆشکێک کە لە دار و مەڕمەڕ، لەسەر گردی یولّدز دروست کرابوو و نزیکی ماڵی وەزیری گەورە؛ چێشتی گەرمیشیان لە چێشتخانەی سوڵتانەوە بۆ دەهێنا و میوانێکی زۆریش دەهاتن و لە موحەجەرەکانەوە ئاودیو دەبوون، پێش ئەوەی کەوشەکانیشیان دابکەندایە، دەبوایە بەدالانێکدا تێپەڕن. لە نهۆمی یەکەم، دەنگی مامۆستا دەنگ دەداتەوە، بەدەنگێکی کەرخ و بزوێنی داخراو و، ڕەخنەی لە وڵاتی فارس و شا دەگرت و باسی ئەوەی دەکرد کە کارەساتێکیش لە ڕێدایە.

بەهەنگاوی کورت، منێکی خەڵکی ئەمەریکا و بەشەپقەیەکی بچووکی بیانییەوە، هەنگاوی وردی بیانییەک، بەوریایی بیانییەکەوە کە سەفەرێکی دوورودرێژی لە پاریسەوە بەرەو ئەستەمبوول کردووە و حەفتا سەعات لەناو شەمەنەفەرێک و بەناو سێ ئیمپراتۆردا تێپەڕیوە بۆ ئەوەی دەسنووسێکی شیعرم دەسگیر بێت، چەند پارچە کاغەزی لە کا دروست کراو کە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامەتی پڕ لە پاشاگەردانییەوە هاتووە.

خزمەتکارێکم تووش هات. بەشێوەیەکی عوسمانی بۆم چەمایەوە، یەک دوو وشەی بەخێرهاتنی بەفەرەنسی لێ کردم، بەڵام بەبێ هیچ پرسیارکردنێک. هەموو ئەو کەسانەی کە سەر لەم کۆشکە دەدەن، بۆ یەک هۆ هاتبوون، ئەویش بۆ ئەوەی چاویان بەمامۆستا بکەوێت، گوێ لە مامۆستا بگرن یا سیخوڕیی بکەن. داوایان لێ کردم کە لە سالۆنی چاوەڕوانی هەندێک چاوەڕێ بکەم.

هەرکە چوومە ژوورەوە، هەستم بەوجوودی ژنێک کرد. ئەمە وای لێ کردم کە سەر شۆڕ بکەمەوە؛ زۆر باسی هەڵسوکەوت و تەقلیدی ئەم وڵاتەیان بۆ کردبووم و مست گووشراو و ڕوخسارگەش و زەردەخەنەش لەناو چاوان، چوومە پێشەوە. هەر بەورتەیەکی ژێر لێوەوە، شەپقەکەم بەرز دەکردەوە. بۆم ڕوون بووەوە، بەرامبەر بەو ژنەی کە دانیشتبوو، قەنەفەیەکی یەک نەفەری ئینگلیزییانە دانرابوو و چووم دانیشتم. بەڵام چاوم بەسەر



فەرشەکەیا گڕ دەدا، چاوم بەپێڵاوە سووکەکەی میوانەکە کەوت و بەسەر کراسە شین و زێڕینەکەیا هەڵگژا تا گەیشتە سەر ئەژنۆی، شان و پیلی، گەردنی تا گەیشتە سەر پەچەکەی. زۆر سەیر، چاوم بەر پەچە نەکەوت، بەڵکو پەچە هەڵدرابووەوە و دەموچاویم بینی و تەماشاکەمان لە یەکتریان دا. زەردەخەنەیەک. تەماشاکردنەکەم گەڕایەوە سەر فەرشەکە و سووچێکی کاشییەکانی ماڵی و جارێکی دیکەش بەناچاری گەڕایەوە سەر ڕوخساری ئەو، وەکو تەپەدوور سەر ئاو کەوتبێ. فۆتەیەکی ئاوریشمی تەنکی لووس بوو، هەندە بەس بوو بۆ ئەوەی بیانییەک ببینێ، بۆ ئەوەی بەسەر ڕوخساریا شۆڕی کاتەوە. بەڵام وا بیانیش لێرە دانیشتووە، بەبێ ئەوە پەچەکە بەسەر ڕوخساریا دابدرێتەوە.

ئەمجارەیان، وەکو بڵێی دوور دەیڕوانی و یارمەتی دەدام لایەکی ڕووی ببینم و لێی ڕامێنم، ڕوخساری برۆنزیی، خاڵێکی بێ گەردی بەخۆوە گرتبوو. ئەگەر بێت و نەرمونیانیی ڕەنگی هەبێت، ئەوە دەنگی ئەو بوو، ئەگەریش بێت و ئەفسوون ڕووناکیی هەبێت، ئەوە ڕووناکیی ئەو بوو. ڕوومەتم تەڕ بوو و دەستەکانیشم سارد. بەختیاریی موڵکی خۆم بوو. خودایە، چەندێ شەنگ بوو، یەکەم وێنەی ڕۆژهەڵاتم بینی! ژنێک بوو تەنها شاعیرانی بیابان دەتوانن گۆرانی بەسەرا هەڵدەن: دەیانتوانی بڵێن، ڕوخسار خۆر و قژیش دەبێتە سایە، چاوانی حەوزی پڕ ئاوی فێنک و باڵای زراف نەخڵ ئاسا، پێکەنینیشی سەراب و تراوێلکەیە.

قسەی لەگەڵ بکەم؟ ئاوها ؟ لەم سەری سالۆنەوە بۆ ئەوسەری سالۆن، دەستیش لەجیاتی دەنگ؟ هەڵسم؟ بەرەو ڕووی بچم؟ لە قەنەفەیەکی دیکە، لە تەنیشتی ئەوەوە دانیشتم، سەرچڵیی ئەوە بکەم کە ببینم چۆن زەردەخەنەکەی هەڵدەوەرێ و پەچەکەشی وەکو گوێزان بهێنێتە خوارەوە؟ جارێکی دیکەش، هەر بەرێکەوت، تەماشاکردنەکەمان یەکی گرتەوە، پاشان جارێکی دیکە، هەر بەگەمە، هەڵهات. خزمەتکارێک هات و شتەکانی پساند. سەرەتا، بۆ ئەوەی چای و جغارەم پێشکەش بکات، چەند ساتێک دواتر، تا عەردەکە چەمایەوە، بۆ ئەوەی بەتورکی، ڕووی دەمی بکاتە ژنەکە. ئەویش هەڵسا، پەچەکەی داگرت و جانتایەکی چەرمی

دایێ بۆ ئەوەی هەڵی گرێ. بەرەو دەرگای دەرەوە هەڵپەی کرد. ژنەکەش کەوتە دوای.

گەیشتە بەر دەرگای سالۆنەکە، هەنگاوەکانی هێورکردەوە، بۆ ئەوەی خزمەتکارەکە لێی دوورکەوێتەوە، ئاوڕێکی لە من دایەوە و بەدەنگێکی بەرز و بەفەرەنسییەکیش لەوەی من ڕەوانتر، وتی:

– چوزانین، ڕەنگ بێ ڕێگاکانمان یەک بگرنەوە!

بەئەدەبانە بوو، یا بۆ پەیمان، لەگەڵ ئەم ڕستەیەش، زەردەخەنەیەکی شەیتانانەی کرد، هەروەها هەستیشم کرد جۆرە تەحداکردنێک و وردە گلەییەکیشی پێوە دیار بوو. پاشان، لەو کاتەی کە دەمویست لە شوێنەکەی هەڵسم بەناقۆڵاییەکی تەواو و لەو کاتەی کە دەمویست لەسەر قەنەفەکەم هەڵسم و بەملاو ئەولادا دەهاتم، لەوە دەگەڕام کە هاوسەنگیی بدۆزمەوە و، هەروەها کێشێک بدەمە خۆم، ئەو ڕەق ڕاوەستابوو، تەماشاکردنە گاڵتەئامێزەکەشی پێچیمییەوە. وشەیەک ڕێی لێوەکانمی نەدۆزییەوە. ئەویش ئاوا بوو.

بەرامبەر بەپەنجەرەکە هێشتا بەپێوە ڕاوەستابووم و دەمویست لەنێو درەختەکانەوە، ئەو گالێسکەیە ببینم کە هێنابووی، دەنگێک لەنێو ئەو خەون بینیە هەڵیقەندم.

– بۆ ئەم تاخیر بوونە، داوای لێبووردنتان لێ دەکەم.

جەمالەدین بوو. بەدەستی چەپ سیگارێکی کوژاوەی بەدەستەوە بوو؛ بۆ ئەوەی تەوقەیەکی گەرمم لەگەڵ بکات، دەستی ڕاستی بۆ درێژ کردم.

– ناوم بنیامین لەساژە، لە لایەن هینری ڕۆشفۆرەوە هاتووم.

نامەکەم دایێ، وەک پێشەکی یەکتر ناسین، بەڵام بەبێ سەیر کردن، خستییە گیرفانییەوە و باوەشی بۆ کردمەوە و ناوچەوانیشی ماچ کردم.

– هاوڕێیانی ڕۆشفۆر بەهاوڕێیانی خۆم دەزانم و بەدڵێکی فراوانەوە قسەیان لەگەڵ دەکەم.

پیلێکی گرتم و بەرەو پەیژە لە تەختە دروست کراوەکە کە بەرەو نهۆمی یەکەم دەچوو، دامییە دوای خۆی.



– هینری هاوڕێم، وەزعی باشە، هیوادارم، گەڕانەوەی لە تاراوگە، سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە بوو. ئەو هەموو پاریسییەی کە هاتبوونە پێشوازی و ناوی ئەویان دووپات دەکردەوە، دەبێ چ بەختیارییەکی چنگ کەوتبێ! هەواڵەکەم وەکو ڕاپۆرتاژ لە ئەنتراسیژان خوێندەوە. بەڕێکوپێکی بۆمی دەنێرێ، بەڵام درەنگ بەدەستم دەگات. بەخوێندنەوەی، گوێم لە هەراوزەنا و قەڵەباڵغی پاریس دەبێت.

جەمالەدین بەتەلاشدان، فەرەنسییەکی ڕەوان قسەی دەکرد، هەندێ جاریش ئەگەر وشەیەکی لێ عاسێ بوایە و لێی بگەڕایە، ئەوە بۆیم دەچرپاند. کاتێک وشەکەی منیش ڕاست بوایە، ئەوە سوپاسی دەکردم، ئەگینا قووڵ دەبووەوە بنی زاکیرەی و کەمێکیش لێو و چەناگەی چەوت دەکردەوە. بەردەوامیی دا بەقسەکانی:

– لە پاریس، لە ژوورێکی تاریک دەژیام، بەڵام بەرەو دونیا واڵا بوو. سەدان جار لەم خانووە بچووکتر بوو، بەڵام ژیانم فەراحتر بوو. دەیان هەزار کیلۆمەتر لە میللەتەکەمەوە دوور بووم، بەڵام بۆ پێشکەوتنی، زۆر چالاکتر بووم لێرە، یا لە وڵاتی فارس زیاتر هەوڵم بۆیان دەدا. لە جەزاییر و کابوولەوە، گوێیان لە دەنگم دەبوو، ئیمڕۆ تەنها ئەوانە گوێیان لێم دەبێ کە بەهاتنیان گەورەم دەکەن. بێگومان هەمیشە بەسەرچاوان بەخێربێن، بەتایبەت ئەگەر لە پاریسەوە هاتبێتن.

– من خۆم لە پاریس ناژیم. دایکم فەرەنسییە و ناوەکەشم بۆنی فەرەنسی لێ دێت، بەڵام ئەمەریکیم. لە ماریلاند دەژیم.

پێدەچوو دڵی بەم شتە خۆش بێت.

– کاتێک لە ساڵی ١٨٨٢، لە هیندوستان دەرکرام، بەئەمەریکادا تێپەڕیم، توخوا بزانە، خۆ ئەوەشم بەخەیاڵا هات کە داوای جنسییەی ئەمەریکی بکەم. پێدەکەنی! زۆربەی هاوبڕواکانم پێیان شوورەیی دەبوو! سەید جەمالەدین، پەیامبەری بووژانەوەی ئایینی ئیسلام، لە بنەچەی پێغەمبەر، داوای جنسییەی لە وڵاتێکی فەلە بکات؟ بەڵام ئەمە بۆ من بەهیچ جۆرێک شوورەیی نەبوو، خۆ ئەمەشم بۆ وایلفرید بلونتی هاوڕێم

گێڕایەوە و ڕوخسەتی ئەوەشم دایێ کە لە یادنامەکەیدا تۆماری بکات. ئەنجەتەکەی من بۆ ئەم داواکارییە زۆر سادە بوو: لەسەر خاکی موسڵمانان‌دا، تەنها سووچێکیش نییە کە ئینسان بتوانێ دوور لە زۆرداریی بژێت. لە وڵاتی فارسدا، خۆم لە مەزارێک دالّدە دا کە بەعادەت و تەقلید، کەس ناتوانێ دەستم بۆ درێژ بکات، یەکێکە لە موحەرەماتەکان، جەندرمەی شا هاتنە ژوورەوە و لە دەستی سەدان کەس ڕفاندمیان، ئەوانەی کە دەهاتن گوێیان لێ دەگرتم، بەشیکلێکی ئیستیسنا و زۆر بەداخیشەوە، کەسێک نقەقەی نەکرد و کەسێک ناڕەزاییی خۆی دەرنەبڕی. خانەقایەک نییە، دانشگایەک نییە، کولانەیەکیشمان دەست ناکەوێ بۆ ئەوەی دەستی ئیستیبدادمان پێ ڕانەگات!

پێش ئەوەی دەست بەقسە بکاتەوە، بەدەستێکی لەرزۆکەوە، دەستی بەسەر شیکلی گوێی زەمینا هێنا کە لە تەختەی بۆیاغ کراو دروست کرابوو و لەسەر مێزێکی نزم دانرابوو:

– تورکیا خراپترە. ئایا من میوانی ڕەسمی سوڵتان عەبدولحەمیدی خەلیفە نیم؟ نامە لە دوای نامەی بۆ نەناردم و گلەیی ئەوەی لێ نەکردم هەروەکو چۆن شاهیش دەیوت چ دەکەی لەناو ئەم گاورانە؟ دەبوایە پێی بڵێم: ئەگەر بێت و ئێوە وڵاتەکەتان نەکردبایەتە زیندان، ئێمە بۆچی پەنامان دەبردە بەر ئەورووپییەکان! بەڵام من لاوازییم نواند و غەشیمیش بووم. هاتمە ئەستەمبووڵ و بەچاوی خۆت ئەنجامەکەی دەبینی. لەجیاتی دابودەستووری میوانداریەتی، ئەو نیمچە شێتە حەپسی کردووم. لەم دواییەدا، نامەیەکم بۆی نارد کە تیایا وتوومە: «ئایا من میوانی ئێوەم؟ ئەگەر وایە ڕوخسەتی ئەوەم بدەنێ با بڕۆم ! من زیندانیی ئێوەم؟ زنجیر بخەنە دەست و پێم و بمخەنە کونی زیندانەوە!» بەڵام نەیویست وەڵامم بداتەوە. ئەگەر ئێستا جنسییەی وڵاتە یەکگرتووەکانم ببوایە، یا هی فەرەنسا، یا هی نەمسا – هەنگاری، ئەوە هەر باسی ڕوسیا و ئینگلتەرا مەکە، ئەوە ئێستا باڵیۆزەکەم بەبێ لە دەرگادان دەچووە لای وەزیری گەورە و لە زەرفی نیو سەعاتدا، ئازادی دەکردم. پێتان دەڵێم، ئێمەی موسڵمانی ئەم سەدەیە، ئێمە هەتیوین.



هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوڕی دایە خۆی بۆ ئەوەی بەردەوام بێت:

– دەتوانی هەموو ئەو شتانە تۆمار بکەیت کە باسم کرد، تەنها ئەوە نەبێ کە عەبدولحەمیدم بەنیمچە شێت دایە قەڵەم. نامەوێ هیوای ئەوەم نەمێنێ کە ڕۆژێکیان نەدەمە شەقەقەی باڵ و ئەم قەفەزە جێ نەهێڵم. وەکی دی درۆیە، چونکە ئەو پیاوە هەر شێتێکی تەواوە، تاوانبارێکی ترسناکیشە، تا سنووری نەخۆش گومانبازە، بەتەواو خۆی تەسلیمی فالّچییە حەلەبییەکەی کردووە.

– ترسی ئەوەتان نەبێت، تەنها وشەیەکیش لەمەڕ ئەم بابەتەوە نانووسم. داواکارییەکەیم بەهەل زانی بۆ ئەوەی چ گومانێک هەبوو بیڕەوێنمەوە.

– دەبێ ئەوەتان پێ بڵێم کە من ڕۆژنامەنووس نیم. ڕۆشفۆر کە ئامۆزای باپیرەمە، داوای لێ کردم بێم و سەر لە جەنابتان بدەم و ئامانجی هاتنەکەی منیش نە نووسینی بابەتێکە لەسەر وڵاتی فارس، نە بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیشە لەسەر جەنابتان.

باسی گرینگی پێدانی خۆمم لەمەڕ کەشکۆڵەکەی خەیامەوە کرد، باسی ئەوەم بۆی کرد کە چەندێ حەز دەکەم ڕۆژێکیان بتوانم پەڕەکانی هەڵدەمەوە و بەوردیش دیراسەی ناوەڕۆکی چوارینەکان بکەم. بەسەرنجێکی ورد و بەحەزێکی ئاشکراشەوە گوێی بۆ ڕاگرتبووم.

– زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەوەی بۆ چەند ساتێک لەم کاروبارە ئازاربەخشە ڕزگارت کردم. ئەم مەوزووعەی کە تۆ باسی دەکەی هەمیشە جێی بایەخدانی من بووە. ئایا لە پێشەکییەکەی نیکۆلا کە بۆ چوارینەکان نووسیبووی، بەسەرهاتی سێ هاوڕێیەکەت خوێندەوە، نیزامولمولک، حەسەن سەباح و عومەر خەیام؟ سێ شەخسییەتی زۆر جیاوازن، بەڵام هەریەکە و ڕۆحی ئەبەدی میللەتی فارس دەنوێنن. من هەندێ جار هەست دەکەم لە هەمان کاتدا هەر سێیەکیانم. وەکو نیزامولمولک، خەون بەوەوە دەبینم کە دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنم، با لەلایەن سوڵتانێکی تورکی قەڵسیشەوە بەڕێوەچێ. وەکو حەسەن سەباحیش، تۆوی یاخیبوون بەسەر هەموو خاکی ئیسلامەتیدا دەڕژێنم و لە هەموو ناوچەیەکیش موریدم هەن

تا مەرگیش بەدواوەم بن...

بێدەنگ بوو، ڕاڕا، بەخۆیا چووەوە و بزەیەک و هەڵی دایەوە:

– وەکو خەیامیش، لە لەززەتی دەگمەن دەگەڕێم کە لە ئێستادا ڕوو بدات و شیعر لەمەڕ شەراب و خەرابات و ساقی و مەحبووبە بهۆنمەوە، هەروەکو ئەویش خۆم لە زاهیدی درۆزن بپارێزم. لە هەندێ چوارینە، عومەر باسی خۆی دەکات، کاتێ دەیانخوێنمەوە، هەست دەکەم ئەوە منم، کاتێ دەڵێ: «لەسەر زەمینی ڕەنگیندا، پیاوێک پیادەیە، نە دەوڵەمەند و نە هەژار، نە خواناس و نە خوانەناس، هیچ حەقیقەتێک دەستەمۆ ناکات و وەفاداری هیچ یاسایەکیش نییە... لەسەر خاکی ڕەنگین، دەبێ ئەو پیاوە ئازا و غەمگینە کێ بێت؟»

کە ئەمەی وت سیگارەکەی داگیرساندەوە و بیریی دەکردەوە. پشکۆیەکی چکۆلانەی کەوتە سەر ڕیشەکەی، بەدەستێکی لێزان فڕێی دا و کەوتەوە قسە:

– هەر لە منالیمەوە، ئیعجابێکی گەلێ زۆرم بۆ خەیام هەیە، خەیامی شاعیر، بەڵام بەتایبەت خەیامی فەیلەسووف، بیرکەرەوەیەکی ئازاد. زۆریش جێی سەرنج ڕاکێشانیشم بوو کە لەم دواییيە غەزووی ئەمەریکا و ئەورووپای کرد. دەبێ ئەوە بزانن کە چەندێ بەختیار بوو بەدەسنووسەکەی خەیامم بەدەستی خۆم هەڵدابێتەوە.

– کەی ئەو دەسنووسەت چنگ کەوت؟

– کاتێک لە هیندوستان بووم پێشکەشیان کردم، گەنجێکی فارس ئەو هەموو ڕێیەی بڕیبوو بۆ ئەوەی چاوی بەمن بکەوێت. ئا بەم شێوەیە خۆی پێشکەش کردم: «ناوم میرزا ڕەزایە، خەڵکی کرمانم، کۆنە بازرگانی بازاڕی تاران بووم، خزمەتکاری گوێڕایەڵی جەنابتانم.» زەردەخەنەیەک گرتمی، پێیم وت، «کۆنە بازرگان» چ دەگەیەنێ، ئینجا دەستی بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی خۆی کرد. «تازە دوکانێکی جلوبەرگم کردبووەوە، کوڕێکی شاە دێت و هەموو کاڵاکانی، شاڵ و فەرووەکانی دەبات و تەنها هەزار و دووسەد تومەنی دەداتێ، واتە هەزار دۆلار. بەڵام کاتێک میرزا ڕەزا، بۆ



ڕۆژی ئایندە دەچێتە ماڵی میر و داوای هەقەکەی خۆی لێ دەکات، دوای جوێن و دارکاری، وتبوویان ئەگەر جارێکی دی پێ بخاتە ئێرەیا، هەڕەشەی مردنیان لێ کردبوو. بۆیە بڕیار دەدات بێت و من ببینی. لە کەلکوتا دەرزم دەوتووە. ئەوەشی وت: «ئێستا لەوە تێدەگەم کە بەپاکی ناکرێت لە وڵاتێکی ئیستیبدادیدا، بەحەڵاڵ پارووە نانی خۆت پەیداکەیت. ئەی تۆ نەبووی داوای ئەوەت دەکرد کە دەبێ دەستوور و پەرلەمانێک لە وڵاتی فارس دابمەزرێت؟ لە ئیمڕۆ بەدواوە بەهەرە دڵسۆزترین کەسی خۆتم بژمێرە. دوکانەکەم داخست و ژنەکەم بەجێ هێشت و هاتووم دوای تۆ کەوم. چاوەڕوانی ئەمری تۆم!»

کاتێک جەمالەدین باسی ئەو دوکاندارەی دەکرد، غەم دایگرت.

– قسەی ئەو بازرگانە، کاری لێ کردم و کەمێ حەیرانی کردم. من فەیلەسووفێکی عەودالم، نە ماڵم هەیە نە نیشتمان، ژنم نەهێنا بۆ ئەوەی نەبێتە بار قورسی بۆم، نەشم دەویست کە ئەو پیاوە دوام کەوێت و بەمەسیح، یا قوتارکەر، یا ئیمامی زەمانم بزانێ، بۆ ئەوەی پەشیمانی بکەمەوە، پێیم وت: «ئایا پارەی چڵکن، ئەوە دەهێنێ کە واز لە بازرگانییەکەت و خێزانەکەت بهێنی؟» ڕووی گرژ کرد و وەڵامی نەدامەوە و چووە دەرەوە.

دوای شەش مانگ هاتەوە. لە باخەڵی، سنووقۆکەیەکی لە زێڕ دروستکراوی دەرهێنا کە بەبەردی نایاب ڕازاندرابووەوە و بەکراوەیەیی پێشکەشی کردم.

– تەماشای ئەم دەسنووسە بکە، بایی چەند دەبێت؟

هەڵم دایەوە، لە ناوەڕۆکەکانی گەیشتم و شاگەشکەی کردم.

– دەقە ئەسڵییەکانی خەیامن؛ ئەم نیگار و ئەم نەخشانە، ئەمە نرخی نییە!

– هەزار و دوو سەد تومەن زیاتر؟

– هەر زۆر زۆر لە سەرووی ئەم نرخەوەیە!

– پێشکەشی تۆی دەکەم، هەڵی گرە. میرزا ڕەزا دەیەوێ ئەوە بهێنێتەوە

یادت کە کاتی خۆی پەنای هێنایە بەر تۆ لەبەرئەوەی نەبوو کە پارەکەی چنگ کەوێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە هاتبوو کەرامەتی بدۆزێتەوە.

(ئا بەم شێوەیە، جەمالەدین باسی ئەوەی کرد کە چۆن ئەو کەشکۆڵەم دەسگیر بووە و هەرگیز لێم جیا نەبووەوە. چوومە وڵاتە یەککگرتووەکان و ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ڕووسیا و وڵاتی فارس، هەر لەگەڵما بوو. کاتێک خۆم لە مەزارەکەی شا عەبدولعەزیمیش داڵدە دا، هەر لەگەڵما بوو. ئا لەوێ لێم ون بوو.

– ئایا دەزانی ئێستا دەبێ لە کوێ بێت؟

وەکو پێم وتی، کاتێک گرتمیان، تەنها یەک کەس جورئەتی ئەوەی کرد بەرەو ڕووی جەندرمەکانی شا ببێتەوە، ئەویش میرزا ڕەزا بوو. هەڵسا و دەستی بەهاوار کرد و گریا و دەستی بەجوێندان کرد و پێیی وتن هەی ترسنۆکینە و بەرگریی دەکرد. گرترا و ئەشکەنجە درا، بۆ ماوەی چوار ساڵ خرایە حەپسەوە. کاتێکیش بەرەڵایان کرد، هات بۆ ئەستەمبوڵ و سەری لێ دام. نەساغ دیاربوو و ناردمە خەستەخانەکەی فەرەنسی کە لە ئەستەمبوڵ بوو، تاکو سەرماوەرزی ڕابردوو هەر لەژێر چاودێری بوو. زۆر هەوڵم دا کە لای خۆم ڕایگرم، لەوە دەترسام کە بگەڕێتەوە و بیگرنەوە. بەڵام نەیویست. دەیوت، دەچم بەدوای کەشکۆڵەکەی خەیامدا دەگەڕێم، وا دیار بوو تەنها شت بێت کە بایەخی پێ بدات. هەندێ جار وایە، خەڵکی هەن، لە هاجیسێکەوە بەرەو هاجیسێکەوە سەوڵ دەدەن.

– چ هەستێکت لا دروست بوو؟ ئایا کەشکۆڵەکەی هەر ماوە؟

– تەنها میرزا ڕەزا دەتوانی وەڵامت بداتەوە. ئیدیعای ئەوەی کرد کە سەربازەکەی دۆزیوەتەوە، ئەوەی کە لە کاتی گرتنەکەم هەڵمەتی بۆ بردبوو. لە هەموو حاڵەتێکدا، بڕیاری دابوو کە بچێ بیبینێ، لەم ڕووەوە قسەی لەگەڵ بکات و لێی بکڕێتەوە، خودا دەزانێ بەچەندێ.

– ئەگەر مەسەلە وەرگرتنەوەی دەسنووسەکە بێت، پارە هیچ بایەخێکی نامینێ!

زۆر بەگەرموگوڕییەوە قسەم دەکرد. جەمالەدین بەوردی سەیری دەکردم،



برۆکانی گرژ کردنەوە و بەرەوڕووم خۆی چەماندەوە وەکو ئەوەی فەحسم بکات.

– وا هەست دەکەم ئێوە لەو میرزا بەدبەختە کەمتر بەپەرۆشی ئەو کەشکۆڵەوە نین. لەم حاڵەتەدا، تەنها یەک ڕێگات لە بەردەم دایە، ئەویش بچیت بۆ تاران! گەرانتی ئەوەت نادەمێ کە ئەو کتێبە دەدۆزیتەوە، بەڵام ئەگەر بێت و لێی بزانی، ڕەنگبێ شوێنەواری دیکەی خەیام بدۆزیتەوە.

وەڵامە عەفەوییەکەم، پێدەچوو، پێشبینییەکەی ئەو بسەلمێنێ:

– ئەگەر فیزەم دەسکەوێت، ئامادەم سبەینێ سەفەر بکەم.

– ئەمەیان گرفت نییە. نامەیەکت دەدەمێ بیدەنە قونسوڵی وڵاتی فارس لە باکۆ، ئەو ئیتر ئیجرائاتی پێویست وەردەگرێت و گەرانتی ئەوەشت دەداتێ کە بەسەلامەتی بگەیتە ئەنزیلی .

پێدەچوو جەمالەدین شڵەژانێکی لەسەر ڕوخسارم خوێندبێتەوە و ویستی کەمێ ڕابوێرێ.

– بێگومان، بیر لەوە دەکەنەوە: چۆن دەکرێ یەکێکی نەفیکراو، نامەیەک بۆ نوێنەری حکومەتی فارس بنێرێت و تەکلیفیان لێ بکات؟ ئەوەش بزانە کە موریدم لە هەموو شوێنێک هەیە، لە هەموو شارێک، لە هەموو نێوەندێک، تەنانەت لەناو دامودەزگای شاهیشدا. پێش چوار ساڵ لەمەوبەر، کاتێک لە لەندەن بووم، لەگەڵ برادەرێکی ئەرمەنی ڕۆژنامەیەکمان دەرکرد، بەرزمەی بچووک بەنهێنی دەگەیشتەوە فارس. بەمەش شا حەپەسا، بانگی وەزیری پۆستی کرد و فرمانی دا کە بەهەرچی نرخێک بێت دەبێ بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە ڕاوەستێت. وەزیریش، داوای ئەوەی لە هەموو گومورگ کرد کە هەرچی پاکەتێک کە جێی گومانە، دەبێ بینێرن بۆ ئەو. مژێکی لە سیگارەکەی دا، دوکەڵەکە لەگەڵ قاقایەکدا پەرتوبڵاو بووەوە

جەمالەدین بەردەوامی دا بەقسەکانی:

– ئەوەی کە شا نەیدەزانی ئەوەبوو کە وەزیری پۆست یەکێ بوو لە موریدە هەرە دڵسۆزەکانم و بەتایبەتیش ئەوەم پێ ڕاسپاردبوو کە ئەرکی

بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە بخاتە ئەستۆی خۆی و بەباشیش بڵاوکرێتەوە!

پێکەنینەکەی جەمالەدین، هێشتا وەکو تەرەقە بڵاو دەبووەوە لەو کاتەی کە سێ میوانی فێس لەسەر، فێسی ئاڵ هەروەکو خوێن، هاتنە ژوورەوە. جەمالەدین هەڵسا، بەخێرهاتنی لێکردن، باوەشی پیاکردن، فەرمووی دانیشتنی لێکردن، بەعارەبی هەندێ قسەیان کرد. مەزەنەی ئەوەم کرد کە پێیان دەڵێ من کێم و داوایان لێ دەکات کە هەر ئێستا دەگەڕێتەوە لایان. گەڕایەوە لای من.

– ئەگەر بڕیاری ئەوەت داوە سەفەر بۆ فارس بکەیت، چەند نامەیەکت بۆ دەنووسم، سبەینێ وەرەوە نامەکان ئامادەن. لە هەمووی گرینگتر، ترسی هیچت نەبێ، کەس بیر لەوە ناکاتەوە ئەمەریکییەک بپشکنێت.

بۆ ڕۆژی دوایی، سێ زەرفی بۆر، چاوەڕێم بوون. بەدەستی خۆی و بەکراوەیی دایمێ. یەکەمیان بۆ قونسوڵی باکۆ، دووەمیشیان بۆ میرزا ڕەزا، کاتێکیش دەستم بۆ سێیەمین نامە برد، ئەم تەعلیقەی دا:

– با ئەوەشت پێ بڵێم کە ئەو کابرایە کەمێ تێکچووە و تووشی وەسواسی هاتووە، تەنها بەقەد پێویست ئاشنایەتی بکە. زۆرم خۆش دەوێ، گەلێ ڕاستگۆ و دڵسۆزە، بێگومان لە هەموو موریدەکانیشم بێ گەردترە، بەڵام ئامادەی ئەوەشە کە ڕەفتارێکی زۆر شێتانەشی لێ بوەشێتەوە.

هەناسەیەکی هەڵکێشا، دەستی کردە گیرفانی پانتۆڵە فڵتە بۆرەکەی کە لەژێر کراسێکی سپییەوە بوو:

– بگرە، ئەمەش دە لیرەی زێڕ، بیدەرە میرزا، هیچی نییە، ڕەنگ بێ برسیشی بێت، بەڵام هەندە دڵ بڵندە شوورەیی دەکات دەست پان بکاتەوە.

– باشە لە کوێ چاوم پێی دەکەوێ؟

– بەڕاستی نازانم. نەماڵی هەیە، نە خێزان، وێڵ و عەوداڵە. بۆیە سێیەم نامەم بۆ نووسیوی بۆ ئەوەی بیدەیتە کابرایەکی دیکە، ئەویان زۆر جیاوازە. کوڕی بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەندی بازاڕی تارانە، ڕەنگ بێ تەمەنی تەنها هەر بیستساڵێک بێت، ئەویش وەکو هەمووان، بەهەمان



ئاگر برژاوە، هەمیشە نوکتەی لەسەر زارە، ئامادەشە فیکرەی گەلێ شۆڕشگێڕانە بەزەردەخەنەی منداڵێکی تێروتەسەلەوە بگێڕێتەوە. هەندێ جار ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرم کە شتێکی ڕۆژهەڵاتیی تێدانییە. دەیبینی، بەجلوبەرگێکی فارسییەوە، ساردوسڕیی ئینگلیزیی و ئەفکاری فەرەنسی و زیهنی ئازادی کلیمەنسۆیانەی هەیە. ناوی فازیلە. ئەو دەتگەیەنێتە لای میرزا. ئەوەشم پێی ڕاسپاردووە کە بەپێی توانا چاوێکی لە میرزا بێت. ئەوەش دەزانم کە ڕەنگە نەتوانێ ڕێگای سەرشێتیی لێ بگرێت، بەڵام ئەو دەزانێ لە کوێیە.

ویستم هەڵسم بۆ ئەوەی بڕۆم. زۆر بەگەرمی ماڵئاوایی لێ کردم و دەستمی قەدەرێک لەناو دەستی هێشتمەوە:

ڕۆشفۆر لە نامەیەکدا نووسیبووی کە ناوت بنیامین عومەرە. لە وڵاتی فارس تەنها بنیامین بەکاربهێنە و ناوی عومەر بەسەر زارتا مەهێنە.

– هەرچەندە کە ناوی خەیامیشە!

– لە سەدەی شانزەوە، لەو سەردەمەی کە وڵاتی فارس مەزەبی شیعەی هەڵبژارد، ئەم ناوەیان تۆڕی کرد، ڕەنگە سەرئێشەی گەلێ زۆرت بۆ دروست کات. وا هەست دەکرێت کە بەم ناوە خۆمان بەڕۆژهەڵاتی دەزانین، بەڵام نازانین خۆمان لەناو شەڕوشۆڕ دەدۆزینەوە.

لچ خوارکردنەوەیەکی پەشیمانیی و دڵدانەوە و ئاماژەیەکی بێ دەسەڵاتیشی کرد. سوپاسیم بۆ ئەو ئامۆژگارییانەی کرد، خۆم بادایەوە بۆ ئەوەی بڕۆم، بەڵام گرتمی:

– دوا شت. دوێنێ چاوتان بەکیژێکی گەنج کەوت کە بەتەمای ڕۆیشتن بوو، قسەتان لەگەڵی کرد؟

– نەخێر، بۆم ڕێک نەکەوت.

– کوڕەزای شایە، ناوی شازادە شیرینە. بۆ هەر هۆیەکی دیاریکراو، هەستت کرد کە هەموو دەرگاکان بەڕووتا داخراوە، نامەیەکی بۆ بنێرە و ئەوەی بهێنەوە یاد کە لێرە بینیوتە. وشەیەکی ئەو بەسە بۆ ئەوەی تەگەرە چییە لەبەردەمت نەمێنێ.

بەسوار کەشتی چارۆگەدار، تاکو ترێبیزۆند دەریای ڕەش هێمنە، زۆریش هێمنە، با بەکزیی هەڵی کردووە، چەندین سەعات دەبێ هەر هەمان دیمەنی کەنار و هەمان گاشەبەرد و هەمان دارودەوەنی ئەناتۆلیمان لێوە دیارە. لە شکایەت کردنەکەمدا. بەهەڵەدا چووبووم، پێویستیم بەکاتی بێ گرێ هەبوو، چونکە مەشقێکی سەخت چاوەڕێی دەکردم: دەبێ هەموو ئەو گفتوگۆیانە کە لە کتێبەکەی نیکۆلادا هەیە، مەبەست لە وەرگێڕەکەی خەیامە، دەبێ هەموو گفتوگۆی فارسی - فەرەنسییەکان لەبەر بکەم. چونکە پەیمانم بەخۆ دابوو کە لەگەڵ خانەخوێیەکانمدا بەزمانی زگماکی ئەوان قسە بکەم. ئەوەشم دەزانی چ لە وڵاتی فارس، چ لە وڵاتی تورکیادا، لەناو خوێنەواران و بازرگان و لێپرسراوە گەورەکاندا، زمانی فەرەنسی باوە و دەیزانن. هەندێکیش هەن کە ئینگلیزیش دەزانن. بەڵام کاتێ لەو نێوەندە تەسکانە بێیتە دەرێ، لە سەرا و مەفەوەزیەتییەکان دەرچی و لە شارە گەورەکان جێ بهێڵی و بچیتە ناوچە دێهاتییەکان ئەوە دەبێ فارسی بزانی.

ئەم خۆئامادەکردن و تەحەداکردنە وزە و زەوقی دەدامێ، لەزەتم لە کەشفکردنی وردەکاریی زمانەکەی خۆم بەرامبەر بەزمانە لاتینییەکانی دی، دەبینی. (**(pére, mére, frére, fille)**, **«father»**, **«mother»**, **«brother»** **daughter**)بەفارسی دەبنە (پادر و مادر و برادر و دوختەر)، خزمایەتی زمانە هیندوئەورووپییەکان لەمە چاکتر ناکرێ ڕوون کرێتەوە. فارسەکان بە **«Dieu»**[١] دەڵێن «خودا»، وشەیەکە زۆر لە وشەی **«God»**ی ئینگلیزییەوە نزیکە یا لە **«Gott»**ی ئەڵمانییەوە تا لە «الله»ی عارەبییەوە. جگە لەم نموونانە، کاریگەریی زمانی عارەبی زۆر بەسەر فارسییەوە ئاشکرایە، شتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشیشە: زۆر وشەی فارسی هەن دەکرێ وشەی عارەبییان لە جیاتی دانێی، لەمەش زیاتر لەناو

(١) بە فەرەنسی واتە خودا. (وەرگێڕ).



خوێنەواران، هەندێ جار بەئەنقەست، وەکو کەشخەییەکی ڕۆشنفیکریی بەکار دەهێنرێت و لەناو ڕۆشنبیران زۆر باوە کە وشەی عارەبی یا هەندێ جار هەر ڕستەی تەواو بخزێننە نێو قسەکردنەکانیانەوە. بەتایبەت جەمالەدین، زۆر حەزی لەم بەکارهێنانە دەکرد.

پەیمانی ئەوەم بەخۆم دا، درەنگتر خۆم فێرە عارەبی بکەم. ئێستاش کارێکی زۆرم لە پێشە بۆ ئەوەی دەقەکانی نیکۆلا لەبەر بکەم، جگە لە زمان فێربوون، گەلێ زانیاری سوودبەخشی لە وڵاتەکەوە تیابوو. لە کتێبەکە چاومان بەگفتوگۆی لەم چەشنە دەکەوت:

- ناوی ئەو بەرهەمانە چین کە بتوانی لەگەڵ خۆتا بیبەی؟

- شاڵی کرمان و میرووی ورد و ناسک، پیرۆزە، فەرش، تووتنی شیراز، ئاوریشمی مازەندەران، سانگسو[٢]، لوولەی پایپ کە لە دار کەرەز دروست کراوە.

- کاتێ لە سەفەر دەبین، ئایا پێویستیمان بەچێشت لێنەری تایبەتی خۆمان دەبێت؟

- بەڵێ، لە وڵاتی فارسدا، ناتوانین هەنگاوێک چییە بهاوێین بەبێ ئەوەی ڕایەخ و فەرش و خزمەتکاری خۆمان لەگەڵ نەبێت.

- چ دراوێکی بێگانە لە وڵاتی فارسدا ڕەواجی هەیە؟

- ئیمپریالی ڕووسی، کۆربۆڤان و دوکاتی هۆڵەندی. دراوی فەرەنسی و ئینگلیزیی زۆر دەگمەنن.

- ناوی شاهنشای ئێستا چییە؟

- نەسرەدین شاه.

- وەکو دەوترێن شاهەنشایەکی تاکو بلێیی چاکە.

- بەڵێ، گەلێک بەتەنگی بێگانەوە دێت و تا بڵێیی بەخشندەیە. ڕۆشنبیرێکی گەورەیە، ئاگاداری مێژوو و جوگرافیا و نیگار و فەرەنسیش دەزانێ و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانیش وەکو «عەرەبی و تورکی و فارسی، زۆر

(٢) (**sangsue**) بەفەرەنسی و بەعارەبی (عَلَقة)ی پێ دەوترێت: جۆرە کرمێکە، لە بواری پزیشکسازییدا، بۆ مژینی خوێن بەکار دەهێنرێت. (وەرگێڕ).

بەڕەوانی قسەیان پێدەکات.

کە گەیشتمە ترێبیزۆند، چوومە میوانخانەی ئیتالّیا، تاقە میوانخانەشە لە شارەکە، شوێنێکی فەراحە، بەمەرجێ ئەگەر بتوانی ئەو تۆپەڵە مێشانە لە یاد بکەیت کە لەسەر هەموو ژەمێک دەیان کردە ڕۆژی خۆیان و بێ تاقەتت دەکەن. منیش بەناچاری لاسایی ڕێبوارەکانی دیکەم دەکردەوە و بەچەند فلسێک مێرمنداڵێکم بەکرێ گرت بۆ ئەوەی خەریکی مێش پاسکردن بێت. لە هەمووی ڕەحەتتر ئەوەبوو کە ئیقناعی کەم لە پێش چاوم لە بەینی دۆڵمە و کەبابەکاندا نەیفلیقێنێتەوە. هەندێ جار بەگوێی دەکردم، بەڵام هەر کاتێک کە مێشێک بکەوتایە بەر باوەشێنەکەی ئەوە زۆر زەحمەت بوو ئەو ئارەزووە هێور کاتەوە و لێی نەدا.

بۆ ڕۆژی چوارەمیش، شوێنێک لەسەر کەشتی پۆستی زەریایی دەست کەوت، کەشتییەک بوو لەنێوان مەرسایی و ئەستەمبووڵ و ترێبیزۆنددا هاتوچۆی دەکرد، دەگەیشتە باتووم، بەندەرێکی ڕووسییە کە دەکەوێتە سەر دەریای ڕەشەوە. لەوێشەوە سواری شەمەنەفەری ترانسقەوقاز بووم و چوومە باکۆ، لەسەر دەریای قەزوێن. قونسوڵی وڵاتی فارس زۆر بەگەرمیی بەخێرهاتنی لێ کردم، هەندە میهرەبان بوو شەرمم کرد نامەکەی جەمالەدینی پێ نیشان بدەم. بۆ ئەوەی گومان لە دەوری خۆت زیندوو نەکەیتەوە، چاکتر نییە وەکو ڕێبوارێکی نەناسراو سەفەرکردن؟ بەڵام کەوتمە گومانکردنەوە. ئایا لە نامەکە، پەیامێکی دیکەی تیا نییە، بۆیە ئەو مافەم نییە کە ئەو نامەیەی لای خۆم گل دەمەوە.

لەپڕێکدا، گەیشتمە قەناعەتێک و بەنەبرەیەکی تەلیسماوی زارم کردەوە:

– پێدەچێ هاوڕێیەکمان لە بەینا بێت.

زەرفەکەم دەرهێنا. هەر خێرا، قونسل زۆر بەئاگادارییەوە هەڵی پچڕی؛ دەستی بۆ چاوێلکە چوارچێوە زیوینەکەی برد کە لەسەر مێزەکە داندرابوو و دەستی کرد بەخوێندنەوە و لەپڕێکدا پەنجەکانیم بینی هەڵدەلەرزین. هەڵسا و دەرگاکەی کلیل دا، لێوی خستە سەر کاغەزەکە و چەند ساتێک بەو



شێوەیە مایەوە، ڕاما و. پاشان هاتە لای من، باوەشی پێداکردم هەروەک ئەوەی برایەکی بم و لە خنکان ڕزگارم بووبێت.

هەرکە هاتەوە سەرخۆ و ڕوخساری گرت کردەوە، بانگی خزمەتکارەکانی کرد و فرمانی دانێ کە جانتاکەم بەرنە ماڵی خۆیان و جوانترین ژووریشم بۆ ئامادە بکەن و بۆ ئێوارەش داوەتێکی باش و سفرەیان بۆ ڕازاندمەوە. دوو ڕۆژ بەو جۆرە لای خۆی گلی دامەوە، کاروبارەکانی خستبووە لاوە و بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا بێت و بێ وچانیش لە بارەی مامۆستاوە پرسیاری لێ دەکردم، لە ساغ و سەلامەتی، لە کەیف و خۆشی، بەتایبەت دەیویست لە ڕا و بۆچوونی ئەو لەمەڕ وڵاتی فارس شتی پێ بڵێم. کاتی ڕۆیشتنیش، کابینێکی لەسەر پاپۆڕی ڕووس بۆ گرتم کە لەسەر خەتی قەوقاز – مێرکور ئیشی دەکرد. پاشان عارەبانچییەکەی خۆی لەگەڵم نارد و پێی وت تاکو قەزوێن لەگەڵم بێت و بەڵکو لەگەڵیشما بێت تاکو پێویستیم پێی دەبێ.

هەر خێرا ئەوە دەرکەوت کە عارەبانچییەکە پیاوێکی زۆر مەزبووتە و، بەڵکو کەسیش نەیدەتوانی جێی بگرێتەوە. خۆ ئەوە من نەبووم کە یەک دوو عانەم خستە ناو دەستی کاربەدەستە سمێڵ فشەکەی گومرگەوە، بۆ ئەوەی واز لە نێرگیلەکەی بهێنێ و سەیری ویلسلییە[٣] زلەکەم بکات.

هەر ئەویش بوو مامەڵەی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەندەرکرد بۆ ئەوەی هەر خێرا گالێسکەیەکی چوار ئەسپیم بۆ ئامادە بکات، لە کاتێکدا کە کاربەدەستەکە، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ ڕۆژی دوایی بێمەوە، پێدەچوو لەگەڵ ئەو خانچییە قرچۆکە ڕێککەوتبێ، چونکە بێ وچان دەیویست بچینە خانەکەی ئەو.

دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە بیرم لەو هەموو ناخۆشی و مەشەقەتییە دەکردەوە کە ڕێبوارانی پێش من دەبێ دووچاری هاتبن. سیانزە ساڵ پێشتر، کاتێ باسی وڵاتی فارس بکرابایە، ئەوە تەنها گوێمان لە ڕێگا کۆنەکە دەبوو، کە بەکاروانی وشتر سەفەر دەکرا، کە لە ترێبیزۆندەوە دەردەچوو و بەڕێگای ئەرزڕوومەوە دەگەیشتە تەورێز، ئەم سەفەرە بەچل

(٣) جۆرە جانتایەکە.

قۆناغ دەبڕا، شەش هەفتەی شەکەتیی و ماندووبوون بوو، هەندێ جاریش ترسناک، بەتایبەت لە وەرزی شەڕ و کوشتاری نێو عەشایرەکان. ترانسقەوقاز ئەم کێشەیەی چارەسەرکرد، وڵاتی فارسی بەرەو دونیای دەرەوە کردەوە، ئیمڕۆ بێ ترس و کارەساتی گەورە، دەتوانین بگەینە ئەم شانشینە. هەر بەسواری پاپۆڕێکەوە لە باکۆوە دەگەینە ئەنزیلی، پاشانیش بەهەفتەیەک، بەگالێسکە دەگەینە تاران.

لە ڕۆژئاوادا، تۆپ ئامێری شەڕە یا بۆ عەرزکردنە؛ لە وڵاتی فارس بۆ ئەشکەنجەش بەکار دەهێنرێت. تەنها لەبەر ئەوە باسی دەکەم، چونکە کاتێک دەگەیتە شووراکەی کە دەوری شاری تارانی داوە، چاوم بەپێشانگای تۆپێک کەوت کە بۆ سامناکترین شت بەکارهێنرابوو: لەناو لوولە ئەستوورەکەی پیاوێک بەسترابووەوە، تەنها سەرە تاشراوەکەی دەبینرا. دەبوایە لەناو ئەو لوولەیەدا، لەبەر قرچەی هەتاو، بێ زاد و ئاو، تاکو مەرگ فریای دەکەوێت، بمێنێتەوە. پاشانیش هەروەکو بۆیان باس کردم، تەرمەکەی لەو ناوە بەجێ دەهێڵن بۆ ئەوەی ببێتە سزایەکی نموونەیی و فززە لەبەر هاتوچۆکەران ببڕێ و زەندەقی ئەو کەسانە ببا کە لە دەروازەکەی شارەوە تێدەپەڕن.

ئایا لەبەر بینینی ئەم دیمەنە بوو کە پایتەختی وڵاتی فارس، ئەفسوونێکی وای تیا جێ نەهێشتم؟ لە شارانی ڕۆژهەڵاتدا، لە ڕەنگی ئێستا و لە سێبەری ڕابردوو دەگەڕێن. لە تاران تووشی هیچ شتێکی وا نەهاتم. چم بینی؟ کۆڵان و جادەی فراوان هەبوون کە گەڕەکە دەوڵەمەندەکانی باکووری بەگەڕەکە هەژارەکانی باشووری گرێ دەدان؛ ڕاستە بازاڕ لەبەر وشتر و قاتر جمەی دەهات. قوماشی ڕەنگاوڕەنگ، بەڵام قەد نەیدەتوانی شان لەشانی بازاڕەکانی قاهیرە و ئەستەمبووڵ و ئیسفەهان و تەورێز بدات. سەیری هەر کوێیەکت بکردبایە، تەنها خانووبەرەی بۆرت بەرچاو دەکەوت.

تاران زۆر نوێیە و مێژوویەکی کورتی هەیە! بۆ ماوەیەکی زۆر لێکدرابووە ڕەی، لە کاتی غەزووی مەغۆلەکاندا وێران کرا. تەنها لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، قەبیلەیەکی تورکمانی قاجاری دەستیان



بەسەر ئەو شوێنە گرت. لەبەرئەوەی بەزەبری شمشێر چۆکیان بەهەموو وڵاتی فارس دا، ئەم بنەماڵەیە گەشەیان بەو شوێنە موتەوازیعە دا و هێنایانە ئاستی پایتەخت. تاکو ئەو سەردەمە، سەنتەری سیاسی وڵات هەمیشە لە باشوور بوو، ئیسفەهان و کرمان و شیراز، دەبێ ئەوەش بوترێت کە دانیشتوانی ئەو شارانە نەعلەتیان بۆ ئەو «دەشتەکییانەی باکوور» دەنارد و دەیان وت کێ دەتوانێ حوکمیان بکات و خۆ کەسیش لە زمانەکەیان حاڵی نابێت. کاتێ شا حوکمی گرتەدەست و بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەعییەکەی قسە بکات دەبوایە تەرجومانێکی لەگەڵا بێت. سەرەڕای ئەمەش، پێشی دەچوو بەشێوەیەکی زۆر چاک فێری فارسی بووبێت.

دەبێ ئەوەش بوترێت کە کاتێکی زۆروزەبەندیشی لە ئارادابوو. کاتێک لە بانەمەڕی ١٨٩٦ گەیشتمە تاران، شا خەریکی ئاهەنگی یۆبیل بوو، واتە تێپەڕبوونی پەنجا ساڵ بەسەر حوکمڕانییدا. شاریش بۆ شەرافەتی ئەو، بەبەیداغی نیشتمانی ڕازاندرابووەوە، کە نیگاری شێر و هەتاوی لەسەر بوو؛ پیاوانی ماقووڵی وڵاتیش، لە هەموو ناوچەیەکەوە هاتبوون، وەفدێکی زۆری وڵاتانی خاریجی لێ بوو، هەرچەندە زۆربەی زۆری میوانەکان لە ڤێلاکان دەنووستن، دوو میوانخانەکەی ئەوروپییەکانیش، ئەلبێر و پرێڤۆ، عادەتەن هەمیشە پڕبوون، ئەوانیش قەپات بوون. لە کۆتاییدا لە میوانخانەکەی پرێڤۆ، شوێنێکم چنگ کەوت.

هەر زوو بیرم لەوە دەکردەوە کە بچمە ماڵی فازیل و نامەکەی بدەمێ، پێشی بڵێیم بە چ شێوەیەک میرزا دەدۆزرێتەوە، بەڵام توانیم بێ وچانییەکەم فەرامۆش بکەمەوە. لەبەرئەوەی دابونەریتی ڕۆژهەڵاتییەکان شارەزا بووم، دەمزانی موریدەکەی جەمالەدین داوەتی ماڵی خۆیانم دەکات، نەمدەویست بەڕەتکردنەوەی تەکلیفەکەی هەستی بریندار بکەم و نەمدەویستیش موغامەرەی ئەوە بکەم کە خۆم تێکەڵی چالاکییە سیاسییەکانی ئەو و مامۆستاکەی بکەم.

لە میوانخانەکەی پرێڤۆ دابەزیم، پیاوێکی خەڵکی ژنێڤ بەڕێوەی دەبرد.

بۆ سبەینێ، پیرە ماینێکم بەکرێ گرت بۆ ئەوەی، بەئەناقەتەوە، سەر لە مەفەوەزییەی ئەمەریکی بدەم، کە لە بولڤاردی[٤] باڵیۆزخانەکانە. پاشانیش بۆ لای موریدە دڵسۆزەکەی جەمالەدین بڕۆم. سمێڵێکی تەنک، کراسێکی سپی درێژ، کڵاویکی کەشخە، بەهیچ شێوەیەک ساردوسڕ نەبوو، بەشێوەیەکی گشتی فازیل، هەر بەو وێنەیە دەچوو کە دوورخراوەکەی ئەستەمبووڵ بۆی وەسف کردبووم. بووینە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی. بەڵام کۆنتاکتی یەکەم کەمێ ساردبوو، بەزمانێکی ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ دەکردم و ئەمەش کەمێ سەغڵەت و ناڕەحەتی دەکردم. بەتایبەت کاتێک کە باسی میرزا ڕەزامان کرد.

– هەرچییەکم لە دەست بێت قسووری ناکەم، بەڵام نامەوێ هیچ لە بارەی ئەو شێتەوە بزانم، وەکو مامۆستا پێی وتم، ئەم کابرایە شەهیدێکی زیندووە. منیش وەڵامم دایەوە: چاکتر وابوو کە بمرێ! ئەوها تەماشام مەکە، من کابرایەکی دڵڕەق نیم، بەڵام ئەو زەلامە هەندە ئازاری کێشاوە، مێشکی کەمێ تێک چووە، هەر چ جارێک دەم بکاتەوە، شتی سەر و ژێر دەگێڕێتەوە.

– دەبێ ئێستا لە کوێ بێت؟

– چەند هەفتەیەک دەبێ لە مەزارەکەی شا عەبدولعەزیم دەژێت. لە باخچەکە دەخولێتەوە و یا لە تێپەڕگەکان، لەمەڕ گیرانی جەمالەدینەوە لەگەڵ خەڵکی قسە دەکات، هانیان دەدا بۆ ئەوەی ڕژێم برووخێنن و باسی بەدبەختی خۆی بۆیان هەڵدەڕێژێ، دەقیژێنێ و بەدەستوپل ئاماژەیان بۆ دەکات. هەرچەندە جەمالەدین ئەوەی لێ قەدەغە کردبوو کە وشەی وا قەبە و زلی لێ بنێت، بەڵام بێ وچان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سەید جەمالەدین ئیمامی زەمانە. لە هەقیقەتدا زۆر حەز ناکەم لەگەڵ ئەودا ببینرێم.

– ئەو تاقە کەسە کە بتوانێ لەمەڕ کەشکۆڵەکەوە سۆراغێکم بداتێ.

(٤) بەو جۆرە شەقامانە دەوترێت کە پانوپۆڕن، هەمیشەش ئەولا و ئەولای بەدارودرەخت دەڕازاندرێتەوە. (وەرگێڕ).



– دەزانم، دەتبەمە لای و من خۆم دەگەڕێمەوە.

بۆ ئەو ئێوارەیە، لە ماڵ باوکی فازیل، زیافەتێکیان بۆ ئامادەکردم، باوکی فازیل یەکێک بوو لە هەرە دەوڵەمەندەکانی تاران. برادەرێکی نزیکی جەمالەدینیش بوو، هەرچەندە خۆی لە سیاسەت دوورەپەرێز گرتبوو، بەڵام ویستی بەبۆنەی منەوە، ڕێز و حورمەتی خۆی بۆ مامۆستا ڕوون کاتەوە؛ نزیکەی سەد کەسێکی داوەت کردبوو. قسەوباسی ئەو ئێوارەیە لە بارەی خەیامەوە بوو. چوارینە و بەسەرهات بەسەر زاری هەمووانەوە بوو، ئاخاوتن گەرم دەبوو، زۆرجاریش بەلای سیاسەت بای دەدایەوە، پێدەچوو هەمووان فارسی و عارەبی و فەرەنسی بزانن و زۆربەشیان شتێکیان لە تورکی و ڕووسی و ئینگلیزیش هەڵدەکراند. هەندەی تر خۆم بەنەزان دەهاتە پێش چاو کاتێک ئەوان منیان بەڕۆژهەڵاتناس دەزانی و بەیەکێک لە پسپۆرانی خەیامیشیان دادەنام؛ ئەم هەڵسەنگاندنە زیادەڕەوی بوو و بەڵکو موبالەغەیەکی تەواویش بوو، خۆ منیش هەر خێرا ڕەتیانم دایەوە و ناڕەزاییەکەشم بۆ ئەوان جۆرە لەخۆ بووردووییەک بوو؛ خۆ هەموو ئەوەش دەزانین کە ئەمە خەسڵەتی زانایانە.

ئاهەنگی ئێوارەکە هەر لە خۆرئاوابوونەوە دەستی پێکرد، بەڵام خانەخوێیەکەم زۆری لێ کردم کە زووتر بچم؛ دەیویست ڕەنگ و بۆی باخچەکەیم پێ نیشان دات. خاوەنی باڵەخانەیەک بوو، هەروەکو زۆربەی فارسەکان، بەدەگمەن پیشانی خەڵکی دەدەن، باوکی فازیلیش، هەموو گرینگییەکی دابووە باخچەکە و بابەتێک بوو کە دەبووە جێی شانازی پێکردنی.

هەرکە میوانیک بهاتبایە، یەکسەر دەچوو بادەی دەگرتە دەست و لە تەنیشت جۆگەلە ئاوە دەستکردەکە یا سرووشتییەکە دادەنیشت کە بەنێو دارچنارەکانا خوڕەیان دەهات. هەر میوان بەگوێرەی زەوقی خۆی، یا ئەوەتا دەیویست لەسەر فەرش، یا لەسەر دۆشەکێکی ئەستوور دادەنیشێ، ئیتر خزمەتکارەکان شوێنەکانیان بۆ تەرتیب دەکردن، هەندێکیش هەبوو یا لەسەر گابەردێک یا هەر لەسەر عەردە ڕووتەکە دادەنیشت، چونکە باخچەی فارسان، چیمەنی نییە و ئەمەش بۆ ئەمەریکییەک بەباخچەیەکی

رووتەوەبووی دەزانێ.

ئەو ئێوارەیە بەشێوەکی ماقووڵ خواردمانەوە. لە خواترسەکان، تەنها بەچای ڕازی بوون. بۆ ئەمەش سەماوەرێکی زەبەلاح دەخوولایەوە، سێ خزمەتکار خەریکی بوون، بەدوو کەس هەڵدەگیرا و سێیەمیشیان چای تێدەکرد. زۆربەیان حەزیان لە عارەق، یا لە شەراب یا لە ڤۆدکا بوو؛ بەڵام هیچ ڕەفتارێکی ناشرینم لێیان نەبینی، لە هەموو مەست بووەکانیش، بێدەنگ لە تەنیشت ئەو مۆسیقاژەنانەی کە خاوەن ماڵ بانگی کردبوون، گوێیان لە تار و زەرب و شمشاڵ دەگرت. درەنگتریش، سەماکەران پەیدابوون، زۆربەیان کوڕی لاوبوون. ژنێک چییە لەو ئاهەنگەدا بەرچاو نەکەوت.

شیویان لە دەوروبەری نیوەی شەو هێنا. هەموو ئێوارەکە هەر فستق و بادەم و برێشکە و شیرینەمەنیان دانابوو، چێشتخواردن، کۆتایی بەئێوارەکە دەهێنا. خانەخوێ تا بۆی بکرابایە، چێشتهێنانی دوادەخست، چونکە هەر کە چێشت بهێنرێت، ئەو ئێوارەیە جەواهیر پلاوبوو، ئیتر دە دەقە نابات هەمووی دەخورێت و دەست دەشۆرێت و خواحافیزیی لێ دەکەن. کاتێک چووینە دەرەوە، عەرەبانچی و فانۆز بەدەستیش لەبەر دەرگا چاوەڕوان بوون، هەر کەسە و بۆ پێشوازی گەورەکەی خۆی وەستابوو.

بۆ بەرەبەیانی ڕۆژی دواییش، من و فازیل بەگالیسکەیەک تاکو بەردەرگای مەزاری شا عەبدولعەزیم چووین. بەتەنها، چووە ژوورەوە و هەندەی نەبرد لەگەڵ یەکێکا هاتەوە کە ڕواڵەتێکی وای هەبوو کە ئینسانی تووشی ڕاڕایی دەکرد: گەورە و لاوازییەکی نەخۆشانەشی هەبوو، قژ گژ، دەستەکانیشی بێ وچان دەلەرزین. دیشداشەیەکی سپی لەبەر بوو، تەسک و پینەدار، هەموو ماڵ و موڵکی دونیاشی پەستابووە ناو خەرجێکی بێ ڕەنگ و بێ شیکلەوە. لەناو چاوانیشییەوە هەموو دەردەسەری ڕۆژهەڵات دەخوێندرایەوە.

هەر کە زانیشی کە لە لای جەماڵەدینەوە هاتووم، کەوتە زەوی و دەستی کرد بەهەڵگلۆفینی دەستم و ماچی دەکرد. فازیلیش سەغڵەت دیار بوو،



هەندێ وشەی لەژێر لێوەوە وت و داوای لێبووردنی لێ کردم و ڕۆیشت.

نامەکەی مامۆستاشم دا بەمیرزا ڕەزا. هەر وەخت بوو لە دەستمی ڕاپسکێنێ. سەرەڕای ئەوەی کە چەند لاپەڕەیەک بوو، بەبێ ئەوەی هەست بکات لەوێم، هەر هەمووی لەسەرخۆ خوێندەوە.

چاوەڕێی ئەوەم کرد کە لێی بێتەوە و باسی ئەوەی بۆ بکەم کە بۆچی هاتووم. بەڵام بەزمانێکی تێکەڵوپێکەڵ، لەنێوان فارسی و فەرەنسیدا، پێی وتم کە نازانم مەسەلە چییە:

– کتێبەکە لای سەربازێکی خەڵکی کرمانە، هاوشارمە. وەعدی ئەوەی داومەتێ، هەینی، دوای دوو سبەی، تاقی دوای نیوەڕۆ بێتە لام. پێویستە کەمێک پارەی بدرێتێ. نەک بۆ کڕینی کتێبەکە بەڵکو بۆ ئەوەی کە کتێبەکەی بۆ گەڕاندینەوە، سوپاس بکرێت. بەداخەوە من یەک فلسم نییە.

بێ سێ و دوو، ئەو چەند زێڕەم لە گیرفان دەرهێنا کە جەمالەدین بۆی ناردبوو، منیش هەندەی ترم خستە سەری؛ پێدەچوو بەمە ڕازی بێت.

– شەممە وەرەوە. ئینشەڵاو کەشکۆڵەکەم چنگ دەکەوێتەوە. دەیدەمە لای تۆ و تۆش دەیدەیتە مورشید، وا لە ئەستەمبووڵە.

## XXX

له شاره خامۆشەکەوه، دەنگەدەنگی تەوەزەلیی بەرز دەبووەوە، غوباری گەرم، لەبەر هەتاو چرووسکەی دەهات، ڕۆژگارێکی درێژی فارسییانە، ژەمێک: گۆشتی مریشک بەفاسولیا، شەرابێکی فێنکی شیراز، سەرخەو شکاندنێکی دوڕدونگ، لەژێر سەیوانە ڕەنگ پەڕیوەکەی بالکۆنی ژووری میوانخانەکە و دەسەسڕێکی تەڕیش ڕوخساری داپۆشیبووم.

بەڵام، ئەمە یەکی بانەمەڕی ١٨٩٦ە، ژیانێک، لە سپێدە کۆتایی پێ دەهات و ژیانێکی دی دەستی پێ دەکرد.

چەند جارێکی و بەتووڕەیی لە دەرگاکەمیان دا. گوێم لێ بوو، خۆم ڕاکێشت و قەڵەمبازم دا بەپێی پەتی، قژ نووساو، سمێڵ خەوتوو، کراسێکی فلتیشم لەبەرە، ڕۆژی پێشتر کڕیبووم. پەنجە خاوەکانم، بەزەحمەت دەسکی دەرگاکەیان پێ کرایەوە. فازیل پاڵ بەدەرگاکەوە دەنێ، پالیشی بەمنەوە نا بۆ ئەوەی دەرگاکەی داخا، هەردوو شانمی گرت و ڕای وەشاند.

– وەرەوە هۆش، چارەکێکی دیکە تۆ پیاوێکی مردووی!

ئەوەی کە فازیل بەچەند ڕستەیەکی کەرت کەرت پێی وتم، بۆ ڕۆژی دوایی هەر هەموو جیهان پێی دەزانێ، ئەویش لە ڕێگای سیحری تەلەگرافەوە بوو.

شا، بۆ نوێژی هەینی، چووبووە مەزارەکەی شا عەبدولعەزیم. بەجلوبەرگی ڕەسمی ئاهەنگی یوبیلەوە، سورمەی زێڕین، بەپیرۆزە و زومەڕەد چنرابوو، کڵاوێکی پەڕداریشی لەسەر نا بوو. لە سالۆنە گەورەکەی مەزارەکە، شوێنی نوێژکردنی خۆی هەڵبژارد و بەرماڵێکی بۆ ڕادەخەن. پێش ئەوەی نوێژ دابەستێ، بەچاو لە ژنەکانی دەگەڕێ و ئیشارەتی ئەوەیان بۆ دەکات کە لە دواوە ڕیز ببەستن و دەستێک بەسمێڵە سپییە شینباوە درێژە بادراوەکەیا دەهێنێ. کاتێک، جەماعەت و مەلاکان گرت دەبنەوە و پاسەوانیش دەیەوێ دەور لە هەموویان بدات، هێشتا هەر لە حەوشەکەوە هوتاف نەبڕابووەوە. ژنەکانی شا دێنە پێشەوە. پیاوێک



خۆی خزاندە نێوانیان. خەرقەی دەروێشانی لەبەر بوو، کاغەزێکیشی بەدەستەوە بوو، بەدوو پەنجە درێژی دەکات. شا چاوێلکەکەی دەکاتە چاو بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە. لەکاتێکدا گوێمان لە تەقەیەک دەبێت. دەمانچەکە لەبەر کاغەزەکە دیار نەبوو. گوللەیەک بەر دڵی شا دەکەوێت. بەڵام توانای قسەکردنی دەمینێ، پێش ئەوەی لار بێتەوە، دەڵێ: «یارمەتیم بدەن!».

لەناو غەڵبەغەڵبدا، وەزیری گەورە، ڕەشمەی هۆشی خۆی بەدەستەوە بوو و هاوار دەکات: «هیچ نییە، برینەکە سووکە!» پێویستە خەڵکەکە دەرکرێت، شا بەرەو گالێسکەکە بەرن. تا دەگەنە تاران، وەزیری گەورە، لە دواوە دانیشتبوو، باوەشێنی تەرمەکە دەکات، وەکو ئەوەی هێشتا هەر هەناسە بدات. لە هەمان کاتیشدا، پێویستە بنێرنە دوای میری جێگر، والی شاری تەورێز بوو.

ژنەکانی شا پیاوکوژەکەیان لە مەزارەکە گرت و دەستیان کرد بەجوێندان و دارکاریکردنی و جەماعەتیش، جلوبەرگەکەیان لەبەر دادڕی، ئەگەر کۆلۆنێل کاساکۆڤسکی نەبوایە، هەر وەخت بوو هەلاهەلای بکەن. سەرۆکی لیوای کۆزاک قوتاری کرد. ڕاستتر باشترە بوترێت، ئەو ڕزگاری کرد بۆ ئەوەی بخرێتە ژێر پرسگاوە. شتێکی سەیر، چەکەکە ون بوو. وتیان، ژنێک دۆزییەوە و لەژێر عەباکەی شاردییەوە و ببڕای ببڕ نەدۆزرایەوە. بەڵام، ئەو کاغەزەی کە دەمانچەکەی لەژێریا شاردرابووەوە، دەدۆزرێتەوە.

بێگومان فازیل باسی ئەو هەموو وردەکارییەی بۆ نەکردم، بەڵکو بەساتنێزێکی چڕوپڕ بۆی گێڕامەوە:

– ئەم میرزا ڕەزا شێتە شای کوشت. نامەکەی جەمالەدینیشمان لای دۆزییەوە. ناوی تۆشی تێدابوو. جلوبەرگە فارسییەکەت با هەر لەبەر بێت، پارە و پاسەپۆرتەکەت با لای خۆت بێت. هیچی تر نا. ڕاکە و لە موفەوەزییەی ئەمەریکی خۆت داڵدە بدە.

یەکەم بیرکردنەوەم لەمەڕ کەشکۆڵەکەوە بوو. ئایا میرزا ڕەزا ئەو سەرلەبەیانییە دەستی کەوتبووەوە یا نەء؟ ڕاستە هێشتا بەباشی نەمدەزانی لە چ بارودۆخێکی ترسناک دام: بوومەتە شەریکی قەتلی

سەرۆکی دەوڵەت، منێک کە هاتوومەتە ڕۆژهەڵاتی شاعیران! بەڵام، شتە ڕواڵەتییەکان دژی من بوون، شتەکان فێڵباز بوون، درۆیان دەکرد، بێ مانا بوون، بەڵام قورس بوون. چ داودەورێ، چ قۆمیسەرێک گومانم لێ ناکات؟

فازیل لە بالکۆنەکە پاسەوانی دەکرد؛ لەپڕێکدا خۆی داگرت و بەدەنگێکی نووساو هاواری کرد:

– جەندرمەی کۆزاکەکان وا بەدەوری میوانخانەکەیا ڕێگر دادەنێن، بۆ ئەوەی کەس ڕزگاری نەبێت!

بەپەیژەکانا هاتینە خوارەوە. گەیشتینە فێستیبوولەکە[٥]، هەیبەتێکی وامان دا بەخۆمان کە گومانمان لێ نەکرێت. ئەفسەرێکی ڕیش زەرد، تەپڵەکەی بەتەواوی چووبووە سەرییەوە، تازە هاتبووە ژوورەوە، چاوی بەهەموو سووچەکانا گڕ دەدا. فازیل هەر فریای ئەوە کەوت بچرپێنێتە بناگوێما: «بەرەو مفەوەزییە!» پاشان لێم جیابووەوە و بەرەو ئەفسەرەکە ڕۆیشت، گوێم لێ بوو پێی وت پالکۆڤۆنیک! – کۆلۆنێل! – بینیانم زۆر بەگەرمی دەستی یەکتریان دەگوشن و سەرەخۆشییان لە یەکتری کرد. کاساکۆڤیسکی زۆرجار لە ماڵی هاوڕێیەکەی من نانی خواردبوو، ئەمە کەمێ دڵنیایی دامەوە. ئەمەم بەهەل زانی بۆ ئەوەی بەرەو دەرگای حەوشە پێ هەڵگرم، خۆم لەناو عەباکەم پێچابووەوە و بەو باخچەیەیا ڕۆیشتم کە کۆزاکەکان کردبوویانە سەنگەری خۆیان. ترسم لێیان نەبوو. چونکە لە ژوورەوە دەهاتم، وایان لێک دەدایەوە کە سەرۆکەکەیان ڕوخسەتی دەرچوونی داومەتێ. بەموحەجەرەکانا ڕەت بووم، بەرەو کووچە تەسکەکە هەنگاوم دەنا، بەدەستی ڕاست، دەگەیشتە سەر بولڤاردی باڵیۆزخانەکان و دە دەقەی دیکە دەگەمە مفەوەزییەکەی خۆمان.

سێ سەرباز لە سووچی کۆڵانەکە چاودێرییان دەکرد. ئایا بەبەردەمیانا بڕۆم؟ بەدەستی چەپ، کۆڵانێکی دیکەم بینی. ڕەنگبوایە، بەو کۆڵانەیا بچوومایە چاکتر بوایە، هەرچییەک دەبێ، بەناچاری خۆم کردە کۆڵانەکەیا. بەبێ ئەوەی سەیری ئەو ئاڕاستەیە بکەم کە سەربازەکانی لێ بوو. چەند

(٥) ئەو شوێنەی بۆ جلوبەرگ هەڵواسین تەرخان دەکرێت.



هەنگاوێکی دی، ئیتر نە ئەوان دەمبینن نە منیش ئەوان دەبینم.

– لە جێی خۆت ڕاوەستە!

چی بکەم؟ ئایا ڕاوەستم؟ هەر بەپرسیاری یەکەم ئەوەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە فارسییەکی وا نازانم و داوای شناسنامەم لێ دەکەن و ئیتر دەگیرێم. هەڵبێم؟ دەتوانن بمگرن، بەخەتاباریش دادەنرێم، ئەو کات ناتوانم بەرگری لە دڵپاکی خۆمیش بکەم. دەبوایە لە چەند چرکەیەکدا بڕیاری خۆم بدەم.

بڕیاری ئەوەم دا کە ڕێگای خۆم بگرم و هەروەک ئەوەی کە گوێم لە بانگەشەی ئەوان نەبووبێت. جارێکی دی هاواریان کرد، چەند جەندرمەیەک ئەم ئەرکەیان خستە ئەستۆ و گوێم لە هەنگاو بوو. ئیتر بیرم نەکردەوە، بەکۆڵانەکانا دەستم کرد بەغاردان و ئاوڕم نەدەدایەوە و خۆم دەکردە کووچە هەرە باریک و هەرە تەسکەکانا و هەتاو ئاوابوو نیو سەعاتی دەویست، ئیتر شەو ڕادەشکێ.

لە مێشکمدا، بیرم لە دوعایەک دەکردەوە؛ دەستم بەدووپاتکردنەوەی کرد: «خودایە! خودایە! خودایە!» بێ وچان دەپاڕامەوە، هەروەکو ئەوەی مردبێتم و لەبەر دەرگای بەهەشت خەریکی پاڕانەوە بم.

دەرگاکە کرایەوە. دەرگای بەهەشت. دەرگایەک بوو لەنێو دیوارە بەقوڕ سواغدراوەکان حەشار درابوو. لە سووچی شەقامێک، دەرگاکە کرایەوە و دەستی بەر دەستم کەوت و پەنجەکانم لێی گیرکرد و ئەویش بەرەو خۆی ڕایکێشام و دەرگاکەی لە دوامەوە داخست. چ لەبەر ترس چ لەبەر هەناسەبڕکێ، قەدەرێک چاوەکانم بەداخراوی مانەوە، هەروەها لەبەر گومان و لەبەر بەختەوەری بوو. لە دەرەوەش خڕەی سم بەردەوام بوو.

سێ جووت چاو، تەماشای دەکردم، سێ ژن، فۆتەیان بەسەرەوە بوو، بەڵام دەموچاویان والا و بێ ترپەی پێڵوو، وەکو نەو–زادێک تەماشایان دەکردم. لە هەموویان گەورەتر، تەمەنی چل ساڵ دەبوو، ئەو هێمای بۆ کردم بۆ ئەوەی بچمە ژوورەوە. بردمیانە قووڵایی باخچەکە و کووختێکی لێ بوو، لەسەر ئەسکەمبیلێک کە لە زەل دروست کرابوو، دانیشتم و ژنەکەش بەهێما ئەوەی پێ گوتم کە هەر ئێستا دەگەڕێتەوە و قوتارم دەکات. بەلێو

قرتاندنێک و بەوتنی وشەیەکی سیحراوی «ئەندەروون» واتە خانووی ژوورەوە، هێمنی لەلا دروست کردم. سەرباز ئەو ژوورانە ناپشکنن کە ژنی تێدابێت!

لە ڕاستیدا، غەڵبەغەڵبی سەربازەکان تەنها هەر هەندە نزیک بوونەوە بۆ ئەوەی بەتەواوی لەبەر گوێچکە ون بن و بتوێنەوە. چۆن بەوەیان زانی کە لە چ کووچەیەکدا دەبێ وا توابێتمەوە؟ گەڕەکەکە بەشارەمێرووستان دەچوو، دەیان کووچەی لێ دەبووەوە و سەدان خانوو و باخچەی بەخۆوە گرتبوو. بەتەواویش شەو داهاتبوو.

دوای سەعاتێک چای ڕەشیان بۆ هێنام و جگەرەیان بۆ پێچیمەوە و قسەوباسیش گەرم داهات. چەندە ڕستەیەکی فارسیم بەزەحمەت وت، چەند وشەیەکیش بەفەرەنسی و ئەوەشیان بۆ ڕوون کردمەوە چۆن و لەبەرچی قوتاریان کردم. پڕوپاگەندەی ئەوە لە گەڕەکەکە بڵاوبووەوە کە ئەو کەسەی شەریکی قەتلی شاە بووە، بێگانەیەکە لە میوانخانەی بیانییەکانە. بینیان کە وا هەڵدێم، وایان لێکدایەوە کە منم ئەو قارەمانە و لەبەرئەوە ویستیان ڕزگارم کەن. هۆی ئەم هەڵسوکەوتە چ بوو؟ برا و مێردیان، پێش پانزە ساڵێک لەمەوبەر کوژرابوون، بەوە تاوانبار کرابوون کە لە بابییەکانن و موعارەزەی ڕژێم دەکەن، دەیانەوێ لە یەک ژنهێنان زیاتر قەدەغە بکرێت و یەکسانی تەواویش لە نێوان ژن و پیاودا بەرقەرار بێت و دیموکراسییش بەرپا بکرێت. شا و پیاوانی ئاییینیی داپڵۆسینێکیان پەیڕەوی کرد، بەقەد ئەوەی چەندین هەزار بابی کوژران، هەندەی دیکەش خەڵکی بێ تاوان لە ناوچوون، هەر لەبەر خەبەردانی هاوسێیەک لە سێدارە دەدران. ئیتر ئەو ژنە، ئەو بێوەژنە لەگەڵ دوو کچی گچکەی مابووەوە، ئەو خێرخوازە، چاوەڕوانی تۆڵەیەکی وای دەکرد، ئەو سێ ژنە گەلێ بەوە دڵخۆش و شەرەفمەند بوون کە قارەمانی تۆڵەکەر پەنای بردەبەر باخچە موتەوازیعەکەی ئەوان.

کاتێک لەناو چاوی ژنانەوە بەقارەمان دەبینرێت، ئایا ئارەزووی ئەوەمان تیایە کە هەڵیانخەڵەتێنین؟ هەستم بەوەکرد کە شتێکی ناشیرین و ناهەموارە کە لەم ڕووەوە شکست بهێنن. لەم خەباتە سەختەمدا بۆ مانەوە،



پێویستم بەو لایەنگیرانە هەبوو، پێویستم بەحیماسیان هەبوو، پێویستیم بەئیعجابیان هەبوو، هەرچەند بەهەڵەش داچووبوون. خۆم لەناو بێدەنگییەکی تەلیسماوی داڵدە دا، کە دوا گومانیان لەمەڕ منەوە نەما.

سێ ژن و باخچەیەک و ڕقێکی تەندروست، دەمتوانی هەتا هەتا ئەو چل ڕۆژەی تۆف و بارانە بژمێرم کە بەهاری وڵاتی فارس پێکدەهێنن. ناتوانین لەمە زیاتر غەریب بین، کێ هەندەی من غەریب بوو کە کەوتبوومە ناو جیهانی ژنانی ڕۆژهەڵاتەوە کە لەڕاستیدا، شوێنی منی تیا دەبووەوە. خێرخوازەکەی من هەستی بەگشت ئەو مەترسییانە دەکرد کە دەکرێ دووچاری بێت. گومانم نییە کە لە شەوی یەکەمدا، لەکاتێکدا من لە کووخەکەی باخچەکە لەسەر سێ حەسیری یەک لەسەریەک داندراو خەوتووم، ئەویش تووشی خەوزڕانێکی تەواو بووە و چونکە هەر سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی بانگی کردم و بەچوارمشقیش داینیشاندم و هەردوو کچەکەشی بانگ کرد و لەلای چەپی خۆیەوە داینان و زۆر بەوردی ئاخاوتنێکی کرد کە زۆر بەباشی لەوەوپێش ئامادەی کردبوو.

سەرەتا بەئازایەتی منا هەڵشاخا، سەرلەنوێ تەعبیری لە دڵخۆشی خۆی کرد بەوەی کە منی داڵدە داوە. دوای ئەوەی هەستی بەچەند چرکەیەکی بێدەنگی کرد، لەپڕێکدا دەستی بۆ بوخچەکەی برد و هەر لە پێش چاوە حەپەساوەکانی من کردییەوە. شانوپیل و مەمکی بەدەرەوە بوو. بەزمان و بەهێما ئەوەی پێ ڕاگەیاندم کە دەڵێ مەمکی بمژم. کچەکانی لەژێر عەباکانیانەوە پێدەکەنین، بەڵام دایکیان زۆر بەجەختەوە وەکو کەش و عیبادەتێک پەیڕەوی بکات. لێوم خستە سەر مەمکی، زۆر بەشەرم و حەیاوە، لەسەر گۆپکەیەکی و پاشانیش لەسەر ئەوی تر و دەستم کرد بەمژین. ئەویش زۆر بەپەلە خۆی داپۆشی، بەزمانێکی زۆر ڕەوان پێی وتم:

– بەم ڕەفتارە، ئیتر بوویتە کوڕی خۆم، هەروەکو ئەوەی لە من بووبێتی.

پاشان، ئاوڕی لە هەردوو کچەکەی دایەوە، کە لە پێکەنین بووبوونەوە، دەمی ئاڕاستەی ئەوان کرد و ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە کە ئیتر دەبێ لەگەڵ من هەر وەک چۆن لەگەڵ برای خۆیانا ڕەفتار دەکەن، دەبێ وا ڕەفتار بکەن.

هەر لەو کاتەی کە ئەو کەشە تووشی جۆشوخرۆشی کردم، هەروەها

بەشتێکی زۆر عەنتیکەش هاتە پێش چاوم. کاتێکیش زۆر بەباشی جارێکی دیکە بیرم لێی کردەوە، هەستم بەگشت بەو وردەکارییانەی ڕۆژهەڵات کرد. بۆ ئەو ژنە، بێگومان ئەو وەزعەی کە من تێی کەوتوومە، شتێکی زۆر ناهەموارە. سێ و دووی لەوە نەکرد کە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ کات، سەرەڕای گشت ئەو مەترسییەی کە ڕەنگ بێ تووشی بێت و میواندارێتی منی بەبێ مەرج قبووڵ کرد. لە هەمان کاتیشدا، وجوودی غەریبێک، کوڕێکی لاو و بەردەوام بەشەو و بەڕۆژ لەگەڵ دوو کچی گەنج، زەحمەتە ڕووداوێکی تایبەتی نەنێتەوە. چ شتێک لەوە چاکترە کە گشت ئەو بەسەرهاتە مومکینانە بەتەبەنی کردنێکی ڕەمزی چارەسەر بکرێن؟ ئیتر لەمە بەدواوە، بەکەیفی خۆم بەماڵەکەیا هاتوچۆم دەکرد، لە هەمان ژوور دەخەوتم و پێش خەوتنیش تەوێڵی هەردوو «خوشکەکەم» ماچ دەکرد، هەموومان لە سایەی ئەم ئەندێشەی تەبەنی بوونە پتەوە، حەواینەوە.

لەجیاتی من، یەکێکی دی بوایە، هەستی دەکرد کە داوێکیان بۆ ناوەتەوە. بەنیسبەت منەوە، هەر زۆر بەپێچەوانەوە بوو، زۆرم بەدڵ بوو. لەبەرئەوەی کەوتمە نێو گەردوونی ژنانەوە، هەستم کرد، لەبەر بێ ئیشی، وا لەگەڵ یەکێکیان خەریکی دروستکردنی پەیوەندییم؛ وردە وردە لە دووەکەی دیکە خۆم دوورەپەرێز دەگرت و خۆم لە چاودێرییان دەشاردەوە، دەمخستنە لاوە، بێگومان ڕووگرژییان بۆ خۆم ڕادەکێشم و ئیتر من خۆم بەلاوە دەخرێم و شەرمەزار دەبم و تووشی پەشیمانیش دێم و غەم دام دەگرێت و تووشی هیوا شکستیی دەبم لەو ژنانەی کە دەرگای بەختیان لە ڕووما کردەوە؛ ئیتر ئەوکات تووشی وەزعێک دەهاتم کە لەگەڵ کارەکتەری منا زۆر نەدەگونجا.

هەر دەت وت پەرجووە، هەموو شتێک ئاسان و ڕوون و بێگەرد بووەوە. ئەگەر بڵێم ئارەزووم مرد، دەبێتە درۆ، پەیوەندییەکانمان شەهوانی بوو، بەڵام، ئەوەش دووبارە دەکەمەوە، بێ گەرد بوو. ئا بەوجۆرە پەیوەندییەکی گەرموگوڕم لەگەڵ ئەو سێ ژنە دروست کرد، بێ پەچە و بێ شەرم و لەناو جەرگی شارێک زۆر لەناو ئارامییەکی خاودا کە ڕەنگە من لە هەموو پیاوێک زیاتر لە دووم دەگەڕان.



ئێستاش کاتێک لە دوورەوە دەڕوانمە ئەو وەزعەی کە ماوەیەک لەگەڵ ئەو ژنانە ژیام بەساتێکی دەگمەنی دەچوێنم، بەبێ ئەم ڕێکەوتە، پەیوەندیم لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا، دەستکرد و زۆریش ڕووکەش دەبوو. بەهۆی ئەوانیشەوە بوو کە فارسییەکەم زۆر گەشەی کرد، چ لە تێگەیشتن چ لە بەکارهێنانی زمانی فارسی ڕۆژانە. ئەگەر خانەوخوێیەکانم، لە ڕۆژی یەکەم هەوڵێکی شێلگیریان دا بۆ ئەوەی وشەی فەرەنسی بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لەیەکتر حاڵی بین، ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە، هەموو گفتوگۆیەکانمان بەزمانی وڵاتەکە ئەنجام دەدا. جا قسەکانمان گەرموگوڕ بوونایە، یا گفتوگۆی زۆر ئاسایی، یا توند، یا وردەکاریی زۆر ڕۆڵی تیا بینایە، زۆرجاریش بێ شەرمانە، لەبەرئەوەی وەکو براگەورە حسێبیان بۆ دەکردم، تەنها نەگەیشتایە بەئەنسێست(٦)، هەموو شتێکم بەخۆوە ڕەوا دەبینی. هەموو یاری و گەمەیەک حەڵاڵ بوو، تەنانەت دەرخستنی میهرێکی ڕووکەشانەش.

ئایا ئەگەر ئەم پەیوەندییە درێژەشی بکێشایە، ئەو گەرموگوڕی خۆی ون نەدەکرد؟ هەرگیز ناتوانم ئەمە بزانم. ناشکرێ پەی بەرمە ئەم زانیارییە. ڕووداوێک، بەداخەوە زۆر ڕووکەش، ڕووی دا و کۆتایی بەو چیرۆکە هێنا. سەردانێک، سەردانی باپیرە بوو، ڕووداوێکی لاوەکی.

بەشێوەیەکی ئاسایی، دوور لە دەرگا سەرەکییەکانەوە دەوەستام کە پێیان دەوت بیروونی، کە یەکێکیان بەرەو ژووری پیاوان دەچوو و ئەوی تر بەرەو باخچەکە دەچوو، من کاتی خۆی بەو دەرگایەیا هاتمەوە ژوورەوە. بەئینزاری یەکەم، خۆم دەشاردەوە. ئەمجارەیان خافڵاو بووم، زیاد لە پێویست سیقە پەیدا ببوو، هاتنی داپیرە و باپیرەم نەبینی. چوارمشق، لە ژووری ژنان دانیشتبووم، بەئارامی نێرگیلەکەم دەکێشا، کە خوشکەکانم ئامادەیان کردبوو و پاڵم دابووەوە قەد دیوارەکە و دەمی نێرگیلەکەم لە دەم، لەپڕێکا بەکۆکەی پیاوێک هاتمەوە ئاگا.

(٦) واتە «عشق المحارم»، پەیوەندی نێوان لەش، کە هەمان خوێنیان هەبێت. (وەرگێڕ).

## XXXI

بەنیسبەت دایکی شیریمەوە کە چەند چرکەیەک دواکەوت، دەبوایە هۆی وجوودی ئەورووپییەک لەناو دڵی ماڵەکەی بۆ میوانەکان زۆر زوو لێک داتەوە. لەوەی کە سومعەی خۆی و هەردوو کچەکەی لەکەدار نەکات، ئەوەی بەباش زانی کە حەقیقەتەکەیان بۆ باس بکات، ئەویش بەنەبرەیەکی نیشتمانپەروەرانە و زۆر سەرفرازانە. ئەم غەریبە کێیە؟ ئەم فەرەنگییەی کە جەندرمەی مەملەکەت لە دوای دەگەڕێن، بەشداری کوشتنی شای کردووە، بەم شێوەیە زاڵمێکی لەناو دا و تۆڵەی مێردەکەشی کردۆتەوە!

چەند ساتێکی بێدەنگی و پاشان حوکم دەرچوو. دەست بەپێیا هەڵدانم کرا، بەئازایەتیی من و ئەو کەسەی کە داڵدەمی دا، هەڵشاخان. لە هەقیقەتدا، لە بارودۆخێکی هەندە نامۆدا، تەنها شەرحەکەی ئەوە بەعەقڵا دەچوو. هەرچەند بوونی من لە ئەندەروونەکەیا و بەچوارمشقی دانیشتنم، بەجۆرە شوورەییەک دەکرا حسێبی بۆ بکرێت، بەڵام چاکترین شێوەشە بۆ ئەوەی هیچ گومانێکی لێ نەکرێ.

مەسەلەی شەرەف چارەسەر کرا، بەڵام دەبوایە لەمەودوا چارەسەرێک بۆ خۆم بدۆزمەوە و دەبێ ئەوێ بەجێ بهێڵم چاکترین چارەسەر ئەوەبوو کە خۆم لە جلوبەرگی ژنان بپێچمەوە و تاکو موفەوەزییەکەی ئەمەریکا نەوەستم؛ هەمان ئەو ڕێگایە بگرم کە پێش چەند هەفتەیەک دەبوایە پیا بچم، ئەو ڕێگایەی کە لە ناوەندا کەرت بوو. بەڵام «دایکم» پەشیمانی کردمەوە. چوو دەرەوە کەشف کات، دوای ئەوەی گەڕایەوە، باسی ئەوەی کرد کە دەوروبەری مفەوەزییەت، هەر هەمووی لەژێر کۆنترۆل دایە. هەروەها لەبەرئەوەی بەژنم لە بەژنی ژن زۆر بەرزترە، مەترێک و هەشتا و سێ سەنتیمەتر، ئەم خۆشاردنەوەیە و خۆکردنە بەژن، سەربازێکی کاڵفامیش سەرنجی دەداتێ.

چارەسەری دووەمیش، هەروەکو جەمالەدین ئامۆژگاری کردم، نامەیەک بۆ شیرینی شازادە بنێرم. ئەمەم بە «دایکم» وت، ئەویش قایل بوو، ئەویش گوێی لە ناو و ناوبانگی کچە گچکەکەی شای کوژراو ببوو، وەک



دەیان وت، ژنێکە گوێ بۆ ئازاری خەڵکی هەژار ڕادەگرێ و بەوەش ڕازی بوو کە نامەکەی بۆ بەرێ. گرفتیش ئەوەبوو، چ وشەیەک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵا بکەم، بەچەند وشەیەکی کافی، کە ئەگەر کەوتە دەست یەکێکی ترەوە و بۆم نەبێتە داو. نەمدەتوانی نە ناوی خۆم بەرم، نە ناوی مامۆستاش بەرم. لەسەر ڕووپەری کاغەزێکدا تەنها ئەو ڕستەیە دەنووسم: «چوزانین، ڕەنگبێ ڕێگاکانمان یەک بگرنەوە.»

«دایکم» بڕیاری دا کە لە شازادە نزیک بێتەوە، ئەویش کەوتە موناسەبەتی چلەی پیرە شاوە، دوا قۆناغی تازییەیە. لەناو جمەی خەڵک و ژنانی نغرۆی هیس و شیوەن، بەبێ زەحمەت، نامەکەی ئەمدەست و ئەودەستی کرد تا گەیشتە دەستی شازادە و خوێندییەوە، بەسامناکییەوە سەیری ڕاست و چەپی خۆی دەکرد و لەو پیاوە دەگەڕا کە ئەم نامەیەی نووسیبوو و نامەهەڵگر کەوتە چرپەچرپ: «وا لە ماڵەکەی منە!»، هەر خێرا، شیرین تازییەکەی بەجێهێشت و بانگی عارەبانچییەکەی کرد و لەگەڵ «دایکم» بەجووتە سواری عارەبانەکە بوون، بۆ ئەوەی گومان دروست نەکەن، عارەبانەکەی شاهەنشای بەرامبەر بەمیوانخانەی پرێڤۆ ڕاوەستا و هەردوو ژنەکەش، لەناو عەبا و پێچە بەتەواوی شارابوونەوە، دابەزین و بەپێ، نە ناسراو، بەرەو ماڵی «دایکم» کەوتنەڕێ.

ئەم چاوپێکەوتنەمان، بەئاستەم لەوەی پێشوو کەمێ زیاتر قسەمان پێکەوە کرد. شازادە هەر بەتەماشاکردن دەیویست بمنرخێنێ، زەردەخەنەیەکیش لەسەر لا لێو. لە پڕێکدا ئەمری کرد:

– سبەینێ لەگەڵ شەفەقدا، عارەبانچییەکەم دێت و هەڵت دەگرێ، خۆت ئامادە بکە، سەرپۆشێک بدەرە سەرتا و بەسەر داخستنەوە ڕێ بکە!

وام هەست کرد کە بەرەو مفەوەزییەکەمان دەمبات. بەڵام لەو کاتەی کە گالێسکەکە دەروازەکەی شاری تێپەڕاند، ئینجا هەستم بەهەڵەچوونەکەی خۆم کرد. ئەویش دەستی بەڕوونکردنەوە کرد:

– ڕاستە دەمتوانی بتگەیەنمە لای قونسوڵی ئەمەریکی، ڕاستیشە لە ئاماندا دەبووی و بەبێ ئەرکیش دەیانزانی بە چ ڕێگایەکدا گەیشتوویتە

ئەویَ. ڕاستە بەهۆی ئەوەی کە سەر بەبنەماڵەی قاجارم زۆر شتم پێدەکرێ و دەستم دەڕوا، بەڵام ناکرێ بەدەستی خۆم شەریکی ئەو کەسە ڕزگارکەم کە بەکوشتنی شا تاوانبار کراوە. هەستم بەشەرمەزاری دەکرد، ئیتر بەهۆی منیشەوە دەیانتوانی ئەو ژنە ئازایانە بدۆزنەوە کە تۆیان قوتار کردووە. ئەوکات مفەوەزییەکەش زۆر بەوە دڵخۆش نابوو کە تاوانبارێکی لەم بابەتە لە دەسەڵات بشارنەوە. بڕوا بکە، بۆ هەمووان ئەوە چاکە کە وڵاتی فارس بەجێ بهێڵی. دەتبەمە لای خاڵێکم، یەکێکە لە سەرۆکەکانی بەختیاری. لەگەڵ جەنگاوەرەکانی عەشیرەتەکەی هاتوون بۆ چلەی شا. باسی شناسنامە و بەرائەتی تۆی بۆ دەکەم، بەڵام دەبێ پیاوەکانی بەهیچ نەزانن. ئەویش دەتوانێ تاکو سنووری عوسمانی بتبات، بەڕێگایەک کە قافڵە و کاروانی پێدا ناڕوات. وا لە گوندی شا عەبدلعەزیم چاوەڕوانمانە. پارەوپوولت پێیە؟

– بەڵێ. دووسەد تومەنم دا بەخێرخوازەکەم و نزیکەی چوارسەدیشم لای خۆم گل دایەوە.

– کافی نییە. پێویست دەکات نیوەی پارەکەت بەسەر ئەو کەسانەیا ببەخشیتەوە کە لەگەڵتدان و پارەیەکی ئەوتۆشت لەلا بێت کە بایی سەفەرەکەت بکات. بگرە ئەمە چەند پارەیەکی تورکییە، نابنە بار بۆت. ئەویش دەقێک کە دەمەوێ بگاتە دەست مامۆستا. خۆ بێگومان بەئەستەمبوولا ڕەت دەبیت؟

زۆرم لەلا زەحمەت دەبوو کە بڵێم نەء. بەردەوام بوو، کاغەزەکانی نووشتاندەوە و خزاندییە نێو کراسەکەم:

– ئەمە ئیفادەی یەکەمی میرزا ڕەزایە، ئیمشەو هەموویم نووسییەوە. دەتوانی بیخوێنیتەوە، بەڵکو پێویستیشە بیخوێنیتەوە، فێری گەلێ شتت دەکات. هەروەها لەو سەفەرە دوورودرێژەش دەتخافڵێنێ. لە تۆ زیاتر کەسی تر بۆی نییە چاوی پێ بکەوێ.

گەیشتبووینە قەراغ ئاواییەکە، جەندرمە بەو ناوەیا بڵاوبووەوە، تاکو هەگبەی بارگیرەکانیش دەگەڕان، بەڵام بۆ کەس دەوێرێ توخنی باروبارگەی



کاروانی شاهنشا کەوێت؟ ڕێگامان دەبڕی تاکو گەیشتینە حەوشەی خانووبەرەیەک ڕەنگی زەعفەرانی هەبوو. لە ناوەڕاست حەوشەکەش دارگوێزێکی سەد ساڵە هەبوو کە بەدەوریا جەنگاوەرەکان وەستا بوون کە بەڕاست و چەپ ڕەختیان بەستبوو. شازادە تەماشاکردنێکی پڕ لە قێزهاتنەوەی بۆ ئەو دیکۆرە نێرینانە دەهاتەوە کە لەگەڵ سمێڵە ئەستوورەکان جووت دەوەستان.

– تەسلیمی ئەم خەڵکە چاکەت دەکەم، هەروەکو دەبینی؛ لەو ژنە لاوازانە چاکتر دەتوانن بتپارێزن کە توانیان تاکو ئێرەت بهێنن.

– بێ شک.

هەستم بەڕاڕایی دەکرد کاتێک ئەو هەموو لوولەی تۆپانەم دەبینی کە بەرامبەر بەهەموو لایەک ئاڕاستەکرابوون.

ئەویش وتی:

– منیش گومانم نییە. بەڵام تاکو تورکیات دەبەن.

لە کاتی ماڵئاواییدا، بەخۆما چوومەوە:

– دەزانم ئەمە ساتێکی زۆر گونجاو نییە بۆ قسەکردن لەو بارەیەوە، بەڵام دەزانی ئایا لەناو کەلوپەلەکانی میرزا ڕەزادا، کەشکۆڵێکی کۆن هەبوو؟

سەیری شوێنی دیکەی دەکرد، نەبرەی قسەکردنەکەشی گڕ بوو.

– لە هەققەتدا، ئێستا کاتی ئەوە نییە. ناوی ئەو شێتە بەسەر زارتا نەیەت پێش ئەوەی بگەیتە ئەستەمبووڵ!

– دەسنووسێکی خەیامە!

هەقم بوو جەختی لەسەر بکەم. خۆ بەهۆی ئەو کەشکۆڵەوە بوو کە دوای گشت ئەم موغامەرە فارسییانەم کەوتم. بەڵام شیرین هەناسەی بێ وچانی هەڵکێشا.

– من هیچ لەو بارەیە نازانم. دوای ئەم مەسەلەیە دەکەوم. ناوونیشانەکەی خۆتم بۆ جێبهێڵە و نامەت لەو بارەیەوە بۆ دەنووسم. بەڵام توخوا. ئاگادار بە، وەڵامم نەدەیتەوە.

لە کاتی نووسینی «ئەناپۆلی، ماریلاند»دا، هەستم کرد دوورکەوتوومەتەوە و خۆمیش بەپەشیمان دەهاتە پێش چاو، سەفەرەکەم بۆ وڵاتی فارس هەندە کورت بوو و هەر لە سەرەتاشەوە خۆم دایە دەم ئەو سەفەرەی کە زۆر بەخراپی خۆمم بۆی ئامادە کردبوو. کاتێکیش شازادە هاتەوە سەر باری سروشتی خۆی، دەستم بۆ درێژکرد. باوەش پێدانێکی کورت بەڵام بەگوڕ، ئەویش زۆر بەگوڕەوە، نینۆکی ختم کردە ناو لەپم، برینداری نەکرد، بەڵام بۆ چەند دەقەیەکیش شوێنەکەی هەر دیاربوو. دوو زەردەخەنەی لەسەر لێو پشکووتن، هەمان ڕستەی بینینی یەکەم دووبارە بووەوە:

– چوزانین، ڕەنگ بێ ڕێگاکانمان یەک بگرنەوە!

بۆ ماوەی دوو مانگ، هیچ شتێکم نەبینی کە بەو شتە بچێ کە عادەتەن ڕێگای پێ دەڵێن. کاتێک گوندی شا عەبدولعەزیمان جێهێشت، بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بەڕێ کەوتین، بەرەو ناوچەی عەشیرەتی بەختیاری. دوای ئەوەی بەلێواری دەریاچە خوێاوەکەی قومدا تێپەڕین، بەقەراغی ڕووبارێکا ڕۆیشتین کە هەمان ناوی هەبوو، بەڵام نەچووینە شارەکەوە. هاوڕێگاکانم، هەمیشە چەکەکانیان لەسەرپێ، هەر دەت وت لە جەنگ دان، زۆر بەوریاییەوە، توخنی هیچ شارێک نەدەکەوتن، سەرەڕای ئەوەی کە خاڵۆی شیرین، ئەزییەتی بەخۆی دەدا و پێی دەوتم، «ئێستا لە ئامووکین، لە ڤێرچاین، وا لە خومەینین»، تەنها جۆرە بەلاغەتێک بوو و بەس، تەنها دەیویست ئەوە بڵێ کە گەیشتووینەتە ئاستی ئەو شارانە کە هەر لە دوورەوە منارەکانیمان دەبینی و، منیش هەوڵی ئەوەم دەدا سنوورەکانی بۆ خۆم دیاری بکەم.

لەناو شاخەکانی لورستان و لەودیو ڕووباری قوم، ئیتر لوولەی چەکەکانیان بەرەو خوارەوە شۆڕکردەوە گەیشتینە ناوچەی بەختیاری. ئاهەنگێک بەبۆنەی منەوە سازکرا، سەبیلێکی تلیاکیان پێشکەش کردم و خامۆشی کردمەوە لەنێو کەیفوسەفای گشتیی. دەبوایە دوو ڕۆژی دیکە چاوەڕوان بم تاکو ڕێیەکی تر بگرم، ئەویش دوورودرێژە: چوستەر، ئەهواز و، پاشانیش بەنێو زەڵکاوەکاندا دەبێ تێپەڕین تا دەگەینە بەسرە،



شارێکی عێراقی عوسمانییە کە دەکەوێتە سەر شەتولعەرەب.

ئۆخەی وا بەسەلامەتی لە دەرەوەی وڵاتی فارس داین! مانگێکی ڕەبەق ماوە دەبێ بەپشتی دەریاوە بین، بەپاپۆڕێکی چارۆگەدار، لە فاوەوە بەرەو بەحرێن و بەلێوارەکانی کەناری قورسانەکان تا دەگەینە عەدەن و لەوێوەش بەرێگای دەریای سوورەوە بۆ قەناتی سوێس و لەوێوەش بەرەو ئەسکەندەرییە و بەپانتاییی حەوزی ناوەڕاستەوە، بەسوار پاپۆڕێکی کۆنی تورکان تاکو ئەستەمبووڵ.

بەدرێژایی ئەم هەڵاتنە بێ سەروبنە، ماندوو دیار بووم، بەڵام شکستم نەدابوو، تەنها ڕابواردنم ئەوەبوو کە دە لاپەڕەی ئیفادەکان بخوێنمەوە و بیخوێنمەوە، مەبەست لە ئیفادەکەی میرزا ڕەزایە، بێگومان تووشی وەڕسبوون دەهاتم ئەگەر بهاتبایە شتێکی دیکەم نەبوایە بۆ ئەوەی خۆمی پێوە خەریک بکەم، بەڵام ئەم دووقۆڵییە زۆرەملێیەم لەگەڵ یەکێکی مەحکوم کراو بەمردن، ئەفسوونێکی تایبەتی پێ دەبەخشیم و هەندەی تر بەسانایی، ئەندامە ڕەق و لاوازەکانی، چاوە ئەشکەنجەدراوەکانی و جلوبەرگە زاهیدییە قەستیلانەکەی، دەهاتنەوە بەر خەیاڵم. بەڵکو هەندێ جاریش وەکو بلێیی دەنگی هاوار و گازندە بکەوێتە بەر گوێم.

– چ هاندەرێک پاڵی پێوەنای بۆ ئەوەی شاهی خۆشەویستمان بکوژیت؟

– ئەوانەی دوو چاو شک دەبەن، بەئاسانی ئەوە دەبینن کە لەو جێیەی کە شا کوژرا، هەر لەو جێیەش بوو کە سەید جەمالەدین بەو فەتارەتەوە چوو. ئەو پیاوە خواناسە چی کردبوو. نەوەی ڕاستەقینەی پێغەمبەرە، بۆچی ئاوها لە مەزارەکەوە ڕایانکێشا؟

– چ شتێک پاڵی پێوەنای و کێی تریش بەشداری ئەم تاوانەیە؟

– سوێندم بەخوای تەعالا، خوای ڕەبولعالەمین، ئەوەی کە سەید جەمالەدین و ئەوانی دیکەی هێناوەتە بوون، کەس، تەنها من و سەید ئاگاداری ئەم پڕۆژەیەین. سەیدیش لە ئەستەمبووڵ، دەفەرموون بیگەنێ!

– جەمالەدین چ ئەمرێکی داویەتێ؟

– کاتێک کە چوومە ئەستەمبووڵ، باسی ئەوەم بۆی کرد کە کوڕەکەی شا

چ ئازار و ئەشکەنجەیەکی داوم. سەید داوای لێ کردم کە بێدەنگ بم: «وس بەو هەندە مەنووزێوە، دەڵێی تازییەیە جۆش دەدەی! لە گریان زیاتر شتێکی دیکە دەتوانی بکەی؟ مادامەکی کوڕەکەی شا ئازاری داوی، دەفەرموو بیکوژە!

– بۆچی لەجیاتی کوڕەکەی، شا خۆیت کوشت، چونکە ئەو ئازاری دایت، چونکە ئەو کەسە بوو کە جەمالەدین نەسیحەتی کردی بۆ ئەوەی بیکوژیت؟

– بەخۆم وت: «ئەگەر کوڕەکەی شا بکوژم، ئەوە شا بۆ سزادان و عیبرەتکردن، بەو هێز و توانایەی کە هەیەتی، هەزاران خەڵکی تر دەکوژێ.» لەجیاتی ئەوەی لقێک لێکەمەوە، ڕەگی درەختی زوڵم و زۆرداریم لە بنەوە هەڵکێشا، بەهیوای ئەوەی کە درەختێکی دیکە لە جێیەکەی بڕوێت. لەلایەکی تریشەوە، سوڵتانی تورک، دوو بەدوو سەید جەمالەدینی بینیبوو، ئەوەی پێ ڕاگەیاندبوو کە ئەو شایە دەبێ لەناوچێت بۆ ئەوەی یەکێتی موسڵمانان بەرقەرارکەین.

«– چۆن دەزانی کە سوڵتان ئەمەی بەجەمالەدین وتووە؟

– ئەمە جەمالەدین خۆی پێی وتم. باوەڕی پێم هەیە، هیچم لێ ناشارێتەوە. کاتێک کە لە ئەستەمبووڵ بووم، هەروەکو کوڕی خۆی سەیر دەکردم.

– باشە ئەی ئەگەر بێت و لەوێ هەندە بەچاکی مامەڵەیان لەگەڵ کردووی. ئەی بۆچی گەڕایتەوە وڵاتی فارس و گەڕایتەوە ئەو شوێنەی کە ترسی ئەوەی لێ دەکرا بگیرێیی و ئەشکەنجە بدرێیی؟

– من یەکێکم لەو کەسانەی کە بڕوام وایە کە گەڵاداریێکیش بەرنابێتەوە ئەگەر بۆی نەنووسرابێت. دەبێ لە کتێبی قەدەر نووسرابێتەوە. ئەوە نووسرابوو کە دەبێ بگەڕێمەوە وڵاتی فارس و دەبوایە ببمە ئەو ئاداتەی کە ئەم ڕووداوەی ئەنجام دا.»



## XXXII

ئەو پیاوانەی کە بەدەوری گردەکەی یولدز، واتە بەدەوری ماڵەکەی جەمالەدینا دەهاتن و دەچوون، ئەگەر بهاتبایە لەسەر فێسەکانیان «سیخوڕی سوڵتان»یان بنووسیبایە، هیچ شتێکی نەدەگۆڕا، چونکە ساوێلکەترین میوان یەکسەر هەستی پێی دەکردن. بەڵام ئایا هۆی سەرەکییان تەنها هەر ئەمە بوو: ورە نزمکردنەوەی میوانەکان بێت. لە ڕاستیدا کاتی خۆی ئەم شوێنە لەبەر مورید و میوانی بیانە و شەخسییاتی ڕێبوار جمەی دەهات، لەم ڕۆژە قورسەی مانگی ڕەزبەرەش چۆڵوهۆڵە. تەنها خزمەتکارەکانی لێ بوون، بێ قرە و بۆڵە. بەرەو نهۆمی یەکەم بەرێیان خستم و مامۆستام بینی، ڕاماو، وەکو ئەوەی لە شوێنێکی دی بێت، چەقیبووە ناو قەنەفەکەی کە لە لۆکەی ئەستوور و مەخمەل دروست کرابوو.

هەرکە بینیمی، ڕووی گەشایەوە. بەخێرایی بەرەو ڕووم هات، گرتمییە باوەش، داوای لێبووردنیشی لێکردم بۆ گشت ئەو زەحمەتییەی کە دووچارم هات و وتیشی کە دڵخۆشە بەوەی کە بەسەلامەتی ڕزگارم بووە. زۆر بەکورتی باسی هەڵاتنەکەی خۆم و چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ شیرین بۆی کرد، پاشانیش باسی خۆشاردنەوەکەم و بینینی فازیل و میرزا ڕەزام بۆی گێڕایەوە. تەنها هەر بەناوهێنانی میرزا، جەمالەدین تووڕەبوو.

– پێیان وتم کە مانگی ڕابردوو لە سێدارەیان دا، خوا عافووی کات! بێگومان، دەیزانی چی چاوەڕوانی دەکات، تەنها ئەو فەترەیەی کە دەکەوێتە نێوان حەپس و لە سێدارەدانەکەی پیاو تووشی حەپەسان دەکات. سەد ڕۆژی ڕەبەق دوای کوژرانی شا! بێگومان، تاکو ئیعتیرافی پێ بکەن دەبێ ئەشکەنجەیەکی زۆریان دابێ.

جەمالەدین لەسەرخۆ قسەی دەکرد. هەستت دەکرد کز دیارە و لاوازیش بووە، عادەتەن زۆر هێمن بوو، ئێستاش تووشی تیکێک[1] هاتووە کە

(١) جۆرە نەخۆشییەکی تایبەتە کە تووشی مرۆڤ دێت، هەندێ ئەندامی دەموچاوی تووشی جووڵە دێت: وەکو جووڵەی چاو یا برۆ هتد. (وەرگێڕ).

هەندێ ڕوخساری دەشێوێنێ، بەڵام بەبێ ئەوەی سیحرەکەی بفەوتێنێ. هەست بەوەش دەکرا کە ئازار دەکێشێ، بەتایبەت کاتێک باسی میرزا ڕەزای بکردبایە.

– جێی بڕوا نییە کە ئەو کوڕە هەژارەی کە من لێرە، لەم شارە خستمە خەستەخانەوە، دەستەکانی دەلەرزین، پێدەچوو کە توانای هەڵگرتنی پیاڵەیەک چایشی نەبێت، چۆن دەمانچەیەک هەڵگرێت و ئاڕاستەی شای بکات و بەیەک گوللەش ساردی کاتەوە. ئایا بڕوا ناکەیت مەسەلەی شێتییەکەیان قۆزتبێتەوە بۆ ئەوەی ئەو تاوانەی بەسەرا ساغ کەنەوە!

بۆ هەموو وەڵامێک، ئیفادەکەم دەدایێ کە شازادە نوسخەیەکی چنگ کەوتبوو. چاوێلکەکەی کردە چاو و خوێندییەوە، جارێکی دیکەش خوێندییەوە، بەشێلگیرییەوە، هەندێ جاریش وەک پێدەچوو هەست بەئۆخژنێکی ناوەکیش بکات. پاشان لاپەڕەکانی نووشتاندەوە و خستییە باخەڵی و لەناو هۆڵەکەیا دەستی کرد بەهاتوچۆکردن. دە دەقەی بێ دەنگیی تێپەڕی، پێش ئەوەی ئەو دوعا سەیروسەمەرەیە بکات:

– میرزا ڕەزا، فەرزەندە ونبووەکەی وڵاتی فارس! ئەگەر تۆ عاقڵێک بیت یا دێوانەیێک! ئەگەر بەوە ڕازی بیت خیانەتم لێ بکەیت یا وەفادارم بیت! ئەگەر بتوانی ئیلهامی میهرم بدەیتێ یا ئیلهامی قێزلێهاتنەوە! چۆن بتوانم خۆشتم بوێ، چۆنیش بتوانم قینم لێت بێتەوە؟ تەنها هەر خودا خۆی، دەزانی پاداشتی تۆ چییە؟ ئایا دەتباتە بەهەشتی فراوانی شەهیدانەوە، یا دەتخاتە ناو دۆزەخی جەلادانەوە؟

گەڕایەوە و بەماندوویی دانیشتەوە، ڕوخساری بەهەردوو ناولەپی گرت. منیش هەروا بەبێدەنگی مامەوە، دەمویست تاکو دەنگی هەناسەدانیشم نەیەت. جەمالەدین هەڵسایەوە سەرپێ. هەستم کرد کە دەنگی ڕوونتر و مێشکی گەشتر دیارە.

– ئەو ڕستانەی کە وتم هی میرزا ڕەزا خۆی بوون. تاکو ئێستاش هەر گومانم دەکرد. گومانم نەما، شاکوژەکە هەر ئەوە. ڕەنگیشە ئەمەی کردبێت بۆ ئەوەی تۆڵەی من بکاتەوە. ڕەنگ بێ واشی لێکدابێتەوە کە گوێڕایەڵیم



دەکات. بەڵام، بەپێچەوانەی ئەوەی کە ئیدیعای دەکرد، من هەرگیز فرمانی کوشتنم نەداوەتێ. کاتێک هاتە ئەستەمبووڵ و باسی ئەوەی بۆ کردم کە چۆن کوڕەکەی شا و خزمەتکارەکانی دارکارییان کردووە و فرمێسکیش بەچاوانیدا خوڕەی دەهات، ڕاموەشاند و پێم وت: «بەسە هەند مەنووزێییەوە! پێدەچێ دڵت بدرێتەوە! تەنها لە پێناوی ئەوەی دڵت بدەینەوە، تەنانەت ئامادەی بەشێکی جەستەت لێکەیتەوە!» ئەفسانەیەکی کۆنم بۆ گێڕایەوە: کاتێک لەشکری دارا و لەشکری ئەلەکسەندەری مەزن ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، موستەشارەکانی یۆنان ئەوەیان ڕاگەیاند کە لەشکری فارسەکان ژمارەیان زۆرترە. وەکو دەڵێن ئەلەکسەندەر بەشان هەڵتەکاندنەوە و بەلەخۆ ڕازیبوونەوە وتبووی. «پیاوانی من شەڕ بۆ سەرکەوتن دەکەن و پیاوانی داراش بۆ مردن!»

پێدەچوو جەمالەدین بیر لە شتێک بکاتەوە.

– ئا ئەو کاتە بەمیرزا ڕەزام وت: «ئەگەر کوڕی شا ئازاری داویت. ئەو لەناو ببەی چاکترە وەک لە خودی خۆت!» ئایا ئەمە بانگەشەیە بۆ پیاوکوشتن؟ توخوا تۆ باوەڕ دەکەیت، تۆیەک کە میرزا ڕەزا بناسی، ئایا کارێکی وا دەسپێردرێتە شێتێک، هەزاران کەس لێرە چاویان پێی کەوت؟

ویستم هێمنی خۆم نیشان دەم.

– تۆ بەکوشتن تاوانبار ناکرێیت، بەڵام ناکرێ لێپرسراوییە مەعنەوییەکەت بشاررێتەوە.

ئەم ڕاستگۆییەم کاریگەریی خۆی هەبوو و بەدڵیشی بوو.

– بۆ ئەمەیان لەگەڵتام. چونکە هەمیشە ئاواتەخوازی ئەوە بووم کە مردنی شا بەچاوانی خۆم ببینم، بەڵام ئەم بەرگری لەخۆکردنە بەچی دەچێ، خۆ من لەوە پێشتر تاوانبار کرابووم.

بەرەو سنووقێکی بچووک ڕۆیشت، کاغەزێکی دەرهێنا، زۆر بەجوانی و بەخەتێکی خۆشیش لەسەری نووسرابوو.

– ئەم سەرلەبەیانییە، وەسیەتنامەکەی خۆمم نووسی.

دەقەکەی دایە دەستم و زۆر بەجۆشەوە دەستم بەخوێندنەوەی کرد:

(ئازاری ئەوەم نییە کە حەپس کرام و لە مردنی ئایندەش ترسم نییە. تەنها داخی من ئەوەیە کە ئەو گوڵەم نەبینی شکۆفە بکات کە بەدەستی خۆم تۆوەکەیم وەشاند. زوڵم و زۆرداری میللەتانی ڕۆژهەڵات بەردەوام هەنجن هەنجنم دەکات و تاریکیش بانگی ئازادییان دەخنکێنێ. ئەگەر بهاتبایە ئەم تۆیانەم لە زەمینێکی بەپیتوبەرەکەتی میللەت نەک لە کۆشکی پاشایان بچینابایە، ڕەنگە ئێستا گوڵیان بگرتبایە. تۆ ئەی میللەتی فارس، ئەی ئەو میللەتەی کە گەورەترین هیوام پێتە، بڕوا مەکە بەلەناوبردنی کەسێک ئازادی خۆت بەدەست دەهێنی. دەبێ بارستایی دابونەریتە مێژینییەکان لەسەر ئەستۆت بتەکێنی.»

– با نوسخەیەکی لای تۆ بێت و تەرجەمەی بکە و بیدەرە دەست هینری ڕۆشفۆر با لە ئەنتراسیژاندا بڵاوی بکاتەوە؛ تاقە ڕۆژنامەیە کە بانگەشەی بێ تاوانی من دەکات و ئەوانی دیکە هەموو بەتاوانبارم دادەنێن. هەموو دونیا ئارەزووی مردنی منی هەیە. با دڵنیابن، تووشی شێرپەنجە هاتووم، شەویلاگەم تووشی شێرپەنجە هاتووە!

هەر کاتێک کە بێهێزیی شالاوی بۆ بهێنایە و گلەیی لە وەزعی خۆی بکردبایە، ئەوە قاقایەکی دەکرد کە بەڕواڵەت نائاگا دیاربوو و لێزانانە گاڵتەجاڕیشی دەنواند.

– شێرپەنجە، شێرپەنجە، شێرپەنجە، وەکو ئەوەی جوێن بەشتێک بدات، دووپاتی دەکردەوە. پزیشکانی زەمانی زوو، هەموو نەخۆشییەکانیان دەدایە پاڵ ئەستێرەیەک. تەنها شێرپەنجە[٢] تاکو ئێستا بەناوی ئەستێرەکەی دەناسرێتەوە، ترس و پەشۆکان کۆمپلێتە.

بۆ چەند لەحزەیەک راما و خەمۆکیی دیار بوو، هەندەی نەبرد دەستی کردەوە بەقسەکردن، بەنەبرەیەک بەختیاریی پێوە دیار بوو، کاریگەر و هەندەی تر توندوتیژ.

– نەعلەت لەم شێرپەنجەیە بێت. خۆ کەسیش نازانێ ئایا بەدەستی ئەم

(٢) بۆ نموونە ئەستێرەی (سرطان؛ بەعارەبی و «**cencer**») بەفەرەنسی و «**cancer**» بەئیسپانی. (وەرگێڕ).



نەخۆشییە دەمرم. شا داوای ئەوە دەکات تەسلیم کرێمەوە: سوڵتان ناتوانی تەسلیمم کاتەوە، چونکە میوانی ئەوم، ناشتوانی شاکوژێک هەر وا بە بێ سزا بمێنێتەوە. راستە زۆر قینی لە شا و لەو بنەماڵەیەیە، هەموو رۆژێک خەریکی چنینی موئامەرەیەکە و هەرەوەزیی نێوان برا دەسەڵاتدارەکان دژ بەسەغڵەتکەرێکی وەکو جەمالەدین. ئەی تەگبیر؟ سوڵتان وا دەکات کە هەر لێرە بکوژرێم و برازاکەی شا بەمە دەحەسێتەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی بێ وچان داوای تەسلیمکرنەوەم دەکات، ئارەزووی ئەوەی نییە کە دەستی بەخوێنی من ئاڵ بێت، لە کاتێکدا لە سەرەتای دەسەڵات گرتنە دەست دایە. ئەی کێ دەمکوژێ؟ شێرپەنجەکە؟ شا؟ یا سوڵتان؟ رەنگبێ قەد کاتی بواری ئەوەم بۆ نەڕەخسێ ئەم حەقیقەتە بزانم. بەڵام تۆ، هاوڕێ گەنجەکەم، تۆ پێی دەزانی.

جورئەتی ئەوەشی کرد پێبکەنێ!

لە راستیشدا قەد پێم نەزانی. مردنی چاکسازی رۆژهەڵات وەکو تەلیسمێکی لێهات. دوای چەند مانگێک، پاش ئەوەی کە گەڕامەوە ئاناپۆلی. چەند دێڕێک لە ١٢ی خاکەلێو **١٨٩٧** لەسەر رووپەڕی رۆژنامەی ئەنتراژیساندا ئەوەی راگەیاند کە سێ رۆژ لەوەو پێش جەمالەدین کۆچی دوایی کرد. تەنها لە کۆتایی هاوینیشدا کاتێک نامەکەی شیرینم بەدەست گەیشت، بەوەم زانی کە جەمالەدین ئەمری خوای کردووە، ئەو جۆرە مردنەی کە لەناو موریدەکان بڵاوببووەوە. شیرین نووسیبووی: «چەند مانگێک دەبوو تووشی ئازار هاتبوو، دانەکانی ئازارێکی زۆریان دەدا، هەڵبەتە لەبەر شێرپەنجەکە بوو. ئەو ڕۆژە، ئازارەکەی گەیشتبووە سنوورێک کە ئیتر تەحەمولکردنی مومکین نەبووە، خزمەتکارەکەی دەنێرێتە ماڵ سوڵتان و دانسازە تایبەتەکەی خۆی بۆ دەنێرێ. پزیشکەکە دەیپشکنێ و شرینقەیەکی لەناو خاولییەکەی دەردەهێنێ و دەرزییەکی لە پۆکی دانەکانی دەدا و ئەوەی پێ ڕادەگەیەنێ کە هەندە نابات ئازارەکەی هێور دەبێتەوە. چەند چرکەیەکیش تێنەپەڕیبوو، شەویلاگەی مامۆستا تووشی ئاوسان هات. کاتێک خزمەتکارەکە ئەم ئاوسانەی بینی کە خەریکە دەیخنکێنێ، دانسازەکە هێشتا ماڵەکەی جێ

نەهێشتبوو، بەدوایا ڕادەکات بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە لای مامۆستا، ئەویش لەجیاتی بەگوێی کات، بەرەو گالێسکەکە پێ هەڵدەگرێ کە لەبەردەم دەرگا چاوەڕوانی دەکرد. دوای چەند دەقەیەک جەمالەدین مرد. بۆ ئێوارە، پیاوانی سوڵتان هاتن بۆ ئەوەی تەرمەکەی بەرن و شووشتیان و هەر بەخێراییش ناشتیان.» چیرۆکەکەی شیرین بەچوارینەیەکی خەیام کۆتایی دەهات کە زۆر بەوردی تەرجەمەی کردبوو: «ئەوانەی مەعریفەیەکی زۆریان کۆکردەوە و ئێمەیان بەرەو زانیاری برد، ئەرێ خۆیان لەناو گومانا نەخنکاند؟ بەسەرهاتێک دەگێڕنەوە و پاشان دەچن لێی ڕادەکشێن.»

دەربارەی کەشکۆڵەکەی خەیامیش، کە ئامانجی تایبەتی نامەکە بوو، شیرین بەشێوەیەکی زۆر کورت باسی کردبوو: «ڕاستە وا لەناو شتومەکەکانی تاوانبار دایە. کەشکۆڵەکە ئێستا وا لای منە. هەر کاتێک ڕێت کەوتە وڵاتی فارس دەتوانی بەکەیفی خۆت پەڕەکانی هەڵدەیتەوە.»

دەگەڕێیتەوە وڵاتی فارس یا تا ماوی گومانم لێ دەکەیت؟



**XXXIII**

لە موغامەرە فارسییەکەمدا تەنها تێنوێتیم بۆ مابووەوە. مانگێکی ویست تا بگەمە تاران، سێ مانگی ویست بۆ ئەوەی تاران جێ بهێڵم و لە خیابانەکانی چەند ڕۆژێکی سست و دەغەزار، بایی هەناسە هەڵکێشان و دەستلێدان و بینینێکی نەدەکرد. وێنەگەلێکی زۆر بەرەو خاکی یاساغ بانگیان دەکردمەوە: شانازییم بەتەوەزەلییەکەم دەکرد کاتێ نێرگیلەم دەکێشا، چوارمشق لەناو بۆنوبەرامەی ژیلەمۆ و مس دادەنیشتم، دەستیشم لەناو دەستی شیرین نغرۆ دەبوو، لێوەکانم دەنیشتنەوە سەر لێوەکانی، بێ گەردییەک کە ئێوارەیەکیان دایکم پێشکەشی کردم، سەرەڕای هەمووشی کەشکۆڵەکە بوو کە لەسەر کۆشی پاسەوانەکەیدا بەکراوەیی چاوەڕێی دەکردم.

زۆر بەدوودڵییەوە توانیم باسی ئەو ڕۆژە بۆ ئەوانە بکەم کە قەت هاجیسی ڕۆژهەڵات لە کەللەیانی نەدابوو، شەممەیەک بوو، دەمەو ئێوارە، کەوش لە پێ، کراسێکی فارسییانەم لەبەرە و کڵاوێکیش لە چەرمی مەڕ دروستبووم لەسەرە، لەسەر کەناری ئاناپۆلی پیاسەم دەکرد، لە سووچێکی وا هەست دەکرا کە چۆڵوهۆڵ بێت. ڕاستە، کەسی لێ نەبوو، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەم، نغرۆی خەون و داڵغەبووم، ئەوەم لەبیر چووبووەوە کە جلوبەرگێکی تایبەتیم لەبەرە، بەشەقامی کۆمپرۆمیش ڕۆددا دەگەڕامەوە، ئەو شەقامە چۆڵوهۆڵ نەبوو. ئیتر «ئێوارەت باش مسیو لوساژ»، «پیاسەیەکی باش، مسیو لوساژ»، «ئێوارەتان باش، مەدام بایماستەر، هیگچەرچ»، «ئێوارەتان باش، گەورەم!» دەستی پێکرد و برۆ گرژەکانی کەشیش هێنامییەوە ئاگا. ڕەق ڕاوەستام و بەپەشیمانییەوە هەر لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پێ تەماشای خۆم کرد، دەستم لە کڵاوەکەم دا و پێم هەڵگرت. وابزانم دەستم بەغاردانیش کرد، بەجوانی خۆم لەناو عەباکەم شاردبووەوە، پێیدەچوو خۆمی پێ داپۆشم. کە گەیشتمە ماڵی خۆمان، بەگومانەوە سەیری کەلوپەلەکانم دەکرد و بەچاونوقانێک لوولیانم دا بەتووڕەییەوە فڕێم دانە نێو ئەو دۆڵابەی کە بۆ کەرەسە تەرخان کرا بوو.

زۆر ئاگاداری ئەوەبووم کە ئەم کارە دووبارە نەبێتەوە، بەڵام ئەو تاقە پیاسەیە بۆ ئەوەی تا ماوم، ئەتەکێتی غەریبولئەتوار بلکێتە ناومەوە. لە ئینگلتەرادا، هەمیشە بەئیعجابەوە سەیری یەکێکی ئەکسێنتریک(٣) دەکرا، بەمەرجێ کە پارەوپوولێکی یەکجار زۆری هەبێ. لە ئەمەریکای ئەو ساڵانە، بەدزێوی سەیری ڕەفتاری وا دەکرا؛ بەشوورەیییەکی حەکیمانە لەو سەدەیەدا لێژ دەبووینەوە. ڕەنگبێ لە نیویۆرک یا لە سان فرانسیسکۆ ئاسایی بوایە، بەڵام لە شارۆچکەکەی من جیاواز بێت. دایکێکی فەرەنسی و کلاوێکی فارسی بەنیسبەت شارێکی وەکو ئاناپۆلی، زیاد لە پێویست غەرابەتی دەنواند.

ئەمە ڕووە سێبەرەکەی بوو. ڕووە بەر هەتاوەکەی، نرخی فەنتازییەکانم دا، هەر خێرا، بەمەزنترین موغامیری ڕۆژهەڵات ناوزەد کرام. بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی لۆکاڵ، کە ناوی ماتیاس وێب بوو، هەرکە گوێی لە پیاسەکەی من ببوو ئەوەی پێشنیارکردم کە لەمەڕ ئەزموونی وڵاتی فارس بابەتێکی بۆ بنووسم.

بۆ دواجار کە ناوی فارس لەسەر لاپەڕەکانی (**Annapolis Gazette and Herald**) خوێندرایەوە، وابزانم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٦، ئەمەش لە کاتێکدا کە پاپۆڕێکی ترانسئەتلەسی(٤) کە جێی شانازیی کۆناردس بوو، یەکەم پاپۆڕی پاچکەدارە کە میتاڵکەفت نەکرابێت، خۆی دەکێشێتە ئایسبێرگێک(٥) و حەوت دەریاوان دەمرن، ئەم پاپۆڕە بەدبەختەش ناوی پێرسیا بوو.

خەڵکی دەریا لەگەڵ ئیشارەتەکانی قەدەر گەمە ناکەن. هەروەها ئەوەشم بەزەرووری زانی لە پێشەکی بابەتەکەمدا، ئەوە تۆمار بکەم، کە «پێرسیا» وشەیەکە بەهەڵە بەکار هاتووە، چونکە فارسەکان وڵاتەکەیان بە«ئێران» ناو دەبەن، کورتکراوەی وشەیەکی زۆر کۆنە، کە لە «ئایرانیا ڤایێجا»وە هاتووە

(٣) **(excentrique)**: شذوذ یا شاذ. (وەرگێڕ).

(٤) پاپۆڕێک کە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی تەی کات. (وەرگێڕ).

(٥) کەرتە شاخێکی سەهۆڵینی ئۆقیانووسی ئەتڵەسییە. (وەرگێڕ).



و کە بەمانای «خاکی ئارییان» دێت.

پاشان هاتمە سەر عومەر خەیام، تاقە فارسێکە کە خوێنەران لەوەو پێش گوێییان لەناوی ببوو و بەو بۆنەیەوە چوارینەیەکم هێنایەوە کە لە بۆنوبەرامەی گومان هەڵکێشرا بوو، «بەهەشت و دۆزەخ، ئەرێ کەسێک هەیە سەری لەو هەوارە سەیرانە دابێت؟» پێش ئەوەی برۆمە ناو بابەتەکەوە، بەچەند پەڕەگرافێکی چڕ پێشەکییەکی سوودبەخشم بۆی ئامادەکرد، باسی گشت ئەو ئایینانەم کرد کە لەسەر خاکی فارس سەریان هەڵداوە، زەردەشتی، مانی، ئیسلام بەشیعە و سوننەوە و لە هەمووشیان نزیکتر بۆ ئێمە «بابی»یە، شەیخی و بەهاییە، ئەوەشم لەبیر نەچووبووەوە بڵێم وشەی «**paradis**»ی ئێمەش، ڕەچەڵەکی وشەیەکی فارسییە کە «پارادایزە»(٦) کە بەمانای «باخچە» دێت.

بۆ عەللامەنییە بەڕواڵەتییەکەم ماتیاس وێب دەستخۆشی لێکردم، بەئافەرینەکانیشی هانی دام، ئەمەم بەهەل زانی کە پێشنیاری ئەوەی بۆ بکەم کە شێوەیەکی ڕێکوپێکی بەشداریی لە ڕۆژنامەکەی بکەم، هەستم کرد کەمێ شڵەژا و تووڕەش بوو:

– زۆرباشە، دەتوانم وەکو تاقیکردنەوە وەرت گرم، ئەگەر پەیمانی ئەوەم بدەیتێ کە ئیتر واز لەو خووە دەهێنی و ئیتر دەقەکانت هەندە بەوشەی قەبە و غەریب ناڕازێنیتەوە!

لەسەر ڕووم نەدەکرا حەپەسان و گومان نەخوێندرێتەوە، وێب مافی تەواوی خۆی هەبوو:

– ئەم گازێتە، توانای دارایی ئەوتۆی نییە کە خەرجی پسپۆڕێک بدات بۆ ئەوەی لەمەڕ وڵاتی فارسەوە شت بنووسێت. بەڵام ئەگەر بەوە ڕازی بیت کە هەر چ هەواڵێک لە وڵاتانی بیانییەوە بێت، بتوانی هەواڵی ناوچە دوورەکان بخەیتە ژێر دەستی هاوولاتیانەوە، ئەوە کارێکت لە ڕۆژنامە دەدەینێ. ئەگەر بێت و بابەتەکە قوولاییەکەی ون دەکات، بەڵام لە بواری پانتایی گرەوەکە دەباتەوە.

(٦) زمانی عەرەبیش کردی بە «فردوس» یا «فرادیس». (وەرگێڕ).

هەردووک دەستمان بەبزە کردەوە؛ پێش ئەوەی دەست بەقسە بکاتەوە، سیگارێکی ئاشتی بۆ داگیرساندم:

– تاکو دوێنێش، بیانیی بۆ ئێمە وجوودی نەبوو، ڕۆژهەڵات بەئاستەم دەگەیشتە کامپ کۆد. لەپڕێکدا، بەئەنجەتی ئەوەی کە سەدەیەک ئاوا دەبێ و یەکێکی دیکە سەرهەڵدەدا، شارە هێمنەکەمان پڕ لە حەشاماتی دونیا بوو. دەبێ ئەوەش بوترێت کە ئەم گفتوگۆیەمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٩، کەمێک پێش شەڕی ئیسپانۆ – ئەمەریکا، کە نەک تەنها لەشکرەکانمان گەیشتنە کوبا و پۆرتۆریکا، بەڵکو گەیشتە فیلیپینیش. هەرگیز لەوەوە پێش، دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەندە دوور بڕی نەکردبوو. سەرکەوتنمان بەسەر پیرە ئیمپراتۆرەکەی ئیسپانیا، تەنها دووهەزار و چوارسەد قوربانی گەرەک بوو، بەڵام لە ئاناپۆلی، کە بارەگای ئەکادیمی دەریاییش بوو، هەر تەرمێک بهاتبایەوە، تەرمی خزمێک، هاوڕێیەک، یا دەزگیرانێک بوو؛ لەناو هاووڵاتییە هەرە موحافیزەکانیشدا، ماککینلی سەرۆکیان بەسەرچڵێکی ترسناک دەدایە قەڵەم.

ئەمە بۆچوونی وێب نەبوو، بەڵام دەبوایە بەتەنگی خۆفی خوێنەرەکانییەوە بێت. بۆ ئەوەی ئەو کابرایە شێلگیرە کە خاوەن خێزان و عەبوسیش بوو، بەباشی بۆچوونی خۆیم بۆ ڕوون کاتەوە، هەڵسایە سەرپێ، مرخەیەکی کرد، دەموچاوی گرژ داهات، پەنجەکانی تێکهەڵکێشی یەکتری کردن کە هەر بەچڕنووکی دڕندەیەک دەچوون.

– دونیای دڕندە بەهەنگاوی هەراش خەریکە لە ئەناپۆلی نزیک دەبێتەوە، تۆش، بنیامین لوساژ، تۆ دەبێ دڵنیایی هاووڵاتیان بدەیتەوە.

لێپرسراوییەکی قورسم لە پێش بوو؛ بەبێ دەلیل. سەرچاوەی زانیارییەکانم، ئەو بابەتانە بوو کە هاوکارەکانم لە شارانی وەکو پاریس و لەندەن بڵاویان دەکردەوە، هەروەها ئەو بابەتانەی کە لە نیویۆرک و واشنتۆن و بالتیمۆر بڵاودەبوونەوە. هەرچییەکم لە بارەی شەڕی بۆرە وە دەنووسی، یا لەسەر ململانێیەکانی ساڵانی ١٩٠٤–١٩٠٥ەوە کە لەنێوان



قەیسەر و میقادۆ ڕوویان دا، یا ئەوەتا باسی کێشە و گرفتەکانی ڕووسیا بوون، تەنها دێڕێکیشی شایانی ئەوە نەبوون کە لە گۆڤارە دەورییەکان[٧]دا دەربچن.

کاری ڕۆژنامەوانیی من تەنها لە بارەی فارسەوە دەکرێ باس بکرێت. شانازیی بەخۆمەوە دەکەم کە گازێت یەکەم ڕۆژنامە بوو کە پێشبینییی ئەو تەقینەوەیەی کرد، کە هەواڵەکان لە دوا مانگی ساڵی ١٩٠٦دا بەتێروتەسەلی لەسەر ڕووپەڕی هەموو ڕۆژنامەکانی دونیادا بڵاوکرانەوە. بۆ یەکەمین جاریش، ڕەنگە بۆ دواجاریش بووبێت کە ئاماژەی بۆ بابەتەکانی (**Annapolis Gazette and Herald**) کرابێت و زۆرجاریش دەقاودەق هەروەکو خۆی، لەسەر ڕووپەڕی نزیکەی شەست ڕۆژنامەی باشوور و کەنارەکانی ڕۆژهەڵات دووبارە دەکرانەوە.

بۆ ئەمەش دەبێ چ شارەکەی خۆم، چ ڕۆژنامەکە منەتم هەڵگرن. منیش دەبێ منەتی شیرین هەڵگرم. لە هەقیقەتدا، بەهۆی ئەوەوە بوو نەک بەهۆی ئەزموونە کەمەی خۆمەوە بوو کە بتوانم لەمەڕ وڵاتی فارسەوە ئەو بابەتانە بنووسم؛ لە گەورەیی و فراوانیی ڕووداوەکان تێبگەم و مەزەنەی ڕوودانیان بکەم.

حەوت ساڵ دەبێت کە هیچ نامەیەکم لە شازادەکەمەوە پێ نەگەیشتووە. ئەی نەدەبوو لە بارەی کەشکۆڵەکەوە وەڵامم بۆ بەڕێ خات؟ ڕاستە هەواڵی بۆ ناردم، هەرچەندە زۆر کەم بوو، بەڵام ورد و تەنها هەر حیرمانیشی دامێ؛ ئیتر چاوەڕوانی نامەی دیکەم لێ نەدەکرد. ئەمەش مانای ئەوە نەبوو کە هیوام نەمابێت. هەر کاتێک پۆستەچی بهاتبایە، ئەم هیوایە ختووکەی دەدام، سەیری خەتی سەر زەرفەکەم دەکرد و سەیری پوولەکەیم دەکرد و بزانم بەخەتی عارەبی ژمارەی پێنجی لەسەر نەنووسرابێت کە هەر لە شێوەی دڵ دەکات. لەو شکستییە ڕۆژانەیەم سڵم نەدەکردەوە، هەر بەسڵاوێکم دەچواند کە لە باڵای خەونەکانم بکرێن.

(٧) لێرە مەبەست لەو گۆڤارانەیە کە لە ساڵی جارێک یا دووجار لە ساڵێکدا دەردەچێت و بەسەرهات و ڕووداوە مێژووییەکانی تیا تۆمار دەکرێت. (وەرگێڕ).

دەبێ ئەوەش بڵێم کە لەو سەردەمەدا، ماڵی باوکم بەرەو شاری بالتیمۆر گواستبوویانەوە و باوکم دوو برای لە خۆی بچووکتری هەبوو خەریکی کردنەوەی بانقێک بوون. ئەوەی پەیوەندیشی بەمنەوە هەبوو، ئەوەم بەباش زانی کە لە هەمان ماڵ، من و چێشتلێنەرێ کە بەتەمەنا چوو بوو، تاڕادەیەک کەریش بوو، بمێنمەوە لەو شارەی کە زۆربەی هاوڕێیانمی لێ نەمابوو. گومانیش لەوە ناکەم کە تەنهاییەکەم کەفوکوڵییەکی تایبەتی بەخشیبووبێتە چاوەڕوانییەکەم.

ڕۆژێکیان، نامەیەکی شیرین گەیشت. تەنها وشەیەکیشی لە بارەی کەشکۆڵەوە نەنووسیبوو، هیچ شتێکی شەخسی لە دووتوێی ئەم نامە درێژەدا نەبوو، تەنها ئەوە نەبێ کە بە «هاوڕێی ئازیزی دوورم» دەستی بەنامەکەی کردبوو. ئەوی تر، گشت ئەو ڕووداوانە بوون کە ڕۆژ بەڕۆژ لە دەوروبەری ئەو ڕوویان دابوو. پەیوەندییەکە زۆر چڕوپڕ بوو، گشت ڕووداوەکان زۆر بەوردی باس کرابوون؛ چەندە بۆ یەکێکی وەکو من ڕەنگە ڕووکەش دیار بووبێتن، بەڵام هیچیان بێ کەڵک نەبوون. من عاشقی زیرەکییەکەی بووم و هەستیشم بەخۆباییبوون دەکرد کاتی دەمبینی لەنێو گشت ئەو پیاوانەی دەوروبەری، منی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بەرهەمی بیرکردنەوەکەی خۆیم پێشکەش کات.

ئیتر لەمە بەدواوە بەڕێتمی نامەکانی ئەو دەژیام، هەر مانگە و نامەیەک، گێڕانەوەیەکی زۆر زیندوو، تەنها ئەگەر بێت و شیرین داوای ئەوەی لێ بکردمایە کە بیانپارێزم و بڵاویان نەکەمەوە، ئەگینا هەروەکو خۆی بڵاوم دەکردنەوە. هەرچەندە ڕوخسەتی ئەوەشی دامێ بەبێ پەشیمانی هەموویان بدڕێنم. ئەمەم بەبێ قین دەکرد، پاش ئەوەی تەرجەمەم دەکرد و بەبێ جووتە کەوانی بچووک و خەتی لار، بڕگەی تەواوم هەروەکو خۆی نەقڵ دەکرد، پاشان دەیانم دڕاند.

هەرچەندە شێوازەکەی من و ئەو لە تەرحکردن و پێشکەشکردن زۆر جیاواز بوون. بۆ نموونە شازادە هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە بەم ستیلە بنووسی:



«شۆڕشی فارسی کاتێک دەستی پێکرد کە وەزیرێکی بەلجیکی ئەو بیرە وێرانکەرەی بەخەیاڵا هات کە بەرگی مەلایان بکاتە بەر.»

هەرچەندە زۆریش لە ڕاستییەوە دوور نەبوو. بەڵام بۆ شیرین، سەرەتاکانی شۆڕش لەو کاتەوەی دەست پێدەکات کاتێک شا، لە ساڵی ١٩٠٠ بۆ چارەسەر ڕووی کردە کۆنترێکسێڤیل(٨). شا پێویستی بەپارە هەبوو، حەزی دەکرد لەگەڵ دامودەستەکەی بڕوات. هەروەکو جاران خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵ و حەتاڵە، شا داوای قەرزی لە قەیسەر کرد و ئەویش بیست و دوو ملیۆن و نیو ڕۆبلی بەقەرز بۆ نارد.

زۆر بەدەگمەن دیاری هەندە زەهراوی بێ. بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سان پێتەر سبورگ لەوە دڵنیابێت کە ئەو قەرزەی هاوسێیە هەمیشە موفلیسەکەی باشوور بدرێتەوە، ئەوەیان داوا کرد کە خۆیان گومرگی فارس بەڕێوەبەرن و لەوێوە وردە وردە قەرزەکەیان وەرگرنەوە. ئەمەش حەفتاوپێنج ساڵی خایاند! هەستیان بەچەوری ئەم ئیمتیازە دەکرد و سڵیان لە دەسەڵاتی ئەورووپاییەکان دەکردەوە کە بەم دەست تیکەڵکردنە نێو بازرگانی وڵاتی فارسە سەغڵەت دەبن، قەیسەر ئەوەی بەگونجاو زانی کە کاروباری گومرگ بداتە دەست ڕەعییەتەکەی خۆیەوە و بۆیە ئەوەی بەباش زانی کە لیۆپۆلدی دوو، لەجیاتی خۆی، ڕاستەوخۆ بەڕێوەی بەرێت و هەر بەناوی قەیسەر خۆشییەوە. ئا بەم شێوەیە کاربەدەستە بەلجیکییەکان کە خۆیان لە بیست کەسێک دەدا تا دەهاتیش لەنێو دامودەزگای شا دەستیان دەڕۆیشت و لە هەمووشیان بەناوبانگتر، مسیۆ نۆس ناوێک بوو، توانی تا ئاستێکی زۆر بەرز، بەقەد و باڵای دەسەڵاتا هەڵگژێ. هەر پێش شۆڕش، ببووە ئەندامی موستەشاری باڵای شاهەنشا و وەزیری پۆست و تەلەگراف و ئەمینی خەزێنەی دەوڵەت و سەرۆکی بەشی پاسەپۆرت و بەڕێوەبەری گشتیی گومرگیش. لەمانەش زیاتر، خۆی بەدووبارە دامەزراندنەوە و ڕێکخستنی سیستەمی باج خەریک کردبوو، هەر ئەویش باجێکی نوێی دامەزراندبوو: هەر بارگیرێک بار بکرابایە دەبوایە باج لە خاوەنەکەی بسێنرێت.

(٨) گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی فۆژەوە، لە فەرەنسا. (وەرگێڕ).

بێ سوودە ئەگەر ئەوە بڵێین کە بەمە مسیۆ نۆس بوو بەجێی قینی هەر هەموو خەڵکەکە و ببووە ڕەمزی زاڵبوونی دەسەڵاتی بێگانە لە وڵات. جارناجاریکیش، دەنگێک بەرز دەبووەوە و داوای دەرکردنی دەکرد، سەرەڕای ئەوەی پێدەچوو ئەنجەتی تەواوی خۆی هەبووبێت: مسیۆ نۆس نە سومعەی دەستپاکی نە سیفەتی کارامەیەیش لە کاروباریا نەبوو. بەڵام لە شوێن خۆی مایەوە، چونکە قەیسەر پاڵپشتیی دەکرد، یا لە لایەن کەماریای کۆنەپەرستەوە کە هەمیشە بەدەوری قەیسەر دەخولایەوە و ئامانجە سیاسییەکانی خۆشی بەدەنگی بەرز لە ڕۆژنامە حوکمەتییەکانی سان پیتەرسبورگ بڵاودەکردەوە: وڵاتی فارس و کەنداوی فارسی، بەبێ بەشدارییکردنی کەس دەبێ بخرێتە ژێر چاودێری خۆمانەوە.

هەڵوێستی مسیۆ نۆس پێدەچوو زۆر پتەو بێت؛ تا ئەو کاتەی ئەو کەسەی کە دەیپاراست شوێنەکەی خۆی لەق بوو، مسیۆ نۆس بەو شێوەیەش مایەوە. ئەمەش هەندە بەخێرایی ڕووی دا، هیچ کەس لە وانەی کە خەونیان بەوڵاتی فارسیشەوە دەبینی بڕوایان نەدەکرد. ئەمەش بەدوو قۆناغ ڕووی دا. قۆناغی یەکەم، یەکەم جەنگ لەگەڵ یابان هەڵگیرسا، هەموو دونیا بەسەرسوڕماوی سەیری ئەم جەنگەیان دەکرد، بەشکستی قەیسەر کۆتایی هات و پاپۆڕە جەنگییەکانیشی هەموو تێکشکان. پاشان ڕووسەکان تووڕەبوون و هەستیان بەئیهانە کرد، ئەوەشیان بەهەڵەی سەرکردە باڵاکانیان دەزانی و تۆمەتی ئەوەیان لێ کرا کە توانای بەڕێوەبردنی وڵاتیان نییە: یاخیبوونی دەریاوانەکانی پۆتێماکین، ڕاپەڕینی کرۆنستاد، ڕاپەڕینەکەی سێباستۆپۆل، ڕووداوەکانی مۆسکۆ. لەسەر وردەکارییەکان لەمە زیاتر لە سەری ناڕۆم، کەس نییە لە بیری بچێتەوە؛ بەڵکو دەمەوێ پێ لەسەر ئەوە داگرم کە گشت ئەمانە چەندێ کاریگەرییان بەسەر وڵاتی فارسەوە هەبوو؛ بەتایبەت تاکو بانەمەڕی ١٩٠٦ لەو کاتەی کە نیکۆڵای دوو ناچار بوو داوای کۆبوونەوەی پەرلەمان بکات، واتە دوما.

چونکە لەنێو ئەم ئەتمۆسفێرەدا، لاوەکیترین ڕووداو ڕوو دەدات. لە ماڵی کاربەدەستێکی باڵای بەلجیکی ئاهەنگێکی تایبەت بۆ سەماکردن ساز



دەکرێ، جا هەر کەسە دەبێ خۆی بگۆڕێ، مسیۆ نۆس ئەوەی بەبیرا دێت کە جوببە و عەمامەی مەلایان بکاتە بەر. ئیتر ئاهەنگە و تریقە و پێکەنین و چەپڵەڕێزان دەست پێدەکات؛ لە دەوری وەزیر گرت دەبنەوە و پیرۆزبابییان لێ دەکرد و بۆ ڕەسم گرتن لەگەڵی ڕادەوەستان. دوای چەند ڕۆژێک، وێنەکە سەدان نوسخەی لێ دەگیرێتەوە و بەبازاڕەکانی تارانا پەخشوبڵاو دەکرێنەوە.

## XXXIV

شیرین نوسخەیەکی ئەو وێنەیەی بۆ ناردم. هەر وا لامە، هەندێ جار دەری دەهێنم و چاوێکی نوستەلژیانە و عەنتیکەی پیا دەخشێنم. مسیۆ نۆس دەبینن لەسەر فەرشێک لەنێو درەختەکانی باخچەکە دانیشتووە، سی چل کەس دەبن، بە ژن و پیاوەوە بەجلوبەرگی تورکان و یابانی و نەمساوی و لە ناوەڕاستیشدا، مسیۆ نۆس هەندە بەجوانی خۆی گۆڕیوە، ڕیشێکی سپی و سمێڵیشی ماشوبرنجیی، هەر دەقاودەق بەخواناسێکی گەورەی دەچوێنین، دانیشتووە. تەعلیقی شیرینیش لە پشتی وێنەکە دایە: «بۆ چەندین تاوان دەستیان لێ نەدا، بەتەنها گوناهێک بەسزای خۆی گەیشت.»

مسیۆ نۆس ئەم خۆ گۆڕینەی بۆ ئەوە نەبوو گاڵتە بەئایین بکات. تەنها دەکرێ بەو بۆنەیەوە گلەیی خەتابارێکی بێ ئاگا و بێ زەوقی و بێ تەحەفوزی لێ بکرێت. هەڵەی تەواوی ئەوە بوو، ببووە ئەسپی تەروادەی قەیسەر، لەوە تێ نەگەیشت کە بۆ هەندێکیش بێت دەبێ خۆی فەرامۆش کات.

کۆبوونەوەی خەڵکی تووڕە لە دەوری وێنەکە و چەند ڕووداوێک لەملاو ئەولا و ئیتر بازاڕ داخرا. سەرەتا داوای ئەوە دەکرێ کە نۆس دەرکرێ و پاشان داوای حەلکردنی هەموو حکومەت کرا. بەیانات بڵاوکرایەوە و داوای ئەوە کرا پەرلەمانێک هەروەکو ئەوەی ڕووسیا دامەزرێت. ساڵەهای ساڵە، کۆمەڵەی نهێنی لەناو کۆمەڵگا چالاکی خۆی دەنوێنێ، جەمالەدینیان دەکردە مەرجەع، هەندێ جاریش ناوی میرزا ڕەزاشیان دەهێنا بارودۆخێکی تایبەت کردییە ڕەمزی خەبات دژ بەنیزامی موتلەقی شا.

کۆزاکەکان گەڕەکەکانی مەرکەزی شاریان تەوق کرد. چەند پروپاگەندەیەک لەلایەن دەسەڵاتەوە بڵاوکرایەوە، بانگەشەی ئەوەی دەکرا کە داپڵۆسینێکی نموونەیی دژ بەوانەی کە ناڕەزایی دەردەبڕن پراکتیک کرێت و بەزەبری هێزیش جەندرمە دوکان و بازاڕ بکەنەوە. لەشکر گشتیان



بەغارەت دەبات و هەڕەشەیەک بوو زەندەقی بازرگان و دوکاندارەکانی بەیەکجارەکی دەبرد.

بۆیە هەر ١٩ی گەلاوێژی ١٩٠٦، وەفدێکی بازرگانەکان و مەسرەفییەکانی بازاڕ چوونە لای بەڕێوەبەرایەتی کاروباری بەریتانیا بۆ مەسەلەیەکی زۆر فەوری: ئەگەر هات و ژیانی یەکێک لە مەترسی دابێت، پەنابەرێتە بەر مفەوەزییەکەتان، ئایا ژیانی دەپارێزن؟ وەڵام بە «بەڵێ» درایەوە. میوانەکان بەسوپاسێکی زۆرەوە و بەڕێز و حورمەتەوە کشانەوە.

هەر بۆ هەمان ئێوارە، فازیلی هاوڕێم و چەند کەسێکی دیکە چوونە مفەوەزییەتەکە و بەگەرموگوڕییەوە پێشوازیان لێکردن. سەرەڕای ئەوەی تەمەنی بەئاستەم خۆی لە سی دەدا، میراتهەڵگری باوکی بوو کە یەکێ بوو لە هەرە دەوڵەمەندەکانی شار. هەروەها ڕۆشنبیرییە زۆرەکەشی بەرزی دەکردەوە ئاستێکی ماقووڵ و کاریگەریشی بەسەر هاوکارەکانییەوە زۆر بوو. بۆ یەکێکی وەکو ئەو، باڵیۆزەکانی بەریتانیا، نەدەکرا کە ژوورێکی زۆر نایابی پێشکەش نەکەن کە شایانی کەسێکی وا بێت، بەڵام، ئەم پێشکەشکردنەی ڕەت کردەوە و ئەنجەتی ئەوەی هێنایەوە کە جەو گەرمە و ئارەزووی خۆی بۆ بەیان کردن کە حەز دەکات لە باخچە گەورەکەی باڵیۆزخانەکە بخەوێت. وەکو دەیان وتیش، بۆ ئەم مەبەستە، خێوەتێک و فەرشێکی بچووک و چەند کتێبێکی لەگەڵ خۆی بردبوو. بەلێو گەزتن و برۆ گرژییەوە، کاربەدەستانی باڵیۆزخانەکە سەرنجی شتومەکیان دەدا.

بۆ ڕۆژی ئایندە، سی بازرگانی دیکە، هەر بەهەمان شێوە داوای مافی پەناهەندێتیان کرد، دوای سێ ڕۆژ، واتە ٢٣ی گەلاوێژ، بۆ هەمان مەبەست هەشت سەد و شەست کەس هاتن. لە ماوەی ٢٦ مانگ ژمارەی پەناهەندەکان گەیشتە پێنج هەزار کەس. (١)ی خەرمانان ئەو ژمارەیە گەیشتە دوانزە هەزار.

دیمەنێکی غەریب بوو کە گشت ئەو فارسانە ببینی لە باخچەیەکی ئینگلیزییدا گرت ببنەوە. هەر کۆمەڵەی و بەپێی پیشەکانیان، خێوەتەکانیان لە تەنیشت یەک هەڵدابوو. هەر خێرا کاروبارەکان تەنزیم

کرا، لەودیو ژووری پاسەوانەکان، چێشتخانەیەکیان دامەزراند، مەنجەڵێکی گەورەش بەنێو «هۆبە»کاندا دەخولایەوە، هەر ژەمێک سێ سەعاتی دەخایاند.

زۆر ڕێکوپێک، بێ قرەوبۆڵە، خۆ داڵدە دەدەین و وەکو فارسەکان دەیان وت «باست» وەردەگرین، واتە لە پەنای مەزارێکی دیاریکراو، بەرگرییەکی زۆر ئاشتییانە دەکەین. لە ناوچەی تاران چەندین مەزار هەبوون: مەرقەدی شا عەبدولعەزیم، تەوێڵەی شاهەنشا و بچووکترین باستیش، ئەو شوێنە بوو کە دەکەوتە مەیدانی تۆپخانەوە، تۆپی پاچکەداری لێ بوو: ئیتر هەر کەسێک خۆی داڵدە داتە کن ئەو تۆپانە و خۆی پێیانەوە گیر بکردبایە، ئیتر هیچ جەندرمەیەک مافی ئەوەی نەبوو توخنی کەوێت. بەڵام نموونەکەی جەمالەدین، ئەوەی بۆ خەڵکی ئاشکرا کرد کە دەوڵەت ئەم جۆرە ناڕەزاییە تا سەر قبووڵ ناکات. تاقە شوێن کە بۆ ئەو خەڵکە ببێتە «حەسانە»، ئەوە باڵیۆزخانەی وڵاتانی بێگانە بوو.

بەنەرگێلە و خەونی زۆرەوە هەر پەناهەندەیەک پەنای دەبردە لای ئینگلیزەکان. لە خێوەتێکیشەوە بۆ خێوەتێک جیاوازی ئاسمان و ڕێسمان هەبوو. لە دەوری فازیل، یەکێ لە نوخبەی نوێخوازەکان بوو، تەنها هەرچەند کەسێک دەبوون، بەڵام سەدان کەس، پیرەمێرد و لاو، دەستیان بەدامەزراندنی ئەنجوومەن دەکرد، کۆمەڵەکەی تا ڕادەیەک نهێنی بوون. هەمیشە قسەوباسیان دەهاتەوە سەر یابان و ڕووسیا و بەتایبەتیش باسی فەرەنسایان دەکرد، چونکە زمانەکەیان دەزانی و بەڕێکوپێکیش کتێب و ڕۆژنامەی فەرەنسیان دەخوێندەوە؛ فەرەنسای سان سیمۆن و ڕۆبسپیار و ڕوسۆ و والدێک ڕوسۆ. فازیل زۆر بەکارامەیی، ئەو تێکستانەی بەقەیچی لێ دەکردەوە کە لەمەڕ یاساوە دەدوا. بەتایبەت باسی جیاکردنەوەی کلێسا و دەوڵەتی دەکرد کە ساڵێ لەوەوپێش لە پاریس پەیڕەوی کرابوو و تەرجەمەی دەکرد و بەسەر هاوڕێیانیدا دەیبەخشییەوە و گفتوگۆی گەرمیان لەو ڕووەوە دەکرد. بەڵام بەدەنگی نزم، چونکە هەر لە تەنیشتی ئەوانیش مەلاکان کۆبوونەوەی خۆیانیان چێ دەکرد.

مەلاکان، ببوونە دوو بەش. بەشێکیان هەر چ شتێک لە ئەورووپاوە



بهاتبایە ڕەتیان دەکردەوە، تەنانەت فیکرەی دیموکراسی و پەرلەمان و نوێخوازی. دەیان وت: «بۆچی پێویستیمان بەدەستوور دەبێ، ئەی باشە ئێمە قورعانی خۆمانمان نییە؟» بۆ ئەمەش نوێخوازەکان وەڵامیان ئەوەبوو، دەیان وت، قورعان بواری بەمرۆڤ داوە کە خۆی حوکمڕانی خۆی بکات، ئەی ئەوە نییە دەڵێت: «وأمرهم شورى بينهم»[٩] زۆر بلیمەتانە، باسی ئەوەشیان دەکرد ئەگەر بهاتبایە لە کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەر، دەستوورێکمان هەبوایە کە یارمەتی بداباینایە کە دامەزراوە هەمەچەشنەکانی دەوڵەتی نوێی پێ ڕێک بخەن، ئەوە قەد تووشی ئەو هەموو کوشتارە خوێناوییە نەدەهاتن کە بەلابردنی ئیمام عەلی کۆتایی هات.

جگە لە دەمەتەقێی عەقائیدیی، زۆربەی مەلاکان لەگەڵ ئەوەبوون و دەیان وت بوونی دەستوور بەلایەن کەم کۆتایی بەدەسەڵاتی موتلەقی شا دەهێنێ. مەلاکان، بەسەدانیان لەوێ بوون و باستیان دەگرت، دڵیشیان بەوە دەکرایەوە کاتێک ئەم جێگۆڕکێیەیان بەکۆچی پێغەمبەر دەچوواند کاتێک لە مەککەوە بەرەو مەدینە کۆچی کرد و هەروەها ئازاری میللەتیشیان بەئازاری حوسەین، کوڕی ئیمام عەلی دەچوواند کە هەر بەئازارەکەی مەسیحی دەکرد. لە باخچەی باڵیۆزخانەکەدا، شیوەنکەرە تایبەتییەکان و «روزی خوان»یان بانگ کردبوو کە باسی ئازاریی حوسەینیان بەلاڵانەوە بۆ گوێگران دەگێڕایەوە. دەگریان و لە خۆیانیان دەدا، بەکوڵ بۆ حوسێن دەگریان، بۆ خۆ و بۆ وڵاتی فارس دەگریان، بۆ ئەو وڵاتە دەگریان کە لەناو جیهانێکی دژواردا ڕێگای لێ ون بووە، سەدە دوای سەدەش بەرەو ئینحیتاتێکی بێ سەروبنیش غلۆر دەکرێتەوە.

لەم خۆپیشاندانە هاوڕێیەکانی فازیل خۆیان دوورەپەرێز ڕادەگرت، جەمالەدین پێی وتبوون خۆتان لە «روزی خوان» بپارێزن. تەنها بەغەم و جەخارەوە گوێیان لێ دەگرتن.

یەکێ لە بیرکردنەوەکانی شیرین زۆر سەرنجی ڕاکێشام کە لە یەکێ لە

(٩) لە دەقە ئەسڵییەکە تەرجەمەی فەرەنسی کراوە، ئێمە گەڕاینەوە سەر دەقە ئەسڵییەکە، واتە قورعان. (وەرگێڕ).

نامەکانیدا نووسیبووی: «وڵاتی فارس نەساغە. جەند پزیشکێکیش بەدەوری نەخۆشەکەوەن، هەندێکیان نوێخواز و هەندێکی تریشیان تەقلیدیین، هەر کەسەو چارەسەرێک پێشنیار دەکات، داهاتووش هی ئەو کەسەیە کە هەتوان دەدۆزێتەوە. ئەگەر شۆڕش سەرفراز بێت، مەلاکان دەبێ ببنە دیموکرات و ئەگەریش شکست بهێنێ، ئەوە دیموکراتەکان دەبێ ببنە مەلا.»

ئێستا هەموو لە هەمان سەنگەردان، لە هەمان باخچەدان. ٧ی خەرمانان، لە باخچەی باڵیۆزخانەکە شانزە هەزار باستی لێ بوو، خیابانەکان چۆڵ بووبوون، چەند بازرگانێکی دەست ڕۆیشتووش «وڵاتیان جێهیشت». شا لەوە زیاتر ناتوانی تەحەمول بکات، دەبێ دەسبەردار بێت. ١٥ی خەرمانان، هێشتا مانگێک بەسەر باست تێنەپەڕیبوو، شا ئەوەی ڕاگەیاند کە لە تاران هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ ساز دەکرێت، لە ناوچەکانی دیکەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، پەرلەمانێکی نیشتیمانی شورا هەڵدەبژێرێت.

یەکەم پەرلەمان لە مێژووی فارسدا، لە ٧ی خەزەڵوەردا دامەزرا. یەکەم خیتابی شاهەنشاهی، درایە دەست موعاریزێکی ڕیزی یەکەمی، ئەویش میر ملکۆم خان بوو، ئەرمەنییەکی خەڵکی ئیسفەهان و هاوڕێی جەمالەدین بوو؛ بە دوا سەفەریشی بۆ لەندەن، لەلای جەمالەدین مابووەوە. پیرەمێردێکی زۆر کەشخە و هەیبەتی بەریتانیشی هەبوو. هەموو ژیانی خەونی بەوەوە دەبینی کە ڕۆژێکیان لە پەرلەمان بەپێوە بوەستێت و بۆ نوێنەرانی میللەتیش، خیتابی حوکمڕانێکی دەستووری بخوێنێتەوە.

ئەو کەسەی بیەوێ لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو مێژووە بێت، ئەوە لەناو بەڵگەنامەکانا. بەدوای ناوی مالکۆم خانا نابێ بگەڕێت. ئیمڕۆش، هەروەکو زەمانی خەیام، وڵاتی فارس، سەرکردەکانی بەناوی خۆیان ناناسرێنەوە، بەڵکو بەڕوتبەیان، «هەتاوی مەملەکەت»، «کۆڵەگەی ئایین»، «سێبەری سوڵتان». ئەو پیاوەی کە شەرەفی ئەوەی بەرکەوت کە دەروازەی سەردەمی دیموکراسی بکاتەوە، عینوانێکی هەرە بەبەهایان پێ بەخشی: نیزامولمولک بوو. ئای وڵاتی فارسی ڕێ ونکەر، هەندە چەق بەستوو لەناو خۆی، دوای چەندین دۆناودۆن، هەر خۆی وەک خۆیەتی؟



# XXXV

ئەمە بەختێک بوو بەنیسبەت منەوە، ئەشک بەسەر ڕۆژهەڵاتدا بگرم، ساتێکی پڕ لە جۆشوخرۆش و حیماس و گومان بوو. ئایا لە مێشکی نووستوویدا چ فیکرەیەکی ڕووناک یا ترسناک دەیتوانی چەکەرە بکات؟ کاتێ لە خەو هەڵدەستێ دەبێ چ بکات؟ ئایا کوێرانە، بەسەر ئەو کەسانەدا دەڕوات کە ڕایان وەشاندووە؟ نامەی خوێنەرانم بەدەست دەگەیشت بەدڵێکی ڕاڕاوە پرسیاریان لێ دەکردم و دەیان ویست وەکو فاڵچی وەڵامیان بدەمەوە. لە ئاسیا دەترسان، خۆ هێشتا شۆڕشی بۆکسێرەکانی پەکینی ١٩٠٠یان لەبیر نەچووبووەوە، چۆن دیپلۆماتە بێگانەکانیان بەبارمتە گرت و بەرامبەر بەپیرە شاژنەکەش، کچە سامناکەکەی ئاسمان، بەعساتەکە تووشی چ زەحمەتییەک هات. ئایا وڵاتی فارس جیاوازە؟ بەقەناعەتەوە وەڵامم دەدایەوە و دەم وت: «بەڵێ»، بڕوام بەو دیموکراتییە ساوایە هەبوو. بەواقیع دەستوورێک دامەزرا و هەروەها میساقێکیش کە مافی هاووڵاتیانی دەپاراست و، تەسدیق کرا. ڕۆژ نەبوو یانە، ڕۆژنامەی نوێ دانەمەزرێ، لە چەند مانگێکدا، نەوەت ڕۆژنامە و گۆڤار هاتنە کایەوە. ناوەکانیان، یا شارستانی، یا یەکسانی، یا ئازادی، یا ناوی ڕەقی وەکو «بووقی سوور» بوو. هەمیشەش، چ لە ڕۆژنامەکانی بەریتانی چ لە ڕۆژنامەکانی موعارەزەی ڕووسیادا باس دەکران، وەکو ڕەیش، لیبیرال و سڤرێمەنی میر، نزیکی سۆسیال دیموکراتەکان بوو. ڕۆژنامەیەکی قوشمەچییش لە تاران دامەزرا و هەر لە ژمارەی یەکەمییەوە، سەرکەوتنێکی سەیری بەدەست هێنا، نیگارەکانی ئاماژەیان بۆ دامودەستە بێ شەرمەکان و پیاوانی قەیسەری ئەڵقە لە گوێ دەکرد، بەشێوەیەکی زۆریش پەنجەی بۆ زاهیدە درۆزنەکان ڕادەکێشا.

شیرین بەدڵخۆشییەوە بۆی نووسیبووم: «هەینی ڕابردوو، چەند مەلایەکی گەنج لەناو بازاڕ ویستییان کۆبوونەوە چێ بکەن و دەستووریان بەبیدعە دەدایە قەڵەم و دەیان ویست خەڵکی بەوە هان بدەن کە بەرەو بەهارستان بکەونە ڕێ کە بارەگای پەرلەمانی لێ بوو. بێ ئەنجام. زۆر

هاوار و چەقەچەقیان کرد، بێ سوود بوو، هاووڵاتیان بێ موبالات بوون. جار ناجارێ یەکێ ڕاوەستا و گوێی بۆ سەرەتای خوتبەکەیان ڕادەدێرا و پاشان بەشان هەڵتەکاندنەوە جێی دەهێشتن. پاشان سێ پیاوی ئایین هاتن، لە هەرە گەورەکانی شار بوون، بەبێ سێ و دوو، داوایان لەو ڕاوێژکەرانە کرد کە کورتترین ڕێ بگرن و بەبێ چاو هەڵبرین، بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان. ناتوانم بڕوا بکەم، کە سەلەفییەت لە وڵاتی ئێران مرد.»

ئەم ڕستەیەی دوایی دەکەمە جوانترین بابەتی ڕۆژنامەکەمان. هەندە خۆم تێکەڵی حیماسی شازادە کردبوو، دەقەکەم بۆنی ئەوی وەرگرتبوو، بۆنوبەرامەی کەسێک کە بەبیروباوەڕی زۆرەوە نووسیبێتی، بەڕێوەبری گازێتەکە داوای لێ کردم کە موعتەدیل بم، بەڵام ئەگەر بێت و گشت ئەو هەموو نامانەی کە بەدەستم دەگەیشت بکەمە پێوەر، ئەوە دەتوانم بڵێم کە خوێنەران لەگەڵ ئەم گەرموگوڕییەی مندا بوون.

یەکێ لەو نامانە هی قوتابییەک بوو کە ناوی هاوارد س. باسکرڤیل بوو، لە شاری نیو جەرسی قوتابی بوو لە دانشگای پرینکتۆن. هەندە نەبوو دیپلۆمی لەمەڕ **(Bachelor of art)** وەرگرتبوو، حەزی دەکرد بچێتە وڵاتی فارس بەچاوی خۆی لە نزیکەوە ڕووداوەکان ببینێ. لە نامەکەی، سیغەیەکی وای تیابوو کە تووشی سەدمەی کردم، نووسیبووی: «قەناعەتی تەواوم هەیە، لە سەرەتای ئەم سەدەیە، ئەگەر ڕۆژهەڵات توانای ئەوەی نەبێ لە خەو هەڵسێ، ئەوە ڕۆژئاوا خەوی لە چاو دەتۆرێ.» لە وەڵامدا، هانی ئەوەم دا بچێ و ئەو سەفەرە بکات، بەڵێنی ئەوەشم دایێ کە کاتێک کە بڕیاری ئەو سەفەرە دەدات، ناوی چەند برادەرێکی دەدەمێ کە دەتوانن پێشوازی لێ بکەن.

دوای چەند هەفتەیەک، بۆ ئەوەی باسکرڤیل ئەوەم پێ ڕابگەیەنێ کە دەچێتە تەورێز، تاکو ئاناپۆلی هات و ئەوەی پێ وتم کە دەیەوێ لەو قوتابخانەیەی کە لەلایەن بەعسەی پرێسبیتێرەکانی ئەمەریکییەوە[١٠]

(١٠) مەزەبێکی ئایینی مەسیحییە کە بەکڵێسای ڕێفۆرم دەژمێردرێت و سەر بەکالڤانە. (وەرگێڕ).



کرابووەوە **(Memorial Boy’s School)** مامۆستایی بکات، واتە دەرزی ئینگلیزی و زانیاری بەلاوانی فارس بڵێتەوە. ئامادەی ڕۆیشتن بوو، داوای ئامۆژگاری لێ کردم و پێی وتم ئایا هیچ کارێکم لەوێ نییە. هەر خێرا پیرۆزباییم لێ کرد و بەبێ ئەوەی زۆریش بیری لێ بکەمەوە و پێیم وت هەرکە بۆ ئەم سەفەرە ئامادەبوو، بێت و سەرم لێدات.

بیرم لەوە نەکردەوە هەروا بەخێرایی سەفەر بکەم. مەسەلەکە تەنها هەر ئارەزوو نەبوو، بەڵکو هێشتا هەر دوودڵی ئەو تاوانبارییە درۆزنانەیە بووم کە تا ئەو کات بارستایی خۆی لەسەر ئەستۆم مابوو. ئەی بەوە تاوانبار نەکرابووم کە بەشداریی کوشتنی شام کردووە؟ سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە بەسەر تارانا هات، لەوە دەترسام کە شایەتێکی تۆز لەسەر نشتوو، بیووژێتەوە و هەر لەسەر سنوور بگیرێم و ماوەی ئەوەشم نەدەنێ کە پەیوەندی بەباڵیۆزخانە، یا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم بکەم.

سەفەرەکەی باسکرڤیل هانی دام کە چەند ئیجرائاتێک لەمەڕ وەزعیی قانوونی خۆم ڕاست کەمەوە. بەڵێنی ئەوەم دابوو کە ئیتر نامە بۆ شیرین نەنووسم. نەمدەویست ئیتر نامەگۆڕینەوەی نێوانمان بیووژێتەوە، بۆیە ویستم نامەیەک بۆ فازیل بنووسم و دەشمزانی کاریگەریی تا دەهات زیادی دەکرد. لە پەرلەمان، لەو شوێنەی کە هەموو بڕیارە گرینگەکان دەدران، گوێیان لە هەموو کەس زیاتر ڕادەگرت.

وەڵامەکەیم سێ مانگ درەنگتر پێگەیشت، نامەیەکی دۆستانە و گەرموگوڕ و کاغەزێکی ڕەسمیشی لەگەڵیا ناردبوو، تەمغەی وەزارەتی دادی پێوە بوو، جەختی لەسەر ئەوەش دەکرد کە لە هەموو تاوانێک کە پەیوەندی بەکوشتنی شاوە هەبێت، پاک بوومەتەوە؛ کەواتە، ئازادانە دەتوانم بەسەرتاپای ناوچەکانی وڵاتی فارسا بێم و بچم.

چاوەڕوانی شتێکی دیکەم نەکرد و سواری پاپۆڕ بووم و بەرەو مارسای و لەوێشەوە بەرەو سالۆنیک و ئەستەمبووڵ و پاشانیش بەرەو ترێبیزۆند، پێش ئەوەی بەسەرپشتی بارگیرێکیشەوە بەلێوار چیای ئارارتەوە تا تەورێز

هەڵتەک هەڵتەک بکەم.

لە ڕۆژێکی گەرمی پووشپەڕ گەیشتمە جێ. تاکو جێگایەکم لە کاروانسەرایەک لە گەڕەکی ئەرمەنییەکان دەسکەوت، هەتاو لە گوێ سوانەکانی دەدا. دەشمویست بەزووترین کات چاوم بەباسکرڤیل بکەوێت، بۆیە چوومە ماڵی پرێسبیتێرییەکان و خانوویەکی نزم بەڵام فەراح بوو، تازە بۆیاغ‌کراو، کەوتبووە ناو باغێکی زەردەلووەوە. دوو خاچ بەئاستەم دیاربوون، لە سەرووی دەرگای حەوشە چەسپ کرابوون، هەروەها بەیداغێکی پڕ ئەستێرەش دەشەکایەوە.

باغەوانێکی فارس بەرەو پیرم هات و بۆ ئەوەی بۆ لای پاستۆرەکەم[11] بەرێت، پیاوێکی چوارشانەی ڕیش سوور، هەیبەتی دەریاوانانی هەبوو و بەگەرمیی دەستی گوشیم و میواندۆستیش دیار بوو. هەر پێش ئەوەی فەرمووی دانیشتنم لێ کات، داوای لێکردم کە دەتوانم بۆ ئەو ماوەیەی کە لێرە بمێنمەوە، ژوورێکم بۆ تەرخان بکرێت.

– بۆ ئەو هاوڵاتییانەی کە لەپڕێکدا سەرمان لێ دەدەن، هەمیشە ژوورێکمان لەبەردەستە و بەهاتنیشیان گەورەمان دەکەن. تۆش هەروەکو ئێمە سەیر دەکرێیی و منیش هەروەکو عادەتم گرتبێ وایە، هەر لە دامەزراندنیی ئەم شوێنەوە، پەیڕەوی ئەم دابونەریتە دەکەم.

لەدڵەوە داوای لێبووردنم لێ کرد.

– جانتاکانم لە کاروانسەراکە داناوە و بەتەمام دووسبەیش، سەفەری تاران بکەم.

– بینینی تەورێز ڕۆژێک زیاتر دێنێ. چۆن دەتوانی بێیتە ئێرە و بەبێ ئەوەی قایلی ئەوە بیت کە یەک دوو ڕۆژ خۆت لەنێو بازاڕە پێچاوپێچەکانی ڕۆژهەڵات ون نەکەیت، لە کەلاوە و شوێنەوارەکانی مزگەوتە شینە ڕانەمێنیی، لە کتێبی هەزار و یەک شەوە باسی کراوە؟ لە ڕۆژگاری ئیمڕۆماندا، موسافیران زۆر بەپەلەن، بەپەلەن بۆ ئەوەی بگەن،

(١١) لە مەزەبی کاسۆلیکی بەپیاوی ئایینی دەوترێت «قەشە»، یا «کەشیش»، بەڵام لە مەزەبە ڕێفۆرمەکان دەوترێت، «پاستۆر» بەمانای شوانیش دێت. (وەرگێڕ).



بەهەموو نرخێک دەیانەوێ بگەنە جێ، بەڵام گەیشتنە جێ مانای ئەوە نییە بگەیتە کۆتایی ڕێگاکە. لە هەر قۆناغێک دەگەینە شوێنێک، لەهەر هەنگاوێک ڕوویەکی شاراوەی ئەم زەمینە کەشف دەکەین، هەر تەنها ئەوەندە بەسە کە بەئارەزووی و خۆشەویستیی و بڕواوە تەماشای دونیا بکەیت.

پێدەچوو. لەدڵەوە داخی ئەوە بخوات کە تووشی موسافیرێکی تووڕەهات هاتووە. منیش هەستم بەناچاریی کرد، ویستم ئەنجەتی خۆمی بۆ بهێنمەوە.

– ڕاستییەکەی، کارێکی زۆر بەپەلەم لە تاران هەیە، بەتەورێزا هاتم چونکە دەمویست هاوڕێیەکم هەیە ببینم، لە لای ئێوە مامۆستایە و ناوی هوارد باسکرڤیلە.

هەر بەناوهێنانی جەوەکە قورس بوو. ئیتر نە دڵخۆشی، نەگەرموگوڕی، نە وردە گلەیی باوکانەشی نەما، تەنها ڕوخسارێکی گرژ و هەستیشم دەکرد دەیویست هەڵبێت. دوای بێدەنگییەکی قورس و دەستی کردەوە بەقسە:

– ئێوە هاوڕێی هواردن؟

– بەڵێ لە چەند حاڵەتێکدا، لێپرسراوی ئەوەشم کە سەفەری بەرەو وڵاتی فارس بکات.

– لە هەققەتدا لێپرسراوییەکی قورسە!

بێ وچان لەوە دەگەڕام کە لەسەر لێوانی بزەیەک بخوێنمەوە. هەستم کرد لەپڕێکدا داشکا و پیر هەڵگەڕا، شانەکانی داچەکان، لەنێو تەماشاکردنەکانیشی تکا دەبینرا.

– ئەوە بۆ پانزە ساڵ دەچێت کە ئەم بەعەسەیە بەڕێوە دەبەم، قوتابخانەکەمان چاکترین قوتابخانەی ئەم شارەیە، دەتوانم ئەوەش بڵێم کە کارەکەمان سوودبەخشە و مەسیحییانەشە. ئەو کەسەی لەگەڵمانە و بەشداری چالاکییەکانمان دەکات. بەدڵەوە چاکە و پێشکەوتنی ئەو هەوارەی گەرەکە، ئەگینا، بڕوا بکە کێ هەیە، ناچاری ئەوە بێت کە بێتە

ئێرە و بەرەوڕووی بارودۆخێک بێتەوە کە زۆرجار توندوتیژیی تێدایە.

هیچ هۆیەکم نەبوو بۆ ئەوەی گومانی لێ بکەم، بەڵام ئەو پیاوە بەو هەموو گەرموگوڕییەوە بەرگری لە خۆی دەکرد، من لەلای خۆمەوە شەرم دای دەگرتم. من تەنها چەند دەقەیەکە گەیشتوومەتە مەکتەبەکەی و بەهیچ شتێک خەتابارم نەکردووە و داوای هیچیشم لێی نەکردووە. منیش بەناچاری سەرم بۆی دەلەقاند و ئەو هەر بەردەوام بوو:

– کاتێک مویەشیرێک بێ مویالاتی خۆی بەرامبەر بەو گشت لێقەومانەی کە تووشی وڵاتی فارس هاتووە، پیشان دەدات و کاتێکیش مامۆستایەک دڵخۆشی نییە بەگشت ئەو پێشکەوتنانەی کە لەم وڵاتەدا ڕوو دەدەن، نەسیحەتی دەکەم با جانتاکەی بپێچێتەوە و بگەڕێتەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ڕاستە هەندێ جار کەفوکوڵی دادەمرکێتەوە، بەتایبەت لای لاوان. شتی لەمە سروشتیی تر هەیە؟

ئەم پێشەکییە کۆتایی هات و بەڕێوەبەرەکە بێدەنگ بوو و پەنجە ئەستوورەکانی بەدەوری سەبیلە دانەگیرسانەوەکەی دەهێنا. پێدەچوو بەزەحمەت دان بەسەر وشەکانیا بگرێت. وام بەباش زانی کە ڕێگاکەی بۆ ئاسان بکەمەوە. نەبرەیەکی زۆر هێمنم بەکارهێنا:

– مەبەستت ئەوەیە کە هوارد دوای چەند مانگێک ساردبووەوە و ئارەزووی بۆ ڕۆژهەڵات تەنها شتێکی کاتیی بوو؟ وەکو ئەوەی نەقیزەیان لێ دابێت، ڕاچەڵەکی.

– نەوەڵا ئەمە نییە، باسکرڤیل ناگەڕێتەوە! دەمویست باسی هەندێ وەزعت بۆ بکەم کە لەگەڵ هەندێ مامۆستایان و مویەشیران ڕوو دەدات. لەگەڵ هاوڕێیەکەی ئێوە، بەپێچەوانەوە، هەر گەلێ زۆرتر ڕاڕای کردووم. بەکورتی، ئەو باشترین مامۆستایە کە تا ئێستا هەمانبێت، قوتابییەکانی زۆر بەباشی پێش دەکەون، دایک و باوکان سوێندی بەسەر دەخۆن، هەرگیز بەعسەکەمان هەندە دیاری بۆ نەهاتووە، بەرخ و کەڵەباب و حەلوا و هەمووی لە چاوی باسکرڤیلەوەیە. گرفتی سەرەکی ئەو، ئەوەیە وەکو بیانییەک هەڵسوکەوت ناکات. خۆ ئەگەر تەنها مەسەلە ئەوە بێت کە دڵی بەوە خۆشە کە وەک خەڵکی ئێرە جلوبەرگ بکاتە بەر و پڵاو بخوات و بەلەهجەی خەڵکی ئێرە سڵاو لەم و ئەو بکات، من بەمە قایلم. بەڵام کێشەی باسکرڤیل، تەنها مەسەلەی ڕواڵەت نییە، خۆی تێکهەڵکێشی سیاسەت کردووە، لە پۆلیش بەشانوباڵی دەستوورا هەڵدەشاخێ و هانی قوتابییان دەدا کە ڕەخنە لە ڕووس و ئینگلیز و شا و مەلا کۆنەپەرستەکان بگرن. گومانی ئەوەشی لێ دەکەم، هەروەکو لێرە باس دەکرێ یەکێ بێت لە «ڕۆڵەکانی ئادەم».

مەبەست لە کۆمەڵەی نهێنییە.

هەناسەیەکی هەڵکێشا.

– دوێنێ بەیانی، بەرامبەر بەدائیرەکەمان، لەلایەن دوو سەرکردەی ئایینیی هەرە بەناوبانگەوە خۆپیشاندانێک سازکرا، داوای ئەوەیان دەکرد کە باسکرڤیل دەبێ وڵات بەجێ بهێڵێ یا ئەوەتا، بەکورتی و کرمانجی دەرگای بەعسەکە داخرێت. دوای سێ سەعات، خۆپیشاندانێکی دیکە، لە هەمان شوێن سازکرا، داوای ئەوەیان دەکرد کە باسکرڤیل بمێنێتەوە. خۆ ئەوەش دەزانن ئەگەر بێت و ململانێی وا زۆر درێژە بخایەنێت، ئێمە دەبێ بەناچاری ئێرە بەجێ بهێڵین.

– بڕوا دەکەم تاکو ئێستا یەک دوو وشەتان بەهوارد وتووە.

– کوڕە سەدجار بەهەموو تەرحێ. بەکورتی وەڵامیی ئەوەیە کە هەڵسانەوەی ڕۆژهەڵات گەلێ لە پەیامی بەعسەکەی ئێمە گرینگترە، ئەگەر بێت شۆڕشی دەستووری شکست بێنێ، لە هەموو حاڵەتێکدا ئێمە دەبێ وڵات بەجێ بهێڵین. بێگومان، من دەتوانم کۆنتراکەی نوێ نەکەمەوە، بەڵام کاری وا، تەنها ڕووگرژی و بەرپەرچدانەوەی لێوە دێتە ئەنجام، بەتایبەت لەناو ئەهالی، ئەوانەی کە هەمیشە پشتیوانییان کردووی. تاقە چارەسەر ئەوەیە کە باسکرڤیل هێور بێتەوە. ڕەنگ بێ تۆ بتوانی بیهێنیتەوە سەر هۆش؟

بێ ئەوەی پەیمانی هیچی بدەمێ، داوای ئەوەم کرد کە دەمەوێ هوارد ببینم. پزیسکی سەرفرازییەک لەپڕێکدا ڕیشە سوورەکەی ڕووناک کردەوە.

خێرا هەڵسایە سەرپێ.

– دوام کەون، بابچین باسکرڤیل ببینین، دەزانم ئێستا لەکوێیە. بەوردی و بێدەنگی تەماشای بکە، زوو لە مەبەستەکانم دەگەی، لەم شڵەژانییەم تێدەگەی.



## کتێبی چوارەم

# شاعیرێک لەناو زەریا

*ئاسمان یاریکەرە و ئێمەش تەنها داش.*
*ئەمە حەقیقەتە و مەجاز نییە.*
*جێگۆڕکێمان پێ دەکات لەسەر تەختەی شەترەنج، بەئارەزووی خۆی*
*پاشانیش لەبەردەم بیری عەدەم غلمان دەکاتەوە*

عومەر خەیام

### XXXV

لە ئێوارەیەکی قاوەیی ڕەنگ، لەناو باخچەیەکی پەرژین دراو، ڕەشەخەڵکێک دەناڵێنن. چۆن باسکرڤیل لەنێو ئەو هەموو دەموچاوە ڕەش داگەڕاوە بناسمەوە؟ پشتم بەدرەختێکەوە دەنێم و چاوەڕێی دەکەم. سەرنج دەدەم. لەبەردەم زنجێکی ڕووناکدا تەختە بۆ شانۆنامەیەک هەڵبەستراوە. «روزی خوانە»، حیکایەتخوان و شیوەنکەران، بانگەشەی خواناسان دەکەن و داوای فرمێسک و هاوار و خوێنیان لێ دەکەن.

پیاوێک لەنێو تاریکاییەوە دەردێت، یەکێکە کە خۆی فیدای ئازار کردووە. پێخواس و شانوپیل ڕووت، دوو گورزە زنجیریشی توند لەناو هەردوو دەستی گرتووە؛ بەرەو ئاسمان بەرزیی دەکاتەوە و پاشان گرم دەیساوێتە ئەملا و ئەولای پشتی؛ زریزەکان لووسن و لە پێستەکە دەکەون و دەیژاکێنن، بەڵام بەرگریش دەکات، سی جار و پەنجا جار تاکو یەکەم پەڵەخوێن دەردەکەوێت و خوێنێکی مەیلەو ڕەش فیچقە دەکات و بەشێوەیەکی ئەفسوونبەخشیش بەپشتیا دادەچۆڕێ. شانۆنامەی ئازار و نواندنێکی هەزار ساڵەی دەردەسەرییە.

لەخۆدان زیاتر گەرم دادێت و لەگەڵ هەر زنجیر وەشاندنێکیش دەنگێک بەرز دەبێتەوە کە دوا بەدوای خەڵکەکە وەڵامی دەداتەوە، زنجیر وەشاندن

دووباره دەبێتەوە، حیکایەتخوان دەنگ بەرزدەکاتەوە بۆ ئەوەی زنجیر وەشاندنەکە کپ کات. ئەکتەرێک قووت دەبێتەوە و بەشمشێرەکەی هەڕەشەی لە بینەران دەکات و بەڕوو گرژکردنەوە وا لە خەڵکی دەکات کە تووڕە بن و جوێن و نەعلەت بکەن. پاشان چنگێ بەردی تێ دەگرن. زیاتر لەسەر تەختەی شانۆکە نامینێتەوە و هەندەش نابات قوربانییەکەی دەردەکەوێ. منیش نەمتوانی خۆم بگرم و هاوارێکم کرد. چونکە پیاوەکە خۆی گەوزاندبووە سەر عەردەکە و سەری لێ ببووەوە.

زەندەقم چوو و ئاوڕ لە پاستۆرەکە دەدەمەوە، بەساردیی پێدەکەنێ و پاشان دەچرپێنێتە بنا گوێم:

– ئەمە فێڵێکی کۆنە، منداڵێک یا پیاوێکی کورتەبنە دەهێنن و سەری بەرخێکی لێکراوە، بەسەروژێری دایدەنێن و ملە لێکراوەکە لە سەرەوەیە و خوێنی لێوە ڕێچکە دەکات و پاشان چەرچەفێک کون دەکرێت و ئەملاو ئەولای دادەپۆشێ. وەکو دەیبینی، موچڕک بەلەشا دەهێنێ.

مڕ لە سەبیلەکەی دەدات. سەرلێکراوەکە هەڵدەبەزێتەوە و قەدەرێک خۆی لەسەر تەختەی شانۆکە دەخولێتەوە. پێش ئەوەی شوێن بۆ پیاوێکی غەریبی چاو بەگریان چۆڵ کات.

باسکرڤیل!

جارێکی دیکەش، بەتەماشاکردنێک سەرنجی پاستۆرەکە ڕادەکێشم؛ بەشێوەیەکی تەلیسماوی برۆکانی هەڵدەتەکێنێ.

لە هەمــووشی ســەیرتر، هوارد جلوبەرگی ئەمــەریکیی لەبەرە و لە شوێنێکی بەرزیش، لەسەر تەختەی شانۆکە دانیشتووە و سەرەڕای جەوە تراژیدییەکە، ئەو پێدەچێ لەناو کەشێکی کۆمیک دابێت.

خەڵکەکە هاوار دەکەن و لە خۆ دەدەن و بەهیچ شێوەیەکیش، ڕوخسارێک نابینرێت کە تۆزقاڵێ دڵخۆشیی پێوە دیار بێت تەنها روخساری پاستۆرەکە نەبێ کە دەیەوێ شتێکم بۆ روون کاتەوە:

– هەمیشە، لەم تازییە و شێوەنەدا، بێگانەیەک هەیە و بەسەر سوڕمانیشەوە بە«پیاوچاک» دەدرێتە قەڵەم. وەکو دەگێڕنەوە باڵیۆزێکی فەرەنگی لە کۆشکی ئەمەوییەکان دەبێت و بەمردنی حوسەین، شەهیدی مەزنی شیعەکان، دڵگیر دەبێت و زۆر بەگاڵەگاڵەوە ناڕەزاییی خۆی بەرامبەر بەم تاوانە دەردەخات، ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە و لەناوی دەبەن. بێگومان، هەمیشە ئەورووپییەکیان دەست ناکەوێت بۆ ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ داینێن، زۆرجار تورکێک دادەنێن یا فارسییەک کە ڕەنگ و ڕووی ئەورووپیانی هەبێت. بەڵام لەو کاتەوەی کە باسکرڤیل لە تەورێزە، بۆ ئەم ڕۆڵە هەمیشە بانگی ئەو دەکرێت، زۆر بەجوانی دەورەکەی خۆی دەبینی. هەر بەڕاستیش دەگریێ!

ئا لەم کاتەدا، پیاوە شمشێر بەدەستەکە دەگەڕێتەوە و شمشێرەکەی لەسەر باسکرڤیل ڕادەوەشێنێ. باسکرڤیلیش نقە لە خۆی دەبڕێ، بەنووکی شمشێرەکەی شەپقەکەی فڕێ دەدات، قژە زەردەکەی دەردەکەوێ کە زۆر بەڕێکی بەلای چەپا هەڵی داوەتەوە و شەقەکەی دەرکەوتووە و پاشانیش، هێواش وەکو ئۆتۆماتیک دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و خۆی دەکەوێنێتە سەر عەردەکە و تیشکێک دەموچاوە منداڵییەکی کۆسە ڕووناک دەکاتەوە و ڕوومەتەکانی فرمێسک ژاکاندویێتی؛ یەکێک دەست درێژ دەکات و چنگێ پەڕەی گوڵ فڕێ دەداتە سەر جلوبەرگە سیاکەی.

ئیتر گوێم لە خەڵک نابێت، تەنها تەماشای هاوڕێیەکەم دەکەم، زۆر بەڕاڕاییەوە سەیری ئەو هەموو شتە دەکەم کە ڕوو دەدەن. واش هەست دەکەم کە ئەم تازییەیەش کۆتایی نایەت. بەپەلە دەمەوێ دەستم لێی گیر بێت.

دوای سەعاتێک، لە بەعسەکە یەکترمان بینییەوە و خەریکی خواردنی شۆربایەک بووین کە دەنکە هەناری تیابوو. پاستۆرەکە دەڕوات و ئێمە بەتەنها دەمینێینەوە. بێدەنگییەکی سەغڵەتکەرمان لەنێوان بوو. چاوەکانی باسکرڤیل هێشتا هەر سوور بوون.

– وردە وردە ڕۆحی ڕۆژئاواییەکەم دێتەوە بەر، بەزەردەخەنەیەکی شکستەوە داوای لێبووردنی لێ کردم.

– وەختت زۆرە هێشتا لە سەرەتای سەدە داین.

کۆکەیەکی کرد و قاپە شۆرباکەی بەرەو دەمی نزیک کردەوە و دیسانەوە بەبێدەنگی ڕاما.

پاشان بەزەحمەتییەکەوە:

– کاتێک هاتمە ئەم وڵاتە، لەوە تێ نەدەگەیشتم کە ئەم پیاوە کەتە و ڕیشدارانە بۆ وا بەتاسەوە بۆ یەکێک دەگرین کە پێش هەزار و دووسەد ساڵ لەمەوپێش بەناهەق کوژرابێت. ئێستا تێدەگەم. ئەگەر بێت و فارسەکان لە ڕابردوو بژین، ئەوە چونکە ڕابردوو نیشتمانی ئەوانە، لەبەرئەوەی بۆ ئەوان ئێستا ناوچەیەکی غەریبە و هەست دەکەن خاوەن هیچ شتێک نین کە سەر بەئێستایان بێت. هەموو شتێک کە بۆ ئێمە سەمبۆلی ژیانی هاوچەرخ هەبێت، بڵاوبوونەوەی ئازادی بێت بۆ ئینسان، بۆ ئەوان دەبێتە سەمبۆلی داگیرکردن لەلایەن بێگانەوە: جادە و بان هی ڕووسیایە؛ هێڵی شەمەنەفەر و تەلەگراف و بانق هی ئینگلتەران، پۆست هی نەمسا

– هەنگارییە...

– ئەی زانست و پەروەردە، ئەویش هی مسیۆ باسکرڤیلی بەعسەی پرێسبتێرەکانی ئەمەریکایە.

– زۆر ڕاستە. خەڵکی تەورێز چییان لە پێش ماوە؟ یا ئەوەتە مناڵەکانیان دەنێرنە ئەو قوتابخانە تەقلیدییانەی کە بۆ ماوەی دە ساڵ هەمان ڕستە دەجوون کە پێش دوانزە سەدە بابوباپیرانیان هەمان ڕستەیان دەجووەوە، یا ئەوەتا دەینێرنە لای من و وەکو مناڵە ئەمەریکییەکان فێری زانست و زانیاری دەبن، بەڵام لەژێر ئاڵایەکی ئەستێرەدار و خاچێک. قوتابییەکانی باشترین قوتابیان لێ دەردەچێت و گەلێ زیرەکیان لێ دەردەچێت و بۆ وڵاتەکەیان گەلێکیش سوودبەخش دەبن، بەڵام وا بکرێت کە ئەوانی دیکە بەمورتەدیان نەچوێنن؟ هەر لە هەفتەی یەکەمەوە، ئەم پرسیارەم لە خۆ دەکرد و ئا لەو تازییەی کە بینیت، وەڵامم چنگ کەوت.

(خۆم تێکەڵی جەماوەر کرد و ناڵە و فوغان لە دەورمدا بەرز دەبووەوە. بەسەرنجدانی ئەو دەموچاوە گریاوییانە و وێرانبووانە و بەڕوانینی ئەو چاوە ترساوانە و ئەبڵەقبووانە و تکاکەرانە، هەموو کەساسی و بەدبەختی وڵاتی



فارسم خوێندەوە، کەسانێکن بەجلوبەرگی هەلاهەلابووەوە و لەناو تازیەی بێ کۆتاییدا دەژین. بێ ئەوەی درکی پێ بکەم، فرمێسک بەچاوانما دەهاتنە خوارەوە. خەڵکەکە هەستیان بەمە کرد، سەیریان دەکردم و پێی هەڵچوون و بەرەو تەختەی شانۆکە پاڵیان پێوەنام و ڕۆڵی باڵیۆزی فەرەنگییان پێ سپاردم. بۆ ڕۆژی دواییش، دایک و باوکی قوتابییەکانم سەریان لێدام؛ بەوە دڵخۆش بوون کە لە مەودوا گلەیی ئەوەیان لێ ناکرێت و دەتوانن وەڵامی ئەو کەسانەش بدەنەوە کە ڕەخنەیان لێ دەگرن، چونکە مناڵەکانیان بۆ قوتابخانەی بەعسەکە دەنێرن: «من کوڕەکەم ناردۆتە لای ئەو موعەلیمەی کە بۆ ئیمام حوسێن گریاوە.» چەند مەلایەک بەمە دڵگیر بوون، ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ مندا پەیوەندی بەسەرکەوتنی منەوە هەبوو، حەز دەکەن کە بێگانەکان بەبێگانەکان بکەن).

لە هەڵسوکەوتەکەی چاکتر تێدەگەیشتم، بەڵام گومانم هەر نەڕەوییەوە:

– کەواتە بەنیسبەت منەوە، گرفتەکانی وڵاتی فارس بەوە چارەسەر دەکرێت کە خۆت تێکەڵی ئاهوناڵەی ئەوانە بکەی کە شیوەن دەکەن!

– من ئەمە ناڵێم. گریان ڕاچێتەی نییە. نە لێزانینێکیشە. کردەیەکی پەتیی و سادەیە و جێی بەزەیی هاتنەوەیە. نابێت زۆر لە خۆت بکەیت بۆ ئەوەی فرمێسک بڕێژی. تاقە شتی گرینگ ئەوەیە کە بەچاوێکی سووکەوە تەماشای تراژیدیای خەڵکی تر نەکرێت. کاتێک بینیمیان دەگریم و بینیمیان کە کاژی بێ موبالاتی کەسێکی خاریجیم فڕێدا و یەکسەر هاتنە لام بەلەهجەیەکی نهێنی ئامێزەوە پێیان وتم کە ئەم گریانە سوودی نییە و وڵاتی فارس پێویستی بەگریانی زیاتر نییە و چاکترین شت کە تۆ بتوانی پێشکەشمانی بکەیت، ئەوەیە کە مناڵەکانی تەورێز فێری عیلم و زانست بکەیت.

– قسەی حەکیمانە. منیش دەمویست هەر هەمان شتت پێ بڵێم.

– بەڵام ئەگەر بهاتبایە نەگریامایە ئەوە هەر توخنیشم نەدەکەوتن بۆ ئەوەی قسەم لەگەڵ بکەن. ئەگەر بەگریانەوە نەیان بینیمایە، قەد بواری ئەوەیان نەدەدامێ کە بە شا بڵێم کابرایەکی گەنیوە و پیاوە ئایینییەکانی

تەورێزیش زۆر لەو چاکتر نین!

– کەواتە تۆ ئەمەت لە سینفا وتووە؟

– بەڵێ، ئەمەم وت، لاوە ئەمەریکییە بێ ڕیش و سمێڵەکە، موعەلیمێکی بچووک قوتابخانەی بەعسەی پرێسبتێرەکان، دژی تاج و عەمامە وەستام و قوتابییەکانیشم حەقیان بەمن دا، دایک و باوکیشیان دیسانەوە لایەنگیریی منیان کرد. تەنها پیاوانی ئایینیی نەبێت، لێم هەڵگەڕانەوە!

کاتێکیش بینیمی کەمێ پەشۆکاو دیارم، دڵی دامەوە:

– باسی خەیامیشم بۆ کوڕان کرد و ئەوەشم پێیان وت کە ملیۆنەها ئەمەریکی و ئەورووپی بەدیار ئەو کتێبەوە خەو دەچێتە چاویان و چوارینەکانی ڤیتزژێرالدم پێ ئەزبەر کردن بۆ ڕۆژی دواییش، باپیرەیەک هاتە لام و زۆری لە لا دڵگیربوو کە کوڕەزاکەی ئەو چوارینەیەی بۆ خوێندبووەوە و پێی وتم: «ئێمەش هەروەها ڕێز و حورمەتی زۆرمان بۆ شاعیرانی ئەمەریکایی هەیە!» بێگومان، نەیدەتوانی ناوی تاقە شاعیرێکیش بهێنێتەوە، بەڵام ئەمە گرینگ نییە، ئەوەی گرینگە، ئەو دەیویست تەعبیر لەو پێزانینە بکات و جۆرە شانازیی کردنێکیش بێت. بەداخیشەوە، هەموو دایک و باوکان بەهەمان شێوە ڕەت فیعلیان نەبوو، یەکێک لەوانە هاتە لام و شکایەتی دەکرد. بەرامبەر بەپاستۆرەکە ئەمەی وتبوو: «خەیام سیامەستێک و خوانەناسێک بوو!» منیش وەڵامم دایەوە: «کاتێک کە تۆ ئەمە دەڵێی، تۆ ئیهانەی خەیام ناکەیت، بەڵکو بەباڵای مەستبوونی خوانەناسیا هەڵدەدەی!» پاستۆرەکە هەر وەخت بوو بتاسێ.

هوارد هەروەکو منالێک پێکەنی. چاکبوون نازانێ چییە و ساوێلکەیە.

– کەواتە تۆ زۆر بەدڵخۆشییەوە پێ لەسەر گشت ئەو خەتایانە دەنێی کە ئاڕاستەت دەکرێت! هەروەها خۆتیش بە«ڕۆڵەکانی ئادەم» دەزانی؟

– پاستۆرەکە ئەمەشی پێ وتی؟ ئینتیباعی ئەوەم هەیە کە بەتێروتەسەلی باسی منیشتان کردبێت.

– تەنها شتی هاوبەش هەبێت لە بەینمان تۆی.



– هیچت لێ ناشارمەوە، زەمیرم وەکو هەناسەی منالێکی تازە زاو بێ گەردە. دوو مانگێک دەبێ، پیاوێک هاتە لام. زل و سمێڵدار، بەڵام شەرمن، داوای ئەوەی لێ کردم کە ئایا دەتوانم لەو یانەیەی کە ئەو ئەندام بوو، کۆنفرانسێک لە بارەگای ئەنجوومەن بگێڕم. لەسەر چ بابەتێک؟ قەد ناتوانی مەزەنەی بکەیت. لەسەر بیردۆزەکەی داروین! لەو جەوە پڕ کەفوکوڵییەی سیاسەتەی کە وڵاتی هێناوەتە جۆش، هەستم کرد کە شتێکی عەنتیکە و سەرنجڕاکێش دەبێت. قبووڵم کرد. هەر چ شتێک لەمەڕ ئەو زانایەوە هەبوو خڕم کردەوە، تێزی ئەوانەشم یەکئالاّ کردەوە کە دژی داروینن، هەستم کرد کە بەو شێوەیەی کە باسم دەکرد کەسانێکی زۆری بێزار کردبوو، بەڵام هۆڵەکە پڕبوو و بەشێوەیەکی ئایینییانەش گوێیان بۆم ڕاگرتبوو. ئیتر لەو کاتەوە بەشداری کۆبوونەوەی دیکە دەکەم و لەمەڕ بابەتی جیاوازیشەوە. بۆ فێربوون، هەست بەتینوێتییەکی لە ڕادە بەدەر دەکەن. هەر بەگەرموگوڕییەوە لایەنگیریی دەستوور دەکەن. هەندێ جار دەچمە بارەگاکەیان و دوا هەواڵم لەمەڕ تارانەوە پێ دەڵێن. پێویستە تۆش بیانناسیت، ئەوانیش وەکو من و تۆ خەون بەهەمان دونیاوە دەبینن.

## XXXVII

ئێواران، لە بازاڕەکەی تەورێز دوکانی کەم دەکرێنەوە، بەڵام شەقامەکان قەڵەباڵغن پیاوان لە چواراهەکان کۆدەبنەوە و ئەسکەمبیلە لە زەل دروستکراوەکان لە دەوری نێرگیلەکان بازنە دەبەستن کە وردە وردە دوکەڵەکەی بۆنوبەرامە جۆراوجۆرەکان ڕاو دەکات. بەبێ تەماشاکردنی دوودڵییەوە، لە کۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێکی دیکە بای دەدایەوە؛ جار ناجارێ ڕادەوەستا بۆ ئەوەی سڵاو لە باوکی قوتابییەک بکات، مناڵان وازیان لە یارییەکانیان دەهێنا و ڕێگایان بۆ دەکردەوە.

گەیشتینە بەر دەرگایەک کە ژەنگ خواردبووی. هەواڵەکەم پاڵی پێوەنا، بەباخچەیەکی پڕ دارودەوەن ڕەت بووین، تا گەیشتینە خانوویەکی لە گڵ دروستکراو، دوای حەوت ترپە، دەرگاکە جیرەی هات و کرایەوە سەر ژوورێکی فراوان کە ڕیزێ چرا لە بنمیچەکە گیر کرابوون، کە بایەک ترپەترپی پێ دەکردن. ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون، پێدەچوو ڕاهاتبێتن؛ بەڵام من، هەر زوو ئەو ئینتیباعەم لەلا دروست بوو کە لەناو قایغێکی شلۆق دام. نەمدەتوانی لەسەر هیچ ڕوخسارێک بگیرسێمەوە، هەستم دەکرد پێویستم بەوەیە کە هەر خێرا ڕابکشێم و بۆ چەند ساتێک چاو داخەم. بەڵام پێشوازیکردن و بەخێرهاتن کۆتایی نەدەهات. بۆ ئەم چاوپێکەوتنەی «ڕۆڵەکانی ئادەم»، باسکرڤیل نەناسراو نەبوو، بەگەرموگوڕییەوە چاوەڕێیان دەکرد، چونکە منیش لەگەڵ ئەو بووم، باوەشێکی گەرم و برایانەشیان لە من دا، هەندەی تر گەرموگوڕ دەبوو کاتێک هوارد هۆی سەرەکی هاتنی منی بۆ وڵاتی فارس بۆ ڕوون دەکردنەوە.

کاتێک هەستم کرد کاتی ئەوە هاتووە دانیشم و پشت بدەمەوە بەدیوارەکە، پیاوێکی کەڵەگەت کە لە سەرووی هۆدەکە دانیشتبوو، هەڵسایە سەرپێ. عەبایەکی سپی بەسەر شانیا شۆڕ کردبووەوە و بەو عەبایەوە زۆر دیاربوو، پێدەچوو شەخسییەتێکی گرینگی ئەم کۆبوونەوەیە بێت. بەرەو من هات:



– بنیامین!

هەڵسام و دوو هەنگاو چوومە پێشەوە و چاوانم هەڵگلۆفی. فازیل! زۆر بەحەپەسانەوە باوەشمان لە یەکتر دا.

بۆ ئەوەی ئەم گەرموگوڕییە ڕوون کاتەوە کە خەسڵەتی کارەکتەری ئەو نەبوو، ڕووی دەمی کردە هەڤاڵەکانی و وتی:

– مسیۆ لەساژ هاوڕێی سەید جەمالەدین بوو!

هەر زوو، لە میوانێکی تایبەتەوە بووم بەهەیکەلێکی مێژوویی و یا ئەوەتە بوومە شتێکی موفەڕک؛ ئیتر تەنها بەڕێزێکی ڕادەبەدەرەوە قسەیان لەگەڵ دەکرم و ئەمەش کەمێ پەشێوی دەکردم.

هواردم بەفازیل ناساند – هەر بەناو یەکترییان دەناسی؛ سەرەڕای ئەوەی کە شاری خۆیەتی، فازیل ساڵێک دەبوو نەهاتبووە تەورێز. لەلایەکی دیشەوە، وجوودی ئەو، ئەو ئێوارەیە، لەناو ئەو ژوورەی کە دیوارەکانی تامێسکەیان دەرهێنابوو، لە نێوەند ئەو چرایانەی کە لە ترپەترپکردن نەدەوەستان، شتێکی غەریب و جێی ڕاڕاییش بوو. ئایا سەرۆکی پەرلەمانتارە دیموکراتییەکان نەبوو، کوڵەگەی شۆڕشی دەستووریی نەبوو؟ ئایا ئێستا کاتی ئەوەیە لە پایتەخت دوورکەوێتەوە؟ ئەم پرسیارانەم لێی کرد. هەستم کرد شەرم دایگرت. خۆ بەفەرەنسی و بەدەنگی نزمیش قسەم کرد. سەیرێکی خێرای ئەو کەسانەی کرد کە لەملاو ئەولای دانیشتبوون. پاشان، لەجیاتی هەموو وەڵامێکیش، پێی وتم:

– لە کوێ دەخەوی؟

– لە کاروانسەراکەی گەڕەکی ئەرمەنییەکان.

– ئیمشەو دێم بۆ لات.

بۆ نیوەی شەو بوو، لە ژوورەکەی من، بووینە شەش کەس. من و باسکرڤیل و فازیل و سی برادەری تری ئەو، لەبەر نهێنی پاراستن، تەنها هەر بەناوی یەکەمیان پێشکەشی کردمن.

– لە بارەگای ئەنجوومەن ئەوەت لێ پرسیم چ دەکەم لێرە و بۆچی لە تاران نیم. چونکە دەستوور پایتەختی لە دەست چوو. نەمتوانی بەرامبەر

بە سی کەس ئا بەم شێوەیە باسی بکەم، تووشی شڵەژان دەهاتم. بەڵام ئەمە هەقیقەتە.

لەجیاتی ئەوەی شتێک بڵێین، هەموو دامایین. ئەویش دەستی بەڕوونکردنەوە کرد:

– دوو هەفتە دەبێت، ڕۆژنامەنووسێک لە سان پیتەرسبورگەوە هات بۆ لام، پەیامنێریش بوو. ناوی پانۆف بوو، بەڵام بەنازناوی «تانێ» بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە.

ناویم بیستووە، هەندێ جار لە ڕۆژنامەکانی لەندەن ئاماژە بۆ بابەتەکانی دەکەن.

فازیل هەڵی دایەوە:

– سوسیال دیموکراتە، دوژمنی قەیسەریشە، بەڵام پێش چەند مانگێک گەیشتە تاران، بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی شاردەوە و شتێکی وای ڕێکخست کە بتوانێ بچێتە ناو باڵیۆزخانەی ڕووس، نازانم بە چ فێڵ و ڕێککەوتنێک توانی دەستی لە چەند بەڵگەنامەیەک گیر بێت باسی پرۆژەی کۆدێتایەکی کرد کە کۆزاکەکان پێی هەڵدەستن و پاشایەتی موتلەق دەهێننەوە سەر تەختی دەسەڵات. هەمووی جوان لەناو ئەو بەڵگانە نووسرابوونەوە. جەردە بەرەڵای بازاڕ و دوکان دەکرێت بۆ ئەوەی بازرگانەکان بڕوایان بەڕژێمی نوێ نەمێنێ و چەند پیاوێکی ئایینیش دەبوو بچنە لای شا و تکاورەجای ئەوەی لێ بکەن کە دەستوور هەڵوەشێنێتەوە، چونکە دژ بەئیسلامە. بێگومان، پانۆف، ئەم بەڵگانەی بۆ هێنام، بەمە موجازەفەی زۆر کرد. زۆر سوپاسیم کرد و هەر یەکسەر داوای کۆبوونەوەیەکی لە ناکاوم کرد بۆ ئەوەی پەرلەمانتارەکان کۆ ببنەوە. دوای ئەوەی ڕووداوەکەم زۆر بەوردی ڕوون کردەوە، داوای ئەوەم کرد شا ئیستیقالە بدات و یەکێ لە کوڕە گەنجەکانی شوێنی بگرێتەوە و، هەروەها داوای هەڵوەشانەوەی لیوای کۆزاکمان کرد و داوای گرتنی ئەو پیاوە ئایینییانەمان کرد کە خەتابار کرابوون. چەند پەرلەمانتارێک هاتنە سەر سەکۆکە بۆ ئەوەی تەعبیر لە خۆیان بکەن و ناڕەزایی خۆیان لەمەڕ ئەم



مەسەلەیە دەربڕن و پشتگیریی منیان کرد.

لەپڕێکدا، دەرگاوان هات و پێی وتم کە وەکیلی وەزیرەکانی ڕووسیا و ئینگلتەرا لە بینایەی پەرلەمان و چەند تێبینییەکیان هەیە و دەیانەوێ بەزووترین کات بیخوێننەوە. کۆبوونەوەکە دواخرا، سەرۆکی مەجلیس، سەرۆکی وەزیران دەرچوونە دەرەوە؛ کاتێکیش هاتنەوە ژوورەوە دەموچاویان تۆزی مەرگی بەسەر نیشتبوو. وەکیلەکان ئەوەیان وتبوو، ئەگەر بێت و شا لابدرێت، ڕووسیا و ئینگلتەرا ناچار دەبن سەربازانە خۆ تێکهەڵکێشی ئەم کێشەیە بکەن. نەک تەنها ئامادەی ئەوەیان هەبوو بمانخنکێنن، بەڵکو بواری ئەوەشمان نەدەنێ کە بەرگری لە خۆمان بکەین!

– بۆچی هەندە دڕندانە؟ بەدامانەوە، باسکرڤیل پرسیاری کرد.

– قەیسەر دیموکراسییەتی لە تەنیشت وڵاتەکەی خۆی نا و، ناوی پەرلەمان دەیتۆقێنێ و شێت و هاری دەکات.

– خۆ ئەم ڕەفتاری ئینگلیزەکانیش ناگرێتەوە!

– نەخێر. تەنها، ئەگەر وڵاتی فارس بگاتە ئەو ئاستەی وەکو لێپرسراو خۆی بەڕێوەبەرێت، ئەمە دەبێتە دەرسێکی چاک بۆ هیندوستان! ئیتر ئەوەی بۆ ئینگلیزەکان دەمینێتەوە، ئەوەیە دەبێ بوخچە و بوزگوڕی خۆیان بپێچنەوە.

ئەی نەوت، پاشان نەوت لە گۆڕێیە. لە ساڵی ١٩٠١، بەریتانییەک، مسیۆ نۆکس دارکی ناوێک، لەسەرتاپای وڵات بەنرخی بیست هەزار لیرەی ئیستەرلینی مافی گەڕان و دەرکردنی نەوتی دەسگیر دەبێت. تاکو ئێستا، بەرهەمەکە شتێکی ئەوتۆ نییە کە شایانی باس بێت، بەڵام چەند هەفتەیەک دەبێت، ئیحتیاتییێکی زۆر لە ناوچەی عەشیرەتەکانی بەختیاری دۆزراوەتەوە، بێگومان گوێت لەم دۆزینەوەیە بووە. ئەم دۆزینەوەیە بەنیسبەت وڵاتەوە بەسەرچاوەیەکی گرینگ دەژمێردرێت. بۆیە من لەگەڵ پەرلەمان قسەم کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ لەندەن، بەم ڕێککەوتنەدا بچێتەوە و نرخێکی گونجاومان دەست کەوێت کە لەگەڵ هەلومەرجدا بگونجێ؛ زۆربەی پەرلەمانتارەکان لایەنگیریی منیان کرد. لەو کاتەوە، وەزیری ئینگلتەرا،

میوانداربییەتی منی نەکردووە.

بەڕامانەوە پرسیاری ئەوەم لێی کرد:

– خۆ باستەکەش هەر لە باخچەی باڵیۆزخانەکەی ئەوان گیرا.

– ئەو کات ئینگلیزەکان وای بۆ دەچوون کە کاریگەری ڕووسەکان زۆر زۆرە و بەشێکی ئەوتۆی بۆ ئەوانی لە کێڵگەکەی فارس نەهێشتۆتەوە؛ بۆیە هانی ئێمەیان دەدا بۆ ئەوەی ناڕەزایی خۆمان دەربڕین، باخچەکەی خۆیانمانیان بۆ کردەوە، وەکو دەوترێنیش هەر ئەوان فوتۆکۆپی وێنەکەی مسیۆ نۆسیان کردبوو. کاتێکیش بزووتنەوەکەی ئێمەش سەرکەوت، لەندەن توانی لەگەڵ قەیسەردا پەیمانی دابەشکردن مۆر بکات: ناوچەی باکوور لەژێر دەستی ڕووسیا دەبێت و باشووریش شوێنی ڕاو و شکاری ئینگلیزەکان بێت. هەر ئەو کاتەی کە ئینگلیزەکان ئەوەیان دەسگیربوو کە بەدوای کەوتبوون، ئیتر گوێیان بۆ دیموکراسییەتی ئێمە ڕانەگرت و هەروەکو بۆ قەیسەر، تەنها زیانی تیا دەبینی و بۆیە ئاواتەخوازە لەبنەوە هەڵوەشێتەوە و لەناوچێت.

باسکرڤیل تەقییەوە:

– بە چ هەقێک!

پێش ئەوەی بەسەرهاتەکەی خۆی تەواوکات، فازیل پێکەنینێکی باوکانەی ئاراستەکرد:

– دوای هاتنەکەی دوو وەکیلەکە و پەرلەمانتارەکان ورەیان ڕووخا. لە توانایان نەبوو، لە یەک کاتدا بەرەو ڕووی هەندە دوژمن ببنەوە، شتێکی لەوە چاکتریان نەدۆزییەوە، جگە لەوەی دەردی خۆیان بەپانۆڤ بڕێژن. چەند پەرلەمانتارێک بەوە تاوانبار کران کە گوایە تەزویرچی و ئەنارشیە و تاقە ئامانجیشی هەڵگیرساندنی شەڕە لەنێوان وڵاتی فارس و ڕووسیا. ڕۆژنامەنووسەکە لەگەڵ من بۆ بارەگای پەرلەمان هات، لە نزیکی ئەو دەرگایەی کە دەچێتە هۆڵە گەورەکەوە، لە مەکتەبێک دامنا، ئەمەشم زۆر بەپێویست زانی بۆ ئەوەی شەهادەتی خۆی بدات. ئێستاش، پەرلەمانتارەکان داوای ئەوە دەکەن بگیرێت و تەسلیمی باڵیۆزەکەی



قەیسەر بکرێت. پێشنیارێک بەم بۆنەیەوە کرا.

ئەو کەسەی لەبەر ئێمە دژ بەحکومەتەکەی خۆی ڕاوەستا، ئێستا تەسلیمی جەلاد دەکرێت! منێک کە هەمیشە لەسەرخۆ و هێمنم، خۆم پێ نەگیرا و چوومە سەر ئەسکەمبیلێک، وەکو ئەهریمەن دەستم بەهاوار کرد: (سوێند بەو خاکە دەخۆم کە باوکمی گرتۆتە خۆی، ئەگەر بێت و ئەم پیاوە بگیرێت، کۆبوونەوە بە «ڕۆڵەکانی ئادەم» دەکەم و ئەم پەرلەمانە لەناو خوێن دەگەوزێنم. ئەو کەسەشی دەنگ بداتە پێشنیارەکە بەزیندوویی لێرە ڕزگاری نابێت!) دەیانتوانی حەسانەی دیبلۆماسیم لێ بسێننەوە و یەکسەریش بمگرن. نەیانوێرا. کۆبوونەوەکەیان بۆ ڕۆژی دوایی دواخست. هەر بۆ هەمان شەو پایتەختم جێهێشت و ڕووم کردە زێدەکەی خۆم و ئیمڕۆش گەیشتمەجێ. پانۆڤیشم لەگەڵە، لە تەوریزە لە شوێنێ خۆی شاردۆتەوە، چاوەڕێی ئەوە دەکات بۆ وڵاتیکی بێگانە هەڵبێت. قسەوباس درێژەی کێشا. هەندەی نەبرد سپێدەی دا و یەکەم بانگیش دەنگی دایەوە و ئیتر دونیا زوو ڕووناک بووەوە. گفتوگۆمان دەکرد و هەزارەها داهاتووی ڕەشیشمان دەهێنایە بەرچاو و جارێکی دیکەش دەکەوتینەوە قسە و لەبەر ماندوویی نەماندەتوانی واز لە قسە بهێنین. باسکرڤیل باوێشکی دا، سەیری سەعاتەکەی مەچەکی کرد وەکو بەدەم خەوەوە بێت، ئەوها ڕێی دەکرد و زۆر بەتاو دەستی کرد بەخوراندنی ملی:

– سەعات شەشە، شەوێکی سپیمان[1] بردەسەر! بە چ ڕوویەکەوە بەرەو ڕووی قوتابییەکانم ببمەوە؟ ئەی دەبێ پاستۆر چ بڵێت کاتێک دەمبینێ ئا بەم درەنگە دەگەڕێمەوە؟

– دەتوانی هەمیشە ئەوەی پێ بڵێی کە لەگەڵ ژنێکدا بوویت!

بەڵام هوارد هەندە بەزەوق دیار نەبوو تا پێبکەنێ.

نامەوێ باسی ڕێککەوت بکەم، چونکە لەم ڕووەوە جێی نابێتەوە، بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەو کاتەی فازیل خەریک بوو لە

(١) «شەوی سپی» تەعبیرێکی فەرەنسییە بەمانای مانەوە دێت تا بەرەبەیان. (وەرگێڕ).

باسوخواسەکەی دەبووەوە، باسی ڕاستی ئەو بەڵگانەی دەکرد کە پانۆف بەدەستی هێنابوو، باسی ئەو کێشانەی دەکرد کە تووشی ئەم دیموکراسییە ساوایە هاتبوو، سەرەتای کۆدێتایەک بەڕێوە بوو.

لە هەقیقەتیشدا، هەروەکو دوای ماوەیەک پێم زانی، لە دەوروبەری سەعات چواری بەیانیدا، ئا لەو چوارشەممەی کە دەکەوتە ٢٣ی پووشپەڕی ١٩٠٨. بەتالیۆنێک کە لە هەزار کۆزاک پێکهاتبوو، کە ڕاید لیاکۆڤ سەرکردەی دەکرد، بەرەو بەهارستان کەوتنەڕێ، بارەگای پەرلەمان بوو کە دەکەوتە ناوجەرگەی تارانەوە. باڵەخانەکە گەمارۆ درا و هەموو دەرچەکانیش کۆنترۆڵ کران. چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی مەحەلی هەست بەبزووتنەوەی بەتالیۆنەکە دەکەن، بەهەڵپە بەرەو قوتابخانەکەی بەرامبەر دەچن کە تازە بەتازە تەلەفۆنیان بۆ هاتبوو، بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ پەرلەمانتارەکان و چەند پیاوێکی ئایینی دیموکراتخواز بکەن وەکو ئایەتوڵڵا بەهبەهانی و ئایەتوڵڵا تەباتەبائی. پێش مەلا بانگدان، هەموو بەرەو بارەگای پەرلەمان هاتن و بۆ ئەوەی شەهادەتی ئەوە بدەن و ئەوەش ڕوون بکەنەوە کە تا چ ڕادەیەک مانەوەی دەستووریان لە لا گرینگە. شتێکی سەیر، کۆزاکەکان بواریان دانێ کە تێپەڕن. چونکە تەنها فرمانی ئەوەیان پێ درابوو کە نەیەڵن کەس پەرلەمان جێبهێڵێ.

جەماوەری ناڕازی تا دەهات زیادی دەکرد. کاتی خۆرهەڵاتن، بوونە چەند سەدێک، لەوانەش چەندین «ڕۆڵەکانی ئادەم»یان لەگەڵا بوو. بەتفەنگەوە، بەڵام زەخیرەیان کەم بوو، هەر کەسە و شەست فیشەکێکی پێ دەبوو، بەم چەک و تفاقەوە، مومکین نەبوو بەرگری لە بارەگاکە بکرێت و نەشیان وێرا ئەم چەک و تفاقە بەکاربهێنن. لەسەر خانوو و لە پشتی پەنجەرەکانەوە سەنگەریان لێدابوو، بەڵام نەیاندەزانی دەبێ ئەوان دەسپێشخەری لە تەقەکردن بکەن و بەمە قەسابخانەیەک بنێنەوە یا ئەوەتا بەشێوەیەکی ئاسایش چاوەڕێی ئەوە بکەن کە چۆن کۆدەتایەکە کۆتایی پێ دێت.

تەنها هەر ئەمەش بوو، ببووە هۆی دواکەوتنی هێرشبردنی کۆزاکەکان. لیاکۆڤ بەئەفسەری ڕووس و فارسی دەور درابوو، خەریکی بەڕێوەبردنی لەشکر و تۆپەکانی بوو، ئا لەو ڕۆژەدا، شەش تۆپ دەژمێردرا، لە



هەموویان کوشندەتر لە تۆپخانە دانابوو، بۆ چەند جارێک، ڕائیدەکە هاتە سەر هێڵی بەرگری، بەڵام ئەوانەی لەوێ بوون نەیانهێشت کە «ڕۆڵەکانی ئادەم» تەقە بکەن، چونکە لەوە دەترسان کە قەیسەر ئەمە بکاتە بەهانەیەک و ئیتر هەر هەموو وڵاتی فارس داگیر بکات.

لە کاتی چێشتەنگاو، فرمانی شاڵاوبردن درا. هەرچەندە بەشێوەیەکی ناڕەسمیش بوو، بەڵام شەڕ شەش حەوت سەعاتی خایاند. بەموشاوەرەیەک و یاریدەدانێکی زۆر ئازایانە، بەرگرییەکان توانیان سێ تۆپ پەک خەن.

ئەم قارەمانیەتییە لە بێ هیوایییەوە لە دایک بوو. لەگەڵ کەوتنی هەتاو، بەیداغی سپی خۆ بەدەستەوەدان لەسەر باڵەخانەی یەکەم پەرلەمان لەمێژووی وڵاتی فارس شەکایەوە. بەڵام، چەند دەقەیەک پێش، دوا تەقە، لیاکۆڤ فرمانی بەپیادەکان دا کە دەست بکەنەوە بەتەقەکردن. ئەمری قەیسەر زۆر ڕوون بوو: نابێت تەنها بەلەغوکردنەوەی پەرلەمان ڕازی بین، بەڵکو دەبێ باڵەخانەکەش بڕووخێندرێت، بۆ ئەوەی دانیشتوانی تاران بەکەلاوەیی ببینن و بۆ هەموانیش و بۆ هەتاهەتایەش ببێتە دەرسێ.

## XXXVIII

هێشتا شەڕ لە پایتەخت کۆتایی نەهاتبوو، یەکەم ڕستی گوللەباران لە تەورێز دەستی پێکرد. چوومە قوتابخانەکەی هوارد بۆ ئەوەی پێکەوە بچینە بارەگاکەی ئەنجوومەن، بۆ ئەوەی لە ماڵ خزمێکی فازیل پێکەوە نانی نیوەڕۆ بخۆین. هێشتا بەتەواوی نەگەیشتبووینە کۆڵانە پێچاوپێچەکانی ناو بازاڕ، گوێمان لە تەقە بوو، پێشی دەچوو نزیک بێ.

بەفزوولییەکەوە کە غەشیمی پێوەدیار بوو، بەرەو ئەو شوێنە هەنگاومان دەنا کە دەنگی تەقەکانی لێوە دەهات. لە سەد مەترێکەوە، حەشاماتێک دیار بوو کە نزیک دەبوونەوە: تەپوتۆز و دوکەڵ، جەنگەڵی گورز و تفەنگ و مەشخەڵ لە دەست، گوێمان لە هاوار بوو کە هیچی لێ تێنەدەگەیشتم، چونکە بەئازەری قسە دەکرا. باسکرڤیل هەوڵی دەدا شتێکی لێ تەرجەمە بکات: «مەرگ بۆ دەستوور! مەرگ بۆ پەرلەمان! مەرگ بۆ کافران! بژی شا!» دەیان هاووڵاتی بەڕاست و چەپدا غاریان دەدا. پیرەمێردێک گوریسێکی بەدەستەوە بوو و بزنێکی تۆقاوی ڕادەکێشا. ژنێک ساتمەی کرد؛ منداڵەکەی شەش ساڵانە دەبوو نابوو، هەوڵی دەدا ڕاستی کاتەوە و گرتی و بەشەلە شەل دەستی بەغاردان کردەوە.

ئێمەش بەپەلە، دەمانویست بگەینە ئەو شوێنەی کە پەیمانمان تیا بەستبوو. لەسەر ڕێگا، کۆمەڵێ لاو خەریک بوون سەنگەرێکیان لا دەدا، دوو کۆتەرەداری کەوتوو و بەشێوەیەکی تێکەڵوپێکەڵی تەواو، مێز و خشت و ئەسکەمبیل و سنووق و بەرمیلی کەوتبووە سەر. ناسیمانیانەوە، هێشتیان تێپەڕین و ئامۆژگاریی ئەوەشیان کردین کە خێرا تێپەڕین، چونکە «بەئێرەدا تێدەپەڕن»، «دەیانەوێ ئاگر لەم گەڕەکە بەردەن»، «سوێندیان خواردووە کە هەموو ڕۆڵەکانی ئادەم سەربڕن».

لە بارەگاکەی ئەنجوومەنیش، چل پەنجا کەس دەوریان لە فازیل دابوو، تەنها ئەو چەکی لە شان نەبوو. ئەویش دەمانچەیەک بوو، مانیچەرێکی نەمساوی بوو، پێدەچوو وەزیفەی دیکەی هەبێت لەوەی بەمە و ئەوە بڵێ تۆ لەوێ بە و با ئەو لەوێ بێت. هێمن دیاربوو، ڕاڕایی کەمتر پێوە



دیاربوو، هێمن هەروەکو پیاوێکی کردار، کاتێک چاوەڕوانی کۆتایی بێت.

– دە سەیرکەن، ئەمەی بەنەبرەیەک وت کە ڕەنگێکی کاڵی سەرفرازی پێوە دیاربوو. بانۆڤ هەرچییەکی وت ڕاست دەرچوو. ڕاید لیاکۆڤ کودێتایەکەی خۆی کرد و خۆشی بەحوکمڕانی عەسکەری شاری تاران دانا و مەنعی تەجەولیشی سەپاند. لەم سەرلەبەیانییەوە، دەرگای گەڕان بەدوای دەستوورییەکان لەسەر گازەرای پشتە، ئەمەش چ لە پایتەخت چ لە شارەکانی دیکە. لە تەورێزەوە دەس پێکرا.

هاوارد بەحەپەسانەوە:

– ئەمە هەندە زۆر ڕووی دا!

– قونسوڵی ڕووسیا بەتەلەگرام لەم کودێتایە ئاگادار کرایەوە و هەر لەم سەرلەبەیانییەشەوە پیاوە ئایینییەکانی تەورێزی ئاگادار کردەوە. ئەمانیش پیاوانی خۆیان ئاگادار کردەوە بۆ ئەوەی بۆ نیوەڕۆ لەدەڤەچی، لە گەڕەکی وشترەوانان کۆببنەوە. ئا لەوێوەوە ئیتر بەگشت شارەکەیا بڵاوبوونەوە. سەرەتا بەرەو ماڵی ڕۆژنامەنووسێکی هاوڕێم ڕۆیشتن، عەلی مەشهەدی، لە ماڵەکەی خۆی ڕایانکێشت، سەرەڕای قیژە و هاواری ژنەکەی و دایکی و هەر لە پێش ئەوان سەریان بڕی و دەستی ڕاستیان لێ کردەوە و پاشان هەروا لەناو خوێنی خۆی جێیان هێشت. بەڵام مەترسن، هەر لەم ئێوارەوە، تۆڵەی عەلی دەکرێتەوە.

دەنگێ هەڵی خەڵەتاندن، جارێکی دیکە ویستی بێتەوە سەر دۆخی جارانی، پێش ئەوەی دەست بەقسە بکاتەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:

– لەبەرئەوە هاتمە تەورێز چونکە دەزانم ئەم شارە بەرگری لە خۆی دەکات. ئێمە ئێستا پێمان لەسەر خاکێکە کە هێشتا سەر بەدەستوورە. لە ئێستاوە بەدواوەش، بارەگای پەرلەمان لێرەیە، بارەگای حکومەتی شەرعی. شەڕێکی چاک ڕوو دەدات، دەبینن چۆنیش دەیبەینەوە. دوام کەون!

ئێمە و دە دوانزە لایەنگیریش دوای کەوتین. ئێمەی بەرەو باخچەکە برد،

خولێکی بەدەوری خانووەکەیا دا، تاکو گەیشتە پەیژەیەک کە تا بەرز دەبوویتەوە، ئیتر لەناو چێو و گەڵادا ون دەبوو. گەیشتینە سەر خانوو و تێپەڕگەیەکی لێبوو و چەند پەیژەیەک چووینە خوارەوە و ژوورێکی دیوار ئەستووری لێ بوو، چەند پەنجەرەیەکیش لە تەنیشت یەک، دەت وت بۆ شەڕکردن دروست کراوە. فازیل داوای لێ کردین کە سەرێک لە ژوورەکە بدەین: دەیڕوانیە دەرچەی گەڕەکێکی کە زوو دەگیرێ، بەڵام ئێستا لەبەر سەنگەرەکان کەس ناتوانێ زەفەری پێ بەرێت. لە پشتەوەش، بیست کەسێک، ئەژنۆیان لە خاک گیر بوو و هەمووش تفەنگەکانیان سوار.

فارزیل دەستی کرد بەقسە:

– خەڵکی دیکەش هەیە. هەموو بڕیاری شەڕکردنیان داوە. هەموو دەرچە و کۆڵانەکان دەگرن. ئەگەر شاڵاوبەرەکان گەیشتن، ئەوە هەروەکو پێویست پێشوازییان لێ دەکرێت.

«شاڵاوبەر» هەروەکو ئەو دەی وت زۆر دوورنین. ڕەنگ بێ لەبەرئەوە تاخیر بووبێتن چونکە یەک دوو خانووی «ڕۆڵەکانی ئادەم»یان لە پێشە و دەبێ بیسووتێنن، بەڵام چەک دانانێن، هاواریان دەکرد و تەقەش نزیک دەبووەوە.

لە پڕێکدا، موچڕک بەلەشمانا هات. ڕاستە لێرەین، ڕاستە خۆمان لەپاڵ ئەم دیوارە داڵدە داوە، دیمەنی حەشاماتێکی جڵەوترازاو و مەرگ مەرگێتی و ڕێک و ڕاست بەرەو تۆش دێت، ڕەنگ بێ هەرە ترسناکترین ئەزموون بێت.

هەر بەغەریزە، دەستم بەچرپە کرد:

– چەند دەبین؟

فازیل بەدەنگی بەرز و ڕوون، بەورەوە وەڵامی دامەوە:

– هەزار، کەم تا زۆر هەزار و پێنج سەد کەس دەبین.

هەروەکو فرمان بدات، دەستی کردەوە بەقسە:

– ئێستاش نۆرەی ئێمەیە کە بیان ترسێنین.

بەیاریدەدەرەکەی وت کە سەر و تفەنگمان بداتێ. لەنێوان من و هوارد



کەمێ بەگاڵتەئامێزەوە سەیری یەکترمان کرد؛ ئێمە بەچاوێکی ئەفسووناوی و قێزلێهاتنەوەوە سەیری ئەو ئامێرە ساردانەمان دەکرد.

فازیل هەڵی دایەوە:

– خۆتان بدەنە پاڵ پەنجەرەکان و تەقە لە هەر کێیەک بکەن کە نزیک دەبێتەوە. من دەبێ بەجێتان بهێڵم، موفاجەئەیەکم بۆ ئەو بەربەرییانە ئامادە کردووە!

هێشتا بەتەواوی دەرنەچووبوو، تەقوتۆق دەستی پێکرد. باسی جەنگکردن، ڕەنگ بێ زیادڕەوییەک بێت. شاڵاوبەرەکان نزیک بوونەوە، هۆزێکی بێ مێشک هاواری دەکرد و پێشڕەوەکەیان بەرەو سەنگەرەکان دەڕۆیشت، هەر بەو تەگەرانە دەچوون کە بۆ ڕاکردووان دادەنرێن. ڕۆڵەکانی ئادەم دەستیان بەتەقە کرد. سەلییەیەک. یەکێکی دیکە. دە کەسێک بەربوونەوە، ئەوانی دیکە کشانەوە، تەنها یەکێکیان نەبێت کە توانی بەسەر تەگەرەکانا باز بدات و حەربەیەک لەشی کون کرد. هاواری ڕۆح دەرچوونێکی بەدواوە هات؛ سەیری لایەکی دیکەم کرد.

زۆربەی زۆری خۆپیشانداوەکان، بەوریاییەوە لە دواوە مانەوە، تەنها بەدەنگێکی نووساو، هەمان شایی و لۆغانیان دووبارە دەکردەوە: «مەرگ بۆ!» پاشان، کۆمەڵە خەڵکێک جارێکی دیکە شاڵاویان بۆ سەنگەرەکان برد، ئەمجارەیان کەمێ بەنیزامتر، واتە بەتەقەکردنەوە بەرەو بەرگریکەرەکان و بەرەو پەنجەرەکان، لە کوێیەوە تەقە دەکرا. گوللەیەک بەر تەوێڵی کوڕێکی ئادەم کەوت، ئەمەش یەکەم زیانی ئەو بەرەیە بوو. سەلییەی هاوەڵەکانی یەکسەر بەر ئەوانە دەکەوتن کە شاڵاویان دەبرد.

شاڵاوەکە شکستی هێنا، کشانەوە، جارێکی دیکە بۆ تەگبیرکردن گرت بوونەوە و بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد. بۆ شاڵاوبردنێکی دیکە کۆبوونەوە، لەو کاتەی کە گرمەیەک گەڕەکەکەی هەژاند. تۆپێک کەوتە ناوەڕاستی شاڵاوبەرەکان، قەسابخانەیەکی نایەوە و ئەوەی بەزیندوویش مایەوە کشایەوە. بەرگریکەرەکان چەکەکانیان بەرزکردەوە و دەستیان بەهاوارکرد: «مەشرووتی! مەشرووتی!» – واتە دەستوور! – دەیان تەرمی

ڕاکشاو لەملاو ئەولای سەنگەرەکە کەوتبوون.

هوارد چرپاندی:

– چەکەکەی من هێشتا هەر ساردە، تەنها فیشەکێکیشم نەتەقاند. ئەی تۆ؟

– منیش.

سەری نەناسراوێک بکەوێتە بەر نیشانەکە و دەست بەپەلاپیتکەکەیا بنێم بۆ ئەوەی بیکوژم...

فازیل دوای چەند ساتێک درەنگتر هاتەوە. دڵخۆشە.

– موفاجەئەکەتان چۆن بینی؟ تۆپێکی کۆنی فەرەنسی بوو، بانژێکە، ئەفسەرێکی لەشکری ئیمپریال پێی فرۆشتین. لەسەر خانوو داندراوە، وەرن بەئیعجابەوە سەیری بکەن! چەند ڕۆژێکی ئایندە، لە مەیدانە گەورەکەی تەورێزی دادەنێین و لەسەری دەنووسین: «ئەم تۆپە بوو دەستووری بۆ قوتار کردین!»

هەستم کرد بۆچوونەکەی زیاد لە پێویست گەشبینە، هەرچەندە نەمتوانی ڕەتی ئەوە بدەمەوە کە لە چەند دەقەیەک سەرکەوتنێکی زۆرچاکی بەدەست هێنا، ئامانجەکەی زۆر ڕوون بوو: ڕزگارکردنی دوورگۆکەیەک بۆ ئەوەی لایەنگیرەکانی دەستوور بتوانن کۆببنەوە و خۆیان بپارێزن، بەتایبەت بتوانن لەمەڕ داهاتووەوە بیربکەنەوە و بیریش لەوە بکەنەوە دەبێ چ بکەن.

ئەگەر لەو ڕۆژە شڵەژاوەی مانگی پووشپەڕ بمان وتایە کە لەو کۆڵانە پێچاوپێچانەی بازاڕەکەی تەورێزەوە و بەباوەشێ تفەنگی لەبیل و تاقە تۆپێکیش کە بانژی ناوە، دەتوانین ئازادی قەپێنراوی وڵاتی فارس بگەڕێنینەوە، کێ بڕوای پێ دەکردین؟

ئا ئەمە بوو کە ڕووی دا، هەرە بێگەردترین کەسیشمان ژیانی خۆی فیدا کرد.



## XXXIX

ڕۆژی تاریکن لە مێژووی وڵاتەکەی خەیام. ئا ئەمە بوو بەرەبەیانی ڕۆژهەڵات؟ هەر لە ئیسفەهانەوە تاکو قەزوین، هەر لە شیرازەوە تاکو هەمەدان، هەمان هاوار و هەمان دەنگ لە قوڕگی تاریکی سەدان، بەڵکو هەزاران کەسەوە دەردەچێ: «مەرگ بۆ! مەرگ بۆ!» بەرز دەبووەوە. لەمە بەدواوە بۆ ئەوەی باسی ئازادی و دیموکراسی و عەدالەت بکەیت، دەبێ خۆت بشاریتەوە. داهاتوو تەنها خەونێکی یاساغ کراو بوو، لایەنگرانی دەستووریش لە هەموو کووچەیەکدا تووشی ڕاونان هاتن، بارەگاکانی «ڕۆڵەکانی ئادەم» تاڵان کران و کتێبەکانیان پێشێلکران و ئاگریان تێبەردان. لە هیچ شوێنێک، لە سەرتاپای وڵاتی فارسدا، نەتوانرا بەربەست بۆ قینی هەڵڕژاو دابنرێت.

هەر تەنها لە تەورێز. ئەویش لە شارە قارەمانەکە، کاتێک کە تەنها ڕۆژێک بەسەر کودەتایە شوومەکە تێپەڕیبوو، لەو سی گەڕەکە بنەڕەتییەی کە شارەکەی لێ پێکدێت، تەنها هەر یەکێکیان بەرگری دەکرد، ئەویش گەڕەکی میرخیز بوو، کە دەکەوتە هەرە باکووری ڕۆژئاوای بازاڕەکەوە. ئا لەو شەوەدا، بیست سییەک لە لایەنگرانی دەستوور، بەنۆبە، پاسەوانییان دەکرد بۆ ئەوەی بیپارێزن، لە هەمان کاتیشدا، لە بارەگای ئەنجوومەن، فازیل لەسەر نەخشەیەکی چرچولۆچ، خەریکی دیاریکردنی تیری سەرکەوتنی وەهمی بوو.

ئێمەش دە دوانزەیەک دەبووین کە زۆر بەوریاییەوە سەیری هێڵی پێنووسەکەیمان دەکرد بۆ ئەوەی لانەدات کە لە هەمان کاتدا چرای ژوورەکە تووشی جوولانەوەی دەکرد، پەرلەمانتار خۆی ڕاست کردەوە.

– دوژمن هێشتا لە ژێر حەپەسانی ئەو سەدمەیەیە کە تووشیمان کرد. وا هەست دەکات ئێمە لەوە بەهێزترین کە هەین. کەواتە دەبێ ئەم هەلە بقۆزینەوە و بەپەلە ناوچەکەمان بەرفراوان بکەین. هەندەش نابات شا لەشکر دەنێرێتە تەورێز و چەند هەفتەیەکی دیکە دەگەنە ئێرە. کەواتە دەبێ هەر لە ئێستاوە بۆ ئەو کاتە هەموو شارەکە ئازاد بکەین. هەر لەم شەوەوە،

دەست بەشاڵاوبردن بکەین.

چەمایەوە و هەموو سەرەکانی دی چەمانەوە، سەر قۆت و سەر داپۆشراو یا مێزەر لەسەر.

دیسانەوە بۆ ڕوونکردنەوە، فازیل وتی:

– لە پڕێکدا لە ڕووبارەکە دەدەین و لە دوو لاوە لەناو بازاڕەکەوە و لەناو گۆڕستانەکەوە شاڵاو بەرەو قەڵاکە دەبەین. پێش خۆرکەوتن، هی ئێمەیە.

قەڵاکە دە ڕۆژی ویست بۆ ئەوەی بگیرێ. هەر شەقامێک شەڕوکوشتارێکی زۆری دەویست، بەڵام شەڕەکە بەقازانجی ئەوان کۆتایی دەهات. چەند «کوڕێکی ئادەم» دەستیان بەسەر مەکتەبی تەلەگرافی هیندی – ئەورووپی گرت، بەم جۆرە توانیان پەیوەندییان لەگەڵ تاران و شارەکانی دیکە بمێنێ، هەروەها دەیانتوانی پەیوەندی بەلەندەن و بۆمباشەوە بکەن. بۆ هەمان ڕۆژ، پۆلیسخانەیەک، بەخۆیان و دۆشکەیەکی ماکسیم و سی سنووق فیشەکەوە هاتنە ڕیزیانەوە. ئەم سەرکەوتنانە بڕوای دانیشتوانی بەهێز دەکرد، پیر و لاو ورەیان دەهاتەوە بەر، بەسەدان بەرە و گەڕەکە ئازادکراوەکان هەڵپەیان دەکرد، هەندێ جاریش بەچەکەوە. لە چەند هەفتەیەکدا، دوژمن بەرەو دەوروبەری شارەکە کشانەوە. ئەوەی لەژێر دەستیان مابووەوە، دەکەوتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە، ناوچەیەک کە دانیشتوانی کەم بوو کە دەکەوتە نێوان گەڕەکی وشترەوانەکان و ساحێب دیوانەوە.

بۆ ناوەڕاستی مانگی گەلاوێژ، لەشکرێک لە موتەتەویعان دروست بوو، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکی کاتیی، هوارد لێپرسراویی ئازووقەی پێ درا. ئیتر زۆربەی زۆری کاتەکەی لەناو بازاڕ بوو خەریکی کۆکردنەوەی ئازووقە بوو و دوکاندارەکان هەرەوەزییەکی لە ڕادەبەدەریان پیشان دا. زۆر بەباشی سەری لە پێوانی فارسی دەردەکرد.

پێی دەوتم:

– دەبێ لێرە حۆقە و کیلۆ لە بیر خۆت بەریتەوە. لێرە جاو و میسقاڵ و سیر و خەروار کە باری گوێدرێژن، لێرە ئا ئەمانە دەیخوات.



دەیویست لەو ڕووەوە شتم فێرکات:

– پێوەری بنەڕەتیی جاوە کە هەر جاوێکیش بایی دەنکە جۆیەکی قەڵەوە، هەر بەتوێکڵەکەیەوە، بەڵام لەم سەر و ئەوسەری جۆیەکە، هەردوو نووکە تیژەکەیان بڕیبێت کە هەر بەنووکە سمێڵ دەکەن.

منیش بەقاقای پێکەنینەوە:

– زۆر مەحکەمە.

مامۆستاکە بەچاوێکی ڕەخنەوە سەیری قوتابییەکەی خۆی کرد. بۆ ئەوەی تەمێی خۆم بکەم، هەستم کرد وا پێویست دەکات ئەوەی پێ ڕابگەینم کە گوێم گرتبوو:

– کەواتە جاو بچووکترین یەکەی پێوەرە.

هوارد وەڵامی دایەوە:

– نەخێر.

بێ وچان سەیری کاغەزە نووسراوەکەی بەردەمی خۆی دەکرد:

– بارستایی دەنکە جۆیەک بەقەدەر حەفتا دەنکە خەرتەڵە یا ئەوەتا بەقەدەر بارستایی شەش تاڵەمووی کلکی بارگیرێکە.

بەم بەراوردکردنە، بارەکەی منیشی کەمێ سووک کردبووەوە! لەبەر ئەوەی لەهجەی مەحەلی نازانم، کاری من تەنها ئەوە بوو کە لەگەڵ بێگانەکانا پەیوەندی بکەم و باسی ڕاوبۆچوون و نیازی فازیلیان بۆ ڕوون بکەمەوە و هەر ئاگاداری ساغ و سەلامەتیان بم.

دەبێ ئەوەش بزانین کە تەورێز، تاکو دروستکردنی هێڵی شەمەنەفەری ترانسقەوقاز و بیست ساڵ پێش، دەروازەی وڵاتی فارس بوو، هەر لەو تاقە دەروازەیەوە، کاڵا و کەلوپەل و بیروباوەڕ دەگەیشتە وڵات. چەندین شەریکەی ئەورووپی لقیان لەوێ هەبوو، وەکو شەریکە ئەڵمانییەکەی مسیو مۆسینگ و مسیو شونێمان یا شەریکەی نەناسراوی[2] بازرگانی ڕۆژهەڵات، گەورەترین شەریکەی نەمساویی بوو. هەروەها قونسوڵ و بەعسەی پرێسبیتێرەکان ئەمەریکی و چەندین ڕێکخراوی دیکەی لێ بوو و

(٢) **(Société anonyme)**: شریکة مُغْفَلَة، مخفیة الاسم. (وەرگێڕ).

بەڕاستی دڵخۆشیشم کە ئا لەو کاتانەی کە شار ئابڵوقە درا و کاتی ناخۆش بینرا، هیچ بێگانەیەک تووشی ئەزیەت نەهات.

برایەتییەکی ئۆخژنبەخش زاڵ بوو. من نامەوێ نە باسی خۆم نە باسی باسکرڤیل و نە باسی پانۆڤیش بکەم، چونکە ئێمە خێرا خۆمان دایە پاڵ بزووتنەوەکە. دەمەوێ لێرە ستایشی کەسانی دیکە بکەم، وەکو مسیو مۆر پەیامنێری مانیشتەر گاردیان بوو کە بێ سێ و دوو چەکی هەڵگرت و خۆی دایەپاڵ فازیل و لەشەڕ بریندار کرا، یا کاپتن ئەنژینیۆر کە یارمەتی داین و گەلێ گرفتی لۆژیستیکی بۆ چارەسەرکردین و، هەروەها لە ڕێگای بابەتەکانی ئەو کە لە ڕۆژنامەی ئاسیای فەرەنسی بڵاودەکردەوە، پاریس و بەڵکو هەموو دونیای هان دا بۆ ئەوەی هاوکاری ئەم بزووتنەوەیە بکرێت و تەورێزیش لە هەڕەشە بەدناوەکە ڕزگار کات. وجوودی ئەم بێگانانە و چالاکی نواندنیان، بۆ هەندێک، بەتایبەتی بۆ پیاوانی ئایینیی شارەکە وەکو ئەنجەتێک دژ بەدەستوورییەکان بەکار دەهێنرا. شتی وا دەوترا: «ئەم ئەوروپییە هیچوپووچانە، ئەم ئەرمەنی و بابیانە و گاوریی هەموو ناوچەیەک». سەرەڕای ئەمەش ئەهالی بەم پرۆپاگەندانە تەڕ نەدەبوون، زۆر بەگەرموگوڕی دەوریان لێ دابووین، هەر پیاوێک وەکو برا سەیر دەکرا و هەر ژنێکیش وەکو خوشکێک یا وەکو دایکێک لە قەڵەم دەدرا.

ئایا پێویستیش بەوە دەکات بڵێم فارسەکان هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، هاوکاری و هەرەوەزییەکی زۆر و عەفەوی بەرگریکەرەکانیان کرد. سەرەتا ئازادیخوازەکانی تەورێز، پاشان گشت ئەو پەناهەندانەی کە بەباوەڕەوە شار و گوندەکانیان جێ هێشتبوو و هاتبوون خۆیان دابووە پاڵ دوا سەنگەری دەستوورییەکان. ئەمەش ڕۆڵەکانی ئادەمیشی گرتەوە، لە هەموو ناوچەکانی مەملەکەتەوە بەهەڵپە دەهاتن و داوای چەک هەڵگرتنیان دەکرد. هەروەها چەندین پەرلەمانتار و وەزیر و ڕۆژنامەنووسی تاران، توانیان لە دەستی ئەو کودەتایە کوشندەی کە لیاکۆڤ فرمانی بۆ دەرکردبوو هەڵبێن و زۆرجار بەهەناسەبڕکێی تاساو و گومڕابوونەوە، بە کۆمەڵی بچووک دەهاتن.

لەو هەموو هاتنەڕیزەوە، یەکێکیان لە هەموویان بەنرخترە، ئەویش



هەڵاتنی شیرین بوو کە توانی تەحەدای ئەو مەنع تەجەولە بکات و بەسواری ئۆتۆمۆبیل بەبەردەم کۆزاکەکانەوە بۆی دەرچێت و ئەوانیش نەوێرن دەخلی بکەن. ئۆتۆمبیلەکەی بەشێوەیەکی عەجایەب لەلایەن دانیشتوانەوە پێشوازی لێ کرا، سەرەڕای هەمووشی شۆفێرەکەی خۆشی خەڵکی تەورێز بوو، یەکێ بوو لەو فارسە دەگمەنانەی کە بتوانن ئەو ئۆتۆمبیلانەی لێبخوڕن.

شیرین لە کۆشکێک دابەزی کە بەکار نەدەهات. ئەو کۆشکەی کە باپیرەی بەو نیازە دروستی کردبوو کە ساڵی جارێک سەری لێ بدات، ئەو پیرەمێردەی کە کوژرا. هەر بۆ شەوی یەکەم، هەر وەکو ئەفسانە بۆمانی گێڕایەوە، شا تووشی دڵ هەڵچوون دەبێت و ئەستێرەناسەکانیش ئامۆژگاریی ئەوەیان کرد کە جارێکی دی پێ نەخاتەوە ئەم کۆشکە شوومە. سی ساڵێک دەبێت، کەسی تیا ناژێ؛ خەڵکی بەجۆرە سامێکەوە بەکۆشکی بەتاڵ ناویان دەبرد.

شیرین دوودڵیی نەکرد کە بەسەر ئەم قەدەرەیا زاڵ بێت و ئیتر شوێنی ئیقامەتەکەی دەکەوتە ناوجەرگەی شارەوە. لەناو باخچە گەورەکەی، لەو ناوچە فێنکەی ئێوارانی هاوین، سەرکردەی بەرگریکەرەکان دەهاتن و لەوێ کۆدەبوونەوە، منیش زۆرجار لەگەڵیانا بووم.

پێدەچوو شیرین بەبینینی من دڵخۆش بێت، گشت ئەو نامەگۆڕینەوانەی پەیوەندییەکی قووڵی لەنێوان دروست کردبووین، کەس بۆی نەبوو گومان لەم پەیوەندییە بکات. بێگومان، قەد دوو بەدوو نەبووین، لە هەر کۆبوونەوەیەک، بۆ هەر ژەمێک دەیان کەسی تری لێ بوو. بێ وچان قسەمان دەکرد، هەندێ جاریش گاڵتەمان دەکرد، بەڵام بەبێ ئەوەی سنوور بشکێنین. زۆر ئاشنایەتیی لە وڵاتی فارسدا قەد مومکین نییە، ڕێز هەمیشە زۆر زاڵە و تەعبیرەکانی ڕێزگرتنیش زۆر ئاشکران، کاتێ ڕوو دەکرێتە یەکێک بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکرێت، زۆرجار دەوترێت «نۆکەری سێبەری جەنابتانم»، کاتێکیش لەگەڵ شازادەیەک قسە دەکرێت، ئەوە سەرەتا عەردەکە ماچ دەکرێت، ئەگەر بەکردەوەش نەکرێت، ئەوە تەعبیری زۆر زەق لەو بوارە بەکاردێت.

ئەو ئێوارە پڕ گێرمە و کێشەیە هات، پێنجشەممە بوو. زۆر بەتەواوی ١٧ی ڕەزبەر بوو. چۆن لە یادم دەچێت؟

بۆ هەزاران هۆی جیاواز، گشت هەڤاڵەکانمان سەفەریان کردبوو، منیش لەگەڵ ئەوانەی کە مابوونەوە ڕوخسەتم وەرگرت. ئا لەوکاتەی کە گەیشتمە موحەجەرەکەی دەرەوە، ئەوەم هاتەوە یاد کە جانتاکەم، کە بەوە ڕاهاتبووم کاغەزی گرینگی تیا هەڵگرم، لە بارەگاکە بەجێ هێشتووە. بۆیە گەڕامەوە، بەڵام بەبێ ئەو نیازەی کە شازادە ببینم؛ وامیش هەست کرد بەماڵئاوایی کردنی میوانەکان، ئیتر ئەویش لەوێ نەماوە.

نەخێر. هەر لەوێ بوو و بەتەنها دانیشتبوو، لە ناوەند بیست ئەسکەمبیلی بەتاڵ. ڕاڕا و داڵغە بردبوویەوە. هەر بەسەیرکردنییەوە چووم و جانتاکەم هەڵگرت. شیرین ڕەق ڕاوەستابوو، لەلاوە دەمبینی، بەهیچ شێوەیەک هەستی بەبوونی من نەکرد. بەبێدەنگییەکی قووڵ. دانیشتم و تێم دەڕوانی. بەم ئینتیباعە دوانزە ساڵ گەڕامە دواوە و هەردووکمانم، لە ئەستەمبووڵ، لە ساڵۆنەکەی جەمالەدین بینی. هەر بەم شێوەیە دانیشتبوو، لایەکیم لێوە دیاربوو، فۆتەیەکی شین قژی داپۆشیبوو و لایەکی قژی تاکو لای قاچەکانی ئەسکەمبیلەکە شۆڕببووەوە. تەمەنی چەند ساڵ دەبوو؟ حەڤدە؟ هەژدە؟ ئەو کەسەی کە ئیمڕۆ تەمەنی سی ساڵە، ژنێکی هێمن و سەردار و کاملە. هەروەکو جاران زراڤ. زۆرباش توانی تەحەمول بکات و خۆی لە ژنانی هاوچینی خۆی دوورەپەرێز بگرێت: ئەوانەی دەسبەتاڵ و چلێسن، تا دواڕۆژیش لەسەر تەختی سەروەری دادەنیشن. ئایا شووی کرد، تەڵاق درا یا بێوەژنە؟ لەو بارەیە قەد قسەمان نەکردبوو.

ویستم بەدەنگێکی پتەو و پڕ لە دڵنیایی پێی بڵێم: «هەر لە ئەستەمبووڵەوە خۆشم دەوێی.» لێوەکانم تەتەڵەیان کرد و تووشی گرژبوون هاتن و بەبێ ئەوەی تەنها دەنگێکیشیان لێوە دەرچێت.

سەرەڕای ئەوەی کە شیرین، لەسەرخۆ بەرەو من ئاوڕی دایەوە. بەبێ هیچ موفاجەئەیەک، هەروەکو ئەوەی نەڕۆیشتبێتم، نەهاتبێتمەوە، سەرنجی دەدام. ڕاڕایی کەوتە تەماشاکردنەکەیەوە و ئیتر دەستی کرد بە «تۆ»



بەکارهێنان:

– بیر لە چی دەکەیتەوە؟

وەڵامەکە لە لێوەکانمەوە فیچقەی کرد:

– لە تۆ. هەر لە ئەستەمبووڵەوە تا تەورێز.

زەردەخەنەیەک، ڕەنگ بێ کەمێ شڵەژانی پێوە دیاربێت، بەڵام هیچ تەگەرەیەک ڕێی لێ نەگرت و ڕوخساری گەشاندەوە. منیش هیچم بۆ نەمایەوە لەوە زیاتر کە ئەو سیغەیە دووبارە بکەمەوە کە ئیتر لەنێوانمان وەک کۆدی یەکترناسینەوەی لێ هاتبوو:

– چوزانین، ڕەنگ بێ ڕێگاکانمان یەک بگرنەوە!

چەند خولەکێکی یادکردنەوەی بێدەنگ کاتی قووت داین. پاشان شیرین وتی:

– تارانم بەبێ کتێبەکە جێ نەهێشت.

– کەشکۆڵەکەی سەمەرقەند؟

– هەمیشە لە تەنیشتمەوە لە تەنیشت دۆشەکەمە، قەد لە خوێندنەوەی بێزار نابم، چوارینەکانم هەمووی ئەزبەرە و هەروەها گشت ئەو بەسەرهاتەی کە لە پەراوێزەکە نووسراونەتەوە.

– لە پێناوی ئەوەی شەوێک لەگەڵ ئەو کتێبە بم دە ساڵ لە ژیانی خۆم خەرج دەکەم.

– شەوێک لە ژیانی خۆم دەبەخشم.

هەر ساتێک دوای ئەوە، بەسەر ڕوخساری شیرینا چەمامەوە، لێومان پێککەوتن، چاوەکانی داخرابوون. پاشان هیچ لە دەورمان وجوودی نەما تەنها گۆرانی ئەو زیکزیکانە نەبێت کە لەناو مێشکی قاوماندا دەنگی دەدایەوە. ڕاموسان درێژەی خایاند، ڕاموسانی ئاگرین، ڕاموسانی ساڵانی دابردوو و شکاندنی هەموو تەگەرەکان.

لە ترسی ئەوەی کە میوانی دیکە نەیەن و خزمەتکارەکان لە پڕێکدا دەرنەکەون، هەڵسـاین و منیش دوای کەوتم و بەدەرچەیەکدا تێپەڕین، بەدەرگایەکی بچووک کە گومانیی لێ نەدەکرا. بەپەیژەیەکی خواروخێچدا،

بەرەو ئەپارتمانەکەی شای جاران سەرکەوتین کە ئێستا کوڕەزاکەی تیایا دادەنیشێ، دوو لا دەرگای قورس داخران، دەسکێکی ئەستوور و ئیتر هەردووک بەتەنیا ماینەوە. ئیتر تەورێز شارێک نەبوو دوورەپەرێز بەنیسبەت جیهانەوە، جیهان بوو کە دوور لە تەورێز کرۆشکەی دەدا.

لەسەر دۆشەکێکی نایابی پڕ پەڕپەڕە و گوڵینگ، باوەشم بۆ مەعشووقە شاهانەکەم کردەوە. بەدەستی خۆم، هەموو گرێیەک، هەموو دوگمەیەکم ترازاند، بەقامکەکانم، بەناو لەپم، بەلێوەکانم، سەرتاپای جەستەیم بەسەر کردەوە، خۆی دابووە دەست نەوازشەکانی منەوە، خۆی بۆ ماچە چەواشەکانی من شل کردبوو و لە چاوە داخراوەکانیشییەوە فرمێسکێکی گەرم دادەچۆڕی.

بەرەبەیان، هێشتا لاپەڕەی کەشکۆڵەکەم هەڵنەدابووەوە. لەسەر تابوورەیەک دانرابوو، لەلای ڕایەخەکەوە، شیرینیش بەڕووتی خەوتبوو، سەری نابووە سەر ملم، مەمکەکانیشی بەتەسەلی کەوتبوونە ئەملاو ئەولام، هیچ شتێک لەم دونیایە نەیدەتوانی بیجوولێنێتەوە. هەناسەی ئەو و عەتر و شەویی ئەوم هەڵدەمژی، سەرنجی برژانگەکانیم دەدا، بێ سوود دەمویست مەزەنەی ئەوە بکەم دەبێ لەناو چ خەونێکی بەختیارا بێت یا چ خەوێکی ناخۆش موچڕک بەلەشیا بهێنێ. کاتێک لەخەو هەڵسام، یەکەم هەراوزەنای شار دەگەیشتە لامان. دەبوایە هەر خێرا خۆم دەرباز کەم، بەڵێنم بەخۆم دا شەوی داهاتووم بەعیشقی کەشکۆڵەکەی خەیامەوە ببەمە سەر.



XL

لە کۆشکی بەتاڵ دەرچووم و شانەکانم دەگووشی – هەرگیز بەرەبەیان لە تەورێز گەرم نییە – ئا بەو شێوەیە، بەبێ ئەوەی لە ڕێگایەکی قەدبڕ بگەڕێیم بەرەو کاروانسەراکە هەنگاوم دەنا. هیچ پەلەی ئەوەم نەبوو کە بگەم، پێویستم بەبیرکردنەوە بوو، ورووژانەکەی شەوێ هێشتا تیاما هێور نەبۆتەوە، وێنەکانم دەهێنایەوە پێش چاو، جوولانەوەکان، ئەو وشانەی کە بەچرپە دەوتران، نەمدەزانی ئایا بەختیارم یا نە. سەرەڕای ئەمەش هەستم بەهێمنییەکی ڕۆحیی دەکرد، بەڵام بێ سوود، هەستم بەخەتایەک دەکرد کە بەهی ئەوانە دەچوو کە بەنهێنییەوە عیشق دەکەن. بیرکردنەوەی جۆراوجۆر دووبارە دەبوونەوە، وێنەی واسواسی شەوانی ئەشکگرتن: «ئەرێ دوای من، دەبێ بەزەردەخەنەوە نووستبێ؟ ئایا پەشیمان بووبێتەوە؟ ئەرێ جارێکی دیکە بیبینمەوە، خۆی دوور دەگرێت یا نزیک؟ ئەم ئێوارەیە دەگەڕێمەوە و لە دووتۆی چاوانییەوە لە ئایینێک دەگەڕێم.»

لە پڕێکدا، دەنگی تۆپێک دەنگی دایەوە. ڕاوەستام، گوێم ڕاگرت. ئایا بانژە تاقانە و ئازاکەمانە؟ بێ دەنگییەک، پاشان گوللەبارانێک و جارێکی دیکەش بێدەنگی. بەهەنگاوی خاوتر دەستم کردەوە بەڕۆیشتن، گوێمیش قولاغ کردبوو. دەنگی تەقەوتۆقێکی تر هاتەوە، پاشان گرمەی سێیەم. ئەمجارەیان سام دایگرتم؛ تۆپێک بەتەنها بۆی نییە بەم خێراییە تۆپ بهاوێژێ، ڕەنگ بێ دوو تۆپ بن، یا زیاتر. دوو قۆمپارە کەوتنە شەقامێک کە زۆر لێمەوە دوور نەبوو. دەستم بەغاردان کرد. بەرەو قەڵا غارم دەدا.

دوای ماوەیەک فازیل ئەوەی پێ وتم، بەڵام من گومانم لێی دەکرد: ئەو هێزەی کە شا ناردبووی، دوێنێ شەو گەیشت. لە گەڕەکی پیاوانی ئایینیی شوێن خۆیان کردەوە. پاشان هێزەکانی دیکەش دوا بەدوای هێزی یەکەمەوە گەیشتنەجێ. بەهەموو ئاسۆدا بڵاوبوونەوە. گەمارۆدانی تەورێز دەستی پێکرد.

پێش ئەوەی لەشکرەکە بەرەو تەورێز بکەوێتە ڕێ، لیاکۆڤ، حوکمڕانی

عەسکەری تاران و ئەندازیاری کودەتایەکە، ئەمەی لە خیتابەکەی وتبوو:

(کۆزاکە جوامێرەکان، شا لە مەترسیی دایە، ئەهالی تەورێز حاکمییەتی ڕەت دەکەنەوە و جاری شەڕیان لێداوە، فشاری دەخەنە سەر بۆ ئەوەی دان بەدەستوورا بنێ. بەڵام دەستوور ئیمتیازەکانی ئێوە لەغو دەکاتەوە و بەتالیۆنەکەتان هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەگەر ئەوان سەرکەون، ئەوە ژن و منالەکانی ئێوە برسییان دەبێ. دەستوور کوشندەترین دوژمنە. دەبێ هەروەکو شێر بەرەو ڕووی ببنەوە و پشتی بدەنە عەردا. کاتێکیش باڵەخانەی پەرلەمانتان ڕووخاند بوونە جێی شانازی هەر هەموو دونیا. بەردەوام بن لەم کردە تەندروستە و هەموو شارێکی یاخیبوو وێران کەن و پەیمانی ئەوەشتان دەدەمێ کە پارە و بەختەوەریمان لەلای حاکمانی ڕووس و ئێرانەوە بەسەرا دەرژێ. هەموو زەنگینیی تەورێز هی ئێوەیە و بکەونە خۆ!)

هاواری سان پێتەرسبورگ و تاران و فسکەفسکی لەندەن هەر هەمان فرمانیان پێبوو: پێویستە تەورێز وێران کرێ، شایانی نموونەییترین سزایە. تەورێز بەزی، کەس نەیدەوێرا باسی دەستوور و پەرلەمان و دیموکراسی بکات؛ جارێکی دیکەش ڕۆژهەڵات دەتوانێ وەکو تەرم لێی ڕاکشێ و بخەوێ.

ئیتر هەر هەموو دونیا، بۆ ماوەی چەند مانگێک سەیری ئەم زۆرانبازییە غەریب و دڵتەزێنە دەکات: ئا لەو کاتەی کە نموونەی تەورێز خەریک بوو جۆشوخرۆشی دەخستە هەموو سووچێکی ئێرانەوە و مەشخەڵی بەرگریی هەڵدەکرد، شاری تەورێز خۆی زۆر بەمەحکەمی دەوری درابوو. ئایا لایەنگرانی دەستوور کاتی ئەوەیان دەبێ هەڵسنەوە و خۆیان ڕێک بخەنەوە و چەک بگرنەوە دەست، پێش ئەوەی دواکونجیان بەسەرا نەڕووخێنن؟

لە سەرماوەرزدا، سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدەست هێنا: پاش بانگەوازی سەرۆکی بەختیارییەکان، خالّی شیرین، ئیسفەهانی پایتەختی کۆن ڕاپەڕی و پەیمانی خۆی بۆ دەستوور نوێ کردەوە و لایەنگریی خۆی و هەرەوەزی خۆی بۆ تەورێز ئاشکرا کرد. کاتێ دەنگوباس گەیشتە شارە



گەمارۆدراوەکە، بوو بەگەورەترین خۆشی. بەدرێژایی شەوگار، بەبێ ئەوەی کەس وەڕس بێت، هەر هەموو هاواریان دەکرد: «تەورێز و ئیسفەهان، هەمەوو وڵات هەڵساوە!» بەڵام، بۆ ڕۆژی دوایی، شالاوێکی چڕ، بەرگریکەرانی ناچارکرد کە چەندین سەنگەر، لە باشوور و ڕۆژئاوا بەجێ بهێڵن. تەنها ڕێگایەک مابوو کە شاری تەورێزی بەدونیای دەرەوە گرێ دەدا، ئەویش ڕێگای باکوور بوو کە دەچووە سەر سنووری ڕووسیا.

دوای سێ هەفتە و شاری ڕەشتیش ڕاپەڕی. ئەویش وەکو ئیسفەهان حوکمڕانی شای ڕەت کردەوە، دوای شەرعییەتی دەستوور و بەرگرییەکانی فازیل کەوتن. خۆشییەکی دیکە لە تەورێز. بەڵام هەر لە هەمان کات، گەمارۆی شار تەواو دەبوو، ڕێگای باکوور گیرا. ئیتر نە نامە، نە پۆست نە ئازووقەش، ناگەن. کەواتە پێویستی دەکرد زۆر بەوردی جارێکی دیکە کێشەی خۆراک دابەشکردن ڕێک بخرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت خواردن بدرێتە دانیشتوانی شارەکە کە دووسەد هەزار کەسێک دەبوون.

لە ڕەشەمە و خاکەلێوی ١٩٠٩دا، پەیمانبەستنی نوێ ڕووی دا. ناوچەی دەستوورییی ئیتر گشت شارانی وەکو شیراز و هەمەدان و مەشهەد و ئەستاردئاباد و بەندەرعەباس و بوشەهری دەگرتەوە. لە پاریسیش، کۆمیتەیەک پێکهات بۆ بەرگریکردن لە شاری تەورێز، دیولافوا ناوێک کە ڕۆژهەڵاتناسێکی گەورە بوو بەڕێوەی دەبرد و سەرۆکایەتی دەکرد؛ هەر هەمان حیماس لە شاری لەندەنیش بووژایەوە، ئەویش لەژێر سەرکردایەتی لۆرد لامینگتۆن؛ لە هەمووی گرینگتر پیاوە ئایینییە شیعییە گرینگەکان بوون کە لە شاری کەربەلای عێراقی عوسمانی دەژیان، زۆر بەئاشکرا و بەبێ پێچوپەنا لایەنگیریی خۆیان بۆ دەستوور بەیان کرد، بەمە مەلا کۆنەپەرستەکانیان خستە لاوە.

تەبریز سەردەکەوێ.

بەڵام تەورێز دەمرێ.

مومکین نییە بەرەوڕووی گشت ئەم یاخیبوونە ببنەوە، بەرەوڕووی ئەو هەموو ڕاپەڕینە، شا خۆی بەتاقە فیکرەیەکەوە بەستبوو: دەبێ چۆک

بەتەوریز دابدریت، سەرچاوەی خراپەیە. کاتێک ئەو دەکەوێ، ئەوانی تر هەر لە خۆوە چۆک دەدەن. لەجیاتی ئەوەی کە بەشاڵاوبردن داگیری کات، دانیشتوانەکەی برسیی کرد.

سەرەڕای کۆپۆن بەخشینەوە، نان دەیدا لە کەمیی. لە کۆتایی خاکەلێو. چەند کەسێک مردن، بەتایبەت لەنێو پیرەمێردان و مناڵانی ساوا.

لە ڕۆژنامەکانی پاریس و لەندەن و سان سترایبورگ، دەست بەناڕەزایی دەربڕین و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتە گەورەکان دەگیرا، ئەوەیان دەهێنایەوە یاد کە لە شاری تەوریزی ئابلۆقەدراو چەندین کەسی خەڵکی ئەو وڵاتانەی تیا دەژێ و ژیانیشیان لە مەترسیی دایە، زایەڵەی ئەم هەڵوێستانەمان لە ڕێگای تەلەگرافەوە پێ دەگەیشت.

ڕۆژێکیان فازیل بانگی کردم بۆ ئەوەی ئەمەم پێ ڕابگەیەنێ:

– ڕووس و ئینگلیزەکان ماوەیەکی دی، خەڵکی خۆیان لە شاری تەوریز دەردەکەون بۆ ئەوەی بەتەواوی و بەبێ ئەوەی ناڕەزایی زۆری بکەوێتە دوا. شارەکە تەپخ دەکەن. ئەمەش بەنیسبەت ئێمەوە لێدانێکی گەورە دەبێت، دەمەوێ ئەوەشت پێ بڵێم کە من دژ بەدەرکردن و قوتارکردنی بێگانەکان نیم. نامەوێ کەسێک بەزۆر لێرە بمێنێ.

ئەوەشی پێ سپاردم کە بچم بەوانی دیکەی ڕابگەیەنم و چۆنیەتی دەرکردنیان بۆ خۆش بکریت.

یەکێ لە ڕووداوە هەرە دڵگیرەکان ڕووی دا. وەکو شایەدێکی خاوەن ئیمتیاز، یارمەتی ئەوەی دام کە چاو لە کەساسی ئینسان بپۆشم.

دەستم بەسەرلێدان کرد و یەکەم سەردانیشم بۆ بەعسەی پرێسبیتێرێنەکان بوو و، کەمێکیش سڵم لەوە دەکردەوە کە بەڕێوەبەرەکە ببینم و گوێ بۆ گلەییەکانی شل کەم. ئەوێک کە ژیرکردنی هواردی پێ ڕاسپاردبووم، ئایا ڕەخنەی ئەوەم لێ ناگرێت کە منیش هەمان ڕچەی ئەوم هەڵگرتەوە؟ بەواقیع، پێشوازیکردنەکەی ساردبوو و هەر بەئاستەم ڕێزی پێوە دیاربوو.

بەڵام کاتێک، هۆی ئەم ئیجرائاتانەی خۆمم بۆ ڕوون کردەوە، بەبێ هیچ



دوودڵییەک وەڵامی دامەوە:

– من ناڕۆم. ئەگەر بێت و ئیمکانی ئەوە بڕەخسێت کاروانێک ئامادە بکرێت بۆ قوتارکردنی بێگانەکان، خۆ کاروانی دیکەش دەکرێ ئامادە بکرێت بۆ ئازووقە هێنان و فریا کەوتنی ئەم خەڵکە.

بۆ ئەو هەڵوێستە سوپاسیم کرد و هەستم کرد کە بۆچوونەکەی لەگەڵ بیروباوەڕە ئایینییەکە و ئینسانییەکەی هاوجووتن. پاشان سەرم لە سێ مەحەلی بازرگانی دا کە لەو ناوەبوون، سەرم لێیان سوڕما، چونکە هەمان وەڵامیان هەبوو. بازرگانەکانیش هەروەکو پاستۆرەکە نیازیان نەبوو شار بەجێ بهێڵن. هەروەکو یەکێ لە ئیتاڵییەکان بۆی ڕوون کردمەوە:

– ئەگەر بێت و تەوریز ئا لەم بارودۆخە ناخۆشە بەجێ بهێڵم، شەرم دەمگرێ جارێکی تر بگەڕێمەوە ئێرە و دەست بەکار و کاسبی خۆم بکەمەوە. کەواتە دەمێنمەوە. ڕەنگیشە، وجوودی من لێرە فشار بخاتە سەر حکوومەتەکەم و بەڵکو شتێک بکەن.

لە هەموو جێگایەک، هەروەکو ئەوەی پەیمانیان لەگەڵ یەک گۆڕیبێتەوە. گشت وەڵامەکان، ڕوون و ئاشکرا و بێ گەڕانەوە بوون. تاکو مسیو وەراتیسلاو، قونسوڵی بەریتانی! تاکو کاربەدەستانی قونسوڵی ڕووسی، تەنها بەئیستیسنای قونسوڵ خۆی نەبێت، مسیو پاخیتانۆف، هەموو وەڵامەکانی نەخێر بوون: «ناڕۆین!» ئەمەیان بەحکوومەتە حەپەساوەکانیان ڕاگەیاند.

هەرەوەزیی بێگانەکان، هیوای لەناو شارەکە بووژاندەوە. بەڵام بارودۆخەکە هەر بەناسکیی مایەوە. ۱۸ی بانەمەڕ، وەراتیسلاو تەلەگرافێکی بۆ لەندەن لێدا: «ئیمڕۆ نان بەدەگمەن دەست دەکەوێت؛ سبەینێ، بەزەحمەتتر.» ۱۹ی بانەمەڕ، نامەیەکی دیکەی نارد: «بارودۆخ زۆر شڕە، لێرە باسی ئەوە دەکرێت کە دوا تەکان بدەنە خۆ و گەمارۆدانەکە بشکێنن.»

ئەو ڕۆژەش بەواقیع، کۆبوونەوەیەک لە قەڵا کرا. فازیل ئەوەی ڕاگەیاند کە لەشکری دەستوورییەکان لە ڕەشتەوە بەرەو تاران کەوتوونەتە ڕێ و

دەسەڵاتی مەرکەزی شلۆقە و هەر هەندە نابات هەرەس دەهێنێ؛ هەر کەمێک بەرگریکردن بەسە بۆ ئەوەی بەچاوی خۆمان ئەوە ببینین چۆن دەڕووخێنە سەر یەک. بەسەرفرازیی مەسەلەکەمان کۆتایی دێت. بەڵام هوارد، دوابەدوای ئەو دەستی بەقسەکرد و ئەوەی پێ وتن کە دوکانەکان بەتاڵن و خواردن و ئازووقەش دەست ناکەوێ.

– تەنها دوو هەفتە چاوەڕێ کەن، تەنها دوو هەفتە و بەس!

دەنگی فازیل تکای پێوە دیار بوو. بەڵام هوارد هیچی لە دەست نەبوو:

– ستۆکی ئازووقە تاکو ئیمڕۆی هێناین. ئێستا، هیچ شتێکمان نییە بیدەینە خەڵک. هەر هیچ. لە ماوەی دوو هەفتەدا قڕ دەکەوێتە ئەهالییەوە و تەورێزیش کاول و وێران دەبێت. لەم ڕۆژانەی دوایی هەشت سەد کەس لەناوچوون. لەبەر برسییەتی و چەندین نەخۆشیش کە پەیوەندیان بەبرسییەتییەوە هەبوو تەشەنەیان کرد.

– دوو هەفتە و بەس! تەنها هەر دوو هەفتە! فازیل ئەمەی دووبارە کردەوە. تەنانەت ئەگەر بەبرسییەتیش بمێنینەوە!

– ئەی چی بکەین؟ خۆ بدەینە دەستەوە؟ ئەم شەپۆڵە هەرەوەزییەی کە لە دەوریی خۆمان دروستمان کرد، ئایا هەر وا بەخۆڕایی لەناوی بدەین؟ ڕێگایەکی دیکەمان لە پێش نییە بۆ ئەوەی بەردەوامیی بدەینەخۆ؟

بەردەوامیی. بەردەوامیی. دوانزە کەسی تۆقیو، برسێتی و ماندوویەتی هانی بۆ هێناون و مەستی کردوون، هەروەها مەستی سەرکەوتنیش کەوا لەژێر دەستیانە و بێ وچانیش هاجیسی بەردەوامیی دایگرتوون.

هوارد وتی:

– ڕەنگ بێ، چارەسەرێک بدۆزرێتەوە...

هەموو تەماشاکردنەکان بەرەو باسکرڤیل وەرچەرخان.

– دەرچەیەک بکەینە موفاجەئە. ئەگەر بێت و بتوانین دەست بەسەر ئەو سەنگەرەدا بگرین – بەپەنجە ئاماژەی بۆ خاڵێکی سەر نەخشەکە دەکرد – هێزەکانمان خۆیان دەپەستنە ئەو درزەوە و بەم جۆرە دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا چێ بکەن. تاکو ئەو دەمەی کە دوژمن خۆی دەگرێتەوە و ڕەنگ



بێ ئاشتیی لەبەر چاواندابێت.

هەر خێرا دژ بەم پیلانە وەستام؛ سەرکردە سەربازییەکانیش هەمان ڕایان هەبوو، هەر هەموویان، بێ ئیستیسنا، ئەم پیلانەیان بەخودکوژی دایە قەڵەم. دوژمن چەند هەنگاوێک لێمانەوە دوور بوو، پێنج سەد مەترێک لە خەتی ئێمەوە دوور بوو. دەبوایە ئەو ماوەیە ببڕین، لەسەر خاکێکی کاکی بەکاکی، هەڵزنینە سەر شوورایەکی گڵێنی پتەو و شوێن بەوانەش چۆڵ کەین کە بەرگریی لێ دەکەن و پاشانیش خۆمان لە شوێنی وا بەهێز قایم بکەین تاکو لە دژە شاڵاو خۆمان بپارێزین. فازیل دوودڵ بوو. بەڵکو سەیری نەخشەکەشی نەدەکرد، لە ڕووی دوورییە سیاسییەکانی ئەم پیلانەوە پرسیاری دەکرد. ئایا دەتوانین بەم پێیە چەند ڕۆژێک ببەینەوە؟ دەمەتەقێ درێژەی خایاند، گەرموگوڕ دەبوو. باسکرڤیل پێی لەسەر پیلانەکەی خۆی داگرت، ئەنجەتی بۆ دەهێنایەوە. هەندەی نەبرد مۆر پشتگیریی کرد. پەیامنێری گاردیان، ئەزموونە عەسکەرییەکانی هەڵڕێژا، ئەوەی دووپات کردەوە کە کردەی موفاجەئە، کاریگەرییەکی تەواوی دەبێ. فازیل بڕیاری دەرکرد.

– قەناعەتم پێی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی پیلانێکی دیکەمان لەپێش نییە و ناتوانم بەرپەرچی ئەوەی هوارد بدەمەوە، باشە.

بۆ ڕۆژی دوایی، کە دەکەوتە ٢٠ی بانەمەڕ، سەعات سێی سەرلەبەیانی شاڵاوبردن دەستی پێکرد. لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ئەگەر بێت و سەعات پێنج، سەنگەرەکە لابدرێت و عەمەلیاتەکان دەست پێ بکرێت، لەگەڵێ سووچی بەرەوە، بۆ ئەوەی بوار بەدوژمن نەدرێت کە دژە شاڵاو ئامادە بکات. بەڵام هەر لە دەقەکانی یەکەمەوە، ئەم تەڵاشە ساغ بووەوە: ڕێگرێکی ئاگرین لەبەردەم ئەوانەی کە بۆ یەکەم جار دەرچوون قووت بووەوە کە مۆر و باسکرڤیل و شەست کەسێک کە خۆیان هەڵبژاردبوو، بەڕێوە دەچوو. وەکو پێدەچوو، ئەمە بۆ دوژمن بەهیچ جۆرێک نەبووە موفاجەئە. ئایا سیخوڕێک هەموو ئەم زانیارییانەی بەدوژمن ڕاگەیاند؟ ناتوانین جەخت لەسەر ئەمە بکەین، ئەم ناوچەیە زۆر بەمەحکەمی پارێزراو بوو، لیاکۆڤ بەیەکێ لە هەرە ئەفسەرە دڵسۆزەکانی سپاردبوو.

ماقوولّ بوو، فازیل بڕیاری ئەوەی دەرکرد کە کۆتایی بەعەمەلییاتەکە بهێنرێت و ئیشارەی ئەوەی دا کە بکشێنەوە و جۆرە کشانەوەیەک بێت کە درێژە بخایەنێت؛ جەنگاوەرەکان هاتنەوە شوێنی خۆیان. مۆر و چەندینی دیکەش بریندار بوون.

یەکێک نەگەڕایەوە. باسکرڤیل بوو. هەر یەکەم شەستەرێژ ساردی کردەوە.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ شاری تەورێز لەسەر ئیقاعی پرسە دەژیا، پرسەی نهێنی لە بەعسەی پرێسبیتێرەکان، پرسەی بەگاڵەگاڵ و کەفوکوڵ و شکستیی لە گەڕەکی ڕۆڵەکانی ئادەم. چاوەکانیان سوور هەڵگەڕاو، دەستم دەگوشین، زۆربەشیانم ناناسی و باوەشم بۆ هەموو کەسێک دەکردەوە.

لەناو قەڵەباڵغی هاتوچۆی میوانەکان، قونسوڵی بەریتانیاش لەوێ بوو. بردمییە لاوە.

– ڕەنگبێ کەمێ دڵخۆشت بکا ئەگەر ئەوەت پێ بڵێم کە شەش سەعات دوای مردنی هاوڕێیەکەت، نامەیەکم لە لەندەنەوە پێگەیشت، ئەوەیان پێ ڕاگەیاندم کە سەبارەت بەشاری تەورێز زلهێزەکان گەیشتنە ڕێککەوتنێک.

باسکرڤیل کەواتە لە بەلاش نەکوژرا. بەعسەیەک بەڕێوەیە و بەرەو شار دەچن بۆ ئەوەی ڕزگاری کەن و ئازووقەش بگەیەننە دانیشتوان. هەروەها بۆ ئەوەی بێگانەکان بەسەلامەتی دەرکەن.

– بەعسەی ڕووسین؟

وراتیسلاو پێی لەسەر دادەنێ:

– بێ گومان تەنها هەر لەم دەوروبەرە لەشکریان هەیە. بەڵام گەرەنتیان داوینێ. پێویست ناکات لایەنگرانی دەستوور تووشی سەغڵەتی بێن و لەشکری قەیسەر دوای ئەوەی کاروباری خۆی جێبەجێ دەکات، دەکشێتەوە. پشت بەتۆ دەبەستم بۆ ئەوەی قەناعەت بەفازیل بکەی تا چەکەکانیان دانێن.

بۆچی قبووڵم کرد؟ لەبەر ماندوویی و شەکەتیی بوو؟ ئایا لەبەرئەوەی،



هەروەک فارسەکان، منیش خۆم تەسلیمی قەدەر کرد؟ قەد نارەزایی خۆم دەرنەبڕی و قەناعەتم بەخۆم هێنابوو کە ئەم پەیامە پەیامی خۆمە. بەڵام بڕیاری ئەوەم دا کە هەروا بەپەلە نەچمە لای فازیل. ئەوەم بەباش زانی کە بۆ چەند سەعاتێک خۆم بدزمەوە. بچمە لای شیرین.

دوای شەوی عیشقمان، تەنها لەناو جەماعەت دەمبینی. مەسەلەی گەمارۆکە، ئەتمۆسفێرێکی نوێی لە تەورێز دروست کردبوو. وا هەست دەکرا کە لە هەموو سووچ و کەلێنێک سیخوڕێک و جاسووسێ خۆی شاردۆتەوە. چەک لە دەستان بەناو شارا دێن و دەچن دەورییە دەگێڕن، چوونە ژوورەوەی چەند باڵەخانەیەکی قەدەغە کرابوو. بەرامبەر بەکۆشکە بەتاڵەکە، هەمیشە شەش حەوت پاسەوانی لێ بوو، بەڵکو هەندێ جار زیاتریش. سەرەڕای ئەوەی هەمیشە زۆر بەگەرمییەوە پێشوازییان لێ دەکردم و هەمیشە بەزەردەخەنە بوون، بەڵام وجوودیان هەموو سەرلێدانێکی نهێنی لێ قەدەغە دەکرم.

ئەو ئێوارەیە، پاسەوانیی لە هەموو سووچێکی شارەکە خاو ببووەوە، توانیم خۆم بگەیەنمە ژوورەکەی شازادە. دەرگاکە کەمێک کرابووەوە؛ بەئەسپایی پاڵم پێوەی نا.

شیرین لەسەر ڕایەخەکە دانیشتبوو و کەشکۆڵەکەی بەکراوەیی لەسەر کۆشی دانابوو. چووم و خۆم خزاندە تەنیشتییەوە، شانم لە شانی خزاند، کەمەرم لە کەمەری خشاند. نە ئەو نە من، ئەو شەوە حەزمان بەنەوازش نەدەکرد، بەجۆرێکی دیکە یەکترمان خۆشویست، هەردووک نغرۆ بووینە نێو هەمان کتێبەوە. بووبووە دەلیلی چاو و لێوم، شارەزای هەموو وشەکان بوو، شارەزای هەموو نیگارەکان بوو؛ بۆ منیش ئەمە یەکەم جارم بوو کەشکۆڵەکە ببینم.

زۆر جار بۆی تەرجەمە دەکردمە فەرەنسی، بەشێوازی خۆی، پارچە شیعرێک، بەحیکمەتێکی هەندە پتەو، بەجوانییەکی هەندە لە دەرەوەی زەمەن، ئەوەمانی لەبیر دەبردەوە کە ئەم پارچە شیعرە هەشت سەد ساڵی بەسەرا تێپەڕیوە و لە یەکێ لە باخچەکانی نیشاپوور یا ئیسفەهان یا

سەمەرقەند نووسرابێت...

بەرەو مردن، باڵندە بریندارەکان خۆیان دەشارنەوە.

ئاخاوتنی تووڕە، هی دڵدانەوە، مۆنۆلۆگێکی کوشندەی شاعیرێکی بەزیو و مەزن.

ئاسایش بۆ ئینسان لەناو بێدەنگی تاریکیی ئەو - دیو.

ئاخاوتنی ئۆخژنبەخشیش، هی بێ ئاگاییيەکی بڵند.

شەراب! با وەکو گۆنات ئاڵ بێت

پەشیمانیشم با وەک گوارەکانت سووک بن.

دوای ئەوەی هەر هەمــوو چوارینەکــانم بەدەنـگ خـوێندەوە و ســەرنجی ئیعجابیشم بەسەر میناتۆرەکان دا، گەڕاینەوە سەرەتای کتێبەکە بۆ ئەوەی بەسـەرهاتەکـانی پەراوێزەکـە بەسـەرکـەینەوە. سـەرەتا ئەوەی کـە ڤـارتانی ئەرمەنی، نیوەی کتێبەکەی داگیر کردبوو، بەهۆی ئەو پەراوێزەوە بوو ئەو شەوە شارەزای چیرۆکی ژیانی خەیام و جیهان و سێ هاوڕێیەکەی بووم. پاشــانیش، بۆ هەریەکــیــان سی لاپەڕەیەک تەرخــان کــرابوو، بۆ ئەو بەسـەرهاتانەی کـە کـتـێبـخـانەچـیـیـەکەی هەڵەمـووت، هی باوک و کوڕ و کوڕەزا کە باسی چارەنووسی لە ڕادەبەدەری کەشکۆڵەکەی تیا نووسرابوو، هەر لە ئەو کاتەی کە لە مەرەڤە دەدزرێ و کاریگەری بەسەر حەشاشەکان و تاکو هاتنی مەغۆلەکانیش باسی بەسەرهاتی حەشاشەکان دەکات.

شیرین دوا دێڕەکانی بۆ خوێندمەوە کە خەتەکەی بەباشی نەدەخوێنرایەوە: «ڕۆژێ پێش ئەوەی هەڵـەمووت وێران کرێت، هەڵهـاتم، گەڕامەوە کرمان، گەڕامەوە زێدەکەی خۆم و کەشکۆڵەکەی خەیامی نیشاپووری بێ وێنەشم لەگەڵ دابوو و بڕیام دا بیشارمەوە و بەو هیوایەش کە تاکو ئەو ڕۆژەی کە دەسـتـێکی پێ دەکـەوێ کـە شـایانی بێت، نەدۆزرێتـەوە. لەبەر ئەو هۆیە حەواڵەی خودای تەعالای دەکەم، دەلیلە گەر بیەوێ و ڕێگا ونکەریشە گەر بیەوێ.»

پاشان مێژوویەکی لەسەر بوو کە ڕێکەوتی ١٤ی خاکەلێوی ١٢٥٧ بوو. خەیاڵ بردمییەوە.



- کـەشکۆڵ لە سـەدەی سـیـانزەمـەوە بێـدەنگ دەبێت، بەخـۆم وت، لە سـەدەی نۆزدەهەمـیش بەدیاری دەدرێـتە جەمـالەدین. دەبێ لەو نێـوانە چی ڕووی دابێت؟

شیرین هەڵیدایە:

- وەنەوزێکـی درێژ. خـــەوشکانـدنێکی دووردرێژی ڕۆژهەڵاتانە. پاشـانیش ڕاچەڵەکـانێک و خـۆی لە باوەشی دێوانەیەکی وەکو میـرزا ڕەزا دەدۆزێتەوە. ئەویش وەکو کتێبخانەچییەکەی هەڵەمووت خەڵکی کرمان نەبوو؟ ئایا سەرت لەوە سوڕدەمینێ کە پشتاوپشت بگاتەوە سەر یەکێکی حەشاشی؟

شـیـرین هەڵسـایە سـەرپێ و چوو لەسـەر تابوورەیەک بەرامـبەر بەئاوێنە شێوە هێلکەییيەکەی دانیشت و شانەیەکیشی بەدەستەوە گرت، دەمتوانی چەندین سـەعـات بەو شێوەیە دانـیـشم سەیری جوولانەوەی میـهرەبانەکانی بازووە ڕووتەکانی بکەم، بەڵام گەڕاندمەوە ناو ژیانێکی ئاساییيەوە:

- پێویستە خۆت ئامادە بکەیت و بڕۆیت، خۆ نیازی ئەوەت نییە یەکێ بەسەرمانا بێت.

ڕاست بوو، ڕۆشنایی دەرەوە ژوورەکەی ئاوەڕشێن کردبوو، پەردەکانیشی زۆر بێگەرد بوون.

بەجاڕسییەکیشەوە پێم وت:

- ڕاستە، وەختە گوێ نەدەمە سومعەت.

بەپێکەنینەوە بەرەو ڕووم هات.

- زۆر ڕاستە، ئاگاداری سومعەی خۆمم، نامەوێ لە هەموو حەرێمەکانی وڵاتی فـارس ئەوە دووبارە بکرێتـەوە، بێگانەیەکی قـۆز شـەوێک لەلام مایەوە، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە جلەکانی داکەنێ. خۆ ئیتر کەسی تر ئاشنایەتیم ناکات!

دوای ئەوەی کەشکۆڵەکەی خستە ناو سنووقێکەوە و ماچێکی لێوەکانی مەحبووبەکەم کرد، پاشان لە دەرچەیەکەوە و بەدوو دەرگایە تێپەڕیم، ئیتر خۆم تێکەڵی قەڵەباڵغیی شاری گەمارۆدراو کرد.

## XLI

لەو هەموو کەسانەی کە لەو ڕۆژگارە ڕەشانە مردن، بۆچی تەنها باسی باسکرڤیلم کرد؟ بێگومان، چونکە هاوڕێی و هاوولاتیم بوو؟ لەبەرئەوەش باسکرڤیل هیوای دیکەی نەبوو جگە لەوەی کە ببینێ چۆن دیموکراسی و ئازادی لەو ڕۆژهەلاتە لە دایک دەبێ کە بەنیسبەت ئەوەوە هەوارێکی نامۆش بوو. ئایا هەر لە بەلاش خۆی کردە قوربانی. ئایا دوای دە ساڵ، بیست ساڵ، سەد ساڵی دی، ڕۆژئاوا ئەم نموونەیەی دێتەوە یاد، ئایا ولاتی فارسیش کردەوەکەی دێتە یاد؟ حەز ناکەم خەون بەمەوە ببینم، دەترسم لەوەی غەمی ئەو کەسانە دامگرێ کە لەنێوان دوو جیهاندا دەژین، دوو جیهانی لە هەمان کاتدا پەیمانبەخش، لە هەمان کاتدا شکستباریی دەنێنەوە.

بەڵێ، بەلام تەنها باسی ئەو ڕووداوانە دەکەم کە دوا بەدوای مردنی باسکرڤیلەوە ڕوویان دا، دەتوانم ئیدیعای ئەوە بکەم کە بێ سوود نەبوون.

ولاتە بێگانەکان تەداخولیان کرد، ئابلۆقە هەڵگیرا، ئازووقە گەیشتن. ئایا ئەمە لە ناوچەوانی هواردەوە بوو؟ ڕەنگ بێ ئەم بڕیارە پێشتر درابێت، بەلام مردنەکەی وای کرد کە کاروبارەکان بەپەلە ئەنجام درێن و شارەکە قوتارکرێت و ڕزگارکردنی هەزاران هاوشاری نەخۆشیش لە ناوچەوانی ئەوەوە بوو؟

گومان لەوە دەکرێ، هاتنە ژوورەوەی لەشکری قەیسەر بۆ شارێکی گەمارۆدراو بەهیچ شێوەیەک جێگای دڵخۆشی نەبوو بۆ فازیل. هەوڵی ئەوەم دا کە پێ لە ئەمری واقیع بگرێ:

– ئەهالی لە بارودۆخێکی وا نین کە بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، تاقە دیاریش کە بتوانی پێشکەشیان بکەیت، تەنها ئەوەیە بتوانی لە برسێتی ڕزگاریان بکەیت، ئەم ئەرکەت دەکەوێتە سەرشان، چونکە ئەم میللەتە لێقەومان و ئازاری زۆری دیوە.

– لە پێناوی ئەوەی بکەوینە ژێر بەزەیی نیکۆلای قەیسەرەوە، پارێزەری عەرشی شاهەنشایی، وا دە مانگە دەجەنگین!



– ڕووسەکان بەتەنها نین، هەموو کۆمەڵگای نێونەتەوایەتی لەگەڵیانە و هەموو هاوڕێیانیشمان، لە سەرتاپای جیهاندا ئافەرین بۆ دەسپێشخەرییەکی وا دەکەن. ڕەتکردنەوە، درێژەدان بەجەنگ، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو ئەو پشتیوانیی و لایەنگیرییەی دەرەوەمان لە کیس دەچێ.

– لە حاڵەتێکدا کە سەرکەوتن دوو بست لێمانەوە دوورە، خۆ تەسلیم بکەین و چەک دانێین!

– ئەوە تۆ وەلامی من دەدەیتەوە، یا بانگاشەی چارەنووس دەکەی؟

فازیل وەکو فیشەکە شێتەی لێهات، لە تەماشاکردنەکەیەوە، هەستم بەڕەخنەی بێ کۆتایی دەکرد.

– تەورێز شایانی ئەم هەموو ملکەچییە نییە!

– هیچ لە دەستی منا نییە، هیچ لە دەستی تۆشا نییە، کاتی وا هەیە هەموو بڕیارەکان خراپن، دەبێ ئەوەیان هەڵبژێریی کە پەشیمانی کەمتری لێوە دێتە ئەنجام!

هەستم کرد هێمن بووەوە و بەقووڵی دەستی بەبیرکردنەوە کرد.

– دەبێ چارەنووسی هاوڕێیانم چ بێت؟

– ئینگلیزەکان گەرەنتی ئاسایشیان دەدەن.

– ئەی چەکەکانمان؟

– هەر کەسە و دەتوانێ چەکی خۆی لابێت، ماڵەکان ناپشکنن، تەنها ئەو مالانە نەبێت کە تەقەی لێوە دەکرێ. بەلام چەکە قورسەکان دەبێ خڕکرێنەوە.

پێ ناچوو هەست بەتەنیایی بکات.

– ئەی باشە سبەینێ کێ قەیسەر ناچار دەکات لەشکرەکەی بکشێنێتەوە؟

– بۆ ئەمەیان دەبێ پەنا بەخوا ببەستین!

– لەپڕێکدا بوویتە ڕۆژهەلاتیی!

پێویست بوو فازیلت بناسیبایە بۆ ئەوە بزانی کە درکاندنی وشەی

ڕۆژهەڵات شتێک نەبوو بۆ ستایشکردن. بەتایبەت بەو لچ خوارکردنەوەی لە کاتی ناوبردنی وشەکە کردی. هەستم بەناچاری کرد کە دەبێ تەکتیکەکەم بگۆڕم؛ بەهەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشانەوە. هەڵسامە سەر پێ.

– بێگومان هەقتە، من بەهێنانەوەی ئەنجەت بەهەڵەدا چووبووم، دەڕۆم بەقونسڵی بەریتانیا دەڵێم کە نەمتوانی قەناعەتی پێ بهێنم، پاشان دەگەڕێمەوە هەتا ئاخیر لەحزە لەگەڵت دەبم.

فازیل قۆڵی گرتم.

– من بەهیچ شتێک خەتابارتم نەکردووە و پێشنیارەکەتیشم ڕەت نەکردەوە.

– پێشنیارەکەی من؟ من تەنها پێشنیاری ئینگلیزەکانت بۆ دەگوازمەوە و جەختم لەسەر ئەوەش کرد لە کێیەوە هاتووە.

– هێمن بەرەوە و لێم تێبگە! ئەوەش دەزانم کە توانای ئەوەم نییە ڕێ لە ڕووسەکان بگرم بۆ ئەوەی نەیەنە ناو تەورێزەوە، ئەوەش دەزانم ئەگەر بێت و بۆ تۆزقاڵێکیش بەرپەرچیان بدەمەوە، هەموو خەڵکەکە بەگژما دەچن، ئەوان تەنها چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە ڕزگاریان بێت، بە چ شێوەیەک بێت، ئەوە گرینگ نییە. ئەوەش دەزانم کۆتایی بەگەمارۆدانەکە، بەزینی شا دەگەیەنێ.

– ئایا ئامانجی تۆ هەر ئەمە نەبوو؟

– نەخێر، بزانە! توانای ئەوەم هەیە قین لە شا هەڵگرم، بەڵام من دژ بەو خەبات ناکەم. زاڵبوون بەسەر زۆردارێک دوا ئامانج نییە، من خەبات بۆ ئەوە دەکەم فارسەکان هۆشیاریی ئەوە پەیدا بکەن کە ئینسانانە ئازادن، هەروەکو لێرە دووبارەی دەکەینەوە، ڕۆڵەی ئادەمن، بڕوایان بەخۆیان بێت، بڕوایان بەهێزی خۆیان بێت و لە جیهاندا شوێنێکیان هەبێت. من ئەمەم دەویست. خەڵکی ئەم شارە چوونە ژێر ڕکێفی شا و پیاوانی ئایینییان ڕەت کردەوە، تەحەدای دەسەڵاتە گەورەکانیان کرد، لە هەموو شوێنێکیش زۆر بەدڵەوە هەستی هەرەوەزیی و هاوکارییان تیا دەبووژایەوە. خەڵکی



تەورێز وەخت بوو جەنگەکە ببەنەوە، بەڵام نەیانهێشت ئەم جەنگە بەرێتەوە، لە نموونەی وا دەترسن، دەیانەوێ ئیهانەی کەن، دەیانەوێ ئەم میللەتە بەکەرامەتە، کڕنۆش بۆ سەربازیی قەیسەر ببات بۆ ئەوەی پارووەیەک نانی چنگ کەوێت. تۆ کە بەئازادی لە وڵاتێکی ئازاد ژیاوی، دەبێ لەمە تێبگەی.

هێشتم چەند ساتێکی قورس تێپەڕن، پێش ئەوەی مەخسەدی خۆم ڕوون کەمەوە:

– ئەی باشە چۆن دەتەوێ وەڵامی قونسڵی بەریتانیا بدەمەوە؟

فازیل بزەیەکی درۆزنانەی کرد:

– پێی بڵێ هەست بەدڵخۆشیی دەکەم کە داوای پەناهەندێتی لە جەنابی مەعالییان بکەم.

پێویستم بەهەندێ کات هەبوو بۆ ئەوەی لەوە تێبگەم غەمی فازیل تا چ ڕادەیەک جێی خۆی بوو. چونکە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ڕووداوەکان سڵکردنەوەی فازیلیان بەدرۆ دەخستەوە. تەنها چەند ڕۆژێک لە قونسوڵیی بەریتانی مایەوە. هەر خێرا، مسیو وراتسیلاو، هەر بەئۆتومبێلەکەی خۆی بەناو ڕووسەکانا گەیاندییە لێوارەکانی قەزوێن. ئیتر دەیتوانی خۆی بگەیەنێتە لەشکری دەستوورییەکان کە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر ئامادەی ئەوە بوون کە بەرەو تاران بکەونە ڕێ.

لە ڕاستیدا، تا ئەوکاتەی کە تەورێز هەڕەشەی لێ دەکرا، شا هێزێکی مامناوەندی لەژێر دەستدا بوو بۆ ڕەواندنەوەی دوژمنان، بەو هێزەشەوە توانای ئەوەی هەبوو ترس و لەرز بخاتە ڕیزیانیەوە و ئیحتیوایان بکات. هەر بەهەڵگیرانی ئابڵوقە، هاوڕێیانی فازیل لە هاتوچۆکردنیاندا، هەستیان بەئازادی کرد، هەر بێ خۆخەریککردن خۆیان بۆ ئەوە ئامادەکرد کە بەرەو پایتەخت بکەونە ڕێ. لەشکرەکەیان دووقۆڵە بوون، بەشێکیان لە باکوورەوە دەهات، لە قەزوێنەوە، بەشەکەی دیکەش لە باشوورەوە، لە ئیسفەهانەوە. لەشکرەکەی باشوور، لە عەشیرەتەکانی بەختیاری پێکهاتبوون و قومیان لە ٢٣ی پووشپەڕ داگیرکرد. دوای چەند ڕۆژێک،

ئینگلیز و ڕووسەکان بەلاغێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و تیایا داوایان لە دەستوورییەکان کرد کە کۆتایی بەم شاڵاوبردنە بهێنن و لەگەڵیاندا ڕێکەوتنێک بکەن. ئەگینا ئەم دوو زلهێزە ناچار موداخەلە بکەن. بەڵام فازیل و هاوڕێیەکانی هەروەکو ئەوەی نەبایان بێ نەباران، خۆیان گورجتر کرد: ٩ی گەلاوێژ هەردوو لەشکر لە نزیک دیوارەکانی تاران یەکیان گرت. ١٣ی گەلاوێژ، دوو هەزار چەکدار لە دەروازەکەی باکووری ڕۆژهەڵات کە زۆر بەمەحکەمی پاسەوانی نەدەکرا و لەپێش چاوی واقوڕماوی پەیامنێری تان[١] هەر نزیک باڵیۆزخانەکەی فەرەنسا، خۆیان کردە پایتەختا.

تەنها لیاکۆڤ هەوڵی بەرگریکردنی دا. خۆی و سێ سەد چەکدار و چەند کۆنە تۆپێک و کرۆزۆیەک[٢] کە تۆپی بەخێرا هەڵدەدا، توانیان کۆنترۆڵی چەندین گەڕەکی ناو شار بکەن. شەڕ و کوشتارێکی زۆر تاکو ١٩ی گەلاوێژ درێژەی خایاند.

ئا لەو ڕۆژەدا لە سەعات هەشت و نیوی بەیانی، شا و پێنج سەد سەرباز و دامودەستە، بەشێوەیەکی زۆر ڕەسمی چوونە قونسلی ڕووسیاوە و داوای دالدەدانیان کرد. ئەم کردەوەیە بەدەسبەرداریی عەرش لە قەڵەم درا.

سەرکردەی کۆزاکەکان تەنها ڕێگای لەبەردەم مابێت، ئەوەبوو کە چەک دانێن. سوێندیشی خوارد کە ئیتر لەمە بەدواوە گوێڕایەڵی دەستوور دەبێت و خزمەتی سەرکەوتووان بکات. بەمەرجێ کە لیواکەی هەڵنەوەشێنرێتەوە. ئەم پەیمانەشیان زۆر بەئاشکرا پێ ڕەوا بینی.

شایەکی نوێ دەسنیشان کرا، کوڕی دووەمی شا بوو تەمەنی دوانزە ساڵ دەبوو؛ بەگوێرەی شیرینیش، کە هەر لە بێشکەوە دەیناسی، دەی وت هەرزەکارێکی هەستدار و ناسکیلەیە، نە توندڕەوە و هیچ خراپەشی لێ ناوەشێتەوە. کاتێک، ڕۆژێک دوای شەڕ و کوشتار، بەپایتەختا گوزەری

(١) مەبەست لە ڕۆژنامەی (**Temps**)ی فەرەنسییە. (وەرگێڕ).

(٢) **(Creusot)** ناوی ناوچەیەکە لە فەرەنسا **(Saône - et - Loire)** هەروەها ناوی کارگەیەکیش بوو کە مەکینەی شەمەنەفەر و تۆپی شەڕ و دەبابەی... دروست دەکرد. (وەرگێڕ).



کرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ مسیو سمیرنۆف، کە وەسی تایبەتی بوو، خەڵکەکە بە «بژی شا» پێشەوازییان لێی کرد. ئەم بژی بژییە هەر لە هەمان گەرووەوە دەردەچوون کە دوێنێ هاواریان دەکرد: «مەرگ بۆ شا!»

## XLII

شا لاوەکە لەناو خەڵکی ڕوخسارێکی چاک و شاهانەی پیشان دەدا و بەزیادەڕۆیی زەردەخەنەی دەکرد و بەدەستە سپیکەلانەکەشی سڵاوی لە ڕەعییەکەی دەکرد. بەڵام کاتێک لە کۆشک ببوایە، سەغڵەتییەکی زۆری بۆ دەوروبەرەکەی خۆی دروست دەکرد. بەتوندی لە باوەشی دایک و باوکی دوورخرایەوە، بێ وچان دەگریا هەر ئەم هاوینە هەوڵی ئەوەی دا هەڵبێت و بگەڕێتەوە لای دایک و باوکی. گیرا، ویستی خۆی بەبنمیچی کۆشکەکەوە هەڵواسێ. زوو پێی گەیشتن و ڕزگاریان کرد. ئەم ڕووداوە غەمگینە کاریگەرییەکی سوودبەخشی کردە سەری: لە دڵەڕاوکێیەکەی ڕزگاری بوو، ئیتر بەرێکوپێکی ڕۆڵی حوکمڕانێکی دەستووری دەبینی.

دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەدەستی فازیل و هاوڕێیەکانییەوە بوو. بەپاکسازییەکی گورج دەرگایان بۆ چەرخێکی نوێ خستە سەرپشت: شەش لایەنگیریی نیزامی کۆن ئیعدام کران، دووانیان دوو پیاوی ئایینیی گرینگی شاری تەورێز بوون کە دژایەتییەکی تەواوی ڕۆڵەکانی ئادەمیان دەکرد، یەکێکی تریشیان شێخ فەزلوولڵا نووری بوو. ئەمیان، بەوە تاوانبار کرا کە بڕیاری ئەو کوشترانەی دەرکردووە ساڵێک دوای کودەتاکەی رووی دابوو؛ بەبەشدارییکردنی کوشتن تاوانبار کرا و بڕیاری کوشتنەکەی لەلایەن دەسەڵاتی شیعەوە تەسدیق کرا. گومانیش لەوە نەدەکرا کە ئەم دەسەڵاتە بەهایەکی ڕەمزیی هەبوو: نووری فتوای ئەوەی دەرکردبوو کە دەستوور بیدعەیە. لە ٣١ی گەلاوێژ و لە مەیدانی تۆپخانە، بەرامبەر بەجەماوەر لە قەنارە درا. پێش ئەوەی بشمرێ، گوایە ئەمەی چرپاندووە: «من کۆنەپەرست نیم!» پاشان ڕووی کردبووە لایەنگیرەکانی کە تاکوتووک لەناو جەماوەرەکە بوو، وتبووی کە دەستوور دژی ئایینە و دەبێ دوا بڕیاری لە چنگ دابێت.

بەڵام کاری یەکەمی ڕژێمی نوێ ئەوەبوو کە بینایەی پەرلەمان دروست بکاتەوە: باڵەخانەکە لەنێو کەلاوەکەی خۆیەوە هەڵسایەوە سەرپێ و هەڵبژاردن ڕێکخرایەوە. ١٥ی سەرماوەرز، بەشێوەیەکی ڕەسمی شای لاو،



بەم وشانە دووەم مەجلیس لە مێژووی فارسدا دەکاتەوە:

(بەناوی خودا، هەر ئەوە ئازادی دەبەخشێ و لەژێر چاودێری ئیمامی زەمان، کۆنگرەی نیشتمانی ئیستیشاری بەدڵخۆشی و لەژێر چاکترین بارودۆخ دا.

پێشکەوتنی ڕۆشنفیکریی و پێشکەوتنی عەقڵییەت گۆڕان بەئەرک دەزانێ، ئەم گۆڕانەش لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا هاتە دی، بەڵام وڵاتی فارس لەوە تێگەیشت کە لە قۆناغەکانی ژیاندا، بوحرانی جۆراوجۆر دێنە ڕێ، ئیمڕۆش ئەم میللەتە ئاواتە بەدیهاتووەکەی خۆی دەبینی. دڵیشمان بەوە خۆشە کە سەرنجی ئەوە دەدرێت میللەت پاڵپشتیی لە حکوومەتی پێشکەوتوخواز دەکات و ئەویش خەریکە ئاسایش و باوەڕ بەخۆبوون بۆ هاونیشتمانان دەگەڕێنێتەوە.

بۆ ئەوەی پرۆژەی چاکسازیی بەرقەرارکرێت، لەسەر حکوومەت و پەرلەمان ئەوە پێویستە کە گرینگی بدرێتە دامەزراندنی دەوڵەت، بەتایبەت دارایی گشتیی، ئەویش بەگوێرەی ئەو یاسا و دەستوورانەی کە لە هەموو وڵاتانی شارستان بەرچاو دەخەن.

لە خودا دەپاڕێینەوە کە ببێتە چاوساغ بۆ هەنگاوەکانی نوێنەری نیشتمان و شەرەف و سەربەخۆیی و بەختیاری ببەخشێتە وڵاتی فارس.)

ئا لەو ڕۆژەدا، تارانییەکان دڵخۆش بوون، مەسیرە بەخیابانەکانا تێدەپەڕی، لە چوار ڕاهەکان گۆرانی دەوترا، شیعر دەهۆنرایەوە، دەقەکانی هەرچۆنێک بوونایە، سەرواکانی بە «دەستوور» و «دیموکراسی» و «ئازادی» کۆتایی دەهات، دوکاندارەکان نوقڵ و شەربەتیان دەبەشییەوە، دەیان ڕۆژنامە کە لە زەمانی ئینقلابەکە ون بووبوون، جارێکی دی بەچاپی تایبەت کەوتنەوە ناو بازاڕ.

هەر بەڕاشکانی شەو، ئاگربارانی دەستکرد ئاسمانی شاری ڕووناک کردەوە. لە باخچەی بەهارستان ئەسکەمبیل ڕیز کران. لەسەر کۆشکی شەرافەتیش، دیبلۆماسییەکان ئەندامانی حکوومەتە نوێیەکە، پەرلەمانتارەکان، پیاوانی ئایینیی، نەقابەی کاسبکارانی ناو بازاڕ،

هەموو کۆبوونەوە. چەندین هاوڕێی باسکرڤیلیشی لێ بوو، من ڕیزی پێشەوەم پێ ڕەوا بینرا؛ ئەسکەمبیلەکەی من هەر ڕاستەوخۆ لە پشتەوەی ئەسکەمبیلەکەی فازیلەوە بوو. تەرەقە و فیشەکی دەنگدار لە هەموو لایەکدا دەتەقینەوە، ئاسمانیش دەماودەم ڕۆشن دەبووەوە، ڕەنگدانەوەی تیشک دەکەوتە سەر ڕوخسار و بەرەو سەرچاوەی ڕووناکییەکە ئاوڕ دەدرایەوە و پاشان بەزەردەخەنەی منالانە دەکرا. لە دەرەوەش، ڕۆڵەکانی ئادەم، بێ وچان هەمان شایی و لۆغانیان دووبارە دەکردەوە.

نازانم چ دەنگێک، چ هاوارێک هواردی خستەوە بیرم. گەلێ شایستەی ئەوە بوو کە لەم ئاهەنگەدا بەشدار بێت! هەر لە هەمان کاتدا فازیل ئاوڕی لە من دایەوە:

– پێدەچێ غەمگین بیت.

– غەمگین، بەهیچ شێوەیەک! هەر لە مێژایە، حەزم دەکرد لەسەر خاکی ئەم ڕۆژهەڵاتە گوێم لە وشەی «ئازادی» بێت. بەڵام چەند یادەوەرییەک ئازارم دەدات.

– گوێی مەدەرێ، پێبکەنە، دڵخۆش بە، لەم دوا ساتانەی دڵخۆشیی ئەم ئاهەنگە ڕابوێرە!

ئەم وشە غەمئامێزانە، ئەو ئێوارەیە هەموو زەوقێکی ئاهەنگەکەی لێ شێواندم. ئایا فازیل خەریکە دوای حەوت مانگ، درێژە بەهەمان دەمەتەقێ بدات کە لە تەورێز کردمان، لەسەری ڕێک نەدەکەوتین؟ ئایا هۆی دیکە هەیە بۆ ئەوەی هەندە مەشغول و سەرقاڵ بێت؟ بڕیارم دا هەر بۆ ڕۆژی دوایی بچم و سەری لێدەم، داوای هەندێ ڕوونکردنەوەی لێ بکەم. پاشان دەسبەرداریی ئەم فیکرەیە بووم. بۆ ماوەی ساڵێکی ڕەبەق هەوڵی ئەوەم دەدا خۆمی لێ بپارێزم.

لەبەر چ هۆیەک؟ وام بیر دەکردەوە دوای ئەو ئەزموونە تاڵەی کە ژیام هەستم دەکرد تاکو دێت گومانم لەمەڕ حیکمەتی ئەم خۆهەڵقورتاندنەم لە تەورێز زیاد دەکات. منێک کە هۆی هاتنم بۆ ڕۆژهەڵات ئەوەبوو کە بەدووی سۆراغی کەشکۆڵێک بکەوم، ئایا مافی ئەوە بەخۆم ڕادەبینم کە



خۆم تێکهەڵکێشی ئەم زۆرانبازییانە بکەم کە پەیوەندییان بەمنەوە نییە. هەر لە سەرەتاوە، بە چ هەقێک ئامۆژگاری هواردم کرد بۆ ئەوەی بێتە وڵاتی فارس؟ بەزمانی فازیل و هاوڕێکانی، باسکرڤیل بەشەهید لە قەڵەم دەدرا، بەنیسبەت منیشەوە، هاوڕێیەک بوو مرد، لەسەر خاکێکی غەریب و بۆ مەسەلەیەکی غەریب کە ڕۆژێکیان دایک و باوکی نامەیەکم بۆ دەنووسن، بەڕێزێکی کوشندەشەوە پرسیاری ئەوەیان لێ کردم بۆچی کوڕەکەیانم گوم کرد.

ئایا لەمەڕ هواردەوە پروپاگەندە بڵاوبووەوە؟ ڕەنگبێ جۆرە شتێک بێت پەیوەندی بەشەرمەوە هەبێت، نازانم ئایا ئەم وشەیە پڕ بەپێستی خۆیەتی یا نا؟ بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم دوای سەرکەوتنی هاوڕێکانم، هیچ دڵم بەوە خۆش نەبوو خۆم لە تاران ببینمەوە و بەوەوە فشە بکەم و لەمەڕ گەمارۆدانی شاری تەورێزەوە، گوێی بۆ موغامەرەکانم شل بکەن. من ڕۆڵێکی کورت و لاوەکیم گێڕا، ئەوەی ڕاستی بێت، هاوڕێ و هاووڵاتییەکم قارەمان بوو، بەهیچ شێوەیەک نیازی ئەوەم نەبوو کە بەیادگارییەکانی ئەو خۆم پۆشتە و پەرداخ بکەم، تاکو ئیمتیازم بەرکەوێ و ڕێزم لێ بگیرێ.

با دانیشی پیا بنێم، پێویستیم بەوەبوو کە خۆم قوتارکەم، لە پێش چاوان ون بوو، ئیتر نەچمە نێو سیاسەتمەداران و سەر لە یانە و دیپلۆماتەکانیش نەدەم. تاقە کەس کە هەموو ڕۆژێک چاوم پێی دەکەوت و قەتیش بێزار نەدەبووم لە بینینی، شیرین بوو، قەناعەتم پێی هێنا کە بچێتە یەکێ لە خانووبەرەکانی بنەماڵەی کە دەکەوتە بەرزاییەکانی زارگەندەوە، لە دەرەوەی پایتەخت بوو، هاوینەهەوارێکی خۆش بوو. منیش خانوویەکم لەو ناوە گرت، تەنها هەر بۆ ڕواڵەت بوو، ئەگینا شەو و ڕۆژ لە تەنیشتی ئەو بووم و خزمەتکارەکانیشی ئاگادار کرابوونەوە.

لەو زستانە، هەفتەی وا هەبوو لە ژووره فراوانەکەی دەخەوتین دەرنەدەچووینە دەرەوە. سۆبەیەکی مسینی زۆر تایبەتیش گەرمی دەکردینەوە و چوارینەکانی کەشکۆڵەکەمان دەخوێندەوە، چەند کتێبێکی دیکەشمان لابوو، بەسەعاتیش، خەواڵووانە خەریکی نێرگیلەکێشان

بووین، شەرابی شیرازمان دەخواردەوە و بۆ مەزەش، فستقی کرمانمان دەتەقاند و گەزۆی ئیسفەهانمان دەخوارد؛ شازادەکەم دەیتوانی لە هەمان کاتدا ببێتە خانمێک و یا ئەوەتە دەبووە کیژۆڵەیەک. هەریەکە، بۆ ئەوی تر ناسکترین نەوازش بوو.

هەرکە دونیا گەرما دادەهات، ئیتر زارگەندە لەبەر خەڵک جمەی دەهات. بێگانە و دەوڵەمەندەکانی فارس کۆشک و باڵەخانەی نایابیان هەبوو، لەنێو ئەو دارودارستانە چڕانە، بۆ چەندین هەفتەی پاڵدانەوە دەهاتنە ئەوێ و دەمانەوە. جێی گومان نەبوو کە زۆربەی زۆری دیبلۆماسەکان، تەنها دەوروبەری ئەو بەهەشتە، لە ژیانی بێزاریی؛ بۆرە تاران ڕزگاریانی دەکرد. بەڵام زستان، زارگەندە چۆڵوهۆڵ دەبوو. تەنها باخچەوان و چەند پاسەوانێک و تاکو تنووکیش خەڵکی تیا دەژیا. من و شیرین پێویستییەکی لە ڕادەبەدەرمان بۆ ئەو چۆڵەوانییە هەبوو.

ئەفسووس! هەر لە مانگی گوڵانەوە، هاوینەهەوارییەکان دەستیان دەکرد بەرەو هەورازەکان کۆچ بکەن. تەماشاکەران بەقەراغ موحەجەرەکانا دەهات و دەچوون، پیاسەکەرانی هەمەچەشنەش لە هەموو کووچە و کۆڵانەکانا پیاسەیان دەکرد. دوای هەموو شەوێک، دوای خەوشکاندنێکی پاش نیوەڕوان، چای بۆ میوانە چاوزیتەکان دەهات. دەبوایە، خۆم بشارمەوە، بەنێو داڵانەکانا هەڵبێم. سستیی خاوی زستان کۆتایی دەهات، دەبوایە بڕۆم.

کاتێکیش ئەم هەواڵەم بەشازادەکەم ڕاگەیاند، پێی غەمگین بوو، بەڵام ناچاریش بوو قبووڵی بکات.

– هەستم دەکرد دڵخۆشی لێرە.

– چەند ماوەیەکی پڕ لە بەختەوەریی دەگمەنم بەسەربرد، وام پێ باشە کە ئەوها بەجێی بهێڵم، بۆ ئەوەی هەر ئەوهاش جارێکی دیکە بیبینمەوە. قەد لە تەماشاکردنت بێزار نابم، بەحەپەسانی عاشقانەوە تەماشات دەکەم. حەزناکەم ئەو حەشاماتەی کە ئێرە غەزوو دەکەن، ڕام بگۆڕن. هاوینە و دوور دەکەومەوە بۆ ئەوەی زستان جارێکی دی دەستی پێ بکەمەوە.



– هاوین، زستان، دوور دەکەویتەوە و دێیتەوە، وا هەست دەکەی وەرز وساڵ بێ ئامان هی تۆن، خاوەنی ژیانی خۆت و ئەوەی منیشی. ئەی خەیامت نەخوێندۆتەوە؟ «هەر لەپڕێکدا، ئاسمان ساتی ئەوەشت لێ دەقەپێنێ کە نەتوانی لێوانتی پێ تەڕ بکەیت.»

چاوانی ڕۆچوونە چاوانمەوە، وەکو ئەوەی بیەوێ کتێبێکی کراوە بخوێنێتەوە.

– دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟

هێشتا نەمدەزانی دەبێ بۆ کوێ بڕۆم. دووجار هاتمە وڵاتی فارس، هەردوو جارەکەش خۆم لە خاکێکی گەمارۆدراو بینییەوە. هەموو ڕۆژهەڵاتم لەژێر چنگدا بوو بۆ ئەوەی کەشفی بکەم، هەر لە بسپۆرەوە تا دەگاتە دەریای چین، تورکیاش وەکو وڵاتی فارس لە جموجۆڵدابوو، سوڵتان – خەلیفەکەیانی لادابوو و ئەوانیش شایانی پەرلەمانتار و سێناتۆر و یانە و ڕۆژنامەی موعارەزەی خۆیان بوون؛ ئینگلیزەکان فیزی ئەفغانەکانیان هێنابووە سەر زەوی، بەڵام بە چ نرخێ! بێگومان بۆ سیاحەت هەموو وڵاتی فارسم لە پێشە. من تەنها هەر تاران و تەورێزم دەناسی، ئەی ئیسفەهان؟ ئەی شیراز و کاشان و کرمان؟ ئەی نیشاپوور و گۆڕەکەی خەیام، ئەو کێڵە بۆرەی کە سەدە دوای سەدە، بێ وچان وەچە لە دوای وەچەوە بەپەڕەی گوڵ ئەشکی بۆ دەگرن؟

لەو هەموو ڕێگا مومکینانە کامیان وەرگرم؟ کەشکۆڵەکە لەجیاتی من ڕێگایەک هەڵدەبژێرێ. سواری شەمەنەفەر بووم بۆ کرانسۆڤۆدسک، بەعشق ئاباد و مەرڤەی بەساڵاچوودا تێپەڕیم و سەرم لە بوخارا دا.

بەتایبەت، چوومە سەمەرقەند.

## XLIII

فزوولی بووم بۆ ئەوەی بزانم چ لەو شارە ماوە کە گەنجی خەیام شکۆفەی دەدا.

چ ماوە لە گەڕەکەکەی ئەسفیزار و لەو کۆشک و باخچەیەی کە عومەر عاشیقی جیهان بوو؟ ئایا چ شوێنەوارێک لە گەڕەکی ماتورید ماوە، جوولەکەکانی ئەو گەڕەکە بەگوێرەی سەنعەتی چینی، تاکو سەدەی یانزەمیش، لقەدارتووی سپییان دەشێلا و کاغەزیان لێ دروست دەکرد. چەندین هەفتە بەپێ دەسووڕامەوە، پاشان بەسوار بارگیر؛ پرسیارم لە بازرگان و ڕێبوار و مەلای مزگەوتان دەکرد، بەلچ خوارکردنەوەی نەزانین و یا بەبزەیەکی دڵخۆشکەر یا بەفەرموویەک لەسەر تەختە شینە کاڵەکانیان بەچوارمشقیی دایاندەنام و چایم لەگەڵیان دەخواردەوە.

بەختم هەبوو کە بەیانییەکیان خۆم لە مەیدانی ڕێگیستان بدۆزمەوە. قافڵەیەک تێدەپەڕی، قافڵەیەکی کەم بوو؛ تەنها لە شەش حەوت وشتری بەختیاریی پێکهاتبوو، پێست ئەستوور و سم پان. وشترەوانە پیرەمێردەکە لای دا، زۆر لە منەوە دوور نەبوو، بەرامبەر بەدوکانی گۆزە فرۆشێک، بەرخێکی تازە زای لە باوەش بوو، خەریکی مامەڵەکردن بوو، دوکاندار قسەی دەکرد و بەبێ ئەوەی دەستی لەسەر گۆزەکەی بەردەمی هەڵگرێ کە دەخولایەوە، بەچەناگەش ئاماژەی بۆ ئەو جەرە بۆیاغکراوانە دەکرد کە لەسەر عەردەکە ڕیزکرابوون. سەرنجی ئەو دوو پیاوەم دەدا. کڵاوی خوری پەراوێزەداریان لەسەربوو، کراس و کەوای زبر و ڕیشیان خەنەیی، دەست و پلیان حەرەکەتی گەلێ مێژینەی دەکرد. ئایا ئەم دیمەنە لە زەمانی خەیام، هەر هەمان وردکاریی نەبووە؟

کزرە بایەک، تەپوتۆز دەبنە گەردەلوول، جلوبەرگ فش دەبنەوە، هەموو مەیدانەکەش بەپەچەیەکی ناواقیعی دادەپۆشرێت. لە دەوری ڕێگیستان، سێ هەیکەل هەن، سێ هەیکەلی زەبەلاحی هاوچەشن، منارە و گومەز و شوورە و دیواری بەرز کە بەمۆزایکی ورد نەخشراوە و بەزەخرەفەی زێڕکەفت و بەبەردی جەمەست و پیرۆزەیی ئارایش کراو. خەت و نووسینی



هونەرییان لەسەر کێشراوە. گشت ئەمانە هێشتا سەرکەشییان پێوە دیارە، بەڵام منارەکان چەماونەتەوە و گومەزەکانیش قۆپاون و واجیهەکانیش خوراون، زەمەن و با و سەدەی لاموبالاتی کرۆژتوونێتی؛ کەس سەری بەرز ناکاتەوە بۆ ئەوەی تەماشایان بکات، زەبەلاحی بەرزن و نایابن، فەرامۆشکراو، شانۆیەکی فراوان بۆ شانۆنامەیەکی تووڕەهات.

کشامەوە؛ پێم بەر پێیەک کەوت، ئاوڕم دایەوە بۆ ئەوەی داوای لێبووردنی لێ بکەم، لووتم بەلووتی یەکێ کەوت کە ئەویش وەکو من جلوبەرگی ئەورووپییانەی لە بەر بوو، ئەویش وەکو من کەوتبووە سەر ئەم گەردوونە لاتەریک و دوورە. داوی قسە هاتە دەست. ئەرکیۆلۆگێکی ڕووسی بوو. ئەویش بەهەزار پرسیارەوە ڕووی کردۆتە ئێرە. بەڵام ئەو چەند وەڵامێکی چنگ کەوتبوو.

– لە سەمەرقەندا بوومەلەرزە دوای بوومەلەرزە دەکەوێت و شار لە ڕەگوڕیشەوە هەڵدەتەکێنێ. لە سەدەی سیانزەم ئەم شارە بەدەستی مەغۆلەکان وێران کرا، گەڕەکەکان بوونە کەلاوە. چۆڵ کرا، دانیشتوان ناچاربوون بەرەو باشوور بچن و خانووی دیکە سەرلەنوێ دروست بکەنەوە. تا وای لێ هات هەموو شاری سەمەرقەندی سەلجۆقی، وردە وردە کەوتە ژێر چینی خۆڵ و لمەوە، ئێستاش تەنها هەر گۆڕەپانێکە. بەڵام پڕ ژێر ئەم خاکە گەنجینە و نهێنییە؛ لە سەرەوەش بۆتە لەوەڕگا. ڕۆژێک دێت، پێویست دەکات هەمووی هەڵکۆڵرێت، خانوو و خیابان لە یەک جیا بکرێتەوە. ئا بەو شێوەیە، سەمەرقەند دەتوانێ بەسەرهاتی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە.

بێدەنگ بوو.

– ئایا تۆ ئارکیۆلۆگی؟

– نەخێر. بۆ هۆیەکی دیکە ئەم شارە سەرنجی ڕاکێشاوم.

– ئایا دەکرێ ئەم هۆیەم پێ بڵێی؟

باسی کەشکۆڵەکەم بۆی کرد، باسی شیعر و بەسەرهات و نیگارەکانم بۆی کرد کە باسی عاشقانی سەمەرقەند دەکەن.

– گەلێ حەز دەکەم ئەو کتێبە ببینم! ئایا دەزانی لەو سەردەمەی هەر چییەک هەبوو، هەر هەموو ڕووخێنرا و فەوتاندرا؟ هەروەکو نەفرەتی لێ کرابێت. شوورە و کۆشک و بێستان و باخچە و کارێز و مزگەوت و کتێب، هەر هەموو کار و بەرهەمە هونەرییە گرینگەکان لەناوچوون. ئەم باڵەخانانەی کە ئێمە وا بەئیعجابەوە سەیریان دەکەین، گشتی لەلایەن تەیمورلەنگ و وەچەکانی پاش وی دروستکران و تەمەنیشیان لە پێنج سەد ساڵ کەمتر دەبێ. بەڵام ئاسەواری سەردەمی خەیام، تەنها پارچە گۆزە و ئەو کەشکۆڵەی کە وا تۆ باسی دەکەی، ئەویش دەبێ بەموعجیزە مابێتەوە، ئەگینا شتی دیکە نەماوە. ئەمە بۆ ئێوە ئیمتیازێکی گرینگە، دەتوانن کەشکۆڵەکە بگرنە دەست و بەزەوقی خۆتان بیخوێننەوە. ئیمتیازێک و لێپرساوییەکی گەورەشە.

– بڕوا بکە هەست بەم لێپرساوییە دەکەم. دەمێک ساڵە، هەر لەو کاتەوەی کە زانیم ئەم کتێبە وجوودی هەیە، تەنها هەر بۆ ئەو دەژیم، منی لە موغامەرەوە بەرەو موغامەرە ڕاپێچاوە، جیهانی ئەو بووە هی من و پاسەوانەکەشی مەحبووبەی منە.

– بۆ ئەم مەبەستە هاتووی چاوت بەو شوێنانە بکەوێت کە وەسفی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە هاتوویتە سەمەرقەند؟

– وام هەست دەکرد و بەهیوای ئەوە بووم کە خەڵکەکە توانای ئەوەیان هەبێ هەر بەلایەن کەم جێگۆڕکێی گەڕەکانم بۆ دەستنیشان بکەن.

هەڵیدایەوە:

– داوای لێبووردنت لێ دەکەم ئەگەر بێت و تووشی نیگەرانیت بکەم، بەڵام ئەوەی تۆ مەراقت لێی داوە، ئەو سەردەمەی کە تۆ باسی لێوە دەکەی، ئەوە لەو بارەیەوە تەنها گوێت لە خەرافات و چیرۆکی دێو و درنج دەبێ. ئەم شارە لەو بارەیە زۆر مەعلانە.

– لە هەموو شارەکانی ئاسیا زیاتر؟

– دەترسم وابێت. لە خۆم دەپرسم ئایا ژیان لە دەوروبەری ئەو کەلاوانەی ئەندێشەی هاوچەرخە مسکینەکانمان ئاگر تێبەرنەدەن. پاشان شارێکیش



هەیە کە نغرۆی ژێر گڵ بووە. سەدان ساڵە، چەندین مناڵ کەوتنە درزەکانییەوە، گوێیان لە دەنگەدەنگی نامۆ بوو، یا ئەوەتا هەستیان کردووە کە گوێیان لێی بووە کە لەناو هەناوی زەوییەوە بەرز دەبووەوە! ئا بەم شێوەیە ئەفسانەترین چیرۆک لەمەڕ سەمەرقەندەوە لە دایک بوو، ئەم ئەفسانەیە بۆ زۆربەی خەڵکی شتێکی غەیبییە و ناوی شارەکەش دەگرێتە خۆی.

حەزم کرد گوێی بۆ شل بکەم.

– وەکو دەڵێن پاشایەکی سەمەرقەند هەبووە ویستوێتی خەونی هەموو ئینسان بهێنێتە دی: لە مەرگ ڕزگاری بێت. وا تێدەگەیشت کە مەرگیش لە ئاسمانەوە دێتەخوارێ و ویستی شتێک بکات کە ڕێ لەمە بگرێ، کۆشکێکی لەژێر خاکدا دروست کرد، کۆشکێکی زۆر گەورەیە، هەمووی ئاسن بوو و گشت دەرگا و پەنجەرەکانی داخست. گەلێکیش دەوڵەمەند بوو، بۆ ئەوەی گەرمیی پێ ببەخشێ و کاتیشی بۆ دیاری بکات، هەتاوێکی دەستکردی بۆ خۆی دروست کرد و بەیانیان هەڵدەهات و ئێوارانیش ئاوا دەبوو! مەخابن! خواوەندی مەرگ توانی پاسەوانەکانی پاشا هەڵخەڵەتێنێ و خۆی بخزێنێتە کۆشکەکەیا تاکو دەستی خۆی بوەشێنێ. پێویستی بەوە کرد کە بۆ هەموو ئینسانییەت ئەوە بسەلمێنێ کە هەموو بوونەوەرێک ناتوانێ لە مەرگ خۆی بدزێتەوە، با توانا و دەسەڵات و بلیمەتیی و فیز و لووتبەرزیشی تا بڵێی زۆر بێت. بەم شێوەیە سەمەرقەند بوو بەڕەمزی لێکدان لەنێوان ئینسان و چارەنووس.

دوای سەمەرقەند بۆ کوێ بڕۆم؟ بەنیسبەت منەوە، دوا کیشوەری ڕۆژهەڵات بوو، جێگایەک بوو سەیر و سەمەرە و نوستالژییەکیش کە ڕۆچوونە ناوی مومکین نییە. لەو کاتەی کە شارەکەم جێهێشت، بڕیاری ئەوەم دا بگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم؛ ئارەزووی ئەوەم کرد کە ئاناپۆلی ببینمەوە، پێویستم بەچەند ساڵێک هەیە شارستانانە بژیم، بۆ ئەوەی لەو هەموو سەفەرەم پشوویەک بدەم، ئینجا دەست بەسەفەر بکەمەوە.

کەواتە دەستم کرد بەدانانی پرۆژەیەکی گەلێ عەجایب: بگەڕێمەوە وڵاتی

فارس، شیرین و کەشکۆڵەکە بخەمە باوەش و بۆ ئەوەی بڕۆین و خۆ تێکەڵ بکەینەوە نێو شارە گەورەکانی وەکو پاریس، ڤیەننا و نیویۆرک. من و ئەو لە ڕۆژئاوا و لەسەر ڕیتمی ڕۆژهەڵات بژین، توخوا ئەمە بەهەشت نییە؟

لە ڕێگای گەڕانەوەش، هەمیشە تەنها و گومڕا بووم، بیرم تەنها لەوە دەکردەوە چ ئەنجەتێک بۆ شیرین بدۆزمەوە. بڕۆین، بڕۆین، ئەمەی بەجاڕسییەوە دەوت، ناتوانی بۆ خۆت بەختیار بیت؟ بەڵام من شکستم بەوە نەخوارد کە ئەم خۆگرتنەی ڕامالّم.

کاتێک گالێسکە بەکرێ گیراوەکەی کەناری قەزوێن تاکو پێش دەرگا داخراوەکەم منی گەیاندە زارگەندە، ئۆتۆمبیلێک ڕاوەستابوو، ژوێل – ٤٠ بوو و ئاڵایەکی ئەمەریکیشی لەسەر دەشەکایەوە. شوفێرەکە هاتەخوارێ و لە ناسنامەکەی پرسیم. ئینتیباعێکی گێلۆکەم بۆ پەیدابوو، هەر لەوەتەی ڕۆیشتووم، دەبێ چاوەڕێم بکات. دڵی بەوە دامەوە، کاتێ وتی هەر لەم سەرلەبەیانییەوە لێرەیە.

– گەورەکەم ڕای گەیاندم کە لێرە بم تا دێیتەوە.

– بۆی هەبوو مانگێکی دیکە یا ساڵێکی دیکە بگەڕێمەوە، یا هەر قەد نەگەڕێمەوە.

ئەم واق وڕمانەم هیچ سەری لێ نەشێواند.

– خۆ گەڕایتەوە!

نامەیەکی دامێ کە ناوی شارل و. ڕوسێلی لەسەر نووسرابوو، وەزیری مفەوەزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو.

مسیو لاساژی ئازیز،

شەرەفمەندمان دەکەن ئەگەر بتوانن سەعات چواری ئەم پاش نیوەڕۆیە بێنە مفەوەزییەکەمان. پەیوەندی بەمەسەلەیەکی گرینگ و کتوپڕەوە هەیە. داوام لە شوفێرەکەم کردووە کە لە خزمەتتان بێت.



## XLIV

دوو کەس لە مفەوەزییەکە ئۆقرەیان لەبەر هەڵگیرابوو، چاوەڕوانیان دەکردم. ڕوسێل، قاتێکی بۆری لەبەرابوو، بۆینباغێکی پەپوولەیی چرووسکەدار و سمێل شۆڕبووەوە، هەر بەسمێڵەکەی تیودۆر ڕۆزفێلت دەچوو، بەڵام کۆتاییەکانی بەرێکی قرتابوون؛ فازیلیش بەکراسە سپییە هەمیشەییەکەیەوە و عەبایەکی ڕەش و مێزەرێکی شینی لەسەر نابوو. بێگومان ئەو دیبلۆماتە بوو کە بەفەرەنسییەکی کەمێ قورس، بەڵام ڕەوان، جەلسەکەی کردەوە.

– ئەم کۆبوونەوەی ئیمڕۆ، ڕەوڕەوەی مێژوو وەردەچەرخێنێ. لە ڕێگای دوو کەسەوە، دوو میللەت پێک دەگەن، بەسەر مەسافە و جیاوازییەکانا زاڵ دەبن: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، میللەتێکی ساوایە، بەڵام دیموکراسییەکی دێرینییان هەیە و وڵاتی فارسیش میللەتێکی دێرینەی هەزاران ساڵەیە، بەڵام دیموکراسییەکی ساوایان هەیە.

تەنکە ئەفسوونێک، هەوایەکی ڕەسمی، بەچاو لێ چووقاندنێک، ئەوەم بەفازیل ڕاگەیاند بۆ ئەوەی دڵنیای بکەم کە ئاخاوتنەکەی بەهیچ جۆرێک سەغڵەتی نەکردووەوە:

– چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، لەلایەن یانەی دیموکراتییانەوە، لە تاران داوەت کرام، بەئاشکرا بۆ ئامادەبووان، تەعبیرم لە لایەنگیریی خۆم بۆ شۆڕشی دەستووری کرد. هەمان هەستیش لە نێوان سەرۆک تافت و مسیو نۆکس، سکرتێری دەوڵەت، هاوبەشە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە سکرتێری دەوڵەت ئاگاداریی لەمەڕ ئەم کۆبوونەوەیە هەیە و داوای لە منیش کردووە کە لەو ڕووەوە ئاگاداری بکەمەوە و بەتەلەگرافیش ئەنجامی کۆبوونەوەکەی بۆ ڕەوانە بکەم.

بوار دەداتە فازیل بۆ ئەوەی شتم بۆ ڕوون کاتەوە:

– ئایا ئەوەت لە بیرە کە دەتویست قەناعەتم پێ بکەی دژ بەلەشکری قەیسەر بەرگریی نەکەم؟

– ئەو بێگارییە!

– ڕێم لێ نەگرتی، ئەو شتەت کرد کە دەبوایە بیکەی، لە ڕوویەکیشەوە تۆ هەقت بوو. بەڵام ئەو شتەی کە من لێی دەترسام، بەدرۆ نەکەوتەوە، ڕووسەکان تەورێزیان جێ نەهێشت، لەو ڕووەوە دانیشتوان ڕۆژانە دەناڵێنن. کۆزاکەکان لە شەقام و خیاباندا بەزۆر پەچە لەسەر ڕووی ژنان هەڵدەماڵن، ڕۆڵەکانی ئادەمیش هەر بەهەوانتە دەگیرێن.

(بەڵام لە هەمووی ترسناکتر. لە داگیرکردنی تەورێز ترسناکتر، لە وەزعی هاوڕێیان ترسناکتر. دیموکراسییەکەی ئێمە لە خەتەر دایە. مسیو ڕوسێل ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دیموکراسییەکەمان «ساوایە»، دەبوایە بڵێ «ناسکە» و «هەڕەشەی» لەسەرە. بەڕواڵەت، هەموو شتێک پیادەیە، میللەت دڵخۆشە، بازاڕ گەشاوەیە، پیاوانی ئایینیی بەوە دەچێ وەزعەکەیان بۆ لەبار بێت. بەڵام، پێویستمان بەموعجیزەیەک هەیە بۆ ئەوەی ئەم باڵەخانەیە هەرەس نەهێنێ. باشە بۆچی؟ چونکە، هەروەکو زەمانی زوو خەزینەکەمان بەتاڵ و حەتاڵە. ڕژێمی کۆن، ئسلووبێکی زۆر سەیروسەمەرەی لەمەڕ کۆکردنەوەی باج و خەراجەوە هەبوو، بۆ هەر ناوچەیەک چەند جەردەیەکی دەنارد بۆ ئەوەی قۆڵی خەڵکی ببڕێت و پارەکەش بخەنە گیرفانی خۆیانەوە، هەندێکیشیان بۆ ئەوەی دامودەستەی کۆشکی پێ دەمکوت کات، خەرج دەکرا. هەموو کارەسات و بەدبەختییەکەش ئا لێرەوە سەر هەڵدەدات. لەبەرئەوەی خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵە، دەبێ قەرز لە ڕووس و ئینگلیزەکان بکەین، بۆ ئەوەی ئەو قەرزانەش بدەینەوە، دەبێ مساوەمە و تەنازولات بکەیت.

ئا لەم ڕێگەیەوە، قەیسەر خۆی خزاندۆتە ناو کاروبارمانەوە و هەموو موڵک و سامانیشمان بەهەراج دەبا. ڕژێمی نوێش هەمان کێشەی ڕژێمی کۆنی هەیە: ئەگەر بێت و پارەی باج بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەچێتە خەزێنەوە، هەروەک لە وڵاتانی هاوچەرخ دەکرێت، ئەوە دەبێ ویسایەی زلهێزان قبووڵ بکرێت. شتی یەکەم ئەوەیە دەبێ تەندروستی بۆ کاروباری داراییمان بگەڕێنینەوە. نوێکردنەوەی وڵاتی فارس لەم ڕێگایەوە دەست پێدەکات، ئازادیش بۆ وڵاتی فارس ئەم نرخەی گەرەکە.

– ئەگەر بێت و داوودەرمان هەندە ئاشکرا بێت، ئەی باشە چاوەڕوانیی



لە پای چی؟

– هیچ کەسێک ئیمرۆ ئامادەی ئەوە نییە کە ئەم لێپرسراوییە بخاتە ئەستۆی خۆی. ئەمە شتێکی غەمناکە، بۆ میللەتێک کە دە ملیۆن کەسە، بەڵام نابێت بارستایی نەزانین فەرامۆش بکرێت. ئێمە لێرە هەرچەند کەسێکین کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن کە خوێندن و زانیاریمان، وەکو خوێندن و زانیاری وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە. تاقە بوار کە زانیاری و توانای لە بارەیەوە شک دەبەین، ئەویش کاری دیبلۆماسییانەیە. لە بوارەکانی دیکەش، جا کاروباری سەربازی بێت، یا کاروباری هاتوچۆ بێت، یا ئەوەتا دارایی بێت، هیچ شتێکی وای لێوە نازانین. ئەگەر بێت و ڕژێمەکەمان بیست سی ساڵ بخایەنێت، ئەو کات دەتوانین وەچەیەک پێبگەینین کە بتوانن ئەم کاروبارانە هەڵسووڕێنن. تا ئەو کاتەش، باشترین چارەسەرمان لەم ڕووەوە لە پێش بێت، ئەوەیە بانگی چەند بێگانەیەکی بەشەرەف و بەتوانا بکەین کە کۆمەکمان بکەن. دەزانم، دۆزینەوەی کەسانی واش ئاسان نییە. لەم بارەیەوە، لە ڕابردوودا، ئەزموون و تەجرەبەی تاڵمان چێشت و، لەگەڵ نۆس و لیاکۆڤ و چەندانی تریش. بەڵام بێ هیوا نیم. لەم بارەیەوە لەگەڵ چەند هاوکارێک و چەند پەرلەمانتارێک و چەند ئەندامێکی حکوومەت قسەم کردووە واش بیر دەکەینەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێ لە بارەیەوە یارمەتییەکمان بدات.

زۆر عەفەویانە وتم:

– بەڕاستی زۆر دڵخۆشم، بەڵام بۆچی وڵاتەکەی من؟

شارل ڕوسێل بەحەرەکەتێکی پڕ لە سەرسوڕمان و سەغڵەتییەوە سەرنجی دامێ. وەڵامەکەی فازلیش هێمنیی نایەوە:

– سەرنجی هەموو زلهێزەکانمان دا و لە نزیکەوە ڕوانیمان. ڕووس و ئینگلیزەکان هەر خواخوایانە خەزێنەکەمان تووشی ئیفلاس بێت، ئەو کات دەتوانن زۆر بەئاسانیی بەسەرمانا زاڵ بن. فەرەنسییەکانیش زۆر بەتەنگی ئەو پەیوەندییەن کە لەگەڵ قەیسەر هەیانە تاکو لەوەی کە بیانەوێ ئاوڕ لە

ئێمە بدەنەوە. زۆر بەکورتیش، هەر هەموو ئەوروپا، لەناو گەمەی تەحالوف و دژە تەحالوف دایە، لەم ڕووەشەوە وڵاتی فارس تەنها بەعانەیەکی سواو دەکات، تەنها هەر بەداشێکی دامە دەکات. تەنها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبێت بەرژەوەندییان لەگەڵ ئێمەدا هەیە و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوەشیان لێ بکرێت کە داگیرمان بکەن. ڕووی دەمم کردە مسیو ڕوسێل و لێم پرسی ئایا ئەو ئەمەریکییەک دەناسێ کە بتوانێ خۆی بخاتە ژێر بارێکی هەندە قورسەوە. دەبێ دانیش بەوەدا بنێم کە ئەو باسی تۆی کرد، ئەوەشی بەتەواوی فەرامۆش کردبوو کە تۆ خوێندنت لە بارەی داراییەوە بوو.

منیش لە وەڵامدا:

– بەڕاستی ئەم سیقە بەمن ڕەوا بینینە، ئۆخژنم پێ دەبەخشێ، بەڵام بڕوا بکەن من ئەو کەسە نیم کە لێی دەگەڕێن. سەرەڕای ئەو دیبلۆمانەی کە بەدەستم هێناوە. من داراییەکی زۆر گەوجم، هەرگیز ئەوەم بۆ ڕێک نەکەوتووە کە شارەزاییەکەم بسەلمێنم. دەبێ گلەیی لە باوکم بکرێت، هەندە بەلەمی دروست کرد، من هیچ پێویستیم بەوە نەبوو کە نان پەیا بکەم. من هەمیشە خۆم بەشتی جەوهەرییەوە خەریک کردووە، واتە بەشتی بێ کەڵکەوە: سەفەرکردن و خوێندنەوە، عیشق و بڕوا، گومانکردن و خەباتکردن. هەندێ جاریش نووسین، ئا ئەمانە بوونە پیشەی من، پێکەنینێکی شەرمنانە، بەگومانەوە سەیری یەکتر کردن. درێژەم بەقسەکانم دا:

– کاتێک کە یەکێک دەدۆزنەوە، ئەو کات دەتوانم ببمە یاریدەدەری، ئامۆژگاریی و خزمەتێکی بچووکی بکەم، بەڵام دەبێ داوای توانا و ئیش دەرپەڕاندن لەو بکرێت. نیازی من گەلێ باشە، بەڵام من جاهیل و تەوەزەلم.

بەبێ ئەوەی فازیل لەسەری بڕوات، لەسەر هەمان نەبرە ویستی وەڵامم بداتەوە:

– ڕاستە، دەتوانم شەهادەت بۆ قسەکانت بدەم. تۆ عەیبەی دیکەشت



هەیە، عەیبەکەی تۆ گەلێ لەوانی دیکە زلترە، تۆ هاوڕێی منی، هەموو خەڵکی بەمە دەزانن، نەیارە سیاسییەکانم تەنها یەک ئامانجیان هەیە: ئەویش ڕێ گرتنە لێت بۆ ئەوەی سەرکەویت.

ڕوسێل بەبێ دەنگییەوە گوێی شل کربوو، زەردەخەنەیەکی وشک بووەش لەسەر لێوانی، وەکو ئەوەی لە بیریان کردبێت. بێگومان ڕەنگبێ ئەم حەنەککردنە بەزەوقی ئەو نەبووبێت، بەڵام لە گەرموگوڕیی خۆی دانەکەوت. فازیل ئاوڕی لێی دایەوە.

– بەداخەوە بنیامین کشایەوە، بەڵام ئەمە هیچ لە پەیمانی ئێمە ناگۆڕێ. ڕەنگبێ لێپرسراوی وا بدرێتە دەست یەکێک کە نە لە دوورەوە نە لە نزیکەوە خۆی تێکهەڵکێشی کاروباری فارسان نەکردبێت.

– بیر لە یەکێک دەکەیتەوە؟

– ئێستا کەسم لە یاد نییە. دەمەوێ بەدیققەت بن و ڕاستگۆ و ئازادی بیرکردنەوەشم هەبێت. دەزانم ڕەگەزی وا لەلای ئێوە دەست دەکەوێت، دەتوانم خەیاڵی ئەو کەسە بکەم، وەختە ئەوەش بڵێم کە دەیبینم وا لە پێشمە؛ پیاوێکی قۆز، ڕوون، ڕێک و ڕاست و بەڕوونی تەماشات دەکات، بەڕێکی دەدوێ. یەکێکە کتومت هەر لە باسکرڤیل دەکات.

لە ٢٥ی بەفرانباری ساڵی ١٩١٠، ڕێکەوتی جەژنی لە دایکبوونی مەسیح بوو، یەکشەممە بوو، ئا بەم شێوەیە لە باڵیۆزخانەی واشنتۆن، پەیامی حکوومەتی فارسی خوێندرایەوە:

(هەر ئێستا داوا لە سکرتێری دەوڵەت بکەن کە پەیوەندیتان لەگەڵ دەسەڵاتی دارایی ئەمەریکا بۆ ساز بکات، بۆ ئەوەی کاربەدەستێکی باڵا بۆ خەزێنەی دەوڵەت دیاری بکات، پسپۆڕێکی ئەمەریکی دەستپاک بێت، سەرەتا لەسەر بناغەی کۆنتراتێکی سێ ساڵە کە لەلایەن پەرلەمانیشەوە تەسدیق بکرێت. کاری ئەوە دەبێت کە سەرلەنوێ داهاتی دەوڵەت ڕێک بخات و چاودێریی واریدات و سادیرات بکات، هەروەها لەلایەن پسپۆڕێکی موحاسیبیشەوە یارمەتی بدرێت و پشکێنەریشی چاودێری باجی ناوچەکان بکات.

وەزیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تاران ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ

که سکرتێری ئەمەریکییە ڕای لەسەرە. هەر دەستبەجێ پەیوەندی لەگەڵدا بکەن، ئاگاداری ئەوەش بن کە خۆتان لە وەسیەت بپارێزن. تەواوی ئەم نامەیشی پێ ڕابگەیەنن و، هەروەها هەرچییەکی پێ وتن دەبێ ئێوە ڕایپەڕێنن.)

٢ی ڕەشەمە، مەجلیس تەسدیقی ناونانی ئەم کاربەدەستە ئەمەریکییەی کرد، هەروەها بەزۆربەی دەنگیش و لەژێر چەپڵەڕێزانێکی لە ڕادەبەدەر.

دوای چەند ڕۆژێک، وەزیری دارایی، پرۆژەیەکی پێشکەش بە پەلەمەنتارەکان دەکات، لە ناوەند خیابان لەلایەن دوو جۆرجییەوە تیرۆر دەکرێت. هەر بۆ هەمان ئێوارە، تەرجومانی مفەوەزییەی ڕووس دەچێتە لای وەزارەتی کاروباری دەرەوە و داوای ئەوە دەکات کە هەردوو پیاوکوژەکە بەبێ دواکەوتن تەسلیمی قەیسەر بکرێنەوە. هەموو کەسێک لە تاران ئەم کارەی بەوە لێکدایەوە کە ئەمە وەڵامی سان پێتەرس بورگ بوو لەمەڕ دەنگدانی پەرلەمانەوە، بەڵام دەسەڵاتی فارسی نەیویست پەیوەندی خۆی لەگەڵ زلهێزێک ژاراوی بکات و بکەوێتە گێچەڵ لەگەڵی. ئیتر تاوانبارەکانیان دایەوە دەست مفەوەزییەکە و، پاشانیش ڕەوانی سنوورکران. هەرکە ئاودیوی سنووریش بوون، ئیتر ئازادکران.

لەجیاتی نارەزایی دەربڕینیش، دوکان و بازاڕ دەرگایان داخست، «ڕۆڵەکانی ئادەم» داوای ئەوەیان کرد کە کەلوپەل و کاڵای ڕووس نەکڕدرێت؛ دژ بەجۆرجییەکانیش کاری تۆڵەسەندنەوە ئەنجام درا. بەڵام، حکوومەت، لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە، داوای سەبری لە هاووڵاتیان دەکرد: وەکو دەیان وت، چاکسازیی ڕاستەقینە دەستی پێکرد، پسپۆرەکان هەندە نابات لێرەن، هەندەش نابات خەزێنەی دەوڵەت پڕ لە سامان دەبێت، قەرزەکانمان دەدەینەوە، هەموو وەسییەکەیش ئیتر ڕەت دەکەینەوە، دەبینە خاوەن قوتابخانە و بیمارستانی خۆمان، هەروەها دەبینە خاوەن لەشکری هاوچەرخی خۆمانیش، کە تەنگ بەقەیسەر هەڵدەچنێ و لەشکرەکەی لە تەورێز دەردەکرێ ئیتر نەتوانێ هەڕەشەمان لێ بکات.

وڵاتی فارس چاوەڕێی موعجیزەیان دەکرد. بەواقیعیش، موعجیزەکە ڕوو دەدات.



XLV

موعجیزەی یەکەم فازیل بوو ڕایگەیاندم. بەچرپە، بەڵام بەسەرفرازانە پێی وتم:

– تەماشای بکە! پێم وتی کە هەر لە باسکرڤیل دەکات!

ئەو مۆرگان شوستەر بوو ناوی، خەزنەداری گشتیی وڵاتی فارس وردە وردە بەرەو لای ئێمە دەهات، دەیویست سڵاومان لێ بکات. چووین بۆ ئەوەی پێشوازیی لێ بکەین. بەماڵ و منداڵەوە هاتبوو، بەگالیسکەیەکی شلۆق و بوزگوڕی کەم. شتێکی نامۆ، زۆر بەهواردی دەکرد: هەمان چاو و برۆ، هەمان کەپوو، دەموچاو لاواز، ڕەنگ بێ کەمێک لەوەی ئەو خڕتر بێت، قژ کاڵ، بەهەمان شێوە شەقی کردبوو، هەمان مەچەک، بەڕێز و هێژا. بەو شێوەیەی کە ئێمە سەیرمان دەکرد ڕەنگبێ سەغڵەتی کردبێ، بەهیچ شێوەیەک خۆی دەرنەخست؛ ڕاستە هاتنە وڵاتێکی هەندە غەریبەوە و لە بارودۆخی هەندە ئیستیسنا، دەبێ خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبێت کە بەو جۆرە تێی بڕوانن. بەدرێژایی مانەوەی لەم وڵاتە، دەبێت جێی سەرنجدان و پشکنین و لێوردبوونەوە. هەندێ جاریش بەناشرینی هەموو کردەوەیەکی، هەموو لەیادکردنێکی، نەقل دەکرێت و ڕاڤە دەکرێت و ستایش یا نەفرەتی لێ دەکرێت.

هەفتەیەک دوای گەیشتنی، تەنگژەی یەکەم ڕووی دا. لەو سەدان کەسەی کە هەموو ڕۆژێک سەری لە ئەمەریکییەکان دەدا و بەخێرهاتنی لێ دەکردن، هەندێک هەبوو پرسیاریان لە شوستەر دەکرد و دەیان وت کەی دەبێ بچێ سەر لە باڵیۆزخانەی ئینگلیز و ڕووس بدات. شوستەریش خۆی لە وەڵامدانەوە دەدزییەوە. بەڵام پێی لەسەر ئەم داواکردنە داگرترا و کێشەکە بڵاوبووەوە، گەشەی کرد و بوو بەباسی ناو بازاڕیش: ئەرێ ئەمەریکییەکە نابێ هەر لەبەر ڕێز و حورمەت سەر لە باڵیۆزخانەکان بدات؟ لە باڵیۆزخانەکانیشەوە قسەکرا و ئەوەیان ڕاگەیاند کە پێشێل کراون و جەو تا دەهات گرژ دەبوو. لەبەرئەوەی فازیل ڕۆڵی لە هێنانی شوستەر هەبوو، بەرامبەر بەم درزەی کە کەوتبووە نێو پەیوەندیی

دیبلۆماسییەوە گەلێ شپرزە بوو، وەخت بوو هەر هەموو پەیامەکەی بکەوێتە ژێر پرسیارەوە. داوای لە من کرد کە موداخەلە بکەم.

ئیتر دەبوایە بچم و سەر لە هاوولاتییەکەم بدەم، لە کۆشکی عەتابەگ بوو، کۆشکێک بوو کە بەقایەی سپی دروست کرابوو، لە سی ژووری فراوان پێکهاتبوو، بەشێکی لە شێوەی ڕۆژهەلاتانە دروست کرابوو، بەشەکەی دیکەشی لە شیکلی ئەورووپیی، بەفەرش و کاریی هونەریی ڕازابووەوە و کۆڵەگەی باریکیش لە واجیهەکەی کە لەناو حەوزە ئاوێک ڕەنگی دەدایەوە. دەوروبەرەکەشی باخچەیەکی گەورە هەبوو لە هەموو لایەکەوە جۆگەلە ئاو خوڕەی دەهات و لەملاو ئەولاش دەریاچەی دەستکرد دیاربوون، هەر بەهەشتێکی ڕاستەقینەی فارسی بوو بۆ خۆی. زیگزیگەش، هەراوزەنای شاری لە بێژنگ دەدا. یەکێ بوو لە هەرە کەشخەترین باڵەخانەی شاری تاران. پێش ئەوە بازرگانێکی زەردەشتیش بیکڕێ، هی سەرەک وەزیرانی بوو، یەکێ بوو لە لایەنگرە هەرە دڵسۆزەکانی دەستوور و زۆر بەخشەندانە خستبوویە ژێر دەستی ئەمەریکییەکە.

شوستەر لەسەر پەیژەکانی بەر دەرگا پێشەوازیی لێ کردم. دوای حەسانەوەی سەفەر، لام گەنجتر دیاربوو. تەمەنی هەر سی و چوار ساڵێک دەبوو. من وام زانی ئێستە واشنتۆن پسپۆرێکی سەر سپیمان بۆ دەنێرێ کە کەللەی پاستۆرێکی هەبێ!

– هاتووم لە بارەی کێشەی باڵیۆزخانەکانەوە قسەتان لەگەڵ بکەم.

– ئێوەش!

خۆی وا پیشان دا کە گاڵتەی لەگەڵ دەکرێ.

منیش لەسەری ڕۆیشتم:

– نازانم، خۆ دەزانی ئەم کێشە دیبلۆماسییە چەندی گەورەوە بووەوە. ئەوەت لەیاد نەچێت ئێمە لە وڵاتی قسەوقسەلۆک و بەسەرهاتین !

– کێ هەیە هەندەی من حەز لەم شتانە بکات.

هێشتا هەر پێدەکەنێ، بەڵام لەپڕێکدا بێدەنگ بوو. هەروەکو وەزیفەکەی داوای لێ دەکرد سەر و ڕوخسارێکی جیدییانەی وەرگرتەوە.



– مسیو لاساژ، ئەمە تەنها مەسەلەی پرۆتۆکۆل نییە. ئەمە مەسەلەی پرەنسیپە. پێش ئەوەی ئەم کارە قبووڵ بکەم، زانیاریم لەلای دەیان پسپۆری بێگانە کۆکردەوە کە لەوە پێش لەم وڵاتە ئیشیان کردبوو. هەندێکیان خاوەنی توانا و ئیرادە بوون. بەڵام سەرنەکەوتن. دەزانی بۆچی؟ چونکە کەوتنە هەمان ئەو تەڵانەی کە وا ئیمڕۆ بۆ منی دەنێنەوە. من وەکو خەزنەداری گشتیی وڵاتی فارس تەعین کراوم و لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری کراوم، کەواتە شتێکی ئاساییە بچم سەر لە شا بدەم، سەر لە میر بدەم، سەر لە حکومەت بدەم. من ئەمەریکیم و کەواتە دەتوانم سەر لە مسیو ڕوسێلی نەجیب بدەم. باشە بۆچی داوام لێ دەکەن کە هەر بۆ ڕێز و شکلیات سەر لە قونسوڵی ڕووس و ئینگلیز و بەلجیکی و نەمساوی بدەم؟

(با پێتان بڵێم: دەیانەوێ بەهەموو خەڵکی بڵێن، بەتەواوی میللەتی فارسی بڵێن چەندێ چاومان لە دەستی ئەمەریکییەکانە، بەپەرلەمان بڵێن، سەرەڕای ئەوەی دوای دەردەسەرییەکی زۆر منی تەعین کرد، دەیانەوێ ئەوە بڵێن کە مۆرگان شوستەریش بێگانەیەکە وەکو هەموو بێگانەیەکی دیکە و فەرەنگییەکە. هەر دوا بەدوای سەرلێدانی یەکەمم، داوەت و داوەتکاری دەست پێدەکات؛ دیبلۆماتەکان ئینسانی بەڕێزن و میواندۆست و ڕۆشنبیرن، بەو زمانانە قسە دەکەن کە منیش دەیزانم، هەمان یاری دەکەن کە منیش دەیزانم، مسیو لاساژ، دەزانم لە ناویان بەختیاریش دەبم، لەنێو بریدج و چای و تێنس و سواری ئەسپ و ئاهەنگی دەمامکبەستن و کاتێکیش دوای سێ ساڵی دیکە، دەوڵەمەند و کامەران و برۆنزی و تەندروست دەبم، دەگەڕێمەوە وڵاتەکەی خۆم. بەڵام مسیو لاساژ من بۆ ئەم مەبەستە نەهاتوومەتە ئێرە!

هەر دەت وت هاوار دەکات. دەستێکی نادیار، پێدەچوو دەستی هاوسەرەکەی بێت، بەئاسپایی هات و دەرگای ساڵۆنەکەی داخست، پێدەچوو ئاگادار نەبێت. درێژەی بەقسەکانی دا:

– من بۆ کارێکی زۆر تایبەت هاتووم: هاوچەرخاندنی دارایی وڵاتی فارسە. ئەم ئینسانانە پەنایان بۆ ئێمە هێناوە، چونکە باوەڕیان بەوەزعی

ئێمە هەیە و شێوەی بەڕێوەبردنی ئێمەیان بەدڵە. بەهیچ شێوەیەک نیازم نییە تووشی بێ هیواییی‌یان بکەم. نەهەڵیشیان بخەڵەتێنم. مسیو لاساژ من لە دونیای مەسیحییەتەوە هاتووم، ئەمەش بۆ من واتای خۆی هەیە. دەبێ ئیمڕۆ فارسەکان چۆن لە میللەتی مەسیحی بگەن؟ هەرە مەسیحیترین ئینگلیز دەست بەسەر نەوتیان دەگرێ، هەرە مەسیحیترین ڕووس بەگوێرەی یاسای سینیکی[1] کە گرەو هەمیشە دەبێ هێزدار بیباتەوە، ئیرادەی خۆی فەرز دەکات؟ تاکو ئێستا ئاشنایەتیان لەگەڵ چ مەسیحییەک هەیە؟ قۆڵبڕ و لووتبەرز و خوانەناس و کۆزاک نەبێت. دەتەوێ بزانی چۆن لە ئێمە گەیشتبێتن؟ لە چ جیهانێکدا پێکەوە دەژین؟ ئایا چارەسەری دیکەمان لە پێش نییە، یا ئەوەتا ببنە کۆیلەمان یا ئەوەتا ببنە دوژمنمان؟ ئایا ناکرێ ببنە هاوشان و یەکسان بین لەگەڵیانا؟ خۆشبەختانە، هێشتا هەندێکیان تیایە و بڕوایان بەئێمە ماوە، بڕوایان بەبەهاکانی ئێمە ماوە، بەڵام تا کەینێ دەتوانین دەنگی ئەو هەزارەها کەسە کپ کرێت کە ئەوروپا و شەیتان بەیەک شت دەزانن؟

(ئایا سبەینێ وڵاتی فارس دەبێ بگاتە چی؟ ئەمە پەیوەندی بەهەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئێمەوە هەیە، پەیوەندی بەو نموونەوە هەیە کە ئێمە پێشکەشیان دەکەین. بەقوربانیبوونی باسکرڤیل، چڕنووک درێژی زۆری تری لەبیر کردەوە. ڕێز و تەقدیری زۆرم بۆی هەیە. بەڵام بڕوا بکە نیازم نییە بمرم، دەمەوێ دەسپاک بم و بەس. خزمەتی وڵاتی فارس هەروەکو شەریکەیەکی ئەمەریکی بکەم، دزی لێ نەکەم، بەڵکو هەوڵ بدەم گەشە بکات و پێشکەوێت، ڕێز لە مەجلیسی بەڕێوەبەرایەتی بگرم، بەڵام بەبێ دەس ماچکردن و کڕنۆشبردن).

فرمێسک بەچاوانما هەروەک یەکێکی گەلحۆ خوڕەی هات. شوستەر بێدەنگ بوو، بەکەمێ شپرزەییەوە، زۆر بەوردی سەرنجی دامێ.

– ئەگەر لەبەر قسە و نەبرەی قسەکانم، بەبێ ویست هەستم بریندار کردبیت، ئەوە داوای لێبووردنت لێ دەکەم.

(١) نیسبەتە بەفەیلەسووفی یۆنانی سینیک. بەواتای «وقح» دێت. (وەرگێڕ).



هەڵسام و دەستی تەوقەم بۆ درێژ کرد.

– مسیو شوستەر، هەستت بریندار نەکردم، بەڵکو بەتەواوی وێرانت کردم. دەڕۆم ئەمە دەگەیەنمە هاوڕێ فارسەکانم، کاریگەرییان لەوەی من جوداوازتر نابێت.

هەرکە ئەوێم بەجێ هێشت، بەهەڵپە بەرەو بەهارستان ڕۆیشتم، دەمزانی ئێستا فازیل لەوێیە. هەرکە چاوم پێی کەوت، هاوارم کرد:

– فازیل، موعجیزەیەکی دیکە!

٣ی پووشپەڕ، پەرلەمانی فارس بڕیاری دەرکرد، بەدەنگێکی زۆر کە لەوە پێش شتی وای بەخۆیەوە نەبینیبوو، بڕیارەکەش ئەوە بوو کە کاروباری دارایی بدرێتە دەست مۆرگان شوستەرەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەست بەڕێکخستنی بکاتەوە. لەمە بەدواوە، ئیتر هەمیشە بۆ مەجلیسی بەڕێوەبەرایەتی بانگ دەکرا.

لەو ماوەیەشدا، ڕووداوێکی دیکە بازاڕ و قونسڵییەکانی تۆقاند. پروپاگەندەیەک بوو کە سەرچاوەکەی دیار نەبوو، بەڵام ئاسان بوو مەزەنە کردنی مۆرگان شوستەریان بەوە تاوانبار دەکرد کە سەر بەتایەفەیەکی ئایینیی وڵاتی فارسە. بەڕواڵەت ئەم شتە پووچ بوو، بەڵام ئەوانەی کە ئەم پروپاگەندەیەیان ئامادە کردبوو، هەند بەباشی زەهرەکەیان بۆ گرتبووەوە بۆ ئەوەی پروپاگەندەکە شێوەیەکی تەواو وەرگرێت و بەڕاستیی بکات. هەر ڕۆژێکی نەبرد، ئیتر خەڵکەکە لە ئەمەریکییەکانەوە کەوتنە گومانەوە. جارێکی دیکەش هەر منیان ڕاسپارد بۆ ئەوەی بچم و قسە لەگەڵ خەزنەداری گشتیی بکەم. لە یەکەم چاوپێکەوتنمانەوە پەیوەندیمان خۆش بووبوو. منی بەپێشناوەوە بانگ دەکرد و منیش ئەوم بەمۆرگان بانگ دەکرد. باسی کرۆکی کێشەکەم بۆی کرد:

– وەکو دەوترێت و هەروەکو فازیلیش ڕایگەیاندووم لەناو خزمەتکارەکانت بەهایی و بابی هەن. وەکو دەشڵێن کە بەهاییەکان، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بنکەی زۆر چالاکیان کردۆتەوە. ئەوەشیان ئیستینتاج کرد کە هەموو کاربەدەستانی مفەوەزییەکە بەهائین و بۆ ئەوەی

مورید پەیدا بکەن، لەژێر ناوی داراییناس دێنە ولاّتەوە.

مۆرگان هەندێک بیری کردەوە:

– تەنها وەلاّمی پرسیارێکی گرینگت دەدەمەوە: نەخێر، من نەهاتووم بۆ ئەوەی نەوەعز بدەم، نەلایەنگیر پەیدا بکەم، کاری من ئەوەیە کە چاکسازیی لە دارایی ولاّتی فارس بکەم، چونکە پێویستییەکی لە ڕادەبەدەریان پێی هەیە. بۆ ئەوەی زانیاری زیاتریشت لەو بارەیەوە هەبێت، بێگومان من بەهایی نیم و زانیاریشم لە بارەی ئەم تایفەیە، دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی کتێبێک کە براون نووسیوێتی، پێش ئەوەشی بێمە ئێرە خوێندمەوە و تاکو ئێستاش زۆر بەباشی جیاوازی بەهایی و بابی نازانم چییە. ئەوەشی پەیوەندی بەخزمەتکارەکانمەوە هەبێت، کە لەم کۆشکە زەبەلاحەن، نزیکەی پانزە خزمەتکارێک دەبن، هەموو ئەوە دەزانن کە پێش منیش هەر لێرە بوون. زۆر بەجوانی کار دەکەن و تەنها هەر ئەمەش بەنیسبەت منەوە گرینگە. عادەتی ئەوەشم نییە لە ڕێگای بیروباوەڕی ئایینی و ڕەنگی قەرەوێتەوە حوکم بەسەر ئەو کەسانە بدەم کە هاوکارمن!

– زۆر بەباشی لەم ڕەفتارە تێدەگەم و منیش هەر هەمان بیروبۆچوونم هەیە. بەلاّم ئێمە لە ولاّتی فارسین و حەساسیاتەکان هەندێ جار جیاوازن. هەندە نییە چاوم بەوەزیری دارایی کەوت. ئەوە بەباش دەزانێ بۆ ئەوەی هەندێ کەس دەمکوت کرێن، باشترە هەندێ لەو خزمەتکارانە لە کار فنیش بکرێن، مەبەست لەوانەیە کە قسەوقسەلۆکیان لەسەرە. هەر بەلایەنی کەم هەندێکیان.

– وەزیری دارایی مەشغوولی کێشەی وایە؟

– لەوە زیاتر کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. لەوە دەترسێ کە هەموو پرۆژەیەک کە لە بەشەکەی ئەوە و ئێستا کاری بۆ دەکرێ، بکەونە مەترسییەوە. تکاشی لێ کردم کە هەر ئەم ئێوارەیە ئەنجامی گفتوگۆکانی پێ ڕابگەیەنم.

– کەواتە با تاخیرت نەکەم. پێی بڵێ بەنیسبەت منەوە، هیچ خزمەتکارێک لەسەر ئیش لانابردرێت و هەروەها ئەم مەسەلەیەش لێرە کۆتایی دێت!



هەڵسایە سەرپێ، پێویستی نەدەکرد هەندەشی لەسەر بڕۆم:

– مۆرگان، بڕوا ناکەم بەم وەلاّمە ڕازی بن!

– توخوا! کەواتە ئەوەشی پێ بڵێ: «بەڕێز، وەزیری دارایی، ئەگەر بێت و کاری لەوە چاکتر دەست ناکەوێت، مەبەست لە لێکۆڵینەوە لە بارەی بیروباوەڕی ئایینیی باغەوانەکانم، ئەوە لەو ڕووەوە دۆسییەی چاکترت بۆ پەیدا دەکەم بۆ ئەوەی کاتی خۆتی پێ پڕ بکەیتەوە.»

تەنها مەبەستی وەلاّمەکەم گەیاندە وەزیر، بەلاّم بڕوا دەکەم کاتێک کە مۆرگان چاوی بەوەزیر دەکەوێ، دەقاودەق بۆی دووبارە دەکاتەوە. بەبێ ئەوەی گێرمە و کێشەی بنێتەوە. لە ڕاستیدا، هەمووان بەوە دڵخۆش بوون کە هەندێ مەسەلە هەیە دەبێ بەپێچوپەنا بوترێن.

هەروەکو شیرین پێی وتم:

– لە وەتەی کە شوستەر لێرەیە، شتێکی تەندروست لە جەو دایە و وەکو بڵێی هەوا پاکە. هەمیشە وا تێدەگەین بەرامبەر بەبارودۆخێکی پاشاگەردانیی و بنبەست، پێویستمان بەسەدان و سەدان ساڵ هەیە بۆ ئەوەی بەسەریان زاڵ بین. یەکێک، هەروەکو سیحری لێ کرابێت، لە چاوچوقانێکدا پەیدا دەبێت؛ ئەو درەختەی کە زڕ و بێ بەر بوو، خەریکە سەوز دەبێت و بەر دەگرێت و سێبەر دەدات. ئەم بێگانەیە هیوای لەمەڕ پیاوانی ولاّتەکەم بۆ بووژاندمەوە. وەکو ئەندیژێن[(٢)] سەیریان ناکات، حەز لە تکا و پاڕانەوە ناکات و ئەوانیش ئیتر خۆیان وەکو ئینسان دەبینن. ئایا ئەوە دەزانی کە هەر لەناو خێزانەکەی خۆم، پیرەژن هەن دوعای بۆ دەکەن و بۆی دەپاڕێنەوە.

(٢) **(Indigéne)** ئەندیژێن بەدانیشتوانی بنەڕەتی ولاّتێک دەوترێت، بەلاّم لە بۆچوونێکی ئیستیعمارانەوە. (وەرگێڕ).

## XLVI

ئەگەر بڵێم لە ساڵی ١٩١١دا، زیادڕەوی نییە و لە حەقیقەت لانادەم، ئەگەر بڵێم سەرتاپای وڵاتی فارس لەسەر ڕیتمی «ئەمەریکییەکە» دەژیا و لێپرسراوێکی هەرە میللی بوو و، بێگومانیش لە هەموویان بەتواناتر بوو. ڕۆژنامەکان پشتگیریی کارەکەیان دەکرد و ئەویش هەندەی تر بەحیماسەوە خۆی ماندوو دەکرد و سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی کۆ دەکردەوە و باسی پرۆژەکانی خۆی بۆ دەکردن و لە بارەی هەندێ پرسیاری پڕ لە گێرمە و کێشەوە، داوای ئامۆژگاری لێ دەکردن.

لەسەر هەمووشییەوە و لە هەمووی گرینگتر، پەیامە سەختەکەی خەریک بوو سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. پێش ئەوەی شوستەر سیستەمی خەراج سەرلەنوێ دامەزرێنێتەوە، توانی هاوسەنگیی بخاتە نێو باجەوە، ئەویش تەنها بەسنوور دانانی بۆ دزیی و خەرجکردن بەفیڕۆ. پێش ئەو، چەندین کەسایەتی، میر و وەزیر، یا ئەشراف و پیاوی ماقووڵیان بۆ خەزنەدار ناردبوو و داوای ئەوەیان کردبوو کە لەسەر کاغەزێکدا ژمارەیەک دابنێن، ئەگینا یا ئەوەتا کارەکەی یا ژیانی لە دەس دەدا. ئەمە لەگەڵ مۆرگاندا، لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا تووشی گۆڕان هات. با تەنها هەر نموونەیەک بهێنینەوە. ١٧ی پووشپەڕ، لەکاتی کۆبوونەوەی مەجلیسی وەزیرەکان، بۆ ئەوەی مووچەی لەشکری تارانی پێ بدرێت و لەسەر نەبرەیەکی غەمگین داوای چل و دوو تومەن لە شوستەر کرا.

میری ئەعزەم، وەزیری جەنگ هەڵیدایێ:

– ئەگینا، یاخیبوونێک ڕوو دەدات و ئەوکات خەزنەی گشتیی هەموو لێپرسراوییەک هەڵدەگرێ!

وەڵامی شوستەر:

– وەزیری بەڕێز پێش دە ڕۆژ هەمان مەبلەغی برد. چی لەو پارەیە کرا؟

– هەندێ مووچە دواخرابوو، ئەوەمان دا، خێزانەکانی سەرباز برسییانە، ئەفسەرەکان قەرزارن، بارودۆخ تەنگی پێ هەڵچنیون!



– ئایا وەزیری بەڕێز موتەئەکیدە کە هیچ لەو پارەیە نەماوە؟

– هەر هیچ، فلسێک چییە نەماوە!

شوستەر لە گیرفانی کارتۆنێکی بریستۆلی دەرهێنا و بەخەتێکی ورد لەسەری نووسرابوو، پێش ئەوەی دەست بەقسە بکات چاوێکی وردی بەسەریا خشاند:

– ئەو مەبلەغەی کە خەزنە پێش دە ڕۆژ دایتێ، هەر هەمووی چۆتە سەر حیسابی شەخسی، تەنها یەک تومەنیش خەرج نەکراوە، فەرموو ئەوەتا ناوی کاربەدەستی بانق و ئەمەش ژمارەکەیە.

میری ئەعزەم هەڵسایە سەر پێ، قەڵەو و چەور، لەبەر تووڕە بوون دەموچاوی بریقەی دەهات؛ ناولەپی خستە سەر سینە و چاوی بەسەر هاوکارەکانیا گێڕ دا:

– ئایا دەیانەوێ دەسپاکیم بخەنە ژێر پرسیارەوە؟

لەبەرئەوەی کەس نەبوو هەندێک دڵی بداتەوە، درێژەی بەقسەکانی دا:

– سوێندتان بۆ دەخۆم ئەگەر بێت و لەسەر حیسابەکەم ئەم مەبلەغە هەبێت، ئەوە من دواکەسم کە ئاگاداریی بم.

لە دەوروبەرییەوە، چەند کەسێک لچی گومانیان خوارکردەوە و بڕیار درا، کاربەدەستی بانق بانگ بکرێت و شوستەریش داوای لە ئەندامانی کابینە کرد کە چاوەڕوان بن. هەرکە ئیشارەتی ئەوە درا کە کاربەدەستەکە لێرەیە، وەزیری جەنگ بەپەلە بەرەو ڕووی چوو. دوای چەند فسکەفسکێک، میری ئەعزەم گەڕایەوە لای هاوکارەکانی و بزەیەکی ساویلکەشی لەسەر لێو:

– ئەم کاربەدەستە بەنەعلەت بووە، لە مەبەستەکەی من تێنەگەیشتووە، تاکو ئێستا مووچەی لەشکرەکەی نەداوە. سوو تەفاهوم ڕووی داوە!

ئەم ڕووداوە زۆر بەسەختی داخرا، ئیتر هەروەکو جاران و ببووە پیشەی سەدان ساڵ، پیاوە گەورەکانی دەوڵەت نەدەوێران بەکەیفی خۆیان دەست وەردەنە نێو خەزنەی دەوڵەتەوە. ڕاستە، هەبوون پێیان ناخۆش بوو، بەڵام تەنها بێدەنگییان بۆ مابووەوە، چونکە زۆربەیان، تەنانەت لەنێو

لێپرسراوانی حکوومەتیشەوە، گەلێ هۆ هەبوو بۆ ئەوەی بەمە ڕازی بن: بۆ یەکەمین جار لە مێژووی وڵاتدا، فەرمانبەر و سەرباز و دیبلۆماتەکانی لە دەرەوەی وڵات، لە ئان و ساتی خۆی مووچەیان وەرگرت.

لەنێو نێوەندە داراییە نێونەتەوەییەکانیش، بڕوایان بەموعجیزەکەی شوستەر هێنا. بۆ نموونە: برایانی سێلیگمان، لە لەندەن بانقداربوون، بڕیاری ئەوەیان دا، بەبێ ئەوەی سوویەکی هەندە قورسی لە توانابەدەری بخەنەسەر، کە بۆ قەرزی وا باو بوو، قەرزی چوار ملیۆن لیرەی ستێرلینگ بدەنە وڵاتی فارس. بەبێ ئەوەی دەخلی گومرگی لێ بسەنرێت. نە دەخلی ڕەهنی بخرێتەسەر، قەرزێکی ئاسایی بوو درا بەیەکێکی ئاسایی، بەکەسێکی بەڕێز و دەست ڕۆیشتوو. ئەمە هەنگاوێکی گرینگ بوو. ئەمە شتێکی ترسناک بوو، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە دەیانویست وڵاتی فارس بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە. حکوومەتی بەریتانی خۆی تێکەڵ کرد و بۆ ئەوەی نەیەڵێ ئەم قەرزە بدرێت.

هەر لە هەمان کاتیشدا، قەیسەر مێتۆدی ڕەقتری بەکارهێنا. مانگی گەلاوێژ، ئەوە بیسترا کە شای جاران، وێڕای لەشکرێکی خۆفرۆش و لەگەڵ دووبرای خۆی گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەی باشە لە ئۆدێسا دەستبەسەر نەبوو و ڕووسەکانیش پەیمانی ئەوەیان نەدابوو کە بواری نەدەنێ بگەڕێتەوە وڵاتی فارس؟ لەو ڕووەوە، لە حاکمانی سان پێتەرسبورگیان پرسیبوو، ئەوانیش بەوە وەڵامیان دابووەوە کە خۆی لە پاسەوانەکانمان دزیوەتەوە و بەپاسەپۆرتێکی مزەوەر و چەک و تفاقەکەشی لەناو سنووقی «ئاوی کان»دا گوازرابووەوە، بۆی دەچوو؛ ئەوان بەهیچ شێوەیەک لەم ڕووەوە لێپرسراو نین. ئا بەم شێوەیە، ئۆدێسای جێهێشت و سەدان هەزار کیلۆمەتریشی لەگەڵ پیاوەکانی بڕی، ئەمەبوو مەسافەی نێوان ئۆکرانیا و وڵاتی فارس. بەبێ ئەوەی حکوومەتی قەیسەر ئاگادار بێتەوە، نەلەشکرەکەی، نەئۆخرانا، مەبەست لە پۆلیسی نهێنی بەمە ئاگادار بێت، خۆی و پیاوەکانی بەچەک و تفاقەوە سواری پاپۆڕێکی ڕووسی دەبن و هەموو دەریای قەزوێن دەبڕن تا دەگەنە کەنارەکانی فارس؟

ئەم ئەنجەتانە بەچی دەچن؟ لە سەرووی هەموویەوە دەبێ ئاگاداری ئەوە



بین کە دیموکراسییە ساواکەی وڵاتی فارس هەرەس نەهێنێ. پەرلەمان داوای قەرزی لە شوستەر کرد. ئەمجارەیان ئەمەریکییەکە درێژەی بەمەوزووعەکە نەدا. بەپێچەوانەوە، بەشێوەیەک هاتە خۆ، چەند ڕۆژێکی نەبرد لەشکرێکی چاک تەیار درا، بەزەخیرە و ئازووقە تێروتەسەل کرا، هەر خۆشی پێشنیاری سەرکردەیەکی بۆ کرد، ئەفرایم خان ناوێک، ئەفسەرێکی زۆرچاک بوو لە ماوەی سێ مانگ، لەشکری کۆنە شای تەفروتوونا دەکات و شاش جارێکی دی ئاودیوی سنوور دەکاتەوە.

قونسوڵییەکانی بەتەواوی بڕوایان بەمە نەدەکرد: وڵاتی فارس بوو بەدەوڵەتێکی هاوچەرخ؟ یاخیبوون و شەڕوشۆڕی ئا لەم بابەتە جاران ساڵ و مانگی دەخایاند. بۆ هەموو چاودێران، چ لە تاران چ لە دەرەوە، وەڵام تەنها بەیەک وشەی ئەفسووناوی دەدرایەوە: شوستەر. ئیتر ڕۆڵی ئەو لە خەزنەدارێکی گشتی بەتەواوی تێپەڕی. هەر ئەویش بوو پێشنیارێکی بۆ پەرلەمان ئامادەکرد. ئەویش ئەوە بوو کە سەبارەت بەشای جاران حوکم دەرکرێت و بە لە دەرەوەی یاسا لە قەڵەم بدرێت و لەسەر دیواری هەموو شارانیشدا، «**Wanted**» هەر بەگوێرەی فلیمەکانی کاوبۆی، هەڵواسرێت و پارەیەکی چاکیش بۆ ئەو کەسە تەرخان بکرێت، ئەگەر هات و بیگرێ. ئەگەر بێت و شا یاهەردوو براکەی تەسلیمی عەدالەت بکات، ئەوە خەڵات دەکرێ. ئەمەش وای کرد لە پێش چاوی دانیشتوان، حوکمی شای جاران بکەوێت. قەیسەر چەکی دانەنا. بەنیسبەت ئەوەوە ئیتر لەلای ڕوون بوو تاکو شوستەر لەو وڵاتە بێت، لە وڵاتی فارس تمووحەکانی دەسگیر نابێت. دەبێ هەوڵی ئەوە بدرێت کە وڵاتبەدەر بکرێت! پێویستە کارەساتێک بخولقێنرێت، کارەساتێکی زل. کابرایەک ئەم کارەی گرتەئەستۆ: پاخیتانۆف ناوێک بوو، جاران لە تەورێز قونسڵ بوو، گەڕاندیانەوە تاران و بەقونسوڵی گشتی داندرا.

ناوی پەیامەکە شتێکی ناشرینە، چونکە لێرە دەبێ ناوی موئامەرەی لێنرێت، هەرچەندە کەمێ هەڵەشەیی پێوە دیار بوو، بەڵام زۆر بەوردی چنرا. پەرلەمان بڕیاری ئەوەی دەرکرد کە دەست بەسەر ماڵ و سامانی هەردوو براکەی شا بگرێت، چونکە هەردووک لەگەڵ شادا سەرکردەی ئەم

یاخیبوونەیان دەکرد. چونکە خەزنەداری گشتیی دەوڵەت بوو، دەبوایە شوستەر حوکمەکە دەرپەڕێنێ، بۆیە دەیوست لە شکلێکی زۆر یاساییدا کارەکە ئەنجام دات. ئەم خانووبەرەیەی کە دەبوایە دەستی بەسەرا بگرن، زۆر لە کۆشکەکەی عەتابەگەوە دوور نەبوو، موڵکی میری مەملەکەت بوو، بە: «تیشکی سەلتەنەت» ناو دەبرا؛ ئەمەریکییەکە پەلێ جەندرمە و چەند فەرمانبەرێکی مەدەنی و ئەمری دەست بەسەرگرتنەکەشیان لە گیرفان. لووتیان بەلووتی کۆزاکەکانەوە بوو کە لەگەڵ ئەفسەری قونسوڵی ڕووس هاتبوون و نەیانهێشت جەندرمەکان بچنە ناو کۆشکەکەوە، هەڕەشەی ئەوەشیان کرد، ئەگەر بێت و بەزووترین کات نەکشێنەوە، ئەوە هێز بەکار دەهێنن.

کاتێک شۆستەریان بەمە ئاگادار کردەوە، یەکسەر یەکێ لە یاریدەدەرانی خۆی بەخێرایی بۆ قونسلییەی ڕووس نارد. پۆخیتانۆف پێشوازی لێ کرد و بەنەبرەیەکی توند ئەمەی بۆ ڕوون کردەوە: دایکی «تیشکی سەڵتەنەت» نامەیەکی بۆ قەیسەر و قەیسەرەژن نووسییەوە تیایا داوای یارمەتی دەکات، ئەم داواکارییەش دەسبەجێ ئەنجام درا.

ئەمەریکییەکە بڕوای نەدەکرد: وتی، بێگانە لە وڵاتی فارسدا دەسەڵاتی ئەوە شک دەبەن کە خۆیان لە سزا بدزنەوە و پیاوکوژانی وەزیری فارس حوکم نەدرێن هەر لەبەرئەوەی ڕەعییەی قەیسەرن، ئەمە زوڵمە، بەڵام ئەمە دەستوورە و پەیڕەوی دەکرێ، زەحمەت بگۆڕدرێ؛ بەڵام لە زەرفی بیست و چوار سەعات، فارسەکان موڵکەکانیان دەخەنە ژێر دەستی حاکمێکی بێگانەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە یاسا بدزنەوە، ئا ئەمە شتێکی نوێیە، نە بیستراوە نە بینراوە. شوستەر نەیدەویست بەمە قایل بێت. فرمانی ئەوەی دا کە جەندرمەکان بچن و ئەو کۆشکە بگرنە دەست، بەگوڕ و پتەو، بەڵام توندوتیژیی بەکارنەهێنن. ئەمجارەیان پۆخیتانۆف بواری دانێ. کارەساتی نایەوە، هەر ئەمەش بوو پەیامەکەی.

ڕەد فیعل زۆری نەخایاند دروست بوو. بەلاغێک لە سان پێتەرس بورگ بڵاوبووەوە تیایا ئەوە هاتبوو کە ئەوەی ڕووی دا ئیعتیدایەکە دژ بەڕووسیا، جوێنێکە بەقەیسەر و ژنەقەیسەر، بەشێوەیەکی ڕەسمی داوا لە



حکوومەتی تاران دەکەین داوای لێبووردن بکات. سەرۆک وەزیران شێت و هاربوو، داوای ئامۆژگاری لە بەریتانییەکان کرد، کاروباری دەرەوەی بەریتانیا وەڵامیان دایەوە و وتیان قەیسەر گەمە ناکات و لەشکری گەیشتۆتە باکۆ و ئامادەن وڵاتی فارس داگیرکەن و جێیی خۆیەتی کە داواکارییەکەی قبووڵ بکرێت.

٢٤ی سەرماوەرز ١٩١١ وەزیری کاروباری دەرەوە، شەکەت، ڕووی کردە قونسوڵییەی ڕووس و دەستی قونسوڵی گووشی و ئەمەشی وت:

(جەنابی عالی، حکوومەتەکەم ڕای سپاردووم کە بەناوی ئەوەوە داوای لێبووردنتان لێ بکەم بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی کە ڕووی دا و ئەفسەرەکانی قونسوڵییەش تووشی ئەم دەردەسەرییە هاتن.)

هەر بەدەست گووشینەوە، نوێنەری قەیسەر هاتە دەم:

(لێبووردنەکەتان قبووڵ دەکەین، ئەمە وەڵامی داواکاریی یەکەممان بوو، دەبێ ئەوەشتان پێ ڕابگەیەنم کە داواکارییەکی دیکە بەڕێوەیە و وا لە سان پێتەرس بورگ خەریکی ئامادەکردنین. هەرکە گەیشتە دەستم، ناوەڕکی داواکارییەکەتان بۆ ئاشکرا دەکەم.)

قسە هاتە دی. دوای پێنج ڕۆژ، لە ٢٩ی سەرماوەرز، سەعات دوانزەی نیوەڕۆ، دیبلۆمات دەقەکەی گەیاندە کاروباری دەرەوە و داواکاریی دووەمی تێدا بوو، بەزمانیش ئەوەی پێ وتن کە ڕەزامەندی لەندەنیشی لەگەڵە و دەبێ لە خیلالی چل و هەشت سەعاتدا وەڵام بدرێتەوە.

خاڵی یەکەم: مۆرگان شوستەر دەرکرێت.

خاڵی دوو: نابێت کار بدرێتە پسپۆرێکی بێگانە، پێش ئەوەی ڕەزایی بوونی ڕووس و ئینگلیزی لەسەر بێت.

## XLVII

له بارەگای پەرلەمان هەر حەفتاوشەش پەرلەمانتارەکە چاوەڕێ بوون، هەندێکیان مێزەر لەسەر و هەندێکی دیکەش فێس یا ئەوە کڵاویان لەسەربوو؛ هەندێ له «ڕۆڵەکانی ئادەم»یش لەوێ بوون، ئەوانەی زۆر زۆر خەباتکەریش بوون، جلوبەرگی ئەورووپییان له بەر بوو. سەعات یانزە، سەرۆکی وەزیران چووە سەر سەکۆکە، هەروەکو بچێتە سەر قەنارە وابوو، بەهەناسەبڕکێ دەقی ئینزارەکە دەخوێنێتەوە و هەروەها پێش ئەوەی بڕیاری حکوومەت بخوێنێتەوە باسی ئەوەشیان بۆ دەکات کە لەندەن پشتیوانی قەیسەر دەکات: بەرگری نەکرێت و داواکان قبووڵ بکرێت، ئەمەریکییەکە دەرکرێ؛ پێش ئەوەی لەژێر پۆستاڵ بپلیشێنەوە، بەکورتی دەبێ بگەڕێنەوە ژێر ئینتیدابی زلهێزەکان. بۆ ئەوەی شتی خراپتریشیان بەسەر نەیەت، پێویستە بزانین چمان دەوێ؛ کەواتە مەسەلەی سیقە دەهێنێتە گۆڕێ؛ ئەوەشی هێنایەوە یادی پەرلەمانتارەکان کە ئینزارەکە نیوەڕۆ تەواو دەبێت و وەختیش هەندە بەدەستەوە نییە و گفتوگۆش نابێت زۆر درێژە بخایەنێت. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لەسەر سەکۆکە بوو، بێ وچان بەرارایی تەماشای ئەو لایەی دەکرد کە بۆ میوانان تەرخان کرابوو، مسیۆ پۆخیتانۆف دانیشتبوو، کەس نەیتوانی هاتنە ژوورەوەی لێ قەدەغە بکات.

کاتێکیش سەرۆکی وەزیران دانیشتەوە، نە هۆیهای لێ کرا، نەچەپڵەشی بۆ لێدرا. تەنها بێدەنگییەکی قورس و تەنگ پێهەڵچن و هەناسەبڕ. پاشان سەیدێکی ڕاستەقینە هەڵدەستێ، لە بنەچەی پێغەمبەرە و نوێخوازی پلەی یەکەمیشە زۆر بەگەرمی لایەنگریی لە پەیامەکەی شوستەری کرد. خیتابەکەی کورت بوو:

– ڕەنگبێ ئەمە ئیرادەی خودا بێت کە وا ئازادی و حوکمڕانیمان بەزەبری هێز لە چنگ دەردەهێنن. بەڵام ئێمە بەکەیفی خۆمان دەسبەرداریی نابین.

بێدەنگییەکی تر. پاشان یەکێکی دیکە، ئەویش شتێکی کورتی وت و هەر لە هەمان ئاست. مسیۆ پۆخیتانۆف هەمیشە سەیری سەعاتەکەی سەر



مەچەکی دەکرد. سەرۆکی وەزیران دەیبینێ، زریزەیەکی ڕادەکێشێ و سەیری سەعاتە قۆقزە گەورەکەی دەکات. سەعات بۆ دوانزە بیست دەقەی دەوێ. هار دەبێت، نووکی گۆچانەکەی دەداتە سەر عەردەکە، داوای ئەوە دەکات کە دەنگ بدرێت. لەبەر بەهانەی جیاواز، چوار پەرلەمانتار خۆیان دەکشێننەوە، حەفتاکەی دیکە، هەموویان دەڵێن «نەخێر». نەخێر بۆ داواکارییەکەی قەیسەر. نەخێر بۆ دەرکردنی شوستەر. نەخێر بۆ هەڵوێستی حکوومەت. ئیتر سەرۆکی وەزیران هەست بەوە دەکات کە حەل کرا، لەگەڵ کابینەکەی دەکشێتەوە. پۆخیتانۆف، ئەویش هەڵدەستێتە سەرپێ؛ کاتی ئەوە هاتبوو و کە دەبوایە تەلەگراف بۆ سان پێتەرس بورگی کات.

دەرگا گەورەکە بەقایمی داخرا و زایەڵەکەی قەدەرێک لەناو هۆڵەکە دەنگی دایەوە. پەرلەمانتارەکان بەتەنها دەمێننەوە. سەرکەوتن، بەڵام هیچ نیازێکیان نییە ئاهەنگ بۆ ئەم سەرکەوتنە سازکەن. دەسەڵات لەژێر دەستییانە: چارەنووسی دەوڵەت و چارەنووسی دەستوورە ساواکە بەدەستی ئەوانەوەیە. چ دەتوانن بکەن، چییان دەوێ؟ هیچ شتێک نازانن. کۆبوونەوەیەکی ناواقیعی، غەمگین و پاشاگەردان. لە هەندێ ڕووشەوە منالانە بوو. جار ناجارێ فیکرەیەک لە دایک دەبوو، پاشان ڕایان دەماڵی:

– ئەی ئەگەر داوا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەین لەشکرمان بۆ بنێرن؟

– بۆچی لەشکر دەنێرن، ئەوان خۆیان دۆستی ڕووسیان. ئایا ڕۆزڤێلت نەبوو کە نێوان میقادۆ و قەیسەری ئاشت کردەوە؟

– بەڵام شوستەر لە بەینایا، ئایا نایانەوێ یارمەتی بدەن؟

– شوستەر لە وڵاتی فارس گەلێ بەناوبانگە؛ بەڵام لە وڵاتەکەی خۆی، کەس نازانێ ناویشی چییە. سەرکردە ئەمەریکییەکان ئەوەیان زۆر بەدڵ نابێ کە ببینن شوستەر وەزعی لەگەڵ سان پێتەرس بورگ و لەندنەوە ناخۆش دەکات.

– دەتوانین پێشنیاری ئەوەیان بۆ بکەین کە بێن و هێڵی شەمەنەفەرمان

بۆ دروست بکەن. تەماحیان بدەینێ، ڕەنگبێ بەپیرمانەوە بێن.

– ڕەنگە بەڵام ئەمە بەلایەن کەم شەش مانگی دەوێ، قەیسەر دوو هەفتەی تر لێرەیە.

ئەی تورکان؟ ئەی ئەڵمانییەکان؟ بۆ نا یابانییەکانیش؟ ئەی ئەوان نەبوون ڕووسەکانیان لە ماندچووری هەلاهەلا کرد؟ لەپڕێکدا کاتێک، پەرلەمانتارێکی لاو، بەئاستەم بزەی لەسەرلێوە، خەڵکی کرمان دەبێت، پێشنیاری ئەوە دەکات و دەڵێ با تەختی وڵات بدەینە میقادۆ، فازیل تەقییەوە:

– با ئەمەش باش بزانین، ئێمە توانای ئەوەشمان نییە هانا بۆ خەڵکی ئیسفەهان بەرین! ئەگەر بمانەوێ شەڕ بکەین، ئەوە دەبێ پشت بەتاران ببەستین، بەو چەک و تفاقەی کە ئێستا لە تاران دایە. هەروەکو لە تەورێزی سێ ساڵ لەمەو بەر. هەزار کۆزاک نانێرنە سەرمان، بەڵکو پەنجا هەزار. دەبێ ئەوەش بزانین کە شانسێکی زۆر کەممان هەیە ئەو شەڕە ببەینەوە.

ئەم قسەیە لەهەر یەکێکی دیکەوە بوەشایەوە، ئەوە لە هەموو لایەکەوە تاوانبار دەکرا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم قسەیە لەلایەن قارەمانی تەورێزەوە کرا، یەکێ بوو لە «ڕۆڵە گەورەکانی»، قسەکەیان هەروەکو خۆی وەرگرت، قسەیەک بوو تەعبیری لە حەقیقەتی تاڵ دەکرد. لەم دیدەنیگایەوە ئیتر سەختە بیر لە بەرگری بکرێتەوە. بەڵام فازیل هەر ئەمە دەکا و بەس.

– ئەگەر ئامادەیی ئەوەمان تیا بێت بجەنگین، ئەوە لەبەرئەوەیە کە دەمانەوێ داهاتوو بپارێزین. ئەرێ هەموو وڵاتی فارس هێشتا بەیادی ئیمام حوسێنەوە ناژێت؟ سەرەڕای ئەوەی ئەم شەهیدە، تەنها جەنگێکی دۆڕاوی بەرپا کرد، بەزی، پێشێل کرا، کوژرا، خۆ هەر ئەویشمان خۆش دەوێ. وڵاتی فارس پێویستی بەخوێن هەیە بۆ ئەوەی بڕوا بکات. ئێمە حەفتا کەسین، هەروەکو یاوەرەکانی ئیمام حوسێن. ئەگەر بێت و هەموو بمرین، ئەم پەرلەمانە دەبێتە جێگای زیارەت، ئیتر دیموکراسییەت بۆ سەدان ساڵ ڕەگی ڕۆ دەچێتە خاکی ڕۆژهەڵاتەوە.



هەموو دەڵێن ئامادەین بمرین، بەڵام نامرن. نەک لەبەرئەوەی ورەیان بەردا یا خیانەتیان لە مەسەلەکەیان کرد. بەڵکو زۆر بەپێچەوانەوە، لەوە دەگەڕان چۆن سەنگەری شار مەحکەم بکەن، هەروەکو لە تەورێز، فیداکار بەهەزاران هاتنە پێشەوە، بەتایبەت «ڕۆڵەکانی ئادەم». بەڵام بێ سوود بوو. دوای ئەوەی باکووری وڵاتیان داگیرکرد، لەشکری قەیسەر بەرەو پایتەخت کەوتبوونە ڕێ. تەنها هەر بەفر بوو نزیکبوونەوەیانی کەمێ سست کردبوو.

٢٤ی بەفرانباری، سەرۆک وەزیری جاران بەزەبری کودەتاوە، دەسەڵاتی گرتەوە دەست. بەیارمەتی کۆزاکەکان، بەیارمەتی عەشیرەتی بەختیاری، بەیارمەتی بەشێکی زۆری لەشکر و جەندرمە، خۆی بەسەرداری پایتەخت هەڵبژارد و جاڕی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانیشی دا. چەند پەرلەمانتارێک گیران. لە هەموو چالاکییەکانیشیان وڵاتبەدەر کران، ناوی فازیلیش لەسەری لیستەکەوە بوو.

یەکەم کاری ڕژێمی نوێ ئەوەبوو بەشێوەیەکی ڕەسمی داواکاریی قەیسەر مۆر کات. بەئەدەبەوەش، نامەیەکییان ناردە کن مۆرگان شوستەر و ئەوەیان پێ ڕاگەیاند کە ئیتر وەزیفەی خەزنەداری گشتیی بەڕێوە نابات. تەنها هەر بۆ ماوەی هەشت مانگ لە فارس مایەوە، هەشت مانگی هەناسەبڕکێ، گێژکەر و بەتاسە، هەشت مانگ، وەخت بوو سەرتاپای مێژووی ڕۆژهەڵات بگۆڕێ.

لە ١١ی ڕێبەندان ١٩١٢، شوستەر زۆر بەڕێزەوە بەڕێ کرا. شای لاو، ئۆتۆمبێلەکەی خۆی خستە ژێر دەستی و شوفێرە فەرەنسییەکەشی لەگەڵ نارد، مسیۆ ڤارلێ، بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە بەندەری ئەنزیلی. ئێمەش زۆربووین، چ بێگانە، چ خەڵکی وڵات، هاتبووین ماڵئاوایی لێ بکەین، هەندێک تاکو بەردەرگاکەی چوون و هەندێکیش لە ڕێگاوبانەکاندا دوعاخواحافیزی لێ دەکرد. بەبێ هاوار و بانگکردن، بێگومان، تەنها بەدەست ڕاوەشاندنێکی زۆر لەسەرخۆ، فرمێسکیش بەچاوی ژن و پیاوا چۆڕەی دەهات، خەڵکێکی نەناسراو بۆ ئەو مەعشووقە کە دەگریێ کە خەریکە دەسبەرداری دەبێ. بەدرێژایی ئەو ڕێگایەش تەنها ڕووداوێک ڕووی دا، ڕووداوێکی بچووک بوو: بەرامبەر بەقافڵەکە کۆزاکێک، وای

نیشان دا کە خەریکی هەڵگرتنی بەردێکە و بەرەو ئەمەریکییەکە هەڵی دەدات، بەڵام بڕوا ناکەم کە بەردەکەشی هەڵگرتبێ.

کاتێک ئۆتۆمبیلەکە لەودیو دەرگای قەزوێن لە پێش چاو ون بوو، چەند هەنگاوێک لەگەڵ شارل ڕوسێل ڕۆیشتم. پاشان بەتەنها، بەپێ گەڕامەوە کۆشکەکەی شیرین.

هەرکە بینیمی:

– دەڵێی هەر بەتەواوی ڕووخاوی.

– دوعاخواحافیزیمان لە شوستەر دەکرد.

– ئا! خۆ لە کۆتاییدا وڵاتی بەجێهێشت!

زۆر سوور نەبووم لە نەبرە سەرسوڕمانەکەی. خۆی جوانتر ڕوون کردەوە:

– ئیمڕۆ لە خۆم دەپرسم، ئایا هەر چاکتر نەبوو پێ نەنێتە ئەو وڵاتەوە.

بەقینەوە سەیریم کرد.

– ئەوە تۆی ئەمە دەڵێی!

– بەڵێ منم. ئەمە شیرینە کەوا دەڵێ. ئەوە من بووم کە لە کاتی هاتنی چەپڵەم بۆی لێدا، من بووم کە هەموو کارێکیم دەسەلماند، من بووم لەودا قوتارکەرێکم دەبینی، ئێستا پەشیمانم لەوەی کە هەر دەبوو لە وڵاتەکەی خۆی بمێنێتەوە، لە وڵاتە دوورەکەی خۆی.

– بەڵام گوناهی ئەو چی بوو؟

– هیچ هەر ئەوە دەسەلمێنێ کە هیچ لە وڵاتی فارس نەگەیشت.

– بەڕاستی لێت تێناگەم.

– ئەگەر حەقی وەزیر بێت بەرامبەر بە شا، ئەگەر حەقی ژن بێت بەرامبەر بەمێرد، ئەگەر حەقی سەرباز بێت بەرامبەر بەئەفسەر، ئایا دووجار تەمبێ ناکرێت؟ بۆ ئەوانەی لاوازن، لەسەر حەق بوون هەڵەیە. بەرامبەر بەڕووس و ئینگلیز، وڵاتی فارس لاوازە، دەبوایە هەروەکو لاواز ڕەفتاری بکردبایە.

– تا ئاخر زەمان؟ ئایا بۆی نییە ڕۆژێ لە ڕۆژان سەر هەڵبڕێ، دەوڵەت دامەزرێنێ، میللەت پەروەردە بکات، ئەویش بچێتە پاڵ وڵاتە پێشکەوتوو



و ڕێز لێگیراوەکانەوە؟ شوستەر دەیویست ئەوە بکات.

– بۆ ئەمەش جێی ئیعجابی تەواوی منە. ناشتوانم ئەوە نەڵێم ئەگەر بێت و هەندە بەخێرایی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنایە، ئەوە ئیمڕۆ وا قەد نەدەکەوتینە ناو ئەم بارودۆخە غەمگینەوە: دیموکراسییەکەمان لەناوچوو و خاکەکەیشمان داگیرکرا.

– تەماحی قەیسەر ئا ئەمە بوو، ئەمەش زوو یا درەنگ هەر دەبوایە ڕوو بدات.

– لێقەومان تا درەنگ ڕووبدات چاکترە! نوکتەکەی مەلای مەشوورت لەیاد نییە، چیرۆکی گوێدرێژەکەی کە لەگەڵ مەلادا قسە دەکات؟

مەلای مەشوور، قارەمانێکی نیمچە ئەفسانەیە، هەموو نوکتەی وڵاتی فارس و ئۆزبەگیستان و ئاسیای بچووک دەگرێتەوە. شیرین دەستی بەگێڕانەوەی کرد:

– وەکو دەڵێن پاشایەکی نیمچە شێت هەبوو، مەلا بەوە تاوانبار دەکات کە کەرێکی دزیوە. ئا لەو کاتەی کە مەلا بەرەو قەنارە دەبەن، دەست دەکات بەهاوار: «ئەم حەیوانە لە هەقیقەتدا برای خۆمە و سیحربازێک کردوویەتییە ئەم کەرە، ئەگەر تەنها بۆ ماوەی ساڵێک ئەم کەرەم لا دانێن، ئەوە وای لێ دەکەم کە دەست بکاتەوە بەقسەکردن!» پاشا کەمێ شپرزە دەبێ، پەیمانی مەلا دووبارە دەکاتەوە، پێش ئەوەی حوکمەکەی بخوێنێتەوە: «زۆرباشە مەلا! بەڵام ئەگەر بێت و دوای ساڵێک، کەرەکە نەکەوتە قسە، خۆ ئەوە لە سێدارەت دەدەین.» لەکاتی دەرچووندا، ژنەکەی بانگی مەلا دەکات: «چۆن چۆنی پەیمانی وایان دەدەیتێ؟ تۆ باش دەزانی کە ئەم کەرە فێری قسە نابێت. – مەلای مەشوور لە وەڵامدانەوەدا دەڵێ، بێگومان ئەمە دەزانم، تا ساڵێکی دیکە، یا ئەوەتە پاشا دەمرێ، یا کەرەکە دەمرێ یا ئەوەتە من بۆ خۆم دەمرم.»

شازادە درێژەی بەقسەکانی دا:

– ئەگەر بمانتوانیایە قازانج لە وەخت بکەین، ڕەنگ بوایە ڕووسیا لە بەلقان یا لە چین تووشی گێچەڵی شەڕ ببوایە. خۆ باشە قەیسەریش

ئەبەدی نییە، بۆی هەیە بمرێ، یا ئەوەتا، هەروەکو پێش شەش ساڵ لەمەوبەر، لە ڕێگای ڕاپەڕین و یاخیبوونەوە جێ لەق کرێ. دەبوایە کەمێ سەبر بدەینە خۆ و چاوەڕوان بین، وردتر بڕوانینە کێشەکە، پاشەقوڵمان بدایە، خۆمان شل بکردبایە و پەیمانمان بدابایە. حیکمەتی ڕۆژهەڵات هەر ئەمە بووە: شوستەر ویستی بەڕیتمی ڕۆژئاوا بەرەو پێشکەوتنمان بەرێ، بەڵام یەکسەر بەرەو خەرەند غلی کردینەوە.

کاتێک ئەم قسانەی دەکرد، پێدەچوو ئازار بکێشێ؛ نەم ویست ڕەتی بدەمەوە. درێژەی بەقسەکانی دا:

– وڵاتی فارس بەبەلەمێکی چارۆگەداری بەدبەخت دەکات. دەریاوانەکان هەمیشە سکاڵای ئەوە دەکەن کە بای تەواو نییە بۆ ئەوەی پێشکەون. لە پڕێکدا، وەکو سزا، ئاسمان گێژەلووکەکەیان بۆ دەنێرێ.

بۆ قەدەرێک ڕاماین و غەم دایگرتین. پاشان دەستم کردە ملی.

– شیرین!

ئایا لەبەر شێوەی ناوبردنەکەی بوو؟ ڕاچڵەکی و خۆی لێم دوورخستەوە و بەوردی و بەگومانەوە تێی دەڕوانیم.

– دەڕۆی.

– بەڵێ. بەڵام بەشێوەیەکی دیکە.

– چۆن دەکرێ «بەشێوەیەکی دیکە» بڕۆی؟

– پێکەوە دەڕۆین.



## XLVIII

شێربورگ، ١٠ی بانەمەڕ ١٩١٢.

بەرامبەرم تا چاو بڕ دەکات لا مانچە، هێمن و بەشێوەیەکی ڕەتیبیش زبوین. شیرینیشم لە تەنیشتمەوەیە. کەشکۆڵەکەش وا لەناو جانتاکانمانە. لە دەوری ئێمەش، تا حەز بکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی هەن.

هەندە بەسەر شان و باڵ و ناوبانگی ئەو کەسانە هەڵشاخین کە سواری تیتانیک بوون، ئەوەیان لەبیر چووبووەوە ئەم پاپۆڕە زلە بۆ کێ دروست کرابوو: بۆ موهاجیرەکان، بۆ ئەو ملیۆنەها ژن و پیاو و منداڵانەی کە خاکێک نەبوو نانیان بداتێ، بۆیە خەونیان بەئەمەریکاوە دەبینی. ئەم پاپۆڕە دەبوایە خەڵکێکی زۆر هەڵگرێ: لە ساوثماپتۆن ئینگلیز و سکاندەنافییەکان، لە کوینستۆن ئێرلەندییەکان و، هەروەها لە شێربورگیش، ئەوانەی هەڵدەگرت کە لە دوورەوە دەهاتن، یۆنانی و سوری و ئەرمەن ئەناتۆلی و جوولەکەی سالۆنیک یا هی بێسارەبی، کرواسی و سێرب و فارسانی هەڵدەگرت. ئەو ڕۆژهەڵاتییانە بوو کە لە بەندەرەکاندا چاومان پێیان دەکەوێت، لە دەوری بوزگوڕ و بوخچە پەڕپووتەکانیان کرۆشکەیان دابوو، پەلەی ئەوەیانە هەر بەخێرا خۆیان لە جێگایەکی دیکە بدۆزنەوە و لە هەندێ کاتی ناهەمواریشدا، لە پارچە کاغەزێکی ونبوو بگەڕێن، یا بەدوای منداڵێکی هارەبانە غار بدەن، یا لەبیژییەکی وا بگەڕێن کە لەژێر ئەسکەمبیلەکانا خۆی گرمۆڵە دابێت. لە چاوی هەر هەموویانا داوی موغامەرەیەک دەخوێندرایەوە، غەمگینییەک، تەحەدایەک، هەر خێراش هەست بەئیمتیاز دەکەن کاتێ خۆیان لە ڕۆژئاوادا دەبیننەوە، دڵخۆش دەبن بەوەی کە خۆیان لەناو پاپۆڕێکی وا بەتوانا و هاوچەرخ و چوستەوە دەبینی، لەوەو پێش قەد بەخەیاڵی ئینسانا نەهاتبێ.

هەستی منیش زۆر لەوەی ئەوان جیاوازتر نەبوو. سێ هەفتە لەمەوپێش، لە پاریس شیرینم گواستەوە، هەر لەبەرئەوەی سەفەرێکی هەنگوینی پێشکەش بەهاوسەرەکەم بکەم و شایانی ئاهەنگێکی ڕۆژهەڵاتانە بێت کە ئەو پێی ڕاهاتبوو، سەفەرەکەم دواخست. ئەمە چڵێسییەکی بێ سوود

نەبوو. شیرین هەمیشە فیکرەی ئەوەی ڕەت دەکردەوە کە بچێت لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بژێت، ئەگەر شکستی ئەو هەڵسانەوەیە نەبوایە کە ولاتی فارس لە کیسی خۆی دا، ئەوە قەد دوام نەدەکەوت. نیازی ئەوەم هەبوو کە دونیایەکی بۆ دروست بکەم گەلێ لەوەی خۆی ئەفسووناویتر بێت.

تیتانیکیش بۆ ئەم مەبەستەی من یەکاویەک بوو. پێدەچوو لەلایەن کەسانێکەوە دروست کرابێت کە لەناو ئەو کۆشکە سەر ئاوکەوتووە، نایابترین گەمە و یاری بۆ بگوازنەوە، لەوانە هەندێ بەختیاری ڕۆژهەلاتانە بوو: حەمامی تورکی لەوانەی کە لە ئەستەمبوول یا لەوانەی کە لە قاهیرە هەن زیاتر جێی حەوانەوە و ئیسراحەتی تیا دەبووەوە؛ کەپری بەدارخورما دەورەدراو؛ هۆڵی جومناستیک، لەنێوان ئەو شیشە جێگیرانەی کە بۆ خۆگرتن دەشێ و شڤال دەرسۆنەکان(٣)، وشترێکی کارەبایی داندراوە، هەر بەدەست سویچێکەی بادەی، هەستی ئەوەت دەداتێ کە لە ناوەندی بیابان دای.

لەسەر تیتانیک تەنها لەوە نەدەگەڕاین خۆمان بەئاوهەوای نامۆ و ئێگزۆتیکی جۆش بدەین. دەشچووینە ئەو شوێنانەی کە لەززەت و ڕابواردنی ئەورووپییانەی لێیە، ویترمان(٤) دەخوارد، یا مریشکی سوورەوەکراو وەکو ئەوەی لە شاری لیۆن ئامادە دەکرێت، ئەمە خواردنی تایبەتی پرۆکتۆری چێشتلێنەرە، ئەم چێشتە لەگەڵ شەرابی کۆس دیستورنێلی ١٨٨٧ دەخورێ، ئەمە لەکاتی گوێگرتنی ئۆرکێسترا بەجلوبەرگی سمۆکینگەوە(٥)، کە ڕەنگی شینی شەوینی هەبوو، گوێمان لە

(٣) **(Cheval d'arçons)** جۆرە ئامێرێکی ئستیوانەییە، لەسەر چوار پێچکەی بزێو دادەنرێت بۆ هەڵبەزین بەکار دەهێنرێت. (وەرگێڕ).

(٤) **(Huître)** بەعارەبی مەحاری پێدەوترێ، لەسەدەفیاتە، شێوەیەکی قۆقز و مەیلەو خڕی هەیە، بەخێو دەکرێ یا لە دەریا ڕاو دەکرێ، جۆری زۆری هەیە. (وەرگێڕ).

(٥) لە چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەش و بۆینباغێکی پەپوولەیی و کراسێکی سپی پێک دێت. جلوبەرگی ئاهەنگە تایبەتییەکانی شەوانە.



حیکایەتەکانی هۆفمان و لا گەیشا و مۆگۆلە گەورەکەی لودێر دەگرت.

لە هەمووی بەلەززەتتر بۆ من و شیرین ئەوەبوو کە بەدرێژایی عیشقمان لە ولاتی فارسدا دەبوایە ئەم پەیوەندییە بشارینەوە. سەرەڕای گەورە و فراوانی ئەو کۆشکانەی کە تیایا دەژیان جا چ لە تەورێز بوایە یا لە زارگەندە یا ئەوەتا لە تاران بوایە، دەبووایە هەمیشە خۆشەویستەکەمان لەنێو چوار دیوار بشارینەوە، شایەدی عیشقەکەشمان ئاوێنەی نەخشاو بەلاچاو تەماشاکردنی خزمەتکارەکان بوو. ئێستا چێژی ئەوە دەکەین کە پێکەوە دەبینرێین، ژن و پیاوێک قۆڵیان لە قۆڵی یەکترە و، لەژێر تەماشاکردنی نامۆیانە تا شەوی درەنگ نەمان دەویست بگەڕێینەوە کابینەکەمان، سەرەڕای ئەوەی گەورەترین و فەراحترین ژووربوون لەسەر پشتی پاپۆڕەکە.

دوا لەززەتی ئێوارەمان، پیاسەکردن بوو. دوای ئەوەی شیومان خوارد، چووینە لای ئەفسەرەکە، کە هەمیشە هەر هەمان کەس بوو، بۆ ئەوەی بمانباتە لای قاسەکە و کەشکۆڵەکە دەربهێنین و زۆر بەنرخەوە لەگەڵ خۆمان بەسەر پرد(٦) و کۆریدۆرەکانە(٧)وە گری بدەین. لەسەر قەنەفە لە زەل دروستکراوەکانی قاوەخانەی پاریسی لێی دادەنیشتین، هەر وا بەرێکەوت چەند چوارینەیەکمان دەخوێندەوە و پاشان بەپەیژەی ئەلەتریکەکە بەرەو پیاسەگاکە دەچووینە سەرەوە، بێ ئەوەی ترسی ئەوەمان هەبێت یەکێک بەسەرمانا بێت، لە هەوای ئازاد یەکترمان ماچ دەکرد. شەوی درەنگیش، کەشکۆڵەکەمان لەگەڵ خۆمانا دەهێنایە ژوورێ، دوای تێپەڕبوونی شەو، بۆ سبەینێ، دەماندایەوە دەست هەمان ئەفسەرەوە و بۆی دەخستینە ناو قاسەکەوە. بەنیسبەت شیرینەوە ئەم تەقسە ئەفسوونبەخش بوو. وەکو ئەرکی لێ هاتبوو، دەبوایە هەموو وردەکارییەکان لەبەر بکەم، بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی ئایندە، هەروەکو خۆی بیلێمەوە.

(٦) **(Pont)** لە تەختە یا لە میتال دروست دەکرێت، ئاسۆییانە، ئەملاو ئەولای پاپۆڕێک پێکەوە گرێ دەدا. (وەرگێڕ).

(٧) **(Corridore)** دەکرێ بەتێپەڕگە ناوزەد بکرێت. (وەرگێڕ).

ئا بەم شێوەیە بوو کە بۆ ئێوارەی چوارەم، کەشکۆڵەکەم کردەوە، ئەو لاپەڕەیەم هەڵدایەوە و خەیام ئەمەی نووسیبوو:

لێم دەپرسی هەناسەی ژیانم لە کوێوە دێت.
ئەگەر بێت ئەم چیرۆکە زۆر کورت کرێتەوە،
ئەوە دەڵێم لە ناواخنی ئوقیانووسەوە دەردەپەڕێ،
پاشان جارێکی دی لە پڕێکدا قووتی دەداتەوە.

ئامـاژەکـردن بۆ ئۆقـیـانووسم لەلا عـەنتـیکە بوو: ویسـتم هێـواشـتـر بیخوێنمەوە. شیرین ڕێی لێ گرتم:

– تکات لێ دەکەم!

وەخت بوو بتاسێ؛ بەڕاڕایی سەرنجیم دا.

بەدەنگی خنکاوەوە وتی:

– ئەم چوارینەیەم لە بەر بوو، بەڵام لەپڕێکدا، وام هەست دەکرد کە ئەمە بۆ یەکەمین جارە گوێم لێ دەبێ. بەڵام هەروەکو...

نەیویست ئەمەم بۆ لێک بداتەوە، پێش ئەوەی قسە بکات خۆی گرتەوە و هێمن بووەوە:

– سەرەتا حەز دەکەم بگەینە جێ.

شانم هەڵتەکاند.

– ئەگەر لە هەموو دونیـادا پاپۆڕێک هەبێت بۆ ئەوەی بەدڵنیـاییـیـەوە سەفەری پێ بکەین، ئا ئەمـەیە، هەروەکو کاپتن سمیث وتی، ئەم پاپۆڕە بۆی نییە نوقم بێت!

نەم دەزانی بەم قـســـانە و بەم نەبرە ناسکە دڵـی بدەمـــەوە، ئەوە کاریگەرییەکی پێچەوانەی دەبێ. خۆی بەبازوومـەوە گرت و بەچرپە پێی وتم:

– قەد ئەمە نەڵێی! قەد قەد!

– بۆچی خۆت تووشی ئەو وەزعە دەکەیت؟ خۆ ئەوە دەزانی ئەمە تەنها خلیسکانی زمان بوو و بەس!

– لە وڵاتی ئێـمە خوانەناسێکیش جورئەتی ئەوە ناکات ڕستـەیەکی وا بڵێت.



دەلەرزی. لەو ڕەت فـیـعلە توندوتیژەی تێ نەدەگەیشتم. داوام لێ کـرد بگەڕێینەوە کـابینەکـەمـان و بۆ ئەوەی لە ڕێگاش بەرنەبێـتـەوە دەبوایە بیگرم.

پێیدەچوو بۆ ڕۆژی دوایی چاک بووبێتەوە. بۆ ئەوەی بیخافڵێنم، ویستم بیبەم و شتە سەیروسەمەرەکانی پاپۆڕەکەی پێ نیشان دەم. چووین و من سواری پشتی وشترە ئەلەکتریکییەکە بووم و بەرگەی پێکەنینەکەی هینری سلیپەر ئارپێریشم گرت، سەرنووسەری هەفتەنامەیەک بوو. لەژێر هەمان ناویش بۆ چەند سـاتێک لەگـەڵمـانا بوو و پێش ئەوەش باسی سـەفـەری خـــۆیمان لەمـــەڕ ڕۆژهەڵاتەوە بۆ بکات چای پێـــشکەش کـــردین، زۆر بەشێوەیەکی ڕەسمی سەگە پەکینییەکەی پێشکەش کردین و، هەروەها ناوی سوون یات سێنی ناو نابوو، بەشەرافەتی ڕزگارکەری چین، هەرچەندە ئەم ناولێنانە دووفـاقی بوو، بەڵام هیچ شتـێک ڕووگرژی شـیـرینی خـاو نەدەکردەوە.

بۆ ئێـوارە، بۆ شـیـو خـواردن، زۆر بێـدەنگ بوو؛ هەست بەوە دەکـرا کـە داهێزراو بێت. منیش ئەوەم بەباش زانی ئەو پیاسەیە لەغوو بکەمەوە کە قەول بوو پێکەوە بیکەین و خوومـان پێوە گرتبوو. کەشکۆڵەکەم هەر لە قاسەکە هێشتەوە. گەڕاینەوە و خەوتین. هەر هەندەی نەبرد بۆ نێو خەوێکی ناخۆش شۆڕ بووەوە. منیش، زۆر خەمخۆری بووم و زۆریش عـادەتم نەبوو وا زوو بخەوم، قەدەرێکی زۆر سەرنجیم دەدا.

بۆ درۆ بکەم؟ کاتێک کە کەشتییەکە بەر ئایسبێرگەکە کەوت هەستم پێی نەکرد. دوای ئەمـە، کـاتێک بەوردی ئەوەیان بۆ باس کـردم کـە لە چ کاتێکدا ئەم پێکدادانە ڕووی دا، ئینجا ئەوەم بەیادا هات کە پێش نیوەی شەو گوێم لە داشیـڕانێک بوو کـە هەر بەدڕینی چەرچەفـێک دەچوو کـە لە کابینەیەکی نزیکەوە بکەوێتە بەرگوێم. هیچی تر. ئەوەم نایەتەوە یاد گوێم لە پێکدادانێک کردبێت. بەڵکو هەندەی نەبرد خـەوم لێکەوت. ئەوکـاتە هاتمەوە ئاگا کە یەکێک زرمەی لە دەرگاکەم هەستاندبوو، هاواری دەکرد و شتێکی وت، بەڵام هیچی لێ حاڵی نەبووم. سەیری سەعـاتەکەم کرد، بۆ یەک دە دەقـیـقـەی دەویست. پەشـتـەمـاڵی ژووری نووسـتنم کـردە بەر و

دەرگـاکـەم کـردەوە. داڵانەکـان چۆڵوهۆڵ بوون. بەڵام لە دوورڕا گـوێم لە گـفـتوگـۆ دەبوو بەدەنگی بەرز دەکـرا؛ بۆ شـەوێکی درەنگی وا شـتـێـکی ئاسـایی نەبوو. لە هەقـقـەت بەبێ ئەوەی زۆر ڕاڕا بم، بڕیاری ئەوەم دا بڕۆم و بزانم چ باسە، بێگومان هەوڵی ئەوەم دەدا کە شیرین لە خەو نەکەم.

لەسـەر پەیژەکـان، تووشی سـتـیـواردێک بوو کـە بەنەبرەیەکی توندوتیـژ قسەی دەکرد، باسی لە «گرفتێکی بچووک دەکرد» کە بەشێوەیەکی کتوپڕ ڕووی دابێت. قسـەی کـابتـانی دەوتەوە و دەیوت هەمـوو مـوسـافـیـرەکـانی پلەی یەک با لەسـەر پردی هەتاو گـرد ببنەوە، لەسـەرووی سـەری کەشتییەکە.

– پێویستە هاوسەرەکەم لەخەو هەڵسێنم؟ ئیمڕۆ کەمێ نەساغ بوو.

– کاپتنەکە وتی هەر هەموو، ستیواردەکە بەگومانێکەوە وەڵامی دامەوە.

گەڕامەوە کابینەکە و بەهێمنییەکی تاکو بڵێی کە پێویست بکات، شیرینم لەخەو هەڵساند و بەناو لەپ نەوازشم لەگەڵ ناوچەوانی دەکرد، پاشانیش لەگەڵ برۆکانی و بانگیم کرد و لێوم نابووە بناگوێیەوە. هەرکە نووزەیەکی کرد، بەچرپە پێیم وت:

– وا پێویست دەکات هەڵسێی، پێویستە بچینە سەر پردەکە.

– ئەم ئێوارەیە نا، گەلێ سەرمامە.

– مەبەستم لە پیاسەکردن نییە، ئەمە فرمانی کاپتنەکەیە.

ئەم دوا وشـەیە کـاریگەرییـەکی ئەفسـووناوی وای هەبوو لەسـەر دۆشەکەکەی هەڵبەزییەوە و هاواری کرد:

– خودایە![٨]

بەخێرا خۆی کردە بەر. بەپەشۆکاوی. هەوڵی ئەوەم دا هێوری کەمەوە، پێم وت لەسەرخۆی چونکە هەندە بەپەلە نین. بەڵام، کاتێکیش گەیشتینە سەر پردەکە، هەڵچوونێکی تەواو ڕووی دابوو و موسافیرەکانییان بەرەو گەمی ڕزگارکەرەکان دەبرد.

تووشی ستیواردەکە هاتمەوە، ئەویش لەوێ بوو، بەرەو پیربی چووم؛ وەکو

(٨) لە دەقەکەش هەر وا نووسراوە. (وەرگێڕ).



جاران بەگەرموگوڕ بوو.

دەی وت:

– با سەرەتا ژن و مناڵەکان بچن و ئەمەشی بەتوانجەوە دەوت.

دەستی شیرینم گرت و ویستم بەرەو ئەو شوێنە بیبەم کە خەڵکەکە بەرەو گەمییەکان ئامادە دەکران، بەڵام نەیدەویست.

– ئەی کەشکۆڵەکە! دەپاڕایەوە.

– لەناو ئەم بگرەوبەردەیەدا ترسی ئەوە هەیە کە ون بکرێت! شوێنەکەی زۆرباشە، لەناو قاسەکە هیچی لێ نایەت!

– بەبێ ئەو، لە شوێن خۆم ناجووڵێمەوە!

ستیواردەکە هەڵی دایەوە:

– مەبەست ئەوە نییە برۆین، هەر تەنها موسافیرەکان بۆ ماوەی سەعاتێ دوو سەعات لە کەشتییەکە دوورکەینەوە. ئەگەر بەقسەی من دەکەن گرینگ نییە. خۆ کاپتن ڕەشمەی وەزعەکەی لەچنگ دایە...

من ئەوە ناڵێم کە قەناعەتیان پێ هێنا. نەخێر، دەستیان ڕاکێشا و ئەویش و هیچ بەرگرییەکی نەنواند. ئەمەش تاکو کەنارەکە لەوێش ئەفسەرێک هاوارێکی لێ کردم:

– کاکی خۆم لێرەوە، پێویستمان بەتۆ هەیە. نزیک بوومەوە.

– ئەم گەمییە پیاوێکی نوقسانە، دەزانی سەوڵ لێدەی؟

– بۆ چەند ساڵێک لە بەندەری شێسپێک کردوومە.

ڕازی بوو. داوای لێ کردم کە بچمە گەمییەکەوە و یارمەتی شیرینیشی دا بۆ ئەوەی ئاودیوی بکات. لەسەر گەمییەکە سی کەسێک دانیشتبوون و بۆ سی کەسی دیکەش جێی دەبووەوە، بەڵام فرمانی ئەوە درابوو تەنها جێی ژن و مناڵ بکرێتەوە. هەروەها چەند سەوڵدەرێکی بەتواناش.

بەرەو ئاستی ئۆقیانووسەکە شۆڕیان کردینەوە، بۆ چێژی من کەمێک بەهێشکی ڕووی دا، بەڵام توانیم لەنگەری گەمییەکە بگرمەوە و دەستم بەسەوڵ لێدان کرد. بەرەو کوێ سەوڵ لێدەم، بەرەو چ ئاراستەیەک لەناو ئەو پانتاییە ئەنگوستەچاوە گەمییەکەم بەرم؟ لەو ڕووەوە هەر هیچ

فیکرەیەکەم نەبوو، ئەوەشی خۆیان بەقوتارکردنی موسافیرەکانەوە خەریک کردبوو، ئەوانیش هیچیان لەم بارەوە نەدەزانی. بڕیاری ئەوەم دا لە کەشتییەکە دوورکەومەوە و لە دووری پێنج سەد مەترێک چاوەڕوان بم، ئیتر لەوێوە ئاماژەم بۆ دەکرێ.

بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەک، هەموو بەتەنگی ئەوەوە بووین کە خۆمان لەو سەرماوسۆڵەیە بپارێزین. بایەکی کزی تەزیو هەڵی کردبوو، وای لێ کردبووین کە ئەو مۆسیقایەی کە ئۆرکیستراکەی سەر کەشتییەکە لێی دەدرا نەکەوێتە بەرگوێمان. بەڵام، کاتێک هەڵوێستێکمان کرد، مەسافەیەکی گونجاو بوو بۆ من، لە پڕێکدا حەقیقەت یەکئالا بووەوە: تیتانیک بەئاستەم بەرەو پێشەوە لار دەبووەوە. وردە وردەش چراکانی خەفە دەبوون. هەر هەموو ئەبلەق بووین و دەم داچەقاو. لەپڕێکدا، بانگەوازێک، بانگەوازی یەکێک بوو کە مەلەی دەکرد؛ گەمییەکەم بەرەو ئەو وەرچەرخاند؛ شیرین و موسافیرێکی دی یارمەتیان دام کە سەری کەوێنمە سەر گەمییەکە، هەندەی نەبرد موسافیری دیکە کە کەوتبوونە ناو ئاوەکەوە، بەدەست ئیشارەتیان بۆ دەکردین و بەپەلە بەرەو ئەوان دەچووین بۆ ئەوەی قوتاریان بکەین. لەوکاتەی کە ئێمە خەریکی ئەم کارە بووین، قیژەیەک لە شیرین بەرزبووەوە، تیتانیک دۆخێکی شاقووڵی وەرگرتبوو، هەموو چراکانی خامۆش بووبوونەوە. ئا بەم شێوەیە پێنج دەقەی ڕەبەق مایەوە، پاشان سەرکەشانە بەرەو چارەنووسی خۆی نغرۆ بوو.

هەتاوی مانگی جۆزەردان، بەرامبەر بەو پانتاییيە تووشی سەرسوڕمانی کردین، ماندوو و شەکەت، لە دەوروبەریشمان دەموچاوی خەڵکانێک دیاربوون کە بەزەییمان پیانا دەهاتەوە. ئەو کاتە کەوتبووینە سەر پشتی کارپاثیاو ئەو کەشتییەی کە یەکەم بانگەوازی لێقەومانی ئێمەی بەرگوێ دەکەوێ، دێت بەرەو پیری ئەو موسافیرانەی کە لەم کارەساتە ڕزگاریان بووە. شیرین لە تەنیشتم بوو، بێدەنگ. لەو کاتەوەی کە تیتانیکمان بینی چۆن غەرق دەبێت، ورتەیەکی لەدەم دەرنەهاتووە و خۆشی لە تەماشاکردنی من دەپاراست. حەزم دەکرد ڕایوەشێنم، ئەوەی بهێنمەوە یاد کە ئێمە بەموعجیزە ڕزگارمان بووە و زۆربەی زۆری موسافیرەکان خنکان و



ئەوانەشی کە وا لەسەر پردەکە لە دەوروبەرمانن، کێیان بگری یا مێردەکەی لەناوچووە یا منالآنن کە بەهەتیوی ماونەتەوە.

بەڵام ئەم گلەییيەم لێی نەکرد. ئەوەشم دەزانی کە ئەم کەشکۆڵە بەنیسبەت ئەوەوە، هەروەکو بۆ منیش، لە گەوهەر بەنرختر بێ، لە پارچەیەکی ئەنتیک بەهاتر بێ خۆ کەمێکیش ببووە هۆیەک بۆ ئەوەی من و شیرین پێکەوە بین. لەناوچوونی ئەو دەسنووسە، دوا بەدوای کارەساتی زۆرەوە ڕووی دا، نەدەبوو شیرین تووشی ئەم وەزعە ناخۆشە نەکات. ئەوەم بەباش زانی دەبێ ئەمە بۆ کات بەجێ بهێڵم، هەر ئەو دەبێتە داو و دەرمان.

کاتێکیش لە بەندەری نیویۆرک نزیک بووینەوە، درەنگ، ئێوارەی ١٨ی جۆزەردان بوو پێشوازییەکی پڕ غەڵبەغەڵب چاوەڕوانی دەکردین: ڕاپۆرتاژچییەکان، بەلەمیان بەکرێ گرتبوو و هاتبوون دوای سۆراغی ئێمە کەوتبوون و بلّندگۆیان بەدەستەوە بوو، بەدەنگی بەرز پرسیاریان ئاڕاستە دەکردین و هەندێ لە موسافیرەکان بەئەزیەت کێشانەوە، دەستیان لەسەر موکەبیرەکان و وەڵامیان دەدایەوە.

هەرکە کارپاثیا لەنگەری گرت، ڕۆژنامەنووسانی دی هەڵپەیان کردەسەر موسافیرەکانی دی، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە مەزەنەی ئەوە بکەن دەبێ کێ بێت بتوانی ئەم بەسەرهاتەمان وەکو خۆی بۆ بگێڕێتەوە، یا ئەو کەسە بدۆزنەوە کە بتوانێ زۆر بەئیحساسەوە بیگێڕێتەوە. لاوێکی ڕۆژنامەی «ئێڤنینگ سەن» بوو بەرەو من هات. زۆر بەشێوەیەکی تایبەت، گرینگی بەهەڵسوکەوتی کاپتن سمیث و تاخمی کەشتییەکە دەدا و دەیویست بزانی لە کاتی ئەم پێکدادانە، هەڵسوکەوتیان چۆن بووە. ئایا تووشی شپرزە هاتوون؟ کاتێ لەگەڵ موسافیرەکانا قسەیان دەکرد، ئایا حەقیقەتیان شاردۆتەوە؟ ئایا ڕاستە دەڵێن سەرەتا موسافیرەکانی پلەی دوو قوتارکران؟ پرسیارێکی وای لێ دەکردم تا بیربکەمەوە، بچمە ناخی زاکیرەم. زۆر قسەمان کرد، سەرەتا کاتێک لە کەشتییەکە دادەبەزین و پاشانیش لەسەر کۆرنیشەکە. بۆ چەند ساتێکیش شیرین هەر لە تەنیشتم بوو، هەروا بێدەنگ، پاشان خۆی دزییەوە. هیچ هۆیەک نەبوو بۆ ئەوەی دڵم بکەوێتە

خەتەرەوە، نەیدەتوانی زۆر دوورکەوێتەوە، بێگومان هەر لەم ناوەیە، خۆی لەپشت ئەو وێنەگرە شاردۆتەوە کە بەفلاشە کوێرکەرەکەیەوە بەرەو من دەهات.

پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووسەکە بڕوات، بەشان و باڵی شەهادەتەکەی منا هەڵی دا و داوای ناونیشانەکەی لێ کردم بۆ ئەوەی بتوانێ پەیوەندیم لەگەڵا بکات. پاشان سەیری دەوروبەری خۆمم دەکرد، بانگی شیرینم کرد، تا دەهاتیش بەدەنگی بەرز هاوارم دەکرد. وام بەباش زانی لە شوێن خۆم نەجووڵێمەوە، ئا لەو شوێنەی کە شیرینم لێ ون بوو، بۆ ئەوەی بتوانێ بەئاسانی بمدۆزێتەوە. چاوەڕوان بووم. سەعاتێ. دوو سەعات. تا دەهاتیش کۆرنیشەکە چۆڵ دەبوو.

لە کوێ بەدوایا بگەڕێم؟ سەرەتا چوومە بیرۆی وایت ستار، مەبەست لە مەکتەبی شەریکەکەی تیتانیکە. پاشان چوومە گشت ئەو میوانخانانەی کە لەو دەوروبەرەدا بوون، بۆ موسافیرانی تیتانیک تەرخان کرابوون. بەڵام هیچ، هیچ ئاسەوارێکی هاوسەرەکەم دیار نەبوو. هاتمەوە سەر کۆرنیشەکە. کۆرنیشیش چۆڵوهۆڵ بوو.

ئیتر بڕیاری ئەوەم دا بەرەو ئەو شوێنە بڕۆم کە تاقە شوێنێک بوو کە ئەدرێسەکەی پێ دەزانی، هەر کاتێکیش دێتەوە سەرخۆی، بیر لەوە دەکاتەوە بچێتە ئەو شوێنە: ئەویش ماڵەکەم بوو لە ئاناپۆلی.

بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی هێمایەکم دەکرد کە لە شیرینەوە بێت. بەڵام هەرگیزا و هەرگیز نەگەڕایەوە. هیچی بۆ نەنووسیم. ئیتر کەس نەبوو بەرامبەرم ناوی ئەوی بەسەر زارا بێت.

ئیمڕۆش لە خۆم دەپرسم: ئایا شیرین وجوودی هەبوو؟ ئایا تەنها بەرهەمی هاجیسی ڕۆژهەڵاتانەم نەبوو؟ شەوان، لەناو تەنهایی ژوورە فەراحەکەمدا، کاتێک گومانێک تیاما دەبووژێتەوە، کاتێک زاکیرەم دەکەوێتە جموجۆڵ، کاتێک هەست دەکەم زیهنم ترپەترپ دەکات، هەڵدەستم و گشت چراکان دادەگیرسێنم، بەپەلە دەڕۆم نامەکانی دەردەهێنم و ئەو نامانەی کە جاران بۆی نووسیبووم و بەباشیش دامخستبوون؛ بۆیە



کە دەستم دەدایێ، هەروەکو ئەوە وابوو کە تازە بەردەستم کەوتبن، بۆنی عەتری کاغەزەکان دەکەم، چەند لاپەڕەیەکی لێ دەخوێنمەوە؛ تا وشکیی نەبرەکەشی حەوانەوەم پێ دەبەخشێ، وەهمی ئەوەم پێ دەبەخشێ کە سەرلەنوێ عیشقێکی تازەزاو تیاما دەبووژێتەوە. تەنها ئەوکات، حەساومەتەوە و نامەکان دەخەمەوە شوێنی خۆیان و ڕۆ دەچمەوە ناو تاریکی، ئامادەی ئەوەم بەبێ ترس و سڵەمینەوە خۆم بدەمەوە دەست ئەفسوونی ڕابردووەوە: ڕستەیەک لە سالۆنێکی ئەستەمبووڵ وترا، دوو شەوی پڕ لەززەت لە تەورێز و کوانوویەک لە زستانی زەرگەندە. لە دوا سەفەریشمان ئەم دیمەنە: هەردووک سەرکەوتینە سەر پیاسەگاکە، چووینە سووچێکی تاریک و چۆڵوهۆڵەوە، ڕامووسانێکی گەرموگوڕ. بۆ ئەوەی ڕوخساری بخەمە ناو هەردوو لەپمەوە، کەشکۆڵەکەم لە قەراغی پردەکە دانابوو، کاتێکیش شیرین هەستی بەمەکرد، دایە قاقای پێکەنین و لێم دوورکەوتەوە و پاشان بەجووڵەیەکی شانۆییەوە، بەرەو ڕووی ئاسمان ئەمەی وت:

– چوارینەکان لەسەر تیتانیکن! گوڵی ڕۆژهەڵات وا لەسەر تاجی ڕۆژئاوا دایە! خۆزگە خەیام، ئەم لەحزە خۆشەت دەبینی کە پێشکەشمان کراوە!

با وای دابنێین کە ئەوانەی پێشوو، چ یۆنانییەکان و چ هیندییەکان و چ موسڵمانان پێش من لەو بوارانە گەلێ شتیان نووسیوە. ئەگەر بێت و ئەوانەی ئەوان دووبارە بکەمەوە، کارەکانی من دەبنە بەرهەمێکی سادە؛ ئەگەریش بێت و ڕەتیان بدەمەوە، هەروەکو ئەم کارە بۆتە پیشەی من، ئەوە دوای منیش هی تران دێن و بەرپەرچی من دەدەنەوە و من ڕەت دەکەنەوە. چ شتێک لە نووسینی گشت ئەو زانایانە دەمێنێتەوە؟ تەنها لەمەڕ پێشووانەوە خراپە دەمێنێتەوە. گشت ئەو وێرانکارییانەمان دێنەوە یاد کە لەمەڕ بیردۆزەی ئەوانی پێشووانەوە نووسیوویانە، بەڵام ئەوانەی ئەوانیش، بێ سێ و دوو، ئەوانەی دوای ئەوان دێن دەیڕووخێنن. ئا ئەمەیە یاسای زانست؛ شیعر ئەم یاسایانە ناناسێ، قەد ڕەتی شیعری پێشخۆی ناکاتەوە و قەتیش ڕەتی ئەو شیعرانە ناکاتەوە کە دوای ئەو دێن و هەموو چاخەکان

بەئارامی تەی دەکات. هەر لەبەر هەمان هۆیە کە چوارینە دەنووسم. دەزانی چ شتێک لە زانستدا سەرنجم ڕادەکێشێ؟ چونکە هەرە باڵاترین شیعری تیا بەدی دەکەم: لە ماتماتیکدا نەشوەی گێژبوون بەرامبەر بەژمارە، لە ئەستێرەناسی، چرپە تەلیسماوییەکانی گەردوون. بەڵام توخوا، پرسیارم لەمەڕ حەقیقەتەوە لێ مەکە!